
ئەزموونی شاعیران
لە حاجی قادرەوە بۆ قوبادی جەلیزادە
لەژێر تیشکی لێکۆڵینەوەی ئەدەبیدا
د.ڕزگار عومەر فەتاح
2024

# ئەزمونی شاعیران

# لە حاجی قادرەوە بۆ قوبادی جەلیزادە
# لەژێر تیشکی لێکۆڵینەوەی ئەدەبیدا

د.ڕزگار عومەر فەتاح

کۆیە 2024

| بـــــــابـــــەت | لاپەڕە |
|---|---|
| دەستپێک | 15 |
| ب1_ ت1: حاجی قادری کۆیی و قاڵبەکانی شیعری کلاسیکی | 18 |
| پێشەکی | 19 |
| 1_ چەمک و پێناسە ومەبەستەکانی قاڵبەکانی شیعری: | 21 |
| 1.1 – چەمک وپێناسەی ریتمی شیعری؛ | 21 |
| 1_2 کاریگەری قاڵبەکانی تەرجیع بەند و تەرکیب بەند: | 22 |
| تەرجیع بەند: | 22 |
| تەرکیب بە ند: | 22 |
| 1_3 کاریگەری سەروای ڕەنگاوڕەنگ و موستەزاد لەشیعری کلاسیکیدا: | 24 |
| 2_1 کاریگەری قاڵبەکانی تەوشیح و مولە مەع لە شیعرەکانی شاعیردا: | 25 |
| تەوشیح | 25 |
| مولەمەع | 25 |
| 2_ کاریگەری قاڵبە باوەکانی کلاسیکی لە شیعرەکانی شاعیردا: | 26 |
| 2_1 – کاریگەری مەسنەوی (دووتاکی) لەشیعرەکانی شاعیردا: | 26 |
| 2_2 کاریگەری جۆرو مەبەستەکانی بە یت و چوارین و چوارخشتەکی وپێنج خشتەکی لە شیعرەکانی شاعیردا: | 27 |

| | |
|---|---|
| | |
| تاک(بەیت) | 27 |
| چوارین | 28 |
| چوار خشتەکی | 31 |
| پێنج خشنەکی | 31 |
| 3_2 کاریگەری قاڵبەکانی پارچە و غەزەل و قەسیدە لە شیعرەکانی شاعیردا: | 32 |
| غەزەل | 33 |
| قەسیدە | 36 |
| ئاماری قاڵبەکانی  شیعری کلاسیکی لە شیعرەکانی حاجی قادری کۆیی دا:- | 38 |
| ئەنجام | 39 |
| لیستی سەرچاوە | 40 |
| پوختە بە زمانی عەرەبی | 42 |
| پوختە بەزمانی ئینگلیزی | 43 |
| ب1_ ت2: جوانکاری ووشەیی لە شیعرەکانی سامی عەوداڵ دا | 44 |
| پێشەکی | 45 |
| 1_ دەروازەیەکی تیۆری سەبارەت بە هونەرەکانی جوانکاری: | 46 |
| 1_1 چەمک وپێناسەی جوانکاری: | 47 |
| 1_2 مێژووی سەرهەڵدانی جوانکاری: | 47 |
| 1_3 پێکهاتە و جۆر و مەبەستەکانی جوانکاری: | 49 |
| _ بەشەکانی جوانکاری: | 49 |
| جوانکاری وشەیی | 49 |
| جوانکاری واتایی | 50 |
| _ئە رک و ئامانجەکانی جوانکاری لە ڕەوانبێژیدا:- | 51 |

| | |
|---|---|
| 2_ جوانكاری وشەیی وبەهاو ڕەنگدانەوەی لە شیعرەكانی سامی عەودالّ دا:- | 51 |
| 2_1 هونەرەكانی (ڕەگەز دۆزی ، هێنانەوە ، سەروادار )لەشیعرەكانی شاعیرد | 51 |
| ڕەگەزدۆزی | 51 |
| هێنانەوە | 51 |
| سەروادار | 54 |
| 2_2 هونەرەكانی (كەرتكردن و گێرانەوە و پاتكردنەوە)لە شیعرەكانی شاعیردا: | 55 |
| كەرتكردن | 56 |
| گێڕانەوە | 56 |
| پاتكردنەوە | 56 |
| 2_3 هونەرەكانی ( بوونی پێویستە، تێكهەڵكیش، دووسەروا) لە شیعرەكانی شاعیردا: | 57 |
| بوونی پێویستە | 57 |
| تێكهەڵكیش | 58 |
| دووسەروا | 58 |
| ئامارو ڕێژەی بەكارهێنانی جوانكاری وشە یی لە كۆیی شیعرەكانی سامی عەودالّ دا :- | 59 |
| ئەنجام :- | 60 |
| لیستی سەرچاوەكان | 61 |
| پوختە بەزمانی عەرەبی | 63 |
| پوختە بەزمانی ئینگلیزی | 64 |

| | |
|---|---|
| 65 | ب1_ ت3: تازەگەری لەشیعرەکانی دڵداردا |
| 66 | 1-پێشەکی |
| 67 | 2-چەمک و پێناسەی تازەگەری |
| 69 | 3- کورتەیەکی مێژوویی دەربارەی تازەکردنەوەی شیعری کوردی |
| 72 | 4- دڵداری شاعیر و تازەکردنەوەی شیعری کوردی |
| 77 | 4-1 تازەکردنەوە لە زمانی شیعریدا |
| 77 | 4-2 تازەکردنەوە لە مۆسیقای شیعریدا |
| 78 | أ- ۆشیقای دەرەوە |
| 79 | ب- ۆسیقای ناوەوە |
| 82 | 4-3 تازەکردنەوە لە ناوەرۆکی شیعریدا |
| 86 | 5-ئەنجام |
| 87 | 6- لیستی سەرچاوەکان |
| 89 | ب1_ ت4 زمانی شیعری لە شیعرەکانی ئەختەردا |
| 90 | 1-پێشەکی |
| 91 | 2- دەروازەیەکی تیوری دەربارەی زمانی شیعری |
| 93 | 3- کورتەیەک دەربارەی ژیان و بەرهەمەکانی شاعیر |
| 94 | 4- چەمک و پێناسەی زمانی شیعری |
| 96 | 5-کاریگەری زمانی شیعری |
| 103 | 6-ئەنجام |
| 103 | 7-لیستی سەرچاوەکان |
| 105 | ب2_ت1 : بنەماکانی شێواز لە شیعرەکانی عوسمان عەونی دا |
| 106 | 1_پێشەکی |

| | |
|---|---|
| 107 | 2_چەمک و پیناسەی شێواز |
| 108 | 3_تێڕوانینە جیاوازەکانی شێوازی ئەدەبی |
| 112 | 4_مێژووی سەرهەڵدانی شێواز |
| 115 | 5-جۆرەکانی شێواز |
| 117 | 6_ ڕێبازو بنەمەکانی شیواز |
| 129 | 7_ئەنجام |
| 130 | 8_لیستی سەرچاوەکان |
| 132 | **ب_2_ت2: چێژی دەق لە شیعرەکانی قوبادی جەلیزادەدا** |
| 133 | پێشەکی |
| 134 | 1_ چە مکی دەقی شیعری: |
| 138 | **1_2 چەمکی چێژی دەق:** |
| 141 | **1_3 چەمکی خۆشی دەق:** |
| 142 | **2_1 پەیوەندی چێژی دەق بە ئیستاتیکیەتی دەق:** |
| 144 | **2_2 پێکهاتەکانی چێژی دەق** |

| | |
|---|---|
| 146 | **3_ چێژی داڕشتنی شیعری لە شیعرەکانی قوبادی جەلیزادەدا:** |
| 149 | **3_1-چێژی زمانی شیعری لە شیعرەکانی قوبادی جەلیزادەدا:** |

| | |
|---|---|
| 151 | 2_ چێژی ئەندێشەی شیعری لە شیعرەکانی قوبادی جەلیزادە دا: |
| | |
| 152<br>154 | 3_3 چێژی مۆسیقای شیعری لەشیعرەکانی قوبادی جەلیزادە دا:<br>3_4 چێژی وێنەی شیعری لەشیعرەکانی قوبادی جەلیزادەدا: |
| 157 | 4_ ئەنجام : |
| 159 | 5_ لیستی سەرچاوەکان: |
| 162 | 6-پوختە بەمانی عەرەبی |
| 163 | 7_پوختە بە زمانی ئینگلیزی |
| 164 | ب2_ ت3 : جوانیی ئافرەتوەک سەرچاوەی چێژ و خۆشی لەشیعرەکانی قوبادی جەلیزادەدا |
| 165 | 1_پوختە |
| 166 | 2_پێشەکی |
| 167 | 3_ چەمک و پێناسە و کاریگەریی چێژ و خۆشی جوانیی ئافرەت:<br>1.3 چەمک و پێناسەی چێژ و خۆشیی جوانیی ئافرەت: |
| 169 | 2.3 چێژی جوانیی ئافرەت: |
| 171 | 3.3 ئافرەت وەک سەرچاوەی جوانی و چێژی خۆشەویستی و ڕۆمانسییەت: |
| 175 | 3. 4 ئافرەت وەک سەرچاوەی چێژ و ئارامیی دەروونی: |
| 178 | 4. ڕەنگدانەوەی خۆشیی جوانی لە شیعرە کانی شاعیردا :<br>4. 1 خۆشیی جوانی لە شیعرەکانی شاعیردا : |

| | |
|---|---|
| | |
| 4. 2 ئافرەت وەک سەرچاوەی خۆشی و شادی، رۆحی و هزری : | 180 |
| 4. 3 ئافرەت وەک سەرچاوەی خێر و چاکە: | 182 |
| 4. 4 ئافرەت وەک سەرچاوەی زیندوویەتی، بەردەوامی و جاویدان: | 185 |
| 5.- ئەنجام: | 187 |
| 6- لیستی سەرچاوەکان : | 188 |
| ملخص البحث: | 191 |
| Abstract: | 192 |
| ب2_ت3: جوانیی ئافرەت و هەستە باڵاکان لە شیعرەکانی قوبادی جەلیزادەدا | 193 |
| _پوختە: | 194 |
| _ پێشەکی | 195 |
| 1_ جوانیی ئافرەت و کاریگەری هەستەکان لە شیعرەکانی قوبادی جەلیزادەدا:<br>1_ چەمک و پێناسەی هەستگۆڕکێ: | 196<br>196 |
| 2_ جوانیی ئافرەت و هەستە باڵاکان لە شیعرەکانی شاعیردا: | 200 |

| | |
|---|---|
| | |
| 2_ ڕەنگدانەوەی هەستە باڵاکان لە شیعرەکانی شاعیردا:<br>2_1 جوانیی ئافرەت و هەستگۆرکێی بینین لەگەڵ هەستەکانی دیکەدا: | 201 |
| 2_2 جوانیی ئافرەت و هەستگۆڕکێی بیستن لە گەڵ هەستەکانی دیکەدا : | 210 |
| 3_ ئەنجام | 217 |
| 4_ لیستی سەرچاوەکان | 218 |
| 5_ ملخص البحث: | 221 |
| 6_ Abstract | 222 |
| ب_2_ ت4: ئاست پایەکانی وێنەی شیعری لە شیعرەکانی قوبادی جەلیزادەدا | 223 |
| 1_پێشەکی | 224 |
| 2_چەمک و پێناسەی وێنەی شیعری | 225 |
| 3-ڕۆڵ و ئەرکی وێنەی شیعری: | 229 |
| 4-بنەماکانی وێنەی شیعری: | 231 |
| | |
| 6_ ئاست و پایەکانی وینەی شیعری لە شیعرەکانی قوبادی جەلیزادەدا | 235 |
| 7_ چەشنەکانی وێنەی شیعری: | 235 |
| 8_وینەی شیعری بە پێی هەستەکان | 238 |
| 9_بنیادی وینەی شیعری | 244 |

| | |
|---|---|
| 10_ئەنجام | 246 |
| 11_ لیستی سەرچاوەکان | 247 |
| ب3_ت1: واتای ڕەنگەکان لە شیعرەکانی( فازیل شەوڕۆ )دا | 249 |
| پوختە ی توێژینەوە:- | 250 |
| پێشەکی: | 251 |
| 1. چەمک و پێناسەی ڕەنگ:<br>1.1 زاراوە و چەمک و پێناسەی ڕەنگ: | 252 |
| 2.1 : ڕەنگ لەڕوانگەی زانستییەوە: | 253 |
| 3.1: ڕەنگ لە دەقی فۆلکلۆری کوردیدا: | 255 |
| 1.4.1- پەیوەندی ڕەنگ بە ڕەوانبێژییەوە: | 260 |

| | |
|---|---|
| 2.4.1- ڕەنگدانەوەی ڕەنگ لە شیعردا : | 263 |
| 2. ڕەنگ لە شیعری فازیل شەوڕۆدا:<br>1.2 واتای ڕەنگ لە دەقە شیعرەکانی شاعیردا: | 267 |
| 2.2: ڕەنگ وەک ئامرازی ڕەمز لە دەقە شیعرەکانیدا: | 272 |
| 2. 3 جۆری ڕەنگەکان لە شیعرییەتی شاعیردا: | 274 |
| 4.2 ڕەهەندەکانی ڕەنگ و کاریگەریان لە دەقە شیعرەکانی شاعیردا: | 278 |
| 5- ئەنجام : | 280 |

| | |
|---|---|
| | |
| 6_ لیستی سەرچاوەکان | 281 |
| 7 ملخص البحث :- | 283 |
| 8_ Abstrac:t | 284 |
| ب3_ ت2: پێگەی منداڵان لە شیعرەکانی محەمەد داریاسدا | 285 |
| پوختەی توێژینەوە | 286 |
| پێشەکی | 287 |
| 1. چەمک و پێناسە و میژوو و هۆکارو مە بە ستە کانی شیعری منداڵان<br>1.1 چەمک وپێناسەی شیعری منداڵان:- | 288 |
| 2.1 میژوو و هۆکار و مەبەستە کانی شیعری منداالان:- | 290 |
| 2. پێگە وبوارەکانی شیعری منداڵان و ڕەنگدانەوەی لە شیعرەکانی محەمەد داریاس دا<br>2. 1 ڕەنگدانەوەی بوارەکانی (پەروەردەو فێرکردن و زانستی) لە شیعرەکانی شاعیردا | 295<br>295 |
| 2.2 ڕەنگدانەوەی بواری دەروونی و تە ندە روستی لە شیعرە کانی شاعیردا:- | 299 |
| 3.2 ڕەنگدانەوەی بوارەکانی( نەتەوەیی و نیشتمانی و ئاینی و کۆمە لایەتی) لە شیعرەکانی شاعیردا:<br>ئە نجام: | 301<br>305 |
| لیستی سە رچاوەکان | 306 |
| ملخص البحث : | 309 |

| | |
|---|---|
| | |
| 310 | Abstract |
| 311 | ب3_ت3: ڕۆڵی ئارام سالَح  له بواری گەشەپێدانی ئەدەبی و ڕۆشنبیری له کوێ دوای ڕاپەڕین |
| 312 | پوختەی توێژینەوە |
| 313 | پیشەکی: |
| 314 | 1. ژیان و بەرهەمە شیعری و ئه دەبیەکانی ئارام سالَح:<br>1.1 ژیان و ژینگەی ئه دبی و ڕۆشنبیری ئارام سالَح: |
| 318 | 2.1 خەونە ڕەنگاڵە یەکانی  ئارام سالَح و جیهانی شیعر: |
| 325 | 3.1  به هره و زەوق و سه لیقه و توانا شاراوەکانی( ئارام سالَح ) له بوارەکانی ئەدەب و ڕاگەیاندن و بەرنامەو دیداری میدیای بینراودا : |
| 325 | 2. 1 پێگەی شاعیر له کۆڕوکۆبوونەوەو سیمینارەکاندا: |
| 326 | 2.2 ڕۆڵ و کاریگەری شاعیر له بوارەکانی  پەروەردە و فێرکردن و چالاکی یه ژیارییه کاندا: |
| 333 | 3. ئەنجام |
| 334 | 4. لیستی سەرچاوەکان |
| 337 | ملخص البحث : |
| 338 | Abstract |
| 339 | ب3_ت4:  وێنەی شیعری له شیعرەکانی ئارام ساڵحدا |

| | |
|---|---|
| | |
| پێشەکی | 340 |
| 1_چەمک و پێناسەی وێنەی شیعری: | 341 |
| 2- ئەرک و ڕەگەزەکانی وێنەی شیعری | 345 |
| -<br>ئەرکی وێنەی شیعری | 345 |
| _ ڕەگەزەکانی وێنەی شیعری | 346 |
| 3-جۆرەکانی وێنەی شیعری لە شیعرەکانی ئارام صالح دا | 352 |
| 4-وێنەی هەستی لە شیعرەکانی شاعیردا | 356 |
| 5- وێنەی چەسپاو جولا و لە شیعرەکانی شاعیر دا | 362 |
| 6-ئەنجام: | 366 |
| 7- لیستی سەرچاوەکان: | 367 |
| ب4_ت1: ئیستاتیکا  لە شیعرەکانی کەمال کەریم دا | 369 |
| 1_ێشەکی | 370 |
| 2- چەمک و زاراوەی ئیستاتیکا: | 371 |
| 3- ئیستاتیکا و ڕێبازە ئەدەبییەکان: | 374 |
| 4-پەرناسییزم Le Parnassisme: | 376 |

| | |
|---|---|
| 5- ئیستاتیکا لە شیعرەکانی کەمال کەریم: | 382 |
| 6_ ئیستاتیکای ڕەمز | 392 |
| 7_ ئەنجام | 403 |
| 8-لیستی سەرچاوەکان : | 404 |
| ب_4_ت2 : ئەندێشە لە شیعرەکانی مدرک ژاڵیدا | 408 |
| 1_پێشەکی: | 409 |
| ١-١ چەمک و پێناسەی ئەندێشەی شیعری: | 410 |
| ١-٢ ئەندێشە لە شیعری کوردیدا : | 412 |
| ١-٣ جۆرەکانی ئەندێشەی شیعری: | 414 |
| 2_کاریگەری ئەندێشە لە شیعرەکانی مدرک ژاڵی دا | 415 |
| ٢-١ ئەندێشەی سەرەکی و لاوەکی لە شیعرەکانی شاعیردا | 416 |
| ٢-٢ ئەندێشەی داهێنەرانە لە شیعرەکانی شاعیر | 420 |
| ٢-٣ ئەندێشەی ئیستاتیکی لە شیعرەکانی شاعیردا | 423 |
| ئەنجام | 425 |

پێشەکی:

بێگومان شاعیرانی کۆیە هەر لە حاجی قادری کۆییەوە تا دەگاتە قوبادی جەلیزادە و شەوڕۆ و ئارام سالّحی شاعیر ، خاوەنی دەنگ و ڕەنگێکی ڕەسەن و تایبەتن، لە هەمان کاتدا لاپەڕەیەکی پڕشنگدارن لە مێژووی پڕ ئەزمون و داهێنان و گۆڕانکاری لە شیعری کلاسیکی و نوێ و هاوچه رخی کوردیدا.

شیعری (ووتم بە بەختی خەوالّو) و شیعرە نەتەوەییەکانی دیکەی حاجی و (قەلبی من)ی سامی عەودالّ و مارشی نەتەوەیی کورد (ئەی ڕەقیب)ی دلّدار و جوانبینی و جوانبیری و جواننوسییە ناوازە و بەهادارەکانی جەلیزادە و شەوڕۆ و ئارام و دەیان شاعیرانی دیکەی وەک (ئەختەر ،سافی ،عەونی ،زینەب خان، ئازاد دلزار ، دەشتی ، بێخەو ، خالید دلێر، ڕاجی ، جەلال جۆبار ، ژاکاو ، برژاو، بەیاد ، داریاس ، مدرک ژالّی ، کازم کۆیی ، قوباد بەهرەوەر، ژیان بابەگوڕگوڕ، کەمال کەریم ، وریا جەلیزادە ،د. عەبدلواحید ، د.هاوژین، م. قارەمان و کاوە قادر و زۆری تر ) بۆ ژیان بۆ سروشت بۆ نیشتمان بۆجوانی بۆ مرۆڤبون بۆ ئافرەت بۆ عەشق، شیعری بەهێز و پڕگڕ و تین و سۆزدارییان نوسیوە و گەواهی ئه وە دەدەن، کە کۆیە شاری شاعیران و هونەر و ڕۆشنبیرییە. هەر ئەمانەش هۆکارن بۆ لە دایک بوونی ئەم بەرهەمە. بۆیە لە بەر ڕۆشنایی ئەم ناونیشانە دا(ئەزموونی شاعیران، لە حاجی قادرەوە بۆ قوبادی جەلیزادە) هەوڵ دەدەین لەم بەرگەدا بەشێوەیەکی زانستی و ئەکادیمیانە شرۆڤە بۆ چەند لایەنێکی دەقە شیعرییەکانی کۆمەڵێک شاعیری مەزن و دیار بکەین و پێگەو بەها ئیستاتیکییەکان و هەندێ لە لایەنە شاروەکانی دەق و جوان و گەوهەردارەکانییان پیشان بدەین. لەهەمان کاتدا هەوڵ دەدەین کە سیما گشتی و تایبەتییەکانی بەشێک لەو دەنگ و ڕەنگە شیعرییە بەرزانە لە ئەدەبی کۆن و تازەدا دیاری بکەین . ئەزمون و تواناو لێهاتوویی و زەوق و سەلیقە و داهێنانیان لەمبارەیەوە بخەینەڕوو کە تا ئێستا بە پێی پێویست بەشێکییان لایان لێنەکراوەتەوە، ئەگەر تەمەن دەرفەتمان بدا لەداهاتوویەکی نزیکدا لە بەرگێکی تر تیشک دەخەینە سەر ژیان و بەرهەمەکانی ئەو شاعیرانەش کە لێرەدا لە تواناد‌ا نەبووە باسیان بکەین .

لەسەرتاکانی سەدەی نۆزدەوە بزوتنەوەی شیعر و ئەدەبیاتی کوردی لە شاری کۆیە بەبەردەوامی و بێ پسانەوە لە پێشکەوتن و سەرکەوتن و پەرەسەندن بووە تا گەیشتۆتە ئەم قۆناغەی ئەمڕۆی کاروانی شیعر و ئەدەبیاتی نوێی کوردی. لە ڕاستیدا هەریەکە لەم شاعیرانەی لەسەرەوە ئاماژامان پێکردوە لە قۆناغ و سەردەمی خۆیاندا پلە و پایەیەکی بەرزو دیارییان هەبووە و خاوەنی شێواز و ڕیچکە و ناسنامەی تایبەت بەخۆیانن، لەم سیاقەدا

کاریگەری و ڕەنگدانەوەیەکی بەرز و بەهێز فراوانییان هەبووە. بە ڕادەیەک بەشێکیان توانیویانە داهێنان و گۆڕانکاری بەرز و بەهێز و فراوان بکەن.

لەم کتێبەدا هەوڵمانداوە باسەکانمان لە سنوری دەقە شیعرەکانی بەشێکی گەورە و دیار لە شاعیرانی کۆیەدا چڕ بکەینەوە و نموونەی شیعرەکانییان بخەینەڕوو، چونکە تا ئێستا هەندێک لەم شاعیرانە بەپێی پێویست و بەشێوەیەکی زانستی و ئەکادیمی لێی نەکۆڵراوەتەوە و لەمبارەیەوە هەست بەهەبوونی بۆشاییەکی گەورە دەکرێت. لەهەمان کاتدا بەپێی بۆچونی ئێمە (ئەزموونی شاعیرانی کۆیە) هەم وەک بابەت و هەم وەک سیمایەکی زەق و دیاریش گرنگییەکی زۆر و ڕەنگدانەوەیەکی بەهێزی لە شیعر و ئەدەبیاتی کوردیدا هەیە. ئامانج لەم کارە ئەدەبییەش دەستنیشانکردن و خستنەڕوی پێگەو کاریگەری ئەم شاعیرانەیە، کە لەم پرسیارانەی خوارەوەدا کورتکراوەتەوە:

أ_- ئایا فۆرم و ڕوخساری شیعری لە لای ئەم شاعیرانە لە چ ئاستیک دایە؟ ئایا ئاستی ئیستاتیکی بنیادی دەقە شیعرەکانییان چۆنە و بە چ شێوازێک خراوەتەڕوو؟

ب_- ئایا ئەزمون و توانا و لێهاتوویی ئەم شاعیرانە لە گوزارشتکردنی بیر و هزر و بابەت و مەبەستە شیعرییەکان چەندە و چۆنە؟ لە هەریەکە لە گوزارشتکردنی بیر و ناوەرۆکدا تا چ ڕادەیەک توانیویانە داهێنان بکەن و سود و چێژ و نەمری و زیندوویەتی بە بەرهەمەکانییان ببەخشن؟

سەبارەت بە پێشینە و گریمانەی ئەم کتێبە، ئەگەرچی چەندەها توێژینەوە و کاری ئەدەبی دەربارەی بەرهەمەکانی ئەم شاعیرانە ئەنجامدراون، بەڵام تا ئێستا هیچ توێژینەوە و گریمانەیەک لەمبارەیەوە لەلای هەندێک لەم شاعیرانە بە پێی پێویست نەخراوەتەڕوو، بۆیە لەم کتێبەدا گریمانەی ئەوە دەکەین و دەقە شیعرییەکانی ئەم شاعیرانە وا دەخوێنینەوە و لێکدەدەینەوە کە پێویستییان بە لێوردبوونەوە و قوڵبوونەوەی زیاتر و فراوانتر هەیە لە داهاتوودا.

ئەم کتێبە لە چوار وبەشی سەرەکی پێکهاتووە، بەشی یەکەم لە چوار تەوەر پێکهاتووە و لەتەوەرەی یەکەمدا زیاتر جەخت دەکەینە سەر قاڵبەکانی شیعری کلاسیکی لە دەقەشیعرییەکانی حاجی قادری کۆییدا، لە تەوەرەی دووەمدا باس لە جوانکاری وشەیی لە شیعرەکانی سامی عەوداڵدا دەکەین، لە تەوەرەی سێیەمدا قسە لەسەر تازەگەری لە شیعرەکانی دڵداردا دەکەین،هەرچی تەوەرەی چوارەمیشە دەربارەی زمانی شیعرییە لەلای ئەختەری شاعیر. بەشی دووەمیش لە چوار تەوەر پێکهاتووە: لە تەوەرەی یەکەمدا تیشک دەخەینە سەر بنەماکانی شێواز لە شیعرەکانی عوسمان عەونی دا ، تەوەرەی دووەمیش زیاتر دەربارەی چێژی دەقە لە شیعرەکانی قوبادی جەلیزادەدا. لە تەوەرەی سێیەمیشدا باسی جوانیی

ئافرەت وەک سەرچاوەی چێژ و خۆشی لەشیعرەکانی قوبادی جەلیزادەدا دەکەین، بەڵام تەوەرەی سێیەم سەرنجدانە لەبارەی جوانی ئافرەت و هەستە باڵاکان لە شیعرەکانی قوبادی جەلیزادەدا. لەتەوەرەی چوارەمیشدا باسی وێنەی شیعری لە شیعرەکانی قوبادی جەلیزادەدا دەکەین.

بەشی سێیەم لە چوار تەوەر پێکهاتوە : تەوەرەی یەکەم دەربارەی واتای ڕەنگەکانە لە شیعرەکانی( فازیل شەوڕۆ )دا. تەوەرەی دووەمیش تایبەتە پێگەی منداڵان لە شیعرەکانی محەمەد داریاسدا، تەوەرەی سێیەمیش خوێندنەوەیەکی ئەدەبییە سەبارەت بە ڕۆڵی ئارام ساڵح لە بواری گەشەپێدانی ئەدەبی و ڕۆشنبیری لە کۆیە دوای ڕاپەڕین. تەوەرەی چوارەمیش وابەستەیە بەبابەتی وێنەی شیعری لە شیعرەکانی ئارام ساڵحدا.

بەشی چوارەم : لە دوو تەوەر پیکهاتووە، لە تەوەرەی یەکەم جەخت لە سەر ئیستاتیکا لە شیعرەکانی کەمال کەریم دا دەکەین. بەلام تەوەرەی دووەم تایبەتە بە ئەندێشە لە شیعرەکانی مدرک ژاڵیدا.. بۆ ئەو مەبەستەش بە پێی پێویستی کارەکە پشتمان بە میتۆدەکانی (وەسفی،شیکاری)بەستووە. لە کۆتایی هەر توێژینەوەیەکیشدا ئەنجامی توێژینەوەکە و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکەمان بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خستۆتەڕوو.

# حاجی قادری کۆیی و
# قاڵبەکانی شیعری کلاسیکی

## حاجی قادری کۆیی و قاڵبەکانی شیعری کلاسیکی

### پێشەکی:

### 0-1 ناونیشان و سنووری توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە ناویشانی (حاجی قادری کۆیی و قاڵبەکانی شیعری کـلاسیکی) لە خۆ دەگرێ، کە تێیدا باس لە قاڵبەکانی شیعری کلاسیکی لە لای ئەم شاعیرە مەزنە دەکات.

ئەدەبی کلاسیکی ڕەگ و ڕیشەیەکی زۆر قوڵ و پتەوی لە ئەدەبیاتی جیهانی بەگشتی و لەئەدەبیاتی ڕۆژهەڵاتی و کوردیشدا بەتایبەتی هەیە، چونکە ئەم ئەدەبە نزیکەی سێ سەدە بەشێوەیەکی فراوان و کاریگەر بەردەوام بووەو گۆڕەپانی ئەدەبی داگیرکردووە، هەر ئەمەش هۆکاریکی سەرەکی بووە، بۆ ئەوەی ڕەنگدانەوەیەکی بەرزو بەهێزی لە شیعری شاعیراندا هەبێت، شاعیران نوسەران و هونەرمەندانی کوردیش کەم تازۆر پەیڕەوی یاسا و خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی کلاسیزم بکەن و سیماو مۆرکی کلاسیزم بەبەرهەمەکانیانەوە دیاربێت، هەرچەندە زۆرێک لە شاعیران و نوسەران لە قۆناغە جیاجیاکاندا بە پێی پێویستی سەردەم و بەمەبەستی گۆڕانکاری و داهێنان و تازەگەری هەوڵی تێکشکاندنی یاساو ڕێساکانی کلاسیکیان داوە،بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا نەیان توانیووە بە تەواوی سنوری کلاسیزم ببەزێنن و لەم چوارچێوەیەدا بچنە دەرەوە،حاجی قادری کۆیی یەکێکە لەو شاعیرە بەرزانەی قوتابخانەی کلاسیزم کەهەمیشە لە خولیای داهێنان و تازەگەری بووەو، توانیویەتی تاڕادەیەک گۆرانکاری لە بابەت و فۆرمی شیعریدا بکات،وێڕای کاریگەری تایبەتمەندی و سیماکانی کلاسیکی بەسەر شیعرەکانییەو بەشێوەیەکی زەق و دیار، وەک قاڵبەکانی شیعری کلاسیکی بەتایبەتی قاڵبەکانی مەسنەوی و غەزەل و قەسیدەو و پارچە و بەیت و چوارین .

### 0-2 سنوری ئەم توێژینەوەیە:

لە چوارچێوەی دیوانە شیعرەکانی حاجی قادری کۆییدا چڕ دەبێتەوە. ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیەش بریتییە لە دەرخستنی ڕۆڵ و گرینگی و ڕەنگدانەوەی قاڵبەکانی شیعری کلاسیکی لە شیعرەکانی شاعیردا.

### 0-3 ئامانجی سەرەکی ئە م توێژینەوە یە:

لێرەدا ئامانجی سەرەکیمان بەدەرخستنی چەندین باس و بابەتی شاراوەیە کە لەم بارەیەوە تا ئێستا نەلەشیعری کلاسیکی بەگشتی و نە لەشیعرەکانی حاجی قادری کۆیی دا، بە پێی پێویست

و لەئاستیکی بەرزدا لای لێنەکراوەتەوە. بە مەبەستی خزمەت کردن و پێشخستنی ئەو بابەتە . قاڵبی شیعری وەک هەربابەتێکی ئە دەبی و بنەمایەکی گرینگی شیعری کلاسیکی، تاکو ئێستا بەپێی پێویست لە شیعری شاعیرانی کورد بە گشتی و لە چوارچێوەی شیعرەکانی حاجی قادردا بەتایبەتی لێکۆلینەوەی سەربەخۆو ئەکادیمی لەسەرنەکراوە. هەر ئەمەش هۆکاری سەرەکی بوو، بۆئەوەی هەوڵ و کۆششی خۆم لەم بارەیەوە چڕ بکەمەوە، بەمەبەستی دەرخستن و پێشاندانی تواناو ئەزموون و داهێنانی شاعیر لەم بوارەدا، بە لاّم حەزو ئارەزووی خودیم بۆ شیعرەکانی ئەو شاعیرە ناودارەو بەرزی ئیستاتیکیەتی قاڵبەکانی شیعری کلاسیزم لە دوو توێی شیعرەکانی ئەم شاعیرەدا، هاندەرو پاڵنەریکی بەهێزبوون بۆ ئەوەی بەگوڕو تین و هێزیکی زۆرەوە کار بۆ هینانەکایەوەو بەرجەستەکردنی ئەم بیرۆکەیە بکەم.

**4-0 گرنگی و بەهای بابەتی توێژینەوەکە:**

لە ڕاستیدا گرینگی و بایە خی بابەتی توێژیتنەوەکە لەوەدایە، پڕۆژە و هەنگاویکی باشە بۆ ئەوەی ڕووە شاراوەکانی کلاسیزم و داهێنان و هونەرەکانی شیعری لەشیعرەکانی ئەم شاعیرە بەرزو مەزن و خاوەن ئەزموونە بخەینەڕوو.

5-0 پێکهاتەی توێژینەوەکە: بێگومان توێژینەوەکە لەپێشەکی و دوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە: بەشی یەکەم بەشێوەیەکی گشتی تێورییەو لەسێ تەوەرە پێکهاتووە: تەوەرەی یەکەم ،بریتییە لە چەمک وپێناسەی ئاوازو کێش و سەروای شیعری کلاسیکی، لێرەدا بە بەڵگەی زانستی و بیرو بۆچونی نوسەران و ڕەخنەگران ، چەمک و پێناسەی ئاوازی شیعریمان دەرخستووە. تەوەرەی دووەم بۆ( تەرکیب بەندو تەرجیع بەند و موستەزاد) لەشیعردا تەرخانکراوە، لە تەوەرەی سێیەمیش دا دەربارەی بابەتە هونەرییەکانی( توشیع و مولەمع) دواویین. بەلاّم بەشی دووەم تایبەتە بەقاڵبە باوەکانی کلاسیکی و بەهاو و ڕەنگدانەوەی لە شیعرەکانی حاجی قادری کۆیی دا. کە لە سێ تەوەر پێکهاتووە . لە تەوەرەی یەکەم دا قاڵبەکانی(مەسنەوی) مان لە شیعرەکانی حاجی قادردا خستۆتە ڕوو. لەتەوەرەی دووەم دا ،بایەخ و کاریگەری قاڵبەکانی(بەیت و چوارین و چوارخشتەکی وپێنج خشتەکی)مان شیکردۆتەوە. لەتەوەرەی سێیەمیشدا گرینگی و کاریگەری(پارچە وغەزەل و قەسیدە ) مان لە شیعرەکانی شاعیردا بەنموونەی پێویست ڕوون کردوونەتەوە . لەکۆتایدا ئەنجامی توێژینەوەکەو لیستی سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکەمان بەهەردوو زمانی عەربی وئینگلیزی خستۆتە ڕوو.

## 1_ چەمک و پێناسە ومەبەستەکانی قاڵبەکانی شیعری:

### 1.1 - چەمک وپێناسەی ڕیتمی شیعری؛

ئاوازی شیعری بەتایبەتی ڕیتمی دەرەکی پانتایەکی گەورەو فراوانی لە بنیاتی شیعریدا هەیە،بەتایبەتی لە فۆرمی شیعریدا، کە بەهۆی ڕەگەزەکانی کێش و سەرواوە هاتۆتەکایەوە، بۆیە زۆربە ی نەتەوەکان بەتایبەتی عەرەبەکان زۆر گرینگی بەکێش و سەروا دەدەن و بە ڕەگەزێکی سەرەکی شیعری دادەنێن ،بۆیە لە پێناسەی شیعردا دەڵێن " شیعر قسەیەکی کێش و سەرواداره و واتایەک دەگەیەنیت " (کمال مصطفى ، 1963 : 15 ) لێرەدا بۆمان روون دەبیتەوە کە کێش و سەروا بەسەرچاوەیەکی هەرە سەرەکی و گرینگی شیعری دادەنرێت.ئەمەش لە شیعری شاعیرانی کلاسیکدا زۆر بەزەقی خۆی دەنوێنێ." کێش بریتییە لە سەرجەم ئەوپێیانەی کە دێرە هەڵبەستیک دروستی دەکەن " (عەبدلرەزاق بیمار،2003: 20) وێڕای ئەمانەش " هەر لە کۆنەوە زانراوە کە کێشی عەرووز ئە و زانستەیە بۆ کێش کردن و پێوانەکردنی شیعرو مۆسیقای شیعری بەکارهێنراوە، کەخاوەنی بنەماو خاسیەت و تێوری تایبەت بەخۆیەتی کە بە خوێندن و فێربوونەوە بەرجەستە دەبێت . وە ئەگەر شیعر لە ڕووی کرداریەوە لایەنیکی پراکتیکی بێت لەڕووی ڕێساکانیەوە، بەڵام پێشتر هونەرێک بووە وەک هەموو هونەرەکانی دیکە، لە بەهرەو ئامادەکاریدا سەرچاوەی گرتووە، بەم شێوەیە شاعیرانی بەهرەدار و خاوەن گوێی مۆسیقی و هەست و چێژی جوان توانیویانە شیعرەکانیان دابڕێژن بێ ئەوەی هیچ زانیاریەک دەربارەی عەرووز بزانن و پێویستیان بە یاساو ڕیساکانی هەبێت. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێویستیان بەم زانستە هەبووە، لە پێناو ئیستاتیکیەت و داهێنانی شیعریدا" (د.عبدالعزیز عتیق ، 1987 : 11) . دیارە سەرواش لە پاڵ کێشدا بەهەمان شێوە ڕەگەزێکی کاریگەری موزیکی شیعری یە " بریتیە لەو کۆمەڵە دەنگەی لە کۆتای لەت یان دێڕە شیعرەکە وەک پارچە مۆسیقایەکەو گویگر چاوەڕوانی دووباتکردنەوەیەتی لە کاتی ڕیکخستندا " ( د. صفاء خلوصی،1987 : 215) " قافیەی هەڵبەست، دەنگێ یان زیاتری دووبارەکراوەی ناو بنیاتی هەڵبەستێکە و بەگشتی دەکەونە کۆتایی دواپێی ئەو دانە ئاوازەییانەی کە هەڵبەستەکەی لێ پێکدیت . وەک دێڕو بەیت و ڕستەیی هۆنراوەیی، ئەرکیشیان پێکهینانی نەغمەیەکی دڵکێشە، بەشێک لە ئاهەنگ و ئاوازی دەرەوەی هەڵبەستەکە بەدی دەهێنن" (د.دلشاد عەلی ،1988: 102)کەواتە " کێش لە پاڵ سەروادا مۆسیقای دەرەوەی شیعر پێکدێنن و چوارچێوەیەک بۆ شیعر دروست دەکەن " (فەهمی شوکری ،2006 : 186) بۆیە دەتوانین بڵێین " سەروا لە شیعرە کلاسیکیەکاندا زیاتر شێوەیەکی یەکگرتووی بەخۆوە گرتووەو زۆربەی شیعرەکان لە شێوەی قاڵبەکانی غەزەل و قەسیدە و قتعە هۆنراونەتەوە" (یادگار ڕەسول ، 2005 : 138) ئەوە جگە

لەوەی  مۆسیقای شیعری کاردەکاتە سەر هەست و سۆزو بەهای شیعرەکە بەرزدەکاتەوە. " چونکە مۆسیقای شیعری یەکێک لەو ئامرازانەیە کە تەعبیر لە نادیاری واتاکان دەکات، کە وشە ناتوانێ تەعبیریان لێ بکات". (د.ئەرسەلان بایز،2003 :  182)بۆیە هەمیشە شاعیران لەدارشتنی شیعریدا پەنای بۆ دەبەن.

### 1_2 کاریگەری قاڵبەکانی تەرجیع بەند و تەرکیب بەند:

–_ **تەرجیع بەند:** لە هەڵبەستی کلاسیکیدا بەو هەڵبەستانە وتراون کە بریتی بوون لە چە ند بەشێک یاخود چە ند بەیتێک، کە هەربە ندە و بە هۆی بەیتێکی قافیە جیاوازەوە لە بەندەکانی تر جیاکراوەتەوە. ئەگەر هەمان بەیت لە کۆتایی هەموو بەندەکاندا  دووبارەکرابۆوە، ئەوا  بە ترجیع بەند ناوبراوە."(  د.دڵشاد عەلی  ،1988: 113) یان دەتوانین بڵێین ئەوەیە هۆنراوەیەک دابەشی چەند پارچەیەک بکەن، کەهەموویان لە کێشدا وەک یەک و لە سەروادا جیاواز بن، شاعیران هەر پارچەیەک لە مانە بەخانە  ناودەبەن،ئەوسا نێوان دووخانە بە تاکە دێڕێک لە یەک جیا دەکەنەوەو بەم  دێڕە دەڵێن تەرجیع بەند. )  یان " ئەو شیعرانە دەگرێتەوە، کە دابەش کرابێتە سەر چەند کۆپڵەیەک ،لەنێوان کۆپڵەکاندا دێرێک دووبارە کرابێتەوە ، ئەم دێڕە دووبارە کراوەیە بەناوبەند ناودەبرێت و دەبیت مانایەکی بەرزی هەبێت کاریگەربێت ،چونکە بەرۆح و ئەلقەی بەیەکەوە بەستنەوەی کۆپڵەکان دادەنرێت، هەرچی دێڕەکانی ترە لە کێش دا وەک یەکن ، بەڵام سەروایان جیاوازە" (د .عەزیزگەردی ، 1999: 281 ) مارف خەزندار لەو بارەیەوە دەڵێ: " تەرجیع بەند بریتییە لە کۆمەڵێک غەزەل ، کە بەزۆری لە دوازدە پارچە غەزەل پێک دێت، دەبێت ژمارەی دێڕی غەزەلەکان هێندەی یەک بن، واتە غەزەلی یەکەم چەند دێڕبێت، پێویستە غەزەلەکانی تریش هێندەی ئەوبن و هەموو غەزەلێکی تەرجیع بەندەکە بە دێرە شیعرێکی دیاریکراو کۆتاییان پێدێت، بەگشتی ئەم جۆرە قاڵبە بۆ مەبەستی ئایینی بەکاردێ (خەزنەدار، 2010: 189)جێی ئاماژە پێکردنە قاڵبی تەرجیع بەند لە کۆی شیعرەکانی حاجی قادری کۆیی دا بەدی ناکرێت،ئەوەش پەیوەندی بەزەوق و سەلیقەی شاعیر لەلایەک و سروشتی قاڵبی تەرجیع بەندەوە لە لایەکی دیکەوە هەیە،

**_–تەرکیب بە ند:**  " بەو هەڵبە ستانە دەوترێت کە بریتییە لە چەند بەشێک یاخود چە ند بەندێک بە هۆی بەیتێکی قافیە جیاوازەوە لە بەندەکانی تر جیاکراوەتەوە. لێرەدا چەند بەیتیکی جیاواز نەک تاکە بەیتێک لە کۆتایی  بەندەکاندا دووبارە دەبێتەوە. بەندەکان لە سەر یەک کێش دەبن تەنها قافیەیان جیاوازە" ( د.دڵشاد عەلی،1988: 113) یان دەتوانین بڵێین  تەرکیب بەند بریتییە " لە هۆنراوەیەکی دوورو درێژ کە دابەشی چەند پارچەیەک دەکرێ،هەرپارچەیەک وەکو قەسیدەیەکی سەربەخۆ وایە،سەرەتای بەزۆری تەسریعەو یەکێتی سەروای تێدا

پەیڕەوکراوە،هەموو پارچەکان کەپێشیان دەگوترێ بەند یان خانە لەسەر یەک کێش دەڕۆن،بەڵام هەر پارچەیەک سەرواى تایبەتى خۆى هەیە،لە بەینى هەر پارچەیەک و پارچەیەکى تر دێڕێک دێت، کەپارچەکان لە یەکتر جیادەکاتەوە،ئەم دێڕە وەکو هەموو پارچەکان لەسەر هەمان کێشە، جیاوازى جۆرى ئەم دێڕە دەبێتە هۆى لێک جیاکردنەوەى تەرجیع بەندو تەرکیب بەند،ئەگەرچى لە سەردەمى کۆندا هەمووى هەربەترجیع بەند ناوبراوە."(د.عەزیزگەردى،1999:281) ئەمەش نموونەیەکە لەشیعرى تەرکیب بەندى حاجى قادرى کۆیى کە لەسەر شیعرى حافزى شیرازى بەزمانى فارسى دایڕشتووە، کە دەڵێ:

**اى دوست دل از بند غــم و جور رها کـــن** A

**در دل بيچارەام از رحـــــــــم رواکـــــن** A

**مشتاق نگاە است زکرم کـــام روا کـــــن** A

**اى خسرو خوبان نظرى سوى کـــدا کـــن** A

**<u>رحمى بە من سوختە ى بـــى سر وپاکـــن</u>** B

**اى بزم مـرا عارض گل فام توماهـــى** A

**مذگان تـــوم خنجر وابروى تو شاهى** A

**تاکـى بزند بر دل بيچارة سياهـــــى** A

**دارد دل درويش تـمناى نگـــاهــــــى** A

**<u>زان چشم سيەمست بە يک غمزە دواکن</u>** B

**جـــان با فداى خـم ابروى هلاکـــــت** A

**گـل گشت پريشان ورق از شرم جمالت** A

**خورشيد شد ازحسن تو در عين خجالت** A

**گر لاف زند مــــــاە کە ماند بە جمالت** A

**<u>بنماى رخ خويش و مە انگش نما کـن</u>** B

(ديوانى حاجى ،سەردارحەميد ،کەريم شارەزا ،1390هـ: 274)

لێرەدا حاجى قادرى کۆیى بەشێوازیکى زۆر هونەریانە و بەزمانى فارسى و لەسەر شیعرى حافزى شیرازى ئەم تەرکیب بەندەى داڕشتووە، ڕووى دەمى دەکاتە دڵبەرەکەى و داواى لێ دەکات، لە بەندو گۆشەى غەم و مەینەت و ناخۆشى و جەورو ستەم ڕزگارى بکات و ڕوحم و بەزەیى بە دڵى بێچارەى بێتەوە. ئەو دڵەى کە تامەزرۆو پەرۆشى نیگاى چاوەکانیەتى، لە

ڕاستیدا شاعیر لە کۆی شیعرەکەداو لەم جیهانی عەشقەدا، خۆی بە عاشقێکی دیل و گەداو دوڵبەرەکەی بە پاشای جوانی و ستەم ئەبینێ . هەرچەندە زۆربەی بیرو بۆچوونەکان لەگەڵ ئەوەدان خەمی نیشتمان و نەتەوەکەی ڕێگای دڵداری و خۆشەویستی لە حاجی قادری کۆیی گرتووە،نوسەری گەورەی کورد مەسعود محەمەد لەم بارەیەوە دەڵێ:"وەزعی حاجی لە کۆیێ گەلێک ناسکترە تا جێگەیەکی تر بەپێی ئەو ناسکی وەزعەی،خۆی دوورتر دەگرێ، لەهەرشتێک لۆمەیەکی کۆمەڵایەتی بێنێتە سەر. بەتایبەتی کە ئەو خەریکی خۆ چەسپاندن و خۆ بەرەوپێش بردن بێ، کە ئەویش دەبێ حسابی بۆ بکرێ،لە مەوزووعی دڵ بەدەستەوەدان و حەزلێکردن" ( مەسعود محەمەد، 2010: 160) بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا توانیویەتی لە داڕشتنی شیعری دا بەگشتی بگاتە لوتکەو تاڕادەیەکی زۆر داهێنان و تازەگەری لە هەردوو لایەنی ناوەرۆک و ڕوخسارو فۆرمی شیعریدا بکات.

**1_3 کاریگەری سەروای ڕەنگاوڕەنگ و موستەزاد لەشیعری کلاسیکیدا:**

سەروای ڕەنگاوڕەنگ هە موو ئەو جۆرە سەروایانە دەگرێتەوە کە شاعیران لە پێناوی جوانکاری و ئیستاتیکیەتی شیعری پەنای بۆدەبەن ، بە تایبەتی لە قۆناغی کلاسیکیدا تا ڕادەیەکی زۆر جیگای بایەخی شاعیران بووە . بێگومان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا چەندەها جۆرو شێوازی سەروای ڕەنگاو ڕەنگ بە دی دەکرێت ، کە ڕۆڵ و گرینگی و بەرچاویان هەبووە لە ڕازاندنەوەی شیعریدا . کەئەمانەش بەشێکی گرینگن لەم جۆرە سەروایانە، بە تایبە تی موستەزاد کە حاجی قادری کۆیی بە هەر هۆیەک بێت پەنای بۆنەبردووە. هەرچەندە هونەری موستەزاد : لە تێڕوانینی کلاسیکیدا بریتی بووە لەو هەڵبەستەی کە لە دوای هەر دێڕێک لە دێڕەکانیەوە پارچەیەکی کێشدار زیادکراوە، کەلەبنەڕەتدا نەماناو نەکێشی ئەو دێڕانەی کە ئەو پارچانەی بۆ زیادکراوە پێویستیان پێی نەبووە،پارچە زیادکراوەکانیش بۆخۆیان هەر وەکو چۆن هاوکێشن هەر بەم جۆرەش هاوقافیە دەبن و دەتوانرێ وەک هە ڵبەستێکی سەربەخۆ مامەڵە ی لەگەڵدا بکرێت. بەم جۆرە دێڕە بنەڕەتییەکانی هەڵبەستەکەو پارچەزیادکراوەکانی وەک دوو هەڵبەستی جیاواز خۆیان دەنوێنن" (د. دڵشاد عە لی ،1988 : 138) لەڕاستیدا " موستەزاد لەکاتی بزوتنەوەی شیعری کوردی لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا،بەتایبەتی دوایی شەری یەکەمی جیهانی پەرەی سەندووە و جۆرو دابەش بوونی جیاجیای لێ پەیدابووە"(د.عەزیز گەردی ،1999: 286). جێی ئاماژە پێکردنە " ئە م هونەرەش لە ژێر کاریگەری شیعری تورکی و فارسی گۆڕانی بەسەرداهاتووە" (پەخشان عەلی ئەحمەد ،2007: ). 108بەڵام کەم تا زۆر لە شیعرەکانی شاعیردا بەدی ناکرێت .

## 2_1 کاریگەری قاڵبەکانی تەوشیح و موله مەع له شیعرەکانی شاعیردا:

**_–تەوشیح:** ئه م هونه ره " له بنچینەدا هونەرێکی ئه ندەلوسیه، له دەوروبەری کۆتایی سه دەی سێیەمی کۆچی له ئه ندەلوس سەری هەڵداوەو گەشه ی کردوه و لەوێوه بەشوێنی تردا بڵاو بۆتەوه " (عەزیز گەردی ،1999: 254) له ڕێبازی کلاسیکیدا بەمەبەستی ڕازاندنەوەو جوانکاری شیعری بەکارهاتووه. دارِشتن و بنیاتی شیعرەکه بەهۆی چەند کێشێکی جۆراوجۆرەوه دارِێژراوه. که بەهەموویان دەتوانن شیعرەکه بێنەکایەوه، که هەربەشێک دەتوانرێت وەک شیعرێکی سەربەخۆ بخوێندرێتەوه، یان دەتوانین بڵێین ." جۆرێکه له جۆرەکانی موسەمەت، ئەوەتا لەم ڕووەوەدکتۆرصفاء خلوصی دەڵێ : د. ئیبراهیم ئەنیس بەتەواوی ڕاستی پێکاوه کاتێ ووتوویه تی موەشەحەکان پێش ئەوەی ئاوازیان بۆ دابنرێ له جۆرێک له جۆرەکانی هۆنراوەی موسەمەت هیچیتر نین." (د. دڵشاد عەلی ،1988: 122) بێگومان موەشەح گەلێک شێوەو جۆری هەیه " موەشەحی فارسی له موەشەحی عەربی جیایه ، هونەری موشەح له فارسی دا ئه وەیه که شیعر له سه ر چەند به شێک بنیات بنرێت، که کێشیان جیابێ و به هەموویان یەک هۆنراوه پێکبێنن و که هەر به شێکیش له و به شانه جیاکرایەوه ببێ به هۆنراوەیەکی سەربەخۆ" (عەزیز گەردی ،1999 : 257) بەڵام شایانی باسه له ئەدەبی کوردیدا زۆر بەکەمی هونەری تەوشیح لەشیعری شاعیرانی کلاسیکی کوردیدا بەدی دەکرێت. تەنانەت له شیعرەکانی حاجی قادری کۆیدا هیچ شیعرێک لەم جۆره قاڵبەدا بەرچاو ناکەوێت،چونکه ئەم جۆره قاڵبه زیاتر پشت بەبنەمای ئیستاتیکیەتی شیعری دەبەستێت و بابەتی شیعری فەرامۆش دەکات.

**_مولەمەع :** بریتییه لەو جۆره شیعرەی که نیوه دێری یەکەمی بەزمانی کوردی نوسراوەو نیوه دێڕەکەی تر به زمانێکی دیکه (عەرەبی، فارسی ، تورکی) نووسراوه. بەڵام له ڕووی کێش و سەرواوه هەمان کێش و سه روایان هەیه. دەتوانین بڵێین حاحی قادری کۆیی جگه له قاڵبەکانی دیکه،" جۆری شیعری مولەمەعیشی هەبووه، بەڵام نەک وەک شاعیرانی تری کلاسیکی کوردی، که بەشیوەیەکی فراوان بەرچاو دەکەوێت. مولەمەع بەو شیعره دەوترێت کەبەزیاتر له زمانێک دەنوسرێ،واته دوو زمان یان زیاتر بۆ مولەمەع بەکاردەهێنرێ. بۆنموونه :

**ئـــــەی بێ بەدەل و شەریک و تەنها**

**(مـــاعظـــــم شانـک تعالـــــــــی)**

(دیوانی حاجی ،حەمید ، شارەزا ،1390هـ: 200 )

**مه لکه قـــۆڕ و حیماری کیسه شکەل**

( قس مـــــــن اسمائـهم ولاتســـــال )

(ديوانی حاجی ،حەمید ، شارەزا ،1390هـ:218)

(سلام اللة فـــــــي كـــــــل يوم )

لـــــە ئەسحابان ساحێب غیرەت و دین

(ديوانی حاجی ،حەمید ، شارەزا ،1390هـ:227 )

تاكــــــی قورئان بخووندرێ بەسەدا

( رظـــــــــی اللة عنهـــــــم ابدا )

(ديوانی حاجی ،حەمید ، شارەزا ،1390هـ:235 )

لێرەدا زمان لای حاجی بۆدەوڵەمەندی فەرهەنگی زمانەوانی شاعیر دەگەڕێتەوە، ئەگەر لە شیعرە نەتەوەیەکانی ئامرازێک بێت بۆ هۆشیارکردنەوەو پێشاندانی ڕێگایەکی ڕاست و ڕووناک، ئەوە لێرەدا ئارایشتی وشەو سنعەت و ڕەوانبێژی بەدیدەکەین و ئامرازێکە بۆدەربڕینی شتە ناسک و جوانەکان"(ئاری سوبحی ،2012 :116) جێی ئاماژە پێکردنە شاعیر لە داڕشتنی مولەمەعەکانیدا کێشەکانی خە فیف و هەزەج و ڕەمەڵی بەکار هێناوە.

## 2_ کاریگەری قاڵبە باوەکانی کلاسیکی لە شیعرەکانی شاعیردا:

## 2_1 – کاریگەری مەسنەوی (دووتاکی) لەشیعرەکانی شاعیردا:

**_مەسنەوی (دوو تاکی ):** " مەسنەوی بەو هەڵبەستانە وتراوە کە هەربەیتەی قافیەی تایبەتی و سەربەخۆی هەبووەو، جیابووە لە قافیەی بەیتەکانی تر. ئەم چەشنە تەنها پەیوەندی بەقافیەوە هەیەو پەیڕەوی تەنها کێشێکی دیاریکراو ناکات. شێوەی مەسنەوی لە هۆنراوەی کوردیداو لە قۆناغی کلاسیکیدا زیاتر لەبنیاتی جۆرەکانی تری هۆنراوەدا وەک چیرۆکی مەم و زینی ئەحمەدی خانی و شیرینی خەسرەوی خانای قوبادی و هەروەها لە هۆنراوەی ئاینی کوردیدا بەدی دەکرێت " (د.دلشاد عەلی ،1988: 110) بە م شێوەیە " لە ئە دەبی کوردیدا مەسنەوی بەو هەڵبەستانە گوتراوە کە هەر بەیتەی سەروای تایبەتی سەربە خۆی هەبووە . کە بنەمای پیتەکانی ( أأ ، ب ب ، ج ج ، دد ...... هتد)یە، بەکارهێنانی ئەم شێوەیەی سەرواش لە ئەدەبی کوردی لە قۆناغە کلاسیکییەکەیدا بەتایبەتی لە دواکاتەکانی ئە م قۆناغەدا، کە بەقۆناغی پێش ڕۆمانسیزم ناودەبریت و بەڕێژەیەکی زۆر لای شاعیرانی وەک : حاجی قادری کۆیی و شێخ ڕەزای تاڵەبانی و وەفایی و حەریق و ئەدەب و تاهیر بەگی جاف و ناری مەلا حەمدوون و مەلای گەورە و زۆرانی تر بە رچاو دەکەوێت" (بە کر شاکر عە بدولا، 2007 : 254 ) . حاجی

شاعیر لە کۆی شیعرەکانیدا 18 شیعری لەسەر شێوەی قاڵبی مەسنەوی نووسیووە، ئەمەی خوارەوەش یەکێکە لە نموونە جوان و بەرزەکانی شیعری مەسنەوی (دووتاکی) کە دەڵێ:

**لە مەیدانـــــــــی بەهارا شـــارەکەی کـــۆ**
**قوبەی کیشمیری دا بەر شەق وەکو گـــــۆ**
**لە مابەینی ( کە کـۆن ) و ( هەیبەسوڵتان )**
**( نسێ )ی ئـــــیوارەو " سایـــەی" سبەینان**
**لـــە لام زیللی ( هوما ) یە چەتری "سەنبەر "**
**چ جایــــــــێ سێبەری سەرو و سنەوبـــەر**

(دیوانی حاجی ،حەمید ، شارەزا ،1390هـ: 247)

لێرەدا شاعیر بەشێوەیەکی هونەری و بەزمانێکی سادەو ساکارو کاریگەرو لە چوارچێوەی وێنەیەکی شیعری بەرزو بێ هاوتای مەسنەوی دا وەسفی شاری کۆیەیی کردووە. لە داڕشتنی شیعرەکەشداپەیڕەوی کێشی هەزەجی شەشی مەحزوفی کردووە. لە ڕاستیدا خۆشەویستی بێسنوری حاجی قادر بۆ زێدی خۆی و نیشتمان و نەتەوەکەی لەلایەک وئەزموون و شارەزای و باگراوندی رۆشنبیری شاعیر لە لایەکی دیکەوە ، نەمری و زیندوویەتی و داهێنان و تازەگەری بە شیعرەکە بەخشیووە

.

## 2_2 کاریگەری جۆرو مەبەستەکانی بە یت و چوارین و چوارخشتەکی وپێنج خشتەکی لە شیعرەکانی شاعیردا:

**_-تاک ، بە یت (فرد)** : بریتییە لە دێڕە شیعرێک، کە لەسەر کێشێکی عەروزیدا دەبێت و سەرواکەشی بەزۆری بریتییە لە(اا) و هەندێک جاریش(اب) و زیاتر لەگەڵ بیرێکی فەلسەفی زووتێپەڕ، یا بۆ تۆمارکردنی ڕۆژی لەدایکبون و مردن لەڕێگەی پیتی ئەبجەدییەوە دەگونجێت و خاوەنی مۆسیقای خۆیەتی و دەشێت هەر تاکە بەیتێکی شیعری کلاسیکی کوردی بە(فرد)ێک دابنێین، بەو مەرجەی کەمانایەکی سەربەخۆی هەبێت(د. ڕێزان ساڵح ،سەنگەر نازم،2017: 195 )حاجی قادری کۆیی یەکێکە لەو شاعیرە بەرزو بەناوبانگانەی کە تاڕادەیەکی زۆر بایەخی بەنووسینی (تاک) یان بەیتی شیعری داوەو ڕووبەرێکی دیاری لە شیعرەکانی داگیرکردووە. شاعیر لە کۆی شیعرەکانی دا (17) تاکە شیعر یان بەیتی شیعری بە زمانی کوردی و (3) بەیتی شیعری بەزمانی فارسی نووسیوە، کە ئەمەش بۆسروشت و تایبەتمەندی تاک (بەیت) دەگەڕێتەوە.چونکە بەیت کورت و پوختەو لە بەرکردنیشی زۆر خۆش و ئاسان بووە، ئەمەش

هۆکارێکی گرینگ بووە بۆ ئەوەی لە وون بوون و فەوتان بپارێزریت . بە تایبەتی لە و بارو دۆخ و سە ردەمەدا کە خوێندەواری زۆر کە م بووە. شاعیر لە دارشتنی ئەم هونەرش دا زیاتر پەیڕەوی کێشی ڕەمەلی شەش و هەشتی کردووە.

**شێخ غەفوور بیستوومە چاچیم پێ دەڵێی ،**
**چاکـــــە من نابـــــم بە نوقتەی لا بەلا !**
فاعلاتن فاعلاتن فاعلن × 2 ( ڕەمەلی شەشی مەحزوف)

**جورمی من داوێنی عەفوی گەر نە پۆشی رۆژی حەشر**
**عەبرەتی من کافیە بۆ ئەهلـــی مەحشەر سەر بە سەر**
فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن × 2 (رەمەلی هەشتی مەحزوف)

**دەرسی مەعنای بێ عیبارەت مەرکەزی مەیخانەیە**
**حەلقەیـــــی جەنگ و جیداله خانەقا و مەدرەسە**
(فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن × 2 ( ڕەمەلی هەشتی مەحزوف)
(دیوانی حاجی ،حەمید ، شارەزا ،1390هـ: 266)

**-2_ چوارین (دووبەیت):**

یە کێکە لە هونەرە هەرە باوو گرینگەکانی ئە دەبی کلاسیکی و پێگەیەکی بەهێزوگاریگەری لەم بوارەدا هەیە." چوارین زیاتر هونەرێکی فارسی یە و عە رەب و کورد لە ڕێگەی ئەدەبی فارسی یەوە وەریان گرتووە " (د.عەزیز گەردی ،1999: 263) لە قۆناغی کلاسیکدا جێگای هەرە بایەخی شاعیران بووە. " لە ڕێبازی کلاسیکی دا چوارین بە و هەڵبەستانە وتراون کە لە چوار دێڕی هاوکیش پێک هاتبن. ئە م چواردێرەش هەندێ جار یەک قافیەیان هەبووەو هەرسێ دێڕی یەکەم ودووەم و چوارەمی جووت کردووەو تەنها دێری سێیەم بێ قافیە بووە،یاخود هەر چوار دێڕەکەی هاوقافیە بوون . واتە دەبوو بەیتی یەکەم هاوقافیە بوایەو هەمان قافیەش لە دێڕی چوارەمدا بەکاربهێنرایە" (د.دڵشاد عەلی ،1988 :132) یان بە شێوەیەکی دیکە دەتوانین بڵێین چوارین " پارچەیەکی چوار لە تییەو کێش و سەروای تایبە تی خۆی هەیە ، پارچەیەکی تەنیایە و مەبە ستێکی تایبەتی دەردەبڕێت" (د .مارف غەزنەدار ، 1992: 11) هەر لە بارەی

چوارینەوە دکتۆر عەزیز گەردی دەڵی: چوارین" پارچەیەکی چوار لەتییە کێش و سەروای تایبەتی خۆی هەیە،پارچەیەکی تەنیایەو مەبەستێکی تایبەتی دەردەبڕێ" (د. عەزیز گەردی ،1999،204)حاجی قادرکۆیی وەک هەموو شاعیرانی دیکەی کلاسیکی چوارینەشی نووسیووەو زۆربەی ئەو قاڵبانەی کە لە چوارینەدا هاتوون پەیڕەوی کردوون. شاعیر لە کۆی ئەو یازدە(11) چوارینەی نووسیوویەتی ئەو قاڵبانەی خـوارەوەی بـــەکار هێناوە، کە ئەمانەن:

**أ_چوارینی تەواو:** (AAAA, BBBB ,CCCC, …..)

ئەم جۆرە چوارینەیە هەموو دێرەکانی هاوکێش و هاو قافیەن،ئەمەش نموونە یەکە لە جۆرە چوارینەیەی حاجی قادری کۆیی، کە دەڵێ:

**چوومە جەرگەی ئەهلی دڵ جەرگێکی بێ داغم نەدی** A
**ناڵـــەی بولبول لـــە باغا بێ قڕەی زاغـــــم نەدی** A
**عالـــە مێکم دی نەخۆش و یەکەسی ساغم نـــەدی** A
**دوور لـــە مەیدانی خودا غەیری قوڕمساغم نـــەدی** A

(دیوانی حاجی ،حەمید ، شارەزا ،1390ھ: 262)

**ب_چوارینی خەساو :** (AABA, BBCB,CCBC……)

ئەم جۆرە چوارینەیە هەموو دێرەکانی هاوکێشن، بە ڵام هەموو دێڕەکانی هاوقافییە نین. واتە لەم جۆرە چوارینەیەدا دێرەکانی یەکەم دووەم و چوارەم یەک جۆر قافییەیان هەیە، جگە لە دێڕی سێیەم کە قافییەکەی جیاوازە لە قافییە ی ئەوەکانی دیکە، بێگومان ئەم جۆرە چوارینەیە لە باوترین جۆرەکانی چوارینەو لە شیعری شاعیرانی کلاسیکیدا بەپلەی یەکەم دێت. ئەمەش نموونەیەکە لەم جۆرە چوارینەیە کە حاجی بەکاری هێناوە کەدەڵێ :

**ئەی ڕەفیقانی وەتەن زۆر غەزەلم ماوە لەوێ** A
**لـــە کەنارێکەوە تەقدیرە وەکـــــو هەڵبکەوێ** A
**وەک سەفینە بگەڕێ بــــــەر بەحـــری قەسەم** B
**حەیفە وەک من لـــە غەریبی بمریت و نەتەوێ** A

(دیوانی حاجی ،حەمید ، شارەزا ،1390هـ: 262)

**ج_چوارینی ئینگلیزی (شکسپیری): (..........,ABAB,CDCD)**

ئەم جۆرە چوارینەیە هەموو دێڕەکانی هاوکێشن هەروەک چوارینەکانی دیکە، بەڵام هەموو دێڕەکانی هاو قافییە نین. واتە لەم جۆرە چوارینەیەدا قافیەکان بەشێوەی نۆرە (تناوب) بەکارهاتووە، دێڕی یەکەم و سێیەم هاوقافیەن و دێڕی دووەم و چوارەمیش هاوقافییەن ، ئەمەش نموونەیەکە لەم جۆرە چوارینەیە کەحاجی بەکاریهێناوە کەدەڵێ :

**نەقدی عومـــــرم بە غەزەل داو دووکانـــــم دانا A**
**هیچ کەسێ نەیکڕی، ترسام لە ڕزین و لە خوران B**
**بێ بەها دامە ئەم و ئەو وەکو کوردێک کـە ڕژا A**
**ڕۆنی، ئەو وەقتە دەڵێ: کردمە خێری کوڕەکـان B**

(دیوانی حاجی ،حەمید ، شارەزا ،1390هـ: 263)

**د_چوارینێکی تازە: (......ABCB)**

ئەم جۆرە چوارینەیە هەرچەندە هەموو دێڕەکانی هاوکێشن،بەڵام لە ڕووی قافییەوە جیاوازن. بەشیوەیەک تەنها دێڕی دووەم و چوارەمی هاو قافییەن، بەڵام دێڕی یەکەم وسێ یەمی جیاوازن ئەمەش تاڕادەیەک لە ڕووی مۆسیقای شیعرییەوە لاوازییەکی پێوەدیارە. کە زۆر بەڕوونی لەم چوارینەیەی حاجی قادری کۆیی بەدەردەکەوێ کەدەڵێ:

**لەسەردەشتی میحنەت پەڕەی کردووە A**
**کەوانـــی بەڵا لۆکـــەی پەیکــــەرم B**
**بەڵاڵـــــوکە دەرمانـــی دەردم دەڵێن C**
**بــە پارە وەگیر ناکــەوێ بیکڕم B**

(دیوانی حاجی ،سەردارحەمید ،کەریم شارەزا ،1390ھ:
262)

**3.-چوارخشتەکی:** " بریتییە لە چە ند بەندێکی چوار دێری و لە هە ر بەندیکدا قافیەی دێری یەکەم و دووەم وسێیەم هاوقافیەن وتەنها قافیەی دێری چوارەمی بەندەکان یەکدەگرنەوەو هاوقافیەی یەکترن(د.دلشاد عەلی ،1988: 119) ،لە داڕشتنی ئەم جۆرە قالبەدا شاعیر بە زۆری پەنا دەباتە بەر شیعری شاعیرێکی دیکە بۆ هێنانەکایەوەی شیعرەکەی،ئەمەش کاتێک دێتە ئەنجام شاعیری دووەم زۆر بەتوندی کەوتبێتە ژێرکاریگەری شیعری شاعیری یەکەم و لە ژێرسێبەری ئەودا بەهەمان بابەت و کێش و سەرواوە شیعرەکەی لەدایک ببێت . ئەمەش زۆر جار دەچێتە قالبی لاسیکردنەوەو جوینەوەی بەرهەمەکانی پێشووتر وەک خۆی، بێ ئەوەی هیچ گۆڕانکاری و داهێنانیکی تازەی تێدا بکرێت. یان دەقێکی جیاوازتر لەوەی پێشوو بێنێتەکایەوە،لە وانەیە هەر ئەمەش هۆکاری سەرەکی بێت بۆ ئەوەی کە حاجی قادری کۆیی خۆی لەداڕشتنی ئەم جۆرە شیعرە بەدوور بگرێت.

**4. پێنج خشتەکی:** " لەشێوە دیارەکانی هەڵبەستی کوردیمانن، بەتایبەتی ئەو چەشنە پێنج خشتەکییەی کە لە سەر هەڵبەستیکی قافیەی یەکگرتووی شاعیرێکی تر ئەنجام دەدرێ و لە هەربەشێکدا شاعیر سێ دێڕی خۆی دەخاتە سەر بەیتی هەڵبەستی شاعیرێکی تر ، بەجۆرێکە قافیەی ئەو سێ دێڕە لەگەڵ قافیەی دێری یەکەمی بەیتەکەدا یەک بگرێ. بەمەش تەنها قافیەی دێڕی پێنجەم لە چوار دێرەکەی پیش خۆی جیادەبێتەوەو لە گەڵ دێڕی پێنجەمی هەموو بەشەکانی تردا یەک دەگرێتەوە" (د.دلشاد عەلی، 1988: 119)یان دەتوانین بڵێین پێنج خشتەکی " پارچە هۆنراوەیەکی پینج لە تییە ،کە بە پێی سیستەمی تایبەتی سەرواوە دادەڕیژرێت . جا ئەو پێنج لەتە چ بە تەنیا پارچەیەکی سەربەخۆ بێت ،چ پارچەیەک بن لە ناو هۆنراوەیەکی دوورو درێژ(د.عەزیزگەردی ،1999 :215) ئەمەش نموونەیەکە لە پێنج خشتەکی حاجی قادر کە لەسەرشیعری سەعدی شیرازی بە زمانی فارسی دایڕشتووە،کە دەڵێ:

**بە مژگانـــــــم مزن بس درد مندم** A
**نهـــــال عیش از بنیاد کـــــتـــندم** A
**چە حاجت دل سوی زندان کشندم** A
**(چنان در قید مهرت پای بنـــــــدم)** A
**(کە گوی اهوی سرد در کمنـــدم )** A

*           *           *

دللّم چون حلقەی زولف تو درهــم   A

قدم چون ابروان  دوست در خــم    A

چنانم دائم از دست تو  در غـلّــم  A

( گهی بر درد  بـــی درمان بگریم) A

(گهی بر حـــال بی سامان  بخندم) A

(دیوانی حاجی ،سەردارحەمید ،کەریم شارەزا ،1390هـ: 277)

لێرەدا شاعیر لە ژێرکاریگەری و سێبەری ئەدەبیاتی کلاسیکی فارسی  بەشێوەیەکی گشتی و شیعرەکانی سەعدی شیرازی بەشێوەیەکی تایبەتی ، ئەم پێنج خشتەکییەی دارِشتووەو ئامانجیشی لە و کارەدا ئەوە بووە ، ئەزموون و توناو لێهاتوویی خۆی پێشان بدات، لە پاڵ پێشاندان و ناساندنی  ئەدەبیاتی کوردی بە ئەدەبیاتی فارسی ، وە بەپێچەوانەشەوە.

## 2_3 کاریگەری قاڵبەکانی پارچە و غەزەل و قەسیدە لە شیعرەکانی شاعیردا:

–_ **پارچە:** پارچە یان( قطعة ) لە تێروانینی کلاسیزم دا بەو شیعرانە دەوترێت کە لە سێ بەیت زیاترەو  لە شەش بەیتیش تێپەر ناکات، لە ڕووی کێشەوە سەرجەم بەیتەکان خاوەنی یەک کێشن،بەڵام لە ڕووی سەرواوە سەروای هەمەڕەنگ لە خۆ دەگرێت . ڕەفیق حیلمی  پێی وایە " ئەو شیعرانەی لە سێ بەیتەوە تا شە ش بە یت بێ، پێیدەڵێن  قطعة  " ( ڕەفیق حیلمی ،1988 : 131) ئەمەش ئەوە دەگەیە نێت کە پارچە جیاوازیەکی ئە وتۆی لە گەڵ غەزەل و قەسیدە نییە، تە نها لە ڕووی ژمارە بە یتەکانەوە نەبیت. " ئەمە لە کاتێکدا پارچە لە هۆنراوەی فارسی دا تەنها بەوە لەقەسیدە و غە زەل جیادەبۆوە ، کە بە پێچەوانەی ئە و دوو چە شنەوە نەئەبوو بەیتی یەکەمی جووت قافیە بێت، ئیتر ژمارەی بەیتەکانی گرینگ نەبووە هە ر چەندێک بێت. بە و پێیە دەگەینە ئەو ئەنجامەی ئەگەرچی لە جیاوازی نێوان قەسیدە و غەزەل و قتعەدا هەندێ جار باس لە بابەتەکانیشیان کراوە،بەڵام بەگشتی بنەڕەتی سەرەکی  جیاکەرەوەیان تەنها ژمارەی بەیتەکانیان بووە" (د . دڵشاد عەلی ،1988 :28) هەروەها  د.مارف خەزنەدار پێیوایە " پارچە لە هەموو ڕوویەکەوە وەکو غەزەل وایە ، هەندێ بە غەزەلی دادەنێن ، هەندێکی تر جیایی دەکەنەوەو ناوی دەنێن پارچە.  مەسەلەش تەنیا ژمارەی دێڕە شیعرەکەیە ،لایەنگرانی پارچە لەسەر ئەو باوەڕەن ،شیعر ئەگەر لە چوارین ڕەت ببێت تاشەش دێڕ، پارچەی پێ بووترێ. " (د.مارف خەزنەدار،2001:  165) ئەمەش نموونەیەکە لە شیعری پارچەی حاجی قادری کۆیی،بەناونیشانی ( دولبەرم مامزییە) کە دەڵێ:

**دولبـــــەرم مامزییە ،بـــــازی بە ڕەفتاری کەوە** A
**ئەی دڵی خەستە! وەکو گوربە ،بەشوێنی مەکەوە** A
**داغداری ڕوخیە لالەیی حـــــەمرا لـــە چەمەن** b
**نەرگسە چاو لــــە بەر غەمزەیی غەممازی ئەوە** A
**چی لـــە من داوە ئەجەل حەققی نییە بێتە سەرم** C
**خۆم ئەسیرم ،دڵـــە نەزرە ،ئەوە جانشینی گرەوە** A
**حەزدەکەی سوبحی قیامەت لە شەودا دەربکەوێ** D
**پێی بڵـــــــێ: دوگمەیی ئاوێنەیی سینەت بکەوە** A
**سە فەری زوڵفی مەکە(حاجی) شەوت لێ دەگەڕێ** D
**باوجوود ڕۆژە لــــــە لات وایە کە تاریکە شەوە** A

(دیوانی حاجی ،حەمید ، شارەزا ،1390ھ: 131)

فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فعلن (ڕەملی هەشتی مخبوتە)

لێرەدا شاعیر ئەم پارچە شیعرەی بە پێنج دێڕ هۆنیوەتەوە، واتە پارچەیەکی پێنج دێڕییەو ناوەڕۆکیکی دڵداریشی لە خۆگرتووە، لە دارشتنی شیعرەکەیدا کێشی عەرووزی عەربی و دەریای ڕەمەلی هەشتی مەخبوت و، سەروای تەناوبی بەکارهێناوە، بەمەش توانیویەتی وەستایانەو لە چوارچێوەیەکی هونەری بەرزدا شیعرەکە بڕازێنێتەوە.

**_غەزەل:** یەکێکە لە جۆرەکانی شیعری کلاسیکی کە ژمارەی دێڕەکانی لە حەوت دێڕ زیاترەو لە سێزدە دێڕیش تێپەڕ ناکات . لە ڕووی کێشەوە سەرجەم دێڕەکان دەبێت یە ک کێشیان هەبێت. بە لام لە ڕووی سەرواوە ئەوا سەروای هەمەڕەنگ لە خۆدەگرێت. " شاعیر لەکۆتایی غەزەلەکە ناونیشانی خۆی دادەنێت و بەشێوەیەکی باو غەزەل لەنێوان پێنج تا پازدەدێڕ دایە و دێڕی سەرەتای موسەڕرەعە(یەک قافیەیە) و نەخشەی قافیەکەی وەکو قەسیدەوایە(ا ا)(ب ا)(ج ا) (د ا)(شمیسا،1393: 286 ) " لە سەر هەمان بنەڕەتی ژمارەی بەیتەکانی هۆنراوە ، غەزەلیش وەک جۆرێک لە جۆرەکانی هۆنراوەی خودی لە لایان دیاری کرا ، دوای ئەوەی کە بە خۆی بەشێک بووە لە قەسیدە و لە گەڵ بابەت و هۆنراوەی تردا هاتووە . تەنها جیاوازی نێوان قەسیدە و غە زەلیش لە ژمارەی بەیتەکانیاندایە " (د.دلشاد عە لی ، 1988: 26) هە روەها " لە بارەی کێش و سە رواوە، غەزەلی ئیسلامی لەسەر کێشی دەستکاری کراوی عەروزی و یەکێتی سەروا دەڕوا،کەچی غەزەلی خۆماڵی بەکیشی خۆماڵی دە برگەیی(5+5) وسەروای مەسنەوی دەنوسرێ، ئەمە لە سەرەتاوە وەک دەستوریکی پتەو پەیڕەوکراوە ،بەلام لە ئەنجامی تێکەلاوی و

کاریگەری شاعیرانی زارە جیاکان،جۆرە تێکەڵی و بەناو یەکداچوونێک لەم دوو ڕەگەزەی غەزەل پە یدابووە.(د. عەزیز گەردی ،1999: 276) شایانی باسە " لە غەزەلدا چەشنەکانی خۆشەویستی پاک و ناپاک و خۆشەویستی ڕاستەقینە و خەیاڵی بەدی دەکرێت. لە کۆندا لە ڕوانگەی ڕاستی و ڕەوەشتەوە لە غەزەلیان ڕوانیوە . ئەگەر لە مێژوو دوور بوایە بەخۆشەویستی خەیاڵی دادەنرا . وەئەگەر لە وشەی خاوێن و ئابڕوودارو ئامانجی چاک و بە خشندەو گەورە داماڵرایە، دەچووە چوارچێوەی خۆشەویستی درۆو ناپاک وخراپەوە، بەپێچەوانەوە بە خۆشەویستی عەزرا ناو دەبرا."(لجنة من الادباء، 1964 :13) جگەلە مانەش غەزەل گەلێک ئارستەی جۆراوجۆری لە خۆگرتووە کە دیارترینیان غە زەلی پاک و ڕاستەقینەیە لە پاڵ غەزەلی لاسیکردنەوەدا " خوێنەر لە غەزەلی لاسیکردنەوەدا هیچ کاریگەریەکی هەست و سۆزی بەهێزو گوزارشتی ئازارێکی ڕاستەقینە بەدی ناکات. یان هەستێک بە هەناسەی ئازاری ئەزموونێکی ڕاستەقینە. مەگەر بە دەگمەن لە هەندێک شیعری تایبەتی نەبێت " (یوسف حسین بکار ،1967 : 25 ) سەرباری ئەمانەش " زمانی شیعری غەزەل لە لایەنی ڕەگەز و بنەماوە ، زیاتر لە دڵ و دەروونی جەماوەرەوە نزیکە "(د. شوقی ضیف ، 1971 : 245) ئەمەش هاندەرو پاڵنەرێکی باش بووە بۆ ئەوەی لە نوسینی شیعری غەزەلدا لایەنی وشەکاری و جوانکاری زمانی شیعری لە بەرچاو بگرن. غەزەلیش بەشێوەیەکی گشتی دووجۆرە کەئەمانەن:

**ا_غەزەلی لاساییکردنەوە(الغزل التقلیدی):** شاعیر لەبەکارهێنانی ئەم جۆرە غەزەلە شوێن پێی ئەوانی پێش خۆی هەڵدەگرێت، چ لەڕووی ڕوخسارەوە بێت یان ناوەڕۆک، کاتێک کەباس لە دوڵبەرێکی خەیاڵی یا هەوارگەی کۆنی ژووان دەکات، یان دابڕان و دوورکەوتنەوەو گێڕانەوەی بیرەوەرییەکانی دڵداری .

**ب_غەزەلی هەستی(الغزل الحسی):** ئەم جۆرە غەزەلە لە سەدەی دووەمی هیجریدا پەیدابوو و پەرەی سەند، ئافرەتیان وا سەیر دەکرد کە ڕووتیان کردبۆوە لەگشت مانایەک،بەپێچەوانەی شاعیرانی عوزرییەوە،کەواتە غەزەلی هەستی ڕۆڵێکی گەورەی لەسەرشانۆی غەزەلدا گێڕاوە،هەتا زۆر لەشاعیرانی والێکردووە کە بێ گوێدانە ئاین و داب و نەریتەکانی کۆمەلگا شەرمیان نەمێنی لەڕووتکردنەوەی ئابڕوودا، هەر لەم سەردەمەدا بەشێوەیەکی خیرا لە گشت لایەکەوە سنورەکانی شکاندو بڵاوبۆوە" (ئاری سبحی،20:2012) هەرچەندە ئەم جۆرە غەزەلە واتە غەزەلی هەستی کەمتر لە شیعرەکانی حاجی قادری کۆیی بەدیدەکرێت،کەبە پێچەوانەوە دەتوانین شاعیر بەڕابەرو مامۆستای غەزەلیاتی کوردی دابنێین بەگشتی، لە پاڵ شاعیرانی سێکوچکەی باباندا، بەتایبەتیش لە نوسینی غەزەلیاتی عوزریدا زۆر بەتواناو باڵادەست بووە، ئەمەش بۆ ئەوبارودۆخ و سەردەم و ژینگەی شاعیر تێیدا ژیاوە دەگەڕێتەوە، ئەمەش یەکێکە لە نموونەی

ئەو غەزەلە بەرزو بەهێزو کاریگەرانەی شاعیر، کە لێوان لێوە لە ئیستاتیکیەت و گۆرانکاری و داهینان و جوداکاری  لە هەردوو لایەنی فۆرم و بابەتەوە، کەدەڵێ:

لەسەرشەورۆژی دانـــــاوە ،مەڵێن فێسی لەسەرنـــــاوە   A
لەبەربا جامــی یــــــاقووتی ،بەمیشکی ووشکـــی داداوە   A
لەدامێنی چیا بۆ خەرمـــــــەنی گــــــول خێوەتی خــــارا   B
بەدووئەستووندەکـــــەی زیوین تەنافـــی زولفی هەڵداوە   A
لە بەرقی ڕەنگی شەرواڵـــــــی ،حەیا دامێنی هەڵماڵـــــی   C
لە تەققەی دەنگـــی خەڵخاڵـی لەگەردوون زوهرە داماوە   A
لەتەققەی نال و شەققەی پانی بەرزی، ئاسمان لــــــەرزی   D
تەق و تۆق کەوتە سەر ئەرزی، دەڵێی مەحشەر هەڵساوە   A
لە ناوەی هەڵگەڕاوەی زولفی، خاڵــی ڕەشی تەمەشاکەن   E
بۆ تەیری دڵ بیعەینیهی ،دەڵێی ئـــــــەم دانەو ئـــەو داوە   A
بەسەد خوونــــی جگەر فێری نیازو نازو عیشوەم کـــــرد   F
کەچــی ئێستاکە دەمگاتـــێ ،دەڵێ: سالاچۆ بــــــــەولاوە   A
لەتەسویریقەڵەم مووی کەوتە بەردەم نووقتەکی دانـــــا   G
ئەوی کـــــردە کەمـــــــەر نەققاش ،ئەمی بۆزاری دانـاوە   A
دەری تۆ کەعبە بوو حاجــــــی تەوافی کرد و نەیزانــــی   H
چ قەوما کەعبـــە کەچ بوو،مەسجیدولئەقسایە ڕووخـاوە!   A

مفاعیلن مفاعیلن  مفاعیلن مفاعیلن ×2 (هەزەجی هەشتی تەواو )

(دیوانی حاجی ،حەمید، شارەزا ،1390ھ: 140)

"لێرەدا مەبەستی شاعیر ئەوەیە کە قژی لە ڕەشێتیدا وەک شەوە،فیسەکەشی لە سپی و روناکیدا وەک ڕۆژە،نابێ بشلیین فیسی لەسەر ناوە، چونکە ئەمە فێس نییە، بەڵکو شەو ڕۆژن لە سەر یەکتری دانراون ،بۆیە کردوویە تیە سەریشی تا قژی  وەک موشکی ووشک  بەهۆی باوە پەرش و بلاو نەبێتەوە وپەڕێشان نەبێت.چۆن لە داوێنی چیا خێوەت هەڵدەدریت و گولزار ڕەنگاوڕەنگ خۆی دەنوێنیت،زولفەکانی یاریش وەکو ئەو خێوەتەیە لە تەنافێک دەچێت کاتێک هەڵیدەداتەوە،بە و دوو ئەنگوستەی کەلە دوو ئەستوونی زیوین دەچێت لە جوانی وپاکیدا"(ئاری سوبحی ،2012 :164). بەم شێوەیە دەبینین شاعیر هەر لە سەرتاوەو لە دێرە یەکەمی شیعرەکەوە  تا کۆتایی و

دوادێڕی شیعرەکە بەزمانێکی سادەو ساکارو کاریگەرو لە چوارچێوەی جوانترین و سەرنجڕاکیشترین وێنەی هونەری داو لە جیهانی خەیاڵ و ئەندێشەیەکی فراوان و تیژو قوڵ و بێ بندا و بە عەشق و خۆشەویستیەکی زۆرەوە، ئەم غەزەلەی هۆنیوەتەوە و لوتکە ی ئەزموون و زەوق و سەلیقەی خۆی تێدا نواندووە، بەم هۆیەشەوە نەمری و زیندوویەتی و چێژو خۆشـــــی بە دەقەکە بەخشیوە.

**_ قە سیدە:** لە قاڵبە هەر دیارو زەقەکانی شیعری کلاسیکییە" لە بنچینەدا بۆشیعری عەربی دەچێتەوەو، شاعیرە نەتەوە موسڵمانەکانی تر پەیڕەوی ئەوانیان کردوەو، هونەری خۆیان تێدا نواندوە، لە ئەدەبی عەربیدا سەردەمی زێڕینی قەسیدە نووسین لە سەردەمی جاهیلییەوە تا ئەوپەڕی سەدەی پێنجەمی پێش ئیسلام دەڕواو لە موعەلەقاتی حەفت یان دە دەگاتە ترۆپک"(د. عەزیز گەردی ،1999: 255) قە سیدە " لە ڕووی داڕشتن و بابەتەوە جیاوازیەکی ئە وتۆی لە گەڵ غەزەل دا نییە . جیاوزیەکەی تەنها لە درێژی شیعرەکەدایە. بەشێوەیەکی گشتی " قە سیدە بریتییە لە چەند بەیتێک هۆنراوە کە بەکێشێک لە و کێشانەی کە خەلیل فراهیدی و هە ندێ لە زاناکانی عەرەب دۆزیانەوە، بەیەکەوە بەستراون وقافیەکی یەکگرتوویان هەیە " ( دڵشاد عە لی ، 1988 : 25) بەڵام سەبارەت بەیەکێتی بابەت لە شیعری تازەدا سیمایەکی زۆر دیارو زەقە ، بە پێچەوانەوە" شاعیرانی کلاسیکی نەیان دەتوانی لە بەرهەمی شیعردا ، وەک پێویستیەکی بنەرەتی هیچ دەربەستی یەکێتی بابەت بێت،ئەم ڕاستیەش لە هەرغەزەل و قەسیدەیەکدا سەرنجی بدەیت بۆت دەردەکەوێت .(کاکەی فەلاح، 1987: 37 ) هەروەها لەبارەی ژمارەی دێڕەکانی قەسیدەشەوە "محەمەدی خاڵ لای وایە چامە یان قەسیدە ئەو شیعرەیە کە لە حەڤدە دیڕ زیاتر نەبێت بەڵام د. عەزیزگەردی بۆچوونی وایە کە لە کوردیدا قەسیدە لە (15) دەست پێدەکات " ئەمەش یەکێکە لە قەسیدە بەرزو بەناوبانگەکانی حاجی قادری کۆیی کە پڕاوپڕە لە جوانی و سۆزی دووری و ناڵەی جودایی عەشق و خۆشەویستی خاکی پیرۆزی کوردستان و گەل و نیشتمان و نەتەوەکەی، کە دەڵێ:

گوتم بەبەختی خـــەواڵوو: بە سە ئەتۆ بی و خودا
لە خـــەو هەڵستە زەمانێ بچینەوە ئـــــــەولا
گورەی بـەهاریە ئێستێکە شاخ وداخـــــــی وڵات
پڕە لەلالــــــەو نەسرین و نــــــەرگسـی شەهلا
لەگـــــــرمە گرمی سەحاب و لە هاژەی بـــــاران

چیایە پڕە لـــــەهەراو  نواڵـــــــــە  پڕ لەسەدا
پڕەلە سەیل و گوڵاو و کـانـــــــی ڕووی زەمـین
پڕە لە بەرق و بریقەی بروسکەی جەووی  سەمـا

هەر لە هەمان قە سیدەدا   دواتر شاعیر دە ڵێ:

چەمەن لـــــە لالە میسالی خەتی ڕووخی دولبەر
سیاە چادری لـــــێ بۆتە خاڵــــــــــی سەرگۆنـا
لــە کن  بەنەوشە و خـــاوو هـــــەلاڵ وبەیبوونی
هــەلاڵی پێستەیی خـاوە  عەبیرو موشکی خەتـــــا
چیا لــــە تەوقەسەری  دارژاوە تا کـەمـــــــــەری
چو زولفی سونیولی دەرهەم ،چو پەرچەمی بەڕەزا
بـــە جۆشی ئاگری گوڵناری کــــانی هەڵ دە قوڵێ
میسالی دیدەیی وامیق لــــــە حەسرەتی عـــــەزرا
قـــەلاتی زیوی ڕوخاوە هەرەس  بەتۆپی نەسیم
سوپاهی لالــە و گوڵ، چادری لــــــە جێ هەڵدا
لــــە گۆلە شینێ کــە  قازومراوی  دێن و دەچن
نــــــەزیری ماە وستارەن لـــــــە قولزوومی مینـا

(مفاعلن  فعلاتن  مفاعلن فعلن )× 2 (موجتەسی  هەشتەمی  مەخبوونی ئەسلەم )
(دیوانی حاجی ،سەردارحەمید ،کەریم شارەزا ،1390ھ:38)

لەم قەسیدەیەدا عەشق و خۆشەویستی حاجی قادری کۆیی بۆ زیدوخاک و گەل و نیشتمانەکەی، شاعیر  دەخاتە دۆخێکی دەروونی هێندە ناهەمووارەوە، بەشێوەیەک  گلەیی لە بەختی خەواڵووی خۆی بکات. لە دوورە وڵاتەوە حەسرەت و هەناسەی ساردی دووری بۆ سروشتی جوان و ڕازاوەی کوردستان هەڵبکێشی، واتە" حاجی گوتارەکەی ئاراستەی خۆی دەکا،کە ئەوکاتەی لە ئەستەنبۆڵ بووە و ،داوای لێدەکا،کەلەخەودا ڕاپەڕێ و هۆشیاربێ و بۆ سەردەمی زەمانی پێشوو بگەڕێتەوە. کەهەرچەندە لەکاتی نوسینی شیعرەکەدا گۆڕاوەو ڕەونەقی جارانی

نەماوە،بەڵام ئەو بەدیدی کۆن و نوێ سەیری شوێنەوارەکان دەکات و لە هەمان کاتدا کەسەیری خەڵکەکەی دەکات دەبینی زۆر گۆڕاون. حاجی قادر چاو دەبڕێتە دەشت و کێو کەوەک بوکێکی نازدار خۆیان ئارایشت کردووە ،وەک بڵێی لە جوانی و نازداریا و لە خۆشیاندا کەوتوونەتە لەنجەو لارو سەما و پێکەنین، ئەم سروشتە قەشەنگە هانی شاعیر دەدا، کەلەخەو ڕاپەڕێ و خۆی لە و جوانییە بێ هاوتایەی نیشتمان بێ بەش نەکات." (د.کەمال غەمبار، 2017 :8،9)لە ڕاستیدا ئەم قەسیدەیە بەیەکێک لە قەسیدە جوان و بەناوبانگەکانی حاجی قادرکۆیی دادەنرێت. کە توانیویەتی تارادەی ئەوپەری ئەزموون و توانای خۆی تێدا پیشان بدات،لە هەمان کاتیشدا لەڕووی فۆرم و ناوەرۆکەوە داهێنان و تازەگەری و زیندوویەتی و نەمری بە قەسیدەکە ببەخشێت.

**ئاماری قاڵبەکانی شیعری کلاسیکی لە شیعرەکانی حاجی قادری کۆیی دا:-**

| ژ | جۆری قاڵبەکانی شیعری کلاسیکی لەشیعرەکانی حاجی دا | کۆی ژمارەی قاڵبەکە بەزمانی کوردی | کۆی ژمارەی قاڵبەکە بە زمانی فارسی | سەرجەم | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | قەسیدە | 18 | نیە | 18 | |
| 2 | غەزەل | 57 | 4 | 61 | |
| 3 | پارچە | 20 | 3 | 23 | |
| 4 | تەرکیب بە ند | نییە | 2 | 2 | |
| 5 | تەرجیع بە ند | نییە | نییە | نییە | |
| 6 | فرد | 17 | 3 | 20 | |
| 7 | تەوشیح | نییە | نییە | نییە | |
| 8 | موە لەع | 6 | نییە | 6 | |
| 9 | چوارین- رباعی | 11 | 2 | 13 | |
| 10 | مەسنەوی | 18 | نییە | 18 | |
| 11 | موستەزاد | نییە | نییە | نییە | |

**– ئەنجام :**

1_ غەزەل و قەسیدەو پارچە، پێگەیەکی گەورەو فراوان و بەهێزی لە سەرجەمی شیعرەکانی حاجی دا هەیە، بە شێوەیەک غەزەل بە پلەی یـــەکەم و قەسیدە بە پلەی دووەم و پارچە بە پلەی سێیەم دێت، بۆیە بـــە هۆی لێهاتوویی و ئەزموون و باڵادەستی شاعیر لـــە داڕشتنی غەزەل و قەسیدەدا دەتوانین وەک ڕابەرێـــــکی سەرکەوتووی ئـــەم قاڵبانەی شیعری کـــــوردی لەقەڵەمی بدەین.

2_ شاعیـــر زۆربەی قاڵبەکـــــانی شیعری کلاسیکی لـــەشیعرەکانیدا بەشێوەیەکی زۆر سەرکەوتوو هونەریانە بەکـــارهێناوە، جگە لەقاڵبەکـــانی تەرجیع بەندو تەوشیح و موستەزاد،کە بەلایاندا نەڕۆیشتووە،ئەمەش بۆ زەوق و سەلیقە وفەلسەفەو تێڕوانینی شاعیر لەلایەک و سروشت و پێویستی و شیاوی ئەم قاڵبانە ،لەلایەکی دیکەوە دەگەڕێتەوە.

3_قاڵبەکانی شیعری شاعیر ،بابەت و مەبەستی جۆراوجۆری لە خۆگرتووە،لە سەرووی هەموویانەوە بابەتەکانی نیشتمانی و نەتەوەیی وکۆمەڵایەتی ڕەنگدانەوەیەکی بەهێزو فراوانی لە شیعرەکانیدا هەیە.

4_ زمانی قاڵبەکـانی شیعری شاعیر، زمانیکــــی سادەوساکارە،بەڵام بەرز و بەهێزو کـــاریگەرو نەسواوە،زمانیکی تێکەڵە بە وشەکانی عەربی و فارسی و تورکی، بە تایبەتی زمانی فارسی، بەڵام ڕەسەنایەتی زمانـــی کوردی و مۆرکـــی کوردایەتی لە شیعرەکانیدا لە لوتکەدایە. شاعیر خاوەنی فەرهەنگێکی زمانی سەربەخۆو تایبەت بەخۆیەتی و جیاوازە لە شاعیرانی دیکەو پێی دەناسرێتەوە

5_حاجــی قادری کۆیی لـــــە داڕشتنی فۆرمـــی قاڵبی شیعری دا، بە وێنەی هونەری و ڕێتم و موزیک و جوانکاری شیعری،لــــە پاڵ بابەتی شیعریدا،لە سەردەمی خۆیداو، لـــەمێژووی ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردیدا ڕابەرو ڕێچکەشکێن بووە، تاڕادەیەکی زۆر توانیویەتی لەم بارەیەوە داهێنان و گۆرانکاری و جوداکاری بکات.

**7_ لیستی سەرچاوەکان :**

**1.7 : لیستی سەرچاوەکان بە زمانی کوردی :**

_ بایز، ئەرسەلان (2003) ، سیمای شیعری کوردی دوای ڕاپەرین ،دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، سلێمانی.

_ ئەحمەد، ئاری سبحی (2012)،غەزەل و قەسیدەکانی حاجی قادری کۆیی ،چاپخانەی ڕۆژهەلات ،هەولێر.

_ڕەفیق حیلمی (1988) ، شیعرو ئە دەبیاتی کوردی ،بەرگی دووەم ،چاپخانەی خویندنی بالا ،هەولێر >

_ سالْح، ڕێزان ، نازم،سەنگەر (2017)، ژانەرە ئەدبیە کان ، چ 1 ، چاپخانەی هێڤی، هەولێر -

-_ میران ، سەردارحەمید ، شارەزا، کەریم مستەفا(1390 )هەتاوی، دیوانی حاجی قادری کۆیی، ئینتشاراتی کوردستان ، سنە.

_گەردی، عەزیز (1999)، سەروا ، بەرگی یەکەم ، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری ،هە ولێر

_ گەردی ،عەزیز (1999 )،کێشی شیعری کلاسیکی کوردی ،چابخانەی وەزارەتی ڕوشنبیری ،هەولێر

_ بیمار ،عەبدولڕەزاق (2003) ، کێش و مۆسیقای هەڵبەستی کوردی،چ 1 ، دارالحریە ، بەغداد.

_ عەبدولا(فەهمی شوکری ( 2006) ، ڕەگەزی نوێی شیعری کوردی لای قەدری جان ، چ 1 چاپخانەی حاجی هاشم ، هەولێر.

_کاکەی فەلاح ( 1987) ،کاروانی شیعری نوێی کوردی ،چ 2 ،چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین ،هەولێر.

_ غەمبار، کەمال (2017)، گەشتێک بە قەسیدە بەهارییەکەی حاجی قادری کۆیی دا، چابخانەی زانکۆی سەلاحەدین ، هەولێر.

_ محەمەد ، مەسعود (2010) حاجی قادری کۆیی ،بەشی دووەم ،دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس هەولێر.

_ خەزنەدار، مارف (2010) مێژووی ئەدەبی کوردی، چاپی دووەم، ئاراس، هەولێر

_ خەزنەدار ، مارف (2001 )، مێژووی ئەدەبی کوردی ،بەرگی یەکەم ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە،هەولێر.

_ خەزنەدار، مارف ، سەرەتاکانی ئە دەبی کوردی و ڕوخسارو ناوەرۆک ، گۆڤاری کاروان ، ژ 92

_ باڵەکی، یادگار ڕەسول (2005) ،سیماکانی تازە کردنەوەی شیعری کوردی ، چ1 ، چابخانە ی وەزارەتی پەروەردە ،هەولێر

نامەی ئە کادیمی :
_ عەبدوڵا، بەکر شاکر (2007) ، نامەیی شیعری لە ئە دەبی کوردیدا لە سەرەتاوە تاکو ساڵی 1970 ، نامە ی دکتۆرا ، کۆلیژی زمان ، زانکۆی سە لاحە ددین.
_ عەلی، پەخشان (2007) ، شێوازی شیعری گۆران ،نامەی ماستەر ،کۆلیژی زمان ، زانکۆی کۆیە.
_ محەمەد، دلشاد عە لی ( 1988)، بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوەی کوردیدا ، نامەی ماستە ر ، کۆلیژی ئاداب زانکۆی سە لاحەدین

**2.7: لیستی سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی:**
_ ضيف، شوقي (1971) ، فصول في شعر ونقدة ، دائرة المعارف ، قاهرة
_ خلوصى، صفاء (،1987) ، فن التقطيع الشعري والقافية ، دار الشؤن الثقافة العامة ، بغداد
_ عتيق، عبد العزيز (1987 )، علم العروض والقافية ،مطبعة دارالنهضة العربية ، بيروت.
_ مصطفى، كمال (1963) ، نقد شعر لابي الفرج قدامة بن جعفر ط1 ، بغداد.
_ لجنة من الادباء (1964) ، فنون الادب العربي ، ط 2 ، دار المعارف بمصر .
_ بكار ، يوسف حسين (1967) ، اتجاهات الغزل في القرن الثاني الهجرى ، دار المعارف بمصر

**3.7 : لیستی سەرچاوە بەزمانی فارسی:**
_– شميسا ، سيروس(1393) انواع ادبی، ، چاپ چهارم، نشر ميترا، تهران

# حاجى قادرى كويى والقالب الشعرية الكلاسيكية

**ملخص البحث:-**

هذا البحث الموسوم ب( حاجى قادرى كويى والقالب الشعرية الكلاسيكية) هو بحث تحليلى و وصفى ونقد فى مجال أسلوب الشعر الكلاسيكى. يقوم البحث بترسيخ الموسيقى الشعرية والقوالب الشعرية الكلاسيكية فى أشعار وقصائد الشاعر. لاشك أن القوالب الشعرية ترتبط أرتباطاً وثيقاً بالشعر الكلاسيكى الشرقى. فى حين لانلحظ وجود هذة القوالب فى الشعر الكلاسيكى الغربى الا ماندر، ومن النماذج المشهورة للقوالب الشعرية(المثنوى، المستزاد، التركيب، الترجيع، التوشيح، الملمع، الرباعى، الفرد، القطعة، الغزل، القصيدة) يعد هذا البحث خطوه مهمة. لتسليط الضوءعلى تجارب الشاعر من جانب. وفى جانب أخر تأثير القوالب الشعرية وانعكاساتها فى شعر الشعراء.

فضلا عن المقدمة البحث يحتضن مبحثين : المبحث الاول يحتوى على ثلاثة محاور: المحور الاول : تعريف موسيقا الشعر والوزن والقافية للشعر الكلاسيكى، اما المحور الثانى : فقد خصص لتركيب وترجيع والمستزاد، امـا الثالث ففية التوشيـح والملمـع، والمبحث الثانى: يحتضن ثلاثة المحاور ايضا، الاول يتحدث عن المثنوى فى شعر الشاعر. وفى المحور الثانى ، عرضنا اهميه وتاثير (الفرد ،الرباعى ، الرباعية ، الخمسيه ) اما فى المحور الثالث ، فقد تناولنا أهمية القطعه والغزل والقصيدة فى اشعار الشاعر . وفى الختام عرض لاهم النتائج وقائمة المصادر والمراجع .وملخصين باللغتين العربية والانجليزية.

كلمات الرئيسية: القالب الشعري ، الشعر الكلاسيكي، اسلوب الشعري، القافية.

## Abstract

This study is titled "Haji Qadiry Koyi and the template of classical poetry". It is a descriptive, analytical and critical study. It is definite that the template of classical poetry is to a great extent associated with Eastern classical poetry, whereas it does not exist in the Western classical poetry. Generally, classical poetry templates are (Masnawy, mustazad, Tarkib band, tarji'a band, tawshih, mulama', verse, copula, lyrics and poem). This study aims at considering ability, skills, and the experience of the classical poets on the one hand, and the value and the effects of the classical poetry templates on the poets on the other hand.

This study consists of an introduction and two chapters. The first chapter is devoted to the theoretical part and comprises three sections. The first section is allocated to the definition and the concept of rhyme and meter, the second section elaborates on (Tarkib band, tarji'a band, and mustazad) in classical poetry, and the third section comprehensively introduces the artistic aspects of (tawshih and mulama'). The second chapter is devoted to common classical poetry templates, and their value and effects on the Haji Qadir's poem. This chapter consists of three sections. The first section examines the Masnawy template in Haji Qadir's Poetry, the second section presents (verse and copula) in detail, and third section is allocated to the influence of (poem and lyrics) in the his poetry. This study ends with the concluding points, the list of used referenceS, and English and Arabic Abstracts.

# جوانكارى ووشەيى

# لە شيعرەكانى سامى عەودالٚ دا

## جوانکاری ووشەیی لە شیعرەکانی سامی عەودالْ دا

**پێشەکی:**

**. _1 ناونیشان و سنوری توێژینەوەکە:**

(جوانکاری وشەیی لەشیعرەکانی سامی عەودالْ) دا * ، یەکێکە لە لایەنە گرینگ و بە هێزەکانی بونیاتی هونەری شیعری و پانتایەکی فراوانی لە شیعری شاعیرانی کلاسیکیداو بەگشتی و لەشیعرەکانی سامی عە ودالْ دا بەتایبەتی هەبووە. بۆیە سنوری توێژینەوەکەمان لەم بابەتەدا چڕ دەبێتەوە. جگە لەمەش هونەرەکانی جوانکاری ڕەنگدانەوەیەکی گەورەی لەبەرهەمی شاعیراندا داگیر کردووە و وەک ڕەگەزێکی گرینگی ڕەوانبێژییش لەشیعردا سەیرکراوە.

**._2 ئامانجی توێژینەوەکە:** لە ڕاستیدا مەبەست و ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکەمان زیاتر دۆزینەوە و بەدەرخستنی کاریگەری و ڕووە درەوشاوەکانی جوانکاری وشەیی یە لە شیعردا بەگشتی و بەتایبەتیش لەشیعرەکانی سامی عەودالْ دا،کە تا ئێستا بە پێی پێویست لە م ڕووەوە ئاوڕی لێنەدراوەتەوەو کاری لەسەر نەکراوە. هەر ئەمەش هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بووە، چونکە ئەم لێکۆلینەوانەی تائیستا لە سەر شیعرەکانی ئەم شاعیرە کراون، زۆر بەکەمی نەبیت بەلای ئەم باس و بابەتەوە نەڕۆیشتووە و کاری لەسەر نەکراوە . ئەمە لە کاتێکدا شاعیر خاوەنی ئەزموون و شارەزایەکی زۆر بووە و توانیویەتی تاڕادەیەکی زۆر لە مبارەیەوە داهێنان و گۆڕانکاری بکات، شوێن پەنجەی لە داڕشتنی هونەرەکانی جوانکاری شیعری کلاسیکی کوردیدا دیاربێت.

**._3 پێکهاتەی توێژینەوەکە:** توێژینەوەکە لە پێشەکی و دوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە: بەشی یەکەم بەشێوەیەکی گشتی تیۆرییەو لەسێ تەوەرە پێکهاتووە: تەوەرەی یەکەم بریتیە لە دەرخستنی لایەنی تیۆری چەمک و پێناسەی جوانکاری. تەوەرەی دووەم بۆ مێژوو وسەرهەڵدانی جوانکاری تەرخانکراوە، لە تەوەرەی سێیەمیشدا جۆر و مەبەستەکانی جوانکارییمان پێشانداوە. بەڵام بەشی دووەم تایبەتە بەجۆرەکانی جوانکاری ڕەنگدانەوەی لە شیعرەکانی شاعیردا. کە لە سی تەوەر پێکهاتووە: لە تەوەرەی یەکەمدا هونەرەکانی جوانکاری (ڕەگەزدۆزی و هێنانەوە و سەروادار ) مان خستۆتەڕوو. لەتەوەرەی دووەم دا بایەخی هونەرەکانی (کەرتکردن و گێڕانەوە و پاتکردنەوە) مان شرۆڤە کردووە . لەتەوەرەی سێیەمیشدا کاریگەری و ڕەنگدانەوەی هونەرەکانی جوانکاری (بوونی پێویستە و تێکهەڵکێش و دووسەروا) مان لە شیعرەکانی شاعیردا بەوردی ڕوون کردوونەتەوە.

*سامی عەودالّ: شاعیری کلاسیکی کورد لە سالّی1910 لە کۆیە لە دایک بووە. ناوی ڕاستەقینەی (مەلاحوسێن بابە ڕەسول )ە نازناوەکانی سامی و غە رقی بۆ خۆی داناوە. خاوەنی دیوانێکی شیعری گەورەیە و بابە تی شیعرە کانی بریتین لە (دلداری ،سیاسی،بەرانگاری ،نیشتمانی ، نەتەوەیی ، ئاینی ، فە لسە فی ، کۆمەڵایەتین ) لە سالی 1985 کۆچی دوایی کردووە، لە گۆرستانی دەرویش خدر لە کۆیە نێژراوە(حەمەد بەگ .2015 : 6).

## 1_ دەروازەیەکی تیۆری سەبارەت بە هونەرەکانی جوانکاری:

### 1_1 چەمک وپێناسەی جوانکاری:

وەک ئاشکرایە هونەرەکانی ڕەوانبێژی و لە سەروی هەمووشیانەوە هونەرەکانی جوانکاری پێگەیەکی زۆر گەورە فراوانی لە ئەدەبیاتی جیهانیدا هەیە . بە ڕادەیەک وەک کەرەستەیەکی بەهادارو پێویست و بەیەکێک لە بنەما گرینگ و سەرەکیەکانی ئەدەبی دانراوە. ئەمەش وایکردووە ڕەنگدانەوەیەکی فراوان و کاریگەریەکی بە هێزی لە بواری ئە دەبیدا هەبیت . بە تایبە تیش لەبواری شیعریدا. هە ر بۆیە لە مێژوویەکی زۆرر کۆنەوە جێگای بایەخی شاعیران و نووسەران و ڕەخنە گران بووە ،بە شێوازی جۆراوجۆر بە کاریان هێناوە و بیرو بۆچون و تێڕوانینی خۆیان لەم بارەیەوە خستۆتە ڕوو.

لە ڕاستیدا "جوانکاری لە ڕووی زمانییەوە واتە داهێنانی نوێ و تازە کەلە پێشوودا هاوشێوەی نەبێت"(احمد مصطفى المراغى ، 1993 : 318 ). هەرچی " جوانکاری زمانی کوردیشە ئە وا ناوێکی واتایی ناسادەیە ، کە لە هاوەڵناوی جوانکاری بکەر لێکدراو کەبەواتای ڕازێنەوە ، بوک جوانکەر ، دەست ڕەنگین بە هونەر دێت " (هەژار، 1389هت :185) هەروەها خەتیب قەزوێنی دەربارەی جوانکاری دەڵێ : "جوانکاری ئەوەیە بەهۆی جوانی و ڕازاوەیی ئاخافتنەوە دەردەکەوێت ،ئەم دەرکەوتنەش دوای ڕەچاوکردنی بەرامبەری ڕوونی واتایی دێتەکایەوە ." (قاسم، محى الدين ،2003 : 53 ). نووسە ری ناوداری عە رەب ئەحمەد هاشمی سە بارەت بەڕەوانبێژی و هونە رەکانی جوانکاری دەڵێت :" هونەرەکانی ڕەوانبێژی دەربڕینی واتای بەرزو روونە بە وشە ی ڕەوان و پاراو کە لە سەر هەست و سۆز و دەروون کاریگە ر بێت " (الهاشمی، 2005 : 25). جگە لەمانە سکاکی لە پێناسە ی جوانکاریدا دەڵێت: " ئە و ڕووە تایبەتیانەیە کە پەنایان بۆ دەبردرێت بە مەبە ستی جوانکردنی قسە ،، الكلام ،، ئە و ڕووە تایبە تیانەش وەکو زانستێک چە سپاون ڕێپێشاندەری شاعیرن بۆ ئەوەی وەکو هونەرێک بە کاری

بهێنێت " (سالار ، 2005 :134). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت  کە جوانکاری ئەو کەرستە جوان وسە رنج ڕاکێش و  دڵگیرەیە  کە بەمەستی  زیاتر جوانکردن و ڕازاندنەوەی دەقی شیعری و ئە دەبی بەکاردەهێنرێت . عە لائەدین سجادی دە ڵێت:" جوانکاری ئەوەیە کە بەهۆی جوانی و ڕێک و پێکی قسە دەردەکەوێت ، دیارە ئەم دەرکەوتنەش وەختێک دەبێت کە ئەو قسە یە لەگەڵ چۆنیەتی کاتەکە  ( مقتضى الحال)   بە رانبەری دەکات" (سجادی،1978 :41). بەڵام عە زیز گەردی پێی وایە کە "جوانکاری   یەکێکە لە سێ  بەشەکە ی زانستی ڕەوانبێژی وەک لە زاراوەکە دەردەکەوێت، ئەرکی ئەو بەشە  بایەخدانە بەلایەنی جوانی دەربڕینی ئە دەبی بەهەردوو بە شەکەیەوە :  وشەیی و واتایی " (گەردی،2002 :76). دیارە مەبەست لە جوانکاری وشەیی جوانکردن و ڕازاندنەوەی  فۆڕمی شیعرییە، یان ئارایشتکردنی دیوی دەرەوەی دەقی ئەدبییەو لە داڕشتنی ئیستاتیکیەتی ئەدەبیدا ڕۆڵێکی بەهێزی هەیە و ، پشت بەوشەو وشکاری دەبەستێت،بەتایبەتی لە شیعری کلاسیکیدا ئەم جۆرە هونەرە بەڕادەیەکی زۆر گەورەوفراوان بەکارهاتووەو پلەیەکی بەرزی هەبووە، جێی ئاماژە پێکردنە" جوانکاری لە عەرببیدا البدیع پێدەوترێت کە وشەیەکە لە ڕووی زمانییەوە بریتییە لە " داهێنانی شت"  یا ن بە واتایەکی دیکە البدیع بەو شتە دەگوترێت  کە بۆ یەکەم جار دادەهێنرێت "(ئیدریس عە بدوڵا، 2003: 9 ). هونەرەکانی جوانکاری بە سەرچاوەیەکی گرینگی  بەرهەمە ئەدەبیەکان دادەنرێت و جوانی ڕازاوەیی وچێژە خۆشی بە دەقەکە دەبەخشێت. بەڵام ئەوەی لێرەدا دەمەوێ جەختی لەسەربکەمەوە ئەوەیە کە مەرج نیە هە موو جوانکاریەکی شیعری و  ئە دەبی داهێنانی تیدابێت. زۆرجار لە وانەیە لاسایی کردنەوەی دەقەکانی پێش خۆیان بیت. زۆرجاریش بۆتە هەوێنی داهێنان و گۆرانکاری و جوداکاری  لە لایەن شاعیران ونوسەرانەوە و کەم تا زۆر بەکاریان هێناوە . سامی عەوادڵ  یەکێکە لەو شاعیرە بە زەوق و سە لیقانە ی  کەتوانایەکی زۆری لە بواری وشەکاری و هونەرکانی ڕەوانبێژی دا هە بووە و تاڕادەیەکی زۆرگۆرانکاری و داهێنانی تێداکردووە. لەئاستیکی بەرزیشدا هونەرەکانی جوانکاری بەهەموو جۆرەکانیەوە لەشیعرەکانیدا ڕەنگیداوەتەوە و بەکاریهێناوە.

### 1_2 مێژووی سەرهەڵدانی جوانکاری:

جوانکاری یەکێکە لە هونەرەکانی ڕەوانبێژی و ئیستاتیکیەتی ئەدەبی، کە شاعیران و نوسەران لە مێژوویەکی زۆر کۆنەوە بایەخیان پێداوەو وەک سەرچاوەیەکی سەرەکی و گرینگی گۆڕانکاریو داهێنانی شیعری سەیریان کردووەو،تواناو شارەزایی خۆیان تێدا بەکارهێناوە. بێگومان ئەمەش لە شاعیرو نوسەرێکەوە بۆشاعیرو نوسەرێکی دیکەو لە ڕێبازو سەردەمێکەوە بۆڕێبازو سەردەمیکی دیکە گۆڕانکاری بە سەر داهاتووە. بۆیە ئەگەر ئاورێک لەمێژووی  شیعروئەدەب

بدەینەوە، دەبینین لەهەرقۆناغ و سەردەمێک لە مێژووی مرۆڤایەتیدا جۆرە ڕەگەزو ژانەرێکی ئەدەبی باو بووەو کاریگەری لە سەر شاعیران و ئەدیباندا دروستکردووە. جوانکاری وەک بابەتێکی پڕ بەهاو سەرنج ڕاکێشی ئەدەبی زیاتر بەزادەی کلاسیکیەکان دادەنرێت و لەبەرهەمی ئەوانەدا ڕەنگی داوەتەوە کە هەڵگری بیروباوەڕی کلاسیکین. چونکە کلاسیکیەکان لەبەکارهێنانی وشەکاری و میتافۆرم و هونەرەکانی ڕەوانبێژی دا دەستێکی باڵایان هە بووە . دیارە " سە رەتای سەرهەڵدانی هە موو بوارەکان بەگشتی و ئە دە ب و هونەر بەتایبە تی ، بۆ شارستانیەتی یۆنانی دەگەڕێتەوە و لە وێوە دەست بەدواداچوون و گێڕانەوەی مێژوویان دەکرێت . چونکە یۆنانیەکان بۆ یەکەمجار بناغەیەکی فەلسەفیان بۆ سە رجەم زانستەکان دانا، لەناویشیاندا جوانی هونەرو شیعر" .(عومەر، 2009 : 29). هەروەها ڕۆمەکانیش لە بیری جوانکاریدا بێ ئاگا نەبوون، بۆنموونە ،، هۆراس65-80 ،، پێش زایین بیرە ڕەخنەیەکانی لە قەسیدەیەکدا بەناوی،، نامەیەک بۆ خێزانی پیرۆ،، خستۆتە ڕوو،کە بە ،، هونەری شیعر،، ناسراوە . هونەری شیعر تیایدا بە رگێکی ئامانجدار دەپۆشێت و دەڵێت : "ئامانجی شاعیر یان سود بەخشینە یان چێژ بەخشینە ، یاخود لە یەکاتدا ورووژاندنی چێژو سود بە خشینە ، واتە جوانی هونەرو ئەدەب لە ڕووی ڕوخسارو ناوەرۆکەوە دە بینێت . چێژ بەروخسارو سود بەناوەرۆکەکەیەوە دەبەستێتەوە " (عزیز ، 2010 : 13 ). " عەبدولای کوڕی موعتەز یەکەم کەس بووە بە شێوەیەکی زانستی هەوڵی هێنانەکایەوەی زانستی جوانکاری داوەو، ئاماژەی بەهەژدە هونەر لە هونەرەکانی جوانکاری کردووە ،بەمەش توانیویەتی ببێتە سەرچاوەیەکی سە رەکی زانستی جوانکاری وەک لە ،، کتاب البدیع ،، ئە و ڕاستیەیی سەلماندووە. دواتر قودامەی کوڕی جە عفەر کە لە نوسەرەکانی هاوچەرخی موعتەزە لە م بارەیەوە خزمەتی زۆری کردووە " (عتیق ،2015: 75). جگە لەمە هەریەکە لە ئەبوهیلالی عەسکری و ئیبن ڕەشیق و قەیرەوانی و عیزەدین موسڵی و عە بدولغەنی نابلسی لەم بوارە دا ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە . ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە هونەری جوانکاری لە گەڵ ئاینی ئیسلام دەرکەوتووە،بەتایبەتی زانایانی ئاینی و شەرع زان و زمانەوانان بەیاخی زۆریان بە م بوارە داوە. بەتایبەتی جوانکاری لە بەرگی قورئان و ناوەرۆک و ڕێکخستن و ریککاری لە پە رەکانی قورئاندا . بە م شێوەیە هونەرەکانی جوانکاری بەرە بەرە گەشە ی کرد. لەجوانکاری ڕوکاریەوە بۆ ناوەرۆک و شیعرو فەرموودەکانی پێغەمبە ر (د. خ) گواسترایەوە. دواتر هونەرەکانی جوانکاری پەل و پۆی بۆ گەلێک بواری جۆراوجۆردا هاویشت. بەڵام مێژوی سەرهەڵدانی هونەرەکانی جوانکاری لە ئە دەبیاتی کوردیدا زۆر دوور نییە "لێکۆڵینەوە ڕەوانبێژیەکان بە بە راورد لە گە ل عەرەب و ڕەوانبێژی عە رە بی ، دواکەوت و تا دوا چارەگی سە دەی بیستەم،

مه گه ر له په راوێزی باسانی تردا ، ئەگینا شتێکی وای له سەر نەنوسراوه شیاوی باس بێت. یه کەم کتێبی تایبەت به م زانسته له ئه دەبی کوردیمان کتێبەکه ی عەزیز گەردی یه بەناونیشانی ڕەوانبێژی له ئه ده بی کوردی دا که به رگی دووەمی تایبه ته بەجوانکاری. وه دووەم کتێبی تایبه ت بەجوانکاری، خۆشخوانی مامۆستا عەلائەدین سجادی یه و لەسێ به ش پێکهاتووه و له بەشی سێیەمدا باس له هونەرەکانی جوانکاری دەکات سێیەم کتێبیش له م بارەیەوه کتێبەکەی مەلاعەبدولکەریمی مودەریسه بەناونیشانی بەدیع و عەروزی نامی، ئه م کتێبه ژمارەیەکی زۆری هونەرەکانی جوانکاری خستۆتەڕوو "(عه بدولا ، 2003 :16) جێی ئاماژه پێکردنه دوابەدوای ئەمانه چه ندین نوسەرو لێکۆڵەر له م بارەیەوه لێکۆڵینەوەیان ئەنجام داوه و یان وتارو بیروبۆچوون و تێڕوانینی خۆیان دەربارەی جوانکاری و هونەرەکانی ڕەوانبێژی و ئیستاتیکا لەڕۆژنامەو گۆڤارەجۆراوجۆرەکاندا خستۆته ڕوو و بڵاوکردۆتەوە،بەڵام بەشی زۆری ئەم نووسینانەش زیاتر وەرگێڕان بووه،بۆیه دەتوانین بڵێین هونەرەکانی ڕەوانبێژی کوردی به هەموو بەشەکانی ڕوونبێژی و جوانکاری و واتاناسییەوه لەژێر کاریگەری ئەدەبیاتی بیگانەدا، لەپاڵ هەندێ هەوڵی تاکەکەسی له ئەدەبیاتی کوردیدا هاتۆتەکایەوە.

## 1_3 پێکهاته و جۆر و مەبەستەکانی جوانکاری:

**_ بەشەکانی جوانکاری:** هونەرەکانی جوانکاری لای تەواوی ئەو نووسەرو ڕەخنەگرانەی لەم بارەیەوه نووسیوویانەو لێیانکۆڵیتەوە، بۆ دووبه شی سەرەکییان دابەش کردووه ،که بریتین له :

أ_جوانکاری وشه یی ب_جوانکاری واتایی .

**أ_جوانکاری وشه یی:** " مەبەست لەم جۆره ی جوانکاری ڕازاندنەوەو ئارایشکردنی دیوی دەرەوەو ڕوخساری دەربڕین و شیعره، ئەگەرچی دەگونجێت ماناشی لەگەڵدا جوان بێت. خاسیەت و تایبەتمەندی هەره دیاری ئه و جوانکارییەش ئەوەیه که دەربڕینەکه بۆ هاوواتاکەی گۆڕا، یاخود وشەکه بەوشه ی هاوواتای بەرانبەری جێگیرکرا، له پەیوەندی ستونیدا، ئەوا نووسین و دەربڕینەکه ڕأزاوەیی و جوانی خۆی لەدەست دەدات." .( عه بدولا ،2007 : 247). بێگومان دەتوانین بڵێین " جوانکاری وشەیی ئەو جوانکارییه ڕوو لەوشه دەکات، واته به هۆی وشەکەوه هونەری جوانکاری دروست دەبیت، وشه قاڵبێکه بۆ گوزاره ، چونکه مەبەستی گوزارەیی له هەموو شتێکدا گوزارەیه. یان به واتایەکی دیکه جوانکاری وشەیی ئەوەیه که له لایەنی ئاواز و مۆسیقای وشه دەکۆڵێتەوه . زایەڵه و ئاوازی وشەکان له هەردوو ئاستی ئاسۆیی و ستوونی دا دەبەستێتەوه ،مەبەست له و جۆرەیان ئه وەیه ، چۆن ڕەگەزەکانی

ئەدەبی پەیوەندی ئاوازو مۆسیقایان  دە کەوێتە نێوان و چۆن بەم ئاوازە ناوەکی و دەرەکییەکەشی  دەربڕینی بیرو سۆزو بەجۆشتر دەبێت و چنینی ڕستەو دێرەکان ڕێک و تۆکمە دەبێت،ئەم بەشە زیاتر خۆی بەدووبارەبوونەوە ی دەنگ  خەریک دەکات "( گەردی ، 2002 :76). ئەم جۆرەی جوانکاریش ئەم هونەرانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

1_ڕەگەزدۆزی(الجناس)

2_هێنانەوە (التصدیر)

3_سەروادار (السجع)

4_کەرتکردن (التشطیر)

5_گێڕانەوە (الترديد)

6_پاتکردنەوە(التکرار)

7_بوونی پێویستە(لزوم مایلزم)

8_تێکهەڵکێش(التظمین)

9_دووسەروا (التشریع)

.

**ب_ جوانکاری واتایی:** ئەم جۆرە جوانکارییەیە کە شان بە شانی جوانکاری وشەیی ڕۆڵێکی گرینگی لە ڕازاندنەوەی دەقی ئەدەبی و شیعریدا هەیە، هەر ئەمەش وای کردووە ببێتە جێگای بایەخی شاعیرانی کلاسیک و پەنا بۆهونەرەکانی جوانکاری ببەن و لەبەرهەمەکانیاندا ڕەنگ بداتەوە، وێڕای ئەمانەش دەتوانین بڵێین، مەبە ست لە جوانکاری واتایی ئەوەیە کە لە سەربنەمای واتای وشەکان دروست بووە و هاتۆتەکایەوە. مامۆستا عەلائەدین سجادی  جوانکاری واتایی بەگوزارە ناو بردووە. وەمەبە ست لەم جۆرەیان  ئەوەیە " کە  لە لایەنی  وشە و دەستەواژەی ڕستەکان دەکۆڵێتەوە ، لە ڕوانگەی  چێژی جوانناسیەوە. لە م جۆرە جوانکارییەدا واتای وشەکان و هەماهەنگیان  دەکەوێتە بە ین و زەین، لە وشەیەکەوە بۆوشەیەکی دیکە دەچێت و ئە م جولەی بیرکردنەوەیە  چێژێکی جوانکاری بەخوێنەر دەبەخشێت.  شایانی باسە جوانکاری واتایی نزیکەی 34 هونەری جوانکاری لە خۆگرتووە . (عە زیز گەردی،2002: 77).

**_ئە رک و ئامانجەکانی جوانکاری لە ڕەوانبێژیدا:-**

 وەک دەزانین هە موو دیاردە و بابەتێکی ئەدەبی کۆمەڵێک مەبەست و ئامانجی گرینگی لە پشتە و کۆمەڵێک ئەرکی گرینگیشی هەیە. هونەرەکانی جوانکاریش بەهەمان شێوە گەلێک ئەرک و

ئامانجی بایەخداری لەخۆگرتووە، کە دەتوانین لەم خاڵانەی خوارەوەدا کۆیان بکەینەوە:
1_ ئەرکی جوانکاری لە وەدایە کە سە یری پارچە ئەدەبیەکە دەکات و لایە نی جوانی ئەدۆزیتەوەو لێیان ورد دەبێتەوە " (گەردی ،1972 :12).
2_ جوانکردن و ڕازاندنەوەی دەقی ئە دەبی و دابڕینی دەقەکە لە قسە ی ئاسایی بازاڕی.
3_ ڕەوانبێژی لە ئاستی ڕوخسارو دیوی دەرەوەی شیعر کاردەکات و دەیڕازێنێتەوەو جوانی پێدەبەخشێت.
4_ ڕەوانبێژی گەڕان و پشکنین بۆئە و ڕستە تایبەتیانە دەکات کە سودبەخشن و جوانیان پێوەدیارە، واتا بە دوای وشە ی مانادارو مۆسیقی دەگە ڕێت .
5_ بزواندنی بیرو ڕاهێنان لە سەر وشە ی جوان" (مستەفا ،2003 : 14)
6_" دیاریکردنی کۆمەڵێک پێوەرو پێودانگی ئەدەبی بۆ ئەوەی دەقە ئەدەبیەکە . لەڕێگا هونەرییەکەی خۆی لانەدات .
7_ پێدانی مۆسیقاو ئاوازە لە ڕێگای هێنانی وشە ی لە یەکە وە نزیک، لە ڕووی فۆرم پیتەوە .
8_ پێگەیاندنی سودو خۆشی و چێژ بەخوێنەرو گوێگران بەهۆی واتای نوێ و داهێنراو ئە ویش لە ڕێگای زمانی شیعری، یاخود میتا فۆرەوە.
9_ دانانی وشەوڕ لەباروستە لەشوێنی گونجاودا، بەپێی مەبەست و گونجاوی نوسەر" (هەژارفەقێ سلیمان،2014: 29) .

## 2_ جوانکاری وشەیی وبەهاو ڕەنگدانەوەی لە شیعرەکانی سامی عەودالّ دا:-

### 2_1 هونەرەکانی (ڕەگەز دۆزی ، هێنانەوە ، سەرواداری )لەشیعرەکانی شاعیردا:

**_هونەری ڕەگەزدۆزی**: بریتییە لە دوو وشە یان زیاتر لە ڕووی شێوەو فۆرمەوە وەک یەکن یان لە یەکتر دەچن، بەڵام لەڕووی واتاوە جیاوازن . زاراوەی " ڕەگەزدۆزی لە وشەی عەرەبی ،،جیناس ،، وەرگیراوە . ئەم وشەیە لە فەرهەنگە کوردییەکان دا بە م شێوەیە هاتووە ،،فازیل نیزامەدین ،، بە (تشابه من اللفظ دون المعنی ) . لێکی داوەتەوە .واتە لێکچوون لە دەربڕین بەبێ ماناو واتا " (نیزامەدین ، 2005 :115) . یان دەتوانین بڵێین ڕەگەزدۆزی " ئەوەیە کە دوو وشە یان زیاتر لە شێوەدا واتە لە دەنگەکان وەکو یەک وابن یان لە یەکەوە نزیک بن ،بە لام لە مانادا جیاوازبن ،چونکە ئەگەر یەک مانایان هە بێت ڕەگەزدۆزی دروست نابێت.(ئەحمەد،2007 :167) عەزیز گەردی سەبارەت بە ڕەگەزدۆزی دەڵێت : "ئەوەیە کە دوو وشە یا ن زیاتر بێنی ، لە ڕواڵەتدا وەک یەک وابن یان بە یەک بچن ، بەڵام هەر یەکێکیان واتای

تایبەتی خۆی هەبێ کە جودابێ لە وشەکانی تر " (گەردی ، 1975 : 7) بەم شێوەیە " لە ڕەگەزدۆزی دا ئەگەر وشەکان کت و مت وەک یەک بوون و هیچ جیاوازیەک نەبوو، ئەوا ڕەگەزدۆزی تە واو پێکدێت ، بەڵام ئەگەر لەیە ک لەو چوار مەرجەشدا کەڕەگەزدۆزی تەواویان پێ دروست دەبێت و بریتین لە ژمارەی پیتەکان و ریزی پیتەکان وەک یە ک نەبوون ، ڕەگەزدۆزی ناتەواو پێک دێت "(سەید مینە،2007 : 288) . وەک ئاشکرایە بەشێوەیەکی گشتی ڕەگەزدۆزی دوو جۆری هەیە:

أ_ ڕەگەزدۆزی تەواو ب_ ڕەگەزدۆزی ناتەواو

وەک دیارە کە ڕەگەزدۆزی تەواو واتە " هاو ڕەنگی تە واو لە نێوان حەرفەکانی دوو لە فزدا " (مودەریس ،1991 :38). یان بریتییە لە هاتنی دوو وشە یان زیاتر ،کە لە ڕواڵەتدا وەکو یەک وابن و هەریەکێکیان خاوەنی گوزارەی سەربەخۆی خۆیانن " (سجادی ، 1967 ، 83). بەلام ڕەگەز دۆزی ناتەواو بریتییە لە بوونی دوو وشە ی هاوشێوە کە بە تەنها لە یەک پیت جیاوازبن " (ناوخۆش و هاورێ یە کانی ، 2010 :165) . بێگومان هونەری ڕەگەزدۆزی یە کێکە لەو هونەرە گرینگ و سە رەکی و کاریگەریانە ی کە شاعیران و نوسەران بۆمەبەستی جوانکاری و گوزارشتکردن لە مەبەستەکانی و ڕازاندنەوەی بەرهەمە هەمەڕەنگ و جۆراو جۆرەکان و دەقە جیاوازەکاندا پشتی پێ دەبەستی و سودی لێ وەردەگرێ ،بەتایبە تی شاعیران لە هێنانەکایەوەی بەرهەمەکانیاندا زیاتر سود و بەهرە لە سەرچاوەی هونەرەکانی ڕەوانبێژیەوە وەردەگرن . هەر بۆیە ئەم هونەرە لە سیاقی جوانکاری وشەیی کاریگەریەکی زۆر بەهێز و ڕەنگدانەوەیە کی فراوانی لە شیعری شاعیراندا هەیە، بە تایبەتی لە شیعرەکانی سامی عەودالْ دا . بۆیە شاعیر (14) جار ڕەگەزدۆزی تەواو و( 61 )جاریش ڕەگەزدۆزی ناتەواوی لە نێو کۆی شیعرەکانیدا بە کارهێناوە. ئەم پارچە شیعرەی شاعیریش بە ناونیشانی (هەر وایە کاکە ) جاونترین نمونەیە بۆ ڕەگەزدۆزی تەواو لە سیاقی جوانکای وشەیی دا ، کە زۆر بە زەقی خۆی دەنوێنێ کە دە ڵێ :

گەر چڵکن نەبێ لاشەت **ناخورێ**

زەنگینیش نەبی ماڵـــت **ناخورێ**

فرمێسکی چاوم وەکـو **کانییە**

وەک گەنجی سورە وەکـو **کانییە** (عەودال ،2010 : 384)

شاعیر لە دێڕی یەکەمی ئەو کۆپلە شیعرە دا دوو جار وشەی (ناخورێ) ی بە کارهێناوە، کە ئەم دوو وشەیە لە شێوەدا وەک یەکن بە لام لە واتادا جیاوازن کە وشەی یەکەم بە واتای

(خورشت )دێت. بەڵام وشە ی دووەم بە واتای (خواردن )دێت، بە هەمان شێوە لە دێڕی دووەمیش دا دوو جار وشەی(کانییە )ی بە کار هێناوە ، کە وشەی یەکەم بە واتای کانیاو و سەرچاوە دێت . بەڵام وشەی دووەم بەواتای (کا)دێت. بە مەش ڕەگەزدۆزی تە واوی دروست کردووە. جگە لەمە شاعیر ڕەگەزدۆزی ناتەواوی بەڕێژەیەکی زۆر بەکارهێناوەو ئەمەش نموونەیەکە لە م بارەیەوە کە دەڵێ :

وەکو ئەوحازرم یارە لەڕیزەی لەشکری **جەنگم**

ئەوا قوربانی باڵات و فیدای لێو و دەمی **تەنگم** (عەودالّ، 2010: 309).

لێرە دا شاعیر لە کۆتایی نیوە دێڕی یەکەم و دووەم دا ، وشەکانی ( جەنگم ، تە نگم )ی بەکارهێناوە ، کەلە شێوەو جۆری پیتەکاندا لە یە کتر جیاوازن . بە مەش ڕەگەز دۆزی ناتەواوی دروستکردووە . بەم هۆیەوە توانیویەتی لە سیاقی جوانکاری وشە پیدا، تائاستیکی بەرزچیژو خۆشیوجوانکاری وزیندوویەتی بە شیعرەکە ببەخشێت. .

_ **هونەری** هێنانەوە: یە کێکە لە هونەرەکانی جوانکاری وشەیی و پێگەیەکی گەورەو فراوان و بەهێزی لە شیعری شاعیرانی کلاسیکی و بەتایبە تیش لە شیعرەکانی سامی عەودالّدا هەیە . " هێنانەوە ،، التصدیر ،، یان ،، رد العجز عن الصدر ،، بریتیە لە بوونی دوو وشەی هاوشێوە ،یان هاوڕەگەز ، یە کیان لە کۆتایی دێرەکە دێت . ئەوی تریشیان دەکەوێتە سەرەتای نیوە دێری یەکەم ،یان ناوەڕاستی ، یان کۆتاییەکەی ، یان سە رەتای نیوە دێری دووەم ، یان ناوەراستەکە ی"(ئیدریس عەبدوڵا،2012 ،34 ) هونەری هینانەوە لە چوارچێوەی جوانکاری وشە یی دا ئاستیکی بەرزی لەشیعرەکانی شاعیردا هە یە و لە کۆی شیعرەکانیدا (16) جار بەکاری هێناوە. وەک لەم نموونەی خوارە وەدا دەردەکەوێت کە دەڵێت :-

سەبری دڵـــــی ئینسانە بە هەشتێکی ئینسانە

ڕەفیقی ڕۆژو شەوە ، هەم وەزیری ئینسانە (عەودالّ ،2010 : 128).

لێرەدا شاعیر لە نیوەدێڕی یەکەمدا دووجار وشەی (ئینسان) ی بەدوو واتای جیاواز بەکارهێناوە، هەروەها لە کۆتایی دێڕەکەش جارێکی دیکە وشەی (ئینسان) ی بە کار هێناوەتەوە، بەمەش توانیویەتی بە شێوازێکی بەرز هونەری هێنانەوە لە سیاقی جوانکاری وشەییدا بێنێتە کایەوە.

**3_هونەری سەروادار:** سەروا یە کێکە لە ڕەگەزە گرینگەکانی شیعرو ڕۆڵیکی سەرەکی

دەبینێت لەدروستکردن و هێنانە کایەوەی مۆسیقای شیعریدا " سەروا کۆمەڵە دەنگێکە وەک پارچە مۆسیقایە ک لە کۆتایی لەت یان دیرە شیعردا دێت " (خلوصي ،1987 : 215 ) . بەڵام هونەری سەروادار لە عەرەبیدا ،، السجع ،، ی پێدەوترێت . بریتییە لە کۆتایی هێنانی ڕستەکان لە پەخشاندا بەپیتێک ، یان چە ند پیتێک ، یان بە واتایەکی تر ئەو پیتە ، یان ئە و چەند پیتەی لە کۆتایی پە خشانێکدا دێن وەک یە ک و هاو شێوە بن " (عە بدوڵا ، 2003 : 39 ). لە ڕاستیدا " ئە بێ چەند شتێک لە م سە رواداره بێتە دی . ئەبێ وشەکانیان نەرم و نیان و ناسک بن . ئە بێ ئە و ڕستانە ڕوو بە ڕووی یە ک بوەستن و ئاخیرەکانیان لەپیتە دەنگدارو بێ دەنگەکانا ، یە ک ئاوازیان هەبێ . ئە بێ بە جۆری بن، کە لە پێشا گوزارە ئامادەکرابێ و پاشان خراپتە قاڵبی وشە کانەوە . ئە بێ ئە و ڕستانە کە سەرواداریيە کەیان دروستکردووە . ئاشنایە تیان پێکەوە هە بێت ، نابێت لە یەک بپچڕێن . هە موو لە بەر ئەمانەیە بۆیە سەروادار کەوتۆتە ناو هونەری حوانکاری وشەییە وە . " (سجادی ، 1978 : 82 ). دەتوانین بڵێین سەروادار بایەخیکی زۆری لەشیعری کلاسیکیدا هەیە ، بە تایبەتی لە شیعرەکانی سامی عەوداڵدا بەشێوەیەکی زۆر زەق ڕەنگی داوەتەوە و خۆی دەنوێنێ، بە شێوەیە ک بەرێژەی سەد لە سە د بەکارهاتووە کە دەڵێ:

قەڵبی من گـــەر چەشنی لالە بێت و نەوتــــی تێبکەن

ئاگری دوژمن بێتە گیانـــــم ، وەک چـــرا من پێبکەن

شەقشەقــی کەن گۆشت و یە سقان یەک بە یەک خێی تێبکەن

بێ ترس من دێمە مە یــــــــــدان حوکمە ئازادیــــــم دەوێ

گەر نە سوتێم و نە خنکێم چۆن هــــــــەژارم سە رکـــەوێ (عەوداڵ ،2010 :15).

لێرەدا شاعیر لە چوارچێوەی مۆسیقایەکی شیعری ئاوازدارەوە ، بەهۆی سەرواداری هەمەڕەنگەوە توانیویەتی پلە پایەی شیعرەکانی تا ئاستیکی زۆر باش بەرز بکاتەوە و داهینان و تازەگەری بێنێتە کایە وە .

## 2_2 هونەرەکانی (کەرتکردن و گێرانەوە و پاتکردنەوە)لە شیعرەکانی شاعیردا:

**_کەرتکردن:** جۆرێکە لە هونەرەکانی جوانکاری وشە یی ،کە بە هۆی مۆسیقای ناوەوەی شیعری دێتەکایەوە و لە بنیاتی ڕوخساری شیعریدا ڕۆلێکی گەورەو بە هێزی هەیە بە تایبەتیش لە شیعری شاعیرانی کلاسیکدا. یان دە توانین بڵین : " بریتیە لەوەی شاعیر بێجگە لە سەروای گشتی شیعرەکە لە ناو پارچەکانی شیعرەکەیدا ، سەروای تر بەکاردەهێنێت ، بۆیە پێی دەڵێن کەرتکردن ،چونکە لەسەرواداڕەکانەوە وادەردەکەوێت شیعرەکە کەرتکراوە . " (سەید مینە ،2007 :290 ) یا ن بەشێوەیەکی تر بۆیە بەکەرتکردن ناسراوە، چونکە شیعرەکە بە هۆی شێوازی بەکارهێنانی سەرواکانەوە بە شێوەی کەرتکردن دەردەکەوێت. کە هەموو ئەمانەش لە لایەن شاعیرەوە تەنها بەمەبەستی چێژ و خۆشی و جوانکاری شیعری بەکاردەهێنرێت . دیارە ئەم هونەرەش وەک هونەرەکانی دیکە لە شیعرەکانی شاعیردا کەم تا زۆر بە مەبەستی ڕازاندنەوەی شیعری بەکار هاتووە. شاعیر لە کۆی شیعرەکانیدا تەنها(21) جاری بە کار هێناوە. وەک لەم دێڕە شیعرەدا دەردەکەوێت کەدە لێ:

هەرچەند زێڕو_**<u>گەوهەرە</u>** ، پڕ لە مسک و **<u>عەنبەرە</u>**

فینک و پڕ **سیبە<u>رە</u>** ، خاک و بەرد و داری من.

(عەودالْ، مەعروف ،2010 ، 65 )

لیرەدا شاعیر بە مەبە ستی جوانکاری شیعری شیعرەکەی بە شێوەی کەرت کردن داڕشتووە، تا بەم هۆیەوە بتوانی جوانیەکی زیاترو ئاوازیکی مۆسیقی خۆشتر بە شبعرەکە ببە خشێت . بۆیە نیوەدێری یەکەمی ئەم دێرە ی کردووە بە دووکەرتی هاو سەروا .

**_گێڕانەوە:** ئەمەش جۆریکی دیکەیە لە هونەرەکانی جوانکاری وشە یی کەزۆر نزیکە لە هونەری پاتکردنەوە . دیارە " گێڕانەوە و پاتکردنەوە، وەک دوو هونەری جوانکاری وشەیی ،ئەگەرچی هەردووکیان بریتی بن لە دوو بارە و سێ بارەکردنەوەی وشە، یان گرێ و ڕستە ، بەلاَم ئەو جیاوازیەشیان هەیە . ئە و وشە یە ی لە گێڕانەوەدا چە ند جارێک دووبارە دەکرێتەوە، هە ر جارەی دەبێت خراپێتە پاڵ وشەیەک ، بە لاَم ئە و وشەیەی لە پاتکردنەوە دووبارە دەکرێتەوە هەرچەند جاریش پاتکرابیتەوە ، هە ر دەبیت لە تەک یە ک بێن و نابێت وشە یە ک یان ڕستەو دەستە واژەیە ک جیاوازی بخاتە نێوانیان ." (عە بدولاَ، 2003 : 52) بۆیە دە توانین بڵێین

گێڕانەوە بریتییە لە دووبارە کردنەوەی وشە یە ک یان دەستەواژەیەک یان ڕستەیە کە بە مە رجێک هە ر جارە ی بدرێتە پاڵ شتێک . شایانی باسە شاعیر لە کۆی شیعرە کانیدا (14) جار هونەری گێڕانەوەی لەسیاقی جوانکاری وشەییدا بە کارهێناوە ، بە م هۆیەشەوە چێژو خۆشی جوانکاری بە شیعرە کانی بە خشیوە. ئە مەش بە زەقی لە شیعرەکانیدا دیارە، وەک لەم کۆپلە شیعرەدا خۆی دەنوێنێ و دەڵێ:

**<u>لایێ</u>** بە زنجیر و کەمەند و **<u>لایێ</u>** بە ئاگر

زانیتە کە فەوتاوە دڵم بۆ چییە ڕۆڕۆ .

(عەودال ، مەعروف ،2010: 539 )

لەنیوەی یەکەمی ئەو دێرەشیعرەدا ،وشە ی ( لایێ) دووجار بە کار هاتووە ، جاری یە کەم لە پاڵ وشە ی بە زنجیر بەکارهاتووە ،جاری دووەمیش لە پاڵ وشەی بە ئاگر بە کارهاتووە . بە مەش شاعیر توانیویە تی هونەری گێرانەوە بە شێوەی جوانکاری شیعری بێنێتە کایەوە .

ـ **پاتکردنەوە:** لەو هونەرانەیە کە شاعیرانی کلاسیک لە سیاقی جوانکاری وشەییدا بایەخی زۆریان پێداوەو بە مەبە ستی ڕازاندنەوە و بە خشینی چێژو خۆشی بە شیعرەکانیان بە ڕێژەیەکی زۆر بەکاریان هێناوە . بە تایبەتی لە لای سامی عە ودالدا تاڕادەیەکی زۆر خۆی دەنوێنێ . هونەری پاتکردنەوە" لە عەرببدا (التكرار)ی پێدەڵێن ،کە بریتییە لەوەی شاعیر وشە یە ک یان دەستەواژەیەک ، یان ڕستەیەک بێنێ ، چە ند جارێک پاتی بکاتەوە ، بۆچە ند مەبەستێکی تایبەتی ، بەو مەرجە ی هە موویان واتایان یەک بێت و لە جارێکەوە بۆ جارێکی تر واتایان نەگۆڕێت ، واتە نابێت وشەو دەربڕینەکان نە لە ڕواڵە ت و نە لە گوزارە دا هیچ گۆڕانکاریان بەسەر دابێت . ئەم هونەرش بەڕادەیەکی زۆر لای شاعیر جێگای بایەخ بووە، لە کۆیی شیعرەکانیدا (32 ) جار بەکاریهێناوە وەک لەم نموونە شیعرە ی خوارەوەدا دەردەکەوێت کە دە لێ :

تخواکەی <u>یارم یارم</u> هەر من بۆتۆ خەمخوارم

بۆ دەمکوژی بەدە ردان تاکەی لــەژێر ئازارم.

(عەودالْ ، مەعروف ، 2010 : 292)

لە م دێرە شیعرە ی سەرەوەدا  شاعیر پە نای بۆ هونەری پاتکردنەوە بردووە  بە مەبەستی جوانکاری شیعری  و (2) جار وشە ی (یاری ) بەکارهێناوەو دوبارە بۆتەوە کە هەردووجاریش تەنها یە ک مانایان هەیە بەم کارەش توانیویەتی جوانکاری بە ڕوخساری شیعرەکانی ببە خشێت.

## 3_2 هونەرەکانی ( بوونی پێویستە، تێکهەڵکێش، دووسەروا) لە شیعرەکانی شاعیردا:

**_ هونەری بوونی پێویستە:** لەو هونەرانەیە  کە لە چوارچێوەی  ڕەوانبێژی و جوانکاری وشەیدا بووە بە هۆکاریکی کاریگەری ڕازاندنەوەی شیعری  شاعیران لە داڕشتنی شیعریدا  پەنایان بۆ بردووە . تا سەرواو  ئاوازی شیعرەکانیان  جوانترو خۆشتر بکەن  " بوونی پێویستە  لە عە رەبیدا (الزوم  مایلزم) پێدەگوترێت، بریتییە لە وەک یەکی و هاوشێوە هاتنی پیتێک ، یان چەند پیتێکی بەر لەو پیتەی کەلە هۆنراوەدا سەرواو و لە پە خشاندا سەروادار  دروست دەکات.  ئە مەش سەرواو و سەروادرەکان جوانترو ڕیکتر دەکات  لە شێوە، بۆ سەر زار خۆشتر گۆدەکرێن ، بەر لە  گەیشتنمان  بە کۆتایی ڕستە ، یان دێڕە شیعرەکە . دەزانین کۆتایان بە چی دێت  " (عەبدولا ،2003 : 53 ). ئە م هونەرە لە کۆیی شیعرەکانی شاعیر لە ئاستیکی بەرزدایەو نزیکەی بە ڕێژەی 75% بەکارهاتووە . ئەمەش نموونەیەکی بە رزە لەم جۆرە هونەرە وەک لە خوارەوەدا دەردەکەوێت کە دە لێ:

هەتا شاعیر بیت ئە دیب و **<u>زانا</u>**

بە نیو  دینارت  نایـــەتە  **<u>هـانا</u>**            (عەودال، 2010: 416)

لەم دێڕەشیعرەی سەرەوەدا ، شاعیر شیعرەکەی بە هۆی سەروای ( ا ) داڕشتووە . بەر لە (ا ) ەکە ش لەدوو نیوە دێڕە شیعرەکەدا  (ا ، ن ) هاتوون . کە ئەمانەش وەک هونەری بوونی پێویستە  بەشێوازیکی جوان و سەرنج ڕاکێش بەمەبەستی جوانکاری و ڕازاندنەوەی مۆسیقای شیعرەکە بەکارهاتووە.

**_هونەری تێکهەڵکێش:** یەکێکە لە جۆرە باوەکانی جوانکاری وشەیی و لە قوناغی شیعری کلاسیکیدا زۆر بڵاو بووە . ئە م هونەرە "  لە عەربیدا، تضمین،، ی پیدەگوترێت . بریتیە لە تیکهەڵکێش کردنی ڕستەو گوتەی یە کێکی تر  بە و هۆنراوەیە ی شاعیرێک لە نوێ  دای دەڕێژێت . جا گوتە و ڕستەکە ئایەتێک بێت ،یان فەرموودەیە ک  ، یان پە ندێکی پیشینان ، یان

نیو دێڕو دێڕە هۆنراوەی شاعیریکی تر ، یان تە نانەت شیعریکی تەواوی شاعیرێکی ترو ، یان هەر دەربڕینێکی تربیت "(عەبدولا ،2003 :57 ) .

کەئەمەش لە و هونەرانەیە کە شاعیران و نوسەران لە ئاستێکی بەرز بۆڕازاندنەوەی دەق و بە رهەمە ئەدەبیەکانیان بە شێوازی جۆراو جۆر لە گەڵ ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز و فەرموودەی پێغمبەران و پەندی پێشینان و شیعرو ووتەی ناوداران بەکاریان هێناوە . بە تایبە تی لە شیعری کلاسیکی کوردیدا لە ئاستێکی بەرز بووە و لە کۆی شیعرەکانی شاعیریش دا(7) جار بەکارهاتووە . وەک لەم نموونەی خوارەوەدا دەردەکەوێت کەدەڵێ :

<u>نە پێڵاوی تەنگ نەخانەی بە جـــــەنگ</u>

نەک هەڵگرتن بۆ، گندۆرەی بەڕەنـــگ

عەقلیش بە جوببە و مەندیل و عـــــەبا

نە ژن بە جوانی شلە و شۆخ و شە نگ (عەودالْ ، 2010 : 427 )

شاعیر لیرە دا ، ئە م پەندە کوردی یە ی(نە پێڵاوی تەنگ نە خانەی بە جەنگ ) بە شێوەی تێکهەڵکێش لە چوارچێوەی شیعریکی جوان و پڕ واتا دارشتووەو بە مەبە ستی جوانکاری و داهێنانی شیعری .

**ـ دوو سەروا (موستەزاد** ): ئەم هونەرە پێگەیە کی گەورە و فراوانی لە شیعری شاعیرانی کلاسیکدا هەیە وکە م تا زۆر شاعیران بە مەبەستی جوانکاری شیعری پەنایان بۆ بردووە . دیارە " ئە م بابەتە بە لاغەی عەرەبی بە ،، تشریع ، ناوی ئە با . جا ئە م دوو سە روایە ش ئە وەیە کە هۆنراوەکە لە سە ر دوو سەروا دا بمەزرێ ، واتە ئاخیری هۆنراوەکان بە جۆرێ بن کە وشە ویا ڕستە ی پێش وشەو ڕستەی دوای ئەوانیش سەروایان هە بێ . ئە مجا لە سە ر هە ریە ک لە سە رواکانا ڕاوەستی . ئایا سە روای دوایی بێ یا سە روای پیش دوایی بێ و مەعنای تەواو بێت و هی ناتەواوی تیدا نە بێت " (سجادی ،1978 : 84). وەیان دەتوانین بڵێین دووسەروا بریتی بووە لە و شیعرەی کە لەدوای هەر نیوە دێڕێک پارچەیە کی کێشدار زیادکراوە. کە لە بنەڕەتدا نە واتاو نە کێشی ئەو دێرانەی کە ئەو پارچانەی بۆزیادکراوە پێویستیان پێ نەبووە . پارچە زیادکراوەکانیش هاوکیشن و ئەمەش وای کردووە وەک شیعریکی سە ربەخۆ خۆی بنوێنی. بە م شێوەیە دووسە روا وەک دووشیعری جیاواز دەردەکەوێ . جێ

ێ ئاماژە پێکردنە ئە م جۆرەهونەرە لە شیعرە کانی شاعیردا بوونی نییە وهیچ جارێک بە کار نە هاتووە .

**ئامارو ڕێژەی بەکارهێنانی جوانکاری وشە یی لە کۆیی شیعرەکانی سامی عەودالّ دا :-**

| | |
|---|---|
| 1_ڕێژە بە کارهێنانی( ڕەگەز دۆزی) | : 77 جار |
| ا-_ ڕەگەز دۆزی تەواو | :14 جار |
| ب-_ ڕەگەز دۆزی ناتەواو | : 63 جار |
| 2_-ریژەی بەکارهێنانی( هێنانەوە ) | : 16 جار |
| 3_ ڕێژەی بە کارهێنانی ( سەرواداار ) | : 100% |
| 4_- ڕێژەی بە کارهوونانی (کەرتکردن ) | : 2 6 جار |
| 5_ ڕێژەی بە کارهێنانی (گێڕانەوە) | : 14 جار |
| 6_ ڕێژەی بە کارهێنانی (پاتکردنەوە) | : 32 جار |
| 7_ ڕێژەی بە کارهێنانی (بوونی پێویستە) | :75 % |
| 8 _ڕێژەی بە کار هێنانی (تێکهە ڵکێش) | : 9 جار |
| 9_ڕێژەی بەکارهێنانی ( دووسەروا ) | : نییە |

سە رجەمی گشتی ژمارەی جارەکان و ڕێژەی بەکارهێنانی گشت هونەرەکانی جوانکاری وشەیی بە هەموو جۆرەکانییە وە لە کۆی شیعرە کانی شاعیردا : 174 جارە . جگە لە هونەری سەروادارکە لە کۆی شیعرەکانیدا بە ڕێژەی 100 % و بوونی پێویستە بەڕێژەی 75% بەکاری هێناون.

ئەنجام :-

1_جوانکاری وشە یی ڕەنگدانەوەیە کی گەورە و بە هێزو کاریگەری لە شیعری شاعیرانی کلاسیزم دا بەگشتی و شیعرە کانی سامی عودالّ دا بە تایبە تی  هەیە  و  وە ک سە رچاوەیە کی  لە بن نەهاتووی ڕازاندنەوەی شیعریش بە کارهاتووە و   لە داهێنانی جوانکاری شیعریدا پە نایان بۆ بردووە.

2_سامی عە ودالّ خاوەنی تواناو سە لیقە یە کی بێ پایان بووە و لە بە کارهێنانی ڕەوانبێژی و وشەکاری و هونەرە کانی جوانکاریدا. بە تایبەتیش لە هونەرە کانی جوانکاری وشەییدا.

3_جوانکاری لەلای شاعیردا جگە لە وەی  ئامانجێکی  هونەری و ئیستاتیکی هە بووە ، لە هە مان کاتیش دا   ڕەهە ندیکی مرۆیی و رەوشتی و نەتەوەیی  بەرزی لە پشتەوە بووە و بەمەبەستی زیاتر خزمەتکردنی بوارە جیاوازەکانی ژیانی میللە تەکەی.

4_بەکارهینانی جوانکاری بە گشتی و هونەرە کانی جوانکاری وشە یی بە تایبە تی  لە فۆڕم وبەرگیکی جوان و ناسک و سادەو ساکارو ناوازەدا لەو سیمایانە یە شاعیری  پێدەناسرێتەوە.

5_ڕەگەزدۆزی بە هە ردوو جۆرە کە ی تە واوو ناتەواو جوداوجیاوازیشە وە جیگای بایە خی شاعیر بووەو لە و هونەرانەیە کە شاعیر بە ڕادەیە کی زۆر پشتی پێ بەستووە،  بۆ هێنانە کایە وەی داهێنان و تازەگەری لە شیعرە کانیدا.

6_هونەری( سەروادار) لە و بنەما سە رە کیانەیە کە شاعیر لە کۆیی شیعرەکانیدا لە ئاستیکی فروان و بە ڕێژەی لە سە دا سەد  بە کار ی هێناوە ، وەک ڕەگەزیکی گرینگ و پیکهاتە یەکی بنەرەتی بنیاتی شیعری .

7_هەریەکە لە هونەرەکانی(هێنانەوەو کەرتکردن و گێڕانەوەو پاتکردنەوەو تێکهەڵکێش )لەو هونەرانەن ڕۆڵیکی باشیان بینیوە لە ڕازاندنەوەی  شیعری ولە شیعرەکانی شاعیردا وەک دیاردەیە کی زەق خۆی دەنوێنێ.

8_هونەری( بوونی پێویستە) وەک هۆکاریکی گرینگ و سەرەکی مۆسیقای شیعری ، لە سیاقی جوانکاری وشە یی دا و لە شیعرە کانی شاعیردا بۆتە سیمایە کی دیاری  داهێنان و تازەگەری

9_جێی ئاماژەکردنە شاعیر هە موو جۆرەکانی هونەری جوانکاری وشەیی لە ئاستێکی بەرزدا لەشیعرەکانیدا بەکارهێناوە، بەمەبە ستی سودو چێژو ڕازاندنەوەی شیعری. جگە لە هونەری (دووسەروا _موستەزاد) کە بە هیچ شێوەیەک لە کۆی شیعرەکانی شاعیردا بەدی ناکرێت ، ئەمەش بۆ ئایدیالۆژیەت وحەزو ئارەزوو و  بارودۆخی تایبەتی شاعیر دەگەڕێتەوە.

**لیستی سەرچاوەکان:**

**لیستی سەرچاوەکان بەزمانی کوردی:**


_ ئەحمەد، پەخشان عەلی(2007) شێوازی شیعری گۆران، نامەی ماستەر، کۆلیژی زمان، زانکۆی کۆیە

_ حەمەد بە گ، جواد(2015 ) بەشێکی تر لە شیعرە کانی سامی عەودالّ،چ 1،چاپخانەی پەنجەرە ، سلێمانی .

_ مەعروف، کەمال (2010) ،سامی عەودالّ ، چاپخانەی کارۆ ، سلێمانی .

_ سالار، عەبدولسەلام ، 2005 ،ڕەوانبێژی لە شیعرە کانی نالیدا ، چ1 ، هە ولێر.

_سەلام ناو خۆش و هاورێکانی ، 2009 ، کوردۆلۆجی ، چ1 ، هە ولێر .

_سافیە محەمەد ئەحمەد ، 2004 ، شێوازی شیعریە کوردیە کانی پیربال مەحمود ،چاپخانەی ڕۆژهەلاّت ، هە ولێر .

_ سلیمان، هەژار فەقێ ، 2014 ، رونبێژی لە شیعری مەحوی دا، دەزگای چاپ و پە خشی سەردەم ،چ1 ، سلێمانی .

_ سەید مینە، مستەفا ، 2007 ، پایەی وەفایی لە ناو شاعیرانی سە دەی نۆزدەی کرمانجی خواروودا ، چ1 ،هەولیر.

_ سجادی ،عەلائە دین(1978 )،خۆشخوانی ، چاپخانەی( دار الوطنية ) ، بە غدا .

_ سجادی ،عەلائەدین (1967) ، ئە دەبی کوردی و لێکۆلینەوە لە ئەدەبی کوردی ، دارمعاريف ، بغداد.

_عە بدولاّ ، ئیدریس(2003) ، جوانکاری لە ئەدەبی کوردیدا ، چاپ پە خشی سەردەم ، سلیمانی

_عە بدولاّ ، ئیدریس، (2007) ،هە ندی هونەری جوانکاری لە شیعری پیرەمێردا . کۆواری کۆڕی زانیاری کوردستان

_عەبدولاّ، ئیدریس، (2012)، جوانکاری شیعری نوێی کوردی ،چ1 ، چاپخانە ی هێڤی ، هەولێر.

_ گەردی ، عەزیز ( 2002)، ڕەوانبێژی لە ئە دەبی کوردیدا ، چ1 ، هە ولێر .

_ گەردی، عەزیز (1975) ، ڕەوانبێژی لە ئە دە بی کوردیدا ، بە رگی دووەم ، هەولێر.

_مستەفا، ئاسۆ عومەر،(2009) بە ها ئیستاتیکیە کانی شیعر... ،چ 1، چاپخانەی دهۆک.

_ مودەرس ، مەلا عەبدولکەریمی ، 1991 ، بەدیع و عەروزی نامە ، چاپخانەی(دارالجاحظ )،
بە غدا ،

_ مستەفا ، موحسین ئەحمەد ، 2003 ، بە هاری ڕەوانبیژی ، چ1 ، چاپخانەی نارین هە ولێر

_ موکریانی، هەژار ، 1369 هتاوی، هەنبانە بۆرینە ،فەرهەنگی کوردی فارسی ،چاپی یەکەم ،تاران .

**لیستی سەرچاوە کان بە زمانی عە ربی:-**

_ بن المعتز ، عبداللة، 1982 ، كتاب البديع ، ط 3 ، بيروت .

_ حلوصی، صفاء ، 1987 ، فن التقطيع الشعری والقافية ، دار الشؤن الثقافة العامة ، بغداد . _ عتيق، عبد العزيز ، 2015 ، علم البديع ، دارالنشر العربية ، بيروت

_ قاسم، محمد احمد ، الديب محی الدين ، 2003، علوم البلاغة ، طرابلس ، لبنان .

_ المراغی، احمد مصطفی، 1993 ، علوم البلاغة (البيان والمعاني و البديع )، ط 1 ، لبنان ، بيروت.

_ الهاشمی، احمد ، 2002 ، جوهر البلاغة في المعانی و البيان والبديع ، دار الكتب العلمية ، بيروت.

**ملخص البحث:-**

هذ البحث الذي تحتوي تحت العنوان (المحسنات اللفظية في شعر سامي عودال) ويدور على موضوع مهم ومؤثر جدا لمعرفه مفهوم وتعريف محسنات البديعية. و يتم خلال هذه الدراسه عرض قيمةواهمية ودور المحسنات البديعية في الاشعار الشاعر وغرض اختيار هذا الموضوع يرجع الي الفراغ الموجود فى هذه المجال، هذا من جانب ، واظهار الجوانب المخفيه واهمية مكانة المحسنات اللفظية عند هذا الشاعر الكبير من جانب اخر ، لذلك يركز هذا البحث على جانبين وهما :أ – جمالية وحيوية المحسنات اللفظية وتاثيره فى مجال الشعر . ب- خبرة وسليقه الشاعر فى هذا الجانب . مما لاشک فية لکتابة هذا البحث اعتمدنا على المذاهب النقدية والوصفية والتحليلية لغرض تجسيد الاهداف الادبيه . التى تکون اسبا بأ رئيسيه لخدمه الموضوع . اهميه الموضوع هي انه يتحدث مواضيع المهمة وذات شان والتى لم يكتب عنها بالشكل المطلوب والاكاديمى فى الشعر الكوردى . لذالک هدفنا فى البحث هو اضهار دور البديع والمحسنات اللفظية فى الشعر عامه وفى شعر سامي عودال خاصه .

والبحث متكون من قسمين ومقدمة . القسم الاول نظرى ومتكون من المحورين: الاول عن تعريف مصطلح والمفهوم فن البديع والمحسنات اللفظية . المحور الثانى خصص للتاريخ واسباب الاستعمال المحسنات البديعية في الشعر . وفى سبيل اثبات ذالک استندنا على أراء و بعض الاعلام من الكتاب والنقاد . و في المحور الثالث تحدثنا عن انواع و الاغراض فنون البديعية . لكن القسم الثانى متكون من ثلاثه محاور، فى الاول تطرقنا عن تاثير و انعكاسات فنون ( الجناس والتصدير و السجع ) فى شعر الشاعر . وفى محور الثاني تناولنا قيمة وتاثير فنون (التشطير و الترديد و التكرار )عندالشاعر . اما المحور الثالث خصص لجوانب المحسنات ( لزوم مايلزم والتظمين والتشريع ) وابداع الشاعر باسلوب تحليلى ووصفى . وفي النهايه عرضنا نتائج البحث وقائمه المصادر وخلاصه البحث باللغتين العربيه والانجليزيه .

**Abstract:**

This study is titled (lexical beautification (Badi') in Sami Awdal 's poem). It considers rhetorical beautification (badi') which is a very significant topic in the field of the Kurdish literature. This study tries to introduce the concept and the definition of beautification, illustrates its significances, and determines its roles and influences in poems. There are many factors behind selecting this topic, but the most encouraging points are the importance of the topic, the higher competence that the poet is recognized by in the use of beautification figures in his own poems, and the lack of Kurdish library to such a topic. This study draws on both Descriptive and Analytical approaches.

This study comprises two chapters in addition to the introduction section. The first chapter is devoted to the theoretical part which consists of three sections in which the first section defines the concept of Beautification and its importance in literature, and the second section is devoted to the history of the concept of Rhetorical and lexical beautification and the reasons that resulted in its appearance. Chapter two comprehensively covers the types of Rhetorical beautification, and their values and Reflections in Sami Awdal's poem. It consists of three sections in which the first section presents the science of the Alliteration, Referencing, and Rhymed in Sami Awdals' poems, the second section considers Partitioning, Anaphora and Epiphora in his poems, and the third section comprehensively regards the beauty of double Rhymed and mixture in the poems of this great poet. Finally this study ends with the most significant concluding points, and the list of used references.

# تازەگەری
# لە شیعرەکانی دڵداردا

## تازەگەری لە شیعرەكانی دڵداردا

### 1.پێشەكی:-

**-ناونیشان و سنوری توێژینەوەكە:** ئەم توێژینەوەیە كە بەناونیشانی (تازەگەری لە شیعرەكانی دڵدار) دایە،دەرفەتیكی گرینگ بوو بۆ ئەوەی تیشك بخەینە سەر سیماكانی تازەگەری لە شیعرەكانی دڵداردا، بۆیە سنوری توێژینەوەكە لە چوارچێوەی شیعرەكانی دڵداردا چڕ بۆتەوە، دڵداری شاعیر لە مەیدانی شیعر و ئەدەبدا، توانیویەتی ڕۆڵی خۆی بگێڕێت و ببێتە ناوێكی دیار لە مێژووی ئەدەبی كوردیدا، بە تایبەتی بەهۆی شیعری (ئەی ڕەقیب)، كە سروودێكی نەتەوەییە، پلەیەكی بەرز و نەمری بۆ خۆی تۆماركردووە.

**-ئامانجی توێژینەوەكە:** شاعیر لەبواری نووسینی شیعردا چەندەها ڕێبازی جیاجیای گرتووەتەبەر، سەرتا بە شیعری كلاسێك دەستی پێكردووە و لە كۆتاییشدا بەهۆی گۆڕانی بیروباوەڕە سیاسیەكانی، بەرەو نووسینی شیعری چینایەتی هەنگاوی ناوە، بۆیە یەكێك لە تایبەتمەندی یەكانی دەقی شیعری دڵدار ئەوەیە كە بەردەوام هەوڵی نوێكردنەوە و گۆڕانكاری تێدا بەدی دەكرێت، واتا لەگەڵ سەردەم و قۆناغی خۆیدا، لەگەڵ سیما مۆدێرنەكانی ئەو سەردەمی شیعری خۆی گونجاندووە و لە پێشكەوتنە ئەدەبیە نوێەكاندا دانەبڕاوە، لە ڕاستیدا دڵدار خاوەنی بیرێكی ژیرانە و پیرانەبوو، بە راستی ڕۆح و هەستی بەرز و قەڵەمی بە بڕشت و وتار خوتبەی ئاگرینی وای پیشان دەدا كە دڵدار گەلەك لە تەمەنی خۆیدا گەورەتربووە.

**- گرنگی توێژینەوەكە:** گرنگی توێژینەوەكە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە كە گۆران شێوازی دەقی شیعری دڵدارە، بە پێی بیروباوەڕ و پێشكەوتنە ئەدەبیەكان، شێوازی شیعری ئەویش گۆڕاوە و دەق لە دوای دەق هەوڵی نوێكردنەوەی سیماكانی داوە لە دەقەكانیدا.

**پێكهاتەی توێژینەوەكە:** ناوەرۆكی توێژینەوەكە لە دوو بەشی سەرەكی پێكهاتووە: بەشی یەكەم دەربارەی (چەمك و پێناسەی تازەكردنەوەی شیعری)یە، لە سێ تەوەرە پێكهاتووە: لە تەوەرەی یەكەمدا هەوڵمانداوە تیشك بخەینە سەر چەمك و پێناسەی تازەگەری. بەڵام تەوەرەی دووەم تەرخانكراوە بەخستنەڕووی مێژووی تازەگەری شیعری كوردی، لە تەوەری سێیەمیشدا باسی ڕۆڵی دڵدارمان كردووە لە تازەگەری شیعری كوردیدا.

بەشی دووەم دەربارەی (تازەگەرییە لە ڕووخسار و ناوەڕۆك)ی شیعرەكانی شاعیردا، كە لە سێ تەوەر پێكهاتووە: لە تەوەری یەكەمدا باسی تازەگەری لە ڕوخسار و ناوەڕۆكی شیعرەكانی

شاعیر دەکەین،  تەوەری دووەمیش تایبەتە بە  تازەگەری لە مۆسیقای شیعریدا، هەرچی تەوەرەی سێیەمە تەرخان کراوە  بۆ  سیماکانی تازەگەری لە ناوەڕۆکی شیعریدا.

## 2-چەمک و پێناسەی تازەگەری :

تازەگەری دەبێ لە دایک بووی بارودۆخە تایبەتیەکانی ژیانی سەردەمی خۆی بێت و پێ بە پێ لەگەڵ قۆناغەکانی گۆڕان و پەرەسەندنی ژیانی کۆمەڵگای کورد بەڕێوە بچێت، بەشێکی سەرنج ڕاکێشەرو گرنگی مەیدانی ڕەخنە و لێکۆلینەوەی ئەدەبی کوردی ئەو ماوەیەدا دادەنرێت و ڕادەی پێگەیشتن لە پرۆسەی نوێکردنەوەی شیعر دیار دەکات (پەرێز ، 2006 : 46) .

هەروەها تازەگەری تەنیا تایبەت نیە بە بوارێک یان شتێک بەڵکو هەموو شتێک لە ژیاندا لە تازەبوونەوەی بەردەوامدایە. ئێمە کاتێک لە شیعر ئەدوێن ئەوە ئەدەب بە گشتی شیعریش بە تایبەتی ڕەنگ دانەوەی ئەو واقیعە کۆمەڵایەتیە و سیاسی و ئابووری و ڕۆشەنبیریە بەسەر کۆمەڵگەدا دێت بۆیە لەم ڕوانگەیەوە هەر گۆڕانکارییەک بەسەر کۆمەڵگە دا بێت. ڕەنگدانەوەی دەبێت بۆ سەر شیعر، دواجار تازەیی شیعر لە منداڵدانی ئەو گۆڕانکارییانەوە لە دایک دەبێت . (باڵەکی ، 2006 : 18) . لە ڕاستیدا تازەگەری چەمکێکی فراوانەلە زمانی کوردیدا، ئەم زاراوایە چەندین فۆڕمی تری بۆ بەکارهێناوە، وەکو (نوێخوازی، نوێگەری، تازەگەریی، نوێگەرایی...) زێتریش ئەم فۆڕمانە بۆ یەک مەبەست بەکارهێنراون و کەم وابووە جیاکارییەک لە نێوانیان دا کرابێ، لە کاتێکدا لە زمانە ئەوروپیەکان و لە زمانی ئینگلیزیدا هەردوو زاراوەی (Modernism) و (Innovation) هەن. لە زمانی عەرەبیش دا (حداثه) و (تجدید) لە بەرامبەریان دانراون. هەریەک لە دوو زاراوانە چ لە زمانی ئینگلیزی چ لە زمانی عەرەبیدا پێناسەی جیا جیان بۆ کراوە (مۆدێرنیزم – حداثه) ڕەگو ڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوروپا و (بەو بزوتنەوە و ئاڕاستە نێو دەوڵەتیانەی بواری هونەرە چالاکەکان دەوترێت، کە لە دوای کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە سەریان هەڵداوە) هەرچی (تجدید Innovation) ە لە ڕووی کات و شوێنەوە فرەوانترە، بەو مانایەی کە ڕەنگە لە هەموو سەردەمێک و شوێنێک شتی (تازە) بێنە ئاراوە. لێرەد نامانەوەێ باس لە ناوەختێ مۆدێرنیزم بکەین بە قەد ئەوەی کە دەمانەوەێ چەمکی (تجدید Innovation) بناسێنین کە ئێمە زاراوەی (تازەگەری) مان بۆ بەکارهێناوە. بنەچەی ئەم زاراوەیە دەگەڕێتەوە بۆ وشەی (نوڤاتۆر) ی لاتینی و کۆمەلێک پێناسەی جۆراوجۆری بۆکراوە لەوانە، تازەگەری بریتی یە لە:

*شتێکی تازە خستنە ناو شتێکی جێگیر، دەرچوون لە لاسایی کردنەوە)

*کردارێک یان حاڵەتێکی سەرەتایی تازەبوونەوەی شتێک .

*(زیادکردن و داهێنان لە سیماکانی ژیاندا) . (باڵەکی ، 17:2005)

بێگومان چەند نووسەرێکی تریش باس لە نوێبونەوەی شیعری دەکەن کە بیروڕاکانی خۆیان تێدا دەخەنە ڕوو . شیعری نوێ، ئەو شیعرەیە کە لەسەر پێوانە (قیاسات)ێکی جۆراوجۆر دەگوترێ بە پێی ژمارەکانیەتی. لە کێش و سەروا ئازاد و ڕەهایە ،، ئەم ئازادییەش لەوەوە هێناوەکە خۆی پابەندی ئەو یاسا توند و ڕەقە مۆسیقیە تیژو قورسەی ئەوسا تەفیعیلات ناکات. بە واتایەکی تر، شیعری نوێ دەیەوێ خۆی لەو یاسا توند و تیژەی ئەوسا ڕزگار بکات، بەم جۆرە شیعرەی نوێ خۆی لە نیشتمان دوور ناخاتەوە، بەڵکو لە یاسای ئەو نیشتمانە دوور دەکاتەوە، واتە نکۆلی لە کێش ناکات، نکۆلی لە کۆتەکانی سەر بە کێش دەکات و دەیەوێ بیان شکێنی و خۆی ڕەها بکات (جمال حبيب الله ، 2013 : 179).

وەهەروەها دکتۆر (عمر فروخ)، لە پێناسەی شیعری نوێ دا ، لە کتێبی (هذا الشعر الحديث) دا لە یاساکانی هۆنینەوە (النظم) .. درێژی دیرەکانی جۆراوجۆرە. کێش یان نی یە یا جۆراوجۆرە .. سەرواش یانی یا جۆراوجۆرە... کێش و سەروا بە دوو کۆتی قورس دەژمێردرێت.. لەم شیعرە نوێیەدا، شاعیر خۆی لە عەرووز بە تەواوی دەرباز دەکات....)) .

لە ڕاستیدا شیعری نوێ یەک جۆری نی یە ، بەڵکو سێ جۆری سەرەکی یە:

ڕەها (مطلق) ، ئازاد (حر)، پەخشانە شیعر، هەریەکەش لەمانە تایبەت مەندی و سیفاتی خۆی هەیە (جمال حبيب الله بێدارە،2013 : 180) وە لە ڕاستیدا لە چەند گۆڤارێک کەوا شاعیران و نووسەران باس لە نوێبوونەوە دەکەن و بیروڕای خۆیان دەخەنە ڕوو کە ئەویش گۆڤاری (ژیان) ە بایەخێکی زۆری بە داهێنان و شیعری تازەداوە و (ویستیەتی بەهرە و توانا تازەکان بتەقێنێتەوە شێوازی تازە و ڕەگەزی نوێ بێنێتە ئاراو ئەدەبیاتێکی نەوە ژن بگەشێتەوە) وە بایەخدان بە تازەکردنەوەی شیعر لەسەر لاپەرەکانی گۆڤاری ژین زیاتر لە شیعرەکانی هەردوو شاعیری تازەکەرەوە، عەبدولرەحیمی هەکاری و مستەفا شەوقی قازی زادە – لەم بەشەدا کە بە نموونە باسیان دەکەین کە دەبینین کە لە شیعرەکانیاندا لەگەڵ ئەوەی لە هەندی لایەن پەیرەوی پێش شاعیرانی پێش خۆیانیان کردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵێک گۆرانکاریان لە ڕووی فۆرم و ناوەڕۆکەوە ئەنجام داوە کە بەهۆی ئەو جیاکاری و گۆڕانکاریانەوە دەتوانین شیعرەکانیان بە قۆناغێکی دیکەی تازەکردنەوەی شیعری کوردی لە قەڵەم بدەین: (باڵەکی، 2005 : 80). هەروەها دنیا لە هەموو کاتێکدا لە تازەکردنەوەدایە مرۆڤیش لە هەموو

سەردەمێکی ژیانیدا هەوڵی گۆڕان دەدات و هەنگاو بەرەو تازەکردنەوە دەنێت. بەڵام ئێمە بەو شێوەیە هەستی پێناکەین چونکە گۆڕانکارییەکان لە ناوەوە ڕوودەدەن و لە دەرەوەدا وازوو هەستی پێناکەین .

## 2_1 کورتەیەکی مێژوویی دەربارەی تازەگەری لە شیعری کوردیدا:

لە مێژووی ئەدەبیاتی کوردیدا لەگەڵ سەرهەڵدانی هەریەک لە شاعیرانی وەکو بابەتاهیری هەمەدانی و مەلای جزیری و ئەحمەدی خانی و نالی گۆران و ....شیعری تازە بە گوێرەی ئەو سەردەمەی خۆیان هاتۆتە ئاراوە. هەریەکیش لەو شاعیرە کوردانە لە ئەنجامی ئەو بارودۆخەی ڕووبەڕوویان بۆتەوە یان بەهۆی ئەو هۆکارە ناوەکی و دەرەکیانەی کاریگەریان بەسەریانەوە هەبووە، توانیویانە گۆڕانکارییەک لە شیعردا بکەن و شتێک بێننە ئاراوە کە سەرەڕای هەبوونی خاڵی هاوبەش لەگەڵ پێشتر ، چەند تایبەتمەندێکی خۆیان هەبێ کە ڕەنگ پێشتر نەبووبن، بارودۆخی کوردستان لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا. ڕووبەرووی کۆمەڵێک گۆڕانکاری بووە وە لە ئەنجامی ئەو هۆکارە ناوەکی و دەرەکیانەی بەسەر کۆمەڵگە داهاتن، ئەدەب بە شێوەیەکی گشتی و شیعریش بە تایبەتی ئەوەی بەرکەوت کە گوزارشتێکی تازە لەو بارودۆخە تازەیە بکات و وێنایەکی ئەو سەردەمەمان بۆ بکات . ((باڵەکی. 2005: 19) لە ڕاستیدا لە نیوەی سەدەی نۆزدەمدا، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی ڕووبەرووی کۆمەڵێک ڕووداو گۆڕانکاری هاتەوە لەو ماوەیەدا ((لەبەر ئەوەی میرنشینەکانی کورد لە نێوبرابوون، کوردستان لە بۆشاییەکی گەورە دەژیا)) هەڵوێستی دەسەڵاتدارانی عوسمانی لە لایەک و قاجاریەکان لە لایەکی تر دژی ئاواتەکانی گەلی کورد بوون و ڕێ لە ئامانج و ئازادییەکانیان دەگیرا، ئەمانە وای کرد کە تاکی کوردی هۆشیاری و ئاستی تێگەیشتی و هەستی نەتەوەیی بەرزبێتەوە و لە بەرامبەر گۆڕانکارییەکان دابێنآ و هەڵوێستی هەبێت، هەروەها فکری کەسێکی کوردی جولاند و دواجار کاری کردە سەر زۆربەی بوارەکانی ژیان، هەر ئەمەش بوونە هۆکار ڕێخۆشەکەر بۆ ئەوەی ئەدەبی کوردیش گۆڕانکاری بەسەردابێت و لەو کۆت زنجیرانە دەربچێت کەبەسەری دا سەپابوون ((بالەکی ،2005: 17) .

(ئەدۆنیس) دەڵێت ((دیاردەی تازەکردنەوە لە ڕووی مێژوویەوە لە ئەنجامی بەریەکەوتنی دوو هەڵوێست یان دوو عەقلیەت و کارلێکردنیان لە یەکتری لە دایک دەبێت، لە گۆڕانی کەش و هەوای ژیان و بارودۆخی تازەشدا گەشەدەکات ))،وەهەروەها لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا

ڕەوشی تازەکردنەوە بەردەوامی هەیە، لە سەرەتای سەرهەڵدانی شیعری کوردیوە تا ئەمڕۆ بە پێی پێداویستی قۆناغەکانی مێژوو گۆرانکاری بەخۆیەوە بینیوە،شیعری کوردی لە سەرەتاوە تا کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانی سەر بە ڕێبازی (کلاسیک) بوو، شیعر لەو قۆناغەیدا کۆمەڵێک یاساو دەستوری پیادەکرد ..لەقالبی دیاریکراودا خولی دەخواردەوە ،بەلام دوای جەنگی یەکەمی جیهانی کاتێک گۆرانکاری لەهەموو ئاستەکانی ژیانی ئابوری و کۆمەلایەتی و زانستی رویدا ،توێژیکی نوێی زانست و خوێندەوار و رۆشنبیر پەیدابون کەژمارەیان لەزیادبوندابوو بیرورای جیاواز هاتە ئاراوە دواتریش لەبواری ئەدەبیات رەنگیدایەوە، لەگەل ئەمەشدا لەدوای جەنگی جیهانی یەکەم بزوتنەوەیەکی تازەی شیعری کوردی سەریهەڵدا کە لەژێر کاریگەری شیعری تورکیدا بوو ،ئەوانیش کەوتبونە ژێرکاریگەری شیعری تازەی ئەوروپیەوە لەم بارەیەوە (شێرکۆ بێکەس ) دەڵێ (ئاشکرایە لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانیەوە لەڕێی شیعری تازەی تورکی و ئەویش کارتێکراو لەلایەن شیعری تازەی ئەوروپیەوە سەرەتا( بزوتنەوەیەک)ی شیعری نوێش لە کوردستاندا سەری هەڵدا (ابراهیم ،2006: 148 ).

وەلەڕاستیدا سەرهەڵدانی ئەو بزوتنەوە تازەی شیعری کوردیش لەسەر دەستی چەند شاعیرێکی نوێخواز بووە ، هەر ئەوانیش ڕابەرایەتی ئەو ڕێبازە تازەیان دەکرد کەپێکهاتبون لە (ڕەشید نەجیب و گۆران و شێخ نوری ) پاڵنەری سەرەکی بۆ ئەو تازەکردنەوەش دەکرێت بەدوو خاڵ دەست نیشان بکەین :

أ_بەرزبونەوەی ئاستی بیری نەتەوایەتی و هۆشیاری و ڕۆشنبیری کۆمەڵایەتی خەڵکی کوردستان بەتایبەتی توێژە ڕۆشنبیرەکە ،بەشە زۆرەکەش شاعیرو نوسەران بوون .

ب_کەوتنە ژێر کاریگەری تەوژمی نوێخوازی تورکی بەتایبەتی (شاعیرانی فەجری ئاتی) لەم بارەیەوە (گۆران) ی شاعیر دان بەو کاریگەریە دادەنێت لە دانیشتنەکەیدا لەگەڵ (عبدرزاق بیمار) بەئامادەبونی (محمدی مەلا کریم دەڵێت : (نوسەرو شاعیرانی ئەوسا بەتایبەت شێخ نوری و ڕەشید نەجیب و من متأسیر بووین پێکەوە ئەمان نوسی بەڵام شێخ نوری شیعرەکانی بڵاودەکردەوە (شەرمین ابراهیم عزیز ،2006: 140) دەڵێت نێوان هەردوو جەنگ ماوەی داهاتنی (شیعری تازەی کوردی ) واتا قۆناغی ڕۆمانتیکی بوو لەم سەردەمەدا ئەم ڕێڕەوە لەڕوخسارو ناوەڕۆکدا خۆی گرت و بەتاقیکردنەوەیەکی سەرکەوتودا تێپەڕی ڕاستە ئەم دوو بزوتنەوەیە لەناو شیعری کلاسیکی تەقلیدی هاتە دەرەوە بەڵام لەناو جەرگەی ئەو شیعرە شیعری کلاسیکی تازە سەریدەرهێنا مەبەست لەو شیعرە (بە ڕوخسار کلاسیکی و بە ناوەڕۆک تازە) شیعری سیاسی – کۆمەڵایەتی یە) دوای جەنگی دووەمی جیهانی چەندین شاعیری نوێخوازی تر لەو

دەڤەرەیەدا بوون وەکو (حەمە صالح دیلان 1927 – 1990) ، (هەردی 1922) (کامران موکری 1929 – 1986) ئەمانەش بە هەمان شێوە پەیڕەوی ڕێبازی شاعیرانی پێش خۆیان دەکرد بە تایبەتی (گۆران) ی شاعیر کە پێشرەوایەتی ئەو ڕێبازە تازەی دەکرد، ئەوانە بە یەکجاری دەست بەرداری (کۆن) نەبوون، بەڵکو بەشێک لەو شاعیرانە وازیان لە بەکارهێنانی کێشی عەرووزی نەهێنابوو هەر لەم بارەیەوە دکتۆر ئیحسان فوئاد دەڵێت ''لە سەردەمێکی بەجێ ی پەرەسەندنی هۆنراوەی کوردی دا بە تایبەتی لە تاقی کردنەوەی قۆناغی ڕۆمانتیکدا هەر بەردەوام بوون و وازیان لێ نەهێنراوە لە لایەن بە تواناترین و نوێخوازترین شاعیرانی پێش کۆتایی جەنگی دووەم لە نموونەی هەردی و دڵدار و دیلان'' (عزیز،2006: 142) .

(ڕەفیق حیلمی) لە باسی نوێکردنەوەی شیعری (شێخ نوری) دا ئاماژە بۆ ئەو بیروڕایانە دەکات کە (سیاپۆش) لە بارەی شیعری تازەی دەربڕیبوون وا پێدەچی لە هەموو ڕوویەکەوە لەگەڵ سەرجەم بیروڕاکانی خاوەن وتارکەدایەکی نەگرتبێتەوە چونکە ئەو لە کاتێکدا هەواڵەکانی (شێخ نوری) و هاوڕێکانی بۆ تازەکردنەوەی شیعر بە کارێکی داهێنەرانەی گەورە دادەنرێت و ڕۆلی گرنگی شاعیر لە نوێکردنەوەی شیعردا دیاری دەکات. (سابیر،2006: 24) .

لە کاتێکدا دەبنین (لوس پول مارگرێت) و (ک . أ . ب) ساڵی (1937) بە زمانی فەڕەنسی لێکۆلینەوەیەکی کورتی گرنگ لە بارەی شیعری کوردیەوە دەنووسن و (ڕەفیق حیلمی) دوای ساڵێک وەری دەگێڕێتە سەر زمانی عەرەبی و لەنامیلکەیەکدا لە ژێر ناوی (دراسه في الشعر الكردی) دا بڵاوی دەکاتەوە''( سابیر،2006: 27).

لە شیعری نوێی کوردیدا زمان هەوڵ دەدا ئەو ڕووبەرە بە جێ بێڵی کە پێی دەوترێ زمان و هەوڵ دەدا خۆی بهاوێتە نێو گەمەی دەرەوەی زمان واتە لە دەرەوەی زمان گەمە زمان بکات و لە دەرەوەی زمان باس لە ژیان و داهێنان بکات. لە شیعری نوێی کوردیدا هەندێ هەوڵی پڕ تەوژم هەن کە لە نێو زمانەوە دەردەپەڕن و یارییەکانی خۆیان نیشان دەدەن شاعیر لە (دیوان و خەوندا خۆی دەگێرایەوە)دا دەیەوێ ئەو سنوورەی نێوان واقیع و ژیان لە شیعرەکانی بە زمان و کارکردن لەسەر زمان بنوێنێ، هەر بۆیە ئەو لە نێو زمانەوە کارەکانی خۆی دەکات و لە نیو زمانەوە پێوەندی دا دەمەزرێنێ بۆیە مۆرکی داهێنان و توانا و هەوڵەکانی بەجێ ناهێڵێ هەوڵەکانی یەخەی دەگرن بۆ ئەوەی بەرەو نێو زمانی بەرن'' (حەسەن پاڵەوان ،2010: 11) .

## 1_3 دڵداری شاعیر و تازەکردنەوەی شیعری کوردی:

دڵدار لە قۆناغی یەکەمی شیعریدا ، سەرەتا ((وەک شاعێرێکی کلاسیکی لە ناوەڕاستی سییەکاندا سەری هەڵدا، بەڵام وەک رۆشەنبیرێکی زیرەکی سەردەمی خۆی، هەردەم تێنووی زانستی نوێ و بیری تازەبوو، بۆیە دەبێ ئەو ڕاستیە بلێین، کە دڵدار لە قۆناغێکی گەلێ ئالۆز شعری وتوە ئەسپی خۆی تێدا تاوداوە و باسی کەم کوڕی و کێشەکانی کۆمەڵگای تێدا خستۆتە ڕوو. (فەتاح ، 2013: 48) ڕەفیق حلمی باسی منداڵی دڵدار دەکات و دەڵێت (منالێک کە هەموو ژیانی خۆی بە خوێندنەوە ڕابردوو بێو هێشتا لە خوێندنی پێوستی (رەسمی) رزگار نەبووبێ، توانی بێتە شاعیرێکی (کەسی) و بگاتە پلەی ئەوانەی کە شیعران کردوو بە (سەلغەت) بەڵام هەر لەم باسەدا خۆی هەست بە بڕیارەکەی خۆی دەکات و بە تەرازوو بۆ پێوانەی شاعیرێکی دەوستێ ڕێگەیەکی تر دەدۆزێتەوە و دەڵێ ''ئەویش لە لای بوەستێ کە لە لایەن بیری قووڵ و خەیاڵي وردەوە ئێستەش دڵدار گەلێ لە ژوور ئەو شاعیرا نەوەیە کە هەندێ وشەی ڕەق و تەعبیری ساردی وا دەهۆنتەوە و دەیکەن بە (نظم) کە بە دیمەن و بیستن شیرین و ڕەنگین ، بەڵام لە مانا و حەقیقە تا پوچ و بێ کەلکن''(رەفیق حلمی ،1988: 7) .

سەرەتا دڵدار گوێی لە شیعری کۆن گرتووە، شیعری فارسی و تورکی و کوردی چ لە دیواخانەکەی باوکی چ لە مزگەوتی (خادم السجادە) ی بەرامبەر ماڵیان شیعری کوردیش ئەو شیعرانەی کە سەر بە قوتابخانەی تەقلیدین. بەناوبانگترین شاعیرانی کۆیەی ئەو دەمەش( عەونی ، عاصی ، حسینی ، صافی ، راجی بوون...)) ئەو لەگەڵ دڵژار و وردیو سەید ئەنوەر و رۆستەم نەوەی دوای ئەوانە پێک دەهێنن وە هەروەها دڵدار بە خۆرایی و بە ڕێکەوت نەهاتە ناو مەیدانی شیعر دانانەوە ، بەڵکو بە ویست و خواستی خۆی ! بەڵێ شیعری نالی و کوردی و مەنفی و حاجی قادر و وەفایی وصافی و شیعری شاعیرانی هاوچەرخی خۆش دەخوێندەوە . سەرەڕای شیعری عەرەبی و تورکی و فارسی بەڵام بە چاو لێکەری ئەوان لە ژێر کاریگەری ئەواندا زمانی بۆ شیعر نەپرژا، بەڵکو بە بڕیار دان و بە پێ لێ داگرتنەوە دەستی دا قەڵەم و بابەتێکی تازەی هەڵبژارد و شەوێک بۆی دانیشت تا شیعرێک دابنێ، ئەوەتا لە یادشتەکەیدا کە ئەوسا لە قۆناغی خوێندنی ناوەندی هەولێر بوو دەڵێ : ((خۆم ئیمتحان کرد کە ئایا ئەتوانم شیعر دابنێم شەوێکیان تا درەنگ نەنوستم قەسیدەیەکی پانزە بەیتیم دانا کە تەصەوری دایکێکم تێدا کردبوو بۆ ڕۆڵە لەسەورە کوژراوەکەی چۆن ئەگریا، ئەمە یەکەم شیعر بوو کە دامناوە ئەمە کە یەکەم شیعری دڵدار بوو سەیری کرد لە تاقیکردنەوەدا دەرچوو ئیتر دەستی دا قەڵەم و هەموو جۆرە شیعری نووسی : غەزەل ، شیعری ناو مەجلیسان، بە شێوەی کۆن و بە کەرەستەی کۆن، بە

کەرەستەی هونەری قوتابخانەی تەقلیدی هەروەها دڵدار بە پێی رەوتی پێگەیشتن و زیرەکی و لێهاتوویی خۆی بوو، بە خۆ رابەر بوو هەروەکو لە مەیدانی خوێندن و رۆشنبیری و سیاسەت و کۆمەلایەتی دا بە هیمەت و خاوەن کەسێتی خۆی و سەرکەوتوو و پێشکەوتوو بوو هەروەها ئامادەش بوو سەربەخۆ لە مەیدانی شیعریش دا هەربەرەو پێش بچێت لاسایی نەکاتەوە تازەکردنەوەی ئەو ڕێچکەیەکی نویٛ و تامۆ بۆیەکی خۆ کردی هەبێت ، بەلاّم دڵدار بەڵکو پێوستی بە ڕەنج و تاقیکردنەوە و خۆ رۆشنبیرکردن هەیە، بۆیە کەوتە خوێندنەوەی ئەدەبی تازەی عەرەبی ، لەم ئەدەبەشدا شەپۆلی تازەکردنەوە لەسەر دەستی ئەدیبە لوبنانیە رۆژئاوا نشینەکان وەکو جبران و ئیلیا ئەبو مافی میخائیل نەعیمە و ئەدیبە میسری یەکانی وەکو خەلیل مەتران و علی محمود نووسەر و شاعیرانی گۆڤاری (الهلال) و (الرسالە) سەرنجیان ڕاکێشا،سەرنج ڕاکێشانەکەش نەگەیشتە ڕادەی لاسایی کردنەوە و دووکەوتن (عەبدولرەزاق بیمار، 2017 : 154) .

وە لە هەمان کاتدا دڵدار نمونەی تاقیکردنەوەی شیعری تازەی کوردیە بە هەموو لقەکانیەوە، ئەم شاعیرە لە سەردەمێکدا خۆی ناسی کە (شیعری تازەی) کوردی لە ناوەوە بوو، ئەو جۆرە خوێندەوارییەی تازەی تێدا دەژیا وای لێکردبوولە کۆن دوور بکەوێتەوە لە تازە نزیک بێتەوە ،وەهەروەها دڵدار یەکێکە لە هونەر دیارەکانی کە شیعری کوردیان تازەکردەوە لە ڕووی کێش و قافیە و مۆسیقا مانا و وشەوە، دیوانی دڵدار ئایدلۆژیەتی پێشکەوتووە بۆ چاککردنی باری ژیانی کورد  وەک نەتەوەیەکی کە دەسەلاتی لە دەس خۆی نییە، شاعیر لەبەر ئەوەی تاقیکردنەوەی کەم بوو، هەروەها ئەو جۆرە شیعرەی کە تازەیە پەیدابوو بوو بە تەواوی لە قاڵبدا نەمەیی بوو نەیتوانیوە ڕووخسارێکی دیاریکراو دروست بکا باوەر بکریٛ بۆ هەموو شیعرەکانی ئەوانەی بە ڕاست هەموویان لە ڕووی ناوەڕۆکەوە ئایدلۆژیەتێکی پێشکەوتوویان تێدایە، (خەزنەدار، 1994: 17) لەگەڵ ئەوەشدا دڵداری رۆشەنبیری و هونەرمەند ڕازی نەبوە بەوەی کە لە جێگای خۆی بەچەقێت و هەر لە بازنەی لاسایکردنەوە بەرهەمەکەی بسورێتەوە بەڵکو ئەزموونی خۆی بەکارهێناوە لەم لایەنەوە زیاتر هەوڵی داوە بەرەو ئاسۆیەکی گەش و فراوان تر هەنگاو بنێت بەرەو داهێنانی رەگەزی ئەدەبی نویٛ، لەم قۆناغە ئەدەبیەدا (قۆناغی ڕۆمانتیک) لایەنی تازەگەری بە شێوەیەکی ڕوون لە بەرهەمەکانیدا بەدی دەکرێت، لە بەکارهێنانیدا زمانی ئەدەبی و هونەری شیعری و بایەخ دان بە ڕووخساری شیعرەکەی لە وێنە و تابلۆکێشانی دیمەنی گەش  و پڕ سۆز و ئەندێشەدا کە بەکاری هێنابوو. (ئەحمەد ،1989: 24)

دڵدار خەباتی دەکرد لە پێناو ئەوەی جیهانی کۆن نوێبکاتەوە، لەیەکەم هەنگاوی دا بوو بەڵام مەرگ ماوەی نەدا ، بەڵام ئەگەر مەرگی ناوەخت ماوەی بداوە، لەم لایەنەوە ڕەفیق حیلمی ڕاستی وتوە: هەرچەند بەهۆی منداڵی و خەریک بوون لەگەڵ خوێندن، زۆری شیعر دانە ناوە ئەمڕۆ لە شاعیرە ناودارەکان ناژمێردرێ بەڵام بەو شیعرانە کەبە بەر چاوی ئێمە کەوتووە ، وە بە نووسەر و گەوهەری ئەو زەکایەدا ، کەلەم چەند شیعرەدا ئەبینرێ، جێگەی گومان نیە کە دڵدار ، شاعیری تەجەد دوود پەرەوەر ناوداری دوا ڕۆژ ئەبێ (خەزنەدار، 1994: 63) .

## 1_2 تازەگەری لە زمانی شیعری دا:

سەرهەڵدانی شیعر تا ڕادەیەک پەیوەندی بە قۆناغێک  لە قۆناغەکانی پێشکەوتنی زمانی مرۆڤەوە هەیە، کاتێک زمان  گەیشتە پلەی جوانی و سوود بەخشین ئەوا شیعر سەرهەڵدەدات و پێش دەکەوێت ، چونکە پێش کەوتنی ئەدەب لەهەموو زمانەکان بە پێشکەوتنی زمانەوە بەندە.

وە لە ڕاستیشدا ئەگە پێناسەیەک بۆ زمان بکەین ئەوا ((زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیە و هۆیەکە بۆ پەیوەندیکردن و تیگەیشتن و پاڵنەرێکی سەرەکی گەشەسەندنەوە پێشکەوتنی ڕەوتی دیاردەی و ژیانی مرۆڤایەتییە. لەهەمانکاتدا تەنیا هێمایەکی ڕووت نییە بۆ گوزارشت کردن و شتە ئاماژە پێکراوەکان، بەڵکو زیندوون و لە جوڵە و گۆڕاندان. جگە لەوەی لایەنێکی بنەڕەتی هەموو شاعیرێکی گەورە و داهێنەر، هەروەک هەموو شیعرێکی نەمریش، بەبێ زمانێکی بەرز لە جوانی و ناسکی و تەڕ و پاراوی و ڕەسانایەتیدا نایێتە دی، چونکە زمانی شیعری لە گرنگترین بنەماکانی داهێنانی شیعرییە لە دیارترین ئەو سیمایانەشە کە شاعیری پێدەناسرێتەوە)) ((فەتاح، 2013: 111)) .  ئەگەر ئاوڕێک لەم بارودۆخەی کە کاری کردە، سەر ناوەرۆکی شیعری کە لە رووی روخسار و ناوڕۆک بدەینەوە ئەوا ((شاعیران لەو سەرەدەمەدا و شاعیرانی کورد تارادەیەک وەزعی کورد و ئامانجی نەتەوەکە یان لە ناوەڕۆکی شیعرەکانییاندا دەریانبریبوو بەمە کارێکی گەورەیان کرد بوو سەرە مشتوماڵ کردنی بیروباوەری کوردایەتی و ڕێگای ئازادی و سەربەستی و ژینی بەختیاری بە گەل نیشان دابوو)) ((باڵەکی، 1898–1932:59)).

وە هەروەها شیعری بڵاوکراوەی کوردی لە ماوەی ساڵانی سییەکاندا کۆمەڵێک گۆڕانکاری و داهێنان لە ڕووی فۆرم و ناوەڕۆکەوە تەکنیکی پێوە دیار بوو کەوا شاعیر کاریگەری ئەدەبیاتی ئەوروپیو و تورکی چەندین هۆکاری کۆمەڵایەتی و نەتەوایەتی ڕەنگی دابۆوە و ئەم ڕەنگدانەوە کەوا لە شاعیرێکی وەکو دڵدار دەبینرێت کە دکتۆر مارف خەزنەدار سەبارەت بە دڵداری شاعیر

دەڵێت: (( من زیادەرۆیی ناکەم بڵێم کە دڵدار بە یەکێک لە ڕابەرەکارەکانی شێوازی ڕۆمانسیزم لە ئەدەبی کوریدا دا بنرێ)) ((د.کمال معروف 1914-1965 : 218))

چونکە دڵدار زوو خۆی لە کۆت بەندی یاسا و دەستووره کاتی کلاسیکیەت رزگارکردووه و ڕووی کردۆتە ڕۆمانسیزم،وەئەگەر ئاوڕێک لە شیعرەکانی دڵداری شاعیر بدەینەوە لە ڕووی ڕوخسار و ناوەڕۆکەوا هەردووکیان دیووی لێک دروان و لە یەکتر جیانابنەوە و یەکێکیان ئەوی تر تەواو دەکات وە عەزیز گەردی دەڵێت :

((ڕووخسار ، بریتیە لە توانای هونەر لە هەڵبژاردن وشەی لێوەشاوە ڕێکخستنیان بە شێوەیەکی ڕێکوپێک و ڕەوان، کە قولیەک بە ناوەڕۆک و بیروباوەری بەرهەمەکە بدەن)) ((عەزیزگەردی، 1974 : 110)) .

وە لە ڕاستیدا ڕوخسار و ناوەڕۆک دوو پێکهێنەری سەرەکی شیعرن، ڕوخسار دیوی دەرەوەی شیعرە و ناوەڕۆک دیوی ناوەوەی شیعرە کە هەردووکیان دەقێکی شیعر دروست دەکەن وە لەو کاتەد کە ((دەقی شیعری پارچەیەکی لێک دانەبڕاوە و بۆ هەڵسەنگاندن و لێکۆلینەوە، دەبێ لە ڕوانگەی هەردووکیان واتا ڕوخسارو ناوەڕۆک سەیربکرێت چونکە ناکرێت ڕوخسارو ناوەڕۆک لێک جیابکرێتەوە، ئەمەش ڕاستیەکەو کە لە شیعردا پەیرەو دەکرێت))((مستەفا سەید مینا، 133))
.

هەروەها دڵداریش یەکێکە لەم شاعیرانە کەوا لە قۆناغی یەکەمی شیعریدا سەرەتا(( وەک شاعیرێکی کلاسیکی لە ناوەڕاستی سیەکاندا سەری هەڵدا، بەڵام وەک رۆشنبیرێکی زیرەکی سەردەمی خۆی هەردەم تینووی زانستی نوێ و بیری تازەبوو، بۆیە دەبێ ئەم ڕاستیە بڵێین کە دڵدار لە قۆناغیکی ئاڵۆز و پڕ لە تەنگ و چەڵەمەی کۆمەڵەی کوردەواریدا ژیاوە، ئەم ئاڵۆزیە لەناو بەرهەمی شاعیردا ڕەنگی داوەتەوە)) (( کەریم مستەفا شارەزا، 1987 : 19)).

لە ڕاستیدا دڵدار بە یەکێک لە قۆناغی دوای گۆران و پیرەمێرد دەژمێردرێت لە بەردەوامبوونی لەسەر ڕێبازی ڕۆمانسیەت و بەکارهێنانی وشەی سادە و بەکارهێنانی زمانی کوردی پەتی و کێشی خۆماڵی و کێش ئازادی وەهەروەها دێری هەست بڕگەی و چوار بڕگەی تێکەڵ کردووە.

کێشەکانی(هەزەج) و (ڕەمەڵ) و کێشی عەروزی بەکارهێناوە کە لەو سەردەمەدابەکارێکی نوێ هەژمار دەکراو لە ڕووی ناوەڕۆکەوە توانیوویەتی هەموو ئەو گرفت و کێشانەی کە تووشی کۆمەڵگەدا دەبن تووانیویەتی لە رووی ناوەرۆکەوە بیگەیەنێتە کۆمەڵگاوە وە هەروەها ((ئەم

هەنگاوی تاقیکردنەوە و بەرهەمە نوێیانەش زۆرتر لە شیعرەکانی (منداڵی هیوا، گوڵی سور، ئەی بای شەماڵ، خەندەکەی بایي، کوردستان) کەزۆرترین هەوێنی هونەری شیعریان گرتوتە خۆیان و زیاتر نیشانەی بەهرە و دەسەلاتی شاعیر یان تێدایە)) ((عبدالخالق علاء الدين، 1985 :168)) . وە لەهەمانکاتدا ((هەرچۆنێک بێت شاعیرانی ڕۆمانسیزم تاڕادەیەکی زۆر توانیوایانە بە وشەی تەڕ و پاراو ناسک وێنەی ناوەوەی خۆیان بکێشن و ڕەنگ ڕێژەی بکەن، ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ ئەو زمانە سادە و ساکارەی شاعیران لە بنیادی شیعرەکانیاندا بەکاریان هێناوە)) ((فەتاح ، 2013 : 119)) .

ئەمەش توانا و لێهاتووی شاعیر پیشان دەدات کەلەم بوارەدا توانیویەتی بەهەستە پڕ جۆش و خرۆشەکەی و بەهرە و لێهاتووەی وێنەی شیعرەکانی لە ناو کۆمەڵدا بێتە پێشەنگ لە هەستی نەتەوەیدا خۆی دەبینێتەوە لۆ لێرەدا شاعیر لە هۆنراوەی خەندەکەی بایی لە ڕووی ڕوخسار و ناوەڕۆکەوە تا بلێی ڕۆمانسیزمی و وشەی جوان و تەڕ و چێژ دار و واتا بەخشی پێشکەش بکات کە دەلێت :

لە ئافاقی ژیانی نا ئومێدیم خەندەکەی بایی

فرشتەی پاکی هیوامی نیشاندام و کە بیدوێنم

پرشکی تیشکی ئەستێرەی جوان ئیمشەویە بە ئەسپایی

هاتە نێو کونجی دڵی تاریکی پڕخوێنم

دەسادەی مەستەری هەستی

دەخێرا لا دەری پەستی

وەرەوە تا من بە ڕازی تۆنەمامی شادی بروێنم ((علاء الدين، 1985 : 196)).

## 2_2 تازەگەری لە مۆسیقای شیعریدا:

مۆسیقای شیعری بنەمایەکی هونەریي گرینگە لە شێوازی شیعریدا، چونکە مۆسیقا کاریگەری بەسەر هەستی بیستنی مرۆڤەوە هەیە،تەنانەت ڕادەی ناسکی گوێبستنی شیعری لای هەندێ مرۆڤ بە شێوەیەکی زۆر بە جوانی لەگەڵ ترپە و ئاوازی مۆسیقای شیعرەکە خاوەنی هەستێکی بەرز بێ لە پێشکەش کردنی مۆسیقای دەرەوەی شیعر، ئەوەندە زیاتر کاریگەری خۆی دەبێت،

چونکە مۆسیقایی شیعری رۆڵی تایبەتی خۆی هەیە لە چێشبەخشینی شیعریدا. ئەمەش هەریەکە لە مۆسیقایی دەرەوە و ناوەوەی شیعری رۆڵی خۆ تێدا دەبینی ، جگە لەوەش شیعر بەبێ مۆسیقا کاریگەری هەڵچوونی دەروونی لە دەست خۆیی دەدات. ((فەتاح ، 2013 : 181)).

وەهەروەها هەر لە پاڵ ئەمانەشدا(( مۆسیقاش هەستکردنی خوێنەر یان گوێگر بە ئاوازنەی کە دەنگەکانی وشەکان و جۆری هەست و سۆزی دەروون و مانانی وشەکان. لە ئەنجامی ترپەی برگەکان و پێکهاتنی پێیەکاندا بە کێشی هەلبسەتەکەی دەدات)) ((بیمار، 1992 : 11)) .

وە لەهەمان کاتدا مۆسیقا جۆرە هەستێکی ناسک لای گوێگری شیعر یان خوێنەرەکەی دروست دەکات. ئەمەش هەر یەکە لە مۆسیقایی شیعری کە لە دوو بەش پێک هاتووە وە هەروەها بەلایی ((کامیل ژیر))ەوە مۆسیقا و ئاوازی شیعر سەرجەم برگەکانی ناو هەنگاوەکانی دروست دەکەن، نەکو برگەی کورت و درێژەکان بەتەنیا، بەڵام لەبەرئەوەی لە کێش خۆماڵی دا هەموو برگەکانی ناو هەنگاوەکانی لە کورتی و درێژیدا وەک یەکتر نین، مۆسیقای شیعرەکەش بەلای ئەوەوە کاتێ دروست دەبێت، ئەگەر برگەکانی ویرای یەکیەتی ژمارەیان چەند تێبینیشیان وەکو یەکتری بێت)) ((بەکر، 2004 ، 21)).

وە لەهەمان کاتدا مۆسیقا جۆرە هەستێکی ناسک لای گوێگری شیعریان خوێنەرەکەی دروست دەکات. ئەمەش هەریەکە لە مۆسیقای شیعری کە لە دووبەش پێک هاتووە کە بە مۆسیقای دەرەوە و ناوەوە کە شیعر رۆڵی خۆی تێدا دەبینی((فەتاح، 2013 : 181 )) وە لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە مۆسیقای شیعری کە پێک هاتووە لە دووبەش :

**أ_مۆسیقای دەرەوەی شیعر:-**

ئاشکرایە مۆسیقای دەرەوەی شیعر وەک مۆسیقای ناوەوەی شیعر نییە، تەنانەت دەتوانین بڵێین هەستی بینین لە پاڵ هەستی بیستندا کاریگەری خۆی هەیە. چونکە شیعرەکە لە رێیی چاوەوە دەخوێندرێتەوە و لە رێی گوێوەوە دەبیسترێ. مۆسیقای دەرەوەی شیعریش زیاتر لە رێی گوێوە دەیبسترێ. مۆسیقای دەرەوەی شیعریش زیاتر لە رێی جۆری کێش و سەرواوە دیاری دەکرێت، چونکە شاعیر لە هەردوو شیعری کلاسیکی و نوێدا پابەندە بە پەیرەوی کردنی کێش و سەروا لە نێو شیعرەکانیدا، جا ئەگەر شاعیری کلاسکی پابەندبووبێ بە پەیرەو کردنییەک جۆرە کێش و یەک جۆرە سەروا لە سەرجەم بەیتەکانی شیعرکەیدا، ئەوا شاعیری هاوچەرخ ئازادە لە

هەڵبژاردنی چەند جۆرە کێش و سەروایەک لە نێو دێرەکانی شیعرەکانیدا ((رزگار عومەر فتاح، 188:2013)) وە لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کەوا مۆسیقایی شیعری بە پێی کێش و سەروایی شیعرەکە دیاری دەکات کەوا لە کام ئاستی شیعرەکە دا دەبێت .

وە لە راستیدا (( ئەگەر جاران کێش و سەروا وەکو دوو مەرجی سەرەکی شیعر بوو بن و پێمان وابوو بێ بە بێ کێش و سەروا ئاوازی دەرەوەی شیعر دروست نابێت)) ((ئەحمەد شاملۆ، 2002 : 280)) .

وەهەروەها شاهۆ سەعید لە بارەی ئاوازی دەرەوەی شیعریەوە دەڵێت ((هاوکێشی دەنگ لە نێوان هەموو جووڵە و بێ جولەکان و پیت و برگە و یەکەکانی ریتم، کە دەکرێ بە پێی پێوانەی کۆن و تازەی کێش و سەروا دەست نیشان بکەین)) ((بایز، 2013 : 155)) .

وە لە هەمان کاتدا (( لە شیعری کلاسیکدا سەرجەم بەیتەکانی شیعرەکانی خاوەنی یەک سەروابوو، بەڵام لە شیعری هاوچەرخ ئەم کێشەیە نییە. ئەمەش کێشەیەک بوو بۆ ئەوانەی ئەم جۆرە شیعرەیان دەنوسی، چونکە خاوەنی کێش و سەروا هەمە چەشنە کە ئەمەش کاریگەری خۆی هەیە، لە دروست کردنی مۆسیقای دەرەوە شیعر)) ((فەتاح ، 2013 : 188))

وە زۆربەی شاعیران هۆنراوەیان هەیە لەسەر مۆسیقای دەرەوی شعری وە هەروەها لە شیعرەکانی دڵداری شاعیر کە ئەم پارچە شیعرەکە لە مۆسیقای دەرەوەی شیعردا کە بە نموونەیەک کە دەڵێت :

کوردستانی خۆش، نیشتمانی جوان

تۆ قیبلە گاهی منی بێ گومـــــــان

چـــــاوم پێشکەوتووی شاخەکانتە

فێـــری سەیرانی بـــــــــاغەکانتە ((علاء الدین ، 1985 : 182))

**ب_مۆسیقای ناوەوەی شیعر: -**

شیعر وەک گیان و جەستە لە مۆسیقایی دەرەوەی شیعر، خاوەنی مۆسیقایی ناوەوەی شیعر . ئەم مۆسیقایە زیاتر لە ڕووی جۆری هەڵبژاردنی وشە نێو بەیتەکانی شیعر خۆی دەنوێنی . وە

هەرووەها بە بەکارهێنانی هەندێک دەنگ لە نێو دێرەکانی شیعردا دەتوانێت جۆرە مۆسیقایەکی ناوەوەی شیعری دروست بکات . ((فەتاح ،2013 : 193)) .

وە لە ڕاستیدا (( ئەگەر ئاورێکی مێژووی لە سروشتی پەیوەندی نێوان هونەر و ئەدەب بدەینەوە، بەر لەهەموو شتێک خزمایەتی شیعر لەگەڵ موزیکدا دەدۆزینەوە، خزمایەتیەک کە ئاواز دەباتەوە سەر وشەیان بە پێچەوانەوە)) ((سەعید ، 2003 ، 196)) .

وەهەروەها هەڵبژاردنی هەندێ وشەی وەک شادی و کامەرانی و خەندە و بزەی لێو تا دوایی، ئەوا جۆرە مۆسیقایەکی کاریگەری ناوەوەی شیعر دروست دەکەن و دەتوانن جۆرە هەڵچوونێکی گەشیبینی لە ناوەوەی خوێنەردا دروست بکات، وە بە پێچەوانەش ئەگەر وشەکان لە جۆری غەمناکی و بێزاری و هەتا دوایی بێت ئەوا جۆرە مۆسیقایەکی ناوەوە هاوەن جۆرە هەڵچوونێکی ڕەشبین دەبێت ((فتاح ، 2013 : 196))

وەهەروەها لە مۆسیقایی ناوەوەی لە شیعرەکانی دڵدار کە بەم شێوەیە بە دیار دەکەوێت کە دەڵێت :-

شاهبـــــــــاری یا شەهێنی، شاهی شەهلاریی تۆ

بێ دڵی بێ مروەتی عاشق کوژی خوێنخوازی تۆ

زاڵمی غارەت گەری تالان بەری تۆ بۆ گیان و دڵ

لـــــــــــەشکری تارتایە دوو زڵفەکەی تاتاری تۆ .

وەهەروەها لە دروست کردنی مۆسیقایی شیعری وەک کێش و سەروا :

**ـ کێش :-**

کێش یەکێکە لە ڕەگەزە گرنگەکانی شیعر و لە پاڵ سەروادا مۆسیقای شیعری دەهێت . بۆیە هەر شیعرێک بێ کێش بێت بوونی خۆی لە دەست دەدات . ((فەتاح ، 2013 : 188)) .

وە هەروەها کێش ڕەگەزێکی سەرەکی ئاوازی دەرەوەی شیعر (( بریتیە لە سەرجەمی ئەو پێیانەی دێرە هەڵبەستێک دروست دەکەن کە لە عەروزی عەرەبیدا تەفعلیەی پێدەڵێن)) ((بیمار، 1992 : 10)).

ئەگەر ئێمە باس لە دڵداری شاعیر بکەین لە کێش ، ئەوا دڵدار پەیوەست نەبووە بە شێواز و جۆرە کێشێک ((سەرەتا لەسەر پێدانی شیعری کلاسیکی و کێش عەروزی شیعری چنیووە بۆیە لە بەشێک لە شیعرەکانی ئەم جۆرە کێشەی پەیرەو کردووە(( دواتریش وردە وردە دەکەوتە گۆرینی کێش عەروزکە رەستەی شیعری کلاسیکی، بەرەو مەڵبەندی ڕۆمانسی و خۆ تاقیکردنەوەی چەند کێشیکی خۆماڵی ملی ڕێگای شیعر و داهێنان گرتە بەر)) ((کاکەی فەلاح ، 1918 : 108))

بۆییە لە ڕاستیدا دەکرێت هەندێک لە شیعرەکانی دڵداری شاعیر بە پێی یاساو دەستووری هەردووی کێش دیاری بکرێت، بۆ نموونە شاعیر لە شیعری (نائومێدی) دا کە لە (7) دێرە شیعر پێکهاتووە و کێش و عەروزی عەرەبی پەیڕەوکردووە هەروەک دەڵێت :

زەردەی تیری نیگاهی ڤیتنە پەرزداری نیگاریکم

*زە/دە/تی/ری/نی/گا/هی/فیت/نە/پە/دا/زی/نی/گا/ری/کم.*

U______________/U_______________/U___________________/U__________________

مفاعلین مفاعاین مفاعلین مفاعلین

گیرۆدەی دوای زولفی مشکباری گول عوزاریکم ((عبدالخالق علاء الدین، 1985 : 210))

*گی/ڕۆ/دەی/وی/زول/م/شک/با/دی/گوڵ/عو/زا/ری/کم*

وە دەکرێت کێشەکەشی پەنجەی خۆماڵی تێکەڵ بێت لە کێشی (16)بڕگەی و کێش(8) بڕگەیدا کە لە هۆنراوەی خەندەکەی بایی و بەرچاو دەکەوێت کە دەڵێت :

لەسەر ئەم خاکە گەر دیلین،دە ئێمەش ڕوو لە شادی بین (16)بڕگە .

فەرامۆش بکەین جارێ چەژەی شالاوی غەمگینێ (16)برگە.

بەدل رۆنی ییو روخۆشی (8برگە)

بەخەندە،نەک بە خامۆشی (8برگە)

**ـــ سەروا :-**

ڕەگەزی دووەم و سەرەکی پێکهێنانی ئاوازی دەرەوەیە ((بریتیە لەدەنگ یا کۆمەڵە دەنگەی (کە هەندێ جار بە برگە و لای هەندێ بە پیت ئاماژەی بۆ کراوە)لە کۆتایی وشە سەروادارەکان دووبارە دەبنەوە، ئەمە بە تایبەتی لە کۆتایی دێرە شیعرو هەندێ جار لە ناوەوەش دێت)) . ((گەردی، 1999: 21))

وەهەروەها شیعرەکانی دڵداری شاعیر سەرواداران لەم لایەنەوە ((کەم کورتی نییە و بەڵکو بڵێم کە قافیەکانی زۆر جوان شاعیرانەیە)) ((حلمی ، 1988 : 13))

وە لە شیعری (نائومێدی) دا شاعیر یەکیەتی سەروای پەیرەوکردووە وشەی کۆتای هەر حەوت دێرە شیعرەکە لە (5) دەنگدا هاوبەشن ووشەکانی سەروادران وو بریتی یە لە (نیگاریکم، عوزاریکم، مکارێکم، رۆژگارێکم، یاریکم، باریکم).

واتا لێرە دا شاعیر پەیرەوێکی جوانی سەروای کردووە. ((دەشتی، 2018 : 316)).

وەلەهەمان کاتدا لێرە بە دواوە شاعیرە وردە وردە دەکەوێتە گۆرینی کێشی عەروزەکە کەرەسەی شیعری کلاسیکی، بەرەو مەڵبەندی رۆمانسی و خۆ تاقی کردنەوەی چەند کێشیکی خۆمالی ملی ڕێگای شیعر و داهێنانی گرتە بەرو هات لەسەر کێشی پەنجەی ( 7 ، 8 ، 10 ، 11) چەند بەرهەمێکی سەر کوتی چنیوە و تابلۆی ئەم بەرهەمانەی بە وێنەی دڵگیری هەست و سۆز و بیری ورد جوان ڕازاندۆتەوە و ئەو قەناعەتەی دروست کرووە کە خاوەنی بەهرە و توانا و چێژێکی شاعیرانەی ئەوتۆ بوە کە بەوە ڕازی نەبووە کە لە بەرگی کۆت بەندی شیعری چاولیکەری بمێنێتەوە و بەرەو داهێنانی گرتۆتە بەر بایەخی بە لایەنی هونەری شیعر و زمان داوە . ((کاکەی فلاح ، 1918 : 108)) .

بارودۆخی سیاسی و رۆشنبیری کورد لە سالانی سی و چلە کاندا لێک بدرێتەوە، سەرسامی زیات پەرەدەسەنێت، باسکردنی ئەمەش بە چەند وتەیەکی سەر پێی تەواو نابێت و پێوستی بە لێکۆلینەوەیەکی تێرو تەسەل هەیە. ((بیمار، 2017 : 141))

### 3_2 تازەگەری لە ناوەڕۆکی شیعریدا:

لەسەرەتادا میلەتی کورد لە دوای شەری یەکەمی جیهانیەوە ڕووبەروی بارودۆخێکی نا لەبار و ناخۆش بووە، هەندێ لەو ناخۆشیانەش کە بریتی لە دابەش کردنی خاکی کوردستان و جێبەجێ

نەکردنی بە لێنەکانی ئینگلیز و زوڵم و زۆرداری تورک بەرامبەر بەکورد و لە سێدارەدانی سەرکردە کوردەکان و هەموو ئەم بارودۆخەی کوردستان کاری کردە لای شاعیرانی کورد تا ڕادەیەک وەزعی کورد و ئامانجی نەتەوەکەیان لە شیعردا دەربڕییوو بە مە کارێکی گەورە ڕێگایی ئازادی و سەربەستی ژینی بە ختیاری یان بەگەل نیشان دا بوو. ((باڵەکی، : 159)).

وە لە هەمان کاتدا هەر بابەتێک لەم بابەتانە شایانی لێدوان و لێکۆلینەوە ئەوانە گشتی لەگەڵ تەرچەکی سپی بەهاری دا بەراوردبکرێت و لەگەڵ بارودۆخی سیاسی و رۆشنبیری کورد لە ساڵانی سی و چلەکاندا لێک بدرێتەوە، سەرسامی زیاتر پەرەدەسێنێت ، باسکردنی ئەمەش بە چەند وتەیەکی سەر پێی تەواو نابێت و پێوستی بە لێکۆلینەوەیەکی تێر و تەسەل هەیە. ((عەبدوالرزاق بیمار، 2011 : 147)) .

وەهەروەها لە مینانەی ئەو گۆڕانکاریانە دا لە ڕێی کۆمەڵێک هۆکاری تری وەکو پەڕینەوەی کولتور و ئەدەبیاتی ئەوروپی و تورکی بۆ ناو ئەدەبی کوردی، چەند بابەتێکی هاتنە ناو شیعری کوردییەوە . ((باڵەکی، 2005 :159)) .

وە لەهەمان کاتدا دڵزاری شاعیریش لە قۆناغی یەکەمی شیعریدا ((وەک شاعیرێکی کلاسیکی لە ناوەڕستی سییەکاندا سەری هەڵدا، بەڵام وەک رۆشنبیرێکی زیرەکی سەردەمی خۆی، هەردەم تینووی زانستی نوێ و بیری تازەبوو . بۆیە دەبێت ئەو ڕاستە بڵێین کە دڵدار لە قۆناغێکی گەلێک ئاڵۆز و پڕلە تەنگ و چەڵەمەی کوردەواریدا ژیاوە، کە ئەم ئاڵۆزیەش لە نا بەرهەمەکانی شاعیردا ڕەنگی داوەتەوە) ((شارەزا، 1984 : 19))

وەهەروەها پێکهاتەی ناوەڕۆکی شیعری لای دڵدار شاعیر کە لە چەند بوارێکدا کاری کردووە وەکو (دڵداری، کۆمەڵایەتی ، نیشتمان پەروەری ، سروشتی کوردستان،.....) بۆیە لێرەدا دوو بابەت بە نموونە دەخەینە ڕوو:-

**ــ ناوەڕۆکی نیشتمانی:-**

ناوەڕۆکی سیاسی و نیشتمان پەروەری وەک چەمکێکی فراوان وە نەبێ لە ساڵانی بیستەکاندا شتێکی تازەبێت، بەڵکو ئەگەر بە مێژوودا بچینەوە، شیعری چەندین شاعیر دەبینن کە ئەم جۆرە بابەتانە پێکهاتەی ناوەڕۆکیان بوو، وەکو هەندێ لە شیعرەکانی شاعیران وەکو (ئەحمەدی خانی ، حاجی قادر ، سالم و .......)

بەڵام تازەیی شیعری شاعیرانی ساڵانی بیستەکان لەوە دایە کە ئەوان ئەو ناوەڕۆکیان پەیوەست دەکرد بەو گۆڕانکاری و باروودۆخە یەک لە دوا یەکانەی کە لەم ماوەیەدا بەسەر کورد و خاکی کوردستاندا هاتن.

((باڵەکی ، 2005: 160)) .

وە لە ڕاستیدا دڵداری شاعیر لە شیعرەکانیدا لەو سەردەمەدا کە ڕازی نەبووە بە دەسەڵاتی کۆنەخواز و کۆنەپەرست و کۆیلایەتی نادادپەروەری بۆیە کەوتە هاندان و هۆشیارکردنەوەی رۆڵەکانی گەلەکەمان بۆ کارکردن و هاتنە مەیدانی خەبات و گیانبازی لە پێناوی یەکسانی و ئازادی و دادپەروەربوو پێشکەتندا . ((بیمار، 2017 : 131))

وە هەروەها لە ڕایەکی تری سیاسی کە دڵداری شاعیر خۆی بڕوای پێ بووە کە گوتویەتی (هیچ جوڵانەوەیەکی شۆرشگێری سیاسی بەبێ سەرکردەیەکی دانا و لێ هاتوو ناگاتە ئاوات و مەبەستی، واتە سەرکردە لێخوری کەشتی سەرفیرازی جوڵانەوەیەکە)) ((علاءالدين، 1956: 9))

لە راستیدا دڵدار شاعیرێکی بەرز و بەهرە دار بووە بۆیە بەم شێوەلە شیعرەکانییدا هانی لاوان دەدات کە بۆ خەبات کردن و گەیشتن بە ماف و ئاوات و ئامانجەکانیان دژی داگیرکەرەکانی کوردستان کە شاعیر لەم شیعردا دەڵێت :-

-ئەی لاو-

ئەرێ ئەی لاو لە هیچ وەختێ نەکەی مەئیووسی ژینت بێ

دەبێ هـــــــەردەم عەزەم دار و دەوای دەرد و برینت بێ

لە مەیدانی تەقەدومدا تەلاشی ئەسپی نــــــــــەجاتت بێ

نماوی ئەسپەکەت (مکر) و (علم) و ئاوزینگ و زینت بێ

بەڵێ دائیم هورمەند بە لـــــــــــە مەیدانی نەبەردیدا

بەهۆی عەقڵ و هومرمەندیت دەبێ تیشکـی زەمینت بێ

لەنیوگەلدا ئەبێ ئیعلانی جەنگــــــی کەی لەگەل جەهلا

عیلم چەنک بێ لەم ئەم جەنگە وەتەن جێگای کەمینت بێ

لــــــه ڕێگای شان و بەرزایدا دوور ئەندێشیکی وریا بە

مە نافیع پەروەری میللەت ئەبێ ئامانجی ژینت بێ. ((علاءالدین، 1983 : 175))

**ـ ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتی:-**

لە ڕاسیتدا پایەی شیعری کومەڵایەتی بریتیە لە دەستنیشانکردنی دەردە کۆمەڵایەتیەکان وەکو ململانێ چینەکان و نەخۆشی داب و نەریتی جۆراوجۆری کۆن و نوێ کە تووشی کۆمەڵ دەبن، شاعیر بە دەست خامە ڕەنگینەکانیان دەیهۆنتەوە و کێشە و لایەنە گیروگرفتەکانی کۆمەڵ دەخەنە ڕوو، پەردە لەسەر هەموو ئەو لایە چەوتانە کۆمەڵ لا دەدات، لەهەمانکاتیشدا شاعیر هەوڵ دەدات بەوبیرو بۆچوونەو توانا لێهاتووی کە شاعیر هەیەتی بە دەربرینی شیعری کە چارەسەری ئەو دەردە کۆمەڵایەتیانە بکات کە لە ناو کۆمەڵگادا هەیە. ((سەید مینە: 132)) .

وە لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە شیعری کۆمەڵایەتی مامەڵە لەگەڵ دەردی کۆمەڵایتی دەکات، بیروبۆچوونی هەموو ئەم شاعیرانە کە پێشەنگێک و ڕێرەوێک بوون بۆ هەموو شاعیرانی دوای خۆیان کە لەسەری ڕۆیشتوون و پەرەیان پێداوە و فراوانیان کردووە، بێگوومان شاعیرانی کورد هەریەکە بە پێی بۆچوونی خۆیان مامەڵیان لەگەڵ دەردە کۆمەڵایەتیەکان کردووە و دڵداری شاعیریش بەهەموو توانا و لێهانتووی خۆی باسی کێشە و کۆمەڵاتیەکان دەکات و کەوا لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا هەبووە ، وەکو جیاوازی چینایەتی و نەخوێندەواری و گەلێک کێشەی کۆمەڵایەتی تر.

دڵداری شاعیر یەکێکە لەم شاعیرانەی لە شیعرەکانیدا باسی دەردە کۆمەڵاتیەکان دەکات، بۆ نموونە لەم شیعرەدا باسی لایەنی چینایەتی دەکات، کەوا چۆن جووتیار زەوی دەکێڵێت و دەرەبەگەکانیش بەرووبوومەکەی دەبن و دەیچەوسێنەوە، بۆنموونە لەم شیعرەی کە باس لە جووتیارێک دەکات بەناوی لالەباس ئەوە پیشان دەدات، کەوا چۆن دەربەگەکان بەرووبوومەکەی دەبەن دەیچەوسێنێتەوە وەک لەو هۆنراوەیەدا دەردەکەوێت:-

-

لالەباس-

ڕۆژێکــــــــی پایز لــــــــــە پێش نیوەڕۆ

لالـــــــــە باسم دیت زەوی ئــــــــــەدا تۆ

ڕووت و زگ والاّ پیـــــــر و تێکشکاو

پشتی چەماوە لــــــووت لەسەر ئەژنۆ

گۆچانی دەسی دەستەندووی جووت بوو

دەنگـــــی نوسابوو بەهێ هێ و هۆ هۆ

هــــــــەی ماندو نەبی لالۆی جووتیارە

ووتی هەربژی ڕۆلـــــــەی لەسەرخۆ

ووتم کـــــــاری جووت، ڕەنجی لاوێنی

زۆر دوورن لـــــەگەڵ پیرێکی وەک تۆ

ڕەسوولــــــەی کوڕت ڕەنجبەری چاکە

زەلامـــــی مل هور ، لاوی جوست و جۆ

کـــــــــوا بۆچی جووتت لەباتی ناکا

بـــــــــــۆچی تۆنادا، بۆچی نابرێ شۆ

هێندەی پێ کەنـــــــی، سەیرێکی کردم

دەستی خستە سەر ڕیشی وەک بەمـــــۆ

ئاگری لێ دەهات لـــــــە هەردوو چاوی

بڵێسە ئەدا وەک جووتـــــــێ پشکۆ

ووتی لـــــە هاوین کێخوا (کاکەسوور)

هاتە مالـــــــــەوە، بێ ی ووتم لالۆ

شایــــــەدی بدە زەوی (زێرین دۆڵ)

کـــــــەوا هین منە، قورئانیش بخۆ ((عەلائەدین، 1983 : 211)) .

## 3-ئەنجام:-

1_دڵدار لەسەرەتای نووسینی شیعردا بە سیمایەکی کلاسیکی و ناوەڕۆکیکی تازگەریانە دەستی پێکردووە، دواتر بەرەو ڕێبازی ڕۆمانیتکی هەنگاوی ناوە و دواین بەرهەمەکانیشی شێوازێکی ڕیالیزمی بەخۆوە گرتووە.

2_ دڵدار یەکێکە لە شاعیرە گەورەکانی کورد، کە بە هەستێکی ناسک و بیرێکی قوڵ و فراوان وێنەی واقیعی و دیاردەکانی ناو کۆمەڵگەی کێشاوە زۆر لە دەردە کۆمەڵاتییەکانی ئەو سەردەمەی خستۆتە ڕوو لەوانە هەژاری و دواکەوتنی کۆمەڵ.

3_ شاعیر زمانێکی سادە و ساکاری بەکارهێناوە لە نووسینی شیعرەکانیدا بۆ ئەوەی زۆرینەی خەڵک لە شیعرەکانی تێبگات، شاعیر جگە لە زمانی دایک، شارەزایەکی تەواوی لە زمانی عەرەبی و تورکی و فارسی و ئینگلیزی هەبووە و کەمێکیش فەرەنسی زانیوە، هەرئەمەش وای کردووە بیری شاعیر فراوانتر و بەهرەدارتر تازەتر بکات.

5_ ناوەڕۆکی شیعرەکانی دڵدار زیاتر دەچێتە چوارچێوەی شیعری تازەوە لەوانە ( خودو گەڕانەوە بۆ سروشت، نیشتمانی و نەتەوەیی و چینایەتی)

6_فۆرمی شیعری شیعرەکانی شاعیر فۆرمێکی تازە و جیاوازە بە بەراورد لەگەڵ فۆرمی شیعری کلاسیکی و شاعیرانی پێش خۆی.

7_ شاعیر توانیویەتی لە پاڵ ناوەڕۆکی شیعریدا، لە ڕووی زمان و مۆسیقای شیعری و وێنەی شیعرییشەوە داهێنان و گۆڕانکاری بکات و تازەگەری بە شیعرەکانی ببەخشێت.

**4–ليستی سەرچاوەكان:**


_ ئیسماعیل، ئەرسەلان بایز(2005) سیمایی شیعری كوردی دوای ڕاپەرین.

_ ئەحمەد، خورشید ڕشید(1989) ڕێبازی ڕۆمانتیكی لە ئەدەبی كوردی دا ، چاپخانەی جاحز، بەغداد.

_ ئەحمەد، پەخشان عەلی(2001) شێوازی شیعر، گۆران، نامەی ماستەر، كۆلێژی زمان، زانكۆی كۆیە.

_باڵەكی، یادگار رسول(2005) سیماكانی تازە كردنەوەی شیعری كوردی (1898–1932) چاپی یەكەم چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

_بەكر، محەمەد(2004) ، كێش و ریتمی شیعری فۆلكلۆری كوردی،دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی ئاراس، هەولێر.

_ بیمار، عەبدوالرزاق(2017) لە سێبەری ڕەخنەی لێكۆلینەوەدا، چاپی یەكەم.

_ بیمار، عەبدوالرزاق (1992)كێش و مۆسیقای هەڵەبستی كوردی، چاپی یەكەم، چاپخانەی (دار الحریە)، بەغداد .

_ (بێدار) ، جمال حبیب الله(2013) دەروازەی شیعر ناسین، چاپی یەكەم، هەولێر.

_ حلمی، ڕەفیق (1988)شیعر و ئەدەبیاتی كوردی، بەرگی یەكەم، چاپی خوێندنی باڵا، هەولێر ..

_ حسین، هیمداد (2005)ڕێبازە ئەدەبیەكان ، چاپی یەكەم، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر،

_ حسن پاڵەوان، صەلاح (2010) شیعری كراوە، چاپی یەكەم، هەولێر.

_ خەزنەدار، مارف (1966)دیوانی نالی و فەرهەنگی نالی – بغداد.

_ دەشتی ، عوسمان(2018) دڵدار، شاعیری ڕەسەنایەتی زمان و شیعر و هونەری نەتەوەیی.

_ ڕەسول، شكوریە( 1989) ئەدەبی كوردی و هونەرەكانی ئەدەب.

_ سابیر، پەرێز(2006) ڕەخنەی ئەدەبی كوردی مەسەلەكانی نوێكردنەوەشیعر، چاپی یەكەم، هەولێر،

_ سەید مینە، مستەفا ، پایەی وەفایی لەناو شاعیرانی سەدەی نۆزدەهەمی کرمانجی خواروو.

_ سەعید، شاهۆ (2003)ڕیتم لە نێوان شیعر و مۆزیکدا، گ ئاینده ، ژمارە 50_ 51.

_شارەزا، کەریم مستەفا(1984) دڵدار و شیعری ڕۆمانیسزم، گۆڤاری کاروان ژ 25، هەولێر.

_ شاملۆ ، ئەحمەد(2002) گ ئاینده، ژمارە 38 ، سلێمانی

_ عزیز، شەرمین ئیبراهیم (2006)پەشێو تازەکردنەوەی شیعری کوریدا، چاپی یەکەم، هەولێر ،

_ علاءالدین، عەبدوالخالق (1985)دڵداری شاعیر شۆرشگێری کورد، چاپی دووەم، چاپخانەی (دار افاق العربیه) بەغداد.

_ عومەر ، حەسەن عەلی (2002) ڕۆمانسیەت لە هۆنراوەکانی پیرەمێرد، نامەی ماستەر.

_ فتاح ـ ڕزگار عومەر (2013) ڕۆمانیسزم لە شیعری هێمن و محەمەد نوری دا، چاپي یەکەم، هەولێر.

_ قادر، حەمە حەمە ئەمین ،کاکەی فەلاح،(1918) ، کاروانی شیعری نوێ کوردی ، بەرگی یەکەم، چاپخانەی کۆری زانیاری کوردی ، بەغداد ،

_ گەردی، عەزیز (1974) ، ئەدەب و ڕەخنە، چاپخانەی (الحوادث) بەغداد.

_ میرزا ، ئاڤان علی (2001) فەرهەنگی شیعرەکانی سالم، لەبەر ڕۆشنایی ئەدەبی فارسیدا، ماستەر نامە ، سلێمانی ،

# زمانی شیعری

# لە شیعرەکانی ئەختەردا

## زمانی شیعری لە شیعرەکانی ئەختەردا

### 1-پێشەکی:

ئەم توێژینەوەیە کە لە ژێر ناونیشانی(زمانی شیعری لە شیعرەکانی ئەختەردا)یە. هەوڵێکە بۆ تیشک خستنەسەر هەندێک بابەتی گرینگ و زیندوو، کە پەیوەستە بە بواری شیعرەکانی ئەختەری شاعیر. لە هەمان کاتدا خستنەڕوی هەندێ لایەنی شاراوەی ئیستاتیکای زمانی دەقی شیعرییە، کە بە پێی پێویست لای لێ نەکراوەتەوە ..

زمانی شیعری زمانێکی تایبەتە بە خودی شاعیر، لە زمانی ئاسایی و ڕۆژانەدا جیاوازە ، ئەگەرچی زمان هەر لەسەرەتایی پەیدابوونیەوە هۆکاری لەیەکترگەیشتن و پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان بووە، بەڵام لە شیعردا سروشتێکی تایبەتی وەردەگرێت، لێرەدا ئەرکی شاعیر بریتییە لە زمانی شاعیر لەو شێوە زمانەی کە هەیەتی کە بریتییە لە دەنگ و ڕەنگی شێوە زمانێکی تایبەتی شیعری.(ئەختەری) شاعیریش زمانێکی شیعری تایبەتی بە خۆی هەبووە، لەم ڕێگەیەوە خزمەتی بە زمان و ئەدەبیاتی کوردی کردووە.

هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە ئاوەڕدانەوەیەکە لە ژیانی و بەرهەمەکانی یەکێک لەو شاعیر و ئەدیب دۆستانەی کە لەسەردەمی خۆیدا خاوەنی چەندین بەرهەم و نموونەی شیعری بووە و خزمەتی بە زمانی کوردی کردوە تا دوا هەناسەکانی، تا ئێستاش ناوێکی بڵند و دیارە لە ئەدەبیاتی کوردیدا.

دیارە ئەنجامدانی هەر کارێکی ئەدەبی بێ گیروگرفت نابێت ئەم لێکۆڵینەوەیە تووشی هەندێک گرفت بووین، لەوانە کەمی سەرچاوە، چونکە ئەگەر چی دەربارەی زمانی شیعری سەرچاوە زۆرە، بەڵام لە زمانی شیعری لای ئەختەر و ژیانامەی شاعیر، چەند سەرچاوەیەکی کەمی هەیە دەتوانین بڵێین تا ئێستا بەپێی پێویست کاری لەسەر نەکراوە.

گرینگی توێژینەوەکە: لە مێژوویەکی زۆر کۆنەوە میلەتی کورد خاوەن زمانێکی خۆماڵی پەتی و مێژوویەکی پڕ لە ئەدەبیات و شیعر بووە، بۆیە بەردەوام لە ژێر هەڕەشەی داگیرکاری و لەناوبردنی زمان و کلتوور و ئەدەبیاتی کۆمەڵگای کوردیدا بوون لەلایەن دوژمن و نەیاراندا. شاعیرانی کوردیش خاوەن زمانێکی شیعری تایبەت بە خۆیان بوون، لە ڕێگەی زمانی شیعریەوە چەندین بەرهەم و ژانەری ئەدەبیان نووسیەوە، شاعیران زمانێکی جیاواز و سەرنجڕاکێشیان بەکارهێناوە جیاواز لە زمانی ئاسایی کە شاعیران لە ڕێگەی زمانی شیعری خۆیانەوە بەردەوام

لە هەوڵی ڕزگار بوون و بەرەوپێش بردنی زمان و ئەدەبیاتی میلەتی کورد دا بوون، چونکە زمان ناسنامەی کۆمەڵگایە.

سنوری توێژینەوەکە: زمانی شیعری وەک زمانێکی جیاواز لە زمانی ڕۆژانەدا، لە ناو ئەدەب و ژانەرەکاندا ڕەنگی داوە چونکە زمانی شیعری باشترین ڕێگایە بۆ نووسین و بەرجەستەکردنی ئەدەب و ژانەرەکان. قسەی ڕۆژانە جیا دەکاتەوە لە بابەتی هونەری و ئەدەبی، بۆیە سنووری توێژینەوەکەمان لەچوارچێوەی زمانی شیعری شیعرەکانی ئەختەر دەخولێتەوە. کە ناوێکی دیارە لە نێو ئەدەبی کوردیدا.

ئامانجی توێژینەوەکە: زمانی شیعری زمانێکی تایبەتە بە شاعیران و ڕێگایەکە بۆ نووسین و جیا کردنەوەی دەقەیکی ئەدەبی لە دەقێکی ئاسایی، کوردیش خاوەن مێژوو و ئەدەبیتێکی کۆن و بەرزە، ئێمەش لەم توێژینەوەدا تیشک دەخەینە سەر چۆنیەتی ڕەنگ دانەوەی زمانی شیعری، لە شعرەکانی ئەختەری شاعیردا.ئامانجیشمان نیشاندانی ڕۆڵ و کاریگەری زمانی شاعیرە کە ڕەنگی داوەتەوە لە نێو مێژووی ئەدەبیاتی کوردیدا. بەڵام لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا ئەم ڕەنگدانەوەیە بە شێوەیەکی کەم بەرچاو دەکەوێت ڕوو لە کاڵ بوونەوە چووە، بۆیە لەڕێگای ئەم توێژینەوەیە دەمانەوێت خزمەتێکی بچووک بە ئەدەبی کوردی بکەین، چونکە لە ڕێگای زمانی شیعریەوە دەتوانرێت ژانەری ئەدەبی و نمونەی شیعری و دەقی بەهێز و سەرنجڕاکێش بنووسرێت دوور لەو زمانەی کە ئەمڕۆ بەکاردەهێنرێت

ناوەڕۆکی ئەم توێژینەوەکە: ئەم توێژینەوەیە بە شێوەیەکی گشتی لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم دابەش بووە بەسەر سێ تەوەر، تەوەری یەکەم باس لە کورتەیەک لە ژیان و بەرهەمی شاعیر دەکات. تەوەری دووەم باس لە چەمک و پێناسەی زمانی شیعری دەکات. تەوەری سێیەم باسی کاریگەری زمانی شیعری دەکات. بەشی دووەمیش لە سێ تەوەر پێکهاتووە، تەوەری یەکەم باسی کاریگەری زمانی شیعری لە شیعرەکانی شاعیردا دەکات، تەوەری دووەم باسی بەکارهێنانی زمانی سادە و ئاڵۆز و بەرز دەکات، تەوەری سێیەم باسی بەکارهێنانی زمانی پەتی و خۆماڵی زمانی بێگانە لە شیعرەکانی شاعیر دادەکات.

## 2- دەروازەیەکی تیۆری دەربارەی زمانی شیعری:

زمانی شیعری پێگەیەکی بەرز و بەهێزی لە شیعردا هەیە و شاعیری بە توانا ووشە تەنیا بەو مانایەی لە فەرهەنگدا هەیەتی بەکارناهێنێت، وزەی نوێیی پێدەبەخشێت و ژیان بەبەر ئەو

ووشانەدا دەکاتەوە کە لەمردندان. ئەرکی هونەر ئەوە نییە لە دەرگا وازەکانەوە بچێتە ژوورەوە و ، بەڵکو دەرگا داخراوەکان بکاتەوە.

ئیلۆت دەڵێت: ((زمانی شیعری پێویستە لە ئاستێکی بەرزدا بێت. زمان بنەڕەتێکی سەرەکییە لە هەموو دەقێکدا بەتایبەتی دەقی ئەدەبی)).(محمود،٢٠١٢:١٥١)

دەقی ئەدەبی یان شیعر جۆرێکە لە هەڵکۆڵین و کارکردن لەنێو زماندا، کاتێکیش شیعر دەنووسین دەبێت زۆر ئاگاداربین لە چڕکردنەوەی زمان. زمان تا چڕتربێت بەهای دەقی ئەدەبی یان هەر ژانەرێکی تری ئەدەبی سەرنجراکێشتر دەبێت بەلای خوێنەر. چونکە زمانی شیعری دوورە لە درێژ دادڕی و ووشەی لاوەکی.

ئەرستۆ ڕای وایە:(( زمانی شیعری لە زمانی ئاسایی جیایە و بۆ ئەوە دەچێت کە شاعیر مافی ئەوەی هەیە زمانێکی تایبەت بەکاربهێنێت، کە لە زمانە ئاسایی و بڵاوەکەی ناو خەڵک دوور بێت. هەروەها پێی وایە زمان لە شیعردا دەبێت ڕوون بێت و نابێت پەرپووت بێت)).(ئەحمەد،٢٠٠٧،١٦٧)

هەروەها زمانی شیعری کۆپیکردنی واقیع نییە دەبێت زۆر بە وریایی دەست بدەینە ووشە و ڕستە، زمانی شیعری زمانی گفتوگۆ و باو نییە. بەڵکو زمانێکی ڕەهایە و سنووری بۆ نییە، ئەگەر من بمەوێت زمانی شیعری لەهایکۆیەکدا دەستنیشان بکەم دەڵێم: هەنار نەزیفی بەربووە. چەقۆ چۆتە خولی سەربڕین. بەڵام ئەگەر بە زمانی گفتوگۆ قسە بکەم دەڵێم هەنار بە چەقۆ لەت دەکەین.

زمانی شیعری وەک ئامەژەی پێدراوە دەبێت هەڵکۆلین و داتاشین و هەڵخلیسکانی تێدابێت. لەگەڵ چڕی.

وەک مەولانا دەڵێت: ((لەبارەی چڕکردنی زمانی شیعری دەبێت دەریایەک لە گۆزەیەکدا جێبکەینەوە. بۆیە ئەوانەی شیعر دەنووسن دەبێت بە ئامەنەتەوە دەست بدەنە زمانی شیعری)).(هەڵەبجەیی،٢٠١٧:٧)

زمان دیاردەیەکی سروشتی و کۆمەڵایەتییە و دەورێکی گرنگی هەیە لە ژیانی مرۆڤ، هەرگیز ناکرێت لێی جیاێتەوە. پێویستە پەیوەندی مرۆڤ لەگەڵ خەڵکی تر و دەورووبەری دیاری دەکات پەیوەندی بە مێژووی بوونی مرۆڤەوە هەیە. لە ژیانی ڕۆژانەدا هۆیەکە بۆ لەیەکتر گەیشتن و گواستنەوە و ئاڵوگۆڕکردنی زانیاریەکان و ئاڵوگۆڕکردنی بیر و ڕا و بۆچوونی جیاواز. گەیاندنی

له قسەکەرەوە بۆ گوێگر، ووشەکانیش دەبێت لای خەڵکی باو و ئاسایی بێت. بەڵام زمانی شیعر و ژانەرە ئەدەبییەکان جیاوازە و جۆرێکی ترە. ڕوویەکی تایبەت وەردەگرین هەندێکجار چڕی ئاڵۆزی پێوەدیارە. ناتوانیت بە ئاسانی تێبگەیت بەتایبەت لە شیعردا، چونکە زمانی شیعری جیاوازە و ڕستەی شیعری خەسڵەتی تایبەت بە خۆی هەیە چونکە( شیعر شتێکە و زمان شتێکی ترە، چونکە ئەوەی زمان دەکات بە زمانی شیعری خوودی شاعیرە).(حەوێز،٢٠١٨: ٢٢٣)

چونکە ووشەکان لە زماندا بەپێی بەکارهێنانی مەبەستی شاعیرە و دانانی لە شوێنی گونجاو واتاکەی دیاری دەکات، دەیکاتە ووشەیەکی شیعری. شاعیر و ووشە لە زمانی خەڵکی و دەورووبەری خۆی وەردەگرێت و بەپێی هەست و خەیاڵی داهێنان و لە دەربڕینی واتاکەی دەکات. کەواتە ئەرکی شاعیر لێرەدا بەرزکردنەوەی زمانە لە شیوازە گشتییەکەی و گۆڕینەوەی بۆ دەنگی تایبەتی و ئەوەش لە ڕیگای بینین و بەهرەی تایبەتی شاعیر خۆی دایدەنێت و ڕێکیدەخات

## 3-کورتەیەک دەربارەی ژیان و بەرهەمەکانی ئەختەری شاعیر:

ئەختەری شاعیر ناوی تەواوی کاکەمین (محمد ئەمین)ە کوڕی (حاجی بەکر ئاغای محمد ئاغای حەوێز ئاغای حەوێزی)ە، باوکی لە دروستکردنی (قاوەخانە) کە لە شیعرێکدا بە فارسی دایناوە بە (محمد) ناوی هێناوە، (حاجی قادری کۆیی)یش لە شیعرێکدا (محمد) وە جارێکیش بە (ئەمین ئاغا) ناوی هێناوە. لە ساڵی(١٢٥٥)کۆچی، (١٨٣٨-١٨٣٩)زاینی لە کۆیە لە دایک بووە، دایکی ناوی (حەلیم خانە) کچی (حاجی یاسین)بووە، کە بە (ئۆیا) ناسراوە، هەتا تەمەنی دە ساڵی هەر لە کۆیە لەلای (مەلا سمایلی مەنتک) قورئان و فارسی خوێندووە وە نووسین فێربووە، لە پاشان لەگەڵ(ئەسعەد ئاغا)ی برای، باوکی دەیانباتە بەغداد، لەلای (مەلا طەی دیهمەلانی) دەرس وەردەگرن، لەو ماوەیەدا بەهۆی مردنی باوکیان پەکی خوێندنیان دەکەوێت و دەگەڕینەوە کۆیە. سەبارەت بە نازناوەکەی دەوترێت: ((ئەختەر لە سەرەتای هۆنینەوەی شیعرەکانی نازناوی ئەمین بووە، بەڵام لە دوایدا کردوویەتی بە ئەختەر))، وە دەتوانین بڵێین(( بۆ ئەوەی نەناسرێتەوە لەقەبی لە (ئەمینی) کردە ئەختەر مەلا ڕەئووف ئاغای سلیم ئاغا دەڵێ: (( ئەمین ئاغا بۆیە ئەختەری کردە لەقەب، مەبەستی لە بڵندی بوو نەک خاکی سەر زەمین، دەیان گووت: ((فڵان ئەستێرەی بەخت و سەعادەتی بەرزە)).(حەوێزی،٢٠٢٢:١٨-١٩)

ئەمین ئاغای شاعیر:

هەر لە ڕێچکەی بەکر ئاغای باوکی، ((ئەمین ئاغا هەر لە منداڵییەوە هەوای شیعر وتنی لەسەردا بووە، شاحیرێکی خۆڕسک بووە دیوانی زۆر شاعیرەکانی، کوردی، فارسی، تورکی،عەرەبی، لەلا بووەوە خوێندۆتەوە. ئێجگار عەشقی(ڕابی) بووە ئەوەندەی تر ئیلهامی زیادکردووە. هەتا خرایە گۆڕ کڵپەی ئاگری عیشقی ڕاستەقینەی لە دڵیدا بڵێسەی سەندبوو، بە هیچ ژیر نەدەبۆیەوە، هەندێ شیعریهەیە لە پایە و مەقامی ئەو ناوەشێتەوە بەڵام (عیشق کاریە).(حەویزی،٢٠٢٢:١٩-٢٠)

ئەختەری شاعیر ئەوەندە لەگەڵ شیعر و شاعیراندا دۆست و هاوڕێ بووە دیوەخانەکەی هەردەم مۆنجەی هاتووە لە شاعیر و ئەدیبا، گەلێک جار شاعیرە بەنەوبانگەکانی ئەو سەردەمە وەک (حاجی قادری کۆیی) سەردەمێک بوو لە دوایش دا(کەیفی و شێخ ڕەزای تاڵەبانی) لەلای کۆبوونەتەوە و بە باسی ئەدەب ڕایانبواردووە کاتیان بردۆتە سەر، یاخود بە نامە نووسین چەپکە گوڵی ئەدەبیاتیان بۆیەکتریان ناردووە. ئەختەر تەنها شاعیر نەبووە، بەڵکو هونەرمەندێکی ڕسەنی مۆسیقا و گۆرانی بووە ئاوازی بۆ هەندێ شیعری کوردی داناوە ، جگە لەوەی شیعری خۆی کە دەکەوێتە بەر دەنگی گۆرانی بێژان ئاوازەکانیان لەلایەن شاعیرەوە دانراوە. هەروەها هەندێ جار بۆ ئاوازێکی دیاریکراو شیعری هۆنیتەوە، بایەخی بە گۆرانی سروودی میلی(فۆلکلۆر) داوە. دیوەخانەکەی مەڵبەندی وێژە و هونەر بووە. بە گیشتی ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە لە ژیانی خوێندەواری کۆمەڵی کۆیە لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەمدا ئەختەر لە ساڵی ١٨٨٨ز لە کۆیە کۆچی دوای کردوە و لە گۆڕستانی عەرەبیان لە تەنیشت باوکی نێژراوە.(حەویزی،٢٠٠٢ :٣٠)

### 4-چەمک و پێناسەی زمانی شیعری:

زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیە و هۆیەکە بۆ پەیوەندی کردن و تێگەیشتن و پاڵنەرێکی سەرەکی گەشەسەندو و پێشکەوتنی ڕەوتی ژیان و کاروانی مرۆڤایەتییە. لە هەمان کاتدا تەنیا هێمایەکی ڕووت نییە بۆ گوزارشتکردن و شتە ئاماژە پێکراوەکان، بەڵکو زیندوون و لە جووڵە و گۆڕان دان جگە لەوەی لایەنێکی بنەڕەتی هەموو شاعیرێکی گەورە و داهێنەرە. هەروەک هەموو شیعرێکی نەمریش بەبێ زمانێکی بەرز لە جوانی و ناسکی و تەڕ و پاراوی ڕەسەنایەتیدا نایەتەدی. پۆل ڤالێری: (( شیعر زمانە لە مەودای زماندا)). بۆیە دەتوانیی بڵێین زمان  ناسنامەی شاعیرە واتا شاعیر بەهۆی ئەو زمانەی شیعرەکەی پێدەنووسێت دەناسرێتەوە. جا چەند توان و زمانی شیعری بەرز بێت ئەوەندە خوێنەری زیاد دەبێت.(فەتاح،٢٠١٣: ١٧٧)

هەروەک لە پێشەوە ئاماژەمان پێکرد، کە زمانی شیعری لە زمانی ئاسایی خەلک جیایە، چونکە لە زمانی ئاساییدا ڕۆڵی زمان تەنیا وەک ئامراز و هۆکارێکی گەیاندنە. بەڵام لە زمانی شیعریدا ڕۆڵی زمان بۆ شێوازێکی تری بەکارهێنان دەگۆڕێت، ئەویش بە کارهێنانی هونەریە، نوسینی ئەدەبی لە نوسینی ئاسایی جیا دەکاتەوە. بۆیە (شێخ نووری شێخ سالح) لەم بارەیەوە دەڵێت: ((ئەساسی ئەدەبیات جوانیە. یانی لیباسێکی جوان بدرێت بە واتایەک)).(ئەحمەد،٢٠٠٧: ١٦٨)

واتا شێوازێکی نوسینی کەسێکی ئاسایی جیاوازە لە خودی شاعیر چونکە ئەو چەندین جوانکاری مەبەستی هەیە لە پشت هەر ووشەیەک کە دەری دەبرێت، زۆر جار لای ئێمە شیکردنەوە و تێگەیشتنی ئاسان نابێت. زمانی شیعری ووشەکان ڕێک دەخات و پڕ واتایان دەکات و واتایەک درووست دەبێت لە نێوان واتای درووست و واتا خوازە.

هەروەها یۆنان و ڕۆمانەکان گرینگی زۆریان بە زمانی شیعری داوە بەردەوام لەم بوارەدا جێگەی دەستیان دیار بووە. هۆراس دەڵێ: ((لەبواری زمانی شیعریدا پێویستە گرینگی بە ووشە بدرێت ، ئاگاداری شاعیر دەکاتەوە کە ووشەکانی سڕ و مردوو نەبن کاتێ ئەرکی شیعر دەربڕین و نوێکردنەوەیە، دەبێت ووشەکانی بەردەوام زیندوو پڕ واتا و ژیان بێت)).(ئیبراهیم،٢٠١٢: ١٦)

واتە دەبێت شاعیر گرینگی بە ووشەکان بدات و ووشە و دەستەواژەی نوێ بەکار بهێنیت لەگەڵ سەردەم و کۆمەڵگادا بگونجێت وە ڕەچاوی کۆمەڵانی خەڵک بکات لە ئاستی تێگەیشتندا، واتە ووشەکان لە ئاستی سادە و ناوەند و ئالۆزدا بن.

ئەفلاتوون ڕای وایە: ((لە ڕێگەی تیۆری ڕەوشتیەوە دەیڕوانیە شیعر، پێوەری ئەو ڕادەی ئەو سوودە زانستی و ڕەوشتییە بوو کە شیعر دەتوانێت بە خەڵکی بگەێنێت، هەر لەبەر ئەوە هەڵوێستی بەرامبەر  شیعر و شاعیران توند بوو)).(ئیبراهیم،٢٠١٢: ١٥)

واتە بە ڕای ئەفلاتوون شیعر بێسوودە ئەگەر سوودێکی زانستی ڕەوشتی بە کۆمەڵگا نەگەیەنێت، واتە ئامانجی شیعر زمانی شیعری خزمەتکردنی کۆمەڵانی خەڵکە لە ڕێگای شیعر زمانەوە خزمەت بە کۆمەڵگا بکات سوودێک بگەیەنێت.

## 5- کاریگەری زمانی شیعری لە شیعرەکانی شاعیردا:

زمانی شیعری لە سەرەتای سەرهەڵدان و درووست بوونی ژانەرە ئەدەبیەکانەوە هەیە، لەلایەن شاعیرانەوە وەک زمانێک پەیڕەوکراوە لە نووسینی ژانەرە ئەدەبییەکان. هەر شاعیرێک زمانێکی تایبەت بە خۆی هەیە جیاوازن لە یەکتری، شاعیر لە ڕێگەی زمانەکەیەوە دەناسرێتەوە خوێنەریش کاریگەری زمانی شاعیرانەوە هەستی خۆی دەخاتەڕوو چێژ لە شیعر و دەقی ئەدەبی وەردەگرێت.

دواجار هەموو پرسێک ڕۆلان بارت دەڵێ: ((لە تەماشاکردنی نووسەردا، ڕاستەوخۆ ئەو کەسەمان دێتە خەیاڵ کە لە نیشتیمانی زمان نیشتەجێیە)).(مستەفا،١٩٩٧: ٤٧)

ڕێکەوتی شیعری نین، بەڵکو واقعی کۆمەڵایەتی ژینگەیی، زمانی شاعیر لەسەری دەکەوێتە دەق و داڕشتنی ڕووداوەکان. کەواتە زمان ستوونی مانەوە و زیندوو هێشتنەوە و دەقی ئەدەبیە، چۆن بۆیەی ڕەنگاوڕەنگ لە جوانکاریدا دەخریتە ڕوو، قوڵتر لەمە زمان وێنەی دەق بە ڕەنگی هەمە جۆر دەخاتە ڕوو.

یاکوبسن دە ڵیت: ((شیعر بەرهەمی توانایی جوانکاری زمان و هێرشێکی ڕێکخراو و ئاگایانەیە بۆ سەر زمانی ڕۆژانە)).(عبدالله،٢٠٠٧: ٣٤)

هەر بۆیە هەندێک زمانەوان بە گیشتی هەندێک فەلسەفەی تایبەت ئاوڕێک لە لایەنەکانی زمان بدەنەوە بەتایبەتی بە شیعر دەناسرێت چونکە ئەوەی لە زمانی زانست هەیە ئەوەیە کە بەرەو تاک واتایی دەڕوات لە چەند واتایی کەم دەکاتەوە، بە شێوەیەک کە ووشە تەنیا واتایەک بدات و نەک چەند واتا، بەڵام لە شیعردا هەوڵ دەدرێت ووشەکان زۆرترین واتا هەڵگرێت زێدە باری زمانی زانست ئامێری لایەنی سۆزداری زمان لە دەستدەدات و واتە سۆزی تیدا نامینێ بە پێچەوانەی زمانی شیعر شێوەی هەرە بەرزی زمانی سۆزە، بۆ ئەوەی لە ئامێری بوون ڕزگار بێت دەبێت گرینگی بە زمانی شیعر بدرێت، چونکە زمانی شیعر شۆڕشێکە دژی کەمکردنەوەی چەند واتایی و سۆز لە زمانی ڕۆژانەدا.

لەم بارەیەوە شاعیر ویستوویەتی بەهۆی زمانی تایبەتی خۆی گوزارشت لە بیر و بۆچوون و هێزی خۆی بکات و پەیامەکەی بە خوێنەر بگەیەنێت و کاریگەری دروست بکات.

دیارە سەبارەت بە زمانی شیعری تێڕوانین و بیر و بۆچوونی جیاواز بەدی دەکرێت، هەر شاعیرێک بە شێوەیەک کاریگەر بووە بە زمانی شیعری.

لەم بارەیەوە هاوزر دەڵێ: ((شیعر پتر لە شتی تر بە فەلسەفەوە بارگراوی کراوە)). (محمود،٢٠١٢: ١٢). یەکێک لە بنەما و ناوەڕکی شیعر یان زمانی شیعری ئەوەیە هەر کاتێک ئەفسووس و جادوی خۆی لە دەست دا جگە لەبیر، بە دوای شتیتر کەوت ئەوا زمانێکی شیعری بەهێز و ڕەسەن نییە، بۆیە وا باشە پێ لەسەر ئەوە دابگرین کە مەرجی بە شاعیر بوون و شیعرایەتی، بابەتێکە لە شتی باوەڕ پێکراوە دانابڕێت.

لە ڕاستیدا زمانی شیعری لە شعرەکانی ئەختەری شاعیردا پێگەیەکی بەرز و بەهێز و کاریگەری هەیە بەڵام شێوازی ئەم کاریگەریە و چۆنیەتی بەکارهێنانی زمانە شیعریەکە بەپێی قۆناغەکانی شیعری لەلایەن شاعیرەوە بەپیی پێویستی سەردەمەکە و بابەتەکان و ئەو کاریگەریانەی لەسەر شاعیر هەبووە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، بۆیە زمانی شیعری لە دەقە شیعرەکانی شاعیرەدا، چەند شێوازێکی جۆراو جۆری لە خۆی گرتووە، کە دەتوانرێت لە زمانێکی سادەوە بۆ ئاڵۆز و لە کوردیەکی پەتییەوە بۆ زمانێکی تێکەڵ بەدی بکەین. لەسەرەتاکانی قۆناغەکانی تەمەنی شیعری شاعیردا زیاتر زمانێکی تێکەڵ و فرە زمان لە شیعرەکانی بەدی دەکەین بەڵام لەبەرهەم و دەقە شیعریەکانی دا شاعیر جەخت لەسەر زمانی کوردی پەتی و ڕەوانی و سادەی لە زمانی شیعری کردۆتەوە، ئەمەش زۆر بە ڕوونی ئاشکرایە لە دەقە شیعرەکانی بەدی دەکرێت.ئەزموونی شاعیر لە ڕووی زمانی شیعریەوە وایکردوە زیندوویەتی و بەردەوامی ئیستاتیکەت بە شیعرەکانی ببەخشێت، شاعیر لە ژێر کاریگەری ئەدەبی گەلانی دەوروبەر وەک عەرەبی و فارسی و تورکی لە هەندێک نمونە شیعرەکانی زمانی بێگانەی بەکارهێناوە و وەک ووشەی عەرەبی و فارسی. شاعیر بەپێی قۆناغ و ڕووداوەکان شیعری نووسیوە خزمەتی بە هونەر و ئەدەبیاتی کوردی کردووە. شاعیر لە هەندێک کاتدا زمانێکی سادەی بەکارهێناوە و دوور لە ئاڵۆزی، بۆ ئەوەی بەجوانی مەبەست شاعیر بگات بە هەموو چین و توێژێک. هەندێک کات زمانێکی شیعری قورس و ئاڵۆزی بەکارهێناوە کە بە ئاسانی هەموو کەسێک ناتوانێت لیی تێبگات و لێکدانەوەی بۆ بکات. شاعیر لە ڕێگای زمانی شیعریەوە چەندین ووشەی نوێ و سەرنجڕاکێشی بە کارهێناوە بۆتە هۆی دەوڵەمەند کردنی زمان و ئەدەبیاتی کوردی.

## 1-5زمانی سادە و زمانی ئاڵۆز و بەرز:

ئەختەری شاعیر خاوەن چەند وێنەی شیعریە کە لە نێوانیاندا زمانی سادە و زمانی ئاڵۆزی بەکارهێناوە واتا شیعری بۆ کەسانی جۆراوجۆر و وتوە هەڵبەت شاعیر بە پێی ئامانج و مەبەستی ئەو سەردەمە و ئەو کەسە بدوێ کە شیعرەکەی بۆ بنووسێت لێرەدا هەوڵدەدەین بە

چەند نمونەیەک زمانی شیعری ئەختەری شاعیر لە ڕووی بەکارهێنانی زمانی سادە و زمانی ئاڵۆز و بەرز ڕوونبکەینەوە.

نموونەی شیعری:

یاخوا بەخێربێن میوانی ئازیز

بە ڕۆژی بەهار... بە شەوی پایز

(حەوێزی،٢٠٢٢: ٤٠)

لێرەدا شاعیر زمانێکی سادە و ساکاری بەکارهێناوە لە هەر ڕوویەکەوە سەیری ووشەکان بکەین بە ئاسانی واتا دەدەن بە دەستەوە لە کاتی خوێندنەوەی، هەموان دەتوانن لە مەبەستی شاعیر تێبگەن بە شێوەیەک گەر کەسێک ئاستی خوێندەواریشی نەبێت تەنها لە ڕێگای بیستنەوە لە دێرە شیعرەکە تێدەگات ، واتا لای ئەو دەدات بە دەستەوە.

لێرەدا شاعیر دڵخۆشە بە هاتنی میوان و بە کەسێکی ئازیز ناوی بردووە، هەروەک چۆن بەردەوامماڵەکەی جێگای کۆڕ و کۆبوونەوەی میوان و ئەدیبان بووە.

وە لە نیوە دێڕی دووەمدا شاعیر ئاماژی بە سروشتی جوانی کوردستان کردووە لە وەرزی بەهاردا، چونکە لەم وەرزەدا سورشتی کوردستان بە گوڵ و گولزار و سەوزایی دەڕازێتەوە و جوانی دەبەخشێت بە چاوی خەڵک. وە باسی شەوی پایزی کردووە و هەروەک ڕوونە شەوانی پایز شەوێکی دووردرێژە، هەر لە کۆنەوە خەڵک لە شەوانی پایزدا کۆڕ و کۆبوونەوەی خێزانی و دۆستایەتی هەبووە.

نمونەی شیعری:

بەتیری خەمزەکەی دوو چاوی تۆ بریندارم

دەچێت بۆ عەرشی ئەعلا دائیمە فریاد و هاوارم

(حەوێزی،٢٠٢٢: ٦٨)

لێرەدا شاعیر زمانێکی سادە و ئاڵۆز و تێکەڵی کوردی عەرەبی بەکارهێناوە گەر خوێنەر سەرنجی نمونە شیعریەکە بدات، ڕاستەوخۆ تێدەگات شاعیر ئەم شیعرەی لە بواری دڵداری و

خۆشەویستی بۆ ئیشقەکەی نوسیەوە باسی حاڵی خۆی دەکات کە بە تیری چاوەکانی یارەکەی کە ناوی(ڕابی) بووە بریندارە. ئەختەر ئەشقێکی ڕۆحی هەبووە دیارە باسی ئازار و هاواری دڵی خۆی بۆ خودا دەکات کە لە دوور و نەبوونی خۆشەویستەکەی دەنگی گەیشتۆتە عەرشی خودا. لێرەدا(عەرش) ووشەیەکی عەرەبیە، تێکەڵی کردووە لەگەڵ شیعرەکانی. ئەوەش وای کردووە دیار بێت لە نموونە شیعریەکەدا. فریاد و هاوار و سکالای دڵی بەرزکردۆتەوە بۆ لای خودا، وە داوا لە خودا دەکات بە هانای هاوار و فریاردی بێت.

هەر لەم شیوەیەدا شاعیر لە شیعری( من دەزانم) دەڵێت:

ئەفعا ئاسا زولفەکەت گرتایان دەووری قەمەر

سا قەمەر دەر عەقرەبە، بۆیە وەها جەولان دەکەن

(حەوێزی،٢٠٢٢: ١٠٤)

لێرەدا شاعیر زمانێکی ئاڵۆزی بەکارهێناوە و کە دیارە ئەم شیعرەی بۆ چینێکی خوێندەوار و ڕۆشەنبیر نووسیوە، چونکە کەسانی ئاسایی ناتوانن بە خوێندنەوە و سەرنجدان لە ناوەڕۆکی شیعرەکە تێبگەن بۆ ئەوەی لێرەدا لە مەبەستی شاعیر تێبگەین، دەبێت شارەزایی باشمان لە بواری ئەدەب بە گشتی و زمانی شیعری بەتایبەتی هەبێت لێرەدا شاعیر چەند ووشەیەکی ئاڵۆزی بەکارهێناوە وەک ووشەکانی:( ئەفعا، قەمەر، عەقرەبە ، جەولان). شاعیر لێرەدا باسی پەرچەمی یاری دەکات کە زوڵفی یاری بە ماری ڕەش چواندووە کاتێک لوول دەخوات.

هەروەها شاعیر لە شیعری: (دەخیلت بم) دەڵێت:

لە دەوری عارضت کاکۆڵی پرچین

دڵێی ماری سیای ئێشکچی گەنجە

(حەوێزی،٢٠٢٢: ١١٠)

لێرەدا شاعیر زمانێکی بەرزی بەکارهێناوە تێگەیشتنی ئاسان نییە، تا شارەزاییەکی باشت نەبێت لەبواری ئەدەبیات و شیعر. مەبەستی شاعیر وەسفکردنی کاکۆڵی یارەکەی دەکات کە وەک مارێکی ڕەش خۆی لوول داوە و پاسەوانی لە گەنجینەیەک دەکات، ئەو گەنجینەیەش ڕووی جوان و بەنرخی یارەکەیەتی.

هەروەها شاعیر لە شیعری(ئەسیری دەستی شۆخێکم)دەڵێت:

خەزان ڕابوورد ئەیامی بەهارە گوڵ، کەچی ئەختەر

لەوێنەی خونچەی دڵتەنگم بەبێ ئەو سەروە ڕەعنایە

(حەوێزی،٢٠٢٢: ٥٣)

شاعیر بەپێی سەردەم زمانی شیعری بەرەو پێش بردووە و گونجاندوویەتی، زمانێکی ئاڵۆزی بەکارهێناوە لەم دێڕە شیعرەدا شاعیر خۆی لە باری دڵتەنگیدا دەبینێت خۆی بە خوونچەی گوڵ دەبینێت لە وەرزی بەهاردا کاتێک دەپوشکووێت و دوای ماوەیەک سیس و زەرد دەبێت تەمەنی بەرەو کۆتایی دەڕوات.

## 2-5 بەکارهێنانی زمانی پەتی و خۆماڵی و زمانی بێگانە:

شاعیر لە زۆربەی شیعرەکانی بە زمانێکی خۆماڵی و پەتی دواوە و لە ڕێگای زمانی شیعری خۆماڵی و پەتییەوە لەسەردەمی ژیانی خۆیدا خزمەتێکی زۆری کردووە بە شیعر و ئەدەبیات. لە نمونەیەکی شیعریدا دەڵێت:

سەر و ماڵم بە قوربانی پیاڵەی چاوەکەی مەستت

وەرە خێرت دەگاتێ، بمکوژە لەم عومرە بێزارم

(حەوێزی،٢٠٠٧: ٦٢)

لێرەدا شاعیر لە ڕێگای بەکارهێنانی زمانێکی پەتی و خۆماڵی مەبەستی شیعرەکەی ڕوونە شاعیر هۆکاری ژیان و مردنی خۆی لە چاوی یارەکەی خۆی دەبینێت بەبێ بوونی ئەو ژیانی وەک دۆزەخە چونکە لە ژیانی خۆی بێزارە و ئەو کوشتنە وەک خێرێک دەبینێ.

لە نموونەیەکی تردا شاعیر بە زمانێکی خۆماڵی و پەتی دەڵێت:

لەلای تۆ بێ من هاوین بەهارە

لە کن من وەرزی گوڵ زستانە بێ تۆ

(حەوێزی،٢٠٢٢: ١٢٤-١٢٥)

شاعیر قسەی لە یارەکەی کردووە بە زمانێکی پەتی و خۆماڵی سەرزەنشتی دەکات کەوا بە دوور کەوتنەوە لە شاعیر دڵخۆش دەبێت، بە پێچەوانەی شاعیر کەوا لە دووری یار هەست بە خەمگینی دەکات.

بێگومان شاعیر لەسەردەمێکدا ژیاوە شیعر لە ژێر کاریگەری دراوسێدا بوون و بۆیە لە زۆر شیعرەکانی ووشەی بێگانەی بەکارهێناوە بە چەند نمونەیەکی شیعری ڕوونی دەکەینەوە:

نمونەی شیعری:

خاڵی سەر ڕوومەتت

حجر الاسود خۆیەتی

(حەوێزی،٢٠٢٢: ١١٩)

لێرەدا شاعیر ووشەی بێگانەی لە شیعرەکەیدا بەکارهێناوە لە نیوە دێڕی دووەم ووشەی (حجر الاسود) کە ووشەیەکی زمانی عەرەبیە و دوورە لە زمانی کوردی پەتی. ئەوەش شارەزایی و زیرەکی و ئەزموونی شاعیر دەردەخات. مەبەستی شاعیر لێرەدا خاڵی ڕوومەتی یارەکەی بە بەردە ڕەشەکەی کەعبەی پیرۆز چواندووە.

شاعیر لە نمونەیەکی تردا دەڵێت:

خاب و خۆراکم نەماوە، عەیش و نۆشم زاریی یە

دامەنم دائم مسالی جۆ و ڕووبار و شەتە

(حەوێزی،٢٠٠٢: ٦٨)

شاعیر لێرەدا لەبەر بێ مەیلی یارەکەی خەو و خۆراکی نەماوە هەردەم پیشەی بووە بە خەم خواردن، بەو هۆیەشەوە ئەوەندە گریاوە فرمێسکی ڕەشتووە بەهۆی زۆری فرمێسکەکەی چاوەکانی دامەنی وەک ڕووباری لێ هاتووە. لە نمونەکە دەبیینین شاعیر ووشەی بێگانەی بەکارهێناوە وەک ووشەی (خاب) کە ووشەیەکی فارسیە. هەروەها ووشەی (مسالی) بەکارهێناوە کە ووسەیەکی عەرەبیە .

## 6- دەرئەنجام:

1-ئەختەری شاعیر خاوەنی زمانێکی شیعری تایبەت بە خۆیەتی ، کە پڕە لە جوانی و ناسکی و ڕەسەنایەتی کوردی کە بووەی بەناسنامەی شیعرەکانی و پێی دەناسرێتەوە.

2- شاعیر خزمەتێکی بەرچاوی بە زمان و ئەدەبیاتی کوردی کردووە لە سەردەمی خوێندەواری و قۆناغەکانی ژیانیدا، ڕۆڵێکی گرینگی هەبووە لەبەرەو پێش چوونی زمانی شیعری و کۆمەڵگەی کوردی.

3- زمانی شیعری لە شیعرەکانی شاعیردا پێگەیەکی بەرز و بەهێز و کاریگەری هەبووە، بەردەوام بەپێی قۆناخەکانی شیعری لەلایەن شاعیرەوە لەبەرەو پێشچوون بووە، ووشە و دەستەواژەی نوێی لە ڕێگەی زمانی شیعری لە شیعرەکانی دا بەکارهێناوە.

4- ئەختەری شاعیر وەک زۆربەی شاعیرانی تر کەوتۆتە ژێر کاریگەری زمان و ئەدەبی دراوسێ لە ڕێگەی زمانی شیعریدا، ووشەی بێگانەی بەکارهێناوە وەک زمانەکانی (تورکی و فارسی و عەرەبی).

5- شاعیر لە سەرەتای قۆناغەکانی ژیانیدا زمانێکی سادەی بەکارهێناوە، بەپێی ئەزموونی خۆی لە قۆناغەکانیتردا، زمانەکەی گۆڕاوە بۆ زمانێکی ئاڵۆز و بەرز.

## 7- لیستی سەرچاوەکان:


١-ئەحمەد، پەخشان عەلی،٢٠٠٧، شێوازی شیعری گۆران، ماستەر لە زمانی کوردی، زانکۆی کۆیە.

٢-ایبراهیم، محمد عبدلکریم، ٢٠١٢، پێکهاتەی زمانی شیعری لە ڕوانگەی ڕەخنەی ئەدەبی نوێوە ئەزموونی شاعیرانی هەشتاکان هەولێر بە نموونە، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریان، هەولێر.

٣-حەوێزی، تاهیر ئەحمەد،٢٠٠٢،دیوانی ئەختەر، چاپی یەکەم، ئۆفیسی نالی.

٤-حەوێزی، سروشت جەوهەر،٢٠١٨، ئازاد دلزار و تازەکردنەوە لە شیعری کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

٥-حەوێزی، دەریا جەمال، ٢٠٢٢، دەروازەیەک بۆ ئەختەرناسی،چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا،سلێمانی.

٦-عبدالله،عبدلکریم نەجمەدین،٢٠٠٧شیکردنەوەی دەقی شیعری لەڕووی زمانەوانییەوە، ماستەر لە زمانی کوردی، زانکۆی سەلاحەددین.

٧-فەتاح،ڕزگار عومەر،٢٠١٣،ڕۆمانسیزم لە شیعری هێمن و محمد نووریدا،چاپی یەکەم،چاپخانەی موکریان، هەولێر.

٨-مستەفا،ئەحمەد،١٩٩٧،زمان و وێنەی دەق، چاپی یەکەم،چاپخانەی ڕۆژهەڵات،هەولێر.

٩-محمود،ئازاد ئەحمەد،٢٠١٢،بونیاتی زمانی لە شیعری هاوچەرخی کوردی، چاپی یەکەم ،چاپخانەی حاجی هاشم،هەولێر.

١٠-هەڵەبجەیی،ڕۆژ،٢٠١٧،زمانی شیعر چییە،"گۆڤاری ڕێگای کوردستاندا

# بنەماكانی شێواز

# لە شیعرەكانی عوسمان عەونی دا

# بنەماكانی شێواز لە شیعرەكانی عوسمان عەونی دا

د. رزگار عومەر فەتاح  م.ئازاد حەمەدئەمین  م.حەمید قادر

## 1-پێشەكی:

توێژینەوەكەمان كە لە ژێر ناونیشانی (بنەماكانی شێواز لە شیعرەكانی عوسمان عەونی)یە. هەوڵێكە بۆ دەرخستنی لایەنە شاراوەكانی شێواز لای ئەم شاعیرە. ئەمەش بۆ دوو هۆكار دەگەڕێتەوە: أ-توانا و لێهاتوویی و ئەزموونی شاعیر لەم بارەیەوە. ب_زیندوویەتی بابەتی شێواز و كاریگەرەكانی لە بواری شیعریدا.

هۆی هەڵبژاردنی بابەتەكە: هۆی هەلبژاردنی ئەم بابەتە بۆ گرنگی بابەتی شێواز لە شیعر و ئەدەبیاتی كوردیدا بەگشتی ولای شاعیر بەتایبەتی دەگەریتەوە .ئەمە جگە لە حەزو ئارەزوی خۆمان بۆ ئەم بابەتە لە لایەكی دیكەوە.

_گیروگرفتی توێژینەوەكە: وێڕای كەمی سەرچاوەی زانستیی بەهێز و تازە و كەمی كاتیش، ئەو گرفتانە بووە كە لە نوسینی ئەم لێكۆڵینەوەیەدا ماندووی كردین.

_ڕێبازی توێژینەوەكە: لەم توێژینەوەدا ڕێبازی (وەسفی ـ شیكاری)یمان پەیڕەو كردووە.

_ئامانجی توێژینەوەكە : لەو توێژینەوەماندا هەوڵمان داوە لایەنی كەم چەمكی شێواز بە جیاو شێواز و مۆسیقای شیعری لەلای عەونی بخەینە بەرچاو دواتریش وەك شاعیرێكی دیاری ئەدەبی كوردی لە شێوازی كلاسیكی لەروی رەوانبێژیەوە راڤەی دەقەكانی بكەین
پێكهاتەی توێژینەوەكە: توێژینەوەكە بە شیوەیەكی گشتی جگە لە پێشەكی، دوو بەش و ئەنجامی لە خۆ گرتووە بەم شێوەیەی خوارەوە: بەشی یەكەم بریتییە لە لایەنە تیۆریەكانی شێواز و لە چوار تەوەرە پێكهاتووە: تەوەرەی یەكەم دەربارەی چەمك و پێناسەی شێوازە، تەوەرەی دووەم تەرخانكراوە بۆ مێژووی سەرهەڵدانی شێواز، هەرچی تەوەرەی سیەمە باسی جۆرەكانی شێواز دەكات، لەتەوەرەی چوارەمیش دا ڕێباز و مەبەستەكانی شێوازمان خستۆتەڕوو.

لە بەشی دووەمدا  تیشكمان خستۆتە سەر كاریگەری شێوازی شیعری لە شیعرەكانی عەونی دا و چوار تەوەرەی لە خۆ گرتووە، تەوەرەی یەكەم سەبارەت بە(زمانی شیعری)یە و باس لە بوارە زمانەوانییەكان دەكات، بەڵام تەوەرەی دووەم  تیشك دەخاتە سەر لایەنی مۆسیقای شیعری بەهەردوولایەنی  دەرەوەو ناوەوە، كە عەونی لە شیعرەكانیدا بەكاری هێناون. لە

تەوەرەی سێ یەمدا (وێنەی شیعری، چەمک پێناسەی وێنەی شیعری، جۆرەکانی وێنەی شیعری) باس کراوە، لە تەوەرەی چوارمیشدا (ڕەوانبێژی،هەندێک لە هونەرەکانی ڕەوانبێژی) خراوەتەڕوو کە شاعیر لە شیعرەکانیدا بە کاری هێناون.

## 2_ چەمک و پێناسەی شێواز:-

وشەی شێواز (style) وشەیەکی فرە واتاییە لەبوارە جیاجیاکانی ژیان بەکارهاتووە تەنانەت بۆ جۆری جل و بەرگ و کەلوپەلیش بەکاردێت . بەڵام ئەوەی ئێمە دەمانەوێت باسی لێوە بکەین تیشکی بخەینەسەر شێوازە لەبواری ئەدەبدا . بنچینەی وشەی شێوازی (style) کە ئەمڕۆ بەکاردێت لەوشەی (stylus)ی لاتینی وەرگیراوە " (محەمەد،2014 : 24 ).

سەرەتای شێواز دەگەڕێتەوە بۆ ئەدەبیاتی کۆنی گریک ، بە پەیوەندی لەگەڵ ڕازانەوەی ئیستاتیکی جوانکاری دا سەریهەڵداوە لەناو کەڵچەری گریکدا ، شعری هاوسەنگ وەک هاوتایەک لەگەڵ یاسای گشتی دەردەکەوێت هاوسەنگی شێواز لە ئەدەبییاتی گریکی کۆن بایەخی گشتی داوە بەشەقڵی تایبەتی ئەدەبیاتی کۆنی گریک (شێوازی گەورە) (ڕەشید ، 2005 : 5) . وە هەروەها لەم پێناسانەی سەرەوە بۆمان دەرکەوت کە شێواز کاریگەری لەسەر ژیانی ڕۆژانە هەیە ، وە لەژیانی ڕۆژانە و ئەدەبیدا بەکاردەهێنرێت .

وە لە لیسان الحرب : وشەی شێواز لای عەرەبەکان ، لە وشەی (سلب) وەرگیراوە کە دارێکە بەشێوەیەکی ڕێک گەشەدەکات ، وە زۆرجار بۆ دار (قەسپ و ڕێگاش) بەکاریان هێناوە ، وە لە (مختار الصحاح) دا نووسراوە (شێواز هونەرە) ئەمەش هەموو هونەرێک دەگرێتەوە ، وە لە فەرهەنگی (کوردستان) دا شێواز بە (شەرم ، ئەدەب ، ئاکار ، شێوە) بەکارهاتووە ، وەهەروەها لە هەمبانە بۆرینەدا شێواز بەواتای (شکل ، .... یان شێوازی کاکم دەکات) وە (دیلۆڤەر)یش لەپێناسەیەکدا . " شێواز پاشای دەستەواژەیە ، چی بووێت پێمان دەکات " واتا شێوازی بە پاشا زانیوە کە هەموو جۆرە دەسەڵاتێکی بە سەرنووسەردا هەیە و چی بووێت پێی دەکات . (عەلی ، 2009 : 16) . وە لێرەدا وا پێویست دەکات ئەو پێناسەی کە (جۆرج بوفون) بۆ شێوازی کردووە بیخەینە ڕوو کە دەڵێت " شێواز مرۆڤ خۆیەتی" یا "شێواز بریتییە لە مرۆڤ " (محەمەد ، 2014 : 27) .

## 3_- تێڕوانینە جیاوازەکانی  شێوازی ئەدەبی :

شێواز وەک بابەتێک یا  بوارێک لەبوارەکانی ئەدەبیات ،پێناسەیەکی دیاریکراوی نی یە ، کە بتوانێت هەموو لایەنەکانی شێواز لەخۆبگرێت ، چونکە هێشتا  تیۆرییەکی دیاریکراو نیە ،کەشێواز کاری لەسەر بکات ، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەم بوارە بوارێکی فراوانە ،پەیوەستە بەزمان و ڕەخنە و ڕێبازێکەوە . هەریەکە لەمانەش لێکۆڵینەوەیەکی جیا و سەربەخۆی دەوێت. بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا هەندێک لەنووسەران بەتێڕوانینی جیاواز پێناسەیەکیان بۆ داناوە وەک لە خوارەوە ئاماژەمان پێکردوە:

-(بیفۆن) دەڵێت: ((شێواز بریتییە لە ئادەمیزاد خۆی، ناکرێت نەمێنێت، هەروەها ناگوازرێتەوە و ناشگۆڕدرێت))

-(ڕیڤاتێر) دەڵێت: شێواز بریتییە لە دەرخستن و زەقکردنەوەی هەندێک لە ڕەگەزەکانی قسەکردن و هاندانی خوێنەر بۆ ئاگاداربوون لێیان، بە جۆرێک ئەگەر بێئاگابوو، ئەوە دەقەکە دەشێوێ و ئەگەر هاتوو دەقەکە شیکردەوە. ئەوە چەندین مانای دیاریکراو و تایبەتی دەبێت))

-(دیڤۆلەریس) پێی وایە: ((شێواز، پاشای دەستە واژەیە، چی بوێت پێمان دەکات. واتە شێوازی بە پاشا زانیوە و چی بوێت پێی دەکات))

-ستاندال: نوسەر گەوهەری شیواز لەناو بیر وزمانی بەرهەم دەشاریتەوە، بۆ ئەنجام گەیاندن و دروست کردنی ئەم کارلیکە لای خوینەر  .

-(مۆنرۆ) دەڵێت: (شێواز بریتییە لە کۆمەڵە خەسڵەت و تایبەتییەک کە لە بەرهەمە جیاوازەکانی ئەدیبێک، یان ئەدەبی ناوچەیەک، یان سەردەمێکی دیاریکراو دوبارە دەبێتەوە)

-پێر جیرۆ) دەڵێت: ((شێواز کۆمەڵە ڕەنگێکە وتاری پێ دروست دەکرێت، بۆ ئەوەی بەهۆیەوە قەناعەت بە خوێنەرەکە بکات و، سەرنجی بۆ لای خۆی ڕابکێشێ و خەیاڵی بوروژێنێ))

-لە کۆندا (ئیبن خەلدون) دەڵێ: (شێواز بریتییە لەو ڕێگەیەی دەربڕینی تیا دەهۆنرێتەوە، یان ئەو قاڵبەیە شتی تیا خاڵی دەکرێت )

**بە شیوەیەکی گشتی شیواز:** بریتی یە لە بەکارهینانی ریگایەکی تایبەت بۆ بەکارهێنانی زمان، بە شێوەیەک ببیتەسیفەتی جیاکەرەوەی نوسەرێک یا قوتابخانەیەک یا ژانەرێکی ئەدەبی بەڵام شێوازگەری زانستێکە یا رەخنەیەکە یا فەلسەفەیەکە یا رێگایەکە بۆ لێکۆڵینەوە لە شێواز.

کەواتە شێواز لە قەناعەت پێکردن و سەرنجڕاکێشان و وروژاندنی خوێنەردایە. ئەگەر سەرنجی ئەم پێناسانەی بۆ شێواز کراون بدەین. بۆمان دەردەکەوێت کە لە سێ ڕوانگەی سەرەکیەوە لە شێوازیان ڕوانیوە .

أ_–شێواز لە ڕوانگەی نووسەر .

ب_–شێواز لە ڕوانگەی دەق .

ج_–شێواز لە ڕوانگەی خوێنەر .

أ_شێواز لە ڕوانگەی نوسەر:–

هەرشێوازێک وێنەیەکی تایبەتە بە خاوەنەکەی و شێوەی بیرکردنەوەی نیشان دەدات ، کە چۆن دەڕوانێتە شتەکان و لێکیان دەداتەوە ، وە هەروەها شێوەی هەڵچوون و هەست و سۆزی سەبارەت بە دیاریدەکانی ژیان دەردەخات ، هەروەها هەموو کەسێک خاوەنی ڕەفتار و ئەدکارێکی سروشتی تایبەت بە خۆیەتی کە ناتوانێت بیشارێتەوە . (ئەحمەد ، 2008 : 24) . وەهەروەها بە بۆچوونی (تۆڵستۆی) (پێچەوانەی نوسەرانی پێش خۆی و ئەوانەی لەسەردەمی خۆی ژیاون دوور بووە لە زمانی ئەدەبی دروستکراو وە بەکارهێنانی خوازە و بەڵکو ، بەزمانێکی سادە و ساکارو وشە لە شوێنی خۆیدا بەکارهاتووە ، شێوازێکی نوێی هێنایە کایەوە لەزمان و ڕەگەزی ئەدەبی کە بوو بەچەمکێکی تازە لەو سەردەمە) .( ڕەشید ، 2005 : 45) . کەواتە دەتوانیت بڵێیت ڕووداوێک دەبینی هەر ئەوە نیە بیگێڕیتەوە یاخود زیادەی بخاتە سەر بۆ ڕازانەوەی ، بەڵکو پێویستە ڕاستییەکانی ئەم ڕووداوە دەربخات بەشێوەی شیَ کردنەوەی بیرەکەی . (هەبوونی بنچینەی ئەقڵ لای کلاسیکییەکان دەگێڕێتەوە بۆ ئەرستۆ ، ئەرستۆ تەنیا داوای ڕەچاوکردنی دابونەریت و عوروف و عادەتی دەرکرد . بەڕای ئەو نەدەبوایە نوسەر لێیان لابدات . بۆیە کلاسیکییەکان لەم بارەیەوە زیاتر قەرزاری (دیکارتن) " چەند وتارێک لەبارەی ڕەوشی بەرێوەبردنی ئەقڵ " دا دەڵێت پێویستە عەقڵ و خواست بەسەر هەست و کەفکوڵی دەروونندا زاڵ بن .

چونکە ئەقڵ مرۆڤ و ئاژەڵ لە یەکتر جودا دەکاتەوە .( پیربال ، 2004 : 32) . (پەیوەستکردنی شێواز بە نوسەر بۆ چوونێکی تازە نیە بەڵکو هەرلەگەڵ سەرهەڵدانی مێژووی شێواز ئەم بنەمایە لەگەڵ دوو بنەمایەکی تر بەشێوەیەکی ڕەها پێش کەوت ، لەبەرئەوەی دەقیەکی زمانەوانی

لەڕووی ڕووداوەوە لەتێروانین و داهێنان و دیاردە زەقەکانی نوسەر هەڵدەقوڵێت دیاریکردنی شێواز پشت بەستن بەڕەگەزی نوسەر بەناخی مێژوودا ڕۆ چووە ، بۆیە سەرجەم بەربەستە شێواز گەرییەکانی سەردەم دەبەزێنێت و دەگەڕێتەوە بۆ ڕەوانبێژی یۆنانییەکان) . (محەمەد ، 2014 : 27) . لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت شێواز ئەم ڕێبازییە کە نوسەر لە دەربڕیندا پەیڕەوی دەکات بەرانبەر بە هەڵوێستێک ، کە کەسایەتی خودی نوسەری تێدا دەردەکەوێت .

ب_شێواز لەڕوانگەی دەق :-

هەموو کردارێکی گەیاندن لەسەر هەر سێ بنەمای (نوسەر ، دەق ، خوێنەر) وەستاوە بەبێ بوونی هەریەک لەمانە کردارەکە دروست نابێت ، دەق بناغە و خاڵی ناوەراست و گرنگی ئەم کردارەیە ، چونکە هەر دەقە پەیامی نوسەر بۆ خوێنەر دەگەیەنێ ، خوێنەریش لەڕێگای دەقەوە لەبیر و بۆچوونەکانی نووسەر دەکات و ئەڵقەی بەیەک گەیاندنی نوسەر و خوێنەرە (محمەد ، 2014 : 37) . واتە لە کاتیش چی ڕویدا ؟ کە ئەمە ڕێگایەکی ئاسانە بۆ بۆبە دواچوونی ، ڕووداوەکان ، وەڵامدانەوەی پرسیارەکان ئەگەرە بەشێوازێکی باش و گونجاو ڕێکخران ئەوا خوێنەر ئارەزوی خوێندنیان دەکات کە پێویستە نووسەر پابەندبێت بەشێوەی ڕێکخستنی گونجاوەوە ئەگەر نا سوودی نابێت (صابر ، 2015 : 29) . بەڕای ئێمەش شیعری تازەی کوردی خۆی دورخستۆتەوە لە بەکارهێنانی هونەرەکانی ڕەوانبێژی و وشەسازی بەڕادەی شیعری کۆن . لەبەرانبەر ئەمەدا گرینگی بە شێوازی سادە و ساکار دەدات بۆیە دەبینین هەڵبەستی کۆن نرخی وێنە پێش نرخی ناوەرۆک دێت ، لەبەرئەوە نیشانەی وشە بازی لەهەڵبەستی کۆن زەق ئەکەوێتە بەرچاو ، بەڵام لە هەڵبەستی تازەدا بەتایبەتی لە قوتابخانەی ڕیالزمی تازەدا وشەبازی و زەرکەش کردن ئسلوب باوی نەماوە ، بایەخ خراوەتە سەر ناوەڕۆک . (ئیبراهیم ، 2006 : 157) وە لەبارەی ژانەرە ئەدەبیەکان کە لایەنی بابەتی نوسین دەگرێتەوە ، لەگەڵ ئەو بابەتانەی لەبارەیانەوە دەنوسرێت ، هەموو بابەتێکیش دەکرێت ببێت بە بابەتی ئەدەبی هەر بیرەی بە مێشکتدا دێت یان هەر وێنەیەک لە خەیاڵتدا دەکێشرێت ، یاخود هەر ڕواڵەتێک لە ڕواڵەتەکانی سروشتی دەرەوە چ ڕووەک بێت یان گیانلەبەر بێت ، تەنانەت زانست و فەلسەفەش دەکرێت بکرێت بە بابەتی نوسین . (عەلی ، 2009 : 32) . کەواتە دەتوانین بڵێین هەمەجۆری بابەت دەبێتە هۆی هەمەجۆری لە شێواز کەواتە شاعیر یان نوسەر کە بابەتێک دەنووسێت شێوازێک هەڵدەبژێرێت کە لەگەڵ بابەتەکەیدا بگونجێت .

ج_شێواز لەڕوانگەی خوێنەر:-

خوێنەر ڕۆڵێکی زۆر کارا و ئەکتیڤ دەبینێت لە کرداری گەیاندن ، بەهای تێگەیشتن و کاریگەری بوون و گەیاندن دروست نابێت بەبێ بوونی خوێنەر ، نوسەر کاتێک بیرو هەست و سۆزی لە چوارچیوەی دەقێکدا دەردەبڕێت ئەگەر خوێنەر پێشوازی لەم بەرهەمە نەکات و نەی خوێنێتەوە ، ئەوا بەرهەمەکە بێسوودەو نوسەریش ناتوانێت لە یەک کاتدا نوسەری بەرهەم بێت و ڕەخنەگریش بێت چونکە ، هەر خوێنەرە بڕیار لەسەر چاکی و خراپی دەق و پەسندکرن و پەسند نەکردنی دەق دەدات . (محەمەد ، 2014 : 32) کەواتە دەتوانین بڵێین دەق لەگەڵ خوێنەر تەواوکەری یەکترین ، بۆیە دەق سەرکەوتوو نابێت ئەگەر خوێنەری نەبێت و هەڵسەنگاندنی بۆ نەکات . (وە بابەتێک ئەرکی ڕەخنەی ئەدەبی لەبەرانبەر خوێنەرانی رەخنەی ئەدەبیدا بەرجەستە دەکات ، بریتیە لە دەست نیشانکردنی و جیاکردنەوەی بەرهەمی ڕەسەن لە بەرهەمی ناڕەسەن و لاسایی کەرەوە ، کە زۆربەی کات سودیان لەو رووکەشکاریە وەرگرتووە ، وە (تۆڵستۆی) دەڵێت (بەرهەمێکی ساختە زۆربەی کات زیاتر لەبەرهەمێکی ڕەسەن دەبێتە مایەیی سەرسورمانی و ترس) (نازم ، 2018 : 38) وە وا پێویست دەکات رونی بکەینەوە کەوا ، (کاتێک نوسەر شتێک دەنووسێت بۆخۆی نانوسێ بەڵکو بۆ خەڵکی تر دەنوسێ ، کاتێک بۆ جەماوەرێکی زۆر دەنوسێ ئەوا پێویستە زمانی سادە و پاراو بەکاربهێنێت ، کاتێک نوسین بۆ چینێکی کەم و رۆشەنبیر دەنوسرێ ئەوە جۆرە شێوازێکی تری دەوێ بەهۆی بەکارهێنانی زمان ، کەواتە لێرەدا پێویستی بەها و بەشیکردنی خوێنەر دەبێت بۆ تێگەیشتن لە بەرهەمەکە ، ئەتێکەڵ بوونە لە نێوان نوسەر و خوێنەر ، جۆرێک لە شێواز دروست دەکات کە لە کۆمەڵێکەوە جیاوازی دەبێت بۆ کۆمەڵێکی تر) . (رەشید ، 2005 : 22) کەواتە بۆمان دەردەکەوێت بیرکردنەوە کاریگەری لەسەر زمان دەبێت بۆ دروستبوونی شێواز . وە (ئیدریس عبدالله) ش لەم رووەوە دەڵێت شێواز بریتیە لەو سیمایانەی دەق ، کە کاریگەری خۆیان لەسەر قسە بۆکراو و خوێنەر بەجێ دەهێڵن کە کاریگەریە کە هەرچیەک بێت . (صابر ، 2015 : 5) کەواتە وا پێویست دەکات ڕونی بکەینەوە بڵێین ئەو بۆچوونانەی کەوا خوێنەر هەیەتی ، بۆ هەڵسەنگاندنی دەقێکی نوسەرێک مەرج نیە بۆچوونەکانی ڕاست بێ ، چونکە زۆرجار خوێنەر بەبێ ئەوەی شارەزایی لەسەر کەسایەتی و خەیاڵ و هەست و سۆزی نوسەر هەبێت و بە پێی بۆچوونی خۆی بڕیار دەدات ، ئەم بڕیاردانەش دروست نیە .

## 4_ مێژووی سەرهەڵدانی شێواز:-

بواری لێکۆڵینەوەی شێواز دیاریکراو نیە و لێکۆلەران ناتوانن دیاری بکەن و لەسەری ڕێک بکەون . بەلای (ئەفلاتون) ئەوا ، شێواز سیفەتێکە لەهەندێ نوسیندا بەرچاو دەکەوێت و لەهەندێکی تر دا نیە . کەچی (ئەرستۆ) بۆچوونێکی تری هەیە شێواز سیفەتێکە پێویستە لە هەموو جۆرەکانی بەرهەمی ئەدەبیدا هەبێت ، هەتا ئەگەر پلەی باشی و خراپی ئەو بەرهەمانە لەکارێکەوە بۆ کارێکی تر جیاواز بێت . (عەلی ، 2009 : 17) . (سەرەتای شێواز لەگەڵ پەیدابوونی ڕەگەزەکانی ئەدەبیدا بووە ، وەک هەڵسەنگاندن و ناساندنی بەرهەمی ئەدەبی بەکارهاتووە ، وەک بنەمایەکی دارێژراو دیاریکراو بەکار هاتووە . تا چاخەکانی ناوەڕاستیش هەربەم شێوەیە ڕۆڵی بینیوە ، لەسەردەمی کلاسیکیەت بەکارهاتووە بنیات نراوە ، شێواز لە چاخەکانی ناوەڕاستدا لە وتار وقسەکردندا لەڕێگەی دەربرینی ڕەوانەوە خۆی نواندووە ، لەو کاتەوە شێواز بەسێ چەمک هاتۆتە کایەوە : ڕەگەزەکان ، کەرستەکان ، وێنە یاخود کەرستەی دەربرین . ستوونەکانی شێواز بریتین لە (مرۆڤ ، مێژوو ، کۆمەڵ ) کە سێ ستونی بنەڕەتین لە دروستبوونی شێواز بەپێی پێویستی و ئاستی کۆمەڵ ، هەر گۆڕانکارییەک لە کۆمەڵدا بێ گومان دەبێتە هۆی گۆڕانکاری لە تێڕوانین و هەڵوێستی ئەندامەکانی دەربارەی بۆچوون و وێنە و بیر ، لەبەرئەوەی سروشتی ئەدەب پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەو واقیعەوە دەبێت ) . (ڕەشید ، 2005 : 10) . (ڕۆمانییەکان بەشێوەیەکی گشتی سێ جۆر شێوازیان دەستنیشان کردووە

أ_شێوازی بەرز .

ب_شێوازی مامناوەند .

ج_ شێوازی نزم .

ئەم سێ جۆرە شێوازە ، بەسێ بەرهەمی (فرجیل ) بەستراونەتەوە بەپێی قۆناغەکان دابەش کراون (داستان ، کشتوکاڵ ، شوانکاری ) . لە دۆلابی (فرجیل) (جاندۆکراند) وێنەی کێشراوە . بازنەکانی ئەم دۆلابە ئاماژەیە باری کۆمەلایەتی ناوی کەسەکان و گیانلەبەر وەک و شوێنی نیشتەجێبوون ، کەرستەکانی بەکارهێنان لەلایەن هەرچینێکەوە دەکەن ، لەگەڵ هەر شێوازێک لە شێوازەکان دەگونجێت . بەو پێیە کەسایەتییەکان لەگەڵ ناو و ئامرازەکانینا بەپێی پلەی شێوازەکەیان پۆلێن کراون بۆ نموونە لە شێوازی نزمدا (شوانکاری ) ئەگەر باس لە دارو درەخت بکرێت ، دەبێت داری (زان) بێت ، شوێن : پەرێزبێت ، کەرستەی گۆچان ، ئاژەڵ : سەگ و مەڕ ، بزن . وە هەروەها لە شێوازی مامناوەندیشدا ، دارو درەختی بەردار ، شوێن : کێڵگە ، کەرەستە :

ئامورر ، ئاژەڵ : گا ، پیشە : جوتیار . وە هەروەها لەشێوازی بەرزیشدا ، سەرکردەی سەرکەوتوو ، ئاژەڵ : ئەسپ ، کەرستە : شمشێر ، شوێن : شار یان گۆڕەپان ، داری زەیتون ) (عەبدولسەلام ، 2008 : 8) . وە هەروەها (بالی کە لەسەردەمی تازەدا بە یەکەمین دامەزرێنەری زانستی شێواز یان شێوازگەری دادەنرێت ، شێوازی لە وێنەی ڕەوانبێژییەوە گواستەوە بۆ بوارێکی سەربەخۆی تازە ، کە بواری شێوازگەری ، یان بە بواری لێکۆڵینەوەی شێواز ناودەبرێت و لەرێگای خاسیەتیەکانی زمانەوە لەشێواز دەکۆڵێتەوە . لەبەرئەوەی ئەو خاسیەتانەش کاریگەرییان لەسەر هەستیاری هەیە ، بۆیە تەنیا ئەوانە وەردەگرێت کە هەڵگری ناوەڕۆکی سۆزدارین ) . (عەلی ، 2009 : 20 ) . (وە هەروەها بۆمان دەردەکەوێت کە بەشێوەیەکی گشتی شێواز :-

بریتیە لە بەکارهێنانی ڕێگایەکی تایبەت بۆ بەکارهێنانی زمان ، بەشێوەیەک ببێتە سیفەتی جیاکەرەوەی نوسەرێک لە نوسەرێکی تر ، یان قوتابخانەیەکی ئەدەبی لە قوتابخانەیەکی تر (عەبدوڵا ، 2011 : 13) . کەواتە بۆمان دەردەکەوێت کە مێژووی سەرهەڵدانی شێواز زۆر کۆنە و یەکەمجار لە ئەوروپا سەریهەڵداوە ، وە مێژووی شێواز بەشێکە لە مێژووی سەرهەڵدانی ڕەخنەی ئەدەبی وە گەشەی شێواز بەند بووە بە گۆڕانکارییە مێژووییەکان .

_شێواز لە ئەدەبی ئەوروپیدا :

سەرەتای دەرکەوتن و لەدایک بوونی زاراوەی شێوازگەری لەڕووی مێژووییەوە بەشێوەیەکی دیار پەیوەست بووە بە دەرکەوتنی زانستی نوێ ی زمان ، بەوەش شێوازگەری لەگەڵ لەدایک بوونی زمانەوانی نوێ ئەویش لەدایک بووە (ئیدریس عەبدڵا ، 2011 : 16) . (لەڕووی سەرەتایی زیندووکردنەوە و بەکارهێنانی ئەم زاراوەیە شێوازگەری بۆ یەکەمین جار لە زمانی ئەڵمانی لەسەرەتاکانی سەدەی نۆزدە بوو ، لەسەر دەستی فۆندێر گابڵتز بوو) . (عەبدولسەلام، 2008 : 10) . (لە زمانی ئەڵمانییەوە شێوازگەری پەیڕەوە بۆ زمانەکانی تری ئەوروپی بەتایبەتی ئینگلیز و فەرەنسی ، ئەوەی دواییان واتە زمانی فەرەنسی بۆ یەکەمجار لە ساڵی (1872) دەرکەوتنی بەخۆیەوە بینی ، لەم بارەیەوە زانای فەرەنسی (گۆستاف کویرتنج) لەساڵی (1878) ز لێکۆڵینەوەی لە میتۆدیدێکی نوێ کرد کە باس لە شێوازگەری زمانەوانی دەکات ، جیاواز بوو لەو میتۆدانەی کە لەو سەردەمەدا باو بوون ، چونکە هەندێک لەزمانەوان پێناسەی شێوازگەرییەوە دەکەن کە شێوازگەری میراتگری ڕەوانبێژییە ) (عەبدولسەلام، 2008 : 11) . (لەلای ئەوروپییەکان چەمکی شێواز زیاتر پەیوەندی بە بابەتی زانستی ڕەوانبێژییەوە هەبووە تا هونەری شیعری ، هیچ هۆیەکی دیارو تایبەتی نەبووە ، بۆ ئەم دانەپاڵ ڕەوانبێژییە ،

تەنیا ئەوەندە نەبیّ کە شێوازیان بە بەشێک لە هونەری ڕازیکردن زانیوە ، واتە کە ڕەگەزە ئەدەبییەکان سەریان هەڵدا لەگەڵیاندا شێوازیش سەری هەڵدا ) (عەلی ، 2009 : 15) وە هەروەها ئێمەش بۆمان دەردەکەوێت کە شێواز مێژوویەکی زۆر کۆنی هەیە مێژووی سەرهەڵدانی بۆ یەکەمجار دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی نۆزدە لەلایەن ئەوروپییەکان لەسەرەتا زیاتر پەیوەندی بە دواندنەوە هەبووە . (لە ئەوروپاش هەندێک بۆچوونی جیاواز دەربارەی زاراوەی نویّ گەری هەیە ، بەشێک لەوانە دەڵێت : " نویّ گەری لە ئەوروپادا گرێدراوە بە عەقڵانیەتی خۆرئابوو بە ئەندازەیەک ، کە هەموو جیاکردنەوەیەکی نویّ گەری لەو عەقڵانیەتە دەبێتە مایەی مردن و لەناو چوونی " . (تاهیر ، 2008 : 12) . وە هەروەها بە بۆچوونی لێکۆلەری فەرەنسی (مارۆزۆ) " وا پێویستە شێواز پشت بە بەشیکردنەوەی بارودۆخە جیاوازەکانی دەروونی مرۆڤ ببەستێت ، جا لەوانەیە ئەو بارودۆخانە ، فکری بن ، ینا سۆزداری ، یاخود هەردووکیان بن " . (عەلی ، 2009 : 23) . کەواتە لەم پێناسەیەدا بۆمان دەردەکەوێت کە ژیان لەچەند ڕەنگێگ پێکدێت ، بەڵام مەرج نیە ڕەنگەکان لای هەموومان وەک یەک ببینرێت ، بۆ نموونە مرۆڤی وا هەیە لە ژیاندا گەشبینە ، وە بە پێچەوانەوە مرۆڤی وا هەیە ڕەشبینە ، لەم دوو جۆرە مرۆڤە شێوازیان لە بەرهەمەکانیاندا ڕەنگ دەداتەوە . کەواتە شێواز میکانیزمی چۆنیەتی دەربڕینە ""زمان ناسانی ئەوروپی لە سەدەکانی ناوەندا خۆیان بە لێکۆلینەوەکانی شێواز خەریک کردووە لە ئەنجامدا ، تیۆرێکی دابەشکردنیان بە پێوەری داناوە ، ئەوان وەک پلەی ئەندازەیی ، پێوانەیی بریتیبن لە (شێوازی سادە ، ناوەند ، باڵا) ئەم دابەشکردنەش پەیوەستە بەئاستی هۆشیاری و ڕادەی ڕۆشنبیری و چین و توێژەکانی کۆمەڵ (سابیر، 2015 : 14) .

_ شێواز لە ئەدەبی کوردیدا :

لەنێو زەمەنی ئەدەبی کلاسیکی کوردیدا کۆمەڵێک سەرچاوە خۆی دەبینێتەوە وەک ئەدەبیاتی عەرەبی و فارسی و تورکی ..... لەپاڵ ئەمانەشدا سەرچاوەیەکی گرینگی تر هەیە کە پەیوەستە بە ئەدەبی ناوەخۆ ، کەم یان زۆر شاعیرانمان وەک پێویستییەکی سەردەم سوودیان لە یەکتر بینیوە لەمەش زیاتر شاعیرانی وەک نالی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بوونەتە یارمەتی دەرێکی باش بۆ شاعیرانی سەردەمی و دوای سەردەمی ، کە لەئەنجامدا ئەم کارە وای کردووە جۆری لێک چوونێک یان دزەیەک پەیدابوو بێت ، ئەمانەش بەلای زۆرینەوە بەکاری لاسایی یان کاریگەری لە قەڵەم دراوە ، لەلایەکەوە شاعیران توانیویانە لە وشەو شێواز وتن و دەربڕینەکانی پێشووی خۆیان تێبگەن و کاری لەسەر بکەن (عومەر گوڵ ، 2005 : 2) . وا پێویست دەکات بڵێین (ئەگەر لە هێڵی بەیانی شیعر و ئەدەبیاتی کوردی وردبیینەوە ، هەست بە شێوازێک دەکەین کە دەقاو دەق بەشێکە لە خاسیەتە نەتەوەییەکانی کورد ، بەتایبەتی لە باری

بەکارهێنانی کێشی خۆماڵی تەزیف کردنی کەلەپور و فۆلکلۆر و دابونەریت و شوێن لە دەقی ئەدەبیدا ) . (عەلی ، 2009 : 44) لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە شاعیر و نوسەرانی کورد سودیان لەئەدەبیاتی بێگانە وەرگرتووە ، وە سوودیان لە شاعیران و نوسەرانی ناوەخۆ و پێشخۆیان وەرگرتووە (لە سەرەتادا کورد بەشوناسی بێگانە خۆی ناساندووە ، هەموو نرکەیەکی ئەدەبی مان بۆ ئەوەی دەنگێکی بیستراو بێت بە شوێن ئاوازی فارسی و سەدای تورکی و نەغمەی عەرەبیدا گەڕاون ، دیارە ئەمەش لە ژێر کارتێکردنی کۆمەڵێک فاکتەر بووە ، بۆ نموونە نالی شاعیر لە نویٚ گەری شعریدا دەڵێ ، کەس بە ئەلفازم نەڵێ خۆ کردی خۆ کردیە هەرکەسێ نادان نەبێ خۆ تالیبی ماعنا دەکات . (ئەمە خۆی شێوازێک بوو لە نوێگەری لە بە کوردی کردنی تێکستە شعریەکان ) . (تاهیر ، 2008 : 17) .

**5- جۆرەکانی شێواز:**

شێواز بە شێوەیەکی گشتی دابەش دەبێتە سەر سێ جۆر ، کە بریتین لە : 1_ شێوازی تاکە کەسی 2_شێوازی سەردەم 3_ شێوازی نەتەوەیی .

_شێوازی تاکە کەسی: هەر لە کۆنەوە ئەوروپییەکان ، سەبارەت بە دیاریکردنی شێواز لە نێو کارە ئەدەبییەکاندا بەهەموو جۆرەکانیەوە ، تێڕوانینی تایبەتیان هەبووە لە داهێناندا ، شێواز داهێنەر دیاریدەکات ، داهێنەرەکەش خاوەن شێوازێکی تایبەت بە خۆیەتی . هەروەک نوسەری فەرەنسی (بیفۆن) وتوویەتی " شێواز مرۆڤەکە خۆیەتی ". (عەلی ، 2009 : 40) وا پێویست دەکات . (زۆرجار وادەبێ نوسەر هەست و بیرەکانی دەشارێتەوە دەریان نابرێت ، بەهۆی ترسان یان نەگونجانی بارودۆخ ، بۆیە ئەو بیرو بۆچوونانەی لەناو دەقەکەدا هەن هاوڕانین لەگەڵ ئەو بیرو بۆچوونانەی هەیەتی وە (جۆرج دیهامیڵ) لەم بارەیەوە دەڵێت " نوسەر سەرجەم نهێنییەکانی ژیانی خۆی دەزانێت ، بەڵام زۆرجار وا خۆی نیشان نادات کە شتەکان دەزانێت ، یاخود شارەزایی لەو شتەدا هەیە ، بە گوێرەی سروشتی خۆی وشیە مۆسیقا دار بەکاردێنێت کە ئەمەش زۆر جیاوازە لەگەڵ ئەو شتە شاراوە تایبەتیانەی ناو ناخی " (محەمەد ، 2014 : 31) . وە (سویسیر) پێ وایە کە زمان ڕەنگدانەوەی کەسایەتی نوسەرە پەیوەندی بە کەرستەی دەربڕینەوە هەیە لەلای نوسەر شێوازی تاکە کەسیش زیاتر بۆ ڕەسەنایەتی خود دەگەڕێتەوە چونکە ڕاستەوخۆ هەڵقوڵاوی خودی کەسەکەیە بەپێچەوانەی شێوازی گشتی ) (ڕەشید ، 2005 : 58) . کەواتە بۆمان دەردەکەوێت لەو پێناسانەی سەرەوە کەوا هەرکەسەو شێوازێکی تایبەتی

خۆی هەیە لە ژیانی ڕۆژانەیاندا وەک شێوازی جل و بەرگ و ئاخاوتن و ڕەفتار و ..... هتد . بۆ نموونە چەند مامۆستایەک وانە دەڵێنەوە ، بەڵام هەریەکەو شێوازی خۆی جیاوازە .

_شێوازی سەردەم:

کاتێ لە بەرهەمی کۆمەڵێک نوسەر ورد دەبینەوە ، کە لەیەک سەردەمی مێژوویی دیاریکراودا ژیابن ئەوانەی دەستی نوسینیان هەیە خاوەنی جۆرە دەربڕینێکن کەوا بەهۆی کۆمەڵێک کاریگەرییەوە دەردەکەوێت کەوا جیاوازە لەو دەربڕینیانەی لە نوسینی قۆناغ و سەردەمێکی تر بۆ نموونە لە ئەدەبی کوردی ، شێوازی شعری کلاسیک بە کۆمەڵە خاسیەتێک دەناسرێتەوە کەوا زۆر جیاوازە لەو خاسیەتانەی شعری قۆناغی تازە کردنەوە (ئەحمەد ، 2008 : 18) . وەهەروەها دەتوانین بڵێین (تازە بوونەوەی ئەدەبیات شتێک نیە سەربەخۆ ڕووبدات ، بەڵکو پێویستی ژیان و قۆناغی و سەردەم دروستی دەکات ، دیارە ئەدەبیاتی کوردیش پێویستی بەو گۆڕانە هەبووە و وە هەیە) (ابراهیم ، 2006 : 138) .

_ شێوازی نەتەوەیی:-

مێژووی سەرهەڵدان و گەشەکردنی شعری نەتەوەیی دەگەڕێتەوە بۆ پێش بزووتنەوەی سیاسی ئەویش زیاتر لە ئەنجامی ئەو سۆز و هەستە نەتەوەییە بوو کە چەوساندنەوەی نەتەوەییە بوو کە چەوساندنەوەی نەتەوەیی یان بێ دەوڵەتی وروژاندن بوو بۆیە هەڵچوون و داچوونیشی لەگەڵ پەرەسەندن و کزو خامۆش بوونی هەستی نیشتیمانی و نەتەوایەتیدا بووە چونکە بە درێژایی سەدان ساڵ گوتاری مانەوەیی نەتەوەیی کورد گوتاری سیاسی بووە ، شیعری نەتەوەیی کوردیش بەپێی قۆناغەکانی گۆڕان و پێش کەوتنی کۆمەڵگای کوردەواری گۆڕانی بەسەردا هاتووە ، چونکە هەر سەردەمە و کاریگەری تایبەتمەندی خۆی هەیە (بایز ، 2002 : 79) .

_ **شێوازی ئەدەبی** واتایەکی فراوانی هەیە هەموو جۆرەکانی ئەدەبی دەگێڕێتەوە ، لە ئەدەبی فەرەنسیدا گیانی فەرەنسی دەبینێت و ، لەکاتی خوێندنەوەی شیعر عەرەبیدا هەست بە کۆمەڵێک تایبەتمەندی دەکەیت کە بەتەواوی جیاوازن لە تایبەتمەندی خوێندنەوەی شیعری ئینگلیزیدا وە لە شیعرو ئەدەبیاتی کوردی هەست بە شێوازێک دەکەین کە دەقاو دەق بەشێکە لە خاسیەتە نەتەوەییەکانی کورد بەتایبەتی لەبارەی بەکارهێنانی کێشی وخۆماڵی و تەوزیف کردنی کەلەپور و فۆلکلۆر و دابونەریت و شوێن لە دەقی ئەدەبیدا " (عەلی ، 2009 : 43) .

**6- ڕێباز و مەبەستەکانی  شێواز:**

زۆربەی زانایان و پسپۆڕان بۆ باشتر ناسینی ڕێبازەکانی شێواز ، بەسەر کۆن و نوێدا دابەشی دەکەن . لەوانە (بیرجیرۆ) ی فەرەنسی شێوازگەری نوێی دابەش دەکاتە سەر دوو ئاڕاستەی دژیەکی گەورە . ئەوانیش بریتین لە : 1- شێوازگەری باو (کۆن) کە پێشەنگییەکەی (جالسی بالی)یە   2- شێوازی نوێ : کە پێشەنگییەکەی (جاکبسۆن) ە وە لە بنیاد گەریەوە هەڵقولاوە . دواتر دوو ڕێباز بۆ شێوازگەری نوێ سەریهەڵدا . یەکەم ڕێبازی فەرەنسی . دوو ئاڕاستە دەگرێتەوە ، یەکەم ئاڕاستەی : (بالی) شێواز بە لێکۆڵینەوە لەسەرچاوەکانی دەربڕینی زمانێکی دیاریکراو دادەنێت . زمانی ئەدەبی وئەو زمانەی بە مەبەستی جوانکاری بەکاردێت ، لە شێواز دوورخستەوە ، بەڵام ئەم کارەی (بالی) هەتا سەر نەبوو ئاڕاستەی دووەم : ئەوانە دەگرێتەوە کە دژی بۆچوونی (بالی) بوون ، کە دیارترینیان (ج.ماروزۆ ، م.کریسۆبوون) ئەویش هەوڵێک بوو بۆ گەڕاندنەوەی ئەدەب بۆ نێو بواری لێکۆڵینەوەی شێواز . (عەلی ، 2009 : 34 ) وە هەروەها دەتوانین بڵێین لە ڕێبازەکانی شێوازی ئەدەبی کوردیشدا جیاوازی هەیە لە ڕێبازی کۆن و نوێ بۆ نموونە (شیعری کۆن بایەخی دەدا بە ڕووخسارو بە پلەی یەکەمی دادەنا و دەیخستە پێش ناوەڕۆکەوە ئەمەش وای لە شاعیر دەکرد بگەڕێت بە دوای وشەی نامۆ و ئاڵۆزەوە و بۆ ڕازاندنەوەی شیعرەکەی ، بەڵام لە شیعری نوێدا زیاتر بایەخی بە ناوەڕۆک دەدا ، بە تایبەتی لەڕێبازی ڕیالیزمی تازەدا ، وشە بازی باوی نەماو شاعیر دەگەڕا بەدوای ناوەڕۆکێکی تازەدا ) (تاهیر ، 2008 : 18) . وا پێویست دەکات ڕوونی بکەینەوە ، کە شێواز ( میکانیزمێکی جوولێنەری زمانە بۆ هەردوو چاخ و سەردەمێکی مرۆڤ لە ڕابردوو ، ئێستا و داهاتوو ، دەنگێکی ڕازاوەی مرۆڤە و ، نهێنی و تایبەتیەکانی نوسەرە بۆ شاردنەوە و ئاشکراکردنی بۆ خەڵکی تر). (ڕەشید ، 2005 : 59) وە هەروەها (کاڕل فۆسلەر ، لیوسپێزەر) و پەیڕەو کارانەیان دەگرێتەوە . ئەم قوتابخانە بەدوای جەنگی جیهانی دروست بوو . تا دەورێکی کاریگەر ببینێت لە چەسپاندنی چەمەکانی زمانەوانی لە ئەدەبدا وە (فۆسلەر) توانی زمان و هونەر وەک یەک لێبکات ، بەڵام (سپێزەر) ئامانجی ئەوە بوو شێوازگەری بکاتە پردێک لە نێوان زمانەوانی و مێژووی ئەدەبدا . (ئەحمەد ، 2008 : 32) . کە داتوانین بڵێین ، ڕێبازە ئەدەبییەکان بریتیە لە کۆمەڵە بیرو بۆچوونێکی تیۆری کە لەلایەن ئەدەبیاندا دادەنرێت ، لەسەردەمێک لەسەردەمەکان بۆ ئەوەی لەلای شاعیر و نوسەرانەوە پەیڕەو بکرێن .

بەبێ زانینی ئەرک و مەبەستی شێواز ، بڕیاردان یان کارکردن لەسەر دروستبوونی جۆرە شێوازێک کارێکی مەحاڵە . چونکە ، ئەگەر لە بنەما و مێژووی ئەرکی شێواز بکۆڵینەوە دەبینین دوو ئاڕاستە سەریان هەڵداوە : یەکەمیان شێوازی دەربڕینە ، کە بە شێوەیەکی گشتی لە

پەیوەندی نێوان ڕووخسارو بیر دەکۆڵێتەوە . دووەمیان : شێوازی تاک کە لەواقیعدا ڕەخنەیە لە شێواز ، لە پەیوەندی دەربڕین بە (تاک یان کۆ) دەکۆڵێتەوە . (ئەحمەد ، 2008 : 35) . لێرەدا وا پێویست دەکات بڵێین . (شێوازگەری نوێ لەسەر سێ ئاست کاردەکات : یەکەم ئاستی زمان : لە نیشانە و کۆدەکانی زمان دەکۆڵێتەوە لەناو دەقدا . دووەم ئاستی ئامانج و سوودمەندی : لەلایەنە نا زمانیەکان دەکۆڵێتەوە وەک : نوسەر ، خوێنەر ، هەلوێستی مێژووی ، ئامانج و پەیام . سێیەم ئاستی جوانی ئەدەب : لە کاریگەری دەق لەسەر خوێنەر و بنەماکانی جوانی و ئەدەب دەکۆڵێتەوە ) (پعەلی ، 2009 : 44) کەواتە بۆمان دەردەکەوێت کە ئەرکی شێوازگەری لە کۆن و ئێستادا ، وەک یەک نیە و جیاوازە . لە کۆندا ئاراستەی یەکەم شێوازگەری گرینگی بە زمان دەدا ، ئاراستەی دووەم گرینگی بە ئەدەب دەدا ، بەڵام لە شێوازگەری نوێدا گرینگی بە هەردوو لایەنی زمان و ئەدەب دەدا . وە بە بۆچوونەکانی (ڕیفاتبر) وە پێناسەکردنی شێواز دەڵێ " شێواز بریتیە لە دەرخستن و (زەق) کردن و درەوشاندنەوەی هەندێ ڕەگەزی زنجیرەی ئاخاوتن ، کە سەرنجی خوێنەر بە جۆرێک ڕادەکێشێت ، ئەگەر بێ ئاگا بێ دەق دەشێوێنێ ، وە ئەگەر لێکیشی بداتەوە وە شیبکاتەوە ، ئەوا چەندین واتای جیاکەرەوەی تایبەتی دەست دەکەوێت " (محەمەد ، 2014 : 33) . (وە هەروەها (هۆڕاسی) یش دەربارەی زمانی شیعری ڕوونی کردۆتەوە دەڵێت : (دەبێت شاعیران دەست بەو وشەوە بگرن ، وشەکانیش نابێت سرِو مردوو بن ، کەواتە بە گشتی " زمانێکی تایبەت بە شیعر نیە کە شاعیران قسەی پێبکەن و بەرهەمی پێ بنووسن ، هەروەک ئەوەی کە زمانێکی تایبەت بە مۆسیقا بوونی هەیە و مۆزیکی کارای دەخوێنن و فێر دەبن)) بەڵکو بەهۆی لادانی زمانەکەوە " . (غازی ، 2014 : 29)

### 1-6 زمانی شیعری:-

زمان لەسەرەتای پەیدابوونیەوە وەک هۆکارو ئامرازێکی گەیاندن ، بۆ لەیەکتر گەیشتن و ئاڵوگۆڕکردنی بیرو ڕاو بۆچوونەکان لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵدا بەکارهاتووە ، زمانی ئاسایی پێدەگوترێت ، بەڵام زمانێکی تر هەیە کە جیاوازە لەم زمانە ئاساییە ، ئەویش زمانی شیعرییە ، زمانی شیعریش سروشتێکی تایبەتی وەردەکرێت ، بەوەی لە یاسا و ڕێساکانی زمان لادەدات و لەڕێگاکانی دەربڕینی باوی زمان دووردەکەوێتەوە ، چونکە ئەو زمانە ئاساییەی کەلەناو هەموو خەڵکدا باوە و قسەی پێدەکەن ، کەواتە زمان لای شاعیر بەکارهێنانێکی تایبەتە ، چونکە لەئەنجامی ئەوەوە دروست دەبێت تاوەکو بتوانێت مانایەکی تازە و جیا لەمانا ئاساییەکە بگەیەنێتە خوێنەر و بیسەر .( عەلی ، 2009 : 171) وا پێویست دەکات ڕوونی بکەینەوە کەوا زمان دەورێکی کاریگەر دەبینێت لە خزمەتکردنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا کە هیچ شتێکی تر بەم شێوەیە نایبینێت ، هەروەها زمان بەشێوەیەکی گشتی گەلێ ڕوی هەیە بۆ نموونە لە شیعردا

ڕووەکی تایبەتی وەردەگرێت کە شاعیر لە ڕێگەی زمانە شیعرییەکەیەوە دەنگی تایبەت بە خۆیەوە پەیدا دەکات و ئەزموونی شیعریشی هەر لەم ڕێگەیەوە گەشە دەکات ، زمان لە شیعردا ڕۆڵێکی دوانەیی دەبینێت جگە لە شێوازە زمانییەکەی ، ئیقاعیش بە شیعر دەبەخشێت . (ئیبراهیم ، 2006 : 114) لێرەدا بۆمان دەردەکەوت کە زمانی ئاسایی لەگەڵ زمانی شیعریدا جیاوازە ، چونکە زمانی شیعری هەڵگری هەست و سۆز و خەیاڵ و ئەندێشەیەکی فراوانە و هەرەمەکی نیە تایبەتە بە یاسای هونەری شیعر . کەواتە (زمانی شیعری کلاسیک جیاوازە لە زمانی شیعری نوێ ئەم جیاوازییەش لە شیعرەکانی (عەونیدا) دا دەردەکەوێت بەهۆی ئەوەی ئەم قۆناغانەی بە شیعر پڕبووە ، وە (عەونی) شاعیر لە شیعرێکی کلاسیکدا دەڵێت :-

ئەی برادەران وا چاکە ڕووبکەینە یەک بەیـاری

جەوهەر و هیممەت لازمە بۆ قەومی کوردەواری

(دیوانی عەونی ، چ[2] : 76) لەم دێڕە شیعریەدا (عەونی) چەند وشەیەکی عەرەبی تێکەڵ بە زمانی کوردی کردووە وەک (جەوهەر ، هیممەت ، لازم و قەم کە دەکەونە نیوەدێری شیعرەکە (ئومێد عەزیز ، 2014 : 162) وە هەروەها زمان دیاریدەیەکی کۆمەڵایەتیە و هۆیەکە بۆ پەیوەندی کردن و تێگەیشتن و پاڵنەرێکی سەرەکییە لە گەشەسەندن و پێشکەوتنی ڕەوتی ژیان و کاروانی مرۆڤایەتییە،لەهەمان کاتدا تەنیا هێمایەکی ڕوون نیە بۆ گوزارشتکردن و شتە ئاماژە پێکراوەکان ، بەڵکو زیندوون و لەجوڵە و گۆڕاندان . جگە لەوەی لایەنێکی بنەرەتی هەموو شاعیرێکی گەورە و داهێنەرە ، هەروەک هەموو شیعرێکی نەمریش بەبێ زمانێکی بەرز لە جوانی و ناسکی و تەڕو پاراوی و ڕەسەنایەتیدا نایەتە دی ، چونکە زمانی شیعری لەگرینگترین بنەماکانی داهێنانی شیعرییە و لە دیارترین ئەو سیمایانەشە کە شاعیری پێدەناسرێتەوە . پۆڵ ڤالیدی دەڵێ: " شیعر زمانە لە مەودای زماندا " (عومەر ، 2013 : 177) . کەوا لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت زمان لە سەرەتای پەیدابوونیەوە کاریگەری هەبووە لەسەر پەیوەندی کردنی تاکەکانی کۆمەڵگا بۆ لەیەکتر گەیشتن ئەمەش بەواتای زمانێکی ئاسایی دێت ، بەڵام زمانی شیعری یاسا و ڕێسای خۆی هەیە . وە هەروەها عەونی شاعیر لەسەرەتای سییەکانەوە وەک شاگردێکی قوتابخانە شیعری یەکەی نالی و ، وەک شاعیرێکی هەست ناسکی ڕێبازە نەتەوەییەکەی حاجی قادری کۆیی سەری هەڵداوە لە ساڵی (1953) ەوە دەست و بازووی شاعیرێتی بەتەواوی بەهێز بوو ، هۆنراوەی پتەوی بڵاوکردەوە ، بەتایبەتی دوای ئەوەی کە لە حوجرەی مزگەوتەکانی کۆیە ، لەلای مەلا و موستەعیدەکان و شاعیرەکانی ئەو سەردەمەی وەکو حوسەینی و صافی و مەلا محەمەدی

دلاوەر و عاسی چاوی بەهۆنراوە دەستنوسەکانی شاعیری مەزنی کورد (نالی) دەکەوت ، لەبەری دەکردن و هەوڵی دەدا هۆنراوەی لە ئاستی ئەوانەدا بنێ . بەم جۆرە دەبینین عەونی شاعیری بەهرەدارمان کەوتە بەر کاریگەری هۆنراوەکانی ئەو دوو شاعیرە مەزنەی کورد نالی و حاجی ڕێبازێکی دوو ڕێچکەی گرتەبەر ، لە غەزەلدا قوتابییەکی زیرەکی (نالی) بوو ، هەردەم بەدوای وردەکاری ڕەوانبێژی و شیعری پتەودا دەگەڕا و ، لە شیعری نیشتیمانیشدا شاگردێکی هۆشیاری ڕێبازە نەتەوەییەکەی حاجی قادر بووە ، (عەونی ، 2011 : 5)

## 2-6 مۆسیقای شیعری:-

**ـ مۆسیقای دەرەوە:**

عەونی شاعیر بەسەلیقە لەهەردوو جۆری شیعری کوردی و عەروزی و سیلابی میللی خۆماڵی وتووە ، لە شیعری عەروزیدا بەزۆری بەحرەکانی هەزەج و ڕەمەلی بەکارهێناوە ، کەچی لە موزاریعدا سێ چوار شیعر و لە بەسیتدا تاقە شیعرێکی هەیە ، لە یەکێتی قافیەدا ئەم دەنگانەی ئەلف و بێی کوردی و عەرەبی بەکارهێناوە : (ت ج د ر ش غ ق ک م ن) (ە – ئە) و وو ی ێ . لەپاش قافییە ئەم وشانەی بەکارهێناوە :- چبکا ، دەکا ، گرت ، نەگرت ، کرد ، تر(دیکە) ، عەشق ، بم ، (ببم) ، دەبزانم ، چین ، من ، بوو (هەموو) ، گەرەکە لەکێ یە ، چی ، دەوێ ، دەکەم ، کەم ، (بکەم) ناکەم ، کردم ، بوو ، نییە ، (بێ) (ببێ) ، دەوێ ، نەبێ ، نەدا ، تۆ ، ئیمڕۆ . وە هەروەها عەونی شاعیر لە شیعری کێشی خۆماڵی بەرهەمی زۆرە هەموو کێشەکانی بەکارهێناوە ، لە دەبڕگەیی و حەوت بڕگەیی شیعری فرە زۆر ، قافییەی مەسنەوی لەم جۆرە شیعرەدا بەکارهێناوە،لەگەڵ ئەوەشدا قافییەی ڕەنگاو ڕەنگیش لەشیعر یا بەرچاو دەکەوێت ، لە پارچە شیعرێکدا قافییەی وەکو (أ ب ـ أب ـ ج د ـ ج د) وەهی دیکە دەبینرێت . (عەونی ، 2011 : 474) . لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە مۆسیقا بنەمای دەربڕینی شیعرە وە بە شیعر نامۆ نییە ، لەبەرئەوەی هەر وشەیەک لە مێشک سەرهەڵبدات مۆسیقایەکی لەگەڵ دروست دەبێت ، وە هەروەها مۆسیقای شیعر لە واتای وشە کەمتر نیە وە بگرە زیاترە . کێش ڕەگەز و بنەمایەکی گرینگی شیعرە ، ڕۆڵێکی گەورە لە پێکهێنانی مۆسیقای دەرەوەی شیعریدا دەبینێت ، هەر لە کۆنەوە کاتێک ئەدەب دابەشکراوە بەسەر شیعرو بەخشاندا ، کێش وەکو خاڵی گرینگی جیاکەرەوەی نێوانیان دانراوە ، کەواتە کێش لەهەر زمانێکدا بریتییە :- لە چوارچێوەی گشتی دەرەوەی ئاوازی شیعر وە بۆ تەواوکردنی مۆسیقای شیعرە ، وە گۆرانی شاعیریش دەڵێ ، مەرجی هەڵبەست تەنیا کێش و قافیە نیە ، بەڵام هەبوونی مۆسیقایەکی ڕەوان و جۆرە کێش و قافیەیەک بەتایبەتی کێش هەرە گرینگی پێویستییەکانی شیعرە . (جەمال ، 2008 : 51)

مەلای جزیری یەکەمین شاعیری کوردە سیستەمی کێشی عەروزی و یەکێتی قافییەی شیعری کلاسیکی عەرەبی هێناوەتە ناو ئەدەبی کوردییەوە سودی لە تاقیکردنەوەی ئەدەبی فارسی و تورکی وەرگرتووە ئەگەر ئێمە سەرنج بدەینە شیعرەکانی شاعیر ئەم کێشە عەروزیانە لە شیعرەکانی دا دەدۆزینەوە ، رەمەل ، هەزەچ ، ڕەجز ، بەسین ، سەریع بەشی هەرە زۆری لەسەر کێشی هەزەل و ڕەجز ڕێکخراون ، مەلای جزیری داهێنەری غەزەلی کێشی عەروزی و یەکێتی قافیەیە لە ئەدەبی کوردیدا . (خەزنەدار ، 2010 : 249) . وە هەروەها جاران، بەتایبەتی لە قۆناغی ئەدەبی کلاسیکو ، تەنانەت بەشێکیش لە ڕێبازی ئەدەبی ڕۆمانتیکدا ، بیروڕای شاعیر و پسپۆڕانی مەیدانی شیعر وابوو کە کێش و سەروا کە دوو بنەمای بنەڕەتی شیعرن ، چونکە کاریگەری گەورەیان لە پێکهێنانی مۆسیقای شیعریدا هەیە ، بەپێی کێش و سەرواش ئاوازی هەمەجۆری دەرەوەی شیعریش پێکدێت ، وە کێش و سەروا بەپێی تایبەتمەندی گەلان و زمانی جیاوازەوە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر جیاوازە ،ئەگەر جاران کێش و سەروا وەکو دوو مەرجی سەرەکی شیعر بووبون و ، پێمان وابووبێ بەبێ کێش و سەروا ئاوازی دەرەوەی شیعر دروست نابێت. (ئەرسەلان بایز ، 2002 : 55) وە هەروەها عەونی لە شیعرەکانیدا زۆربەی هەرە زۆری هونەرەکانی شیعری بەکارهێناوە . لەسەروادا ئەلف و بێی کوردی و عەرەبی بە چەندین شێوە بەکارهێناوە . پاش سەرواشی هەیە و هەموو وشەکانی کوردین . لە شیعری نوێدا زۆربەی شیعرەکانی سەروایان مەسنەوین و سەروای ڕەنگاو ڕەنگیشی هەیە . بەپێی شیعرەکانی ناو دیوانی عەونیدا سەرواکان دەست نیشان دەکەین . نموونەی شیعرێکی عەونی: لە سەروای غەزەل: بۆ نموونـــە

ئاشنایەکەم هەبێ لـــــــــەم عالەمە تەنیا غەمـــــــە

ماڵی ئاوابێ وەفاداری وەها ئەمـــــــــــــرۆ کەمــە

هەمدەمی ڕۆژ و شەوانم هەر ئەوەو هەر ئەو دەبێ

ئەو نەبێ من بێ کەسم قوربانی بێ هەرچی هەمــە

وشەکانی سەروا لەم غەزەلەدا (غەمە . کەمە . هەمە) . سەروای دێڕی یەکەم (موسەر رەع) ە و سەروای نیوە دێڕەکانی تر بەهەمان سەروای دێڕی یەکەم هاتون کە ئەمانەن : (مەحرەمە . ماتەمە . ئەستەمە . هەمە . جێگەمە . ئادەمە . کەمە) ئەو دەنگانەی سەرواکانیان دروست کردووە (ە مە) یە . پیتی (م) ڕەوییە و (ە) پاش ڕەوییە . (عەزیز ، 2014 : 203) . کەواتە بۆمان دەردەکەوێت کێش ڕەگەزێکی گرینگی مۆسیقای شیعرە کاریگەرییەکەی گرینگی هەیە لەسەر

دروستبوونی مۆسیقای دەرەوەی شیعر لەگەڵ سەروا تەواوکەری یەکترین بەهەردوکیان ئاوازی تایبەت بە شیعر دەدەن .

**_مۆسیقای ناوەوە:**

کێش و سەروا ڕۆڵیان لە پێکهێنانی ئاوازی دەرەوە هەیە ، بەڵام ئاوازی ناوەوە ئەو مۆسیقایە دەگرێتەوە کە لە ئەنجامی چەندین جار دووبارە بونەوەی چەند دەنگێک (چ بزوێن بن یان نەبزوێن) ، یاخود لە ئەنجامی ڕێکخستن و بەدوای یەک داهاتنی وشە و دەستەواژە و ڕستەکانی ناو دێرە شیعر پەیدا دەبێت ، کەواتە ئاوازی ناوەوە لە ئەنجامی ڕێکخستنی ورد و جوانی وشە و دەستەواژەکانی ناو دێرە شیعر پەیدا دەبێت بە جۆرێک کە پەیوەندی بەیەکەوە گونجان لەنێوان دەنگەکان یان پیتەکانی دوای وشەکان دا هەبێت ، هەندێک جار شاعیر بە مەبەست هەوڵی ڕێکخستنیان دەدات ، هەندێک جاریش بە ڕێکەوت دروست دەبێت ، بەڵام مەرج نیە ئەو پەیوەندیە بەیەکەوە گونجانە هەر لە نێوان دەنگەکان یان پیتەکانی دوای وشەکان دا بێت ، بەڵکو دەشێ ئەو پەیوەندییە لە سەرەتا و ناوەڕاستی وشەکانیش دا هەبێت . (عەلی ، 2009 : 132) . وە هەروەها مۆسیقای ناوەوە لە هەموو دەقێکی ئەدەبیدا بوونی هەیە ، چونکە زۆرجار دەقێکی شیعری بێ کێش و سەرواش دەخوێنینەوە ، هەست بەو جۆرە ریتم و مۆسیقایەک دەکەین ئەمەش خۆی لە مۆسیقای ناوەوەدا دەبینێتەوە ، وە زاراوەی مۆسیقای ناوەوە زاراوەیەکی نوێیە لەبواری ڕەخنە و لێکۆڵینەوە شێوازییەکاندا ، لە کتێب و سەرچاوە کۆنەکان بەرچاو ناکەوێت ، لەگەڵ ئەوەی زۆر لە بارەشییەوە نوسراوە تا ئێستا نەتوانراوە وەکو چەمکێکی دیاریکراوە دەستنیشان بکرێت . (محەمەد ، 2014 : 91) . کەواتە ئێمەش لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە مۆسیقای ناوەوە بە پێچەوانەی مۆسیقای دەرەوە کە بنەماکانی کێش و سەروان زۆر بە ڕون و ئاشکرا دیارن و هەموو شاعیران پەیڕەوی دەکەن ، هەر بۆیەش مۆسیقای ناوەوە پێکهاتەی مۆسیقای لاواز و بێهێزترە لەچاو مۆسیقای دەرەوەدا ، لەلایەن وروژاندن و کارتێکردنی لەسەر هەستی گوێگر . هەروەها شیعر وەک گیان و جەستە جگە لە مۆسیقای دەرەوەی شیعر ، خاوەنی مۆسیقای ناوەوەی شیعرە . ئەم مۆسیقایە زیاتر لە ڕووی جۆری هەڵبژاردنی وشەی نێو بەیتەکانی شیعر خۆی دەنوێنێ . هەروەها بەکارهێنانی هەندێک دەنگ لە نێو دێرەکانی شیعر دەتوانێ جۆرە مۆسیقایەکی ناوەوەی شیعر دروست بکات . بۆ نمونە هەڵبژاردنی هەندێ وشەی وەک شادی و کامەرانی و خەندە و بزەی لێو تا دوایی ، ئەوا جۆرە مۆسیقایەکی کاریگەری ناوەوەی شیعر دروست دەکەن و دەتوانن جۆرە هەڵچونێکی گەشبینی لەناوەوەی خوێنەردا دروست بکات ، وە بە پێچەوانەش ئەگەر وشەکان لە جۆری غەمناکی و دڵتەنگی و بێزاری و هەتا دوایی بێت . ئەوا جۆرە مۆسیقایەکی ناوەوەی خاوەن جۆرە هەڵچوونێکی ڕەشبین دەبێت . ئەمەش ئەوە

دەگەیەنێت کە لە هیچ بارێکدا شیعر و مۆسیقا لەیەک دانابرێت . (عومەر ، 2019 : 29) . وە هەروەها عەونی شاعیر هەمان ڕێرەوی نوسەرێکی مۆسیقای ئەنجامداوە لەو بەشەی کەوا خۆی بە هەوێنی شیعری ناسک و جوان و سوکەڵە بە ئیقاعێکی دڵگیرو پڕ مۆسیقا بۆ دڵداری ، جوانی ، سۆز ، وەصفی کچ و بەتایبەتی کچە کۆیی ، عەونی شاعیر ویستویەتی شێوازێکی خۆماڵیانەی میلۆدی ئاسان لەناوەخنی شیعرەکانی جێبگرێ بە جۆرێ هەندێ جار لەدێری یەکەمدا لە ناواخن دوو جۆر ئاوازی داناوە . نمونە:

لەم کولیەی ئەحزانە ، ئەشقی سەنەمێکم بوو

لــــــــەم چۆڵ و بیابانە ، باخی ئیرەمێکم بوو

جوانی شیعرەکە لێرەدا بە جۆرێک خۆی دەنوێنێ کە بێ تەواوکردنی نیوە دێری یەکەم لە نیوە دێری دووەم تەواوکەرێکی جوان دەبینرێ ئەمەش جۆرێکە لەو شیعرانەی کە کەم شاعیر کردویانە بە شیعر . (فەرهاد عەونی ، 2011 : 540) . کاتێک ئێمە لە شێوازی نوسینی شیعرەکانی عەونی دواین تەنها خۆمان خستبوە ئەو چوار چیوەی فۆڕمی دەرەوە ، بەڵام لە قۆناغی تازە لەبواری دروستکردنی ئاوازی ناوەوەی شیعر دوای سەرنجدان لە شیعرەکانی عەونی شاعیر هەر سەروا بە تەنیا نەبویتنە دروستکردنی ئاواز و ، بەڵکو ڕەنگ و وێنەی هاوبەش و وێنەی دژ بە یەکتر لە یەکتر نزیکی و وشە و پیت و کات و شوێنیش ، ئەگەر داهێنەرانە بەکاربهێنرێت دەبێتە هۆی دروستکردنی ئاوازی ناوەوەی شیعر .

**3_6 وێنەی شیعری لە شیعرەکانی عەونیدا:** وێنە شوێنێکی بنچینەیی لە بنیادی شیعریدا داگیر کردووە ، ئامرازێکە لە ئامرازەکانی شیعری نوێ ، وە بەهۆی وێنەوە شاعیر هەست و بیرو یادەوەرییەکانی بەشێوەیەکی هونەری پێکەوە دەنێت ، هەر لەرێگای وێنەوەش تێروانینە تایبەتییەکانی دەخاتە ڕوو ، کەواتە وێنەی هونەری شیعری ، لە دۆخی تێکەڵبوونی هۆش و سۆز و ئەندێشەدا چی دەبێت ، دیارە ئەمەش ، دەبێتە داهێنانێکی تەواوی پڕ . ( کمال معروف ، 2007 : 135) .کەواتە (وێنە شتێکی تازە و نامۆ نیە بە شیعر ، بەڵکو هەر لە کۆنەوە لەگەڵیدا هاتووە لێی جیانابێتەوە ، چونکە لەوکاتەی شیعر هەبووە هەتا ئەمڕۆ لەسەر وێنە بنیاد نراوە ، بەڵام لە ڕووی بەکارهێنانەوە ئەو وێنانە لە شاعیرێکەوە بۆ شاعیرێکی تر ، یان لە شیعری کۆن و نوێدا جیاوازییان هەیە ) . (پەخشان عەلی ، 2009 : 235) . واتە دەتوانین بڵێین شیعر وێنەیەکی دەنگدارە ، وە وێنەی شیعری گرینگییەکی تایبەتی خۆی هەیە لەلای شاعیران . وە (وێنەی شیعری یەکێکە لە پایەکانی دەقی شیعری و یەکێکە لەو ڕەگەزە پڕ بایەخانەی کە پرۆسەی شیعریەت بەرەو کامڵ بوون ئاڕاستە دەکەن ، وە ڕەخنەگران وێنەی شیعری بەمەرجێکی

پێویست و گرینگ دادەنێن بۆ هەموو جۆرە شیعرێکی ڕەسەن ، چونکە وێنەی شیعری نەک بەتەنیا شێوازی گوزارشت کردنە ، بەڵکو شێوازی بیرکردنەوەشە ، بۆیە وێنەی شعیری وای کردووە ڕەخنەگران وێنەی شیعری وەکو ئامرازێکی ڕەخنەیی و پێوەرێکی گرینگ بەکار بهێنن) . (دەریا جەمال ، 2008 : 80) وە (وێنەی شیعری گرینگییەکی تایبەت بەخۆی هەیە لەلای شاعیران هەرچەندە بابەتێکی نوێە لە ڕەخنەی ئەدەبیدا بەڵام ئەوە بە مانای ئەوە نیە کە شیعری کلاسیک خاڵی بێت لە وێنە ، بەڵکو بە پێچەوانەوە لێوان لێون لە وێنەی شیعری بەرز و بریسکەدار ، بەڵام وێنەکان لە شاعیرێکەوە بۆ شاعیرێکی تر دەگۆڕێت ئەویش لەسەر بیرو خەیاڵی شاعیرانەی شاعیر دەوەستێت ، کەواتە وێنەی شیعری وەک بابەت نوێیە ، ئەگەر نا هەر هەبووە) (ئومێد عەزیز ، 2014 : 169) کەواتە بۆمان دەردەکەوێت کەوا وێنە ڕۆڵێکی گرینگی هەیە لە دروستبوونی شیعردا ، وە وێنەی شیعری دۆزینەوەیەکی شیعری نوێ نیە ، بەڵکو ڕەگەزێکی کۆنی شیعری کلاسیکەو شیعرە کلاسییەکان پڕن لە وێنەی شیعری جوان و ناسک .

_وێنەی تاک:

وە پێکهێنانی وێنەی شیعری چەند شێوازی جۆراو جۆر هەن ، یەکێک لەو شێوازانەی کە شاعیران پەیڕەوی دەکەن ، وێنەی تاکە ، وێنەی تاک بریتییە لە تاکە وێنەیەکی سەربەخۆ ، کە شاعیر زۆرجار لە تاکە دێڕێکدا دەیکێشێت ، یاخو لە شیعرێکی کورتدا ، بۆ نموونە (پیرباڵ محمود) لەم دێڕە شیعرەیدا دەڵێت :

لە ئاسۆی چاوت ئەدرەو شایەوە

لێرەدا شاعیر وێنەیەکی زۆر جوانمان بۆ دەکێشێت ، چاوی یار بە ئاسمان هیواکانی خۆشی ، بە ئەستێرەیەک دادەنێت ، کە لەناو چاوی ئەو دیارە و دەدرەوشێنەوە ، واتە کە یار دەبینێت شاعیر هیواکانی دێتە دی . (صافیە محمد ، 2014 : 217) . وە وێنەی تاک لەڕووی پێکهاتنەوە : بەرجەستە کردن : واتە گواستنەوە واتە لە چوارچێوەی چەمکەکانەوە بۆ مەتریاڵی هەستی ، ئەم شێوازە هەموو ئەو وێنانە دەگرێتەوە کە شاعیر بەهۆی خەیاڵ و زەین ڕوونیەوە دروستی دەکات جەستە و خوێن و ڕوح دەدات بەهەموو ئەو شتە ماددی و ماعنەویانە وەکو گیانلەبەر مامەڵەیان لەگەڵ دەکات وایان لێدەکات بجولێن و ببینرێن و بڕۆن و جۆرە سیفەتێک بەخۆیانەوە بگرن (هاوژین سلێوە ، 2009 : 85) ، کەواتە لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت وێنە سەربەخۆیە ، شاعیر دەتوانێت لەیەک دێرە شیعر وێنەیەکی زۆر جوانمان بۆ بکێشێت یان لە شیعرێکی کورتدا . وە (وێنەی شیعری وەک ڕەگەزەکان – بیر ، سۆز ، خەیاڵ بەشێکە لە بنیادی شیعری ، قەسیدە لەچەندین وێنەی جیاواز و سەربەخۆ پێکدێ کە جاری وا هەیە ئەو وێنەیە تاکە یان لێکدراوە ، وە

یان شیعری واشی هەیە هەر خۆی وێنەیەکە ، وێنەی شیعری کە لە دەریای خەیاڵەوە بناوان هەڵدەگرێت ، ئەبێت دوور بێت لە ڕووخسار و شێوازی ڕاپۆرتی ڕاستەوخۆ ، خەیاڵ ئەو زەمینە نشینەیە کە وێنەی شیعری دروست و بەرجەستە دەکات) ( ئەرسەلان بایز ، 2002 : 141) وە (وێنەی تاک لەڕووی بەکەسکردنەوە : ئەگەر سەرنج لە شیعری کوردی بدەی ، ئەوا دەبینین ، بە کەس کردن دیاریدەیەکی تازە و زادەی بیرێکی نوێ نیە ، چونکە ڕەگ و ڕیشەیەکی قوڵی هەیە کە بۆ قۆناغە سەرەتاییەکانی لەدایک بوونی هۆشی ئادەمیزاد و گەشەسەندنی دەگرێتەوە ، ئادەمیزاد لەو سەردەمەدا لەو باوەڕەدا بوو کە سروشت زیندووە و قسە دەکا و گەلێک کاری جۆراو جۆر ئەنجام دەدات ) ( حسێن غازی ، $\frac{٢٤}{٢٠١٤}$ : 49 ) . کەواتە بۆمان دەردەکەوێت وێنە ڕۆلێکی گرینگی هەیە لەبنەمای شیعریدا کە شاعیر دەتوانێت لەیەک دێرە شیعریدا واتای تەواو بگەیەنێت نەک بەمەبەستی ڕازاندنەوە بەڵکو وێنەیەکی جوانی شیعرە .

ـــ وێنەی لێکدراو :

هەموو وێنەیەکی شیعری لە وێنەیەک یان لە چەند وێنەیەکی تاک پێکدێت ، وێنە تاکەکان دەبن بە بەشێک لە وێنە لێکدراوەکان ، کەواتە وێنەی لێکدراو بریتییە لە دوو وێنەی تاک یان کۆمەڵە وێنەیەک بەسەر یەکەوە تێکەڵ دەبن ، وێنەیەکی گەورەتر نیشان دەدەن و بەشێوەیەکی گشتی تێکەڵ بەیەکدی دەبن سایە و سێبەریان بەسەر یەکدا دێنەوە چەند دیمەنێکیان پیشان دەدەن (هاوژین سلێوە ، 2009 : 100) . وە هەروەها (د.کەمال مەعروف) یش دەربارەی وێنەی لێکدراو دەڵێت : وێنەی لێکدراو لە دوو وێنەی تاک یاخود زیاتر پێک دێت ، شاعیر کاتێک پەنا دەباتە بەر وێنەی لێکدراو کە ناتوانێت بەوێنەی سادە بیرۆکەی چڕو پڕی دەربڕێت ، دیارە سیمای هونەری زیاتر لە وێنەی لێکدراو بە دەردەکەوێت ، چونکە لە وێنەی تاک ئاڵۆزترە . وە نموونەیەکی هۆنراوەی (قوبادی جەلی زادە) کە پێکهاتووە لە وێنەیەکی لێکدراو لە چوار وێنەی تاکی جیاواز ، کە هەریەکەیان سیمایەکی تایبەت بە خۆی هەیە وەک (چیا ، کوێستان ، هەور ، ئاو ) کە وێنەیەکی لێکدراو دروست دەکەن .

ئەگەر من و تۆ پێک بگەین

چیا دەبێتە خەرەندن و

کوێستان بەفری تیا دەپیشێ

هەور دار عەسا هەڵەگرێ و ئاو دەخنکێ

( کەمال مەعروف ، 2007 : 140) وە وێنەی گشتی : (ئەو وێنەیە کە لە کۆمەڵە وێنەیەکی تاک پێکدێت کە لەدەوری تەوەرەیەکی شیعری و بیریدا دەسوڕێتەوە ، وە کاتێک کە خوێنەر دەیخوێنێتەوە یان کە گوێ بیستی دەبێت چەند وێنەیەکی جیاجیای لا دروست دەبێت ، وێنەی گشتی ، هەرچەندە لە وێنەیەکی تاک و لێکدراو پێکدێت ، بەڵام وە نەبێت سەرئەنجامی کۆی وێنە تاک و لێکدراوەکە بێت ، بەڵکو وێنەیەکی نوێە خاسیەتێکی تایبەتی خۆی هەیە) . ( حسێن غازی ، $\frac{٣٤}{٢٠١٤}$ : 51 ) . دەتوانین بڵێین لە وێنەی لێکدراودا چەندین شێوە یاخود باسکردن بۆ یەک باس بەکاردێت، بەڵام هەر یەکەیان وێنەیەکی سەربەخۆن کە شاعیر لێکیان دەدات یاخود پێکیانەوە دەلکێنێ .

**6_4 ڕەوانبێژی :-** ڕەوانبێژی زانستێکی کۆنە ، جوانی و داهێنان بە شیعر دەبەخشێت ، بنەڕەتێکی گرینگی ئەدەبە بە گشتی و شیعر بەتایبەتی ، وە شیعرێک ئەگەر شیعر بێت بەبێ ڕەوانبێژی دروست نابێت ، چونکە ڕەوانبێژی گرینگی تایبەتی خۆی هەیە لەناو زماندا بەتایبەتی لەناو زمانی شیعر و ڕوونی دەکاتەوە ، بۆیە شاعیران بەپێی پێویست و شارەزای خۆی لە شیعردا بەکاری هێناوە ، چونکە لەلای شاعیران ڕوونە کە ڕەوانبێژی نەمری بە شیعر دەبەخشێ و داهێنان لە لاسایی کردنەوە جیادەکاتەوە . (ئومێد عەزیز ، 2014 : 171) . کەواتە لێرەدا دەتوانین بڵێین کە ڕەوانبێژی ڕوونکردنەوەی واتا بە خوێنەر دەبەخشێت و کە تێیدا شاعیر مەبەستێکی ڕاست و دروست دەخاتە ڕوو ، وە هەروەها وا پێویست دەکات ڕوونی بکەینەوە (ڕوونبێژی زانستێکی ڕەوانبێژیە ، وە دیارترین هونەرەکانی ڕەوانبێژی تێدا کۆبۆتەوە ، ئەوانیش لێکچواندن و ، خوازە و ، خواستن و ، درکە ، وە ڕوونبێژی بنچینەی بنەمایەکە بۆ ڕوونکردنەوە و ئاشکراکردنی واتە مەبەست بە چەند شێوازێکی هەمەڕەنگ و چەند ڕێگایەکی جیاواز) (بەهار عبدالجبار ، 2017 : 21) . کەواتە (ڕەوانبێژی بەگشتی و ڕوونبێژی بەتایبەتی ڕۆڵێکی گرینگی لە وێنەی هونەریدا هەیە ، وە ڕوونبێژی زانستێکە بەهۆیەوە واتایەک لە چەند وێنەیەکی جیاواز لە داڕشتنی جیاواز دەلالەتی ڕوون و هاوتای هەریەک لەمانە لەگەڵ بارودۆخەکە دا دێتە کایەوە ) . (دەریا جەمال ، 2008 : 14) وە هەروەها (ڕوونبێژی ئامانجی لەچواندن ئەوەیە کە مەبەستی شاعیر لە شیعرەکەیدا ڕوون و ئاشکرابێ و گوێگرو خوێنەر بنج و بنەوانی ماناکەی دەست کەوێ ، چواندن لەسەر بنەمای چەند بنەڕەتێکدا بنیاد دەنرێت کە بریتین لە لێچوو ، لەوچوو ، ڕوولێکچواندن ) . (فەرهاد عەزیز ، 2016 : 75) . کەواتە دەتوانین بڵێین کە ڕەوانبێژی یەکێکە لە کەرستەکانی شیعر بۆ ڕوونکردنەوە و ئاشکراکردنی واتە شاراوەکانی ناو دەقەکان وە هەروەها

شاعیران سوودیان لە ڕەوانبێژی وەرگرتووە بۆ ڕازاندنەوەی شیعرەکانیان مانەوەیان بە زیندویەتی .

**ـڕەگەز دۆزی:** ڕەگەزدۆزی یەکێکە لە بنەماکانی پێکهاتەی ڕیتمی ناوەوە ، لای زۆربەی شاعیران بەکاردەهێنرێت ، ڕیتمی ناوەوە بەهێز دەکات و لە ئەنجامی لێک نزیکی وشەکان و دووبارە بوونەوەی دەنگەکانی نێوانیان سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشن ، ڕەگەز دۆزی ئەوەیە کە دوو وشە یان زیاتر لە ڕواڵەتدا وەک یەکن یا بەیەک بچن ، بەڵام هەریەکەیان واتای تایبەتی خۆی هەبێت کە جودابێت لە واتای وشەکانی تر (صافیە محمد ، 2014 : 93) . وە لە پێناسەیەکی ڕەگەز دۆزیدا (عەلائەدین سەجادی ، 1967 : 83 ) دەڵێت ، ڕەگەز دۆزی ئەوەیە کە هونەر لە هۆنراوەکەیدا دوو وشە یان زیاتر بێنێتەوە ، وشەکان لە ڕواڵەتدا وەک یەک وابن بەڵام لە گوزارەدا هەریەکەیان گوزارەیەکیان هەبێت . واتە دەتوانین ڕەگەز دۆزی لە دوو وشە یان زیاتر لەیەک بچن بەڵام واتاکانیان جودا بێت . وە هەروەها (ڕەگەز دۆزی ئەوەیە ، کە دوو وشە یان زیاتر لە کۆکردنەوەدا و لە شێوەدا وەک یەک بن یان نزیک بن لەیەک ، لەواتاشدا جیاواز بن ، وە زانایانی ڕەوانبێژی دوو جۆری سەرەکی ڕەگەز دۆزیان دەستنیشان کردووە ، یەکەم (ڕەگەز دۆزی تەواو) ، (ڕەگەز دۆزی ناتەواو) ، ڕەگەز دۆزی تەواو ئەوەیە ، کە دوو وشەی ڕەگەز دۆزیان لێ دروست دەبێت کە بەتەواوی لە یەک بچن ، لەڕووی جۆرو ژمارە و شێوەو ڕیزبوونی پیتەکان ، هەریەک لەو وشانە واتایەکی سەربەخۆ و تایبەتیان هەبێت ، وە ڕەگەز دۆزی ناتەواو ئەوەیە کە ئەو دوو وشەیەی کە ڕەگەز دۆزیان لێ دروست دەبێت یەکێک لە چوار مەرجەکانی ڕەگەز دۆزی تەواویان تێدا نەبێت واتە لە جۆر یا ژمارە یا شێوە و ڕیزبوونی پیتەکان لەیەک جیاوازبن . (بەهار عبدالجبار ، 2017 : 33) . وە هەروەها (ڕەگەز دۆزی تەواو ئەم هونەرە لە شیعری کوردیدا زۆر بەرچاو دەکەوێت بەهەموو جۆرەکانیەوە و شاعیران بە شێوەیەکی فراوان بەکاریان هێناوە ، وە عەونی شاعیریش زۆر سودی لەم هونەرە وەرگرتووە بۆ ڕازانەوەی شیعرەکانی ، بۆ نموونە :

خونچە لێوی کردەوە وەک پێکەنی ئابڕووی تکا

چەند دڵۆپێک شەونمی شەرمی بەسەر ڕوودا تکا

(دیوانی عەونی چ2 : ل150)

شاعیر ڕەگەز دۆزی لە نێوان وشەی (تکا) دروستکردووە لە جۆری هاوڕەسەن چونکە هەردوو وشەکە کارن ، تکای نێوە دێڕی یەکەم بەمانای (چون) دێت (تکا)ی نیوە دێڕی دووەم بەمانای

هاتنە خوارەوە دێت واتە هەردووکیان کارن و یەک ڕەگەزن . (ئومێد عەزیز ، 2014 : 181) . کەوا ئێمەش لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە هونەری ڕەگەز دۆزی هونەرێکە بۆ جوانکاری شیعریە کە شاعیران بۆ دەقە شیعرییەکانیان بەکاری دەهێنن و پێی دەڕازێننەوە وە پلەی ئاوازە ناوەوەی دەق بەرز دەکاتەوە ) .

_ لێکچواندن :

لێکچواندن یەکێکە لە هونەرەکانی ڕوونبێژی ، بەستن و پەیداکردنی و تێکچونێکە لە نێوان دووشت بەهۆی هاوبەش بوونیان لەیەک سیفەت ، یان زیاتر بۆ مەبەستێک یان چەند مەبەستێکی دیار ، بنەمایەکی زۆر گرینگە لە وێنەی شیعری و ڕۆڵێکی زۆر ئەکتیڤ و سەرەکی دەبینێت لە کێشانی وێنەی شیعری لەلایەن شاعیرەوە ، لێکچواندن بەپێی ڕەگەزی هەردوو لایەن و بەپێی دەرکەوتن و دەرنەکەوتنی بنەماکان ژمارەی لێکچوو و لەوچوو چەندین جۆری هەیە (صافیە محمد ، 2014 : 229) . وە هەروەها (لێکچواندن تێکەڵی قوڵایی بوونی مرۆڤ دەبێت هەوڵدەدات ڕاوی ڕاستیەکان و لێچوو لەوچوو بکات ، زیاتر دووبارەبوونەوەیان پەیوەندی ڕەمزی دەگەیەنێ دوور لە پەیوەندی دیاری نێوان دوو لایەن ، لێکچواندن لە شیعری کلاسیکیدا ئامرازێکی سەرەکی شیعر بووە ، بەڵام ئیمڕۆ ڕەمز لە شیعری هاوچەرخدا لە سنووری دیاریکراوی خواستن و لێکچواندن ناوەستێ)

(کەمال مەعروف ، 2007 : 94) ئێمەش لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە لێکچواندن بریتییە لە هاوتاکردنی شتێک بە شتێکی تر یاخود لێکنزیک بن یان دەبێتە هۆیەک بۆ دەرخستنی خاسیەتێک یان چەند خاسیەتێکی شتێک . (وێنەی لێکچواندن و ئاڵوگۆڕکردنی لەنێوان مرۆڤی ئاسایی و کەسانی دوور لە شاعیر ، بەڵام لەکاتی ئاماژەکردن بۆ ئەو باسە لە خودی شیعردا ڕۆڵێکی گرینگی ئەو هونەرە دەردەکەوێت چونکە ئەو هەموو وەسف و جوانیە کە شاعیران دەیکەن بۆ ئازیزان و بۆ وڵات و نیشتیمان هەموو ئەمانە لەسەر بنچینەی لێکچواندنی شتێک یان کەسێک بە شتێک یان کەسێکی تر دەهێننە بەرهەم) (جەمال ، 2008 : 21) . وا پێویست دەکات ڕوونی بکەینەوە (چواندن بریتییە لە چواندنی شتێک لە شتێکی دی کە لە سیفەتێکدا یان زیاتر بن ، ئامانج لە چواندن ئەوەیە کە مەبەستی شاعیر لەشیعرەکەیدا ڕوون و ئاشکرابێت گوێگر و خوێنەر ماناکەیان دەست کەوێت ، چواندن لەسەر چەند بنەمایەک دادەنرێت کە بریتین لە (لێچوو ، لەوچوو ، ڕووی لێکچواندن ، ئاوراز ) (عەزیز ، 2016 : 75) . کەواتە دەتوانین بڵێین لێکچواندن ، بریتییە بە بەراوردکردنی دوولایەن بە مەبەستی نیشاندانی سیفەتی یەکیان واتە دەبێت دوو لایەن هەبێت خاڵی هاوبەشیان هەبێت لە خاڵێکیشدا جیابکرێنەوە ).

**7-ئەنجام:**

1_عوسمان عەونی زۆربەی خاسیەتەکانی شێوازی کلاسیزمی نوێی بەکارهێناوە، بۆیە وەک شاعیرێکی نیوکلاسیزم دەناسرێتەوە.

2-زمانی شیعری شاعیر زۆر دەولەمەندە بە وشە و زاراوەی کوردی پەتی، لە شیعرەکانیدا وشەی بێگانە کەم بەدی دەکرێت.

3-مۆسیقای شیعری لە لای شاعیر بایەخێکی زۆری پێدراوە، هەردوو لایەنی مؤسیقای (دەرەوە و ناوەوە) بە شێوەیەکی بەرز و کاریگەر لە شیعرەکانی ڕەنگیان داوەتەوە.

4-شاعیر تا ڕادەیەکی زۆر بە ئەدەبیاتی عەرەبی کاریگەر بووە، ئەمەش لە کێش و سەروای شیعرەکانی ڕەنگیداوەتەوە.

5-لەڕوی بەکارهێنانی کێشەوە، کە ڕەگەزێکی سەرەکیی مۆسیقای دەرەوەیە، شاعیر زیاتر کێشی عەروزی عەرەبی بەکارهێناوە،

6-لە ڕووی بەکارهێنانی سەرواوە، زیاتر سەروای ڕەنگاوڕەنگی بەکارهێناوە، بە تایبەتی (جووت سەروا (مەسنەوی).

7-شاعیر لە مۆسیقای ناوەوەدا کە ڕەگەزێکی گرنگی شیعرە، ڕۆڵێکی بەرزی هەبووە و توانیویەتی چەند لایەنێکی ڕەوانبێژی لە م بووارەدا بخاتە ڕوو.

8_ وینەی شیعری لە شیعرەکانی شاعیرا پانتایەکی بەرینی داگیرکردووەو تا ڕادەیەک تازەگەری و داهێنانی پێوە دیارە.

9-هونەرەکانی ڕەوانبێژی (ڕەگەزدۆزی و لێکچواندن)ی بەکارهێناوە، بە تایبەتی هونەری دووبارەکردنەوە.

## 8-لیستی سەرچاوەکان :-

_ ئەحمەد، صافیە محمد (2014)، شێوازی شیعرە کوردی یەکانی ، پیربالْ محمود ،چ1، چاپخانەی ڕۆژهەلاٌت،هەولێر.

_ بایز،ئەرسەلان(2002) ، سیمای شیعری کوردی دوای ڕاپەرین، چاپ و پەخشی سەردەم ، سلێمانی.

_پیربالْ، فرهاد(2004)، ێبازە ئەدەبییەکان ، وەرگێرانی لە فەرەنسییەوە بۆ کوردی، چ1، هەولێر.

_ تاهیربەرزنجی، عەلی (2008)، کاریگەری ڕوانگەی لە نویّ گەری شیعری کوریدا ، ژمارەی سپاردن (1258) ، چ1، چاپ و بلاٌوکردنەوەی چوارچرا.هەولێر.

_حاجی بەهار، عبدالجبار(2017)، هونەری جوانکاری لە شیعری عەونیدا ، چاپخانەی ڕۆژهەلاٌت چاپی یەکەم.هەولێر.

_خەزنەدار، مارف(2010)، مێژووی ئەدەبی کوردی بەرگی 2 ، چ 2، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

_ سالح، سەلیم ڕەشید( 2005)، شێواز لە کورتە چیرۆکی کوریدا ، چاپخانەی و. ڕۆشنبیری.

_ عەلی، پەخشان(2009) ، شێوازی شیعری گوران ، چاپخانەی ڕەنج ، سلێمانی.

_عەبدوڵا، ئیدریس (2011) ، لایەنە ڕەوانبێژییەکان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا ، حەمدی و حاجی قادر ، چاپخانەی حاجی هاشم هەولێر.

_ عزیز، شەرمین ئیبراهیم(2006) ، تازەکردنەوە لە شیعری کوریدا – کتێبخانەی گشتی هەولێر، ژمارەی سپاردن (803) چاپی یەکەم بەرێوەبەرایەتی چاپخانەی ڕۆشنبیری هەولێر.

_ عەونی، فەرهاد،(2011) دیوانی عەونی ، چاپی دووەم، هەولێر لە بەرێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان، هەولێر.

_فەتاح، ڕزگار عومەر(2013) ، ڕۆمانسیزم لە شیعری هێمن و محمد نوری دا ، خانەی موکریانی بۆ چاپ و بلاٌوکردنەوە هەولێر.

_مەعروف، کەمال(2007)ڕەخنەی نویّ ی کوردی ، ، وەزارەتی رۆشنبیری،هەولێر.

_مستەفا، ئومێد عزیز (2014)، ژیان و بەرهەمی عەونی ، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ، ژمارەی سپاردن (688) ساڵی پێدراوە .

_ نازم، سەنگەر و حوسێن، (2018)هیمداد ، بنەما و میتۆدەکانی ڕەخنەی ئەدەبی ، چاپی یەکەم هەولێر 2018 لە بەڕێوەبەرایەتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە (712) .

<u>نامە ماستەر :</u>

_حسێن، جەمیلە ئەحمەد(2008) ، شێوازی وتار لە ڕۆژنامەی کوریدا،نامەی ماستەر، زانکۆی کۆیە،کۆلیژی پەروەردە، بەشی کوردی.

_حەویزی، دەریا جەمال(2008)وێنەی ڕونبێژی لە دیوانی شەهید بە تەنیا پیاسەدەکات، قوبادی جەلی زادە ، نامەی ماستەر ، زانکۆی کۆیە کۆلیژی پەروەردە ، بەشی کوردی.

_عبدالسلام، ژوان(2014) ،شێواز لە شیعرەکانی کامەران موکری لە ژێر ڕۆشنایی قوتابخانەی فیۆلۆژی لیۆ شپیزەردا، نامەی ماستەر، زانکۆی کۆیە، کۆلیژی پەروەردە،بەشی کوردی. _عەزیز حەسەن، فەرهاد(2016) داشۆرین لە نێوان شێخ ڕەزا و ئیرەج میرزا نامەی ماستەر زانکۆی بینگۆڵ 2016 .

_عیسا، هاوژین صلیوە(2009) ، بنیاتی هونەری لە شیعری شێرکۆ بێکەس دا دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم سلێمانی.

_محەمەد، عزەدین سابیر(2015)، شێوازی هۆنراوەکانی شێخ نوری شێخ صالح نامەی ماستەر زانکۆی سلێمانی کۆلیژی پەروەردە ، بەشی کوردی.

<u>گۆڤارەکان :</u>

_غازی کاک أمین، حسین(2014)زانکۆی ڕاپەڕین وێنەی هونەری لە شیعرەکانی (دلاوەر قەرەداغی) گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژ. 34

_عومەر گوڵ، مارف(2003)، دەق ئاوێزان بە نموونەی وەفایی، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژ. (3).

<u>ڕۆژنامە :</u>

1-ئەحمەدی مەلا(2012/3/1 )، فۆرم ژمارە (5716) ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ لاپەڕە (3) ئەدەب و هونەر، سلیمانی.

# چێژی دەق

# لەشیعرەکانی قوبادی جەلیزادەدا

## چێژی دەق لە شیعرە کانی  قوبادی جە لیزاددا

**پێشەکی:**

0_1 ناونیشانی توێژینەوە: توێژنەوەکەمان کەلە ژێر ناونیشانی (چێژی دەق  لەشیعرەکانی قوبادی جەلیزادە ) دایە0 هەوڵێکە بۆتیشک خستنەر بابەتێکی زۆرگرینگ وکاریگەرو ناساندنی چەمک و پێناسەی چێژی دەق و خستنەڕووی بەهاو بایەخ و پێگەو ڕۆڵی ئەم بابەتە لەشیعردا0 کەتائێستا زۆر بەکەمی قسەی لەسەرکراوە 0ئەمە لە لایەک و نیشاندانی  لایەنەشاراوەکانی چێژی دەق ،لەلای ئە م شاعیرە بەرزە لەلایە کی ترەوە 0

**0_2 هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکە:**

دیارە پاڵنەروهاندەرو هۆکارەکانی هەڵبژاردنی ئەوبابەتە  زۆرن بەلام بەشێوەیەکی گشتی لە دوو هۆکاری سە رە کیدا  چر دەبنەوە کەئەمانەن :

أ_ گرینگی و زیندوویەتی چێژی دەق و کاریگەری لە بواری شیعردا0

ب_ تواناو لێهاتوویی و ئەزموون و سەلیقەی شاعیر لەم بارەیەوە0

**._3 ڕێبازیتوێژینەوەکە:**

بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە پەناما ن بردۆتە بەر ڕێبازەکانی (ڕەخنەیی و وەسفی و شیکاری )بە مەبەستی بەرجەستە کردنی ئەو هەڵویست و ئامانجە ئەدەبیانەی کەدەبنە هۆکاری سەرەکی خزمەت کردن و پێشخستنی ئەو بابەتە 0-

**0_4 گرینگی توێژینەوەکە:**

گرینگی توێژینەوەکە لەوەدایە، دەربارەی بابەتێکی زۆر هەستیارو پڕبایەخ دەدوێت ، کە تائیستا بە پێی پێویست یان بە شێوەیەکی ئەکادیمی لە شیعری کوردیدا ، توێژینەوەی لەسەر نەکراوە بۆیە ئاوڕدانەوە لەم بابەتە کەچێژی دەقە، خزمەتێکی گەورە بە بواری ئەدەبی دەگەیەنێت0

**._5 سنووری توێژینەوەکە:**

چێژی دەق یەکێکە لە بنەما گرینگەکانی داڕشتنی شیعری ، پێگەو کاریگەریەکی گەورەشی لەم بوارەدا هەیە 0بەتایبەتی لەشیعرەکانی قوباد دا 0 بۆیە سنووری توێژینەوەکەمان لە م بازنەدا دەخولێتەوە0

**0_6 ئامانجی توێژینەوەکە:**

چێژی دەق وەک ڕەگەزێکی شیعری کاریگەری و کاردانەوەیەکی گەورە و بەهێزیشی لەسەر خوێنەری دەق هەیە 0بۆیە لەم توێژینەوەدا تیشک دەخەینە سەر ڕەنگدانەوەی ئەم بابەتە لە

شیعرەکانی قوبادی جەلیزادەدا 0کەواتە ئامانجی توێژینەوە کەمان دەرخستنی ڕۆڵ و گرینگی و کاریگەری چێژی دەقە لە شیعردا بەگشتی و لەشیعرەکانی قوبادی جەلیزادەدا بە تایبەتی 0

**.7_ چوارچێوەی توێژینەکە:**

توێژینەوەکە جگە لە پێشەکی ،لەسێ بەشی سەرەکی پێکهاتووە 0بەشی یەکەم بەشێوەیەکی گشتی تیۆرییەو لە سێ تەوەرە پێکهاتووە 0تەوەرەی یەکەم ،بریتیە لە چەمک وپێناسەیدەقی شیعری 0لێرەدا هەوڵمانداوە بەشێوازێکی زانستی وئەکادیمی تیشک بخەینەسەر ئەوبابەتە0تەوەرەی دووەم تەرخانکراوە بۆچێژی دەق و کاریگەریەکانی لەشیعردا 0 بۆئەمەش پشتمان بەبیروبۆچوونی چەند نووسەرو ڕەخنە گرێکی بەرزبەستووە ، وەک رۆلان 0 لەتەوەرەی سێیەمیش دا باسی چەند لایەنێکی تیۆری چەمکی خۆشی دەق و ڕەنگدانەوەی لەشیعردا خراوەتەڕوو0 بەڵام بەشی دووەم ، کەپێکهاتووە لە دووتەوەرە لە تەوەرەی یەکەمدا ،باسی پەیوەندی چێژی دەق بە ئیستاتیکیەتی دەقەوە کردووە 0لەتەوەرەی دووەمیشدا ،بایەخ و کاریگەری پێکهاتەکانی چێژیدەقمان ڕوون کردۆتەوە0 لەبە شی سێیەمیشدا بەشێوازێکی شیکاریو وەسفی بایەخی چێژی داڕشتنیدەقی شیعری و ئاستی قووڵی و کاریگەری ئیستاتیکیەتی چێژی زمانی شیعری و ئەندیشە و مۆسیقاو وێنەیشیعریمان دەرخستووە0لەکۆتایشدا ئەنجامی توێژینەوەکەو لیستی سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکەمان بەهەردووزمانی عەرەبی و ئینگلیزی خستۆتە ڕوو0

**1_1 چە مکی دەقی شیعری:**

دەربارەی دەق چە ندەها پێناسە ی جۆراوجۆر هە ن ،ئەمەش بۆ جیاوازی توانای فیکری و ئە زموونی هونەری و گۆشەنیگای هەر یەکە لەم نوسەرانە بۆ دەقەکە دە گەڕێتەوە 0 دیارە دەقیش ژیان و جیهانێکی تایبەت بە خۆی هەیە بەشێوەیەک دە توانین بڵێین پە یوەندی نێوان خوێنەرو دەق وە ک پە یوەندی رۆمانتیکی و سۆزداری نێوان دڵدار و دڵبەر وایە ، کە ڕێژەو ئاست و شێوە و چە ندیە تی و چۆنیەتی ئەم پەیوەندییە دەبێتە پێوەر بۆ باشی و خراپی و بەرزی و نزمی و بەهێزی و لاوازی پەیوەندی یەکە یان دەقەکە 0 بۆیە دەتوانین بڵێین چە ند ئاست و ڕێژەی پە یوەندی نێوان خوینەرو دەق بە هێز تر بێت بە های فیکری و ئیستاتیکیەتی دە قەکە بە رز دەبێتە وە وە بەپێچەوانەوەشەوە0 چونکە بەرزی و جوانی دەق بە تەنها بۆ بە هادارکردنی دە قەکە بە س نی یە 0 بەڵکو وابەستە شە بە ئاست و توانای فیکری و جوانناسی سە رنج لێدەرەکە وە0 بێگومان(( بۆ وشە ی دە ق چە ندەها زاراوە ی جیاواز هەن 0 لە چەمکی زمانەوانی و لە زمانی بیانی دا زاراوە ی(TEXT) بە کاردێت ، کە

له (TEXTERE) ی لاتینی وەر گیراوە کە بە واتای چنین دێت 0 وە رستنیشی ) Tissu) پێ گوتراوە 0 لە وکاتە دا پێناسە ی تێکست لە فە رهە نگی لاروسی ( LAROUSSE )ی فە رنسی باسکراوە)(Dubois,1972:484 ).((پێناسە ی دە ق وە ک لە قامووسی لاروس دا هاتووە ، هەموو ئە و ئاخافتن و ڕستانە دەگرێتە وە ، کە شایەنی شیکردنەوە بێت. دەق نموونە و چاوگێکی جووڵە و بزواندنی زمانی یەکە دە شێت بەشێوەی نووسراو یان ئاخافتن بێت ، لە مێژوو ی زۆر کۆنە وە ئە م زاراوە یە بەکارهێنراوە تەنانەت بە کتیبی پیرۆزی مە سیحیش گوتراوە(فجال،2009: 13 )0

دیارە دەق بە واتای پارچە دێت ، بەلام لە کاتێک دا کە تا ئیستاش هەمیشە ئەم تەنراوە وە کو بە رهەمێک ، وە کو ڕوو کەشیکی ئامادە لە بەرچاو دەگرین کە لە پشتەوەی ئەوە ، واتای هە قیقەتی کەم و زۆر شاراوە هە یە 0

ئێستا پێداگری لە سەر ئەوە دەکەین کە لەم تەنراوە دا بیری زاوزی کە دەق پیک دێنی لە ئەنجامی ڕو و بە ڕووبوونەوەیەکی بە ردە وام و هەمیشە یی پێک دێ 0 دیارە(( هیچ کات دەق دیالۆک نی یە، مە ترسی یە ک نی یە ، رووالە تی نیە، نە پارادۆکسە نە زۆر وەرگرتنە ، نە ڕکابەرایەتی نێوان ئاخاوتنە تاکە کەسی یە کانە، دە ق دوورگەیەکی بچووکە لە ناو دەریای پێوەندی یە هاوبەشەکانی مرۆڤە کانە ، خوو و خەدەی ناکۆمەلایەتیی چێژ نیشان دەدا(بارت،2007: 36). بەم شیوەیە دەبینین دەق لە ڕوانگە ی رۆلان بارتەوە لە چنین و تەونی جالجلۆکە دەچێت هیندە ئالۆزو هە ستیارە کە زۆر جار نوسەر لە ناوی دا ون دەبیت ( بارت،2007: 186). دیارە لە پاڵ ئەم نوسەرە بە ناوبانگە دا زۆریک لە زانایان و نووسەرانی تریش پێناسەی دە قیان کردوە ، هەر وەک جولیاکریستیڤا دەڵێ:(( دەق کە رستە ی زمانە و لە رێگەی بە ستنەوەی بە ئاخافتنەوە دێتەدی، لەگەڵ جۆرەها تۆنەکانی رابردوو و ئێستا)) (بن جدو ،1988: 13) بەلام تێروانینی پۆل ریکۆر (P.recourd) لە م بارەیەوە ئەوەیە کە دەڵێ(( دەق ئەو وتارەیە کە بە یاریدەی نوسینەوە جێگیر دەبیت و تە واو دەبێت )) (یقطین، 19:1989 ) لە هە مان کاتدا (هیالمسلیف) پیی وایە کە زاراوە ی ((دە ق بە گە لێک واتای فراوان بەکاردێت و بە هە موو ئاخافتنێکی بەکاربەریش وتراوە جا ئەو قسە یە کۆن یان نوێ بێت، نوسراو یان زارەکی بێت0 کورت یان درێژ بێت)) (تودورظ، 1972: 375 ). بە تایبەتی دەقی ئەدەبی دەریایەکی مەعریفی یە وابەستەیە بەرەگەزەکانی ئەدەبی و گەلێک لایەنی هونەری و ئیستاتیکی ، بنەماکانی دەق و برۆسەی داهێنان و ئەرک و پەیام و گرینگی و کاریگەری هەموو دەقێکیش بە تایبە تی لە ڕوو ی چێژ و خۆشی بەخشینەوە بەستراوە بە هەردوو لایەنی توانا و ئەزموون و سەلیقەو ئایدیای نووسەرەوە لەلایەک وتێڕوانین و زیرەکی و

لێهاتووی و حەزو هەوەس و خولیا و ئاستی فیکری و تێگەیشتن و ڕادە و ڕێژە ی کاریگەری و ئاویتە بوونی خوێنەر لە لایەکی دیکەوە 0

دەق لە ڕووی پێکهاتەوە لە دوو بەشی سە رەکی پێکهاتووە ئە وانیش : دە قی ئەدە بی و دەقی زانستین 0 (( دە قی ئەدەبی ئەو دەقەیە کە کۆمەڵێک مە عریفەی مرۆیی لە خۆ گرتووە ، کە گرینگترینیان بە شێوە یەکی رەهایی زانیاری ئەدەبیە0 لە بەر ئەوە خوێنەری دەق کە تە نها بە ئاشنا بوونی ئە دەبەکە مەیسەر دەبێ 0کە خوێندنەوە بە تەنها و زانینی دە قەکە بەس نی یە 0 بۆیە لە دەقی ئەدەبی دا مەعریفەی مێژوویی و دەروونی و کۆمەڵایە تی و رامیاری و تە نانەت مەعریفە ی ئابوری و زانستیش بە دی دە کرێت )) (ابریر،1995: 12 ) بۆیە دەتوانین بڵێین ((دە قی ئەدەبی بە شێوەیەکی گشتی پێچەوانە ی دەقی زانستی یە 0 چونکە چەسپاو نی یە و زانستێکی راستە قینەی ورد ناخاتەروو ، بە لکو راستیە ی هونەری پێشکەش دە کات کە لە خودەوە سە رچاوە ی گرتوە )) (العثماوی،1979: 12 )0 ئەگەرچی دە قی ئەدە بی هە ر لەکۆنەوە جیگای بایەخی لیکۆلەرەوان و رەخنەگران بووە ، بەلام لە بەر ئەوە ی بەپی پێویست بە تەواوە تی پێوەری راستەقینە بۆ دەقی جوان و ناشیرین یان چاک و خراپ لە نێو رەخنەی ئەدەبی جێی خۆی نەکردۆتە وە 0 ئەمەش وای کردووە کە هەلسەنگاندنی جیاواز و تیروانین و ئەنجامی جیاوازیش لەم رووە وە بێتە کایەوە. دیارە لە م کاتەدا پاشخانی رۆشنبیری تواناو سە لیقە و ئە زمونی تایبەتی شاعیر یان نوسەر رۆلی سەرەکی دە بینێت لە دیاری کردنی نرخ و بە ها و ئاستی هونە ری و ئیستاتیکیە تی بەرهەمەکە0 جگە لە چیژی تایبەتی و خودی کە کاریگەریەکی گە ورە و فراوانی هە یە لەم بارە یە وە 0 بێگومان تە ماشا کردنی دەق لەچەند گۆشە نیگایە کی جیاوازە وە لە برۆسەی هە ڵسەنگاندنی دەق دا هۆکاریکی گرنگ و بە هیزە بۆ بەدەستەوەدانی ئە نجامی باشتر و دروستر و زانستی تر 0بەم شیوەیە ((دەکرێ بە برۆسەی دارشتنی دەقی ئە دە بی و هونەری بڵێین داتاشینی جەستەیەکە تەنها بەهرەمەندانی دەق وخالیقەکانی دەق دەزانن ئە م جەستەیە چەند ئەستەم و دژوارە0 چونکە ناکریت دە قێک دارێژین کۆمەڵێک ئاگری گەش و باوەشێک بای ئەفسانە و چەندین کەرەستەی موعانات و هەڵچوون و عاتیفە و عیشق و خۆشەویستی پێ نە بێ)) (دەشتی،2004: 438 ).

بۆیە نوسەری سەرکەوتوو ئەوەیە  کە  وە ستایەکی سەرکە وتووبێت لە داڕشتنی بەر هەمەکەیدا ،خەون و خە یاڵ و  بیرو بۆچونەکانی ببنە چاوگی  دروست بوونی ئەو دەقە  ئە دەبیە و هونەریەی  کە مەبەستییەتی0 بۆ ئەمەش پێویستە  ڕەچاوی بنەماکانی دەقی  شیعری وئەدەبی و  هونەری بکات0چونکە (( ئەدەبی سەرکەوتوو سنوری هەموو کردەوەیەک دەبەزێنی و لەتایبەتەوە بەرەو گشتی دە بیات، لە ئەزموونی تاکەکەسیەوە دەگاتە ئاستی مرۆڤایەتی یەوە0 چونکە پەیامی شیعرئاشکراکردنی بەهای جیهانە ، جیهانی ئەزموونی زیندووی مرۆڤ)) (کەریم،2005: 19)بێگومان ئەمەش پێویستی  بە خوێنەری ئاست بەرز و لێهاتوو هە یە0 لە بەر ئەوەی ((خوێندنەوەی دەق کاریگە رییەکی زۆری لەسەر ڕەخنە ی ئە دە بی نویَ هەیە بە ڕادەیە ک  هە ر دەقێکی ئەدەبی دەخرێتە ژێر  رکێفی  تێگەیشتن 0 بەوەی کە ئەدگارێکی سەرەکی شیکردنەوە و چوارچێوەی گشتی هونە ری  ئاخافتنە)) (کەریم،2005 : 60) بە تایبە تی  دەقی شیعری کە خاوەنی خەسڵەت و تایبەتمەندییەکی ئاڵۆزە لە بە رئە وە زۆر گرینگە شاعیر لە ئاستی ئەو جیهانە  گەورەیەی شیعر دابێت 0 بۆیە دەتوانین بڵێین ((کرۆکی شیعر لە شاعیردایە و ناوەرۆکی ئادەمی شاعیریش لە  شیعرەکە ، سە ختە ئەم لێککردنەوەیە بکرێت0 بەکارێکی ڕەخنەیی لە پراکتیکدا خۆی بدۆزێتەوە)) (دەشتی،1998: 444 ) ئە مەش بە هۆی ئە و پە یوەندی یە و ئاویتە بوونە زۆرەی  کە لەنێوانیان دا هەیە 0 چونکە لە راستیدا دەقی شیعری یان هە ر دە قیکی دیکەی ئەدەبی  زادەی بیرو ئەزموونی شاعیر یان نوسەرەکە یە 0 ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە ((شیعرگوزارشت کردنە لە ئەزموونێک کە دەربڕینە کان  بە شێوەیەکی چر کۆدەکاتەوە)) (درو، 1961: 10 )

دیارە هەر لە کۆنەوە تێڕوانین بیرو بۆچوون و لێکدانەوەی  جیاواز دەربارەی شیعرو چە مکی شیعر  هەبووە  هە ریەکە لە گۆشە نیگایەکەوە لە شیعری  ڕوانیوە0 زۆر لە نوسەرانی وەک سۆقرات و ئەفلاتون و ئە رستۆ پێیان وابووە  کە شیعر لاساکردنەوەیە ئینجا ئەم لاسایکردنەوەیە بە هەر ئاست و شێوازێک بێت 0 بەڵام ئەم بیرو بۆچوونانە وەک خۆیان نەما نەوە و گۆرانکاری و تازەگەری و پێشکەوتنیان بە خۆیە وە دیت0 لەگەڵ هاتنەکایەوەی سەردەم  و قۆناغ وقوتابخانە و رێباز و شەپۆلی تازە تێروانین و لێکدانەوە وپێناسە و چەمکی تازە لەم بارەیەوە هاتەکایەوە 0نوسەری بە ناوبانگ (وۆردزۆرز)دەڵێ ):( شیعر هەڵچونێکی خۆیی سۆزە بە هێزە کانە)) ( عباس،1989: 14) ئەو سۆز بە سەرچاوەی سەرەکی شیعر دەزانیت 0 بەڵام  (هێردەر ) دەڵێ : شیعری ڕەسەن ئەوەیە کە دەربڕینی هەست بێت0 لە هە مان کاتدا شیللی دەڵێ : شیعر وینەیەکی زیندووی ورشەدارە و وێنەی ژیان بە هەموو سیحر و جوانییەکەوە ئەگرێ0(ڕەسول،1992: 24 )زۆر لەنووسەرانی تر  جەخت لە سەر وێنەی هونەری و

ئیستاتیکیەتی شیعری دەکەنەوە، (محەمەد مەندور )دەڵێ: ((بەلای منەوە پێوەری پێوانە و هەڵسەنگاندنی هۆنراوە دووسەرەیە، یەکێکیان بەرزی ناوەرۆک وئەوەی تریش جوانی وێنەی هونەری و جوانی دەربڕینە )) ( مندور،1974: 91)کەچی (ریچارد هێرد) لە گۆشە نیگایەکی دیکەوە دەڕوانێتە شیعر و بیرورایەکی تری هەیە و دەڵێ : ((شیعر هونەرێکە مەبەستی گەورەترین چێژ بەخشینە بە گوێگر )) (ڕەسول،1992: 21) دیارە زۆری ئاست و شێوازی جیاوازو و تێڕوانین و لێدانەوەی جیاوز بۆ چەمکی شیعر و ئەدەب کاریگەریەکی گەوەرەیان لە هێنانە کایەوەی چەندەها جۆری دەقی شیعری و بنەماکانی دەق هەبووە 0

**1_2 چەمکی چێژی دەق:**

بەدرێژایی سەدە کانی ڕابردوو چێژی دەق جێگای بایەخی نوسەران و ڕەخنە گران وخوێنەران بووە0هەریەکە لە نوسەرانی وەک ئەرستۆ و سۆسێرو تینسۆن و ت 0س 0 ئیلیۆت بە شێوەیەکی سەرە تایی دەربارەی چێژی دەقی ئەدەبی دواون و شوێنەوارو کاریگەری چێژی دەقیان لە سەر بابەتە جۆراوجۆرەکانی دەق دا خستۆتەڕوو0 هەروەها لەسەدەی نۆزدەدا لە رۆژئاوای ئەوروپا ،شاعیری بە ناوبانگ(بۆدلێر) هەستی خۆی لەم بارەیەوە دەربڕیوە و بانگێشەی بۆگەڕان بە دوای چێژی دەقدا کردوە بۆچوونە ناو قوڵایی و ون بوون و گوماناویی بۆ بە دەستهینان و گە یشتن بە بەرهەمی تازە و نوێ0 هەروەها نووسەری فەرەنسی (لاڤۆنتین) بیر و بۆچوونی خۆی دەربارەی چێژی ئەدەبی پێشانداوە و پێیان وایە چێژی ئەدەبی بۆ توانای ئەدیب و بەرهەمەکەی دەگەڕێتەوە 0 لەسەر ڕۆشنبیرکردن و وروژاندن و سەرسامکردن و کاریگەری و سەرنج ڕاکیشکردنی خوێنەر0( خلف، بدون سنة: 11) بەم شیوەیە لە نیوەی دووەمی سە دەی نۆزدە کاتێک هە ندێ شەپۆلی تازەی ئەدەبی هاتنە کایەوە وەک پەرناسیەت ، ئیدی شیعرو ئەدە ب بە فۆرم ناوەرۆکیکی جیاوازتر لە جاران خۆی نواند0 هەرچەندە ئەم شەپۆڵە زۆری نەخەیاند بەڵام رۆڵیکی گەورەی لە گۆڕانکاری لە بواری شیعرو ئەبیاتدا هەبوو، ئەمە ش وای کرد گە لێک تێڕوانینی جیاوازو لێکدانەوەی جۆراوجۆر لەمەڕدەقی شیعری بێتەکایەوە 0 بەتایبەتی لە لایەنەکانی سود و چێژ و ئیستاتیکیەتی شیعری دا0 ئەم شەپۆلە لە سەرەتای دروست بونیەوە دوو هەڵوێست و ئاراستەی دژ بەیەکی بەخۆوە بینی: یەکەمیان کە بەسەرۆکایەتی ( سانت سیمۆن) بوو، بڕوای بە فەلسەفەی سود هەبوو لە ئەدەبدا ڕای وابوو کە دەبێت ئەدەب لە خزمەتی پێشکەوتن و سەرکەوتنی کۆمەڵگەدا بێت و لایەنی هونەر و جوانی فەرامۆش کرد بوو. بەڵام هەڵوێستی دووەم کە بە سەرۆکایەتی ( ڤیکتۆر هۆگۆ ) بوو ، بڕوای بە فەلسەفەی جوانی و هونەر بۆ هونەر بوو ، لایەنی سودی فەرامۆش کرد بوو ، ئەم نوسەرە پێی

وابوو که مەرج نیە شاعیر یان نوسەر شتێک بنووسێت سودی هەبێت ، بەڵکو لایەنی هونەری و جوانی وچێژی بەلاوە گرنگ بوو 0(پیربال، 2006: 128 )

وێرای ئە مانە کۆمەلیک نوسەری تر لە م ڕووەوە بیروڕای خۆیان دەربڕیوە (ئارنۆلد بێنێت) پێی وایە کە ((ئەدەب وەک مرۆڤ وایە کەبارێناوەوەی  ناسک و هێمن بیَ، شێوەکەشی تەڕوناسک دەردەچیَ، کەتوندوتیژیش بێت شێوەکەشی وشک برینگ دەردەچێت)) ( بینیت، 1978: 60) ئە مەش ئەوڕاستیەمان پێشان دەدات  جگە لە زەوق وسەلیقە و تواناو ئەزمونی شاعیر ، ڕە هەندەکانی دەروونی و ئابوری و کۆمەڵایەتیش بوون و کاریگەری و ڕەنگدانەوەی گە ورەو فراوانیان هەیە لە دروست بوونی هە موو دەقێکی شیعریدا هەربۆیە  ((چۆن سەیری ژیان دەکەی دەبیَ بەو چاوەش سەیری ئەدەبی بکەی 0ئەوکاتە بۆت دەردەکەویَ نوسەرخۆی و شێوەی نوسینی یەک شتن و لێک ناترازێن0 بۆت ساغ دەبێتەوە شێوەو بابەت  یەک شتن) (بینت، 1978: 7). لیرەدا  ئەوەی  پێویستە ئاماژەی پیَ بکەین ئەوەیە  کە چیژی دەقی شیعریی یان هەر بابە تێکی تریئەدەبی بە تەنها بە ئەزموون توناو  سە لیقە و شێوازو بەرزی  دەق و بەرهەمی شاعیرو نووسەرەکەوە وابەستە  نییە، بەڵکو بە سەردەم و ژینگە و حەز و خولیا و جوانبینی و ئاستی تێگە یشتن و ڕادەی رۆشنبیری خوێنەرکەشەوە  بە ندە 0 بۆیە دەتوانین بلێین شاعیرو خوێنەر هەردووکیان  بە یەکەوە  دەتوانن ئاست و جۆر و بەهای چێژی دەق دیاری بکەن 0 نوسەری بە ناوبانگ (رۆلان بارات )لەم بارەیەوە دەڵیَ  :  ((ئەگەر ئەم رستەیە ، ئەم چیرۆکە ئەم ووشەیە بەچێژەوە دەخوێنمەوە ، نەوەک لەبەرئەوەیە کەئەمانە هەموویان بە تام وچێژەوە نووسراون چێژێکی ئەوتۆ هیچ ناتەباییەکی لەگەڵ ڕەنج و ماندوو بوونەکانی نووسەردا نییە 0 بە چێژەوە  نوسینی من   منی نوسەر  گرەنتی چێژی خوینەرەکەم دەکا0 من دەبیَ ئە و خوێنەرە بدۆزمەوە، بەبیَ ئەوەی  بزانم لە کویَ یە)) (بارت،2007 : 24 ). کەواتە هەر بەرهەمێک پیویستی بە خوێنەری تایبەت بەخۆیەتی   کە لە ئاستی خوێندنەوەی بەرهەمەکەدابیت ، تا پرۆسەی چێژی دەق  و دەقی چێژدارو بیتە کایەوە0 بێگومان دەقی چێژ بە خش ئەو دەقەیە کە کاریگەری لەسەرخوێنەر دروستدەکات و هەست و سۆزی دەورووژێنیَ و کە م تا زۆر چێژو خۆشی  پێدەگەیەنێت و شوێنەواری خۆی لە دڵ و دە روون وهزریدا بەجێدەهێڵێت 0

، بەمەش  نە مری و زیندوویی بەدەقە کە دەدات و بە های دە قە کە و ئاستی گۆڕانکاریو داهێنان و جوداکاری دەقەکە بەرز دەکاتە وە 0 هەر لەم بارەیەوە (رۆلان بارت) دەڵێ : ((دەقی چێژ بە خش، دە قێکە کە دڵخۆشمان  دەکا،  بەرهەمی هەیە ،  خۆشحاڵمان دەکا ، دەقیکە کە لە دڵی کەلتورەوە  هەڵدە قەڵێ و هیچ دابرانێکی لە گەڵدا نیە 0 دەقێک کە بە سیمای بە ئاسانی خوێندنەوە گرێ دراوە )) (بارت،  2007: 34 ) ئەوەی لێرەدا  تێبینی دە کرێت ئەوەیە  کە ئەو دە قانەی لە کەلتورەوە سەرچاوەیان گرتوە و بە زمانێکی سادە و ساکار نوسراون زیاتر چێژ بە پەیام وەرگرەکە دەگەیەنن  و کاریگەری زۆرتر دروست دەکەن، جگە لەوەش دەتوانین بڵێین : ((چێژی دەق ئایدیایەکی ڕاست خوازانەیە ، باڵی ڕاست بەڕووبەڕووبوونەوەیەکی یەکانگیر ، هەمووبابەتە ئەبستراکتەکان ،بێزارکەر و سیاسی لەباڵی چەپ گرێ داوە و،چێژیشی تەنیاو تەنیا بۆخۆی گل داوەتەوە 0))0( بارت، 2007: 43) چێژ یان چە شەی ئەدەبی بە پلەی یەکەم بۆ خولیاو حەزو ئارەزووی ئەدەبی دەگەڕێتەوە جگە لە بنەماو ڕگەزەکانی تری ئەدەبی  چونکە ((یەکەم ڕەگەزی پەیداکردنی چەشە ی ئەدەبی بایەخ دانی گەرمە بە ئەدەب ، شەیدابوونە، ئەشق و شێتیە  ئە گەر ئەمانەت هەبێ ئەوا ڕەگەزەکانی دی هەموو لە خۆیانەوە ڕووت  تێدەکەن  و بە سەرت دادەبارن0 گەڕان و خوێندنەوەو ئەزموون فێرت دەکات چۆن هۆی خۆشی وەرگرتن بەکاربهێنی0 ئێستا ئەوەندە هەیە  ڕێگەی بەرەو دەروونی خۆت نەدۆزیتەوە 0 بەلام دڵنیابە هەوڵدان و بەردەوام بوون و بێ ئۆقرەیی  گەورەترین خۆشیت بۆ مسۆگەر دەکەن ) (بینیت، 1978 : 9 ) بەلام ئە مە  ئەوە ناگەیە نێت  کە چێژ تەنها تایبەت بێت بە بوارێکەوە بەڵکوبوارەکانی تریش کەم تا زۆر بایەخی بە چێژ داوە ((ئەرستۆ  پێی وایە فێربوونی چێژوەرگرتن  تەنها تایبەت نییە بە فەلسەفە بەڵکو لای هە موو کە سێک بوونی هەیە ، لە هە مان کاتدا  لاڤۆنتین  پێی وایە، چێژی ئەدەب بۆ توانای ئەدەب دەگەڕێتەوە ، بەڵام  بارت لە گۆشە نیگایەکی تر و  وردتر دەڕوانێتە چیژو پێی وایە چێژی دەق ئەوەیە کە دەبێتە مایەی ڕەزامەندی و ڕێگە پێدانی هەست بۆ بەدەستهێنان و  تێربوون و ئاسودەیی )) (ناضر 2013: 16 ).

بەم شێوەیە دەبینین وێڕای ئەوەی  چێژی دەق  بە کۆمەڵێک  لایەن  و خەسڵە تی ترە وە بەستراوە بەڵام بە شێوەیەکی سەرەکی بریتی یە  لە پەیوەندی  نێوان نوسەرو دەقە ک0کە ئەمەش لە چەند جۆر و  لایەن و  سیما و ئاراستەی جیاوازدا ، شان بە شانی توانا و زەوق و سەلیقە و ئەزموون و تێڕوانینی شاعیر یان نوسەرەکە دێتە کایەوە 0(( کەواتە  دوو جۆرە دەق و دووجۆرە دەربڕین هەیە کە دەبێتە هۆی هە بوونی دوو جۆرە نوسەر، یەکێکیان بۆ چێژ بەخشین دەنوسێ، ئەوی دیکەیان بۆخۆشی بەخشین دەنوسێ، بەڵام سەبارەت بە باشترین دەق دەبێت لە گەڵ ئەو دەقە بم کە خۆشم دەوێ  و لە هەمان کاتیشدا بیر لە شتێکی دیکە بکەمەوە))

(گەرمیانی ، 2010: 16 ) بە م شێوەیە دەبینین کۆی ڕاو بۆچوونەکان لە دوو خاڵدا چڕ دەبیتەوە ئەویش جەخت کردنە لە سەر پەیوەندی نێوان نوسەر و چێژی دەق و خوێنەر و دەقی چێژدارە0 ((ڕۆلان بارت لە سەرەتای کتیبەکەیدا دوو هاوکێشە دروست دەکات ،یەکیکیان لە نێوان و نوسەرو چێژی دە قدا 0 دووەمیان لە نێوان خوێنەرو دەقی چێژدا ئە م دوو هاوکیشەیە لەگەڵ دروستکردنی شوێنێک بۆ چێژ ، سێگۆشەیەک دروست دەبێ و کەسیە تی نوسەر خاڵی چەقی مەڵبەندەیی سێگۆشەکەی0(گەرمیانی، 2010: 24 )

1_3 چەمکی خۆشی دەق:

هەر لە کۆنەوە شاعیران و نوسەران تێڕوانین و بیرو بۆچوونی جیاوازیان دەربارەی چەمکی خۆشی دەق هەبووە و هەریەکە لە گۆشەنیگای تایبەتی خۆیەوە گوزارشتی لێکردووە و هەست و نەستی خۆی دەربڕیوە 0 بەمەبەستی گەیاندنی پەیامەکەی بە خوێنەر بەشێوازی تایبەتی خۆی0 لەبەرئەوەی خۆشی دەق بە یەکێک لە پایە سەرەکی وگرینگەکانی شیعر دادەنرێت ،بۆیە هەمیشە جێگای بایەخی شاعیران و نوسەران بووە بە تایبەتی لای زۆرێک لە شاعیران بە ڕادەیەکی بەرچاو لای لێکراوەتەوە، دیارە وەک دەزانین ((بڕوا بە خۆبوون دەورێکی زۆر گەورەی لە گەشەپێدانی چەشەی ئە دەبی دا هەیە ،کە ئامرازو کەرەستەیە کە بۆ مسۆگەر کردنی خۆشی وسودێکی بەردەوام،بەڵام بڕوا بەخۆبوون هەر قسەی زار نییە 0بڕوا بە خۆبوون دەبێت لە ناخەوە هەڵقوڵا بێ و هێندە گەرم و بە تین و تەوژم بێ ، هیچ تانەو تەشەرێک کاری تێنەکات( بینیت، 1978: 47) بە دڵنیاییەوە هەموو دەقیکی بەچێژ و خۆشی بەخش و پڕ داهێنان و گۆرانکاری ڕەنگدانەوەی هەردوو دیوی ناوەوە و دەرەوەی شاعیر یان نوسەرەکەیە و بە ئەزموون و بارودۆخی ژینگەو ژیانییەوە بە ندە0 بۆیە(( دەقی خۆشی بەخش : ئەو دەقەیە کە هەستێک بۆ لە دەستدانی شتێک دروست دەکات )) ( ناضر، 2013: 19) لە لایەکی ترەوە ڕۆلان بارتیش دەڵێ : (( دەقی خۆشی بەخش تەنها بەرهەمی پێشکەوتنی لۆژیکی ، ئۆرگانیکی و مێژوویی دەقی چێژ بەخشە )) (بارت، 2007: 41 ).

خۆشی دەق یان دە قی خۆشی بەخش لەم سە ردە مە دا و لە کایەی ئە دەبیی دا تا ڕادە یەکی زۆر بۆتە ئامانجی بەشیکی فراوان لە نوسە ران و شاعیران و دە یخەنە کاری یەکەمی ئەرکی شیعر بیەوە0 ئەمەش وای کردووە دەقی خۆشی بەخش لە لای ئەمانەدا بە مۆتیڤی تازەگەری و داهێنانی ئەدەبی دابنرێت لە پاڵ سووددا 0 ((بۆیە کەشتێ دەخوێنینەوە دەبێ بێجگە لە خۆشی ئامانجێکی تریشت هەبێ0 وابزانم خەڵاتی خۆشی گەورەترین ئامانجی بە رهەمی هونەری یە ، چونکە ئەو خۆشییەی هونەر پەیدای دە کا ، پیاو چوست دەکا دەیبزوێنێ

و ژیانی ده گۆڕێ0 بەڵام خۆشی ڕاستەقینە  بە ئەرکێکی ڕێک و پێک نەبی نایەتەدی. دیارە ڕێکخستنی دەوێ )) (بینیت،1978: 447 ). ئەوەی تا ئیستا بە نا سەقامگیری و ئاڵۆزی ماوەتەوە ئەوەیە کە (( لە ڕاستیدا  زۆر قورسە  جیاوازی لە نیوان  چەمکی  چێژ و  خۆشیدا بکرێت. تەنانەت ڕۆلان بارتیش  زۆر جار وەک یەکی داناون  و زۆر جاریش  جیاوازی کردونەتەوە0 بەڵام بە شێوەیەکی گشتی خۆشی  دۆخێکی پێشکەوتووترە لە چێژ )) (البطران،2020: 2). هەرچۆنێک بێت دەقی خۆشی بەخش ئە و بەهایەی نابێت ئەگەر خوینەری تایبەت بە خۆی نە بێت و خاوەنی زەوق و سەلیقەیەکی جوان نە بێت و تێی نەگات0 بۆیە ((بۆ خۆشی وەرگرتن  لە جوانی ئەوەندە بەسە  کە ئادە میزاد  زەوقی  هەبێت0 واتە توانستی وێناندنی شتەکەی هەبێت ، داخۆ خۆشی تیایە یان ناخۆشی0 یان هەڵسەنگاندنی شتەکە یان  بابەتەکە  داخۆ خۆشی بەخشە یان نا ،  بە بێ ئەوەی هیچ نیازێکی  دیاریکراو لە گۆڕێ بێ))(میراودەلی،2005: 65 ) کەواتە بۆ هینانەکایەوەی  پرۆسەی  خۆشی دەق  یان  دەقی خۆشی بەخش  ئەزموون و زەوق و سەلیقەی هونەری و لایەنی ڕوخسارو ئیستاتیکیەت و تازەگەری ، پڕ بایەخترە نەک لایەنی ئایدیاو ناوەرۆک چونکە مرۆڤ وەکوغریزەیەک هەر لە سەرەتاوە حەز بەشتی تازە و نوێدەکات و هەموو شتێکی تازە و نوێش چێژ و خۆشی پێدەگەیەنێت، ئینجا ئەوشتە یان ئەوبەرهەمە کەم تا زۆر سودبەخش بێ یان نا0 هەر لە زوووەش(( ڕۆلان بارت جەختی لەسەر ئەمە کردۆتەوە و بۆ چەمک و پێناسەی خۆشی دوو خاڵ دەست نیشان دەکات : یەکەمیان هەموو تازەیەک خۆشی بەخشە 0دووەمیان ئەوەیە بنەما بەربڵاوییە  ، بێ بنەما خۆشی بەخشە )) (گەرمیانی، 2010 : 21)

## 2_1 پەیوەندی چێژی دەق بە ئیستاتیکیەتی دەق:

هەرچەندە تێڕوانینی جیاواز دەربارەی چەمک و پێناسەی ئیستاتیکیەت هەبووە ،بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین بڵێین ئیستاتیکیەت  بابەت یان دیاردەیەکی ڕێژەییە و لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر و لە قۆناغێکەوە بۆقۆناغێکی تر و لە سەردەمێکەوە بۆسەردەمێکی تر ، بە پێی ئاستی کاریگەری و پێویستی دەگۆڕێ0 ئەو پەیوەندیەش کە لە نێوان چێژی دەق  و ئیستاتیکیەتی دەقدا دێتەکایەوە  وابەستەیە  بەم ڤاکتەرانەوە  بۆیە تا چیژی دەق و ئیستاتیکیەتی دەق قوڵتر و فراونتربێت بەهای هونەری ئیستاتیکەتی دەقەکە بەرز و بەهێز دەبێت0بەڵام لە((ڕوویزاراوەوئیستاتیکا(Aesthetic)
یەکەمین جار ئەم ووشەیە لەلایەن زانای ئەڵمانی ئەلکسەندەر بۆمگارتن لە ساڵی 1735 بەکارهاتووە، کە لە بنەڕەتدا وشەیەکی یۆنانی یە)) ( الخولدة، 2006: 23). دیارە جگە لەوەی

دەق ئەرک و ئامانج و ڕۆڵ پە یامیکی گرنگی هەیە ، پانتایە کی گەورەو فراوانیشی لە ڕووی فیکری و ئیستاتیکیەتەوە داگیرکردوە 0 بۆیە ((دەق وەک بەرهەمێکی ئیستاتیکی سەیر دەکرێت و دوو گریمانەش هەڵدەگرێت 0 دەقێکی خراب یان باش ،ئەوەش لەسەر چەشە ی ئەدەبی پەیام وەرگر ڕادەوەستێت 0 چەشەی ئەدەبیش دووجۆرە چەشەی تایبەت و چەشەی گشتی 0 جۆری یە کە میان لە بیرو بۆچوونیکی بیَ مەعریفییەوە دەبێت و هیچ شێوازیکی ڕەخنەیی ناگرێتە بەر0 هەرچی جۆری دووەمیانە ڕەهەندی ئایدۆلۆژییەتێکی ڕەخنەییە و پەیام وەرگر بۆچوونێکی مەعریفی بۆئەودەقانە هەیە کە وەریدەگرێت0 ئینجا جارێکی تر بە قالبێکی تر دای دەڕێژێتەوە0 ئەم ئە قلَیەتەش ئەقلَیە یَکی وەلاَم دەرەوەیە بۆ هە موو گۆرانکاریەکانی دەورو پشت )) ( کەریم، 2005: 14).

وێرای ئەوەی کە دەزانین مەرج نییە هە موو شتێکی جوان باش بێت و هە مووشتێکی باشیش جوان بێت کەچی هەمیشە مرۆڤ حەزی لە جوانی بووە و چێژی لیَ وەرگرتووە0((ئەو چێژەی کە مرۆڤ لە جوانی وەری دەگریَ ، پێی دەلێن چیژ وەرگرتنی ئیستاتیکی0 مرۆڤ کە جوانی بەرهەم دە هێنیَ شانازی بە خۆیەوە دەکات کە کارێکی جوانی کردووە ، پێداویستی مرۆڤ بۆجوانی ،بۆ شتی نایاب و دلَگیر پێی دەوترێت پێداویستیئیستاتیکی0 زانست دەربارەی جوانی ژیان0 لە هونەردا بە ئیستاتیک ناودەبریَ، ئەم هەستی چێژ لە جوانی وەرگرتنە، تایبەتمەندی مرۆڤەو بە زگماکی لە گەڵدایە)) (هالبیرط، 2010: 21).

بە م شێوەیە دەبینین ئیستاتیکا وەک زانستیک با یە خێکی زۆری بە ماهیەتی جوانی و دەرخستنی جوانی داوە ((سوکرات دەلیَ : جوانی خاسیەتێک نییە بە هزاران شت بە سترابێتەوە، خەلَک ،ئەسپ ، کچ ، گولَدان 000هتد هەمویان جوانن 0 بەلاَم لە سەرووی هە موو ئە وانەوە جوانی خۆی هەیە0بەلاَم جوانی بە لای ئەفلاتونەوە لەم جیهانەدا بوونی نییە0 بەلَکو لە جیهانی نموونەیی دایە چونکە بە پێی فەلسەفەی بوونی ئە فلاتون هەستەکان هەڵخەڵەتێنەرن )) (حوسێن،2008: 39 ). بەلاَم هە ندێک لە نوسەرانی تر تێڕوانین و بیرو بۆچوونی تریان هەیە0 ئەلبێر کامۆ دەلیَ: (( هونەرمەند واقیع ڕەتدەکاتەوە ، لە بەرئەوە ی هەست بەوە دەکات کە کە مو کورتیە ک لە کرۆکی جیهانی واقیعیدا هەیە0 بۆیە واقعیکی نویَ دادە هێنن)) (حوسێن،2008: 67). لەهەمان کاتدا هربرت رێد بۆچوونی وایە کە (( جوانی دانەی پێوەندییە شێوییەکانە لەنێوان ئە وشتانەی کەلە هەستە کانمان هەستیان پێدەکەین )) ( زکارتة، 2003: 19). کەچی هیگل پێیوایە کە((جوانی هونەری بەرزترە لە جوانی سروشتی ، چونکەجوانی هونەری بەرهەمی گیانە

،لەبەر ئەوەی ڕووح بەرزترە لەسروشت بۆیە بەرزیەکەشی دەگوازرێتەوە بۆبەرهە مەکانی و بۆهونەریش )) (هیغل، 1978: 6 ).

## 2_2 پێکهاتەکانی چێژی دەق:

**أ_دارشتنی دەق:-** پیکهاتە یان شیوازی دارشتنی دەق یەکێکە لە بنەما بەهێز و گرینگەکانی بنیاتی هەموو دە قێکی ئەدەبی0 کە پایەکانی دەقی لەسەر وستاوە و ئاستی بەرزی وکاریگەری چێژی دەق و باشی و خراپی دەقەکە لە ڕووی داهێنان و گۆرانکاری وجوداکاری و تازە گەرییەوە دیاری دەکات 0لە مەشدا بێگومان ئەزمون و خولیا و توانای هونەری و ئەدەبی شاعیرەکە یان نوسەرەکە رۆڵی سەرەکی دەبینێت لەوەی کە تا چەند توانیویەتی لە پرۆسەی بنیاتنانی دەقەکەیدا سەرکەوتووبێت. دیارە ((هەر دەقێکی شیعریش گرێبەندییەکە لە نێوان داهێنەر و پەیام وەرگر ئەوگرێبەندییەش لەوەوە دەست پێدەکات ، کەداهێنەر نامەیەکی تایبەتی لە ڕووی ناوەرۆکێکی پێوەری دەگەیەنێتە خوێنەر، هەتا گرێبەند بیەکە لە نێوان کەسی داهێنەر و کەسی پەیاموەرگر بەردەوام بێت. پێویستە هەردوکیان لەسەر ئەوە کۆک بن کەپرۆسەی دان و وەرگرتن زۆرگرینگە ، کە هەردووکیان پێکەوە گرێدەدات. هەر بۆیە ئەو پرۆسەیە هاندەریکە تا شاعیر لەبواری پەیامەکەیدا داهێنان بکات و خوێنەریش وەڵامدانەوەی بۆ پەیامەکە ی هەبێت )) ( کەریمو 2005: 69).

**ب_زمانی دەق:** زمان یەکەمین هۆکاری سەرەکی گەیاندنە کە بەم هۆیەوە شاعیر یان نوسەر دەتوانیت پە یامەکەی بە خوینەری دەق بگەیەنێت. شێوازی زمان وئاستی خێرایی و بەهێزی و وروژاندن وکاریگەری وهونەرەکانی زمانی دەقەکە دەبێتە پێوەری هەڵسەنگاندنی دەقەکە ، لەوەی کە ئایا شاعیر یان نوسەر تا چەند توانیویەتی لە ڕێگە ی زمانەوە پەیامەکە بگەیەنیتە پەیاموەرگرکەوە 0 هەروەکو ئەرستۆ دەڵێ: ((گەورەترین خاسیەتی زمانی شیعری ئەوەیە کەڕوون و ئاشکرا بێت بێ ئەوەی سوابێ)) ( ئەرستۆ، 2004: 83). وە پۆل ڤالیری دەلی(( شیعر زمانە لە ڕێگا ی زمانەوە)) ( اسماعیل، بدون سنة: 130). هەروەها کونتلیان دەڵێ ((دەقە ئەدەبیەکان بەوە لەیەکتر باشتر دەبن کە خاوەنەکانیان چەندە توانای یاریکردنی بە کەرەستەی دەق هەیە کە وشە کانن )) ( عەبدولکەریم، 2012: 16).

**ج_ئەندێشە ی دەق:** ئەندیشە بە سەرچاوەیەکی سەرەکی هە موو دەقێکی ئەدەبی دادەنرێت ،بەتایبەتی دەقی شیعری 0 بۆیە تاڕادەیە کی زۆر بەهای دەق بە ئاستی کاریگەری و قوڵی

وفراوانی ئەندێشەوە بەستراوە 0 چونکە ئەندێشە دەریایەکی لە بن نەهاتووە بۆ هێنانە کایەوەی پرۆسەی داهێنان و گۆڕانکاری و تازەگەری لە شیعردا 0((خەیاڵی شاعیر کارێکی وادەکات ئە و وێنانەی لە واقیعەوە وەری گرتوون دووبارە دایان بڕێژێتەوەو تێڕوانینێکی نوی پێشکەش بکات (کۆلیردیچ )دوو جۆری سەرەکی خەیاڵ دەست نیشان دەکات ئەوانیش : خەیاڵی سەرەتایی و خەیاڵی لاوەکین. خەیاڵی سەرەتای ئەوخەیاڵەیە کە لە و ڕێگایەوە نوسەر یان شاعیر دەتوانێ هە موو پارچە کانی وێنەشیعرییە کە و ڕوونکردنەوە وردە کانی لە پێش چاو بگرێ بە لام جۆری دووەمی خەیاڵ دەشێ بە خە یاڵێکی داهێنەرانە ناوی بنێین ، چونکە شاعیر دوور لە لاسایی کردنەوەو وێنەیەکی نوێمان پێشکەش دەکات)) ( حەمە، 2001: 8). بەم شێوەیە دەبینین ئەندێشە رۆلێکی گەورەو فراوان دەبینێت لە داهێنانی شیعری دا ئەمەش وایکردوە زۆر لە شاعیران و نوسەران و ڕەخنە گران لە مبارەیەوە بۆچوونی خۆیان بخەنە ڕوو ((شیلی دەڵێ : دەشێ شاعیرا ن بە تەواوەتی لە جیهانی خەونەکان بژین و تیبینی جیهانی دەرەوە نەکەن 0 هە روە ها ولیەم بلێک بڕوای بەوە هەبووە کە ئەندێشە هێزیکی خودایی یە و هە موو ڕاستیەکان لەوە وە سە رچاوە دە گرن )) (مەولود، 2007: 11) کەواتە ئەندێشە سەرچاوەیکی گرنگی هینانە کایەوەی ئیستاتیکیە ت و داهێنان و گۆرانکارییە لە شیعردا وشیعری بێ ئەندیشە وەک دارێکی بێ گەلا وایە 0

**د_مۆسیقای دەق:** مۆسیقا بە یەکێک لە ڕەگەزە گرینگەکانی دەقی ئەدەبی بە تایبەتی دەقی شیعری دادەنرێت وپانتایەکی گەورەو فراوانی داگیرکردووە وکاریگەریەکی بە هێزیشی لە سەر دەقە کە هەیە لەڕووی ڕازاندنەوەی ڕوخساروئیستاتیکیەوە، بۆیە بە گیانی شیعر دادەنرێت 0 چونکە مۆسیقا و ئاواز و ڕیتمیکی خۆش بە شیعرە کە دەبەخشێت و کاریگەری لەسەر هزرو ناخ و دڵ و دەروونی مرۆڤ دەکات چیژو خۆشی پێدە گە یە نێت و هە ست و نەستی دەورووژێنێ دەیخاتە جۆش و خرۆشەوە 0

بۆیە دەتوانین بڵێین بەشیکی سەرەکی کاریگەری دەقی شیعری بەسە ر خوینەرەوە بە لایەنی مۆسیقای دەرەوە و ناوەوەی دەقی شیعرەکەوە بەندە 0ئەمەش ئەوە دەگ یەنێت تا شاعیر بەتوانا تر بێت لە داڕشتنی مۆسقای شیعریدا ئەوا زیاتر سەرکە وتووتردەبێت لە گەیاندنی پە یامەکەیدا لەم بارەیەوە (فلۆبیر) دەڵێ : ((دێرە شیعرێکی مۆسیقی و بەتاڵ لە واتا ، لە لای من لە دێڕێکی واتاداری بێمۆسیقا جوانترە )) (حوسین، 2008 :18 )هەروەها شاعیری بە ناوبانگ (نازک الملائکە) دەڵێ : ((شاعیر هەرچەندە وێنەو سۆز کۆبکاتەوە ، نابێتە هۆی دروست بوونی شیعر بە تەنها ، بەلام ئە گە ر شیعریە ت پە یڕەو کرا ئەوا شیعریەت دەخولقێنێت ))(مستەفا،

2003: 107 ) به م شێوەیە دە بینین مۆسیقای شیعری بایە خیکی زۆری هەیە ((چونکە مۆسیقایشیعر ئە و کە ش و هەوایە دروست دەکات کە بیرو ماناکەی تێدا دەردەکە وێ ،هەرمۆسیقاشە سێبەری فیکری و سۆزدارییە واتا دەبە خشێت و ئەوسیبەرانە لە واتای دەروونەوە چالاکترو پتەوتردەبن ، جابۆیە لاوازی مۆسیقا کەم و کورتییەکی زۆربۆتەعبیرەکە دروست دەکات )) (عەلی ، 1998: 86 )

5-وێنەی هونەری : وێنە ی شیعری تەنها وێنە یە کی ئاسایی فۆتۆگرافی نییە ، وەک زۆرێک لە شاعیران و نوسە ران پێیان وایە کە شیعر لاسایی کردنەوەیە 0 بەڵکو وێنە ی شیعری جیها نێکە لە سیحرو جوانی، کە شاعیر لە ڕێگایی ئەزموونی شیعری و خە ون و ئە ندێشە قوڵ و فراوانییەکانیەوە دایدە ڕێژێ 0تابە کەناری ئارامی و بە هە شتی خە ونەکانی بگات 0 ئەمە جگە لە وەی وێنەی شیعری یە کێکە لە ڕەگەزە گرینگ و کاریگەرە کانی شیعرو گیانی زیندوویەتی و داهێنان و بەردەوامی پێدەبەخشێت ودیمەن و ڕوخساری دەرەوەشی بە جوانترین شێوەدەڕازێنێتەوە0(سیدیلویس)دەڵێ:((وێنەی شیعری لەسادەترین واتایدا وێنەیە))(حەمە، 2001: 5 ) هەروەها(سیمۆندس )دەڵێ(( وینە شیعرێکی بێ دەنگە و شیعریش وێنە یە کی دەنگدارە )) ( عصفور، 1992: 284).

هەروەها ئیبن سینا دەڵێ (( شاعیر وەک وێنە گر وایە ئەوە نییە کە تەنیا وێنەی شتی مادی بگرێ، بەلکو وینە ی شتی واتایش دەگرێ )) (گەردی، 2003: 7). بەم شێوەیە دە بینین ((داهێنانی وێنەش لە هە رشتێکەوە بێت، لەلای هەر شاعیرێک دەوەستێتە توانای خەیاڵی ئەوشاعیرە و ڕادەی کاریگەری وەرگرتنی ئەو دیمەنە 0 چونکە لە تێکەڵاو بوونی عەقڵ و سۆزدا جارێکی تر بە هۆی خەیاڵی بەرزەوە ئە و وێنەیە دە خولقێت )) (گەردی، 2003: 5). داریدن دەڵێ : ((وێنە خۆی لە خۆیدا شکۆمەندی و ژیانی قەسیدەیە )) ( )کەواتە وێنەی شیعری کاریگەریکی گەورەو فراوانی هە یە و توانای هونەری شاعیریش لە دروست کردنی وینەی شیعریدا بەدەردەکەوێت 0لە هەمان کاتدا ((وێنەی شیعری یارمەتی خوێنەری هۆنراوە دەدات ، بۆچێژو تام وەرگرتن لە هونەری دروست بوونی وێنە ی جوان و خۆشی بەخش )) (شارەزا، 2005: 6)

### 3_ چێژی داڕشتنی شیعری لە شیعرەکانی قوبادی جەلیزادەدا:

چێژی داڕشتنی شیعری یە کێکە لە هۆکارە گرینگ و کاریگەرەکانی پتەو کردنی پەیوەندی نێوان نوسەری دەق و خوێنەری دەق لە لایەک و گەیاندنی ئامانج و پەیامی شاعیر بەخوێنەر لە لایە کی ترەوە 0 ئەمەش وابەستەیە بە شێوازی داڕشتنی شیعری لە لایەن شاعیرەوە ،واتە

نوسەری دەق تا سەرکەوتووتربێت لە پرۆسەی داهێنان و بە رهە مهێنانی  چێژ و خۆشی دەقدا ، زیاتر دەقی چێژدار  و خۆشی بەخش بۆ خوێنەری دەق فەراهەم  دەکات ، ئە گەرچی لە پاڵ ئەمانەشدا خودی خوێنەریش  ڕۆڵی سەرەکی لە م بوارەدا دەبینیت  0کەواتە لێرە دا  دە توانین بڵێین هەردوو لایە نی  نوسەریدەق و  خوێنەری دەق  بەیەکەوە ، بە هاوبەشی پرۆسە کە دە هێنە  کایەوە 0 چونکە پرۆسەی  چێژی دەق کارێکی  هەمەلایەنەیەو  چە ندین جەمسەری هەیە 0هەر بۆیە رۆلان بارت (( باسی چێژی دەق  لە هەموو  ڕەهەندییەکانیەوە  دەکا0 زۆرجار لەگەڵ چێژەکانی سێکسی  مرۆڤ بەراوردی دەکا و نموونەکان  جوان لێک گرێ دەدا )) ( بارت، 2007:6) هەروەها  (ئەناتۆل فرانس ) دەڵێت  ((ئەو چیژەی دەقی ئەدەبی  دەیبەخشێت  ،تاکە پێوەرە بۆ شایستەیی دەق و پێوەری  هە ڵسە نگاندنی ڕەخنەییە تی ))  (حوسین،  2008:79 ) وێڕای خوێنەری دەق کە ئەمەش ڕۆڵی خۆی هەیە  لەم بوارەدا0 بە م شێوەیە ئەوەی کەلێرەدا باسکراوە  بەتەواوەتیش بە سەر دەقی شیعرەکانی قوبادی جەلیزادەدا  پەیڕەو دەبێت ، بە تایبەتی لە ڕووی چێژی داڕشتنی دەقەوە  0چونکە کاتێک بە چیژەوە دەقی شیعرەکانی ئە م شاعیر ە دە خوێنینەوە ، ئاست و پایە کانی چێژی دەق و گرینگی و بەهای جوانی و هونەری داڕشتنی دەق ولێهاتوویی و مەزنی ئەم شاعیرە ،لە  هێنانە کایە وە  و بەرجەستە کردن و داهینانی چێژی داڕشتنی شیعریدا  وەک شاکارێکی شیعری خۆی دە نوینێ 0 تە نانەت شاعیر بە شییوەیەکی هێندە شارەزاو هونەریانە شیعرە کانی داڕ شتووە وچیژی دەقی پێ بەخشیەوە ،توانیویەتی بە ئاسانی پەیامەکەی بە پەیاموەرگر بگەێنێت و  هەست و نەستی خوێنەر بورووژێنی و دڵ و دەروونی بخاتە جۆش و خرۆشەوە0 بێگومان ئەمەش پەیوەندی بەو زەوق و سەلیقە زۆرەوە هەیە کە شاعیر هەیە تی  و لە ئەنجامی  شارەزایی  ئەزموونی شیعری  و  بارو دۆخ و ژینگە ی تایبەتی شاعیرە وە  سەرچاوەی گرتووەو  هاتۆتە کایەوە0

ئەوەی تاڕادەیە کی زۆ ر ناسنامەی شاعیر جیادەکاتەوە و  پێی دەناسرێتەوە ، بایەخ و بەهای چێژی دەقی شیعرییە ، وێڕای هەبوونی لایەنی جوانی ژن و چێژی سێکسیش ، هاوتاو  هاوشانی پەیامێکی گەورەو بەسودو پیرۆزی  مرۆڤایە تیە0کە دژە باویی و پرسی  ژن و مرۆڤ بوونە 0ئەمەش زۆر بەڕوونی  و جوانی لە شیعرەکانیدا خۆی دەنوێنێ  جوانترین نموونەش لە شیعر ی((وەرزی ژن وەرزی شەستە بارانی گوڵ )) ی قوبادی جەلیزادەدا دەردەکەوێت  کەدەڵێ :

لە هەمووقەسیدەیەکما ، ناونیشان هی ژنە

دەسپێک هی ژن و کۆتای  هی من

نوختە هی ژن و فاریزە هی من

لە هەموو قەسیدەیەکما ، دێڕێک من دا یدەڕێژم و

دێڕێک ژن دەیچنێ

لەهەموو دێڕیکما، وشەیەک ژن گوڵبارانی دەکات و

وشەیەک من

لە هە موو وشەیەکمدا ، پیتێک من ڕەنگی دەکە م و

پیتێک ژن

پڕاو پڕم لە ژن000پڕاو پڕم لە عیشق

(قوبادی جەلیزادە،شەهیدبەتەنیا پیاسەدەکات ،لا685)

دوای خوێندنەوە و شیکردنەوەی ئەم شیعرەو زۆربەی دەقە شیعریەکانی شاعیر ڕاستیە ک خۆی دەسەلمینێت لە چێژی دارشتنی شیعرەکانیدا ، ئە ویش هەبوونی سیماکانی ژن و مرۆڤ بوونە ، وەک هەوێن و سەرچاوەیەکی سەرەکی شیعری شاعیر0 بە سەرجەم بەهاو ڕەهەندە جیاوازییە کانیەوە 0چونکە((قوباد لەژێر تا ڤگە بە خورەکانی چاوی ژن و لەنێو روبارە سپیەکانی نیشتمان بەڕووتی سەمادەکات0 هیچ ترسێکی لەکامێرای شاراوە نییە )) (جەلیزادە، 2007: 685).

هەرئەمەش وایکردوە چێژی دەق و دژە باوی لەپاڵ هونەرەکانی تری شیعری دا بەشێوەیەکی بەرزو پڕگۆرانکاری و داهینان و جوداکاری لە دارشتنی شیعرەکانی بەرجەستە بکات 0 بۆیە دەبینین سەرتاپای شیعرەکانی لە پاڵ حەزی سیکس دا لە بازنە ی بەهای ژن و جوانی ژن ورۆڵی ژن و مرۆڤ بوون دەخولێتەوە 0ناونیشان و دارشتنی بە شێکی هەرە زۆری شیعرەکانی بەو وشەو دەستە واژنە رازاندۆتەوە کە تایبەتە بەجەستەی ژن و جوانی وچێژی سیکسیەوە و گاریگەری گەورەو فراوان لەسە ر وروژاندنی هست وچێژ لەم بارەیەوە دروست دەکات 0 وەک وشەکانی ( قژ ی دریژ، لێویسور، چاوی رەش ،کولمی ئاڵ ، گەردنی سپی ،بوزی خرو خۆڵ ،مە مکی توند، کوشین ، رووت کردنەوە، جووت بوون، ئە تەک ،ستیان ، 000هتد) وەک لە نموونەی شیعری (مە مک) دا دەڵێ :-

مەمک

گەورەو بچوک

بەیەکەوە ژێردەکاتەوە

دوایی دەڵێ:

مەمک نەبوایە 000دەمیش نەدەبوو

لە هەر ماڵێکدا مەمک نەبوو

نارنجۆک هەیە

(جەلیزادە،باخچەکانی مەلەک تاوس ،لا197 –198)

لێرەدا دەبینین شاعیرجگە لەوەی ژن بە سەرچاوە ی جوانیو ئەوین و چێژو خۆشی دەزانیت لە هەمان کاتدا بەسەرچاوەیکی بە هیزو کاریگەری ئارامی دەروونی و ئاسیایش و ئاشتیشی دادەنێت 0 بۆیەحەزو خۆشەویستی بۆ ژن وای لێکردوە هە مووشتیکی جوانی لێببێت بە ژن و لە چاوی ژنیشەوە بۆ هەموو شتێک بڕوانێ 0وەک لەشیعری (ئەڤین کردن دا ) دەڵێ :

داربەڕوویەک

بەپێنج پەنجەی ڕەگ

مەمکی گردێکی گوشیوە

لقی دار، ڕەپ بووە لە خۆشی

گۆی گرد ، گرژبۆتەوە لە تاوا (جەلیزادە،شەهیدبەتەنیا پیاسەدەکات ،لا742)

### 3_1–چێژی زمانی شیعری لە شیعرەکانی قوبادی جەلیزادەدا:

چێژی زمانی یە کێکە لەو بنەما سەرەکیانەی داڕشتنی دەقی شیعری ،کە پانتاییەکی فراوان و کاریگەریەکی بە هێزی لەگەیاندنی پە یامی شیعری بە خوێنەری دەقەوە هە یە0 چونکە شاعیر بەهۆی زمانەوە گوزارشت لەهەست و سۆزو بیر و بۆچونەکانی خۆی دەکات0 بۆ ئەمەش شاعیر دەبێت بەسەلیقە و لێهاتوو بێت لە هەڵبژاردنی ئەو وشەو دەستەواژەو ڕستانە ی لە بنیاتی شیعرەکەیدا بەکاری دەهێنێت 0ئەمەش پەیوەندی بە شارەزایی وپاشخانی فیکری و ڕۆشنبیری و توانا و ئاستی زمانەوانی شاعیرەوە هەیە0 قوبادی جەلیزادە یە کێکە لە و شاعیرە بەرزو هەست ناسکانە ی کە خاوەنی زمانی شیعری تایبەت بەخۆیەتی و لەم بوارەدا ڕێچکە ی خۆی دۆزیوەتەوە و بە شێوەیەک توانیویەتی بە م هۆیەوە داهێنان و گۆرانکاری بکات0ئەوەی من لە بارەی زمانی شیعری و چێژی زمانەوە لە شیعرەکانی شاعیر بەدی دە کە م ئەوەیە کەشاعیر فەرهەنگێکی گەورەی زمانی شیعری یە و هەزارە ها وشەی سادەو ساکارو جوان و ناسک و ورووژێنەرو کاریگەری لە خۆگرتووە 0 زمانی شاعیر زمانیکی پر چێژی وشەی کوردی پەتی یەو دوورە لە بە کارهێنانی وشەی سواو و قورسی بیگانە0 بە ڵکو بە پ ٙیچەوانەوە شاعیر زۆر وەستایانە و هونەریانە یاری بە وشە کردوە ، بە شێوەیەکی زۆر زیرەک و سیحراویانە وشەکانی لە جێگاو شوێنی پێویستدا لە ناو دەقی شیعرە کانیدا بە کارهێناوەو لە هە ردوو لایەنی سیمۆلۆژی و ئیستاتیکیەتی زمانەوە ،گیانی تازە گەری و زیندوویەتی و بەردەوامی و چێژو خۆشی پێ بە خشیوە (ئەکرەمی میهرداد) دەڵێ((شیعری قوباد

پێمان دەڵێ لە زەمینەی کۆمەڵایەتی و نەریتی  و ئەدەبی هەتا ئیستا دوور دەکەومەوە وبەشێوازی تایبەتی خۆی زمانی کورت خایان و دابڕان ،لەمانا پێش وەختە کان  دەنوسێ)) ( جەلیزادە، 2007: 10). واتە  زمانی شیعری قوبادی جەلیزادە  زمانێکی پر چیّژو خۆشی بە خشە ،زمانیکی سادە و ساکار بەڵام بارگاوییە بە هونەرەکانی جوانکاری زمان و میتافۆری زمان 0((بۆئەوەی وشەکان بتوانن  سەرمەستانە چێژولەززەت  لەشەرابە کۆنینەوتازەکانی نێو کاسەی نەمرایەتی و نە مری وەربگرن 0لەگەڵ فریشتە باڵ عاتیفەکانی جوانی بکەونە ناو تەقسی سەمایە کی سەرشێتانە )) (پیرداود، 2010: 29).

بەمەش شاعیر   توانیویەتی لەدارشتنی زمانی شیعریدا  سیحراویانە  مامەڵە بە وشەو دەستەواژەو ە ڕستەکان بکات و  فۆرمێکی پر لە ئیستاتیکیەت و گیانیکی نە مرو  جیهانێکی پڕ لە چێژو خۆشی بێنێتە کایەوە 0ئەمەش لە زۆربە ی شیعرەکانیدا بوونی هەیەو ڕەنگی داوەتەوە 0 وەک لەشیعری (بێترمە) دا دەڵێ:

هاتم بۆ لات لەوێ نەبووی

خۆزگە  دەتزانی ئەو ڕۆژە

چ خەمێکی بێ وێنە بووی

*****

هاتم بۆلات 000

وەک منداڵێ دەرگا بگرێ

بۆ قەسپ و نوقڵی شەوبەرات ( )

****

قوبادی جەلیزادە ئەو شاعیرە زەوق جوان و هەست ناسکەیە، کە لە گۆشەنیگای هەستێکی راستگۆیانەو عەشق و مرۆڤ بوونەوە بۆ شتە کان دەڕوانێ 0 هەربۆیەش لیرەدا  توانیویەتی بەم وشە سادە و ساکارانە  بە جوانترین و ناسکترین شێوە گوزارشت لە هەست و نەستی خۆی بکات و  خەمی تەنیایی وخۆزگەو حەسرەتەکانی دەرببڕێت و باشترین و زۆرترین چێژو خۆشی زمانی شیعری بێنێتە کایەو0 قوبادی جەلیزادە  هێندە عاشق و تامەزرۆ و شەیدای جوانی فیکری و جوانی جەستە ی ژنە  0 هیندە ئاوێتەی مرۆڤ بوونە،  هیندە دژە نەریتی کۆنە پەرستی و دژە باوە ، بۆیە زمانی شیعرەکانیشی  وشەی ژن و مرۆڤ بوون و دژەباوی لێ دەبارێ 0

وەک لە شیعری (پایز )دا دەلێ:

پایز درەختی ڕووتی خۆش دەویَ 0

من ژنی ڕووت 0

ئەو هەر تەنیا لە وەرز یَکا0

من لە هەر چوار وەرزی ساڵا !

(جەلیزادە،2007 :569)

شاعیر لێرەدا بە زمانێکی سادەو ساکارو بەشیوەیەکی ڕاستگۆیانە گوزارشت لەخۆشەویستی بۆ ژن و حەزو ئارەزووە کپکراوەکانی دەکات و زۆر بە ڕاشکاویش تینوێتی و تامەزرۆیی خۆی بۆ ژن و دژە باوی خۆی لە چوارچێوەی زمانێکی بەرزو هونەری و پڕ چێژو خۆشی دا خستۆتە ڕوو.

## 3_2 چێژی ئەندێشەی شیعری لە شیعرەکانی قوبادی جەلیزادە دا:

قوباد واتە عەشق بوون و توانەوە لە ئەندێشەی ژن و مرۆڤ بوون ، واتە جیهانێک لە خۆشە ویستی بۆ ژن و خەمی ژن و خەونی ئەرخەوانی بۆ ژن ، کە خۆی تەنها پاشایەتی 0 ئەندیشەی قوباد ئەندێشەیەکی قووڵ و تیژو فراوانە ، ئاسمانێکە هەموو دنیای لە باوەش کردووە ، ئەندێشەی شاعیر لەچاوگەیە کەوە هەڵدەقوڵێ نەسەری هەیە نە بن و تەواوی خەمی ئەو گەردوونە ی بە وردو درشتەوە لە کۆڵ گرتووە0 بەڵام بە شێوازێکی جیاوازو تایبەت بە خۆی و دژە باو 0شیعر لای ئەو ڕەنگدانەوەیەکی واقعی و ڕاستگۆیانە و بێ پێچ و پەنای هزرو وناخ و دڵ و دەروونی شاعیرە کە بە زمانێکی بەرزو ئەندیشەیەکی فراوان و هەست و سۆزیکی بەهێزو تێروانین و وێنەی کاریگەرو نوێ داڕێژراوە 0هەر ئەمانەش وای کردووە چێژی ئەندێشەی دەق لەشیعرە کانیدا بگاتە لوتکە بە تایبەتی ئە و شیعرانەی لە بازنە ی مرۆڤ بوون دە سوڕێتەوە یان بۆ خۆشەویستی و حەزی سیکسی بۆ ژن پرسی ژن نوسراون 0 ئەمەش لە بەشی هەرە زۆری شیعرەکانی دا بەدی دەکرێت. وەک لەشیعری ((ئاگردان )) دا دەڵێ:-

بەم نیوە شەوە ،بەفر

لەپەنجەرەی دەرگا دەدات ،

گەرەگیەتی ،

دەست و پەنجەی تەزیوی

لە بەر پشکۆی مەمکی ژنێکدا

گەرم بکاتەوە

(جەلیزادە، 2007: 155)

لێرەدا شاعیر بە  بە چاوێکی بەرزو پیروزەوە دەڕوانیتە ژن و بە سەرچاوەی  ئارامی و بە خشندەیی و میهرەبانی دادەنێت  0 هەر بۆیە  بە ئەندیشەیەکی قوڵ و فراوان و  پڕ لە چێژو خۆشیەوەش  وینەیە کی هونەری جوانما ن پیشان دەدات ، کە  بە هرەو گیان و جەستەو ڕەنگە کانی لە ژنەوە وەرگیراون 0 دیارە دەزانین ئە ندێشەی چێژ بە خش ئە و ئە ندێشەیە یە کە کاریگەری لەسەر خوێنەری دەق دروست  دەکات و  لە ناخەوە   دەیورووژێنێ و  هەست وسۆزی دەخاتە جۆش و خرۆشەوە   چێژو خۆشی پیدەگەیەنێت 0قوبادی جەلیزادە ئەو شاعیرەیە کە  هیچ کات و جێگایە کی بۆ نییە و بە ردەوام سنوری خەون و ئە ندیشە کانی لە فراوان بون و نوێ بوونەوە دایە  0 لای ئەو خەون و  خەیاڵ  و ئەندێشە   بێ کۆتاییە 0هەر ئەمەش وای کردووە چیژی ئەندێشە لەدەقە شیعرەکانیدا  چڕو قوڵ و فراوان بێت و ئیستاتیکیەت و  داهینان و  زیندوویەتی و نەمری پێ ببخشێت 0وەک لە شیعری ( بەرزەخ ) دا دەردەکە وێت و دەڵێ :-

ڕۆحم تەڕ تەڕە لەعەورە ت

دەستم بەدنکە هەنارەکانی گۆنا سوور

چاوێکم چل چرای  مەمک و

چاوێکم ڕێژنە بارانی  شەراب

(جەلیزادە ، 2007: 302)

لە م شیعرەدا شاعیر بە تەواوی  خەون و ئەندیشە بێسنورەکانی لە بۆتە ی ژن و مرۆڤ بوون و  دژە باویدا  چڕ کردۆتەوە  0 کە چی  هیشتا  تامەزرۆیی ناشکی  و  بۆیە بە بەردەوامی  و تاسە ر ئیسقان حەزو خۆشەویستی ژنی لێدە چۆڕێ  لەشیعری ( بەرزەخ ) دا  دەڵێ :

پەنجەکانم لە ڕنینی هێشووە ترێ و

لە چنگە ڕنێی هەورازی مەمکدا

ه ە ڵ ە و ە ێ ن

ئیدی پەنجەیەک نەماوە بۆ شەهادەت0

### 3_3 چێژی مۆسیقای شیعری لەشیعرەکانی قوبادی جەلیزادە دا:

مۆسیقای شیعری بە هەردوو لایەنی دەرەوە و ناوەوە پێگەیەکی گەورەو فراوان  و کاریگەریە کی بەهێزو قوڵیشی لە دەقی شیعریدا هەیە. چونکە ((شیعر لەڕاستیدا   تە نها ئاخاوتنیکی مۆسیقیەو دەروونەکان  دەبزوێنێ و دڵە کان دەکەونە ژێرکاریگەرییەکەی)) (انیس، 1965: 39).

بۆیە شاعیر پە یوەندیەکی توندو تۆڵ وبە هێزی بە مۆسیقای شیعرەوە هەیە 0 لە بەر ئەوە شاعیر تا زیاتر لە لە بواری مۆسیقای شیعریدا بە توانا و داهێنەر بێت ، هێندە زیاتر کاردە کاتە سەر هەست و سۆزی خوێنەری دەق و چێژو خۆشی پێدە بە خشێت 0 قوبادی جەلی زادە لە و شاعیرە هەست ناسکانەیە کە خاوەنی گوێیە کی بە هێزی مۆسیقی یە و زۆر با یەخیشی بە مۆسیقای دەقی شیعرە کانی داوە تا ئە و سنورەی کاری نە کردبێتە سەر ناوەرۆکی دەق 0 ئەمەش تاڕادەیەکی زۆر هاوسەنگی لەڕووی ناوەرۆک و روخسارەوە بە شیعرە کانی بەخشیوە 0 بۆتە بنە مایە کی بە هێزیش بۆ بەرز کردنەوەی ئاستی داهێنان و گۆرانکاری و چێژو خۆشی بەخشین لە شیعرە کانیدا 0 وەک لە شیعری ( بەرخەکانم ) دا دەڵێ:

چەند تاریکن ئـە و ماڵانە ی
دایــک لانکیان لێ ناژەنــێ
چەند دڵ توندن ئەومەمـکانەی
ســـاوا دەمـیان تێناژەنـــێ
لەگەڵ شرقەی دەرگای حەوشە
دوو کـــاریـلە رادەپـــەڕن
دووخونچە گـوڵ دەکرێنەوە
دووشوشە بـــۆنی وەنەوشە (جەلیزادە،2007: 86)

لێرەدا شاعیر لە چوارچێوەی مۆسیقایەکی هونەری و جوان و سەرنج راکێشدا دەقی شیعرەکە ی داڕشتوە و هەستو نەستی خۆی بە رانبەر بە بەهای ژن و خۆشەویستی مندا ڵ دەربڕیوەو کێشی خۆماڵی هەشت برگەیی بەکارهێناوە 0 کە ئە م جۆرە کیشە لەڕووی مۆسیقاوە کاریگەری زۆری لەسەر خوێنەری دەق هەیە و لەناو شیعری شاعیرانی کوردیشدا بە ڕادەیەکی زۆر بەکارهێنراوە 0قوبادی جەلیزادە ئەوشاعیرە یە کە ریتم و ترپەی ئاوازی شیعرەکانیشی بۆنی ژن و عەشقی ژن و مرۆڤ بوونی لێدێت ، ئەمەش هۆکاریکی ترە بۆ ئەوەی مۆسیقای شیعرە کانیشی بە شێوەیە کی وا بنیات بنێ کە لە گەڵ جوانی ناوەرۆک و بابەتە کانیدا بگونجێت 0وەک لە شیعری (نهێنی )دا دەڵێ :

لە سەر دێڕێ00
هۆنراوەیە کیان سوتانم
لەسەر شیعرێ00
کتێبێکیان لێ خنکانم !

هۆ پەری خان 00
ئەگەر ڕۆژێ خۆشت ویستم
لە لای خۆشت نە ی درکێنێ
با لەسەرمن مەمکت
نەکەن بە قاورمە
بالەسەرت
چاوم نەکەن بە ئاگردان !
(جەلیزادە،2007: 31)

## 4_3 چێژی وێنەی شیعری لەشیعرەکانی قوبادی جەلیزادەدا:

وینەی شیعری لە شیعرەکانی قوبادی جەلیزادە دا پانتایەکی گەورە و فراوانی هەیە و کاریگەریەکی زۆرقوڵ و بە هێزیشی لە خۆ گرتوو ە 0 ئەمەش بۆ ئەزموون و لێهاتویی وچێژو سەلیقەو بەرزی و توانای شاعیر لە جوان بیرکردنەوە و جوانبینیدا دەگەڕێتەوە 0 وێنە لای ئە و وێنەیەکی ئاسایی و لاسایکردنەوە نییە0بەڵکو ۆینەیەکی چێژدارو خۆشی بەخشە 0بێگومان ۆینەی شیعری و لایەنی چێژ یە کێکە لە پێوەرە گرینگە کانی هەڵسەنگاندنی شیعری بەلای رەخنە گری شیعرەوە 0دیارە دەزانین هە موو وێنە یەک بە هەموو جۆرەکانی یەوە ، لای شاعیران بەهای تایبەتی خۆی هەیە 0 هەریەکە لە گۆشە نیگایە کەوە بۆی ڕوانیوە 0 ((سدنی دەلێت :هۆنیار وەک هونەر مەندێکی نیگار کێشە لەڕێی تابلۆی وێنەکانی ناو هۆنراوەکانییەوە دەتوانێ کار لە هزرو هستی پەیام وەرگرەکەی بکات و چێژی هونەری پێ ببەخشێت)) (گەرمیانی، 200: 46). کەواتە دەتونین بلێین یەکێک لە ئەرکە گرینگەکانی وێنەی شیعری، گەیاندنی چێژە بە خوێنەری دەق 0کە قوبادی جەلیزادە لەمەشدا زۆر سەرکەوتووبووە 0ئەمەش بۆ ئەو تایبەتمەندی و جیاوازیانەی وینە شیعریە کانی ئە و شاعیرە دەگەڕێتەوە کە لەلا ی شاعیرانی تر کەم دەبینرێ 0 ئەویش ڕووت بینینی شتەکانە واتە شاعیر بەچاوی ڕووتەوە دەڕوانێتە ژن و ژیان و دەورو بەری خۆی و چێژ لە ڕووت بینی شتە کان دەبینێ0 ئەوە جگە لەوەی جوانی وسیکس و پرسی ژن و مرۆڤ بوون و دژە باوی ئە و خەسڵەت و کەرستانەن کە لە وێنە شیعرییە کانی شاعیردا هەن و ئیستاتیکیت و چێژو خۆشی پێ بە خشیوەو پێی دەناسرێتەوە وەک لەشیعری (دیوار) دا دەردەکەوێت و دەڵێ :

ژنە شۆخەکانی وڵاتەکەم

لێم ببورن
گەر لە نێوان من و ئێوەدا
هەزاران دیواری بەرلین   هەبێ ،
من هەر بەڕووتی دەتان بینم
بەرووتی ‼

(جەلیزادە،2007 : 416 )

لێرەدا شاعیر لە ڕوانگەی حەزی سیکسیەوە وینەکەی کیشاوەو  شێوازی چەسپاو هەستی بینینی لە بنیاتنای وینە کە بەکار هێناوەو  چێژو ئیستاتیکیەتی  پی بە خشیووە 0بێگومان ئەندێشەو خولیای وینەکێشانی شاعیر  لە تەنها کات و شوێن و شتێکدا ناوەستێ 0 بەڵکو بەردەوام لە جوڵانەوەو باڵەفرکێ دایە 0 وەک لەشیعری (کۆتایی و سەرەتا) دا دەڵێ :

ئەی ئەو ژنەی هەموودوندە ئاگرینەکانی لە شت
بە من بەخشی 0
ئەی ئەو ژنەی  هەموو دۆڵە پاڵاوەکانی لەشت
بەمن بە خشی ،
ئەی ئەو ژنەی هەموو میوە  پێگەیوەکانی لەشت
بە من بەخشی،
ئەی ئەوژنەی  هەموو دەرگا  داخرەوەکانی لەشت بۆمن کردەوە
تۆنیشتمانی ‼

(جەلیزادە، ،2007:  435)

لێرەدا شاعیر بە خە یاڵێکی تیژڕەو  فراوان  وێنەیەێکی ورووژێنەرو سیکسی کیشاوە  کە تەواوی وێنە کە دەرخستنی شوێنە هەستیارو ورووژێنەرەکانی ژنە  لە پاڵ خۆشەویستی و حەزو تامەزرۆیی  بۆ ژن 0کە زۆر لە هەستەکانی بینین و  بەریکەوتن  ڕۆڵی تێدا دەبینێت 0 ئەوەی جیگای سەرنج ڕاکیشان و هەلوێست وەرگرتنە ئەوەیە ، کەشاعیر زۆر وەستایانە و هونەریانە وسیحراویانە داهێنان و  گۆرانکاری  لە وینەشیعریدا کردووە و گیانی نە مری زیندوویەتی بە شیعرە کانی بە خشیووە 0 وەک لە شیعری (زەیتون ) دا دەڵێ :

بەئەدەبترین درەختی باخچەکەمان
زەیتونە 0
کەچی کە چراکان  چاو دەنوقێنن ،
بەدەستێک مەمکی پرتقاڵ دەگوشێ و

بەدەستێک ،

قۆڵی هەڵووژە !!

(جەلیزادە،2007 : 583)

لیرەدا شاعیر وێنەیەکی زۆر سەرنج راکش و هەستیاری کێشاوە کە ڕەهەندیکی چیژی سیکسی و خۆشەویستی بەهیزو کاریگەری لە خۆگرتوە بۆئەو مەبەستەش شێوازی بەکەس کردن و هەستە کانی بەکار هێناوە 0ئەمەش وای کردوە چێژو خۆشی و ئیستاتیکیە تیکی زۆر بە شیعرە کە بدات 0

**4_ ئەنجـام :**

1_بەدرێژایی سەدە کانی ڕابردوو چێژی دەق جێگای بایەخی نوسەران و ڕەخنە گران وخوێنەران بووە0هەریەکە لە نوسەرانی وەک ئەرستۆ و سۆسێرو تینسۆن و ت 0س 0 ئیلیۆت بە شێوەیەکی سەرە تایی دەربارەی چێژی دەقی ئەدەبی دواون و شوێنەوارو کاریگە ریگە ری چێژی دەقیان لە سە ر بابەتە جۆراوجۆرەکانی دەق دا خستۆتە ڕوو 0 بەڵام لەسەر دەستی (بۆدلێر ) و ( ڕ ۆلان بارت) گەشەکردن و پێشکەوتنی بەخۆوە بینیوە 0

2_ خۆشی دەق یان دە قی خۆشی بەخش لە م سە ردە مەدا و لە کایە ی ئە دە بیی دا تا ڕادە یە کی زۆر بۆتە ئامانجی بەشێکی فراوان لە نوسە ران و شاعیران و دە یخەنە خانەی کاری یە کە می ئەرکی شیعر ییەوە 0 ئەمەش وای کردووە دەقی خۆشی بە خش لە لای ئەمانەدا بە مۆتیڤی تازەگەری و داهێنانی ئەدە بی دابنرێت لە پاڵ سود دا 0

3_قوبادی جەلیزادە بە شییۆەیەکی هێندە شارەزاو هونەریانە شیعرە کانی داڕ شتووە وچێژی دەقی پێ بەخشیەوە ،توانیویەتی بە ئاسانی پەیامەکەی بگەێنێت و هەست و نەستی خوێنەر بورووژێنی َو دڵ و دەروونی بخاتە جۆش و خرۆشەوە0 بێگومان ئەمەش پەیوەندی بەو زەوق و سەلیقە زۆرەوە هەیە کە شاعیر هەیە تی و لە ئەنجامی شارەزایی ئەزموونی شیعری و بارو دۆخ و ژینگە ی تایبەتی شاعیرە وە سەرچاوەی گرتووەو هاتۆتە کایەوە0

4_شاعیر فەرهەنگێکی گەورەی زمانی شیعری یە و هەزارە ها وشەی سادەو ساکارو جوان و ناسک و ورووژێنەرو کاریگەری لە خۆگرتووە 0 زمانی شاعیر زمانیکی پڕ چێژی وشەی کوردی پەتی یەو دوورە لە بە کارهێنانی وشەی سواو و قورسی بێگانە0 بە ڵکو زۆر وەستایانە و هونەریانە یاری بە وشە کردوە ، بە شێوەیەکی زۆر زیرەک و سیحراویانە وشەکانی لە جێگاو شوێنی پێویستدا لە ناو دەقی شیعرە کانیدا بە کارهێناوەو لە هە ردوو لایەنی سیمۆلۆژی و ئیستاتیکیەتی زمانەوە ،گیانی تازە گەری و زیندوویی و بەردەوامی و چێژو خۆشی پێ بە خشیوە0

5_ئەندێشەی قوباد ئەندێشەیەکی قووڵ و تیژو فراوانە ، ئاسمانێکە هەموو دنیای لە باوەش کردووە ، لەچاوگەیە کەوە هەڵدەقوڵێ نەسەری هەیە نە بن و تەواوی خەمی ئەو گەردوونە ی بە وردو درشتەوە لە کۆڵ گرتووە0 بەڵام بە شێوازێکی جیاوازو تایبەت بە خۆی و دژە باو0

6_قوبادی جەلی زادە لە و شاعیرە هەست ناسکانەیە کە خاوەنی گوێیە کی بە هێزی مۆسیقی یە و زۆر با یەخیشی بە مۆسیقای دەقی شیعرە کانی داوە تا ئە و سنورەی کاری نە کردبێتە

سەر ناوەرۆکی دەق 0 ئەمەش تاڕادەیەکی زۆر هاوسەنگی لەڕووی ناوەرۆک و روخسارەوە بە شیعرە کانی بەخشیوە و ، بۆتە بنە مایە کی بە هێزیش بۆ بەرز کردنەوەی ئاستی داهێنان و گۆرانکاری و چێژو خۆشی بەخشین لە شیعرە کانیدا 0

7_وینەی شیعری لە شیعرە کانی قوبادی جەلیزادە دا پانتاییە کی گەورەو فراوانی هەیەو کاریگەرییە کی زۆرقوڵ و بە هێزیشی لە خۆ گرتوو ە 0 ئەمەش بۆ ئەزموون و لێهاتویی وچێژو سەلیقەو بەرزی و توانای شاعیر لە جوان بیرکردنەوە و جوانبینیدا دەگەڕێتەوە 0 وێنە لای ئە و وێنەیەکی ئاسایی و لاساکردنەوە نیە 0بە ڵکو ۆینەیە کی چێژدارو خۆشی بەخشە0 ئەوە جگە لەوەی جوانی وسیکس و پرسی ژن و مرۆڤ بوون و دژە باوی ئە و خەسڵەت و کەرستانەن کە لە وێنە شیعری یە کانی شاعیردا هەن و ئیستاتیکیت و چێژو خۆشی پێ بە خشیوەو پێی دەناسرێتەوە 0

8_ تێروانینی شاعیر بۆ ژیان ، تێروانینێکە لەو پەڕی مرۆڤایەتی و ئازادی ڕەها دایەو حەزوخۆشەویستی و عاشق بوونیشی بۆ ژن لە وپەڕی بەرزیو لەجیهانی عەشقی ئە فلاتونی دا دەخولێتەوە.

**ـ ليستی سەرچاوەكان:**

**سەرچاوەكان بەزمانی كوردی (كتێب و گۆڤار):**

ـئەرستۆ (2004) هونەری شيعر ، و: د0 عەزيز گەردی ، سليمانی.

ـ كەريم، ئازاد عەبولواحيد(2005) ،سۆسيۆلۆژيای شيعری كورديلە ڕووی پێوەرە ئاكارييە كانەوە ،چ 1، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولير.

ـئارنۆلدبێنێت( 1978)، چەشەی ئەدەبی ، و: عزيزگەردی ،چابخانەی جامعە ، بغداد.

ـپيتەر هاڵبێرگ و دانەرانی تر(2010)،تێوری ئەدەبی شيوازناسی ، و :ئەنوەر قادر ،چ 1،هە ولێر

ـجەبار ئەحمەد حوسێن ،ئيستاتيكايدەقی شيعری كوردی كوردستانی عێراق ،سليمانی ،2008،لا39

ـ عەلی، دڵشاد(1998)، بنياتی هەڵبەست لە هۆنراوەی كورديدا نچاپخانەی رەنج ،سليمانی.

ـ بارت، ڕۆلان(2007) ، چێژی دە ق ، و: ئيسماعيل زارعی ، چاپخانە ی منارە ، هە ولێر.

ـ پيرداود، ستار(2010)،خوێندنەوەی ميتافۆر ،دەزگای موكريان ،هەولێر.

ـ ڕەسول، شوكريە(1992) ،ئەدەبی كوردی و هونەرەكانی ئەدەب،چاپخانەی زانكۆی سەلاحەدين،هەولێر.

ـ گەرميانی، عادل(2010)،رۆلان بارت لە نێوان چێژی دەق و خۆشی دەق دا ، گ 0 هەنار ، ژ 55 .

ـ جەليزادە، قوبادی (1988)، قەڵەمێكی ڕدێن سپی ،چابخانەی رۆشنبيريولاوان، 1988 ،لا128

ـ جەليزادە، قوبادی(2007)، شەهيد بەتەنيا پياسەدەكات،دەزگای چاپ وبڵاوكردنەوەی ئاراس،هەولير،

ـ جەليزادە، قوبادی (2012)،باخچە كانی مەلە ك تاوس،دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی ،سليمانی.

ـ پيربالْ ، فەرهاد (2006). رێبازە ئە دە بيە كان، چا بخانە ی منارە ، چ 2 ،هە ولێر.

ـ دەشتی، كەريم (1997)، ئەدەب و فە لسە فە،چابخانەيشڤان، سليمانی.

ـ شارەزا ،كەريم (1997)،وێنەی شيعری لە هۆنراوەی كوردی چۆن دروست دەبێ و بە چ هەستێک وەردەگيرێ ، گ 0رامان ، ژ 9 هەولێر.

ـ ميراودەلی، كەمال(2005) ،فەلسەفەی جوانی و هونەر ئيستاتيكا ، چ 2 ، سليمانی.

_ عەبدولکەریم ، موحەمەد (2001)، پێکهاتەی زمانیشیعری لەروانگەی ئەدەبی نوێوە،چ1، چ 0 موکریان ، هەولێر.

**نامەی ئەکادیمی :**

_ حەمە، هیتلەر ئەحمەد(2012)، وێنەی شیعری لای نالی، نامەی ماستەر ،زانکۆی سەلاحەدین ،هەولێر.
_ گەردی، سەردار ئه حمەد(2003) ،بنیاتی وێنەی هونەری له شیعری کوردیدا ،نامه ی دکتۆرا کولیژی زمان ، زانکۆی سلیمانی.
_ گەرمیانی عادل (2000)،وێنەی بابەتی لەهۆنراوەکانی گۆران و سەیاب دا،نامەی دکتۆرا،زانکۆی بەغدا ،ک0 پەروەردە.
_ مستەفا، ئاسۆ عومەر(2003)، بەها ئێستاتیکیەکانی شیعری لای ( پیرەمێرد و شێخ نوری شێخ سالح و گۆران)، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین.
_ مەولود ، ڕێزان سالح(2007) ئەندێشه ی شیعری له نێوان رێبازی کلاسیک ورۆمانتیکی کوردی له کرمانجی خوارووەدا ، نامەی ماستەر ، زانکۆی کۆیە.
.

**سەرچاوەکان بەزمانی عەرەبی:**

_انس بن محمود (2009).الاحا له واثرها فی تماسک فی القصص القرانی ، رساله دکتورا جامعه صنعاء.
_ انیس ، ابراهیم(1965) موسیقی الشعر ، ط3 ، مکتبه انجلو المصریه ، قاهره.
_الیزا بیث درو،(1961) الشعر کیف نفهمه ونتذوقه ، ت : د0ابراهیم الشوش ، بیروت.
_بشیر ابریر(1995)، السیمیائیه وتبلیغ النص الادبی، مجله منهل، عدد 534.
_ بن جدو، رشید (1988)قراوه فی قراوه ، مجله فکر العربی المعاصر ، عدد48_-49،
_ البطران ، اشرف(2010)قراوه فی کتاب لذة النص، الحوار المتمدن ، عدد 2894.
_دیکر و تودوروڤ ، (1972) القاموس الموسوعی لعلوم اللغه ، باریس.
_ سعید یقگین(1989) انفتاح نص الروائی ، المرکز الپقافی العربی ، ط1
_ عباس ، احسان(1989) فن شیعر ، الاردن- عمان.
والطباعه والنشر، دمشق ، ،سوریه.

_ عصفور، جابر(1992)، الصوره الفنيه فی التراپ النقدی والبلاغی عند العرب، گ3 ، دارالپقافی العربی، بیروت.
_عزالدين اسماعيل ،الشعرالعربی المعاصر ، گ2 ،دار فكرالعربی ، بدون مكان وسنه .
_ العثماوی، محمد زكی (1979) ، القچايا النقد الادبی بين القديم والحدوث ، بيروت.
_ فجال _ خلف ، الياس(2011)لذه النص الادبی المصگلح وتاريخه وثقافه مۆسسهالوحده
_محمد مندور(1974) ، الادب و فنونـه ، قاهيره.
_موريس ابو ناضر(1913) ، ادبيه كما اختلف حولها المفكرون ، ادبهاو والشعراو ، بغداد ،
_محمود عبالله الخولده ، د0محمد عوچ الترپوری(2006)التربيه الجماليه علم النفس الجمال ،گ1،دارالشروق للنشروالتوزيع ،عمان.
_هديل زكارته ، (2003)،علم الجمال ، ط1 ، مركز الكتاب الاكاديمی ، عمان.
_ هيغل (1978)، المدخل الی العلم الجمال ،ت: جورج الگرابيشی ،گ 1، دارالگليعه ،بيروت.

**سەرچاوەکان بەزمانی ئینگلیزی:**

J.Dubois,etall,Dictionnaire, de larousse.pari 1972,p 486-_

**ملخص البحث:**

بحثنا والّذى عنوانه (لذة النص فى شعر قباد جليزاده ) محاوله لتسليط الضوء على موضوع مهم وموثر جدا ، هو تعريف مصطلح لذه النص وعرض قيمته واهميته ودوره فى الشعر . هذا الموضوع لم يكتب عنه الكثير الى وقتنا الحاضر، هذا من جانب ، واظهار الجوانب المخفيه للذه النص عند هذا الشاعر الكبير من جانب اخر اديا الى اختيار هذا الموضوع ،لذالک يركز هذا البحث على نقطتين هما:

أ – اهميه وحيويه لذه النص وتاپيره فى مجال الشعر .

ب-مقدره وكفاوه وخبره وسليقه الشاعر فى هذا الجانب .

لانجاز هذا البحث اعتمدنا على المذاهب النقديه والوصفيه والتحليليه لغرض تجسيد الاهداف الادبيه التى تكون اسبا بأ رئيسيه لخدمه الموضوع . اهميه الموضوع هى انه يتناول قضيه حساسه وذات شان والتى لم يكتب عنها بالشكل المطلوب والاكاديمى فى الشعر الكوردى . لذالک هدفنا فى البحث هو اظهار دور واهميه وتاپير لذه النص فى الشعر عامه وفى شعر قباد جلى زاده خاصه . والبحث متكون من ثلاثه فصول ومقدمه . الفصل الاول نضرى ومتكون من ثلاثه محاور : الاول عن تعريف مصطلح الشعرى المحور الثانى خصص للذه النص و تاثيراتها فى الشعر . وفى سبيل اثبات ذالک استندنا على أراو بعض الاعلام من الكتاب والنقاد مثل رولان بارت . وفى محور الثالث تناولنا بعض الجوانب النضريه لمصطلح متعه النص وانعكاسها فى الشعر. لكن الفصل الثانى متكون من محورين ، فى الاول تحدثناعن علاقه لذه النص باستاتيكيه النص . وفى محور الثانى بينا قيمه وتاثير مكونات لذهالنص. وفى الفصل الثالث اظهرنا قيمه اهميه لذه التعبير للنص الشعرى ومستوى عمقها وتاثيرها فى استاتيكيه ولذه اسلوب الشاعر باسلوب تحليلى ووصفى . وفى النهايه عرضنا نتائج البحث وقائمه المصادر وخلاصه البحث باللغتين العربيه والانگليزيه .

**Abstract**

This study is titled (Delight of Text in Qubadi Jalizada's Poetries). It defines the concept 'Delight of Text', and demonstrates the value, the significance and the role of it in poetry. There are three main factors behind selecting this topic: firstly, the topic 'Delight of text' has not been comprehensively considered so far; secondly, the topic is new, interesting and effective in the field of poetry; thirdly, the competence, the skillfulness and the experience of the concerned poet were uncourageous.

This study adopts critical, descriptive and analytic approaches to fulfill the aims of conducting this study. It aims at presenting the role, the significance and the impact of the 'Delight of Text' in poetry in general, and in Jalizada's poetries in specific.

This study consists of three sections in addition to the introduction. Section one is devoted to the theoretical part which involves three subsections: The first one is assigned to the definitions and the concepts; the second one is devoted to the 'delight of text' and its impact in poetry by drawing on the views of some outstanding authors and critics, such as Roland Barthes; the third one elaborates some theoretical aspects of the concept 'delight of text' and its reflection in poetry. Second section holds two subsections: the first one shows the relation between the 'delight of text' and the 'ecstatic of text'; the second subsection clarifies the significance and the influence of the ' delight of text' components. Finally, section three considers the delight of poetic text composition, the impact of ecstatic, and the delight of the poet's style from the perspective of descriptive and analytical approaches. This study ends with the most concluding points, the list of references, and both English and Arabic abstract.

# جوانیی ئافرەت
# وەک سەرچاوەی چێژ و خۆشی
# لەشیعرەکانی قوبادی جەلیزادەدا

**جوانیی ئافرەت وەک سەرچاوەی چێژ و خۆشی لەشیعرەکانی قوبادی جەلیزادەدا:**

د. ڕزگار عومەر فەتاح د. یادگار باڵەکی

## 1-پوختەی توێژینەوە:-

ئەم توێژینەوەیە کە بە ناونیشانی(جوانیی ئافرەت وەک سەرچاوەی چێژ و خۆشی لەشیعرەکانی قوبادی جەلیزادە)دایە. دەرفەتێکە بۆ زیاتر ئاشنا بوون بە جوانیی ئافرەت بە گشتی، چێژ و خۆشیی جوانیی ئافرەت لە شیعرەکانی شاعیردا بەتایبەتی. جگە لەمەش یارمەتیدەرێکی سەرەکییە بۆ ئەوەی بتوانین توانا و لێهاتوویی و زەوق و سەلیقە و کۆدەکانی جوانیبینی و ئافرەتبینی و جیهانبینی شاعیر لەم بوارەدا بدۆزینەوە. توێژینەوەکە لە دووبەشی سەرەکی پێکدێت، بەشی یەکەم تیۆرییە و جەخت لەسەر چێژ و خۆشیی جوانیی ئافرەت دەکاتەوە، کە لە سێ تەوەر پێکهاتووە: لە تەوەرەی یەکەمدا تیشک دەخەینە سەر چەمک و پێناسەی چێژ و خۆشیی جوانیی ئافرەت، لە تەوەرەی دووەمدا جەخت لەسەر ڕۆڵی ئافرەت وەک سەرچاوەی جوانی و چێژی خۆشەویستی و ڕۆمانسیەت دەکەینەوە. لە تەوەرەی سێیەمیشدا، گرینگی و پێگەی ئافرەتمان وەک سەرچاوەی چێژ و ئارامیی دەروونی پێشانداوە. بەڵام بەشی دووەم، تایبەتە بە ڕەنگدانەوەی خۆشیی جوانیی ئافرەت لە دەقە شیعریەکانی شاعیردا. کە لە سێ تەوەر پێکهاتووە: تەوەرەی یەکەم، دەربارەی جوانیی ئافرەتە وەک سەرچاوەی خۆشی و شادی، ڕوحی و هزری، تەوەرەی دووەم، لە بازنەی ئافرەت وەک سەرچاوەی خێر و چاکە دەخولێتەوە.. هەرچی تەوەرەی سێیەمیشە بۆ کاریگەریی ئافرەت وەک سەرچاوەی زیندوویەتی و بەردەوامی و جاویدان تەرخان کراوە. لە کۆتایدا ئەنجامی توێژینەوەکە و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکەمان بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خستۆتە ڕوو.

وشە سەرەکییەکان: چێژ و خۆشی، جوانی، ئافرەت، جوانیناسیی، جەلیزادە.

## 2_-پێشەکی:

دیارە وەک دەزانین هەر لە کۆنەوە ئافرەت و چێژ و خۆشیی جوانیی ئافرەت، جێگای بایەخی شاعیران و نوسەران هونەرمەندان بووە، کەم تا زۆر لە بەرهەمەکانیاندا ڕەنگیداوەتەوە، بۆتە سەرچاوە و بەهرەی سەدان و هەزاران شاکاری شیعری و ئەدەبی و هونەری، پێگەیەکی بەرز و بەهیز و کاریگەریشی لە شیعر و ئەدەبیاتی کۆن و نوێ و هاوچەرخیشدا هەبووە، جەلیزادە یەکێکە لەو شاعیرە هاوچەرخانەی کە بابەتی ئافرەت و جوانیی ئافرەت لە شیعرەکانیدا ڕووبەرێکی گەورەو فراوانی داگیرکردووە، بە شێوەیەک خۆشەویستی و جوانیی ئافرەت بووە بە ناونیشان و سەرتا و ناوڕاست و کۆتایی زۆربەی زۆری شیعرەکانی، بۆیە سنووری توێژینەوەکە لە چوارچێوەی ئافرەت و بنەماکانی چێژ و خۆشیی جوانی لە شیعرەکانی جەلیزادەدا چڕ دەبێتەوە. بەڵام ئامانجی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە، خستنەڕووی لایەنە گەش و شاراوەکانی چێژ و خۆشی و جوانیی ئافرەتە، لەگەڵ پێشاندانی ئاست و پایەکانی ئیستاتیکا و پلەی شیعریەتی شاعیر لەمبارەیەوە. بێگومان بە پێی سروشتی کارەکە، لەم توێژنەویەدا پشتمان بە میتۆدەکانی شیکاری و وەسفی بەستووە، چونکە جەلیزادە بە پێچەوانەی شاعیرانی دیکە، سەرتاپای شیعرەکانی گوزارشتە لە خولیا و حەز و ئارەزووی شاعیر بۆ جوانیی ئافرەت، لە هەردوو لایەنی جوانیی ناوەوە و دەرەوەدا، تەنانەت زۆر جار شێوازی ئەم گوزارشتکردنە لە دۆخیکی ئاساییەوە دەگۆڕێت بۆ شێوازێکی تایبەتیی جەلیزادانە، کە خۆی لە دژە باوی و ئازادیی ڕەها و ئیرۆتیکیەت دەدۆزێتەوە، بەبێ گوێدانە فشاری ئایینی و کۆمەڵایەتی، بەشێک لە سنوورەکانی هێڵی سوور دەبەزێنێ و شیعرەکانی لە پۆشاکی داب و نەریت و کەلتوور ڕووت دەکاتەوە و بوێرانە قسە لەسەر بابەتە قەدەغەکراوەکان دەکات و ئەو بەربەستانەش تێکدەشکێنێت، کە ڕێگری لە دەربڕینی بیر و بۆچوون و هەستەکانی لەم بارەیەوە دەکات. بۆیە دەتوانین بڵێین: هەم بابەتی جوانیی ئافرەت و هەم جوانبیری و جوانبینی لە لای جەلیزادەدا، خەسڵەت و سیما و مۆرکێکی تایبەت و جەلیزادانەی هەیە، کە جیاوازە لە شاعیرانی دیکە و بووە بە ناسنامەی شاعیر و پێی دەناسرێتەوە. هەر ئەمەش هاندەر و پاڵنەری سەرەکی بوو، بۆ ئەوەی ئاوڕێکی ئەکادیمیانە لە شیعرەکانی جەلیزادە بدەینەوەو لایەنە شاراوەکانی چێژ و خۆشیی جوانیی ئافرەت و ئاست و پلەی ئیستاتیکای شیعری و ئەزموون و توانا و لێهاتوویی شاعیر لەم بارەیەوە بخەینەڕوو. کە ڕۆڵێکی گەورە و بەهێز وکاریگەری لەشیعری تازەی سەردەمدا لە ڕووی تازەگەری و داهێنان و گۆڕانکاری و جوداکارییەوە هەیە.

## 3_ چەمک و پێناسە و کاریگەریی چێژ و خۆشی جوانیی ئافرەت:


### 1.3 چەمک و پێناسەی چێژ و خۆشیی جوانیی ئافرەت:

سروشت سەرچاوەی هەموو ڕەگەزەکانی جوانییە، لە نێویشیاندا ڕەگەزی ئافرەت لەو ڕەگەزانەیە کە لە پاڵ جوانی سروشتدا بەرزترین و کاریگەرترین پێگەی لە جوانیدا هەبووە و هەیە. هەر لە کۆنەوە جێگای تێڕامان و حەز و ئارەزوو و بایەخی مرۆڤەکان بووە، ئەدگار موران پێی وایە "جوانی بریتییە لەو هەستەی کە لە دیداری شتە قەشەنگ و دڵگیر و سەرنج ڕاکێشەکاندا بەرهەم دێت و دێتەکایەوە. جا ئەگەر ئەو جوانییە کارێکی هونەری بێت، یان جوانیی دیمەنێکی سروشتی بێت، یان جوانیی ئافرەت بێت، لە هەست و سۆزێکی داهێنەرانەدا، کە وا لە هونەرمەندان و شاعیران دەکات، لە کاری داهێنەرانەدا، لە بێ ئاگایی بەهرەدا و لە ئاگایی سازاندا، هێزی پێ ببەخشێت''(موران، 2019، ل14) دیارە وەک دەزانین ''زانستی جوانی یان فەلسەفەی هونەر، لقێکە لە لقەکانی فەلسەفە، چونکە زانستی جوانی بە لە ئەستۆگرتنی ئەو بیروباوەڕە ڕەخنەییانە هەڵدەستێت، کە وابەستەیە بە بوارەکانی جوانییەوە. وەک: سروشتی هونەری جوان چییە؟ چ شتێک هونەرمەندی داهێنەر لە ناهونەرمەند جیادەکاتەوە؟ چ جۆرە ئەزموونێک چێژ و خۆشی بە هونەر دەبەخشێ؟ بۆچی ئەم ئەزموونە بەهادارە؟'' (ستولینتز، 1981، ل70). بێگومان هەموو ئەمانە پرسیارگەلێکن کە چەندین بیروڕای جیاوازیان لەمبارەیەوە هێناوەتەکایەوە، کە بەشێکییان جێگای هەڵوەستە لەسەرکردنە، هەرچۆنێک بێت ''هونەری جوانیی مرۆڤ، بەرهەمی بلیمەتییە، بلیمەتی بەهرییەکی تیۆرییە، هونەرمەندی بلیمەت بە فۆڕمێک هونەر ئاڕاستە دەکات، لە توانای هیچ یاسایەکی دانراودا نییە، ئاوا ئاڕاستەی بکات، یەکەم تایبەتمەندیی بلیمەتی، ڕەسەنایەتییە. لەبەرئەوەی بلیمەتی بە فۆڕمێکی نموونەیی ئاڕاستە دەکات، کە بە تەواوی جیاوازە لە لاسایی کردنەوە'' (مطر، 2019، ل122). هەربۆیە جان برتلیمی دەڵێت: "کاری هونەری جوان ئەوەیە، کە مرۆڤ چێژ و خۆشی لەو جوانییە دەبینێت، کە دەبێتە خۆراکی گیانی'' (شرتح، 2016، ل4). بۆیە دەتوانین بڵێین''چێژوەرگرتن، بریتییە: لە سیمایەکی خۆڕسکی بەهێز، چونکە هەر مرۆڤێک چێژی تایبەتیی خۆی هەیە، بەشێوەیەک کە لەگەڵ پەروەردەکردن و داب و نەریتی کۆمەڵگا و خێزان و ژینگە و دەروون و ڕۆشنبیرییەکەیدا بگونجێت'' (تەیب، 2013، ل10). بەڵام ''وێڕای هەبوونی چەندین جیاوازی لە ڕووی تایبەتمەندی و وردی و ڕاستی و دروستیی چێژەوە لە نێوان کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە، هیچ شتێک بە ئەندازەی پیادەکردنی هونەری تایبەتی و توێژینەوە و تێڕامان، یان بیرکردنەوە لە جۆرێکی دیاریکراوی جوانی ناتوانێت بەخشندە بێت'' (هیوم، 1399، ل89). کەچی ئەفلاتوون دەڵێت : "نابێت ئەوەمان لە بیر بچێت کە چێژ بەخشراوێکی سروشتییە بۆ مرۆڤ لە نێوان نێرو مێدا، بۆ بەرهەمهێنانی نەوە'' (عەبدولمەجید،2014، ل16).

هەر لەمبارەیەوە(لاڤۆنتین ) بیروبۆچوونی خۆی سەبارەت بە چێژی جوانی پێشانداوەو و پێی وایە چێژ بۆ توانای شاعیر و بەرهەمەکەی دەگەڕێتەوە، لەسەر ڕۆشنبیرکردن و وروژاندن و سەرسامکردن و کاریگەریی و سەرنجڕاکێشکردنی خوێنەر(خلف، 2006، ص21)

هەرچۆنێک بێت شاعیر یان ''نووسەری دەق تا سەرکەوتووتر بێت لە پرۆسەی داهێنان و بەرهەمهێنانی چێژ و خۆشی دەقدا، زیاتر دەقی چێژدار و خۆشی بەخش بۆ خوێنەری دەق فەراهەم دەکات، ئەگەرچی لە پاڵ ئەمانەشدا خودی خوێنەریش ڕۆڵی سەرەکی لەم بوارەدا دەبینێت'' (بارت ، 2007: 6).کەواتە لێرەدا دەتوانین بڵێین هەردوو لایەنی نووسەری دەق و خوێنەری دەق بەیەکەوە، بە هاوبەشی پرۆسەکە دەهێنە کایەوە. چونکە پرۆسەی چێژ کارێکی هەمەلایەنەیە و چە ندین جەمسەری هەیە. هەر بۆیە ڕۆلان بارت باسی چێژی دەق لە هەموو ڕەهەندییەکانیەوە دەکا0 زۆرجار لەگەڵ چێژەکانی سێکسی مرۆڤ بەراوردی دەکا و نموونەکان جوان لێک گرێدەدا

بەڵام سەبارەت بە خۆشیی جوانی کە پەیوەندییەکی زۆر توندوتۆڵ و بەهێزی بە چێژی جوانییەوە هەیە، تەنانەت زۆر جار ئاستی ئەو پەیوەندییە دەگاتە قۆناغی ئاوێزان و ئاوێتە بوون لە نێو یەکتردا، هەر لەمبارەیەوە، گەلێک بیرو ڕای جیاواز هەیە. ڕۆلان بارت جەختی لەسەر ئەمە کردۆتەوەو بۆ چەمک و پێناسەی خۆشی دوو خاڵ دەست نیشان دەکات : ''یەکەمیان هەموو تازەیەک خۆشی بەخشە. دووەمیان ئەوەیە، بنەما بەربڵاوییە، بێ بنەما خۆشی بەخشە'' (گەرمیانی، 2010، ل21). ئەمەش ئەوە دەگەیەنیت کە هەموو شتێکی جوان و تازە و بێ بنەما خۆشی و شادی بەخشە، بۆیە دەتوانین بڵێین ئەم تێڕوانینە تا ڕادەیەکی زۆر بۆ چێژ و خۆشیی جوانیی ئافرەتیش هەر ڕاستە. چونکە لە ڕاستیدا چێژ و خۆشی جوانی تەنها بە جوانی ئافرەتەوە یان شتەکەوە وابەستە نییە، بەڵکو تا ئاستیکی بەرز و کاریگەریش بە جوانبیری و جوانبینی و ئافرەتبینی کەسەکەشەوە، یان سەرنج لیدەرەکەشەوە بەستراوەتەوە.



## 2..3 چێژی جوانیی ئافرەت:

جوانیی ئافرەت پێگەیەکی گەورە و بەهێز و کاریگەری لە سروشتدا هەیە و هەر لە کۆنەوە بۆتە جێگای تێڕامان و سەرنج و بایەخی ئادەمیزاد. ئەگەرچی'' سروشت بۆتە سەرچاوەی ئیلهامی زۆربەی شاعیران، بەڵام هەرگیز چاوپۆشیان لە جوانی و نرخ و بەهای ژن نەکردووە و بەبێ ئازیز و خۆشەویستەکەیان، هیچ چێژ و خۆشییان لە سروشت نەبینیووە و بەلایانەوە ئەو نرخەی نەبووە، چونکە ئافرەت هێزێکی گەورە و وزەیەکی لەبن نەهاتووی ئەم ژیانەیە'' (بەرزنجی، 2010، ل110). وەک دەزانین '' دیاردەکانی جوانی لە گەردووندا بەپێی سروشتی شتەکان لە یەکتری جیاوازن، کە بە وێنەی جۆراوجۆر سەرنجی شاعیران و نووسەران و هونەرمەندان ڕادەکێشێ'' (بن قلیة، 2018، ص4). هەر لەمبارەیەوە و بە گوتەی گرانت ئالن لە کتێبی (جوانیناسیی و ئەرکی ئەندامەکان) جوانی سەرچاوەیەکی سروشتی هەیە، ئەو دەڵێت :"چێژی جوانیناسی لە چاودێری جوانیەوەیە و مانای جوانیش، ئەنجامی کاری ئەندامەکانی لەشە'' (حەمەساڵح،2013 ، ل50). بۆیە ''لە ڕاستیدا کاتێک کە شاعیر وێنەی شیعری لە هۆنراوەیەکدا دەخولقێنی، وەختێک خوێنەری شیعردۆست و ڕەخنەگری لێهاتوو ئەو شیعرانە دەخوێنێتەوە، یان گوێیان لێدەبێت، هەست دەکەن هەر وێنەیەک لە ڕێگەی هەستێکەوە باشتر بۆی وەردەگیرێ، واتە چەندە ئەو وێنانە بە هەستی بینین و بەچاو وەریان دەگرین، دەبینین پتر بەهۆی هەستەکانی دیکەی مرۆڤ وەک بیستن و چێژکردن و بۆنکردن و هەستی دەست لێدانەوە ئەو وێنانە وەردەگرن'' (شارەزا، 1997، ل7). جگە لەمەش نووسەری فەڕەنسی ( بۆدلێر 1821_ 1867) "یەکەم کەسە کە بیرۆکەی هونەر بۆ هونەری خستە ڕوو. ناونیشانێکی واتاداری بۆ دیوانەکەی خۆی دانا، بەناوی ( گوڵەکانی شەڕ ). بۆدلێر وای دەبینێ، کە بابەتی شیعری، خودی شیعر خۆیەتی. ئەو شیعرە مەزنەی کەشایەنی ناوی شیعرە ئەوەیە کە لە نووسینیدا بەتەنیا بۆ چێژ وەرگرتن دەنووسرێت '' (ئەلمازی ،2010، ل67). لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە کاتێک هەندێ شەپۆلی تازەی ئەدەبی هاتنە کایەوە وەک پەرناسیەت، ئیدی شیعر و ئەدەب بە فۆڕم و ناوەڕۆکێکی جیاوازتر لە جاران خۆی نواند. هەر چەندە ئەم شەپۆڵە زۆری نەخەیاند، بەڵام ڕۆڵێکی گەورەی لە گۆڕانکاری لە بواری شیعر و ئەدەبیاتدا هەبوو، ئەمەش وای کرد گەلێک تێڕوانینی جیاواز و لێکدانەوەی جۆراوجۆر لەمەڕ دەقی شیعری بێتەکایەوە. بەتایبەتی لە لایەنەکانی سوود و چێژ و ئیستاتیکیەتی شیعری دا0 ئەم شەپۆلە لە سەرەتای دروست بونیەوە دوو هەڵوێست و ئاراستەی دژ بەیەکی بەخۆوە بینی: یەکەمیان کە بەسەرۆکایەتی (سانت سیمۆن) بوو، بڕوای بە فەلسەفەی سوود هەبوو لە ئەدەبدا، ڕای وابوو کە دەبێت ئەدەب لە خزمەتی پێشکەوتن و سەرکەوتنی کۆمەڵگەدا بێت و لایەنی هونەر و جوانیی

فەرامۆش کردبوو. بەڵام هەڵوێستی دووەم کە بە سەرۆکایەتیی( ڤیکتۆر هۆگۆ ) بوو، بڕوای بە فەلسەفەی جوانی و هونەر بۆ هونەر بوو، لایەنی سوودی فەرامۆش کرد بوو، ئەم نوسەرە پێی وابوو کە مەرج نییە شاعیر یان نوسەر شتێک بنووسێت سودی هەبێت، بەڵکو لایەنی هونەری و جوانی و چێژی بەلاوە گرنگ بوو'' (پیربال، 2006، ل128). هەروەها هۆراس سەبارەت بە ئامانج و مەبەستی شیعری دەڵێت : ''ئامانجی شاعیر یان سوود بەخشینە یان چێژ بەخشینە، یاخود لە یەکاتدا وروژاندنی چێژ و سود بە خشینە، '' (فەتاح، 2019، ل14). هەرچۆنێک بێت ''شاعیر و هونەرمەند بەر لەوەی هیچ پەیامێکی ئینسانی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و هتد، هەبێت، یەکەم پەیامیان گەڕانە بە دوای دۆزینەوەی جوانی و چێژ. جوانی و چێژی بێ ڕکابەریش لەئافرەتدا کۆبۆتەوە. هەر بۆیە ئافرەت نیشتمانی یەکەمە'' (جەلیزادە، دیدەنی، 2021/4/1). بۆیە ئەگەر لەم ڕووەوە خوێندنەوەیەکی بابەتییانە بۆ شیعرەکانی جەلیزادە بکەین، دەبینین سیماکانی چێژی جوانی لەشیعرەکانیدا، ڕەنگدانەوەیەکی قووڵ و بەهێز و فراوانی هەیە، بەتایبەتی ئەو چێژی جوانییەی کە لە جوانی و سروشتی ئافرەتدا سەرچاوەی گرتووە، شاعیر هێندە تامەزرۆ و تینووی جوانییەکانی ئافرەتەو هێندە لە عەشق و ئەوین و خۆشەویستی ئافرەتدا تواوەتەوە، سەراپای شیعرەکانی بوون بە وێنەی ئافرەت، بەڵام جیاواز لەم وێنانەی لە شیعری شاعیرانی دیکەدا هەیە، وێنەکانی ئافرەت لە شیعرەکانی شاعیردا وێنەی جوان و نەرم و ناسک و ڕووت و تەڕن، لە جنسی باران، بۆیە تەواوی ئەو شیعرانەی دەربارەی ئافرەتن و بۆ ئافرەت نوسراون بەشێوازێکی جیاواز و دژە باو خۆیان دەنوێنن، کە تایبەتە بە قوبادی جەلیزادەوە و مۆرک و سیمایەکی تایبەتیی جەلیزادانەی هەڵگرتووە، کە پێی دەناسرێتەوەو لە شاعیرانی دیکەی جیادەکاتەوە، هەروەها ئەگەر بەوردی لە تێڕوانین و گوتاری شیعری جەلیزادە بڕوانین، بۆمان ڕوون دەبیتەوە کە خۆشەویستی و خەون و خەیاڵ و ئەندێشەکانی جەلیزادە لە تاکە ئافرەتێک و تاکە لایەن و تاکە ڕەهەند و چەند بەشێکی کەم و بوار و سنوورێکی دیاریکراوی جوانی و خۆشەویستیی ئافرەتدا کۆ نەبۆتەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە، حەز و ئارەزوو و خولیاو خەونەکانی شاعیر زیاتر لە ئافرەتێک و زۆرتر لە ڕەهەندێکی لە خۆگرتووە و لە چەندەها لایەن و بوار و گۆشەنیگای جیاوازەوە و لە سنور و ڕووبەرێکی دوور و درێژ و فراوانەوە، لە ئافرەتی ڕوانیوەو گوزارشتی لە ئافرەت کردووە و وێنەی ئافرەتی گرتووە. چونکە ''خۆشەویستیی ئافرەت پرۆژەیەکی هەمیشەییەو زیندوویەتیی بەژیان دەبەخشێت، کەوتن و هەستانەوە یەکێکە لە سیماکانی خۆشەویستیی کە بەردەوامی بەژیان دەدات و وا لە مرۆڤ دەکات باوەش بە هەموو ڕەنگە گەرمەکانی خۆشەویستیدا بکات. هەر تاکە ئافرەتێک تەنها

ڕەنگێکە لەو ڕەنگانەو ڕەنگەکانی دیکە لای ئافرەتەکانی  دیکەن'' (جەلیزادە، دیدەنی، 2021/4/1). دەتوانین  بڵێین چێژی جوانی دەکرێت بە دووبەشەوە، وەک لەم هێڵکارییەدا خراوەتە ڕوو:




### 3.3 ئافرەت وەک سەرچاوەی جوانی و چێژی خۆشەویستی و ڕۆمانسییەت:

جوانی ئەو هێزەیە گەورەترین دەسەڵاتی شەڕ و خراپەکاری دەخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە، لە هەمان کاتدا وزەیەکی لە بن نەهاتووە و سۆمای چاوەکان و ناخی دڵە تاریکەکان ڕووناک دەکاتەوە، بەتایبەتی جوانیی ئافرەت و چێژ و خۆشەویستی و ڕۆمانسییەتی ئافرەت، پێگەیەکی گەورە و بەهێز و کاریگەری  لەسەرهەستەکان و ئارامی دڵ و دەروون و ئاوەز و هزری مرۆڤ دا هەیە. ئەمەش وایکردووە لێکەوتەکانی لە بەرهەمی شاعیران و نووسەران  و هونەرمەندانەدا  لە ئاستێکی زۆر بەرزو فراواندا ڕەنگ بداتەوە. جەلیزادە یەکێکە لەو شاعیرانەی کە لە پێناو جوانیی ئافرەت و خۆشەویستیی ئافرەتدا ژیاوە و دەژی، چونکە ''جوانی  ئەو شتەیە تووشی سەرسامی و ڕامانت دەکات، دەتدوێنێ بەزمانێک کە زمانێکی جیهانییە تەنانەت گەمژەکانیش لێی تێدەگەن. هیچ شتێک خاڵی نییە لە جوانی، شاعیر جوانی لەهەر هەموو شتێکدا دەبینێت، جوانی هەیە لە دەرەوەیە، جوانیش هەیە شاراوەیە، دەبێ بە وردی بەدوایدا بگەڕێیت و بیدۆزیتەوە. ڕەنگە ئەو جوانییەی لە ڕووکەشی ئاسکدا هەبێت، هەمان جوانی لە دیوە شاراوەکەی مەیموونیشدا هەبێت'' (جەلیزادە، دیدەنی، 2021/4/1). لێرەدا وەک دەردەکەوێت شاعیر بەشێوازێکی جیاوازتر و قووڵتر و وردتر  دەڕوانێتە جوانیی شتەکان، بەتایبەتی جوانیی ئافرەت، دەڕوانێتە هەردوو دیوی جوانییەکانی ناوەوە و دەرەوەی ئافرەت و بە زمانێکی کاریگەر و بە هۆی  ئەندێشەیەکی  فراوانەوە و  لە چوارچێوەی وێنەیەکی شیعری بەرز دا هەست و نەستی خۆی دەربڕیوە. گوزارشتی لە خەم و ئیش و ئازارەکانی  سە بارەت بە جوانی ئافرەت  و

خۆشەویستی ئافرەت کردووە. چونکە وەک دەزانین ''یەکێک لە گرینگترین هەست و سۆزەکانی مرۆڤ، کە هەر لە کۆنەوە لە دوو توێی شیعری میللەتاندا هەیە، خۆشەویستییە. کە هۆکاری کارامەیی و یادەوەری بووە و جۆش و خرۆشی بە شیعرو ئەدەب و هونەر بەخشیوە. ئەوین لە میانەی شادی و غەمدا ناسکترین و بەهێزترین و گەورەترین بزوێنەری دڵە، لە هەمان کاتدا کۆڵەگەی سەرەکیی شیعر و ئەدەبیاتی لیریکی جیهانی پێکدەهێنیت'' (صبور، 1382، ص406). بە هەمان شێوە لە شیعرەکانی جەلیزادەشدا پێگەیەکی کاریگەری هەیە، وەک لەم کۆپلە شیعرەدا خۆی دەنوێنێ کە دەڵێ:

کە ماچم کردی،

ئیتر کەس نەیناسیمەوە،

لە بیابانەوە،

بووم بە هەور (جەلیزادە، 2019، ل467 )

لێرەدا شاعیر هەست و نەست و خۆشەویستی خۆی لە چوارچێوەی خەیاڵ و ئەندێشەیەکی قووڵ و فراواندا دەربڕیوە، ماچ لای شاعیر زیاتر لە ڕەهەندێک و زۆر تر لە واتایەک و خوێندنەوەیەکی بۆ دەکرێ، ئەگەر ماچ لای کەسانی ئاسایی تەنها لە بازنەی هەستەکانی بەرکەوتن و چەشتنی هەوەسبازی بخولێتەوە، ئەوا لە لای جەلیزادە لە پاڵ ئەمانەدا هێماشە بۆ ئەوینداری و مرۆڤ بوون و جوانیبەخشی و ژیانەوە، چونکە لە تێڕوانینی ئەودا، جگە لە ماچ هیچ شتێکی دیکە ناتوانێت تەمەنی پڕ وشکە ساڵی و بیابانی ئەو بکا بە هەور، بە باران ، بە مێرگ ، بە ژیان و چێژی پێ ببەخشێت. هەر ئەمانەش وای کردووە ببێتە سەرچاوەیەکی سەرەکی بەهرەو داهێنانی شیعری لە شیعرەکانی شاعیردا، وەک لەم کۆپلە شیعرەی خوارەوەدا دەردەکەوێت کە دەڵێ:

پیاوێکی ڕەش و سپی بووم،

ژنێک کە سەرتاپای ڕۆحی ڕەنگ بوو،

قەڵەمەکەی، ڕەنگ کردم بە داهێنان،


وشەکانی، ڕەنگ کردم بە جورئەت،

قەسیدەکانی، ڕەنگ کردم بە ڕاستگۆیی،


قەسیدەیەکی ناونام، تا سەر ئێسقان ژن (جەلیزادە، 2007، ل 268)

لەم کۆپلە شیعرەدا شاعیر زۆر بە ڕوونی و ئاشکرایی و لە جیهانی ئەندێشەیەکی فراوان و لە سنووری زمانێکی سادە و ساکار، بەڵام ناسک و کاریگەر و لە چوارچێوەی وێنەیەکی شیعری جوان و سەرنجڕاکێشدا، گرینگی و ئاست و پایەکانی خۆشەویستیی ژن و جوانیی ژنمان پێشان دەدات و پێمان دەڵێت: ژن سەرچاوەی هەموو داهێنان و ئازایەتی و ڕاستگۆیی و جوانییەکانە، وەک لەم هێڵکارییەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

**وێنەی جەلیزادە پێش ناسین و خۆشەویستیی ئافرەت:**




**وێنەی جەلیزادە دوای ناسین و خۆشەویستیی ئافرەت:**



جگە لەمە شاعیر لە کۆپلە شیعرێکی دیکەدا، پایە و ئاستەکانی خۆشەویستی و ڕۆمانسییەتی ئافرەت لە تەڕی و تەنکی و لوسیدا هاوتای ئاو دەکات، کە دیارە هەریەکە لە وشەکانی (تەڕ، تەنک ، لووس) جگە لەوەی  ئاماژەیەکن بۆ جوانی و خۆشەویستی، لە هەمان کاتدا ڕەهەندیکی سێکسی و چێژی جوانییان هەیە، وەک لەم نموونە شیعرەی شاعیردا  دیار و ئاشکرایە کە دەڵێ:

تۆ لە ئاو دەچیت.. تەڕ تەڕ و تەنک تەنک و لووس لووس،

لە خەونی فریشتەکاندا؛ دەمێک؛ ڕێژنە بارانێکی پەمەیی و

ساتێک؛ کانییەکی لە هەنگوین و

سەروەختێک، ڕووبارێک، لە شەکر و شیر(جەلیزادە، 2019، ل465)

لێرەدا، ئەگەر بە وردی سەرنجی ئەم کۆپلە شیعرە بدەین، دەبینین لە دووبەشدا خۆی دەدۆزێتەوە، بەشی یەکەم  لە گۆشەنیگای ڕۆمانسییەت و سێکسەوە، باس لە تەڕ و تەنک و لووسیی ئافرەت کراوە و بە شیوەیەکی هونەری لە سیاقی لێکچواندندا بە ئاوی باران چوێندراوە، هەرچی بەشی دووەمی ئەم کۆپلە شیعرەیە باس لە چەند کاتێکی جیاجیای قۆناغەکانی تەمەن و ژیانی ئافرەت دەکات، کە دەمێک لە قۆناغی هەرزەکاریدا وەک ڕێژنە بارانێکی پەمەیی، کە بێگومان ڕەنگی پەمەیی ئاماژەیە بۆ خۆشەویستی و گەرم و گوڕی و تامەزرۆیی و شەیدا بوون، لە قۆناغێکی دیکەدا ئافرەت لە کانییەکی هەنگوین دەچێت، مرۆڤ، بە تایبەتیش ڕەگەزی نێر بە خۆزگە و ئاواتەوەیە دەمی بەم هەنگوینە بگات، لە سەروەختێکیشدا ئافرەت لە ڕووبارێکی شەکر و شیر دەچێت لە شیرینی و سپیەتیدا و وەک خەونی فریشتەکان دێتە پێش چاو.

4 .3 ئافرەت وەک سەرچاوەی چێژ و ئارامیی دەروونی:

دیارە وەک دەزانین ئافرەت چ وەک: دایک، خوشک، کچ و هاوسەر، نەک هەر ڕۆڵ و بایەخێکی گەورە و بەهێزی لە بەرجەستەکردنی ئارامیی دەروونیدا هەیە، بەڵکو بەسەرچاوەیەکی سەرەکیی ئارامیی دەروونی دادەنرێت، هەر ئەمەشە هۆکار و سیحری هاتنە کایەوەی  هەزارەها ئەفسانە و داستان و شاکاری ئەدەبی و هونەری گەورە، لە پاڵ ڕەهەند و لێکەوتەکانی دیکەدا  لەمبارەیەوە، بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی. هەندێک لە فەیلەسوف و ڕووناکبیرانی تر، جوانی بە هەستەکانی مرۆڤەوە دەبەستنەوە، بۆ چێژ وەرگرتن لە جوانی. مارکس دەڵێ: ''هەستەکانی ئێستاتیک وەها هەستێکن، دەبنە سەرچاوەی چێژوەرگرتن'' (تەبەری، 1991، ل11). ئەمەش تەواو لەگەڵ بۆچوونی دەروونزانەکان یەک دەگرێتەوە کە ''دەڵێن ئەو هێزەی کە جوانیی دەقی ئەدەبیی  پێ دەپێوین، پێی دەوترێت:  چێژ، کە مرۆڤ هەست بە خۆشی و چێژ دەکات لە دەقە هونەریەکاندا و ئەم پێوەرە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت'' (محمەد، 1998، ل26).  لە ڕاستیدا وێڕای هەبوونی تێڕوانینی جیاواز سەبارەت بە بەها و پێگەی ئافرەت، لە نێو کۆمەڵگادا، بە پێی جیاوازی نەتەوە، ئایین، کەلتوور و ئاستی هۆشیاری مرۆڤەکان،  بەڵام هەمیشە ئافرەت لەلای زۆربەی ئاین و نەتەوەکان و کۆمەڵگا جیاوازەکاندا، سیمبولی جوانی و هەست و سۆز و خۆشەویستی و ئارامی و میهرەبانی بووە، ڕەنگە هەر ئەمەش گەورەترین هاندەر و پاڵنەر بێت بۆ ئەوەی ڕەگ وڕیشەی ئایدیای جوانی و پیرۆزی ئافرەت لە هزرو گوتاری شیعری جەلیزادەدا  بڵاو بێتەوە. بێگومان تێڕوانینی شاعیر بۆ ئافرەت ڕەگ و ڕیشەیەکی قووڵ بەربڵاوی هەیە، ئافرەت لای ئەو گۆچانی سیحرییە، وەدیهێنەری گشت خۆزگە و ئاواتەکانە، لە یەک کاتدا  ژیان و مردنە، ژیانە کاتێک لەگەڵ ئافرەت و  لە باخچە جوانەکانی ئارامی ئافرەتدایە، بە پێچەوانەوەش  خەم و ئازار و مەرگە، وێڕای ئەمەش شاعیر جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە جگە لە جوانیی ئافرەت چێژ لە هیچ ڕەگەزێکی دیکەی سروشت نابینێت و پێی وایە مانگ و ئەستێرەو هەتاو، جوانی لە ئافرەتەوە وەردەگرن،  هەریەک لەمانە بەبێ جوانی ئافرەت، جگە لە تەنێکی سوتماک  و بێ بەها شتێکی دیکە نین، وەک لەم کۆپلە شیعرەدا  دەردەکەویت و دەڵێ:

مانگ و ئەستێرە و هەتاو،


هەموو شتێکم هەیە، هەموو شتێک... بەڵام تۆم نیت.

تۆ کێڵگەی پیاوێکی دیکەی.

من تۆم نیت، کەواتە هیچم نییە، هیچ، هیچ ،

کەواتە من؛ سواڵکەرترین، سواڵکەری سەر زەویم (جەلیزادە، 2019، ل116)

ئافرەت لای جەلیزادە جوانترین و باشترین و گرینگترین و خۆشەویستترینە، بۆیە بە خاوەنداریەتی و هەبوونی جوانیی ئافرەتەوە خۆی بە دەوڵەمەندترین و خۆشبەخترین و گەورترین و دەسەڵاتدارترین و دڵخۆشترین مرۆڤی سەر زەوی دەزانێت، بە نەبوونی جوانیی ئافرەتیش، خۆی بە هەژارترین و بەدبەخترین و بچووکترین و بێ دەسەڵاتترین و خەمبارترین مرۆڤی سەرزەوی دەزانێت، تا دەگاتە ئاستی هیچ و سواڵکەرترین، سواڵکەری سەر زەوی. هەرچۆنێک بێت دەتوانین پێداگری لەسەر ئەوە بکەین کە ئافرەت بەهەردوو لایەنی دەرکی و ناوەکییەوە، واتا هەم لە ڕووی جوانیی لەش و لار و قەد و باڵا و شۆخ و شەنگی جەستەیەوە، هەم لە ڕووی جوانیی هزر و بیرو ڕەوشت و هەست و سۆز و خۆشەویستییەوە کاریگەری لەسەر مرۆڤ بەگشتی و ڕەگەزی نێر بەتایبەتی دروستکردووە. کە دیارە ئاستی کاریگەریی هەر یەکە لە جوانیی ناوەوە و دەرەوەی ئافرەتیش، لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە و لەسەردەمێکەوە بۆ سەردەمیکی دیکە و لە کۆمەڵگا و کەلتوورێکەوە بۆ کۆمەڵگا و کەلتوورێکی دیکە دەگۆڕێت، پێگە و بەهای هەر یەکێک لە مانە بەرز و نزم دەبێتەوە، وەک لەم هێڵکارییەدا دەردەکەوێت:



بێگومان لە پارچە شیعرێکی دیکەدا، شاعیر باس لە بایەخ و نرخ و بەها و کاریگەریی جوانیی جەستە لەسەر ئاوەز و هزر و دڵ و دەروونی مرۆڤ دەکات ''جەستە لە پلەی یەکەمە و هەموو جوانییەکانی دیکەی ژن، دوای جەستە دێن. چونکە جەستە بۆ ئەوە دروست بووە چێژ وەرگرێت و چێژ ببەخشێت. ئەوەش ئەرکی یەکەمی جەستەیە'' (جەلیزادە، دیدەنی،2021/4/1). ئەم بیروبۆچوونەش بەشێوەیەکی جوان و ئیستاتیکیی لەم کۆپلە شیعرەدا دەردەکەوێت کە دەڵێ:

دەبا یاسایەکی نوێ،

بۆ پەیوەندی، جەستە بە جەستەوە دابڕێژین،

یاسایەک لە بەرژەوەندی، گوڵە پەمەییەکانی لەش بێت و

لەگەڵ ئیقاعی پەپوولە، ژیارخوازەکانی سەردەمدا ، هاوڕێ بێت.

من و نیشتمانە زەلیلەکەم، لەیەک دەچین،

ئەو هەر ڕۆژە، پیاویک داگیری دەکات و


من هەر ڕۆژە ژنێک!

ئەو شمشێری یاخی بوونی هەڵکێشاوە و

من شمشێری تەسلیم بوون ! (جەلیزادە،2007، ل297)

جەلیزەدا لەم شیعرەدا، کە لە دەروونێکی پڕ ئەزموون و هەست و سۆزێکی ڕاستەقینەوە هەڵقوڵاوە، داوای داڕشتن و هینانەکایەوەی یاسایەک دەکات کە تەژی بێت بە ئازادی جەستە و ڕووت بوونەوە، دوور لە هەموو فشارێکی فەرهەنگی و کەلتووری و کۆمەڵایەتی و ئاینی. یاسایەک لە گەڵ گوڵە پەمەیەکانی جەستەی ژندا هاوتا بێت و بە جوانی پەپولەکان ئاشنا بێت، لەهەمان کاتدا لە وێنەیەکی دیکەدا شاعیر وێنەی لێکچواندنی خوی و نیشتمانە زەلیلەکەی دەخاتەڕوو، کە چۆن نیشتمانەکەی هەر ڕۆژەی داگیرکەرێک دەیخاتە ژێر ڕکیفی خۆیەوەو داگیری دەکات، لە بەرامبەردا شمشیری یاخی بوون بەرزدەکاتەوە، بەڵام کاتێک شاعیر هەر

ڕۆژە ژنێک داگیری دەکات، کەچی بە پێچەوانەی نیشتمانەکەی، شمشێری تەسلیم بوون هەڵدەکێشێت، ئەمەش بە جوانی لەم هێڵکارییەدا خۆی دەنوێنێ:




## 4. ڕەنگدانەوەی خۆشیی جوانی لە شیعرە کانی شاعیردا :

### 4. 1 خۆشیی جوانی لە شیعرەکانی شاعیردا :

بابەتی خۆشی و شادی لە بابەتە مرۆڤایەتییە کاریگەرەکانە، کە هانی شاعیران و نوسەران و هونەرمەندان دەدات تا لەمبارەیەوە بەهرە و توانا و ڕۆڵی خۆیان بخەنە گڕ، چونکە خۆشی و شادیی دەق، یەکێکە لەو بنەما سەرەکییانەی کە ئاست و پایەکانی جوانیناسیی دەق بەرز و بەهێز دەکاتەوە، ئەمەش هۆکارێکە بۆ بەرجەستەکردنی کاریگەری لەسەر خوێنەری دەق و سەرنج ڕاکێشانی، لەبەرئەوە هەمیشە مرۆڤەکان لە خەم و خولیای ئەو شتانە دان کە نیانە، یان بۆشایی و کەموکورتی لە ژیانیان دروست کردووە، بۆیە دەبینین کورتە باڵاکان خەون بە باڵای بەرزەوە دەبینن و پێیان وایە خۆشی و شادی لە باڵای بەرزدایە. هەژارەکانیش خۆشی و شادی لە سەروەت و سامان و دەوڵەمەندیدا دەبینن، ڕووخسار ناشیرینەکانیش شادی لە جوانیدا بەدی دەکەن و کەسانیکیش شادی لە هەوەسبازیدا چڕدەکەنەوە، هەرچۆنێک بێت ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات. کە جوانی شتەکان تەنها بەجوانی خودی شتەکەوە وابەستە نییە، بەڵکو بە ڕادەی تامەزرۆیی و پێداویستی شتەکە و ئاستی جوانیبینی سەرنج لێدەرەکەشەوە بەستراوەتەوە،

چونکە جوانی هونەری یان ''وێنەی شیعری لە ڕێگەی هەستەکانەوە بەدی دەهێنرێت، هەر خوێنەرەش بەپێی چێژی خۆی، جۆری دەقەکان لە ڕووی مەبەستی شیعریەوە هەڵدەبژێرێت، ئەو دەقانەی پێخۆشە لەگەڵ هەست و سۆزی تێکەڵ دەبن و لەگەڵ بیروبۆچوونەکانی دەگونجێن و زیاتر بە دوای ئەو دەقانەدا ویڵە، کە لەگەڵ ئاستی تێگەیشتنی ئەودا دەگونجێت'' (شیخبزێنی ، 2011، ل96). ئەگەرچی "شیعر گوزارشت کردنە لە ئەزموونێک کە دەربڕینەکان بەشێوەیەکی چڕ کۆ دەکاتەوە'' (الیزا بیث، 1961، ص10). بەڵام بەهرە و ئەزموون و توانا و زەوق و سەلیقە و جوانبینی شاعیران و نوسەران و هونەرمەندانیش ڕۆڵێکی سەرەکی و گرینگی لە داهێنانی بەرهەمی جوان و ناوازەدا هەیە، لە دەرئەنجامیشدا هۆکارێکی کاریگەریشە، بۆ ئەوەی بتوانێت لەم ڕێگایەوە جوانی و نەمری و زیندوویەتی بە بەرهەمەکەی ببخشێت. بۆیە "بۆ خۆشی وەرگرتن لە جوانی ئەوەندە بەسە کە ئادەمیزاد زەوقی هەبێت. واتە توانستی وێناندنی شتەکەی هەبێت، داخۆ خۆشی تیایە یان ناخۆشی. یان هەڵسەنگاندنی شتەکە یان بابەتەکە، داخۆ خۆشی بەخشە یان نا، بەبێ ئەوەی هیچ نیازێکی دیاریکراو لە گۆڕێ بێ. کەواتە بۆ هینانەکایەوەی پرۆسەی خۆشیی دەق یان دەقی خۆشی بەخش ئەزموون و زەوق و سەلیقەی هونەری و لایەنی ڕووخسار و ئیستاتیکیەت و تازەگەری ، پڕ بایەخترە نەک لایەنی ئایدیا و ناوەڕۆک. چونکە مرۆڤ وەکو غریزەیەک هەر لە سەرەتاوە حەز بەشتی تازە و نوێ دەکات، هەموو شتێکی تازە و نوێش چێژ و خۆشی پێدەگەیەنێت. ئینجا ئەوشتە یان ئەو بەرهەمە کەم تا زۆر سوودبەخش بێ یان نا'' (میراودەلی، 2005، ل 65). هەر لە چوارچێوەدا قوبادی جەلیزادە یەکێکە لەو شاعیرانەی کە خاوەنی فەرهەنگێکی تازەی شیعری پڕ ئیستاتیکیەت و کاریگەری تایبەت بەخۆیەتی و لەم بوارەدا ڕێچکەی خۆی دۆزیوەتەوە و بەشێوەیەک توانیویەتی شیعرەکانی بکاتە فەرهەنگێکی تایبەت بە وشەو زمانی مێینە. کە هەزارەها وشەی سادە و ساکار و جوان و ناسک و ورووژێنەر و کاریگەری تایبەت بەجیهانی ئافرەتەوە لە خۆگرتووە. لەمبارەیەوە (ئەکرەمی میهرداد) دەڵێ: شیعری قوباد پێمان دەڵێ: لە زەمینەی کۆمەلایەتی و نەریتی و ئەدەبی هەتا ئیستا دوور دەکەومەوە و بەشێوازی تایبەتی خۆی و زمانی کورت خایان و دابڕان، لەمانا پێش وەختەکان دەنووسێ، واتە زمانی شیعری قوبادی جەلیزادە زمانێکی پڕ چێژ و خۆشی بەخشە '' (فەتاح، 2015: 72).بەم هۆیەشەوە شاعیر توانیویەتی جوانی و جیهانی ئافرەت بکاتە سەرچاوەی فەرهەنگی شیعرەکانی و داهێنان و گۆرانکاری و جوداکاری بکات، خۆشی و شادی لە شیعرەکانیدا بێنیتەکایەوە و کاریگەری لەسەر خوێنەری دەق دروست بکات. بەڵام لە بارەی جوانیی ئافرەت وەک سەرچاوەیەکی گرنگی وێنەی شعری، عەزرا پاوند، دەڵێت: وێنە تێکەڵ بوونی عەقڵ و سۆزە لە چرکەیەک لە چرکەکانی ژیاندا. واتە

وێنە لەکاتی تێکەڵ بوونی عەقڵ و سۆز و خەیاڵدا دروست دەبێت، ئەمەش دەبێتە داهێنانێکی تەواوی بیر'' (گەردی،2004، ل 41). ئەمەش سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کە وێنەی شیعری سەرچاوەیەکی گرینگ و سەرەکیی خۆشی بەخشە بە دەق و خوینەری دەق. کە شاعیر یان نووسەر بە هۆی زەوق و سەلیقە و ئەزموونی تایبەتی خۆیەوە لە جوانییەوە هەڵیدەهێنجێت، بە تایبەتی لە چوارچیوەی جوانی ئافرەتدا، دواتریش لە قۆناغەکانی داهاتوودا کاریگەری و ڕەنگدانەوە لەسەر سیما و شیوازی دەق و خوێنەری دەق دروست دەکات. ئەمەش تا ڕادەیەکی زۆر لە شیعرەکانی جەلیزادەدا ڕەنگی داوەتەوە وەک لەم کۆپلە شیعرەدا دەردەکەویت:

بمبەرە بەر ڕێژنە بارانی دیدەت،

با بیابانی ڕۆح،

سەوز بێتەوە لەمەستی (جەلیزادە،2012، ل23).

لێرەدا لەم کۆپلە شیعرەدا ئەگەر لە دیدێکی قووڵ و فکری و بابەتییەوە، بەوردی سەیری وێنەکان بکەین و شرۆڤەو لێکدانەوەی شیعرییان بۆ بکەین، ئەوا کۆمەڵێک وێنە و بیر و تێڕوانینی جوان بەدی دەکەین، کە هەموویان هێماو ئاماژەن بۆ شادی و خۆشیبەخشیی ئافرەت و زیندوویەتی و بەردەوامی و جاویدان، شاعیر خۆشەویستەکەی بە سەرچاوەی مانەوە و ئاسودەیی دڵ و ڕۆح و ژیان دەزانێت، بۆیە داوا لە دڵخوازەکەی دەکات بیباتە بەر ڕێژنە بارانی چاوەکانی، تا بەم هۆیەوە بیابانی ڕۆحی سەوز بێتەوە. کە هەموو ئەوانە زیاتر لە ڕەهەندێکی هەیە و زۆرتر لە واتایەک لە خۆ دەگرێت، ئافرەت وەک سەرچاوەی خۆشیبەخش و ئاسودەیی پیشان دەدات.

### 2.4 ئافرەت وەک سەرچاوەی خۆشی و شادی، رۆحی و هزری :

ئافرەت و جوانیی ئافرەت، جگە لەوەی سەرچاوەیەکی سەرەکیی چێژە، لە هەمان کاتدا گەورەترین و بەهێزترین و کاریگەرترین هۆکاری هینانەکایەوەی خۆشی و شادییە، لە هەردوو لایەنی روحی و هزری مرۆڤەوە. چونکە هیچ کاتێک مرۆڤ ناتوانیت بەبێ ئافرەت بە ترۆپکی خۆشیی و شادییەکانی بگات. ئافرەت و ڕەهەندو لێکەوتەکانی جوانی ئافرەت گەورەترین پێگەی لە پێکهاتەی خۆشی و شادییەکانی مرۆڤ پێکهیناوە. بە شێوەیەک کاریگەرییەکی فراوانی لەسەر لایەنی ڕۆحی و هزریی مرۆڤ دروستکردووە. بۆیە دەتوانین بڵێین هیچ مرۆڤیک بە بێ جوانیی ئافرەت ناتوانێت ژیان بە جوانی ببینیت و ڕۆحی ئاسوودە بێت و هزری ساغ و تەواو و دروست بێت. جا ئەو جوانییە جوانیی دەرەوە یان جوانیی ناوەوەی ئافرەت بێت. ئەمەش لە

کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە و لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە و لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی دیکە دەگۆڕێت. جەلیزادە لەو شاعیرە ژندۆست و دژە باوانەیە، بە پێچەوانەی هەموو پیاوانی دیکە لە پێناو ژن و بۆ ژن ژیاوە، هەموو تەمەنیشی لەگەڵ ژن و خولیاکانی ژندا بەسەر بردووە، خۆشی و شادی تەنها و تەنها لە جوانیی ئافرتدا بینیوە، تاکە بۆشاییەک لە ژیانی جەلیزادەدا بوونی هەبێت و ئازاربەخش بوو بێت تەنها ئافرەت بووە. هەموو هیوا و ئومێد حەز و مەبەستێکی لە چوارچێوەی خۆشەویستی و جوانی ئافرەتدا هەڵچنیووە. جەلیزادە بە پێچەوانەی ئەو شەپۆڵ و کەلتوور و ئاڕاستانەی دژ بە ماف و خەون و خولیای ئافرەتانن، لە فکری پیاو سالارییەوە سەرچاوەی گرتووە. دەڵێ: ''من تا ئیستاش خوێندکاری قوتابخانەیەکم کە ژن وانەی تێدا دەڵێتەوە. گەر ژندۆست نەبوومایە ڕەنگە لەبری شاعیر بوون ، ڕاوکەرێکی کۆتر و ئاسک کوژ بومایە (جەلیزادە، دیدەنی، 2021/4/1) لە ڕاستیدا جەلیزادە بە فۆڕم و ناوەڕۆکێکی تایبەتەوە، پەیامەکەی دەربارەی خۆشیبەخشی جوانیی ئافرەت ئاڕاستە کردووە، وەک لەم پارچە شیعرەدا دەردەکەوێت کە دەڵێ:

بمدەرێ،

چەپکێ تریفەی مەمکەکانتم بدەرێ،

تا لە شەوی ئەنگوستە چاوا،

بەشوێن گوڵە ونبووەکانی،

بەختەوەریدا، بگەڕێم(جەلیزادە، 2012، ل20)

لێرەدا شاعیر بۆ ئەوەی بگات بە لوتکەی بەختەوەری و رۆحی شاد و ئاسوودە بێت و بیرو هزری ڕۆشن بێت، لە وێنەیەکی شیعری هونەری جوان و ناسک و ناوازەدا، داوا لە خۆشەویستەکەی دەکات، چەپکێ تریفەی مەمکە توند و سپی و ڕەونەقدارەکانی بداتێ، کە وەک ئەڵماس و گەوهەر دەدرەوشینەوە، تا بەم هۆیەوە بتوانێت بە شوێن گوڵە ونبووەکانی بەختەوەریی خۆیدا بگەڕێت و بە باخچەی ئاواتەکانی بگات، کە چەندەها ساڵە بە شوێنیدا وێڵە و لە پێناویدا تێدەکۆشێت.

## 4. 3 ئافرەت وەک سەرچاوەی خێر و چاکە:

ئافرەت ژێدەری ژیانە و پاڵنەری بوون و بەردەوامییە، هاندەری گشت چالاکییەکانی مرۆڤە، جوانیی ئافرەت ئاوێنەی ڕەوا و ڕاستییە، ئەگەرچی بنەمایەکی چەسپاوی هەیە، بەڵام لە هەمان کاتدا بەپێی دیدی کەسەکان و ڕێژەی جوانییەکە، پێوانەی تایبەتی دەبێت. لە دیرۆکی زۆر کۆنەوە ''بیرمەند و فەیلەسوفەکان تێڕوانینی هزریان بۆ جوانی هەیە، پێیان وایە کە بەهاکانی جوانی ڕەهان و ناگۆڕێن، خێر و جوانیش دەستکردی مرۆڤ نین، بەڵکو بەشێکن لە پێکهاتەی بوونەوە'' (فرحان ، 1989، ص49). لەم بارەیەوە ئەفلاتوون دەڵێ: ''دەبێ لە سەرەتای بوونی هەموو جوانییەکەوە جوانی هەوەڵی هەبێ، کە ئەو شتانە جوان دەکا کە پێیان دەڵێن جوان، تەنیا بە ئامادەبوونی ئەو جوانییە هەوەڵییە، بە هەر جۆرێ ئەو شتانە جوان دەبن'' (میراودەلی، 2005، ل14). بێگومان هەریەکە لە جوانی و ڕاستی لە بۆتەیەکدا تواونەتەوە و وەها ئاوێتەی یەکتر بوون، کە هەرگیز توانای لێک جیاکردنەوەیان نییە، بۆیە شاعیری فەرەنسی (ئەلفرێد دی مۆسیە). دەڵێ: ''ڕاستی نییە بێ جوانی بێ، جوانیش نییە بێ ڕاستی بێ'' (هلال، 1981، ص17). بەڵام ئەمە واتای ئەوە نییە کە جوانی لە هەموو شتێکدا هەبێت و لای هەموو کەسێک وەک یەک بێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە جوانیی شتەکان و پێوەری ئەو جوانییە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاوازە و دەگۆڕێت، هەروەک ''دیڤید هیوم، حوکمی ئەوە دەدات، کە جوانی لە چاوی وەرگرەکە، یا بینەرەکە دایە'' (بریسلیر، 2002، ل33). لە نێوان مرۆڤ و جوانیدا هێزێکی موگناتیسی بەهێز هەیە، کە وای لە مرۆڤ کردووە لە سنووری ئەم خولگەیەدا بسووڕێتەوە و نەتوانێ خۆی لێ دەرباز بکات. چونکە ''جوانی ئەو ڕاستییەیە جەخت لەسەر کێشکردنی هونەرمەند بۆ لای خۆی دەکات، لە هەمان کاتدا لە سەرووی خێر و ڕەوادایە، چونکە خێر و ڕەوا هەمیشە جوانە، هونەرمەندی داهێنەر بەدوایدا دەگەڕێ'' (محمود، 1991، ص30). ئەرستۆ دەڵێت : ''دارِشتنەوە لە شیعردا، مرۆڤەکان باشتر یان خراپتر، یان وەکو خۆیان وێنا دەکات، بەو پێیە، شاعیرەکان وەکو تابلۆکێشەکانن، بۆنموونە (پۆلیگنۆتیس) وێنەی کەسەکان چاکتر لە خۆیان وێنا دەکات، (باویسۆن)خراپتر لە خۆیان وێنا دەکات، بەڵام (دیۆنسیۆس)کەسەکان وەکو خۆیان وێنا دەکات'' (مطر ، 2019، ص75). هەروەها '' سۆکرات تا کۆتایی ژیانی ناکۆک بوو لە گەڵ شاعیران و هونەرمەندان، لەبەر ئەوەی کارە هونەرەکانیان لە پێناوی وێناکردن و خستنە ڕووی چاکەی ڕەها و ئەخلاقی بەرزدا نەبووە'' (مطر، 2019، ص33). دیارە دەتوانین بڵێین ئەم بیروبۆچوونانەی سۆکرات و فەیلەسووفەکانی دیکەی دوای ئەو کاریگەرییەکی بەرزیان لە سەر شاعیران و نووسەران و هونەرمەندان دروست کردووە، بەشیوەیەک زۆریک لەمانە بابەتی خێر

و چاکە، کە لە سەرچاوەی ئافرەت و جوانی ئافرەتەوە سەرچاوەی گرتووە، بووە بەهەوێن و کەرستەی چەندین بەرهەم و شاکاری ئەدەبی هونەری لە سەردەمە جیاوازەکاندا، شاعیرانی کورد بە گشتی و قوبادی جەلیزادە بە تایبەتی یەکێکە لەو شاعیرانەی کە هەمیشە جوانیی ئافرەتی بە سەرچاوەی خێرو چاکە داناوە و هەموو شتێکی جوان و خێر و چاکەی لە جوانی ئافرەتدا چڕ کردۆتەوە، ئەم دیاردەیەش بەتەواوەتی لە شیعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە، وەک لەم کۆپلە شیعرەی شاعیردا خۆی دەنوێنێ کەدەڵێ:

دەنگی بەسۆزت نەبوایە، سەرسەری دەبووم.

هەرشەوە لە مەیخانەیەکدا، بەد مەست.

گڵاسم دەگرتە سەری باڕمەنەکان.

هەر شەوە، لە سەر سینگی ژنێکدا، دەڕشامەوە.

هەر شەوە، لە بنکەیەکی پۆلیسدا، ڕۆژم دەکردەوە.

پاکیی تۆ نەبوایە، حاکمێکی بەرتیل خۆر دەبووم.

تەرازووی عەدالەتم دەخستە بن پێم.

گەل و نیشتمانم دەدا بە پوولێک (جەلیزادە، 2019، ل120)

لەم دەقەدا ئافرەت بووە بەچەقی هەموو خێرو چاکەو جوانییەکان، بە شێوەیەک هەموو ڕێگاکانی جوانی خێر و چاکە بۆ بوونی ئافرەت دەگەڕێتەوە، لە دیدی جەلیزادە دا، لە کوێدا ئافرەت هەبێت، ژیان، خۆشەویستی، بەردەوامی، وەفا، پاکی، ڕاستگۆیی، زەوق و سەلیقە، باران، کۆلکە زێڕینە، ئاوەدانی، یەکسانی، دادپەروەری، ئاشتی، تەبایی، ئاسودەیی، هێمنی، ئارامی،ڕێز، خۆشەویستی، پیرۆزی گەل و نیشتمان هەیە، لە هەر جێگایەکیشدا ئافرەت نەبێت خێرو چاکەو جوانی و هەموو ئەو شتانە نییە. وەک لەم هێڵکارییەی خوارەوەدا خراوەتە ڕوو:

**جەلیزادە**

کاتێک چاوی ئافرەتی لێ دیارە و

دەنگی دەبیستێ

(چاکەکار، خێر خواز، جوانبیر، جوانبین،

جوان ڕەفتار، بەرێز ، دڵسۆز، وەفادار،

خۆشەویست، دادخواز، نیشتمان پەروەر )

کاتێک ... ە و

دەنگی نابیستێ

(خراپەکار، شەڕخواز، بیرکۆر، ڕەشبین

بەد ڕەفتار، بێ ڕێز، ناپاک، بێوەفا

قێزەوەن، ناداد، خۆپەرست، نیشتمان فرۆش

## 4.4 ئافرەت وەک سەرچاوەی زیندوویەتی، بەردەوامی و جاویدان:

ئافرەت بنەمای پێکهاتەی کۆمەڵگا و گەشەسەندنیەتی، لە هەمان کاتدا لە گرینگترین ڕەگەزەکانی خێزان و بونیادی خێزانە، چونکە ئافرەت بەدرێژایی مێژوو و سەردەمە جیاوازەکان پێشەنگی قوربانیدان بووە، لە گەڵ ئەوەشدا ڕۆڵیکی سەرەکی و کاریگەری لە بوارە جیاوازەکانی ئابوری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ئایینی و ڕامیاری و جوڵانەوە نیشتمانی و نەتەوەیەکاندا هەبووە. لە سەرووی هەموو ئەمانەوە، لە مەیدانی شیعر و ئەدەبیات و پرسە گرینگەکانی دیکەی وەک خۆشەویستی و ژیانیشدا چ وەک دایک ، کچ، خوشک، هاوسەر و دڵبەر سەرچاوەی زیندوویەتی و بەردەوامی و جاویدانی بووە. هەر ئەمانەش وای لێکردووە ببێتە جیگای بایەخی ئاینە جیاوازەکان لەلایەک و شاعیران و نووسەران و هونەرمەندان و ڕوناکبیران و کۆمەڵناسان لەلایەکی دیکەوە. ئافرەت سەرچاوەیەکی سەرەکی هەست و سۆز و میهرەبانییە، بە هەبوونیشی گشت جوانییەک دێتە کایەوە. ڕۆڵێکی سەرەکیشی لە گەشەپێدان و بەردەوامی کۆمەڵگادا هەیە، پاڵپشتێکی بەهێزی هەموو گۆڕانکارییەک و داهێنانێکی بوارە جۆراو جۆرەکانی ژیانە. ئەمەش هۆکارێکی پڕ بایەخە بۆ گەشەپێدانی توانستی فیکری و جەستەیی. جەلیزادە وەک مێناسێکی شارەزا هاوشانی زیندوویەتی و بەردەوامی جوانی ئافرەت ڕۆیشتووە و بۆ ساتێکیش لە میحرابی جوانی ئافرەتدا دوور نەکەوتۆتەوە، بەڵکو بەهرە و خورپە و سروشی لە جوانی ئافرەتەوە وەرگرتووە و لە بەرامبەریشدا لە بەرهەمەکانیدا نەمری و زیندوویەتی بە بابەتی ئافرەت و جوانیی ئافرەت بەخشیوە. بەم هۆیەشەوە داهێنان و گۆڕانکاری لە شیعرەکانیدا کردووە، ئەمەش نموونەیەکە لەم کۆپلە شیعرانەی جەلیزادە لەم بارەیەوە، کەدەڵێ:


ژنێک؛ پێی حەیفە پیر ببم،

پێی گوناهە، نەخۆش کەوم.

پێی کفرە بمرم (جەلیزادە، 2019، ل124)

لێرەدا ، شاعیر جەخت لەسەر کاڵنەبوونەوەی ئەزەلی خۆشەویستییەکی قوڵ و گەورە و بە هێزو فراوان بۆ ئافرەت دەکاتەوە، شاعیر لە ڕێگای خەیاڵ و ئەندێشەی خودی خۆیەوە، بۆ جیهانی زیندوویەتی و نەمری دەڕوانێ، کە جوانی ئافرەت سەرچاوەکەیەتی، بە شێوەیەک ئافرەتبینی جەلیزادە، لە زۆر کاتدا لە دۆخی ئاسایی دەچێتە دەرەوە و بەرەو جیهانی فەنتازی و ئەفسانەیی شۆڕ دەبێتەوە. چونکە ئەم تەرزە وەسفەی شاعیر بۆ جوانی ئافرەت و

خۆشەویستەکەی ئەوەمان پێدەڵێت: کە لە دیدی جەلیزادەدا جاویدانی مرۆڤ و بە سەوزی مانەوەی جوانی و خۆشەویستی تەنها لە جوانی و خۆشەویستیی ئافرەتدا بەرجەستە دەبێت و دێتەکایەوە. وەک لەم هێلکاریەدا ڕوونکراوەتەوە:



## 5- ئەنجام:

-1_ چێژ و خۆشیی  جوانیی ئافرەت، پانتاییەکی بەرینی لە شیعرەکانی جەلیزادەی داگیر کردووە، شیعرەکانی بە ئافرەت دەست پێدەکات و بە ئافرەتیش کۆتایی دێت. واتە شیعرەکانی شاعیر، سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتاییەکەی بریتییە لە ئافرەت.

2_ جەلیزادە هەموو شتیک و هەموو ڕەگەزەکانی سروشت بە گشتی،  وە ک توخم و ڕەگەزی مێینە دەبینێت، هەر بۆیە  ئافرەت بە سەرچاوەی چێژ و خۆشی و هەموو ئارامییەک دەزانێت.

3_  شیعرەکانی جەلیزادە گوزارشتە لە خولیا و حەز و ئارەزووەکانی بۆ جوانیی ئافرەت، لە هەردوو لایەنی جوانیی ناوەوە و دەرەوەدا، تەنانەت زۆر جار  شێوازی ئەم گوزارشتکردنە لە دۆخیکی ئاسایەوە دەگۆڕێت بۆ شێوازێکی تایبەتی جەلیزادانە، کە خۆی لە دژە باوی و ئازادی ڕەها و ئیرۆتیکیەت دەدۆزێتەوە.

4_ شاعیر لە شیعرەکانیدا دەیەوێ بوون و ماهیەتی جوانی ئافرەت و خواست و ویست و مەبەستەکانی ئافرەت، وەک خۆی و بە شیوەیەکی واقعیانە پیشان بدات، کە بەدرێژای مێژوو کپ و خامۆشکراوە.

5_شاعیر  بەگرینگی و بایەخەوە، دەڕوانێتە لایەنی هزری و  توانا و لیهاتووی ئافرەتی کورد، لە پاڵ جوانی و دلگیریی  بەژن و باڵا و جەستەیدا. جگە لەمەش ئافرەت بە ژێدەری خێر و چاکە و زێندوویەتی و بەردەوامی و جاویدان دەزانێت،

6_ جەلیزادە بەبێ گوێدانە فشاری  ئایینی و کۆمەڵایەتی، بەشێک لە سنوورەکانی هێڵی سوور دەبەزێنێ و  شیعرەکانی ڕووت دەکاتەوە لە  پۆشاکی داب و نەریت و کەلتوور و بوێرانە قسە لەسەر  بابەتە قەدەغەکراوەکان دەکات و  ئەو بەربەستانەش تێکدەشکێنێت، کە ڕێگری لە دەربڕینی بیروبۆچوون و هەستەکانی لەم بارەیەوە دەکات.

**6- لیستی سەرچاوەکان : _بەزمانی کوردی:**

_ئەلمازی، شوکری عەزیز،2010 ، تیۆری ئەدەبی، و. د. سەردار گەردی،چاپخانەی ماردین، هەولێر

_ بریسلێر، چارلس، 2002، ڕەخنەی ئەدەبی و قوتابخانەکانی، و: عبدالخالق یعقوبی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر

_ بەرزنجی، عوسمان عەبدول،2010، جوانی و ڕەنگدانەوەی لەشیعری هاوچەرخی کوردیدا ،گ . زانکۆی سلیمانی ،ژ.27، کانوونی دووەم، بەشی ب

– بارت، ڕۆلان ، 2007، چێژی دەق ،و: ئیسماعیل زارعی، چاپخانەی منارە، هەولێر

_پیربال، فەرهاد، 2006، ریبازە ئە دە بیە کان، چا بخانە ی منارە ، چ 2، هە ولێر

_ تەبەری، ئیحسان، 1991، ئیستاتیک و هونەر، و: هێدی، چاپی یەکەم، ئەڵمان

_جەلیزادە، قوباد، 2007 ، شەهید بەتەنیا پیاسەدەکات ،چ 2، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر

_ جەلیزادە، قوباد، 2012، باخچەکانی مەلەک تاوس، چ1، دەزگای چاپ و بەخشی حەمدی، سلیمانی

_جەلیزادە ، قوباد، 2017، هایکۆکانی قوباد، چ1، چاپخانەی پیرەمێرد، سلیمانی

_ جەلیزادە، قوباد، 2018، کۆڵانە شینەکانی منداڵی، چ، چاپخانەی پیرەمێرد، سلیمانی

_ جەلیزادە، قوباد، 2019، ژنێک لە جنسی باران، چ1، چاپخانەی پیرەمێرد، سلیمانی

_ جەلیزادە، قوباد،2020، تیپی مۆسیقای خەرتەلە، چ1، چاپخانەی بینایی، سلیمانی

_ جەلیزادە، قوباد، 2021، ئەو خودایەی دایکم خۆشی دەویست، چ1، چاپخانەی تاران،

_حەمەساڵح، مقداد،2013، ئیستاتیکا، چ1، چابخانەی گەنج ، سلێمانی

_گەردی ، سەردار ئەحمەد ، 2004، بنیادی وێنەی هونەری لەشعری کوردیدا (1970– 1991 ) چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی

_میراودەلی، کەمال، 2005، فەلسەفەی جوانی و هونەر ئیستاتیکا، چ 2، سلیمانی

_مەتەر، ئەمیرە حیلمی، 2019، ئیستاتیکا– فەلسەفەی جوانی، و: ڕەمەزان حەمەددەمین ،چ1، چاپخانەی چوارچرا

_نامەی ئەکادیمی:

_تەیب، هەڤاڵ سەلیم،2013، چێژی ئەدەبی لە شیعری نوێی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، بەشی کوردی، کۆلیژی ئاداب، زانکۆی دهۆک

_شێخبزێنی، سەعد فاروق یوسف، 2011، بنیاتی هونەری لە شیعرەکانی ئەحمەد موختار جافدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر

0_عەبدولمەجید، ئاڵا دارا،2014، ئافرەت لە دیدی مەلای گەورە، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلیژی پەروەردە، بەشی کوردی، هەولێر

_گۆڤار و رۆژنامە :

_شارەزا، کەریم ،1997، وێنەی شیعری لە هۆنراوەی کوردیدا، گۆڤاری ڕامان، ژ 9

_فەتاح، رزگار عومەر، 2019 ، هەستگۆرکێ لەشیعرەکانی عەبدوڵا پەشێودا، گۆڤاری زانکۆی سەڵاحەدین بۆزانستە مرۆڤایەتییەکان، بەرگی 23، ژ 2

_فەتاح، رزگار عومەر، 2015، چیژی دەق لە شیعرەکانی قوبادی جەلیزادەدا، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، بەرگی 2، ژ 4

_–گەرمیانی، عادل،2010، رۆلان بارت لە نێوان چێژی دەق و خۆشی دەق دا ، گ. هەنار ، ژ 55

_ محەمەد، ئامانج عوسمان، 1998، سایکۆلۆژیەتی دەقی ئەدەبی، گ. ڕامان، ژ 20، شوباتی

_بە زمانی عەرەبی:

_ الياس، خلف، 2006، لذة النص الادبي المصطلح وتاريخ وثقافة، مؤسسة وحدة، دمشق

_بن عربي خليفة،2011، اشكالية الذوق الفنى عند محمود شاكر، ط 1، دار الزمان، دمشق

_ درو، اليزا بيث، 1961، الشعر كيف نفهمه و نتذوقه، ت :الشوش ابراهيم، بيروت

_ ستولينتز، جيروم، 1981، النقد الفني دراسة جمالية وفلسفية، ت:فؤاد زكرياء، ط2، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت

_شرتح، عصام عبدالسلام، 2017، الرؤيا الجمالية في شعر بشرى البستاني، منبر حر للثقافة والفكر

_ فرحان، محمد جلوب ، 1989، دراسات فى فلسفه التربيه، مطبة التعليم العالى، موصل

_محمود، على عبدالرزاق، 1991، النقد الادبى الحديث دار الحكمه للطباعه و النشر، بغداد

_موران، ادغار، 2019، في الجماليات، ت: تبيس ،يوسف، ط1، وزارة الثقافة، القطر

_ هلال الجهاد، 2007، جماليات الشعر العربي، ط1، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت

_به زمانى فارسى:

_ هيوم، ديويد، 1399، جستارهاى زيبايى شناختى، ت: كرمى، محسن،نشر كرگدن، تهران

_ديدەنى :

_ جەليزاده، ديدەنى ، 1_4_2021، كۆيه

**ملخص البحث:**

بحثنا والذى عنوانة (لذة و السعادة الجمالية المراة فى أشعار قباد جليزادة ) فرصه مهمة ومؤثر جدا ، لتعرف بجمال المراة وعرض قيمتة واهميتة ودورها في الشعر . هذا الموضوع لم يكتب عنه الكثير الى وقتنا الحاضر، هذا من جانب، واظهار الجوانب المخفية للذة و السعادة جمال المراة عند هذا الشاعر الكبير من جانب اخر اديا الى اختيار هذا الموضوع، لذلك يركز هذا البحث على اهمية وحيوية لذة والسعادة وتاثيرة فى مجال الشعرمن ناحيه، مقدرة وكفاءة وخبرة وسليقة الشاعر فى هذا الجانب من ناحية اخرى. لانجاز هذا البحث اعتمدنا على المذاهب الوصفية والتحليلية لغرض تجسيد الاهداف الادبية التى تكون اسبابا رئيسية لخدمة الموضوع . اهمية الموضوع هي انة يتناول قضية حساسة وذات شان والتى لم يكتب عنها بالشكل المطلوب والاكاديمى في الشعر الكوردي. لذالك هدفنا في البحث هو اظهار دور واهمية وتاثير لذة والسعادة الجمالية المراة، في الشعر عامة وفى شعر قباد جليزادة خاصة. والبحث متكون من ثلاثة الاقسام ومقدمة . القسم الاول نظرى ومتكون من ثلاثة محاور : الاول عن تعريف لذة والسعادة الجمالية ألمراة، المحور الثانى خصص للذة و والسعادة جمالية المراة ودورها كالمصدر حب و الرومانطيقية تاثيراتها في الشعر وفي محور الثالث تناولنا بعض الجوانب المهمه لجمالية المرأه كالمصدر لذة والراحة النفسية، لكن قسم الثاني متكون من ثلاثة محاور، في الاول تحدثنا عن علاقة السعادة والسرور بالجمال المراة ، وفي محور الثانى نتحدث عن دور المراة كالمصدر الخير والاحسان. وفي محور الثالث اظهرنا قيمة اهمية السعادة في الاستمرارية والخلود و عمقها وتاثيرها في استاتيكية الشعرية . وفي النهاية عرضنا نتائج البحث وقائمة المصادر وخلاصة البحث باللغتين العربية والانجليزية .

كلمات الرئيسية : اللذه و السعادة، الجمال، المرأة، ايستاتيكا، جليزاده

**Abstract:**

This study which is titled “Women Aesthetic As A Source of Appetence and Pleasure in Qubadi Jalizada’s Poems ” is a great effort to get familiar with the women aesthetic in general, and with the appetence, pleasure and women’s esthetics in Jalizad’s poems in particular. It is also an essential method to gain insight into the proficiency, ability, sense, esthetic codes and perspectives of the poet in this respect.

This study consists of two chapters. The first chapter is devoted to the appetence, pleasure and beauty of women in three separate sections. The first section focuses on the definitions of appetence, pleasure and beauty of women; the second section illustrates the role of women as a source of appetence, beauty, love and romantic feelings of women; and the third section demonstrates the status of women as a source of appetence and spiritual tranquility.

The second chapter is devoted to the reflections of women’s pleasure and beauty in Jalizad’s poems. It also consists of three sections. The first section is concerned with the beauty of women as a source of spiritual and mental pleasure and delight; the second section shows the role of women as the source of virtuousness and goodness; and the third section concentrates on the women as the cause of life and continuity.

This study ends with the concluding points, list of used references, and the Arabic and English abstract.

Key words: Appetence, Pleasure, Beauty, Women, Aesthetic, and Jalizada.

# جوانیی ئافرەت و هەستە باڵاکان
# لە شیعرەکانی
# قوبادی جەلیزادەدا

## جوانیی ئافرەت و هەستە باڵاکان لە شیعرەکانی قوبادی جەلیزادەدا

**د.ڕزگار عومەر                    د. یادگار باڵەکی**

پوختەی توێژینەوە: جوانیی ئافرەت و هەستە باڵاکان لە شیعرەکانی قوبادی جەلیزادەدا، توێژینەوەیەکی جوانیناسییە، بۆیە لە چوارچێوەی جوانیی ئافرەت و هەستە باڵاکاندا چڕ دەبێتەوە. ئەمەش هۆکارێکی گرینگ و سەرەکییە بۆ ئەوەی ئاست و پایەکانی جوانیی ئافرەت و کاریگەری هەستە باڵاکان بە گشتی و توانا و زەوق و سەلیقەی شاعیر لەمبارەیەوە بەتایبەتی بخەینە ڕوو. لە ڕاستیدا ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە دەرخستنی ڕۆڵ و گرینگی ڕەنگدانەوەی جوانیناسیی ئافرەت و هەستەباڵاکان بە هەردوو جۆری بینین و بیستنەوە لە شیعری شاعیراندا بە گشتی و لە شیعرەکانی جەلیزادەشدا بەتایبەتی. لەگەڵ دەست نیشانکردنی ئەو تەکنیک و دیاردە هونەریانەی خەسڵەتی زەق و بەرچاوی سیمای جوداکاری و تازەگەرین. توێژینەوەکە بەشێوەیەکی گشتی دوو بەشی سەرەکی لە خۆ گرتووە: بەشی یەکەم تیورییە و دەربارەی جوانیی ئافرەت و کاریگەریی هەستە باڵاکانە،بەڵام بەشی دووەم، تایبەتە بە ڕەنگدانەوەی هەستەباڵاکان و بەها و کاریگەری لە شیعرەکانی جەلیزادەدا. لە کۆتایدا ئەنجامی توێژینەوەکە و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکەمان بەهەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خستۆتەڕوو.

وشە سەرکییەکان: جوانیی ئافرەت، هەستە باڵاکان، جوانی، تازەگەری، جەلیزادە

**پێشه کی:** هەر لە کۆنەوە ئافرەت و جوانی هاوشان و هاوتەریبی یەکترن و بە بەردەوامی لەگەڵ یەکتردا دێن و لەیەکتر جیا نەبنەوە، لە هەمان کاتدا بوونەتە جێگای تێڕامان و سەرنجی شاعیران و نوسەران و هونەرمەندان و سەرچاوە و بەهرەی هەزارەها داستانی عەشق و ئەوین و شاکاری ئەدەبی و هونەری و فیکری. هەر ئەمەش وای کردووە پێگەیەکی گەورە و فراوان و کاریگەری لە شیعری کۆن و نوێ و هاوچەرخدا هەبێت، بەتایبەتی لەشیعرەکانی جەلیزادەدا. جێگای بایەخدان و لالێکردنەوەیەکی بەرینە و پانتاییەکی فراوانی لەم بوارەدا هەیە، جگە لەمەش هەوڵدراوە ئەزموون و تواناو لێهاتویی و ئاستی داهێنان و گۆڕانکاریی شاعیر لەمبارەیەوە بخرێتەڕوو. توێژینەوەکە بەشێوەیەکی گشتی لە دوو بەشی سەرەکی پێکدێت: بەشی یەکەم تیورییە و دەربارەی جوانیی ئافرەت و کاریگەریی هەستە باڵاکانە، کە لە دوو تەوەر پێکهاتووە: تەوەرەی یەکەم: بریتییە لە چەمک و پێناسەی جوانیناسیی ئافرەت و کاریگەریی هەستگۆڕکێ ، لە تەوەرەی دووەمیشدا جەخت لەسەر جوانیناسیی ئافرەت و هەستە باڵاکان لە شیعرەکانی جەلیزادە دا دەکەینەوە. بەڵام بەشی دووەم، تایبەتە بە ڕەنگدانەوەی هەستەباڵاکان و بەها و کاریگەری لە شیعرەکانی جەلیزادەدا. کە لە دوو تەوەر پێکهاتووە. لە تەوەرەی یەکەمدا ئاستی بەرزی و کاریگەری هەستگۆرکێی(بینین لەگەڵ هەستەکانی دیکە)مان لە شیعرەکانی جەلیزادەدا دەرخستووە. لەتەوەرەی دووەمدا، بایەخ و پێگەی هەستگۆڕکێی (بیستن لەگەل هەستەکانی دیکە)مان لەلای جەلیزادە پێشانداوە.

## 1_ جوانیی ئافرەت و کاریگەری هەستەکان له شیعرەکانی قوبادی جەلیزادەدا:

### 1_1 چەمک و پێناسەی هەستگۆڕکێ:

هەستگۆڕکێ یەکێکە لەو سەرچاوە گرینگ و سەرەکییانەی کە جوانیناسیی شیعری لە سەر بونیاد نراوە، بەتایبەتی ئەو هەستانەی لە بازنەی جوانی ئافرەتدا دەخولێنەوە. هەر بۆیە شاعیران بەمەبەستی بەخشینی گیانی ئیستاتیکا بە شیعرەکانیان پەنایان بۆ بەکارهێنانی هەستگۆرکێ بردووە. بۆیە دەتوانین بڵێین"زۆربەی زانایانی جوانیناسی لە سەر ئەوە کۆکن، کە ئەزموونی جوانی، ئەزموونێکی خودییە. هیچ گومانی تێدانییە، لێرەدا بابەتی دەرەکی ئامادەییەکی مادی هەستیاری هەیە، بەڵام هەستەکانی جوانی ئەزموونێکی خودییە، تابلۆی هونەری، پەیکەر، دیمەنێکی سروشتی، ئاوازی میوزیک، بەستەیەکی شیعری، بابەتی مادیی هەستییە، بوونێکی فیزیکی هەیە، بەڵام جوانی بریتییە لە ڕەنگدانەوەی هەستەکان و ئەزموونی خودی" (حلبي، 2020، ص164). لە پاڵ ئەمەدا هونەری هەستگۆرکێ پشت بە جۆرەکانی پەیوەندی نێوان هەستەکان دەبەستێ و لە ئەنجامی جێگۆرکێی هەستەکان دێتەکایەوە. "دیارە هەر لە کۆنەوە هەستگۆڕکێ گەلێک ناوی تایبەتی و زاراوەی جیاوازی بۆ بەکارهێنراوە. وەک دەزانین لە ئەدەبیاتی کوردیدا زاراوەی هەستگۆرکێ بەکارهاتووە و لە ئەدەبیاتی عەربیشدا زاراوەی ( تراسل الحواس) بەکار دێت . لە ئەدەبیاتی فارسیشدا بە زاراوەی(حس امیزی ) ناودەبرێت، لە ئەدەبیاتی رۆژئاواییدا(Synesthesia _ سینزتیژا)ی پێدەوترێت. ئەو وشەیە لە زمانی یۆنانیدا بە واتای پەیوەندی نێوان هەستە تێکەڵاوەکان دێ" (کریمی، 1387 ،ل138). بەڵام لە ڕووی شوناسەوە "هەستگۆڕکێ بریتییە لە بەکارهێنانی میتافۆری هەستەکان ، یاخود ئەو دەستەواژە و دەربڕینانەی پەیوەندییان بەهەستەکانەوە هەیە، لە لایەن نوسەرەوە" ,O'Malley (G. 1957, p391). یان دەتوانین بڵێین: "هەستگۆڕکێ هۆکارێکە بۆ بەیەک بەستنەوەی هونەرەکان لە ڕێگای یەکەی دەروونی هەستەکانەوە، کەئەمەش بۆ گواستنەوەی خاسیەتەکانی هەستێک بۆ هەستێکی دیکە دەگەڕێتەوە. وەک گۆڕینی دەقێک بۆ تۆنێک یان تۆنێک بۆ ڕەنگێک یان بۆنێک یان تامێک. چونکە سروشتی هەریەکە لە هونەرەکانی وەک شیعر، وێنەکێشان، مۆسیقا، پەیکەرتاشی، هەڵپەرکێ هتد... ئەمانە هەموویان بە شێوازێک لە شێوازەکان جێگای بایەخی (Marks, 1984, p427).

هەرچۆنێک بێت "هەستەکان ناتوانن درک بە هەموو ئەو ڕاستییانە بکەن، کە لە جیهاندا بوونیان هەیەو چواردەورەی ئێمەیان تەنیوە. چونکە توانای مرۆڤ بۆ درک پێکردنی شتەکان بە گەلێک هۆکارەوە وابەستەیە. هەر ئەمەش وایکردووە کەلێنێک لەمبارەیەوە دروست بێت"

(مصلوح،1980، ص282). بۆیە '' دەتوانین تەکنیکی هەستگۆڕکێ لە سێ ئاراستەدا چڕ بکەینەوە، وەک: تەکنیکی هونەری، تەکنیکی دەروونی، تەکنیکی بینراو'' (عبدالله،2010، ل 201). کە ئەمانەش لە دەرئەنجامدا ڕۆڵییان لە بەرجەستەکردنی جوانیناسیی دەقدا هەیە، بەڵام ''بەلای جاحزەوە جوانی ئەوەیە کە بەهۆی عەقڵەوە یان هەستەکانەوە درکی پێدەکەین، لەبەرئەوە بۆ ئەم کارەش دوو حوکمی داناوە: یەکەمیان حوکمی دیار و دەرەوەیە بۆهەستەکان. دووەمیان حوکمی ناوەوە و ناخە بۆعەقڵ، عەقلیش بەڵگەیە و هەستی ڕاستەقینەیە'' (بنت عبدالعزیز،2002 ، ص18). لەمبارەیەوە، ''شاعیر ئەزموونی شیعری لە هەستە ڕاستەوخۆکانەوە دەست پێدەکات، کە لە ڕەگەزەکانی کەتواری بەرجەستەوە وەریدەگریت، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا بەم وەرگرتنە سەرەتاییە ناوەستێت، بەڵکو لە هەمان کاتدا ئەمانە بۆ  توانا و عەمبارکراوی دەروونی و ڕۆشنبیری و شارستانی و کەلتوری و تێدەپەڕێنێت'' (العیاضي،2013، ص14). یەکێک لە هۆکارە بنەڕەتیەکانی هەستگۆڕکێ  وەرگرتنی هەستێکی دیکەیە، کە جگە لەو وێنە شیعرییانەی کە وابەستەیە بە هەستی بینینەوە و پانتایەکی فراوانی لە زمان و وێژەی هونەریدا هەیە، لە بواری شێواز و قەبارە و خاسیەتەکانی و تاریکی و ڕووناکیدا، بەڵام هەستەکانی دیکە وەک هەستی بۆنکردن، ئاخافتن و وێژەکانی سنووردارن. وەک بۆنی  توند و گونجاو  و خۆش و ناخۆش. یان دەستەواژەکانی هەستی بەرکەوتنیش وەک نەرم و نیان و شل و ڕەق و لووس و زبر و سارد و گەرم،  زۆر فراوان نین وەک سنوری هەستی بینین. هەروەها  دەنگ و هەستی بیستنیش، وەک سیفەتەکانی تیژ و گڕ و زل و کەم و هێواش و ترسناک و کز. دەتوانین بڵێین چالاکترین  هەستەکانی مرۆڤ هەستی بینینە کە ئەوپەڕی پشکی لە چالاکی ئاگایی  هەستیدا هەیە'' (کدکنی ، 1358،  ص274). بێگومان '' تواناو ئەزموون و ئاستی ڕۆشنبیریی شاعیر ڕۆڵێکی گرینگ و سەرەکی دەبینیت لە هینانەکایەوە و داهێنانی ڕەمزی خودیداو زیندوو هێشتنەوە و بەردەوامیدان بەم ڕەمزە، چونکە ڕەمز بە دوو شتی سەرکییەوە پەیوەستە، ئەویش هەستی تایبەتی و شێوازی تایبەتییە. ئەوە ئەزموونی شیعرییە کە خوازیاری بەکارهینانی ڕەمزە، ئینجا کۆن بێت یان تازە، بۆ خاڵیکردنەوەی ئەو هەست و بیرەی هەڵیگرتووە، بەڵام لەشێوازی تایبەتیدا شاعیر ڕەمزێکی دیاریکراو هەڵدەبژێرێ، بۆ گوزارشتکردنی واتایەک بە واتایەکی دیکە، کە ئەو ڕەمزە لەگەڵ شێوازەکەی بگونجێ'' (مصطفی،2003 ، ص 178). دەتوانین بڵێین ''شاعیری فەرەنسی بۆدلێر یەکەم کەس بووە، بەشێوەیەکی تیۆری باسی هەستگۆرکێی کردووە و لەشیعرەکانیدا بە کاری هیناوە. لە ڕوانگەی خۆیەوە دەڵێ: جێگای سەرسوڕمانە کە دەنگ ناتوانێ بەڕەنگ خۆی بنوێنێ، ڕەنگەکانیش  ناتوانن  بیرێک لە بارەی ئاوازەوە بەدەستەوە بدەن،


هەروەها دەنگ و ڕەنگیش بەکارنایەن لە گوزارشتکردنی بیردا '' (زهر ، 2005 ، ص194). لە ڕاستیدا دیارترین هۆکارە سەرەکییەکانی بەکارهێنانی هەستگۆرکێ ئەمانەن :-

1_هۆکار و مەبەستی ئیستاتیکی: دیارە '' ئاساییە کە شیعر بەرهەم و دەرئەنجامی هەبوونی شاعیرە، کە ئەو بەرهەم و دەرئەنجامانەش تەنها لە تاکە هەستێکەوە بەهرەمەند نەبووە. بەڵکو شاعیر بۆ گوزارشت کردن و گەیاندنی پەیامەکەی بەخوێنەران، دەبێت لە ئاوێتەکردن و هەمەڕەنگ کردنی دەربڕینەکانیدا هەموو هەستەکان بەکار بهێنێت، تا ئەفراندن بکات.

2_هۆکاری دەروونی: یەکێکە لەو هۆکارە گرینگ و کاریگەرانەی کە ڕۆڵێکی زۆر سەرەکی لە سەرهەڵدان و هاتنەکایەوەی هەموو بەرهەمێکی ئەدەبی و شیعریدا هەیە، چونکە ڕەهەندی دەروونی تاڕادەیەکی زۆر، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بڕیار لەسەر ئاست و شێوە و جۆری بەرهەمەکە دەدات و ڕەنگدانەوەیەکی فراوانی لەسەر ڕوخسار و ناوەرۆکی دەقەکە دەبێت.

3_هۆکاری خودی و بابەتی: کە ئەمانەش هەردووکیان بەش بە حاڵی خۆیان هۆکاری بەهێزن لە سەرهەڵدان و هاتنەکایەوەی هونەرەکانی هەستگۆرکێ لە تێکستی ئەدەبیدا .

4_هۆکاری لاسایی کردنەوە: وەک لاسایی کردنەوەی شاعیران و نووسەرانی پێشتر ''(فەتاح، 2019 ، ل 160).هەر لە مبارەیەوە'' (ئەدگار ئالێن پۆ) لە شرۆڤەی شیعردا دەڵێت: شاعیر بەچاکە و خراپە یان دزێوی کاری نییە، تەنیا جوانییە مێشکی دەتەنێ. ئەرکی شاعیر گەیشتنە بە جوانییەکی بەربلاو، کە جوانیی دونیا شەبەقێک لەوە'' (قارەمانی، ئەحمەدی،1396 هـ ، ل 169). بەشێوەیەک شاعیر توانیویەتی بەهۆی ئەزموون و زەوق و سەلیقە و توناناو لیهاتوویی خۆیەوە لە بواری هەستگۆرکێی شیعریدا، بە سوود وەرگرتن لە هەستە باڵاکان و نزمەکانیشەوە، جوانترین و بەرزترین داهێنان و تازەگەریی ئیستاتیکی بە شیعرەکانی ببەخشێت. وەک لەم هێڵکارییەدا خراوەتە ڕوو:


هەستەکانی مرۆڤ
هەستە نزمەکان
هەستە بەرزەکان
هەستی بەرکەوتن
هەستی چەشتن
هەستی بۆنکردن
هەستی بیستن
هەستی بینین

**2_ جوانیی ئافرەت و هەستە باڵاکان لە شیعرەکانی شاعیردا:**

هەستەکانی مرۆڤ بەگشتی و هەستە باڵاکان بە تایبەتی پێگەیەکی گەورە و فراوانی لە دیاریکردنی جوانیی ئافرەتدا هەیە، هەستەکانی بینین و بیستن لەو هەستانەن دەچنە چوارچێوەی هەستە باڵاکانەوە. لە کۆ هەستەکانی مرۆڤدا، هەستی بینین بە پلەی یەکەم و هەستی بیستنیش بە پلەی دووەم دێت، هەرچی هەستەکانی دیکەی وەک بۆنکردن و چەشتن و تامکردنە دەچنە چوارچێوەی هەستە نزمەکانەوە. سنوور و کاریگەریەکەی کەمتر و بێهێزترە. جگە لەمانەش مرۆڤ خاوەنی کۆمەڵێک هەستەوەری ترە کە تا ڕادەیەکی زۆر پەیوەندیی بە باری دەروونی وهۆشەکی مرۆڤەوە هەیە. وەک هەستکردن بە خۆشی و ناخۆشی و ئومێد و نائومیدی و گەشبینی و ڕەشبینی، هتد. بەڵام ئەوەی لێرەدا دەمانەویت جەختی لەسەر بکەینەوە ئەوەیە، کە هەستە باڵاکان هۆکارێکی زۆر سەرەکی و گرینگن بۆ خستنەڕوو و پێشاندان و دیاریکردنی ئاستەکانی جوانی بە گشتی و ئاستی جوانیی ئافرەت بەتایبەتی، چونکە مرۆڤ بەبێ هەبوونی ئەو هەستانە یان لاوازی و کزی هەستەکانی، هەرگیز ناتوانیت بە جوانی و بە باشی ڕووی جوانی شتەکان ببینێت و چێژ و خۆشییان لێ وەربگرێت. لە سەرووی هەموویانەوە هەستە باڵاکان ڕۆڵێکی دیار و زەق و بەرچاویان لەمبارەیەوە هەیە. هەرچەند بەکارهێنان و کۆکردنەوەی هەموو هەستەکان لە کەسیکدا بۆ بینینی جوانی شتەکان کاریگەری زیاترە. بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت، مرۆڤ بە لە دەستدانی یەکێک لە هەستەکانی یان بەشێک لە هەستەکانی ناتوانێت چێژ و خۆشی لە جوانیی شتەکان یان جوانیی ئافرەت ببینێت، چونکە مرۆڤ بە شیوەیەکی گشتی، بە لە دەستدانی یان کزبوونی هەستێکی یان چەند هەستێکی، دەبێتە هۆی بەهێز بوونی هەستەکانی دیکەی. ڕەنگە چاکترین بەڵگەش بۆ ئەمە مرۆڤی نابینا بێت، کە بە لە دەستدانی هەستی بینینی، یان بینایی چاوی، هەستەکانی دیکەی بەهێز دەبن و وەک جێگرەوەیەک بۆ هەستی بینین ڕۆڵی خۆیان دەگێڕن و تا ڕادەیەکی باش دەتوانن بە ئەرکی بینین هەستن، بە شێوەیەک بە چاوی دڵ و ڕۆح و ئاوەز دەتوانن شتەکان وێنا بکەن. بێگومان ئەمەش پەیوەندی بە لایەنی رۆحی و دەروونی و هۆشەکی و هزرییەوە هەیە. هەر بۆیە دەبینین ''دیکارت کە لە دیارترین فەیلەسووفەکانی سەردەمی نوێیە، جەخت لەسەر پرەنسیبی ڕێژەیی لە جوانیدا دەکاتەوە. پرنسیبێک دادەنێت، لە پەیوەندی نێوان هەست و ئەقڵدا کە هەردووکیان بەشدارن لە هەستکردن بە چێژی جوانی. هەروەها دەڵێ: ئەم دووهێزەی عەقڵ و هەست بەشدارن لە هەڵسەنگاندنی جوانی و چێژی هونەریدا، ئیبن سینا باوەڕی وایە دوو جۆر جوانی هەیە: جوانییەکی زەمینی و دونیایی، کە جوانییەکی کەمە. جوانییەکی خودایی کە جوانییەکی گەورە و فراوانە'' (حەمەساڵح ،2013 ، ل64). هەر لەمبارەیەوە ''بۆمگارتن دەڵێ: هەموو شتێکی جوان

نابێتە ئارامگیری دەروون، دەقە جوانەکان بە پێوەری هەستە باڵاکاندا سنوورێک لە نێوان پرۆسەکانی پەرچەکرداری هزر دادەنێت. کە لە مێشک ڕوودەدات بۆ لێک جیاکردنەوەو هەڵسەنگاندنی کاری دەقە هونەرییەکان، ئیستاتیکایی دەق و لێکترازانی هزری ئەبستمۆلۆژیا، لە گەل هزری وەهم ڕادەگەیەنێت. بەپێی ئاستی تێفکرینی بنیامین بلوم، کە کاری باڵا بۆ کردارە هزرییە مەعریفییەکان لە بەرزترین پلەی کارکردنیدا سنوری ئیستاتیکا دیاری دەکات. بەهۆی چێژ وەرگرتنەوە، لە کارە هونەرییەکانی دەستکرد و سروشتی، ئیستاتیکا وەک چەمکێکی فەلسەفی، هەوڵی پتەوکردنی پەیوەندی نێوان مرۆڤ و سروشت دەدات، واتە گەڕانەوەی دیالێکتیکیانەی بۆ کردارە خودی و بابەتییەکانی مرۆڤ'' (حەمەد،2004، ل45). هەروەها ''هربرت رید پێناسەی جوانی دەکات بە پشت بەستن لەسەر بنەڕەتی هەستی، کەدەڵێ: یەک خستنی پەیوەندییە لە نێوان شتەکان و دەرک کردنیان لەڕێگەی هەستەکانمانەوە، لەو باوەڕە دایە کە هەستکردن بەجوانی لە کاتێکەوە بۆ کاتیکی تر دەگۆڕێت، ئەکرێت شتێک لە کاتیکدا جوان بێت و لەکاتییێکی تردا ناشیرین،، (حەمەسالح، 2013 ، ل76). هەر ئەمەشە دەبێتە هۆی جیاوازیی ئاستی جوانیی شتەکان لەلای کەسی سەرنج لێدەرەوە. هەرچۆنێک بێت هەستەکانی مرۆڤ بە هەردوو بەشی هەستە باڵاکان و نزمەکانیشەوە، یارمەتیدەرێکی سەرەکین بۆ هینانەکایەوەی هەستگۆڕکێ و دیاریکردنی ئاستی جوانیناسی لە لای مرۆڤ، بەتایبەتی جوانیی ئافرەت. بۆیە دەتوانین بڵێین: ''ڕۆڵی هەستگۆڕکێ لە بواری ئەدەب و شیعردا زۆر گەورە و کاریگەرە، هانی ئەندێشە و خەیاڵ دەدات و هێزو وزەی شیعری بە ئەدەب دەبەخشێت، بۆیە بە بەکارهێنانی هەستگۆڕکێ لە بواری ئەدەبیدا ئاسۆیەکی فراوان لە بەردەم خەیاڵ و تێڕوانینی شاعیران و نوسەران دروست دەبێت، ڕادەیەکی بەرز لە سەرسامی دێنێتەکایەوە، کە کرۆکی کرداری داهێنانە و بەشێکە لە جوانی گەشاوە لە ئەدەبدا'' (عبدالله،2010، ل249). هەر لەم چوارچێوەیەدا و بە هۆی هەستەکانەوە. ئیستاتیکیەتی شیعری دێتەکایەوە. لە پاڵ ئەمەشدا '' ئەدەبی داهێنەر هەوڵدەدات بۆ سەلماندنی ڕۆڵی ئەرێنی خۆی و کاریگەری لە ژیاندا، شتە شاراوەکانی دەروونی مرۆڤ و نهێنییە دوور و ئاڵۆزەکان بخاتەڕوو'' (غزوان، عناد، 1994: ص108) کە لە ڕاستیدا بەرجەستەکردنی جوانیناسیی ئافرەتیش زیاتر بە هۆی هەستە باڵاکانی مرۆڤەوە دیتەکایەوە، کە لە هەستەکانی بینین و بیستندا چڕ دەبێتەوە. وێڕای کاریگەریی هەستە نزمەکانیش.


## 2_ ڕەنگدانەوەی هەستە باڵاکان لە شیعرەکانی شاعیردا:

### 2_1 جوانیی ئافرەت و هەستگۆرکێی بینین لەگەڵ هەستەکانی دیکەدا:

ئافرەت وەک ژێدەریکی جوانیبەخش کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی لەسەر هەستەوەرەکانی مرۆڤدا هەیە. بەتایبەتی هەستی بینین، یەکێکە لەو هەستە هەرە بەهێز و بەهادارانەی کە پانتاییەکی لە ڕادە بەدەری لە بەرجەستەکردنی جوانیی ئافرەتدا هەیە. بەڕادەیەکی کەمتر لە هەستەکانی دیکەدا بەدی دەکرێت. چونکە ''هەستکردن یان درککردن کردارێکی زانستییە کە بەم هۆیەوە کەسەکە دەتوانێت لە ژینگە و دەوروبەری خۆی تێبگات و خۆی لەگەڵ بگونجێنی، لە ماوەی ئەو چەشن و شێوازە شیاوەی کە لەژێر ڕۆشنایی واتا و لێکدانەوەی شتەکان دێتە کایەوە، ئەوەش بەقەد کرداری کۆکردنەوەی لاسایی هەستە جیاوازەکانە لە جیهانی دەرەوەدا و شرۆڤەکردن و ڕێکخستنی لە نواندنەکانی ژیرییەکی دیاریکراودا. بۆ پێکهێنانی ئەزموونەکان و کۆکردنەوە و زەخیرە کردنی لە یادەوەرییەکاندا، کە بەم هۆیەوە ببێتە نموونەی خاڵی سەرچاوە و ڕێبەر بۆ ئەو شێواز و چالاکیانەی کە پەنای بۆ دەبردرێت، لەماوەی کرداری کارلێکردن و گونجاندن لە گەڵ سنوورو دەوروبەری خۆیدا '' (یاسین،2014 ، ل16). وە لە سەرووی هەموویانەوە هەستی بینین ڕۆڵیکی سەرەکی لە دیاریکردنی ئاستی جوانیی ئافرەتدا هەیە، چونکە مرۆڤ بە پلەی یەکەم بەهۆی چاوەوە دەتوانێ جوانی شتەکان، بەتایبەتیش جوانی دەرەوەی شتەکان ببینێت، بۆیە لەمبارەیەوە زۆر سەختە هیچ هەستێکی دیکە بتوانێت بە تەواوەتی جێگای هەستی بینین بگرێتەوە. جگە لەمەش بینینی جوانی شتەکان، یان جوانی ئافرەت کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆش دەکاتە سەر بیر و هزر و خەیاڵ و ئەندیشەی مرۆڤ، بۆیە دەتوانین بڵێین:'' ئەگەر جوانی بابەتی خەیاڵ و ئەندێشە بوو بێت، بێگومان دەبێت لایەنی هەستە درک پێکراوەکە بەشێوەیەکی گشتی کاریگەری بکاتە سەر بینەر و گوێگر و چێژوەرگر'' (بن عربي، 2009 ، ص103). بێگومان ئەمەش ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت کە ''پێگەی هەستی بینین لە ژیانی مرۆڤدا، کاریگەرییەکی مەزن و فراوانی هەیە، هەستەکان سەرچاوەی سەرەکی کۆکردنەوەی زانیارییەکانن، بەواتای وشە بایەخێکی بەهێزی لەژیانی ڕۆژانەماندا هەیە، ئەمەش وای لە مرۆڤ کردووە، هەست بەشتەکانی دەوروبەری خۆی بکات و لەگەڵیدا بژی و خۆی لەگەڵ بگونجێنێت، لە هەمان کاتیشدا مەرجێکی سەرەکی و یەکەمە بۆ کرداری فێربوون، زۆربەی ئەو زانیاریانەی لە جیهانی دەرەوەدا بە دەستی دەهێنین، لە ڕێگای هەستی بینینەوەیە. ڕێژەی ئەو زانیارییانەی بەم هۆیەوە لە لایەن تاکەوە بەدەست دێت لە کۆی سەرجەمی زانیارییەکانیدا دەگاتە لە سەدا (70 _ 90 ) ئەمەش ئەو ڕاستیەمان بۆ دەردەخات. کە هەستی بینین گرینگترین هەستە بە بەراورد لەگەڵ هەستەکانی تردا. چونکە لێکۆڵینەوە زانستیەکان سەلماندوویانە کە مرۆڤ

هەمیشە یان زۆربەی جار بڕوا بەوشتە دەکات کە دەیبینێت'' (یاسین،2014 ، ل 16). دیارە وەک دەزانین '' ڕەنگەکان لە جوانترین ئەوشتانەن، کە ژیانی مرۆڤی بە پیت و بەرەکەت کردووە و کاریگەری خستۆتەسەری. جوانی بێ هاوتاو سەرسوڕهێنەر و گەورە و بەهاداری لەسەردا زێدە کردووە، بەشێوەیەک نە دیاری دەکرێ و نەدەخرێتە چوارچێوەی وەسف و خەیاڵەوە'' (قاسمی ، ممتحن، 1390، ص84). لەڕاستیدا'' حەزو ئارەزووی مرۆڤ بۆ ڕەنگەکان لە خودی خۆیدا و پەسندکردنی بەسەر کەسانی دیکەدا، بە کۆمەڵیک خەسڵەت و تایبەتمەندی خودی و تاکییەوە بەستراوە، کە گرینگترینیان جیاوازیی سروشت و حەزو ئارەزوو و خێرایی کاریگەری و لەسەرەخۆیی و ئاست و پلەی هەژێن و هەڵچوون و ئاگایی و هەستەکانە. جۆری ڕەنگەکانیش گوزارشت لە کەسەکە و توانای کەسەکە لەسەر سەرنج ڕاکێشان و کاریگەرەکەی دەکات''(مصطفی،2009، ل20). بۆیە دەبینین'' هەموو مرۆڤێک هەندێک لە ڕەنگەکان زیاتر پەسند دەکات وخۆشی دەوێت، هەندێکیشیانی خۆش ناوێت و ڕەتیدەکاتەوە.هەڵبژاردنی ڕەنگەکان و پەسند کرن و ڕەتکردنەوەیان بۆ کۆمەڵێک هۆکاری جۆراوجۆری فیزیۆلۆجی و دەروونی و کۆمەڵایەتی و ئایینی و ڕەمزی و حەز و ئارەزوو و زەوق و سەلیقە دەگەڕێتەوە، بۆهەر یەک لە ڕەنگەکانیش واتایەکی هەیە، کە لەدەرئەنجامی کاریگەری دەروونی و فیزیۆلۆجی لەسەر مرۆڤ هاتۆتەکایەوە'' )قاسمی ، ممتحن، 1390 ، ص84). بێگومان هەموو ئەمانەش ڕەنگدانەوەیەکی فراوان لەسەر هەستەکان دروست دەکەن و لە دەرئەنجامیشدا دەبێتە هۆی هێنانەکایەوەی هەستگۆرکێ. لە پاڵ ئەمەشدا '' گرینگی وێنەی هەستگۆڕکێ، زیاتر ئاشکراکردن و زەقکردنەوەیەتی لە چوارچێوەی گشتی شیعرداو لە ماوەی لێکەوتەکانی واتادا، لە کەتواری دەروونێکی زیندوودا. کە دەبێتە سەرچاوەی سەرهەڵدانی وێنەی تر لە دڵی کەسانی دیکەدا'' (المحادین،1986، ص157). جگە لەمەش ''هەستگۆرکێیەکی نهێنی لە نێوان جیهانی مادی و مەعنەوییەکە هەیە، هەروەها گونجاندنی نێوانیان، ئەوانەی هستگۆرکێی بینراون یان نەبینراون دەکەوێتە ئەستۆی شاعیر، کە بتوانێت بەهای هەستگۆرکێیەکان لە نێو دیاردەکانی جیهانی مادیدا لە دوای هەموو شتە ڕۆحییەکاندا بدۆزێتەوە. وەک ئاشکرایە گەشەکردن و پێشکەوتنی تیۆری هەستگۆرکێ لەسەر دەستی ڕەمزیەکان بوو، کە هەستان بە کرداری ئاوێتەکردن لەنێوان زیاتر لە دوو هەستدا، لە بەرهەمە ئەدەبیەکانیاندا. شایانی باسە هەستگۆڕکێ لە قوتابخانە ئەدەبیەکانی دیکەدا، بۆ نموونە قوتابخانەی ڕۆمانسیزم بوونی هەبوو. بەڵام پەرەسەندن و پێشکەوتنی لەسەر دەستی ڕەمزیەکان هاتەکایەوە'' (عرفت پور، سلیمانی، 2014 ،ل66).هەرچۆنێک بێت دیاردەکانی سروشت بە هەموو جۆر و ڕەگەزەکانییەوە، بەر هەستەکانی مرۆڤ دەکەون، هەربۆیە ''وێنەی هەستی، ئەودیاردانەی کە مرۆڤ لە سروشت هەستیان پێدەکات، بەشێوەیەکی هونەری دەیانخاتە

ڕوو، هەستی بینراویش بەهۆی وشەوە دەگوازرێتەوە و بەپێنج هەستەکە درکی پێدەکەین، دیارە ئەو گویزانەوەیەش بەشێوەیەکی فۆتۆگرافی نییە، بەڵکو شاعیر گۆڕانکاری تێدا ئەنجام دەدات و وێنەی شیعری خۆی لێ دروست دەکات. (ڕیتشاردز) دەڵێ: قەسیدە بەوێنەی شیعری دەست پێدەکات، پاشان وێنە دوای وێنە دێ لە بەردەوامیدا، لە دەروونی خوێنەردا، شەپۆلێکی هەستی چێ دەکات. هەستە گشتییەکانیش بۆ خوێنەر دەگوازرێتەوە، شاعیر پرۆسەی داهێنانی خۆی لا دەست پێدەکات‘‘ (مەعروف، 2003، ل123). وێڕای ئەمانەش’’لادان لە کەتواریەت بنەمایەکی بەهێزە، بۆ ئەوەی شاعیر لە دەریایی خەون و ئەندێشەدا نقوم بکات و لەگەڵ جیهانی بینین و هەستەکانی دیکەدا دەست لە ملانێ بکات‘‘ (عکام،1985 ، ص156) قوبادی جەلیزادە یەکێکە لەو شاعیرانەی  کە لە بواری هەستگۆڕکێی شیعری و جوانیی ئافرەتدا ڕۆڵێکی مەزن و بەرچاوی هەیە و مامەڵەیەکی نایابی لە گەڵ بابەتەکانی جوانی هەست و ئافرەتدا کردووە و سودی لە هەموو هەستەکان بینیوە، گۆڕانکاری و تازەگەری  لەمبارەیەوە کردووە. بە پلەی یەکەمیش بە هۆی هەستی  بینینەوە توانیویەتی وێنەی جوان و سەرنجڕاکێش دروست بکات، ببێتە مایەیی بەرجەستەکردنی  جوانکاری  شیعری وەک لەم هێڵکاریەدا خراوەتە ڕوو.




**أ_ هەستگۆڕکێی بینین لەگەڵ  هەستی بیستندا:**

 هەستی بینین یەکێکە لە گەورەترین   و بەهێزترین و کاریگەرترین   ئەو هەستانەی کە ڕەنگدانەوەیەکی سەرەکی و قووڵ و فراوانی لە داهێنانی کاری شیعری و ئەدەبی و هونەریدا هەیەو شاعیران و نوسەران و هونەرمەندان لە هێنانەکایەوەی بەرهەمەکانیاندا  سوود و بەهرەی لێ وەردەگرن و پەنای بۆدەبەن. هەر بۆیە ئەم هەستە لە سیاقی هونەرەکانی هەستگۆڕکێدا بەگشتی و لەگەڵ  هەستی بیستندا بەتایبەتی، لە چوارچێوەی هەستی جوانیناسیی ئافرەت لە

شیعرەکانی جەلیزادەدا، لە ئاستێکی بەرز دایە، مرۆڤ، وەک لەم کۆپلە شیعرانەدا دەردەکەوێت و دەڵێت:

خرمە خرمی تەرزەیە،

ڕادەکەمە بن کەپری شیعرێک،

دەشێ ژنێک، ملوانکە مرواریەکانی وروژانی،

لێ پسابێت (جەلیزادە،2019، ل268).

شاعیر لە دێڕە شیعری (ڕادەکەمە بن کەپری شیعرێک) وەستایانە و هونەریانە، جێگا و ئەرکی بینین و بیستنی (کەپر و شیعر)ی گۆڕیوەو بە هۆی جێگۆڕکێی هەستەکانی بینین و بیستنەوە لە سیاقی هەستگۆڕکێدا، بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە گوزارشتی لە هەست و نەستی خۆی کردووەو جوانترین وێنەی شیعری پێشانداوە.

سەرما زمانی بەست،

بەهەتاوی یادەوەری (جەلیزادە، 2017 ، ل 95)

شاعیر لێرەدا بەهۆی هەستەکانی بینین و بیستنەوە لە دەستەواژەی (هەتاو و یادەوەری )دا، توانیویەتی وێنەیەکی جوان و کاریگەر بەرهەمبهێنیت، کە پڕە لە داهێنان و جوانکاری شیعری.

هەڵدەکۆڵم ناوت، لەسەر سمتی با،

مەمکی ئاو، ناولەپی بەفر و

پشتەدەستی باران (جەلیزادە، 2021، ل165)

جەلیزادە لێرەدا وێڕای ئەوەی کۆمەڵێک وێنەی جوان و سەرنجڕاکیش و ڕۆمانسی و ئیرۆتیکیمان پێشان دەدات، لە هەمان کاتدا بەهۆی وشەکانی (سمت و با) کە دەکەونە بەرهەستەکانی بینین و بیستنەوە، لە دێڕە شیعری (لەسەر سمتی با)دا وێنەیەیەکی هونەری هەستگۆڕکێی بونیاد ناوە، بەمەش ئاستی ئیستاتیکیەتی شیعری و داهێنان و تازەگەری و گۆڕانکاری لەشیعرەکانیدا بەرز کردۆتەوە.

**ب_هەستگۆڕکێی بینین لەگەڵ هەستی بۆنکردندا:**

بۆنکردن لە بنەما گرینگەکانی چێژ و خۆشی و جوانیناسییە و ڕەنگدانەوەیەکی زۆری لە سەر دڵ و دەروون و هەست و سۆزی مرۆڤ بەگشتی و شاعیران و نووسەران و هونەرمەندان بەتایبەتی هەیە. بۆنی خۆش، به پلەی یەکەمیش بۆنی ئافرەت و ئەو بۆنانەی لە بەژن و باڵای شۆخ و شەنگی ئافرەتەوە مەیسەر دەبێت، لە ڕووبەرێکی فراواندا لە شیعرەکانی جەلیزادەدا ڕەنگیداوەتەوە و پێگەیەکی گەورەی داگیرکردووە، ئافرەت لای شاعیر، گوڵە، گوڵدانە، گوڵاوە، کانیی عەتر و دەریای ئارامی و خۆشییە، بۆیە شاعیر حەزدەکات هەمیشە بۆنی ئافرەتی لێ بیت و بە بۆنی ئافرەت مەست و سەرخۆش بێت، تا ئەو ڕادەیەی سەراپای شیعرەکانی بە جوانی ئافرەت ڕازاندۆتەوە و بۆنی ئافرەتیان لێ دێت، چونکە ئەگەر هەستی بۆنکردن لە لای کەسانی دیکەدا زیاتر لە کارو ئەرک و جۆرێک لە خۆ بگرێت، ئەوا کار و ئەرکی هەستی بۆنکردن لە لای جەلیزادەدا بە پلەی یەکەم لە بۆنکردنی سەر و زولف و سینگ و مەمک و شوێنە هەستیارەکانی دیکەی ئافرەتدا چڕ دەبیتەوە، هەر ئەمەش وای لە شاعیر کردووە، هەستی بینین لەگەڵ هەستی بۆنکردندا، لە سیاقی هەستگۆڕکێدا لە سنورێکی فراواندا بەکاربهێنێت. وەک لەم کۆپلە شیعرەدا بەتەواوی ڕەنگیداوەتەوە کە دەڵێ:

ڕێنادات، بەگوڵ بڵێم : <u>بەیانی عەترت</u> باش،

خۆشکی من. سبحەینەیەک

بەردەرگەم پێ دەگرێ، جەنگ (جەلیزادە، 2018، ل150)

لێرەدا شاعیر وەک هەمیشە، بۆ ئەوەی نرخ و بەهای شیعرەکانی بەرز بکاتەوە، بەردەوام لە هەوڵی ئەوە دابووە، گۆرانکاری لە ناوەرۆک و فۆرمی شیعرەکانیدا بکات و لە ئاستی پێشکەوتنە ژیارییەکان و دونیای سەردەم بێت و وەڵامی داواکاریەکانی مۆدێرنیزم بێت، بۆیە جەلیزادە لەم ڕوانگەیەوە و لە ڕیگای ئەزموون و شارەزایی و توانای تایبەتی خۆییەوە، پەرەی بە هونەری ئیستاتیکای شیعرەکانی داوەو بۆ ئەم مەبەستەش پەنای بردۆتە بەر هەستگۆڕکێ لە شیعرەکانیدا، لە دێرە شیعری (بەیانی عەترت باش) وشەکانی (بەیانی و عەتر) دەکەونە بەر هەستەکانی بینین و بۆنکردنەوە و لەو هەستانەن کە تاڕادەیەکی زۆر باش و بەرز جێگای بایەخی شاعیر بووە و بە هۆی جێگۆڕکێی شوێن و ئەرکیانەوە چەندین وێنەی شیعری جوان و کاریگەری هێناوەتە کایەوە، یاخود دەڵێ:

تا باخێک،

گوڵ و جۆگەیەک عەترت،

لێ بدزێت،

لە سەری کۆڵانەکەتانا، دانیشتووە، با (جەلیزادە، 2019، ل394)

لەم پارچە شیعرەدا شاعیر  بە کەڵک وەرگرتن لە هەستی بینین و بۆنکردن،  بە هۆی جێگۆڕکێی  شوێن و ئەرکی وشەکانی (جۆگە و عەتر) توانیویەتی وێنەیەکی شیعری ڕۆمانسی بەرجەستە بکات و ئاستی ئیستاتیکیەتی شیعرەکانی بەرزبکاتەوە.

**ج_ هەستگۆڕکێی بینین لەگەڵ هەستی چەشتندا:**

شاعیر یەکێکە لەو شاعیرە  دژە باوانەی  کە زۆر بە ڕاشکاوی لە بەشیک لە شیعرەکانیدا، هەستی هەوەسبازی خۆی  بەرامبەر  بە چێژ و خۆشی جوانی  ئافرەت دەردەبڕێت و ناکەوێتە ژێر هیچ فشاریکی ئاینی، کەلتوری، کۆمەڵایەتیەوە، زۆر ئازایانە و بە بێ ئاوردانەوە و گوێگرتن لە قسەی خەڵک، وەک شاعیرێکی نوێخواز و ڕێچکە شکێن و قوربانی سەدان  وێنەی جوانی شیعری هەستگۆرکێی بینین لەگەڵ چەشتندا لە شیعرەکانیدا چێکردووە، کە بەشێک لەو وێنە شیعرییانەی شاعیر کە لە هەستەکانی بینین و چەشتنەوە سەرچاوەی گرتووە، دەچنە خانەی شیعری سێکس ئیرۆتیکەوە، کە لە لای شاعیرانی دیکەدا، لەو ئاستەدا بەدەگمەن نەبیت بەر چاو ناکەوێت ئەمەش نموونەیەکی زەقە لەمبارەیەوە. کە دەڵێ:

ئەو ژنە،

لەوەتەی مێردەکەی  سەفەری کردووە،

بە ڕووتی دەخەوێت.

هەورێکە پڕە لە بارینی لەزەت (جەلیزادە، 2019، ل74)

جەلیزادە لەم پارچە شیعرەدا، لە وینەیەکی هەستگۆڕکێدا،  ئاماژە  بە حەز و ئارەزوویەکی سێکیسی کپکراوی ئافرەت دەکات، کە لەدووری هاوژینەکەیدا بووە بە هەورێکی پڕ لە بارانی لەزەت و  بەڕووتی لە چاوەڕوانی  کەسێک دایە، لێرەدا ئەگەر سەرنج بدەینە وشەکانی ( بارین و لەزەت)  لە دێڕە شیعری ( هەورێکە پڕە لە بارینی لەزەت) کەوتوونەتە بەر هەستەکانی بینین و

چەشتنەوە و بە هۆی گۆڕینی جێگا و ڕۆڵی هەستەکانیشەوە وێنەیەکی هەستی شیعری بەرجەستەکردووە.

هەروەها شاعیر لەم نموونەی خوارەوەشدا ، بە هۆی ئەم هەست و سۆز و ئەزموونە کاریگەر و بەرزەی لەمبارەیەوە هەیەتی، چەندین وینەی شیعری نایاب و هەستگۆڕکێی شیعری پیشانداوە، وەک دەڵێ:

کە جووت دەبم،

لەگەڵ بەژنی چیایی خەمت ،

خوڕەی خوێنی برینێکت هەڵمدەگرێ و

شۆڕم دەکاتەوە قورگی شیوی ڕەزان،

سەردەکەمە بن هەر دارێ،

حاجی قادر دانیشتووە و

پەڕەسیخارێ خەمێکی تەڕ دەکات و

بە ژیلەمۆی شیعرەکانی،

ئازارێک دادەگیرسینێ! (جەلیزادە، 2007، ل116)

کۆیەی قشت و خنجیلانە،

کۆیەی مەزن ،

لە نێو منداڵدانی گڕا لە دایک بووی،

ئازار گۆرانی بۆ گوتووی،

مەمکی خەفەت گۆشی کردووی (جەلیزادە،2007، ل 116 )

جیگای ئاماژە پێکردنە لەم پارچە شیعرەدا، چەندین وێنەی شیعری دەبینین، کە دەکەونە بەرهەستەکانی بینین و چەشتن لە سیاقی هەستگۆڕکێدا، وەک وشەکانی (چیایی خەم، پەڕە سیخاری خەفەت، مەمکی خەفەت) کە بەهۆی جێگۆڕکێی شوێن و ئەرکی ئەم وشانەوە

هەستگۆڕکێیان هێناوەتە کایەوە، بەم کارەش شاعیر توانیویەتی تاڕادەیەکی زۆر  جوانکاری و زیندوویەتی و نەمری بە شیعرەکانی ببەخشێت.

**د_هەستگۆڕکێی بینین لەگەڵ هەستی بەرکەوتندا:**

ڕۆڵ و ئەرکی هەستگۆڕکێی  بینین و بەرکەوتن لە لای جەلیزادەدا، مۆرکێکی تایبەتی هەیە و لەگەڵ شیعری شاعیرانی دیکەدا، زۆر جیاوازە. بینینی جوانی ئافرەت کە هۆکارو هاندەری سەرەکی هاتنەکایەوەی  هەستی بەرکەوتن و  هونەری هەستگۆڕکێیە لە شیعرەکانی شاعیردا، لە وێنە و سیما و  شیوازێکی جەلیزادانەدا خۆی دەنوێنێ و لەم ڕووەوە لە شیعری هیچ شاعیرێکی دیکە ناچێت. ئەمەش بۆ حەزو خولیایی شاعیر بۆ جوانی و چێژ و خۆشی ئافرەت لەلایەک و تواناو زەوق و سەلیقە و تێڕوانینی تایبەتی جەلیزادە بۆ ڕەگەزی مێ لە لایەکی دیکەوە دەگەڕێتەوە. لە ئافرەتبینی و جیهانبینی  جەلیزادەدا،  هەستی بینین جگە لە وەرگرتنی چێژ و خۆشی جوانی، لە هەمان کاتیشدا وەسیلەیەکە بۆ گەیشتن بەهەستی بەرکەوتن، چونکە ئەم هەستە لە شیعرەکانی جەلیزادەدا خەسڵەتیکی هەستی باڵای وەرگرتووە. ڕەنگە ئەمەش بۆ ئەو بڕوا بەهێزەی شاعیر بگەڕێتەوە، کە لە بەرکەوتنی لەگەڵ جەستەی ئافرەتدا چڕدەبیتەوەو دەبێتە کێڵگەیەکی  چێژو خۆشی بەخش بۆ شاعیر. جگە لە مانەش هەستی بینین و بەرکەوتن تەنها روخسار و ڕواڵەتی دەرەوەی ئافرەتی نەکردۆتە ئامانج، بەڵکو بەرەو  هەستەکانی بەرکەوتن شۆڕ دەبێتەوە کە سەرچاوەی ترۆپکی چێژ و خۆشین، ئەمەش زۆر بە ڕوونی لە شیعرەکانیدا بەدی دەکرێت، وەک لە نموونەیەدا خۆی دەنوێنێ کە دەڵێت:

هەموو ڕەنگە گەرمەکانت،

خستە ناو جانتای سەفەر،

ئێستا شار،


پڕە لە خۆڵە مێشی ژن (جەلیزادە،2012، ل 164)

لێرەدا لەم کۆپلە شیعرەدا، شاعیر هەست و نەستی خۆی بە شێوەیەکی ڕەشبینی و نائومیدی ڕۆمانسیانە بەرامبەر خۆشەویستەکەی دەربڕیوە، بەڵام بە زمانێکی ناسک وشیرین و لە چوارچێوەی هونەرێکی بەرزی هەستگۆڕکێداو بە هۆی هەستەکانی بینین و بەرکەوتنەوە، ئەمەش

له وشەکانی (ڕەنگی گەرم)دا، بەدی دەکریت کە بوونەتە هۆکاری هێنانەکایەوەی هەستگۆڕکێی شیعری و سەرچاوەی ئیستاتیکیەتی شیعری،

## 2_ جوانیی ئافرەت و هەستگۆڕکێی بیستن لە گەڵ هەستەکانی دیکەدا :

هەستی بیستن لەو هەستانەیە کە ڕۆڵ و کاریگەریی  لە هەستی بینیندا هێندە کەمتر نییە. بەڵکو ئەم هەستە زۆر جار لە ئاستی  هەستی بینیندایە و لەوانەشە هەندیک جار لە ئاستی هەستی بینینیشدا  بەرزتر بیتەوە، چونکە کەناڵەکانی وەرگرتنی چێژو خۆشی لە لای مرۆڤەکان وەک یەک و لە یەک ئاستدا نییە. زۆرێک لە مرۆڤەکان هیندەی چێژ و خۆشی لەو شتانە وەردەگرن کە بەهۆی هەستی بیستنەوە پێی دەگات، هێندە  لە ڕێگای کەناڵ و هەستەکانی دیکەوە  پێی ناگات. بۆ نموونە هەندێک کات، هێندەی چیژ و خۆشیی  لە گۆرانییەک  کە بە ڕێگای بیستراوەوە وەری دەگرین زۆر زیاتر و کاریگەرترە، لە گۆرانییەگ کە بە ڕیگای هۆکارێکی بینراوەوە پێمان دەگات. ئەوش ئەوە دەسەلمێنێت کە دەتوانرێت زۆر جار لە ڕێگای هەستی بیستنەوە  چێژ و خۆشی زیاتر وەربگرین، ئەمەش هۆکارێکی سەرەکییە بۆ ئەوەی شاعیران و نوسەران و هونەرمەندان لە  پاڵ هەستی بینیندا  بایەخ بە هەستی بیستن  بدەن و لە ناو  بەرهەمەکانیاندا  ڕەنگبداتەوە. وێڕای ئەمانەش هەستی بیستن هۆکار و پاڵنەریکی بەهێزە، بۆ ئاڵوگۆڕ و پێدان و وەرگرتنی زانیاری و هەستەکانی خۆشی و ناخۆشی و تۆمارکردنی  وێنە و ڕووداوەکان، لە ڕێگای دەنگ و ئاوازە جۆراوجۆرەکانەوە. سەرەڕای ئەمانەش  ''پەیوەندی لە نیوان هەستی بیستن و تەواوی هەستە درک پێکردنەکانی دیکەدا هەیە، کە ئەمەش ئاوازێکی تایبەتی ناوەوە دێنێتە کایەوە، کە زۆرترین پەیوەست بوونی بە جووڵەی خودەوە هەیە''(الهاشمي،1988، ص271). هەروەها هەستی بیستن بە پێچەوانەی هەستی بینینەوە، دەتوانرێ لە تاریکیشدا پەنای بۆ ببردرێت و سوودی لێ وەربگیرێ. دیارە لەمبارەیەوە جەلیزادە توانیویەتی لە ئاستێکی  فراواندا هەستی بیستن لەگەڵ هەستەکانی دیکەدا لە سیاقی هەستگۆڕکیدا لە شیعرەکانیدا بەکاربهێنی و توانای هونەری و ئیستاتیکای شیعری لە چوارچێوەی جوانیی ئافرەتدا بخاتە ڕوو، وەک لەم هێلکاریەدا  دەردەکەوێت.




**أ_-هەستگۆڕکێی بیستن لەگەڵ هەستی بینیندا:**

هەستەکانی بیستن و بینین کە زیاتر لە دەنگ و ڕەنگدا چڕ دەبنەوەو بەهۆی ئاوێتەکردن و جێگۆڕکێی شوین و ئەرکییانەوە، لە لایەن شاعیران و نوسەران و هونەرمەندانەوە کرداری هەستگۆڕکێ دێنەکایەوە، دەبنە بنەمایەک و سەرچاوەیەکی سەرەکی بۆ هێنانە کایەی جوانیی شیعری، بەتایبەتیش بابەتی جوانیی ئافرەت. دیارە هیچ شاعیرێک نییە، کەم تا زۆر بۆ بەرزکردنەوەی پلەی شیعری و ئیستاتیکیەتی شیعری، پەنا بۆ هەستەکانی بینین و بیستن نەبات و لە سیاقی هەستگۆڕکێدا بەکاریان نەهێنیت، بێگومان ئەمەش سیمایەکی زەق و دیاری شیعری شاعیرانی هاوچەرخە. چونکە شاعیرانی نوێخواز و هاوچەرخ، هونەرەکانی هەستگۆرکێ و بابەتەکانی جوانیی ئافرەت بە بنەما و هۆکاری زیندوویەتی و بەردەوامی و نەمری دەقی شیعری دەزانن. نرخ و بەهای شیعری لە هەبوونی ئەمانەدا دەدۆزنەوە. هەر بۆیە زۆربەی شاعیران توانای هونەری و شیعری خۆیان لەم بوارەدا خستۆتە گەڕ، جەلیزادە یەکێکە لەو شاعیرە جوانناس و هەست ناسکانەی لە ڕووبەرێکی فراواندا، ئەم دوو هەستەی ئاوێتە کردووە و لە سیاقی هەستگۆڕکیدا بەکاری هێناوە و بە هۆی ئەو ئەزموون و خەیاڵ و ئەندیشە فراوانە و باگراوەندە هونەری و ڕۆشنبیرییەی لەمبارەیەوە هەیبووە. لە ڕاستیدا جەلیزادە هەم لە جوانبینی ڕەنگ و شێوەی ئافرەتدا، هەم لە جوانبیستنی دەنگ و چرپە و ئاوازی ئافرەتدا بە خۆشی و ناخۆشیەکانیشییەوە بەتوانا بووە. شاعیر هەندێک جار لە بزەیەک، لە نیگایەک، لە ڕامانێکی ئافرەتدا، چیرۆکێک دەخوێنێتەوە، لە هەمان کاتیشدا لە بیستنی هەناسەیەک ، چرپەیەک ، دەنگێگ و ئاوازیکی ئافرەتدا دەیان چیرۆک دەنووسیتەوە. هەستەکانی بیستن و بینین تەنها

هۆکارێک نین بۆ بیستن و دیتن، بەڵکو ئاسۆیەکی بێ سنوورن، بۆ ڕازاندنەوەی شیعری و جیهانبینی و جوانیی ئافرەت. ئەمەش لەم کۆپڵە شیعرەدا زۆر بەجوانی دەردەکەوێت کە دەڵێ:

دوور دووریش ،

کەوێتەوە،

من ، گوێم هەر،

لە پێکەنینی بارانە (جەلیزادە، 2017، ل 86).

لێرەدا جەلیزادە وەک هەمیشە، بۆ ئەوەی بتوانێت لەلایەکەوە هەست و نەستی خۆی بە جوانترین شیوە بەرامبەر خۆشەویستەکەی دەرببڕێت و چێژو خۆشیی دەق بە خوێنەر یان پەیامەرگر بگەیەنیت، لەلایەکی دیکەوە بۆ ئەوەی شیعرەکانی لەبەرگ و فۆرمێکی تازەو نوێ و سەرنجڕاکێشدا برازێنێتەوە، پەنای بۆ هونەرەکانی هەستگۆڕکێ بردووە، بۆ ئەو مەبەستەش سودی لە هەستە جۆراوجۆرەکان بینیوە، لێرەدا شاعیر لە دەستەواژەی (لە پێکەنینی باران) دا، بەهۆی جێگۆڕکێی ئەرک و شوێنی وشەکانی (پێکەنین و باران ) ەوە، کە بەر هەستەکانی بیستن و بینین دەکەون، وێنەیەکی ڕازاوە و کاریگەری ڕۆمانسی دروست کردووە .

هەروەها لەم کۆپڵە شیعرەشدا شاعیر، بە ڕەنگ و سیمایەکی دیکە هەستگۆڕکییەکی جوانی هونەری دروستکردووە وەک لە خوارەوەدا دەردەکەوێت:

لەچەکێک و

قەسیدەیەکی ڕووتی فەروخ،

ژنە ئێرانی (جەلیزادە، 2018، ل 512)

لێرەدا شاعیر لە ستایشی جوانی و ناسکی و ژنە ئێرانیدا و لە تەڕی و ڕووتی و چێژ بەخشی شیعرەکانی فروغی فروغ زادەدا ، لە دێرە شیعری ( قەسیدەیەکی ڕووتی فەروغ )دا و بە هۆی وشەکانی ( قەسیدە، ڕووت ) کە دەکەونە بەر هەستەکانی بیستن و بینینەوە، وێنەیەکی شیعری زۆر دڵگیر و بە سۆزی لە چوارچێوەی هەستگۆرکێدا هێناوەتە کایەوە.

**ب_هەستگۆڕکێی بیستن لەگەڵ هەستی بۆنکردندا:**

سەرەڕای ئەوەی هەستی بیستن لەگەڵ هەستە بەرزەکاندا وەک هەستی بینین پێگەیەکی گەورە و بەهێزی هەیە. لە هەمان کاتدا ئەم هەستە لەگەڵ هەستە نزمەکانیشدا، وەک هەستەکانی بۆنکردن و چەشتن و بەرکەوتن لە ئاستێکی بەرزدایە. چونکە ئاوێتەکردنی هەستی بیستن لەگەڵ هەستی بۆنکردندا لەو توانا هونەریە ناوازانەیە کە شاعیران پەنایان بۆ بردووە، جەلیزادە لەو شاعیرانەیە داهێنانی خۆی لەم بوارەدا نیشانداوە، هەوڵیداوە لە ڕێگەی ئەم هەستانەوە پەیامی شیعری خۆی بە جوانترین و باشترین وێنە و شێوەی هونەری بگەیەنێتە پەیام وەرگرەوە. چونکە شاعیر دەیەوێت بە هەر شێوەیەک بێت و بە هۆی هەر هەستێکەوە بێت، چێژ و خۆشی لە جوانییەکانی ئافرەت ببینێت و لە هەمان کاتیشدا ڕووی گەش و جوانی ئافرەتیش لە ڕێگای ئەم هەستانەوە بەرجەستە بکات. هەر بۆیە ئەگەر تەمەشای شیعرەکانی جەلیزادە بکەین بە چاویلکەی ئەدەبەوە تێی بڕوانین و بە ناخی شیعرەکانیدا شۆر بینەوە. دەبینین هەستی بیستن لەگەڵ هەستی بۆنکردندا، بۆتە سەرچاوە و هەوێنی چەندین وێنەی شیعریی جوان و ناسک و دڵڕفێن، یان بۆتە کەرستەیەکی بەهادار و جوان بۆ هێنانەکایەوەی هەستگۆڕکێی شیعری، کە جەلیزادە پەنای بۆ بردووە. هەروەک لەم نموونە شیعرەی شاعیردا دەردەکەوێت، کە دەڵێ:

باخ تەژی،

لە ویتە ویتی گوڵ،

لە <u>ڕێژنە عەتری</u> چۆلەکە،

دڵنیام تۆ،

بێرانە تێپەڕیویت (جەلیزادە، 2019، ل 471 )

جەلیزادە، لێرەدا سەرسامیی خۆی بەرامبەر جوانیی ئافرەت پێشان دەدات و ئافرەت بەسەرچاوەی هەموو جوانییەکانی دیکەی سروشت دەزانێت، هەموو جوانییەکان بە گشتی لە جوانیی ئافرەتدا دەبینێتەوە، بۆیە کاتیک دەبینێت باخ بە ویتە ویتی گوڵ تەژی بووە و بە بۆنی چۆلەکەش بۆنخۆش بووە، جوانی بایس ئاسا هۆکارەکەی بۆ یارەکەی دەگەڕێنیتەوە، کە بە وێدا تێپەڕیوە، لە هەمان کاتدا شاعیر وێڕای خستنەڕووی خەیاڵ و ئەندێشە فراوانەکانی لە وێنەیەکی شیعری بەرزدا، لە گۆشەیەکی دیکەی شیعرەکانییەوە و بە هۆی هەستەکانی بیستن و

بۆنکردنەوە  کە لە دێرە شیعری(ڕێژنە عەتری چۆلەکە) دا خۆی دەنوێنێ، لە سیاقی هەستگۆڕکێدا، وێنەیەکی شیعری بەرزو بەهێز و کاریگەری بەرجەستەکردووە.

**ج_ هەستگۆڕکێی بیستن لەگەڵ هەستی چەشتندا:**

دیارە بە هۆی ئەو ڕۆڵ و ئەرکە گرینگەی هەستی بیستن هەیەتی، وای کردووە پەیوەندییەکی زۆر پتەوی لەگەڵ هەستی چەشتندا هەبێت، وێڕای  هەبوونی پەیوەندییەکی بەرزیش لەگەڵ هەستەکانی دیکەدا. هەستی بیستن لەو هەستە کاریگەرانەیە لەگەڵ هەستی چەشتندا، پانتاییەکی بەرینی لە دروستکردنی چێژ و خۆشی  لە سیاقی هەستگۆڕکێدا دروستکردووە. چونکە هەستی بیستن لەو هەستانەیە لە دوای هەستی بینیندا بە پلەی دووەم، زۆرجاریش  تا پلەی یەکەمیش کاریگەریی لە سەر هۆش و هەست و نەست و دەروون و گوتار و بیرکردنەوەی مرۆڤ دروست دەکات، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ حەز و ئارەزووی مرۆڤ دەوروژێنێت و بەرەو دنیای ڕۆمانسیەت و فانتازیای ئافرەت ئاراستەی دەکات ، چونکە ئافرەت لە لای جەلیزادە واتە ژیان، واتە خۆشی، واتە بەهەشتی خەونەکانی شاعیر. هەر ئەمانەش هۆکاری سەرەکیین بۆ ڕەنگدانەوەی جوانیی ئافرەت و هونەرەکانی هەستگۆڕکێ، لە سەرووی هەمووشیانەوە هەستگۆرکێی بیستن و چەشتن  بەو ئاستە بەرزە، لە شیعرەکانی شاعیردا. ئەمانەش جوانترین نموونەن لەمبارەیەوە، شاعیر دەڵێ:

مۆمی پەنجەکانی مامەڵێ.

قاقای گەرمی، شەوی درەنگی کچە جیران،

<u>ناڵە ناڵی خەمە تاڵەکانی</u> نالی

ئاخ و ئۆفی،

ژنە درۆزنانەی سەرسەرین (جەلیزادە، 2007، ل502).

یاخود دەڵێ:

باڵێکیان،

لە ورشەی ورووژان و،

باڵێک لە <u>موزیکی لەزەت</u>  (جەلیزادە، 2018 ، ل153).

لێرەدا لەم  کۆپلە شیعرانەدا، شاعیر وێرای ئەوەی ئەو هەمووە هەست و نەستە جوانانەی خۆی کە بەرهەمی ئەزموون و باکگراوندی  ڕۆشنبیری  و خۆشەویستی و جوانیی ئافرەتن، لەم وێنە شیعریانەدا بەشیوازیکی هونەری و ئیستاتیکی پێشانداوە، لەهەمان کاتیشدا هەوڵیداوە لەپاڵ جوانی واتا و بابەتی شیعریدا، فۆرم و ڕوخساری شیعرەکانیشی بە جوانترین و تازەترین شێوە برازێنێتەوە و پێگە و بەهای ئیستاتیکیەت و جوانیی  ئافرەت بەشێوەیەکی ئیرۆتیکانە و ڕۆمانسیانە لەشیعرەکانیدا بەرز بکاتەوە، بۆ ئەو مەبەستەش جەلیزادە پەنای بۆ هەستەوەرەکان و هونەرەکانی هەستگۆڕکێ بردووە، هەستی بیستن و چەشتن لەو هەستانەیە کە شاعیر سوودی لێ وەرگرتووە و لەم کۆپلە شیعرانەدا بەکاری هێناوە. بۆ ئەم مەبەستەش لە دێرە شیعرەکانی(ناڵە نالی خەمە تاڵەکانی، موزیکی لەزەت) دا، کە هەر هەموویان دەکەونە بەر هەستەکانی (بیستن، چەشتن)ەوە، لە سیاقی هەستگۆڕکێدا، جوانترین وێنەی جۆراوجۆری جوان و ڕازاوە و کاریگەری هەستی دروست کردووە. بەمەش  توانیویەتی تاڕادەیەکی زۆر چێژ و خۆشی و نەمری و زیندوویەتی بە شیعرەکانی ببەخشێت.

**د_هەستگۆڕکێی بیستن لەگەڵ هەستی بەرکەوتندا:**

هەستەکان بەشدارییەکی گرینگیان لە ئەفراندنی دەقە ئەدەبیەکان بە گشتی و لە دەقی شیعریشدا  بەتایبەتی هەیە. لە هەمان کاتیشدا هۆکارێکی سەرەکیین  بۆ بەرزکردنەوەی ئاست و پلەی شیعرییەتی شاعیر. هەستگۆڕکێی بیستن لەگەڵ هەستی بەرکەوتندا لەو هەستانەن پایەیەکی پتەویان لە شیعری شاعیرانی هاوچەرخدا، لە  ناویشیاندا لە شیعرەکانی جەلیزادەدا هەیە. شاعیر بە هۆی ئەو تین و تاو و پەرۆشی و حەز و خولیا و تامەزرۆییەی  بۆ جوانی ئافرەت لە لایەکەوە، ئەو توناو ئەزموون و زەوق و سەلیقە و جوانیناسییەی  هەیەتی، توانیویەتی جوانترین و کاریگەرترین دەقی شیعری لە چوارچێوەی هونەری هەستگۆڕکێی بیستن و بەرکەوتن بێنێتەکایەوە، بەشیوەیەک ببێتە هۆی دەرخستنی جوانییە شاراوەکانی ئافرەت و شکاندنی تینوویەتی خوێنەر لەمبارەیەوە، جەلیزادە لەو شاعیرانەیە بڕوای بە هەستی بەرکەوتن هەیە و تا ئەوپەڕیش  حەزی لە هەستی بەرکەوتنە و چێژ لە هەستی بەرکەوتن وەردەگرێ، زۆر زیاتر لە چێژ وەرگرتنی ڕۆحی، ئەمەش زۆر بەزەقی و تەواوەتی لە سیاقی هەستگۆرکێدا لە شیعرەکانی شاعیر ڕەنگی داوەتەوە، وەک لەم کۆپلە شیعرانەی خوارەوەدا خۆی دەنوێنێ، کە دەڵێ:

ئەمشەو ساردەو

بەلێفەی <u>شیعرێکی گەرم</u>

ئەو ئەندامە وردیلانەت دائەپۆشم (جەلیزادە،207، ل218)

شاعیر لەو کاتەوەی خۆی ناسیوە و هەستی بە جوانییەکانی ژیان کردووە، لە پێناوی ئافرەت و بۆ جوانی ئافرەت ژیاوە، بۆیە ئافرەت و جوانیی ئافرەت سەرەتا و ناوەند و کۆتای هەموو شیعرەکانی شاعیری داگیر کردووە، لە بەرئەوە دەتوانین بڵێین شیعرەکانی جەلیزادە بە ئافرەت دەست پێدەکات و بە ئافرەتیش کۆتاییی دێت، لێرەدا وەک دەردەکەوێت شاعیر دەیەوێ لە شەوە سارد و توشەکاندا بە شیعرە گەرمەکانی داپپۆشیت و هێز و تینی پێبخشێت. لە لایەکی دیکەوە شاعیر لە دێڕە شیعری( بە لێفەی شیعریکی گەرم)دا بەهۆی وشەکانی (شیعر و گەرم)ەوە، کە دەکەونە بەر هەستەکانی(بیستن و بەرکەوتن)ەوە لە چوارچێوەی هونەرەکانی هەستگۆڕکێدا، وێنەیەکی شیعری نایابی داڕشتووە. هەروەها شاعیر لە وێنەیەکی شیعری دیکەدا، کە لە خولگەی هەستگۆرکێدا دەخولێتەوە، وێنەیەکی هەستی ڕازاوەی خستۆتەڕوو کە دەڵێ:

گوێم لە <u>پێکەنینێکی نەرمە</u>..

لە چرپەی ئەو چۆڕە وێسکییە دەچێت.

کە لە دەمی بوتلێکی مل درێژەوە،

بڕڕژێتە پەرداخێکی، سەرخۆش (جەلیزادە، 2018، ل605)

شاعیر لێرەدا بە هۆی وشەکانی ( پێکەنین و نەرم)ەوە، کە دەکەونە بەر هەستەکانی بیستن و بەرکەوتنەوە، لە میانی هەستگۆڕکێدا ڕەنگڕێژی وشەکانی کردووە، بەشێوەیەکی هونەری باڵا چەندین دیمەنی چێژ بەخشی لە شیعرەکانیدا خستۆتەڕوو.

**ئەنجام :**

1_جەلیزادە یەکێکە لەو شاعیرانەی  کە لە بواری هەستگۆڕکێی شیعری و جوانیی  ئافرەتدا ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە و مامەڵەیەکی نایابی لە گەڵ بابەتەکانی جوانی هەست و ئافرەتدا کردووە و سودی لە هەموو هەستەکان بینیوە، گۆڕانکاری و تازەگەریی لەمبارەیەوە کردووە.

2_شاعیر  لە داڕشتنی  ئیستاتیکای شیعریدا، هەوڵیداوە سوود لە هەستە جۆراوجۆرەکان وەربگرێت، بە پلەی یەکەمیش بە هۆی هەستی  بینینەوە توانیویەتی وینەی جوان و سەرنجڕاکێش دروست بکات، ببیتە مایەیی بەرجەستەکردنی ئیستاتیکای شیعری.

3_شاعیر یەکێکە لەو شاعیرە  دژە باو و بوێرانەی کە زۆر بە ڕاشکاوی لە بەشیک لە شیعرەکانیدا، هەستی هەوەسبازی خۆی  بەرامبەر  بە چێژ و خۆشیی جوانیی  ئافرەت دەردەبڕێت و ناکەوێتە ژێر هیچ فشاریکی ئایینی، کەلتوری و کۆمەڵایەتیەوە.

4_بەشێک لەو وێنە شیعرییانەی  شاعیر، کە لە هەستەکانی بینین و چەشتنەوە سەرچاوەی گرتووە، دەچنە خانەی شیعری ئیرۆتیکەوە ، کە لە لای شاعیرانی دیکەدا، لەو ئاستەدا نییە.

5_شاعیر هەوڵیداوە لەپاڵ جوانیی واتا و بابەتی شیعریدا، فۆرم و ڕوخساری شیعرەکانیشی بە جوانترین و تازەترین شێوە برازێنێتەوە و پێگە و بەهای ئیستاتیکیەت و جوانیی ئافرەت بەشێوەیەکی ئیرۆتیکانەو ڕۆمانسیانە، لە سیاقی هەستگۆڕکێدا لەشیعرەکانیدا بەرزبکاتەوە،

6_جەلیزادە  توانیویەتی لە ئاستێکی  فراواندا هەستی بیستن لەگەڵ هەستەکانی دیکەدا لە سیاقی هەستگۆڕکیدا لە شیعرەکانیدا بەکاربهێنی و توانای هونەری و ئیستاتیکای شیعری لە چوارچێوەی جوانیی ئافرەتدا بخاتە ڕوو.

7_جەلیزادە لەو شاعیرانەیە لە پاڵ هەستیە باڵاکاندا بڕوای بە هەستی بەرکەوتن هەیە و تا ئەوپەڕیش  حەزی لە هەستی بەرکەوتنە و چێژ لە هەستی بەرکەوتن وەردەگرێ، زۆر زیاتر لە چێژ وەرگرتنی ڕۆحی، ئەمەش بە تەواوەتی لە سیاقی هەستگۆرکێدا لە شیعرەکانی شاعیر ڕەنگی داوەتەوە،

**لیستی سەرچاوەکان :**

**بە زمانی کوردی:**

**کتێب :**

-جەلیزادە، قوباد، 2007، شەهید بەتەنیا پیاسەدەکات، چ 2، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر

- جەلیزادە، قوباد، 2012، باخچەکانی مەلەک تاوس، چ1، دەزگای چاپ و بەخشی حەمدی، سلیمانی

-جەلیزادە، قوباد، 2017، هایکۆکانی قوباد، چ1، چاپخانەی پیرەمێرد، سلیمانی

- جەلیزادە، قوباد، 2018، کۆڵانە شینەکانی منداڵی، چ1، چاپخانەی پیرەمێرد، سلیمانی

- جەلیزادە، قوباد، 2019، ژنێک لە جنسی باران ، چ1، چاپخانەی پیرەمێرد، سلیمانی

- جەلیزادە، قوباد، 2020، تیپی مۆسیقای خەرتەلە، چ1، چاپخانەی بینایی، سلیمانی

- جەلیزادە، قوباد، 2021، ئەو خودایەی دایکم خۆشی دەویست، چ1، چاپخانەی تاران

-موکریانی، کوردستان،2020، وێنەی ڕەگەزی مێ لە نێو دیوانی ژنیک لە جنسی بارانی قوبادی جەلیزادە، چ1، خانەی چوار چرا، سلێمانی

- مەعروف، کەمال مستەفا، 2003، وێنە لەشیعرەکانی قوبادی جەلیزادەدا، گۆڤاری زانکۆی سلیمانی ،ژ . 12 ، بەشی B

-حەمەسالح، مقداد،2013،ئیستاتیکا، چ1، چابخانەی گەنج ، سلێمانی

نامەی ئەکادیمی:

- مستەفا، ئاسۆ عومەر، 2003، بەها ئیستاتیکییەکانی شیعری لای پیرەمێردوشێخ نوری و گۆران، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین، کۆلیژی پەروەردە، بەشی کوردی، هەولێر

گۆڤار و ڕۆژنامە :

-فەتاح، ڕزگار عومەر ، 2019، هەستگۆڕکێ لەشیعرەکانی عەبدوڵا پەشێودا، گۆڤاری زانکۆ سەلاحەدین بۆزانستە مرۆڤایەتییەکان، بەرگی 23، ژ 2

- به زمانى عەرەبى:

-بن عربي خليفة، 2011 ، اشكالية الذوق الفنى عند محمود شاكر، ط 1، دار الزمان ، دمشق

-غزوان ، عناد، 1994، مستقبل الشعر والقضايا النقدية، ط1، دار الشؤن الثقافية العامة، بغداد

- مصلوح،سعد، 1980، دراسة السمع والكلام ، ط1، عالم الكتب، القاهرة

-هاشمي، علوي، 1988، ايقاع اللون في القصيدة العربية الحديثة، دار الحرية للطباعة، بغداد

-الرسائل العلمية:

-بنت عبد العزيز، رضية،2002، الاسس الجمالية في النقد الادبي عندالجاحظ، رسالة الماجستير،قسم الدراسات العليا، كلية اللغة العربية، جامعة ام القرى، السعودية

- زهر، فارس ، 2005، الصورة الفنية في شعر عثمان لوصيف، رسالة الماجستير، جامعة قسنطينية، الجزائر

-عبدالله، ليلى عثمان،2001، شعر الطبيعة بين ابراهيم ناجى و گوران، رساله الماجستير، كليه اللغات، جامعه سليمانييه

-عياضي، احمد، 2013 ، القيم الجمالية في الشعر الجزائري المعاصر، رسالة دكتورا، قسم الاداب واللغةالعربية، كلية الاداب واللغات، جامعة محمد خيضر-بسكرة، الجزائر

- مصطفى، پەرى طه ، 2009، جماليات اللون فى شعر نازک الملائكة، رسالة الماجستير، جامعة صلاح الدين، كلية الغات، قسم اللغةالعربية.

-محادين، عدنان محمد علي، 1986، الصورة الشعرية عند السياب، رسالةماجستر، قسم اللغة العربية، كلية الاداب، جامعة بغداد

- ياسين، ربا محمود، 2014، أثر ادراک الأوان ، رسالة الماجستير، جامعة دمشق، كلية التربية، قسم علم النفس

- الدوريات:

-حلبي، احمد طعمة،2020، التجربة الجمالية، مجلة التراث العلمي العربي، العدد 45، جامعة قطر

-عرفت پور، زينت، سليمانى،امينه، 2014، ضاهرة تراسل الحواس  فيشعر ابي القاسم الشابي وسهراب سبهري :مجلة اضاءات النقدية، سنة الرابعة.

-قاسمي، ليلي، ممتحن، مهدي ، 1390، الجمال اللوني في الشعر العربي  من خلال التنوع الدلالي، مجلةجامعة أزاد،  تهران ،سنة  الثالثة،  العدد 9

**- به زمانی فارسی:**

-شفيعى كدكنى، محمد رضا،  1358 ، صور خيال درشعر فارسى، اگاه، تهران.

-قارەمانی جعفەر_شێخ ئەحمەدی ، سەید ئەسعەد، 1396 هەتاوی، بژوهشنامه ادبيات كردى، سال سوم ، شماره 4، پایزو زمستان، 1396

-كريمي،  پرستو، 1387، حواس پنجگانه  و حساميزى در شيعر، پژوهشى گوهرگويا، سال دوم ،شماره 8 ، 138

**- دیدەنی :**

- جەلیزادە، دیدەنی ، 1_4_2021، کۆیە

**سەرچاوە بە زمانی ئینگلیزی:**

-Marks, L.E., 1984. Synesthesia and the arts. Advances in Psychology, 19, pp.427-447

**ملخص البحث:**

هذا البحث الموسوم ب (جمالية المراة وحواس العليا في شعر قباد جليزاده) محاوله لقراءة فلسفة جمال المرأه في اطار تراسل الحواس العالية، في شعر جليزاده، ويركز على موضوع مهم ومؤثر جدا لمعرفه مفهوم وتعريف جمالية مراة و مكانه تراسل الحواس. و يتم خلال هذه الدراسه عرض قيمة واهمية ودور جمالية المرأة و تراسل الحواس فى الاشعار الشاعر وغرض اختيار هذا الموضوع يرجع الي الفراغ الموجود فى هذه المجال، هذا من جانب، وكشف القدرات المخفيه للنص، عند هذا الشاعر الكبير من جانب اخر . لانجاز هذا البحث اعتمدنا على المذاهب النقدية والوصفية والتحليلية لغرض تجسيد الاهداف الادبيه التى تكون اسباباً رئيسيه لخدمه الموضوع

والبحث متكون من قسمين ومقدمة. القسم الاول نظرى يتناول عن انعكاسات جمالية المرأة والحواس العالية في أشعار جليزاده . و في القسم الثانى عرضنا قيمة و تاثير تراسلال الحواس (السمعى و الحواس اخرى )عند الشاعر ومستوى عمقها وتاثيرها فى استاتيكية الشعرية وابداع الشاعر. وفي النهايه عرضنا نتائج البحث وقائمه المصادر وخلاصه البحث باللغتين العربيه والانجليزيه.

كلمات الرئيسية: جمالية المرأة، الحواس العليا، الجمال، الحداثة، جليزاده.

## Abstract

This study is titled ‘Women aesthetic and higher senses in Qwbadi Jalizada’s poems’. It is a descriptive analytical, critical and normative study in the field of aesthetic which aims at demonstrating the levels and principles of women aesthetic on one hand, and illustrating the skillfulness and the proficiency of the poet in this respect on the other hand.

This study consists of two chapters. The first chapter focuses on the women aesthetic and the influence of higher senses. In consists of two sections: the first section is devoted to the definition and the concept of women aesthetic and the influence of emotion exchange, and the second one concentrates on the women aesthetic and higher senses in Jalizada’s poems. The second chapter is about the reflection of higher senses and its values and effects on the Jalizadah’s poems. It consists of two sections: the first section examines the senses exchange (vision and others) in Jalizada’s poems, and the second section discusses the status of senses exchange (auditory and the other senses) in his poems.

This study ends with the concluding points, list of used references, and the Arab

# ئاست و پایەکانی وێنەی شیعری
# لە شیعرەکانی قوبادی
# جەلیزادەدا

# ئاست و پایەکانی وێنەی شیعری لە شیعرەکانی قوبادی جەلیزادەدا

## 1. پێشەکی:

وەک دەزانین هەر یەکە لە شاعیران و نوسەران و هونەرمەندان بەجۆرێک وێنەی ژیان و سروشت و دیاردەکان دەکێشن، ، بەڵام ئەم وێنەیەی کە شاعیر دەیکێشێت بە هۆی زمانەوەیەو لە سیاقی زمانەوانی و ڕستەو دەستەواژە و وشەکان چڕ دەبێتەوە و زیندوتر و چالاکترە و خۆی لە ناو بازنەیەکی دیاریکراودا نابەستێتەوە، بەڵکو ڕەنگەکانی هەموو سنورێک دەبڕن و بەبەردەوامی تیشک دەدەنەوە. وێنە ڕەنگدانەوەی بارێکی دەرونی دیاریکراوە شاعیر دەوروژێنێت بەرامبەر هەڵوێستێکی دیاریکراو لە ژیانیدا. کە ئەویش دەیەوێ ئەو هەستەی خۆی بۆ کەسانی بەرامبەر بگوازێتەوە.

بێگومان دەربڕینی ئەو هەستەش ناکرێ بە قسەی ئاسایی و ڕەمەکی بێ، بۆیە شاعیر دێ لە چوارچێوەیەکی ئەدەبی بەرز و لە ڕێگەی ژانری شیعرەوە ڕایدەگەیەنێ. بۆ ئەوەی هەستەکەشی زۆر ڕوون و کایگەر و چێژبەخش بێ، شاعیر بە وشەکانی و گەمە زمانیەکانی وێنە دەکێشێ، کە هەڵبەت بەم وێنانە زۆر زووتر و زیاتر و کاریگەرانەتر پەیامەکانی خۆی دەگەیەنێتە خوێنەر و ئەو هەستەی بۆ دروست دەکا، کە خۆی تێیدا ژیاوە.

دیارە چۆنیەتی گواستنەوەی پەیامەکان و ڕادەی کاریگەریەکەشی لە شاعیرێکەوە بۆ شاعیرێکی تر لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر جیاوازە و دەوەستێتە سەر ئەزموون و تواناو زەوق و سەلیقەی ئەدەبیی شاعیرەکە. لە لایەکی دیکەش گواستنەوەی کاریگەریەکە دەوەستێتە سەر ئاستی ڕۆشنبیری و شارەزایی ئەدەبی و پێگویشتویی خوێنەر.

**سنوری توێژینەوەکە** : سنوری ئەم توێژینەوەیە کە لە چوارچێوەی( ئاست و پایەکانی وێنەی شیعری لە شیعرەکانی قوبادی جەلیزادە)دا چڕ دەبێتەوە، بەتایبەتی لە دیوانی (هەمیشە ڕوو لە خودا هەمیشە مەست) کە هۆکارێکی گرنگە بۆ دەرخستنی لایەنە هونەری و ئیستاتیکیەکانی شیعری لە شیعرەکانی شاعیردا لەلایەک و پیشاندانی ئاست و توانا و ئەزموون و لێهاتوویی شاعیر لە هێنانە کایەوەی وێنەی شیعری تازە و پڕ داهێنان لایەکی دیکەوە.

**میتۆدی توێژینەوەکە:** لێرەدا بە بێی پێویستی کاری توێژینەوەکە زیاتر ڕێبازی شیکاری وەسفیمان بەکارهیناوە.

**پێکهاتەی توێژینەوەکە:** توێژینەوەکەمان بە شێوەیەکی گشتی لە دوو بەشی سەرەکی پیکهاتووە: بەشی یەکەم زیاتر تیۆرییە و لە چوار تەوەرە پێکهاتووە ئەم باسانەی لە خۆگرتووە: (چەمک و پێناسەی وێنەی شیعری، ئاست و پایەکانی وێنەی شیعری، ڕەگەزەکانی وێنەی شیعری، جیاوازی وێنەی شیعری و وێنەی ئاسایی). بەڵام بەشی دووەم: بەشێوەیەکی گشتی پرکتیکییە و جەختی لەم بابەتانە کردۆتەوە(وێنەی شیعری و جۆرەکانی، وێنەی شیعری بە پێی هەستەکان، بنیاتی وێنەی شیعری). لە کۆتایدا ئەنجامی توێژینەوەکە و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکەمان بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خستۆتەڕوو.

## 2.چەمک و پێناسەی وێنەی شیعری:

سەبارەت بە وێنەی شیعری چەندین تێڕوانین و بیروبۆچوون و پیناسەی جیاواز هەن، ئەمەش بۆ گرنگی و بەهای ئەم بابەتە دەگەڕێتەوە. شاعیری ناوداری گریکی کۆن سیمۆنیدز (٥٥٦_–٤٤٦)پ.ز لە سەردەمێکی زووەوە لەوە گەیشتوە، کە پەیوەندی لە نێوان وێنەکێشان و شیعردا هەیە و ئەو پەیوەندیە بەم جۆرە ڕوون دەکاتەوە’’وێنە شیعرێکی بێدەنگە و شیعریش وێنەیەکی دەنگدارە‘‘ (شارەزا،1997: 11) . جگە لەمە ’’ئەم بێدەنگی و دەنگداریەش لەو ڕوانگەیەوە کە لە شیعردا تەواو لە ڕێی وشەکانەوە وێنەکە دروست دەبێ، بەڵام لە وێنەکەدا ڕەنگ و هێڵ ئەو ڕۆڵە دەبینن و بیرۆکەی مەبەستەکە دەخەنە ڕوو‘‘(حەمە، 2001: 6) .

هەروەها ئیبن سینا لەسەر پەیوەندی شیعر و وێنە دەڵێ: ’’شاعیر وەک وێنەگر وایە، ئەوە نیە کە تەنیا وێنەی شتی مادی بگرێ، بەڵکو وێنەی شتی واتاییش دەگرێ‘‘ (گەردی، 2003: 7) . لە کاتی نوسینی شیعر لای شاعیر و دروستبوونی وێنەی شیعری، مەرج نیە تەنیا وێنەکان لە شتی مادی و بینراوە بەرجەستەکان وەربگرێ و وێنەی بکێشێ، بەڵکو وێنەی ئەو شتانەش دەکێشێ و لە شیعرەکانیاندا بەرجەستەی دەکا، کە لە هزر و خەیاڵدا بوونیان دەبێ و لە ڕێی ئەقڵەوە هەستیان پێدەکەین.

(هەروەک لە هۆنراوەی ڕۆمانتیکیدا وێنە لە سەر بنەمای بەدوای یەکترهاتندا دروست دەبێت لە خەونەکانی، لەوانەیە بێ واتا بێ و لەوانەیە پەیوەندیەک لە نێوان بەشەکانیدا نەبێ، چونکە زادەی هۆشی لای مرۆڤ نیە و زادەی ڕێکەوتە) . پێناسەکەی "ڤان"یش پەیوەندیەکی پتەوی بەم پێناسەیەوە هەیە، کە دەڵێ: ’’وێنە قسەیەکی بارگەکراوی بەهێزە، لە چەند ڕەگەزێکی هەستپێکراو پێکدێ: هێڵ، ڕەنگ، جووڵە، سێبەر. بیرۆکەیەک یان سۆزێکی هەڵگرتووە، کە ئیحای زیاتر لە واتایەک دەدات و لەڕەنگدانەوەی واقیعی دەرەکی زیاترە، لە هەمووشیان ناوکۆییەکی گونجاو

پێکدێت. لەم پێناسەیە دەردەکەوێ، ئەگەر کاری وێنەکێش کێشانی تابلۆیەک بێ، ئەوا کاری شاعیر دروستکردنی ئەو تابلۆیەیە بە وشە و وشەکان ئیحای وێنەکان دەدەن. ئەمەش بەرەو ئەو پەیوەندیەی ڕادەکشێ، کە لە نێوان شیعر و وێنە "ڕەسم"دا هەیە''(عەساف، گەرمیانی، 1999: 174).

هەروەها "(سی دی لویس) بەم جۆرە پێناسەی وێنەی شیعری دەکات و دەڵێ: ''وێنەی شیعری لە سادەترین واتایدا وێنەیە بە وشە''(حەمە، 2001: 6).

د.عیزەدین ئیسماعیل لە وەسفی وێنەی شیعریدا دەڵێ: ''وێنەی شیعری خەونە، بەڵام خەونێکی ئاسایی نیە، بەڵکو زیندەخەونێکە کە دیمەنێکی تەواو وێنە دەگرێ و تۆماری دەکا و هەڵیدەبژێرێ و پێکیدەهێنێ. بەم پێیەش وێنەی شیعری خەونێکی دەرەکیە و سوود لە دەرەوە وەردەگرێ بۆ دروستکردنی وێنە و دیمەنێک لە بەئاگاییدا''(حەمە، 2001: 5). کاتێک شاعیر شیعرێک دەنوسێ زۆربەی جار دەچێتە لایەنی خەیاڵ و لە دوای بینینی چەند شتێک و چەند وێنەیەکی دەرەکی و دواتر مانەوەی لە هزردا وێنەیەکی بۆ دەکێشێ. زۆر کات ئەو شتانەی کە شاعیر وێنەی بۆ دەکێشێ تەنها خەیاڵە و سودی لە شتەکانی دەوروبەری وەرگرتووە و دواتر لە کاتی بەئاگاییدا و بۆ دەربڕینی مەبەستەکەی، وێنەی بۆ دەخوڵقێنێ.

ڕەخنەگرانیش پێیان وابوو کە بەشێکی زۆر لە وێنەکان لە سەر بنچینەی ڕەوانبێژی دروست دەبن، کە شاعیران پەیڕەوی دەکەن بە هەموو جۆرەکانیەوە لە درووستبوونی وێنەی شیعریدا گرنگییان بە هونەرەکانی ڕەوانبێژی داوە، چونکە یەکێکە لەو مەرجانەی گوڕ و مانەوە بە شیعر دەبەخشێ. یەکێکی تر لە پێناسەکان کە بۆ وینەی شیعری کراوە، ''وێنەیەکی ڕونبێژییە و لە ڕێگەی ئاوەڵناوەوە سازدەدرێ''(شارەزا،1997: 6) .

لە ڕاستیدا''وێنەی شیعری ترازانێکی شێوازییە لە شێوەی دەربڕینی پەیوەندییە ئاساییەکانی دیاردەیەکی زەینی یان جەستەیی و بەهۆی ئامرازەکانی ڕەوانبێژیەوە ئەنجام دەدرێت''(چەلکی،2012: 20). ڕۆژانە مێشکی مرۆڤ چەندین وێنەی تێدا دروست دەبێ و زانیاری لە بارەی وێنەکان وەردەگرێ و جاروبار ئەو وێنانەن لە هەست و نەستی مرۆڤ ڕەنگدەداتەوە و جارێکی تر دەیخوڵقێنێ و بەرجەستەی دەکاتەوە. هەموومان چەندین دیاردە و دیمەنی سەرنجڕاکێش هەست پێ دەکەین و لە بیر و هۆشماندا دەمێنێتەوە، بەڵام شاعیر هەستیکی ناسکتری هەیە، بۆیە توانای ئەوەی هەیە سوود لەم دیمەنانە وەربگرێت و لە شێوەی وێنەی شیعری دایبڕێژێت، بە سوودوەرگرتن لە هونەری ڕەوانبێژی.

ڕوونبێژی ڕۆڵێکی گرنگی لە بنیاتنانی وێنەی شیعریدا هەیە و وێنەکە بە شێوەیەکی جوان و سەرنجڕاکێش و هونەری دەردەکەوێت. کاتێک شاعیر وشەی ئاوەڵناو بەکاردەهێنێ لە شیعرەکاندا، زیاتر ڕادەی سەرکەوتوویی شاعیر بە دەردەکەوێت، بۆیە زۆربەی شاعیران پەیڕەوی دەکەن و پشتیان پێ بەستووە. لە ڕاستیدا ئێمە لەم توێژینەوەیەماندا زیاتر گرنگیمان بەم جۆرەی دووەم داوە، واتا گرنگیمان بەو وێنە شیعریانە داوە، کە بەهۆی ئاوەڵناوەوە دروست دەبن، واتا وێنەکێشان بە ئاوەڵناو، ئەو وێنە شیعریانەمان فەرامۆش کردوە، کە بە هونەر و ڕەگەزەکانی ڕەوانبێژی دروست دەبن، نەک لەبەرئەوەی دووەمیان گرینگ نیە، نەخێر تەنها لەبەرئەوەیە ناونیشانی بابەتەکەی ئێمە بریتیە لە وێنەی شیعری ناڕونبێژی. واتا تەنها ئەم وێنە شیعریانە وەردەگرین، کە لە دەرەوەی هونەری ڕەوانبێژی و بەلاغەدان.

شیعر هونەرێکی زمانییە و وێنەکان بە زمان و وشەکان دەردەبڕدرێت. خەیاڵی بەرز و هۆشیاری شاعیر و چوونە ناوەوەی وشەکان هۆکاری سەرەکین، بۆ دروستکردنی وێنەی شیعریی جوان و بەهێز. شاعیر کاتێ بە چاو شتەکان دەبینێ، دەیهەوێ لە ڕێگەی وشەوە بە شێوەیەکی وا ڕیزیان بکات، کە دیمەنەکانی بخاتە بەرچاو، شیعر دەچێتە ناوەوەی شتەکان و دەتخاتە خەیاڵەوە و وات لێدەکات کە وێنەیەک بێنیتە بەرچاوت، وەک ئەوەی وێنەکە ببینیت یان بە فڵچە کێشرابن، بە شێوەیەک خەیاڵ و هەست و ئارەزووەکان تێکەڵ دەکات، بە پێی بەکارهێنانی هونەرەکانی ڕەوانبێژی وا دەکات پلەی هونەری پێ بەرز دەکاتەوە، ئەمەش پێویستی بە بەهرە و ڕۆشنبیری هەیە لای شاعیر. بۆئەوەی وێنەکان بخاتە بەرچاوی خوێنەر. ''هەموو وێنەیەک دەتوانرێ تاڕادەیەکی باش بە وشە ئارایشت بکرێت، لێرەدا ئەوە ڕوون دەکەینەوە، کە وێنە زادەی وشە و واژەی زمانییە، بۆیە ئێمەش وای بۆ دەچین، کە وێنە بریتیە لە درکاندنی وشەکان "وشەی هەستی بن یان واتایی ڕووت" لە هەردوو دۆخەکەدا، چەند وێنەیەک پێکدێت لە ئەنجامی وشە و واژەکان، هەر هەموویان لە خزمەتی یەک وێنەی سەرەکیدا دەبن''(گەردی، 2002: 7). دەتوانین بڵێین وێنەی شیعری پێکهاتەیەکی گرنگی بنیادی شیعریە، لە شێوەی تابلۆیەکی شێوەکاریە و کەرەستەکانی وشەی جوان و خەیاڵی دەروونی شاعیرن، بە هۆیەوە شاعیر ئەزموونی خۆی و تێڕوانینی بۆ دیاردەکانی دەوروبەری دەخاتە چوارچێوەی دەقە شیعریەکە.

وێنەی شیعری کە هاوبەشە لەگەڵ ئەندێشە (خەیاڵدا) و پەیوەندیەکی بەتین لە نێوانیاندا هەیە، چونکە لە شیعردا ئەندێشە وێنە بەرجەستە دەکات و لە مەودای مەعریفیدا هاوبەشن. ''وێنەی شیعری بریتیە لە وێنەیەکی هونەری بە وشە کێشراو. کاتێک لە چەمک و ئەرکی ئەو وێنەیە لە

ناو هەیکەلی شیعردا ورد دەبینەوە، هەست دەکەین ئەم پێناسەیە گەلێک سادەیە و ناتەواوە، چونکە لە دەوری سۆز و ئەندێشەی شاعیرەوە نادوێ، کە هەوێنی دروستبوونی ئەو هونەرەیە''(مەحوی، 2001: 104) . بەڵام دەکرێ ئەمە بە وەسف و لێکچواندنێکی پوخت و دروست دابنرێ بۆ وێنە شیعریەکە، کاتێ شاعیر دەیهەوێت داهێنانێ لە شیعرەکانیدا بکات، سۆز و ئەندیشە و خەیاڵی قووڵی هونەرەکانی ڕەوانبێژی بەکاردەهێنێ، بۆ ئەو وێنە شیعریە، بەمەش بەرهەمێکی جوان و سەرنجڕاکێش و ناسک دەبەخشێت  بە گوێگر و خوێنەرەکانی. سەرکەوتنی شاعیر لە ئەفراندنی وێنەی شیعری پتەو و بەکارهێنانی خوازە و میتافۆردایە.  لەو کارە ئەدەبیەدا نابێ سۆز و ئەندێشەی شاعیرمان بیربچێت، کە هێزێکن لە هێزەکانی هۆشمەندی ئادەمیزادی هونەرمەند و شوێنی خولْقاندنی واتای جۆراوجۆرن لە تۆمارکردنی واتاکانی وشە لە مێشکدا، چونکە ئەندێشە هەروەک لە جیهانی ڕەخنەسازیدا چەسپاوە ''بە هۆی لەدایکبوونی وێنەی ڕوون هێنانەوەی ئەو وێنە بینراوانەن''(شارەزا،  1997 :11). وێنەی شیعری جیهانێکی فروانی هەیە و ڕۆژ بەڕۆژ ئەو دیمەن و وێنانەی لای مرۆڤ جێدەمێنێ، وێنەی تازەی دەچێتە سەر، تا مرۆڤ لە ژیاندا بێت، ویست و ئارەزووەکانی لە زیادبووندا دەبن  لە ژیاندا، جۆراوجۆر دەبینێ و دەبیستێ  و هەستی پێدەکات، ئەم وێنانە لە مێشکیدا دەمێننەوە و لەگەڵ خود و ویژدان و سۆز و ئەندێشەیدا ئاوێتە دەبن و لێیان ورد دەبێتەوە و بە وشە دایاندەڕێژێتەوە، شاعیر ئەوەی لە دەرونیدایە بە بیر و ئەندێشە و هونەری بەرز تێکەڵ بە وێنە و دیمەنەکانی دەرەوەی دەکات. هەموو ئەو شتانەی بە بیریدا دێت و بەرچاوی دەکەون، دەیگونجێنێ و وێنەیەکی جوان و سەرنجڕاکێش پێشکەش بە خوێنەر و گوێگرانی دەکات. کەرەسەی دەربڕینەکەی زمانە و لە ڕێگەی وشە و ڕستەوە دەریدەبڕێت.'' وێنەی شیعری لە ڕێگەی حەواسەکانەوە هەستەکانەوە بەدیدەهێنرێت''(مەحموود،1990:120) . ڕێگای گەڕانەوەی دیقەتکاری بۆ زمانی هۆنراوەیی لە ڕێی وێنەی هۆنراوەییەوە دەبێ، نەک تەنیا وەک ڕازاندنەوەیەکی بینراو، یان خشڵێکی ڕەوانبێژی بۆ ئارایشتکردنی دەربڕینی هۆنراوەیەک، بەڵکو وەک گیانێکی شارەوەی هۆنراوە و کرۆکی پێکهێنەری ئەوەی پێی دەگوترێ:''زمانی بەڵگەیی، کەوا هۆنراوە لێیەوە دەستی پێکردوە و دەبێ بۆی بگەڕێتەوە''(کاکەی فەلاح،1986:  24). هەروەها بۆئەوەی سۆزەکان دەربڕاوێکی سەرنجڕاکێش بن، پێویستە لە ڕێی وێنەیەکی هەستپێکراوی شتە ماتریالیەکان یان سروشتیەکان پێشکەش بکرێن) .

ئێمە کە باسی (وێنە) دەکەین، ڕاستەوخۆ وێنەکێشمان دێ بە خەیاڵدا و بیر لەوە ناکەینەوە، کە وێنەکێشێکی تریش هەیە، بە وشە لە ڕێگەی زمان و پیت وشە و ڕستەوە داڕشتن دەکات، ئەمیش وەک وێنەکێش چەند تابلۆ و وێنەیەکی گونجاو و زیندووی بەهرەدارانە و ئاوازدار،

هەندێ جار دەخاتە بەرچاو و بەر گوێی خوێنەر و گوێگر و ئەوانیش چێژی تەواوی لێ وەردەگیرن و هەست بە گەشانەوە و سەرسامی و حەپەسان و تەلیسمێکی خۆشی قوڵ دەکات، ئەمەش کاتێ دروست دەبێت کە ئەو کەسە هونەرمەند و بەهرەدار بێت و بە شێوەیەکی وا وێنەی بکێشێ و وشەکان بخاتە پاڵ یەکەوە، لە ڕووی داڕشتن و ناوەڕۆک و دەربڕینەوە بە جۆرێک بێت، خوێنەر و گوێگر بخاتە سەرنج و بیرکردنەوە و ئەندێشە و خەیاڵەوە. ''ئەگەر فلچە بدەیتە دەست هەر کەسێک دەتوانێ شتێ وێنە بکێشێ، یان داوا لە هەر کەسێک بکەی شتێک بڵێت، دەیڵێت ڕەنگە کێش و قافیەشی، هەبێت بەڵام لە ڕووی چێژ و دەربڕینەوە هیچ کاریگەری نابێت لای گوێگر یان خوێنەر''(کاکەی فەلاح،1986: 23) . شاعیر و ڕەخنەگری ڕۆمانسیی ئینگلیزی سامویل کۆلێردیج "١٧٧١-١٨٣٤" لە بارەی پەیوەندی شیعر بە وێنەوە دواوە و گوتویەتی:''شیعر جۆرە وێنەکێشانێکە بە وشە ئەنجام دەدرێ، بە مەرجێک پڕ هەست و سۆز بێت. ئەم ڕەخنەگرەش شیعر بە جۆرێک لە وێنەکێشان دادەنێ، بە مەرجێ پڕ هەست و سۆز بێت''(مەحوی،2001: 104) . باسکردنی وێنەی شیعری بۆتە کەرەستە و بەشێکی دیاری بەهرەی شیعری. لە شیعری نوێشدا واتا لە بیستەکان و سییەکان بە دواوە، شاعیرانی هەموو پشت و نەوەکان لە بزوتنەوە و جموجۆڵ و داهێنانی شیعردا بایەخیان بەم لایەنە هونەریەی وێنەی شیعری داوە و نمونەی گەش و ڕازاوەیان پێشکەش بە کاروانی شیعر و ئەدەبیاتی کوردی کردووە . د.محەمەد غنیمی هیلال دەڵێ: ''هۆکاری جەوهەری هونەری لە هەردوو مانای بەشەکی و گشتییدا وێنەیە، ئەزمونی شیعری بە تێکڕا وێنەیەکی گەورەی هەمەلایەنە، یان چەند بەشە و لەو ڕۆڵەیدا  کە لە وێنەکەدا هەیەتی، بەشەکیە و لە وێنە گشتیەکەدا شوێنی ڕووداوی سەرەکیی شانۆگەری و چیرۆک دەگرێتەوە''(شارەزا، 1997 :6) .

### 3_ڕۆڵ و ئەرکی وێنەی شیعری:

کاریگەری و ڕۆڵ و ئەرکی وێنەی شیعری لە دەقی شیعریدا وەک کاریگەری و ڕۆل و ئەرکی دڵە لە جەستەدا، بۆیە دەقی شیعری بە بێ وینە وەکو درختێکی بێ گەڵا و جەستەیەیەکی بێ گیان و دڵ وایە، چونکە  وێنەی شیعری هەمیشە ڕۆڵی زیندویەتی و نەمری و جوانبەخشی لە بنیاتی هۆنراوەدا گێڕاوە، ، وێنەی شیعری ئەگەر جوان و سیحراوی بن، ئەوا تەنیا بابەتە شیعریەکە دەرنابڕن، بەڵکو گیان و ڕوخساری ڕازاوەشی پێدەدەن و وا دەکەن، ئەو گیانەی بکەوێتە دۆخێکی بەرجەستەیی و هەستی پێبکرێ و ببینرێ.  جگە لەمەش''وێنەی شیعری یارمەتی خوێنەری هۆنراوە دەدات، بۆ چێژ و تام وەرگرتن لە هونەری دروستبوونی وێنەی

جوان و خۆشیبەخش''(شارەزا،1997: 7) . ئەوەی ئاوێتەبوونێکی ئەندێشەیی و سۆزی لە چرکەیەکی کاتدا پێشکەش دەکات، پێشکەشکردنی ئەم ئاوێتەبوونەیە بە شێوەیەکی خێرا و ڕاستەوخۆ، ئەو جۆرە هەستکردن بە ڕزگاربوون دەبەخشێ، ئەو جۆرە هەستکردنە بە نەشونماکردنی ناکاویەکەدا لەبەردەم بەرهەمە هونەریە مەزنەکان تاقی دەکەینەوە، یا پێیدا ڕەتدەبین. هەروەها دەتوانین بڵێین''وێنە شیعریەکە "وسیلە"یە بۆ نزیکخستنەوەی بابەتێکی بەرجەستەیی لە ئەندێشەدا، گواستنەوەیەکی هێدی هێدیە لە هەستپێکراوەوە بۆ هەستپێنەکراو، لە ئاسانەوە بۆ گران، لە پارچەوە بۆ گشت''(عەساف، گەرمیانی:1999:6) .

لە ڕاستیدا شیعر دەربڕی هەموو هەست و نەست و خەیاڵانەیە لە ناخی شاعیردا پەنگی خواردۆتەوە بە ئیلهامێکی شیعراوی لە دەقێکی شیعریدا بەرجەستە دەبێت زۆر جار ئەو دەقە شعرەش یەک پارجە وێنەیە چونکە کاتێک، پارچە شعرێک دەخوێنیەوە ئەم پارچە شعرە گوزارشت لە دیمەنێ یان بەسەرهاتێک دەکات وینەکان دینە ناو مێشک و هەستی خوێنەر هەر ئەو خوێنەرەش بەپێی بینینی پێشینەی وێنەکانی ئەو دیمەن و بەسەرهاتانە دێنە بەرچاوو مەزندەی خۆی بۆ دەکات کە بەشێوەیەکە لە هەستپێکراوەوە بۆ هەست پێنەکراو کە لە ئاسانەوە بۆ گران دێت.

هەروەها ''وێنەی شیعری وەک ئامرازێکی ڕەخنەیی و پێوەرێکی گرنگ بەکاردێ، کە ڕێگا بە ڕەخنەگر دەدا، بە ناخی دەقدا تێپەڕ بکات و نهێنیەکانی جیهانی دەق بەدی بکات) ، چونکە سەرچاوەیەکی گرنگی ئەزموونی شیعر، دیاردەیەکی گرنگی زمانی شاعیرە و ڕاستی شیعر دەگەیەنێت و (بیروبۆچوون و دیاردە و پەیوەندیەکانی ژیان یەکانگیر دەکات، لە ڕێگای ڕاستەوخۆی وشە و ڕستەوە خۆیمان پێ دەناسێنێت''(شارەزا، 1997 :6) .

وێنەی شیعری هۆکارێکی هونەری گرنگە بۆ گواستنەوەی ئەزموونی شیعری، بۆیە محەمەد غنێمی هیلال دڵنیایە لەوەی وێنە خۆی ئەزموونە و پێویستە هاوکات بێ لەگەڵ بەشەکانی تری وێنەدا، تا ئەزموونەکە بە شێوەیەکی هونەریی ڕاستەقینە بگوێزرێتەوە، دیارە مەبەستمان لە ئەزموون وێنەیەکی تەواو دەروونی و گەردوونیە، کە شاعیر دەینەخشێنێ، کاتێ بیر لە کارێک دەکاتەوە، بیرکردنەوەیەکە لە قوڵایی سۆز و هۆشەوەیە. لێرەدا سەرنجمان بۆ ئەوە ڕادەکێشێ، پێویستە وێنەکان لە ئەزموونەکەدا بە گشتی یەکگرتوو و بەیەکداچوو بن، لەگەڵ هۆش و بیری ئەزمونەکەدا یەک بگرنەوە و جیهانبینی دەقەکە ئاشکرا بێ، ''ئەمەش زیاتر بۆ ئەوەیە کە ئەم بەیەکداچوونە، پێویستە وێنە شیعریەکە ئاڵۆز نەکات'' (شارەزا، 1997 :6) .

**4-بنەماکانی وێنەی شیعری:**

بنەماکانی وێنەی شیعری زۆر و هەمەچەشنن، کە دەکرێت گرنگترینیان و سەرەکیترینییان لەم خالانەی خوارەوەدا چڕ بکەینەوە:

**- کەتواریەت:**

کەتوارییەت یان واقع پێگەیەکی گەورەو فراوانی لە شیعردا هەیە، چونکە ''هەرچەندە دەڵێین شیعر دەبێت لەگەڵ خەیاڵدا تێکەڵ بکرێت، بەڵام پێویستە واقیع تیایدا ڕەنگ بداتەوە و جوانکردن و گەورەکردنی واقیعیەتیش پشت بە خەیاڵ دەبەستێت''(شارەزا، 1997 :7) . دیارە واقیع کەرەسەی یەکەمە کە شاعیر لێیەوە بابەت وەردەگرێ بۆ بنیادنانی وێنە شیعریەکانی و دەوڵەمەندی دەکات، ئەم واقیعەش سروشتی بێت یان کۆمەڵایەتی، وای لێدەکات وێنەکە هەستی پێ بکرێ، شاعیریش گیان بەبەریدا دەکات. چۆنیەتی مامەڵەکردنی شاعیر لەگەڵ واقیعدا بە تەنیا بە شێوەیەکی سادە نیە، چونکە ئەو هەر بەتەنیا لەوەندەوە ناوەستێت، کە وێنەیەکی دووبارەی واقیعمان بۆ بگرێ، بەڵکو دەبێ لەو واقیعە باوە تێپەڕێ و وێنەی تازەی واقیع بگرێ. کەواتە پەیوەندی لە نێوان واقیع و وێنەدا پەیوەندیەکی جمکانەیە، چونکە ئەگەر واقیع نەبێ وێنەش نابێ، بۆیە ڕای واش هەیە دەڵێ: ''وێنەی هونەری بە شێوەیەکی تایبەتی ڕەنگدانەوەی گشتی جیهانە''(شێخبزێنی،2011 : 96) . شیعر پەیوەندیەکی توندوتۆڵی بە واقیعەوەهەیە، شاعیر بەرلەوەی شیعر بنوسێ، واقیع کاری تێدەکات. واقیع هەموو کاتێ بە وێنە دەردەکەوێ، شاعیریش بەر لەوەی شیعر بنوسێ، هەستێک لای دروست دەبێت، کە ئەو هەستە لە واقیعەوە وەردەگرێ و کاری تێدەکات، بۆیە واقیع لە وێنەدا دەردەکەوێ و شاعیریش لە شیعردا ئەو وێنەیە نیشان دەدات، کەواتە وێنە و واقیع دوو شتی لێک دانەبڕاون و شاعیر لە ڕێگەی واقیعەوە وێنەی شیعری دادەڕێژێت و دەریدەخات.

**- بیر:** بیر ڕۆڵێکی سەرەکی لە هەموو بابەتێکی ئەدەبی و شیعریدا هەیە، بۆیە ''بوونی بیرۆکە لەناو وێنەی شیعریدا ئەوەندە پێویستە، کە خوێنەر بزانێ شاعیرەکە بنەمای دروستکردنی وێنەکەی لە کوێوە هێناوە''(حەمە، 2001: 7). بیر تیشکێکە بە عەقڵی شاعیردا دێ، شاعیر سەرقاڵ دەکات، تاوەکو بەدوای بەرگێکی شیعری وادا بگەڕێت، کە بە جوانترین شێوە بەرجەستەی بکات، شاعیری سەرکەوتوو ئەوەیە، زەمینەیەکی شیعری لەبار بۆ بیرەکەی دەخولقێنێ. بێگومان هەموو شیعرێک سەرەتا بیرۆکەیەک بووە و بە مێشکی شاعیردا هاتووە، دواتر نوسراوە و فراوان کراوە و قاڵبی شیعری وەرگرتووە، چونکە هەر شیعرێک بخوێنینەوە

بیری تێدایە و شتێک دەگەیەنێت و هەست دەکەی شاعیر دەیەوێ پەیامێکت پێ بگەیەنێت، ''هەر خوێنەرەش بەپێی چێژی خۆی جۆری دەقەکان لە ڕووی مەبەستی شیعریەوە هەڵدەبژێرێت، ئەو دەقانەی پێخۆشە لەگەڵ هەست و سۆزی تێکەڵ دەبن و لەگەڵ بیر و بۆچونەکانی دەگونجێن و زیاتر بە دوای ئەو دەقانەدا وێڵە، کە لەگەڵ ئاستی تێگەیشتنی ئەودا دەگونجێت''(شێخبزێنی،2011 : 96)

**-هەست و سۆز:** هەست و سۆز یەکێکە لە ڕەگەزە هەرە سەرەکی و پێویستیەکانی شیعر و وێنەی شیعری. لە ڕاستیدا سۆز یەکێکە لەو ڕەگەزانەی، کە شیعر لە قسەی ئاسایی جیادەکاتەوە، بۆیە ناکرێ وێنەی شیعری پشت لە سۆز بکات و فەرامۆشی بکات، ''بوونی سۆز بۆ وێنەکە دەبێتە سەرچاوەی ژیانی و بەبێ بوونی سۆز وێنەکە وشک و بێگیان دەردەچێ''(حەمە، 2001: 7) . سۆز بە خاڵێکی گرنگی وێنەی شیعری دادەنرێ، بۆیە کۆلێردیج بەهای تایبەتی داوەتێ و دەڵێ: ''وێنەیە بە وشە و پڕە لە هەست و سۆز''(گەردی، 2002: 8) . گرنگی سۆز لە وێنەی شیعریدا ئەوەیە، کە خوێنەر دەوروژێنێ و وای لێ دەکات، چێژ وەرگرێت و کاریگەریەکەی لەلا بەجێبمێنێ، لەمەشەوە بەردەوامی و ژیان بۆ وێنە شیعریەکە مسۆگەر دەبێت. کەچی نەبوونی سۆز لە وێنەی شیعریدا وا لە وێنەکە ناکات، کە هەر بەتەواوەتی بفەوتێت، چونکە ئەمە تاکە کەرەستەی پێکهێنانی وێنەی شیعری نیە، بەڵکو یەکێک لە کەرەستەکانیەتی، بەڵام ئەوەندە هەیە، کاتێ وێنەکە لە سۆز دادەبڕێت، گەرمی و کاریگەری نامێنێ، کاتێکیش بەسەر وێنەکەدا زاڵ دەبێت، وێنەکە بابەتیەتی خۆی لە دەستدەدات، کەواتە ''دەبێ بوونی سۆز بە جۆرێک بێت، کە نە ئەوەندە زۆر بێت و زاڵ بێ بەسەر وێنە شیعریەکەدا و یەک پارچە سۆزێکی ڕووت دەربچێت، ناشبێ بە تەواوی لێی دووربکەوێتەوە و گیان لەبەر وێنەکە دەربێنێ''(حەمە، 2001: 8) . لەبەرئەوەی سۆز یەکێکە لە ڕەگەزە بنچینەییەکانی وێنەی شیعری، وێنە بەبێ سۆز وشک و برینگە و هەست نابزوێنی، هەر سۆزە کە جوانی و کاریگەری و چالاکی و بەردەوامی بە وێنە دەبەخشێ.

شاعیر زمان دەکاتە پرد و لە ڕێگەیەوە سۆزی دەقەکە بە خوێنەر دەگەیەنێت، لەمەشدا دەبێت خۆی لە وشەی قورس و نامۆ و واتای ئاڵۆز بە دوور بگرێت، لەبەرئەوەی لە دۆخی وادا خوێنەر بە لایەنە زمانیەکەیەوە خەریک دەبێ و لە بیر و سۆزی دەقەکە دوور دەکەوێتەوە، بۆیە ئەگەر شاعیر بە چاکی زمان بەکار نەهێنێت، ناتوانێت بە باشی سۆزەکە بگەیەنێت، شیعر بە سۆزەوە زیاتر خۆی لە دیواری دڵ دەسوێت و دەچێتە ناوەوەی، چونکە شیعر بە سۆز کاریگەری زیاتر دەبێت، وێنەکەش جوانتر و گەشاوەتر دەبێت، "وۆردزۆرس" دەڵێت: ''ڕاستیەکان لە ڕێگەی

سۆزەوە بە شێوەیەکی زیندوو بۆ دڵ دەگوازرێتەوە، کەواتە وێنەی جوان و ڕازاوە و کاریگەر ئەو وێنەیەیە، کە لە هەست و سۆزێکی گەرمەوە هاتۆتە ئاراوە''(شێخبزێنی،2011 : 99) .

**– ئەندێشە:** یەکێکە لەو ڕەگەزە ڕەخنەییە سەرەکیانەی، کە هۆیەکە بۆ داهێنانی وێنەی شیعری و گرنگی خۆی هەیە لە دەقە ئەدەبیەکاندا، چونکە تێگەیشتنی چەمکی ئەندێشە داهێنەرانەیە و ئەو هەست و بیرانە بە وێنەیەکی جوان لە دەقدا بەرهەمدێنێ. (سی دی لویس) دەڵێ: ''ئەندێشە ئەو پانتایەیە کە سازکەر و پەخشکەری وێنەی شیعریە''(شێخبزێنی،2011 : 99). دەبێ بزانین لەڕەخنەسازی کوردیدا "ئەندێشە" بەرامبەر بە زاراوەی "خەیاڵ"ی عەرەبی و "imagination"ی ئینگلیزی چەسپاوە. کەواتە ''خەیاڵ ڕەگەزێکی سەرەکیی شیعرە و یەکێک لە نهێنیەکانی شیعریش، وێنەی شیعریە، کە لەسەر بنچینەی ئەندێشە بنیات دەنرێت ''(شێخبزێنی،2011 : 97). ''شیعر وەک هەموو هونەرەکانی دیکە ڕووداو و بەهاکانی بە شێوەیەکی حەرفی پێشکەش ناکات، بەڵکو لە ڕێگای خەیاڵەوە دەیانخاتە ڕوو، چونکە ئامرازی شیعر خەیاڵە، بۆیە دەتوانین بڵێین شیعر وێنەیەک دەکێشێ، کە دنیای شتەکان و ڕووداوەکان بە بەهاکانەوە بەندە، بەڵام واقیعی نییە، دەشێ واقیعێکی تری داهێنراو بێت ''(عەبدوڵا، 2013: 4).

کاتێ لە بارەی ئەندێشەوە دەگوترێ: ''ئەندێشە بەرزترین توانای مرۆڤە، کە هیچ توانایەک ناتوانێت جێگەی بگرێتەوە، کاتێک باس لە خەیاڵ دەکات، سێ ئاست جیا دەکاتەوە، ئەندێشەیی "بەرپاکەر، بەرهەمهێن، ستاتیکی" بە جیاکردنەوەی ئەم سێ ئاستە، گۆڕانێکی گەورە لە واتای خەیاڵ پەیدابووە، ئەندێشە ڕۆڵێکی گەورە دەبینێ لە هۆنینەوەی شیعردا و تەنها گواستنەوەی ڕاستەوخۆی واقیعی هەستپێکراو نیە، بەڵکو خوڵقاندن و داهێنانە''(حەمە، 2001: 8) ، کەواتە ئەندێشە ئەو توانایەیە کە وێنەی شیعری دەخوڵقێنێ و بڵاوی دەکاتەوە . هەروەها ''شاعیر جۆرە دینامیکیەتێکی تێدایە، کە شاعیر لە ڕێیەوە وێنەی داهێنەرانە دروست دەکات، لە هەر بەیتە شیعرێکدا خەیاڵ کەرەسەیەکی بنیادنەرانەی شیعرەکەیە و شتێکی نوێ دەهێنێتە کایەوە، چونکە خەیاڵی شاعیر کارێکی وا دەکات، ئەو وێنانەی لە واقیعەوە وەریگرتوون، دووبارە دایانبڕێژێتەوە و تێڕوانینێکی نوێ پێشکەش بکات''(حەمە، 2001: 8) .

(کۆلێردیج) دوو جۆری سەرەکیی خەیاڵ دەستنیشان دەکات، ئەوانیش بریتین لە:

خەیاڵی سەرەتایی و خەیاڵی لاوەکییە.

خەیاڵی سەرەتایی: ئەو خەیاڵەیە، لە ڕێگەیەوە نوسەر یان شاعیر دەتوانێ هەموو پارچەکانی وێنە شیعریەکە و ڕونکردنەوە وردەکانی لە ئامێز بگرێت. ئەمەش وەک ئەوەی شاعیر وێنەی

درەختێک بە چەند وشەیەک دەکێشێ، هەموو بەشەکانی لە قەد و گەڵا و لق کۆدەکاتەوە و وێنە شیعریەکەی لێ دروست دەکات، شاعیر لەم بارەدا بەرهەمێکی تازە پێشکەش ناکات، بەڵکو لە فەرهەنگ و سەرچاوە بڵاوەکانەوە وەکو: لێکچواندن و خوازە و خواستن و درکە ئەمە دروست دەکات، وەکو: چواندنی ڕوومەتی جوانان بە گوڵ و وەسفی چاو بە نێرگز...هتد.

جۆری دووەمی خەیاڵ دەشێ بە خەیاڵێکی داهێنەرانە ناوی بنێین، چونکە شاعیر دوور لە لاساییکردنەوە وێنەیەکی نوێمان پێشکەش دەکات.

- **زمان:** ئاشکرایە جوانی دەقی شیعری بەستراوە بە جوانی و دڵفڕێنی وێنەکانیەوە، جوانی وێنەش خۆی لە خۆیدا لە جوانی ئەو زمانەوە سەرچاوە دەگرێ، کە بەرجەستەی دەکات، بۆیە وێنە لە زمان دانابڕێت، چونکە لە زمانەوە هەڵدەقوڵێ. لەبەرئەوەی وێنەی شیعری یەکێکە لە ڕەگەزە بنچینەییەکانی شیعر، واتە زمانیش بە یەکێک لە ڕەگەزە هەرە گرنگەکانی وێنەی شیعری دادەنرێت، شاعیر بە هۆی وێنەی شیعریەوە شتە نائاشناکان بەرجەستە دەکات، کە بە هۆی زمانەوە دەریدەبڕێت، کەواتە زمان وێنەی ئەو بیرانەیە کە شاعیر دەریدەبڕێت، شاعیر بەهۆی زمانەوە ئەو بیرانەی کە لای گەڵاڵە بوون، دەربارەی بابەتێک لە وێنەیەکی شیعریدا دەریدەبڕێت، مالارمێ دەڵێت: ''شیعر بە وشە دروست دەکرێت، نەک بە بیر، واتە زمان تەنها هۆی گەیاندن نیە و بەس، بەڵکو بیر و گیانیشە، هەر بۆیە وێنە لە زمان دانابڕێت، چونکە هەموو ڕەگەزەکانی تری وێنە بە هۆی زمانەوە دەردەبڕێت، شاعیریش کاتێک کە وێنەیەک دروست دەکات لە ڕێگای ڕایەڵەی واتاییەوە وشە و دەستەواژەکان بە پەیوەندی نوێ پێکەوە گرێدەدات و لە ئاکامیشدا زمانێکی شیعری جیاواز لە زمانی ئاخاوتن دێتە کایەوە، ئەمەش زیاتر بە هۆی خوازە، خواستن، لێکچواندن دروست دەبێت، شاعیر بە شێوەیەکی تایبەتی زمانی خۆی بەکار دێنێت و کاتێک وێنەیەک دروست دەکات و خانەکانی بە سۆزێکی جۆشدار پڕدەکاتەوە و لە نێوان هێڵەکانیدا پێکی دەهێنێت، ئەمەش بانگەشەیە بۆتایبەتمەندێتی و تاکڕەویی و لەپێکەوانانی وێنەدا، کەواتە وشە و کەرەسە زمانیەکانی تری دەق، ئامرازی بنچینەی پێکەوانانی وێنەن و کەرەسەی بنەڕەتی داهێنانی شیعرین ''(شێخبزێنی،2011 : 95).

- **نەست:** نەست سەرچاوەیەکی سەرکی و گرنگی هێنانەکایەوەی وێنەی شیعرییە، لە هەمان کاتدا دەتوانین بڵێین نەست (بناغەی بنیاتنانی هەموو داهێنانێکی هونەریە) لەم بارەیەوە محەمەد غنێمی هیلال دەڵێ: ''هەموو وێنەیەک لە داهێنانی هونەریدا ڕەگ و ڕیشەی بە جیهانی نەستدا ڕۆچووە، چونکە لە پشت ئەو تروسکاییەوە، کە لە دەروونی خۆماندا هەستی پێدەکەین، بوارێکی تاریکی نەزانراو هەیە، کە لێوانلێوە لە دیاردەی دەروونی و تەنها ڕەنگدانەوەیەکی ئاڵۆز نەبێت، هیچی لە

بارەوە نازانین. دەروونناسەکان داهێنانی هونەری بە نەستەوە دەبەستنەوە، پێیان وایە وێنەی شیعری یادکردنەوەیەکی کۆنە و مەرج نیە ئەو وێنەیە بە بینین بێت، بەمەش نەست دەبێتە گەنجینە بۆ هەموو ئەو حەز و ئارەزووانەی هەر لە منداڵیەوە لای مرۆڤ کۆدەبنەوە و کپ دەکرێت، واتا مرۆڤ هیچ دەسەڵاتێکی بەسەریاندا نیە و لە کاتی نائاگاییدا دێنە دەرەوە، بۆیە ئەم شت و دیاردە کپکراوانە دەبنە کەرەستەیەکی دەوڵەمەندی بە پیت، بۆ لەدایکبوونی وێنەی شیعری، بۆیە مەبەست لە نەست ئەو کۆگا پڕ زانیاری و ڕۆشنبیری و دەرونیە کەڵەکەبووەیە لە ناخی هونەرمەندا، بۆیە ڕۆڵێکی زۆر دەبینێت لە دروستکردنی هونەرەکان، شیعریش وێنەی خۆی لێ هەڵدەچنێ، خەیاڵیش ڕێگەیەکە ڕۆدەچێتە ناو دنیای نەستەوە، هەر لەم ڕێگەیەوە شاعیر دەتوانێت هەندێ لە وێنەکانی نێو کۆگای نەست بێنێتە پێش چاو، ئەندێشەش لە جوانکردنی ئەم وێنانەدا ڕۆڵ دەبینێ''(شێخبزێنی،2011 : 100).

## 5. ئاست و پایەو چەشنەکانی وێنەی شیعری لە شیعرەکانی جەلیزادەدا:

ئاست و پایەکانی وێنەی شیعری لە شیعرەکانی جەلیزادەدا پانتاییەکی بەرینی داگیر کردووە ، ئەمەش بۆ تواناو لیهاتوویی شاعیر لەمبارەیەوە دەگەڕێتەوە. چونکە وەک دەزانین خودی وێنەی شیعری ڕەنگدانەوەی هەموو ئەو وێنانەن کە لە سروشت و دیاردەکانی دوروبەرمانەوە سەرچاوەی گرتووە، بەڵام لە سیاقی ئیستاتیکییەت و داهێنانی شیعریدا.

_چەشنەکانی وێنەی شیعری: وێنەی شیعری بەهەموو جۆرەکانییەوە پێگەیەکی کاریگەری لە شیعردا هەیە '' "تەهانوی" لای وایە وێنە دوو لایەنی هەیە، دەرەکی و زەینی. دەڵێ: (وێنە شتێکی ڕەهای پێ جیا دەکرێتەوە، جا ئەو شتە لە دەرەوە بێ و ناو بنرێ بە وێنەیەکی دەرەکی یاخود لە زەین دابێ و ناو بنرێ وێنەیەکی زەینی. وێنە ئەوەیە شتێک لە زەین جیادەکاتەوە. شتەکان لە دەرەوەدا ئاشکران و لە زەینیشدا وێنەن''(حەمە، 2001: 6) . شاعیر خۆی ئەوەندە ئاگای لە چۆنیەتی لەدایکبوونی و ''دروستبوونی جۆرەکانی ئەو وێنەیە نیە، بەڵکو ڕەخنەگری لێهاتوو شێوەکانی بە سەرنجی تیژی دەتوانێ جۆرەکانی ئەو وێنانە لێکتر جودا بکاتەوە و بزانێ لە چ بارێکدا خۆیان دەنوێنن. دروستر ئەوەیە کە شاعیر بە ئاگاییەوە وێنەکان بە وشە دەکێشێ، بەڵام نازانێ ئاخۆ وێنەکان چ جۆرێکن...هتد''(شارەزا، 1997: 13) . بەشێوەیەکی گشتی گرنگترین ئەوێنانە لە دەقەشیعرییەکانی شاعیردا خۆی دەنوێنی ئەمانەی خوارەون:

**أ –وێنەی شیعری لە باری چەسپاویدا:** ئەم جۆرە وێنە شیعریە کە وەک تابلۆیەک دەکێشرێ و وێنەگرێکی ڕاستەوخۆیە، واتە فۆتۆگرافیە، کە دەتوانرێت بە کامێرای ئاسایی بیگرین و بیکەین بە

وێنەیەکی فۆتۆگرافی. لەم شێوەیەیاندا کەمتر هەست بە جوڵە و درەوشانەوەی دیمەنی تابلۆکان دەکرێت، چونکە لە یەک شوێن و لە یەک باردایە و جوڵە و گۆڕانی دیمەنی تێدا نیە و بەزۆری ڕاستەوخۆن، بۆ مەبەستێکی سەرەکی ز تایبەتی دەکێشرێن، کاتێکیش سەرنج دەدەینە وشەکانی، ''دەبینین بە زۆری فرمانی ڕستە شیعریەکانی ڕابردوون یان فرمانی بێهێزن و ڕووبەری وێنەکەش تەسکترە لە چاو جوڵاو'' (شارەزا، 1997: 13) . بۆ نموونە:

((پرچم قاوەیی و

چاوم کاڵ و

پێستم گەنمی و

چاویلکەکەم فۆتۆگرێ و

ملپێچەکەم فستەقی و

پاڵتۆکەم حەڵوایی)) .(جەلیزادە، 2001: 8).

جەلی زادە لەم شیعرەیدا بە ناوی (تا سەرئێسقان ژن) وێنەیەکی جوانی فۆتۆیی بۆ کێشاوین، ئەم شیعرە وێنەیەکی فۆتۆگرافیە و ڕاستەوخۆ وێنەی کەسێکمان دەکەوێتە بەرچاو، کە پرچی قاوەیی و چاوکاڵ بێت و پێست گەنمی و چاویلکەیەکی لە چاو بێت و ملپێچێکی فستەقی و باڵتۆیەکی حەڵوایی لە بەردابێت و ڕێک وەستابێت و هیچ جوڵەیەک نەکا، وەک لە سەرەوە لە شیعرەکەدا دەردەکەوێت.

نمونەیەکی تر:

((ئەو دڵەی من، وڵاتێکی بچکۆلەیە

نە ئاڵای هەیە

نە سنوور

نە پاسەوان.)) .(جەلیزادە، 2001: 209).

جەلیزادە وێنەیەکی جوانی فۆتۆیمان بۆ دەکێشێ، کە دڵی خۆی چواندوە بە وڵاتێکی بچکۆلە، کە نە ئاڵای هەبێ و نە سنوور و نە پاسەوان.

**ب-وێنەی شیعری لە باری جوڵاویدا:**

(ئەم جۆرە وێنەیە مەودای کێشانی فراوانترە و جوڵانەوە و دیمەنی گۆڕان و گواستنەوە لە بارێک بۆ بارێکی دیکەی تێدایە و گەر هونەرمەندی وریا بیهەوێ لە هەموو بارێکدا وێنە بگرێ، ئەوا دەبێ کامێرای ڤیدیۆیی یان سینەمای بۆ بەکار بهێنێ و زنجیرە وێنەیەک بگرێ) . (هەروەها ئەو وێنەیەیە کە تیشکەکانی لە گەشەسەندن و نەکەوتن و سنورەکانی ناتوانن بەربەست بکرێن، بەڵکو بەردەوام تیشکی نوێ دەبەخشن و گەشە دەکەن، ئەویش بە هۆی ئەو کردارانەی، کە وێنەکە بنیات دەنێن، کردارەکانی بەردەوامی و جوڵە بە وێنەکە دەبەخشێ) . فرمانی وێنەی جوڵاو لە ڕستەی شیعریدا بەزۆری ڕانەبردووون یان داخوازین و کات و شوێنی ڕووداویش دەگۆڕێ) . نموونە: (قوبادی جەلی زادە) وێنەیەکی شیعریی جوڵاومان بۆ دەکێشێ و دەڵێت:

((کە پێکدەگەین

گریان زمانمان زیندانی دەکات.

کە داشدەبڕێین

جەنازەی چەند وشەیەکمان پێ دەداتەوە!)) .(جەلیزادە، 2001: 147).

لێرەدا شاعیر وێنەیەکی جوڵاومان دەخاتە بەرچاو، دیمەنی بە یەکگەیشتنی دوو کەسی خۆشەویست، یا دوو کەس کە دەمێ یەکتر نەبینن، یان دڵدارە تامەزرۆکان بەیەکتری دەگەن، گریان دەبێتە زمان، جگە لە گریان، هیچ زمانیکی تر نییە ببێتە پردی لێک تێگەیشتن، چونکە دەزانن ئەو بەیەک گەشتنە کاتیە و دابڕان بەڕێوەیە. دیارە لەناو فرمێسکەکاندا دەیان وشە و ڕستەی نەوگتراو دەخنکێن، بۆیە دوای دابڕان و ترازان و دوورکەوتنە، ئەوەی بەجێدەمێنێت، تەرمی ئەو ڕستە و وشانەنن، کە گریان بواری ئازادبوونی پێ نەبەخشین و وەک وتەی نەوتراو مانەوە. وێنە جوڵاوەکە لەوەدایە کە خودی کارەکانی (پێکگەیشتن و گریان و دابڕان) بریتین لە چەند چاوگێک کە هەر سێکیان جوڵەیان تێدایە و هیچیان لەباری وەستاودا نین، بۆیە نیشاندانی ئەم سێ کردارە لە نێوان دوو کەسدا تەنیا وێنەی جوڵاوی ڤیدیۆیی دەتوانێ وێنەیان بگرێ.

هەروەها لە نمونەیەکی تردا دەڵێ:

((بەفر بە تاڵوکە دێتە خوار

وا دەزانێ زەمین دڵی لە لۆکەیە

کە خۆری قژت هەڵدێ،

خۆی بە کەزیە گەرمەکانیەوە

هەڵدەواسێ

تا خێراتر سەرکەوێتەوە.(جەلیزادە، 2001: 172)..

وێنەیەکی جوڵاوە لە گوتەی (دێتە خوار) (هەڵدێ) (هەڵدەواسێ) (خێراتر سەرکەوێتەوە) بەردەوامیەک و جوڵە و بزوتن بە وێنەکە دەدات و لە جوڵەدایە.

**6-وێنەی شیعری بەپێی هەستەکان:**

**-هەستی بینین:**

ئەو وێنانەن کە بەر هەستی بینین دەکەون، شاعیران بۆ ئەفراندنی وێنەکان کەڵک لە ئەزموونی عەقڵی و هەستی بینینی ژیانی خۆیان وەردەگرن، چونکە هەستی بینین لە سەرەکیترین هەستەکانی مرۆڤە و کاریگەرییان بۆ مێشک و دەروون و ناخی شاعیر دەگوازێتەوە، هەستی بینین لە ژیانی مرۆڤدا زانیارییەکی زۆر دەگەیەنێت بە مێشک، بەبێ ئەوەی ڕێکەوتی ڕاستەوخۆ لە نێوان مرۆڤ و شتەکان پێویست بکات، تەنها بە ڕێگەی ئەو تیشکە ڕووناکییە دەرچووانەوەیە، کە لە شتومەکەکانەوە دێت بۆ چاو، لە چاویشدا دەگۆڕێت بۆ پەیامی دەماری بینین و ڕووە و توێژاڵی مێشک دەکەونە ڕێ و لە دوا وێستگەشدا ڕاڤە دەکرێ و مانایان بۆ دادەنرێت و پەیبردن ڕوودەدات .

''زۆر جار وێنەی شیعری لە ڕێگەی هەستی بینین وەردەگیرێ و شاعیرانی کورد گەلێک وێنەی پتەوی شیعریان لەم جۆرە پێشکەش کردووین'' . وەک قوبادی جەلی زادە لە هۆنراوەیەکدا دەڵێت:

((دنیا پێڵاوێکی ڕەش و سپییە

کەچی لای تۆ،

شەپقەیەکی ڕەنگاوڕەنگە)) . .(جەلیزادە، 2001: 151).

شاعیر لەم هۆنراوەیدا وێنەی دنیا دەکێشێ و بەر هەستی بینین دەکەوێ، دنیا دەچوێنێ بە پێڵاوێکی ڕەش و سپی و دەیخاتە پاڵ ڕەنگەکان، لە لایەک بە گەشبینی و لە لایەک بە ڕەشبینی نیشان دەدات. لە لایەکی تر بە شێویەکی دوو لایەنی، واتە هەم خۆشی تێدایە و هەم ناخۆشی، کە ئەوە بەر هەستی بینین دەکەوێ، چونکە هەموو وێنەکانی شیعرکە (پێڵاوی ڕەش و سپی) و (شەپقەی ڕەنگاو ڕەنگ) تەنها بە بینین هەستیان پێدەکرێ، نەک بە هەستێکی تر.

هەروەک لە شوێنێکی تر دەڵێ:

((ڕەنگ زەردێک لە بەردەم گڵۆپێکی سووردا

چاوە سەوزەکانی بڕیوەتە قولەڕەشێک

کە بە دڵێکی سپییەوی چاوەڕێی،

تێکەڵبوونی ڕەنگەکانە.)) .(جەلیزادە، 2001: 152).

وێنەیەکی هەستیە و بەر هەستی بینین دەکەوێت، سەرەتا ڕەنگ زەردێک لە بەردەم گڵۆپێکی سوردا)، کە بەر هەستی بینین دەکەوێت و ڕەنگی زەرد بە هۆی بینینەوە دەیبینین، هەروەها (چاوە سەوزەکانی بڕیوەتە قولەڕەشێک) (بە دڵێکی سپییەوە)، وێنەیەکی فۆتۆییمان بۆ دەکێشێ و بەر هەستی بینین دەکەون.

**-هەستی بیستن:**

(پەیوەندی بە دەنگەوە هەیە و بەندە بە بەرزی و نزمی دەنگ، جۆرەکەی ڕێڕەوەکەی دەگرێتەوە) . ئەو دەنگانەش وەک خوڕەی ئاو و دەنگی باران و دار و درەخت و چریکە و چرپە و دەنگی مەل و بولبولان ...هتد. دەگرێتەوە، هەر وێنەیەکی شیعری لە سەر بنەمای دەنگ یان ئاواز یان مۆسیقا بنیات نرابێ، ئەوا لە ڕێگەی هەستی بیستنەوە باشتر وەردەگیرێ و هەست بە خۆشی و

جوانی وێنەکە دەکرێت.جەلی زادە لە شیعرێکدا لە ڕێگەی هەستی بیستنەوە وێنەیەکی شیعریمان بۆ دەخوڵقێنێ، لە شیعری (درەختە مەستەکان) دەڵێ:

((کە گوڵ گۆرانیم بۆ دەڵێ،

گەڵاکان دەبن بە کۆرس و

لقەکان شمشاڵ دەژەنن)) . .(جەلیزادە، 2001: 269 ).

(گۆرانی، کۆرس، شمشاڵ) ئەمانە هەموویان بوونە هۆی ئەوەی کە ساعیر وێنەیەکی جوانمان بۆ بکێشێ، بەر هەستی بیستن دەکەون. وێنەیەکە لەسەر بنەمای کەسی بنیات نراوە، (گۆرانی) تایبەتە بە مرۆڤ و بە گوڵی بەخشیوە، هەروەها کۆرس، شمشاڵ و ژەنین ئەمانە تایبەتن بە مرۆڤ و شاعیر بەخشیونی بە لق و گەڵاکانی درەخت، کە ئەمانە بەر هەستی بیستن دەکەون. دەبینین ئەو وێنانە کە (گوڵ گۆرانی بڵێ)، (گەڵاکان ببنە کۆرس و گۆرانی گوڵەکە بڵێنەوە)، (لقەکان شمشاڵ بژەنن). ئەمانە هەموویان ئەو وێنانەن، کە گوێچکە دەیبیستن و هەستیان پێ دەکەین.

دیسان دەڵێ:

((ئەستێرەیەک،

بە چرپە بە هاوڕێکانی گوت،

با..

مانگ بخەینە خوارەوە

مانگ، بۆ داگیرکردنی ئاسمان

کەوا سووری بەر لەشکری مرۆڤ!

مانگ ئەبوریغالێکی ترە!!)) .(جەلیزادە، 2001: 263).

شاعیر وەسفێکی جوانمان بۆ دەکا لە دیمەنی ئەو ئەستێرەیەی کە بە چرپە قسە لەگەڵ هاوڕێکانی دەکات. وێنەیەکە بەر هەستی بیستن دەکەوێت، وێنەیەکی جوڵاومان دەخاتە بەرچاو لە خستنە خوارەوەی مانگ، بۆ داگیرکردنی ئاسمان.

-هەستی چەشتن:

ئم هەستە زیاتر پەیوەندی بە چەشتنەوە هەیە  واتە ئەو هەستەیە کە شیرینی و تاڵی و سوێری و ترشی  و تامە جۆراوجۆرەکانی میوە و خواردنی پێ دەکرێت .هەروەها زۆر جاریش شاعیر لە وەسفی سروشت لە پاڵ هەستی بینینەوە، هەستی چەشتن وێنەی ناسک دەخوڵقێنێ. جەلیزادە وێنەیەکی جوانی ئەم هەستەی بۆ کێشاوین و دەڵێ:

((نەفرەت لە تەمەنی پڕ عیشق و خیانەت!

نەفرەت ئەی هەنگوینی تاڵ نەفرەت!

نەفرەت ئەی ژەهری شیرین نەفرەت!)) .(جەلیزادە، 2001: 189).

(شیرین و تاڵ) بە هەستی چەشتن هەستی پێدەکەین، لێرەدا شاعیر بە پێچەوانە بەکاری هێناون، هەنگوین شیرینە و ژەهر تاڵە، بەڵام شاعیر بە مەبەستی تر بەکاریهێناوە، کە هەردووکیان هەستی چەشتنن. لێرەدا بنەمای وێنەی شیعریەکە هەستی چەشتنە، چونکە خوێنەر تەنها لە ڕێی چەشتنەوە دەتوانێ هەست بە شیرینی و تاڵی بکا.

هەر بۆ ئەم جۆرە وێنەیە لە شوێنێکی تر دەڵێ:

((من تاڵترین پەنجەم

تۆ شیرینترین هەنگوین

ناوێرم تامت بکەم، نەبادا

ژنەکەم ببێتە زەنگەسورە و منداڵەکانم بە هەنگ و

بە ڕوحمانەوە بدەن.))  .(جەلیزادە، 2001: 99).

لێرەدا (تاڵ، شیرین، تامکردن) کە بەر هەستی چەشتن دەکەون، لێرەشدا بە هەمان شێوەی وێنەکەی پێشتر بنەمای وێنەی شیعریەکە هەستی چەشتنە، چونکە خوێنەر تەنها لە ڕێی چەشتنەوە دەتوانێ هەست بە شیرینی و تاڵی بکا. هەروەها هەستی بەرکەوتنیشی تێدایە لە دێڕەکانی کۆتاییدا.

-هەستی بەرکەوتن:

ئەو وێنانە دەگرێتەوە کە (نەرمی و ڕەقی و لوسی و زبری و ساردی و گەرمی دەنوێنن و بە دەستلێدان هەستیان پێ دەکەین. هەڵبەت شاعیر هەر وێنەیەکی شیعری لە ڕێی هەستی بەرکەوتنەوە دەنەخشێنێ، وێنەیەکی بەرزی هونەری نمایش دەکا، ئەگەرچی لە ڕواڵەتدا وێنەیەکی ئاسایی بێت، بەڵام لای شاعیر و بە پەیامێکی بەرزەوە دەیگەیەنێتە خوێنەر) . وەک شاعیر دەڵێ:

((نەتویستووە

سەر لە خەستەخانەیەکی نەخۆش بدەیت و

قاپێک خوێن بە پشیلەکەیەکی بریندار ببەخشیت.

تۆ نەتویستووە

دەستی پەپوولەیەکی کوێر بگریت و بە سەلامەتی

بە شەقامێکی هار و هاجدا

بیپەڕێنیتەوە)) .(جەلیزادە، 2001: 134).

وێنەی شیعری ئەم کۆپلە شیعرە بە تەواوی بەر هەستی بەرکەوتن دەکەوێت، کە (دەستگرتن)ە، دیارە کە کەسێک دەستی کەسێک (پەپوولە) کوێر بگرێت، سەرەڕای ئەوەی بەرهەستی بینین دەکەوێ، بەڵام مەبەستی شاعیر لەو هەستە پڕ ئومێد و مرۆڤانە و هاوکاریەیە، کە کەسی کوێر هەستی پێدەکا، کاتێ کەسێکی تر دەستی دەگرێ، تا لە شەقاێکی دەیپەڕێنێتەوە. بۆیە ئەم وێنەیە هەستی بەرکەوتن بە پلەیەکی بەرزی ئەدەبی لە خۆدا جێکردۆتەوە.

هەروەها دەڵێ:

((پایز، منداڵێکی لاسارە

بە قەدی هەر درەختێکدا هەڵگەڕێن

ڕوومەتی زامار دەکات و

پرچی دەڕنێتەوە...)) .(جەلیزادە، 2001: 377).

شاعیر پایزی بە منداڵیکی لاسار چواندوە. وێنەیەکی جوڵاوە و وێنەیەکە بەر هەستی دەستلێدان دەکەوێت، (بە قەدی هەر درەختێکدا هەڵگەڕێن، ڕوومەتی زامدار دەکات،  پرچی دەڕنێتەوە). وێنەکانی بەر هەستی بەرکەوتن دەکەون و  لەسەر بنەمای لێکچواندن و خواستن بنیاتنراون.

**-هەستی بۆنکردن:**

ئەو هەستەیە کە لە ڕێگای بۆنکردنەوە هەستی پێدەکەین، شاعیر تا ڕادەیەکی زۆر سودی لەم هەستە وەرگرتووە و لە شیعرەکانیدا بەکاری هێناوە وەک لەم کۆپلە شیعرەی خوارەوەدا دەڵێ:

((ئەتۆ ڕەنگیت و منیش بۆن

ببین بە یەک

گەردوون دەبێتە پارچەیێ

گوڵی مێخەک)) .(جەلیزادە، 2001: 200).

شاعیر باس لە گوڵی مێخەک دەکات، کە بۆنێکی تایبەتی هەیە و بەر هەستی بۆنکردن دەکەوێت. کە خۆی بە بۆنی مێخەک داناوە و دەکەوێتە خانەی وەسفکردن.

شاعیر ڕوو دەکاتە یارەکەی و دەڵێت: کەسمان بەتەنیا ناتوانین ژیان جوان بکەین، ناتوانین دنیا بکەین بەیەک پارچە گوڵ و خۆشەویستی... گەردوون کاتێک دەبێتە پارچەیەک مێخەک و جوانی و بۆنی خۆش، کە من و تۆ باوەشمان کرد بە یەکتریا، چونکە من بۆنی مێخەکەکەم و تۆش ڕەنگەکەی... گوڵ ئەو کاتە ماناکانی تەواو دەبن، کاتێک بۆن و ڕەنگ تێکەڵ بەیەک دەبن، بەبێ ئەو ئاوێتەبوونە، نەبۆنەکە بە تەنیا مانابەخش دەبێت و نە ڕەنگەکە. لەم پارچە شیعرەدا دوو وێنەمان هەن، کە بەر هەستی بۆنکردن دەکەون (منی بۆن) و (گوڵی مێخەک) ڕِاستە هەردوو وێنەکە بەر هەستی بینینیش دەکەون، بەڵام مەبەستی شاعیر زیاتر بۆنەکەیە، بۆ ئەم وێنانە (کەسێک تەواو بریتی بێ لە بۆنێک) و هەروەها (گوڵە مێخەکیش کە مەبەست بۆنەکەیەتی)، دوو وێنەن لە ڕێی هەستی بۆنکردنەوە بە تەواوی هەست بە وێنەکان و ماناکانیان دەکرێ.

یان دەڵێ:

((بۆن دێ بۆنی بێگانان

بۆن دێ،

بۆنی چەقۆ و برین.

بۆن دێ...بۆنی گەڵا و چۆلەکە هەڵوەرین.)) .(جەلیزادە، 2001: 230).

ئەم وەسفانە بەر هەستی بۆنکردن دەکەون، کە لە ڕێی هەستی بۆنکردنەوە ئەو وێنانەی دروستکردوە.

**7-بنیاتی وێنەی شیعری:**

**-وێنەی تاک:**

وێنەیەکی تاکە کە دیاردەیەک یان ڕووداوێک نمایش دەکا، بنەمایەکیشە بۆ وێنەی گشتی، چونکە وێنەی گشتی لە دانە دانەی وێنەی تاک پێکدێ، وێنەی شیعری تاک سادەترین وێنەی شیعریە، چونکە تەنها لایەنی شتێک تەنها لە گۆشەیەکەوە دەردەخا. لەگەڵ ئەوەشدا ''وێنەی تاک بەو بچوکییەی خۆیەوە، چالاکە و کاریگەری خۆی لە بونیاتی شیعرد هەیە''(سلێوە،2008: 59) .

وێنەی تاک لە خودی خۆی بەشێکە لە وێنەیەکی گەورەتر و هاوبەندی لە نێوان بەشەکانیدا هەیە، واتە (جۆرە ئۆرگانێکی تێدایە و پەیوەندی نێوان وێنە تاکەکان. پەیوەندیەکی پتەوە و لەگەڵ کۆی وێنەکان سیاقی گشتی دەقەکە لە پەیوەندیدایە) .

بۆ نموونە (قوبادی جەلی زادە) دەڵێ:

((شەو، مێردێکی ئەزەلی خۆرە

خۆریش، ژنێکی ئەبەدیی

شەو...!)) .(جەلیزادە، 2001: 261).

لەم شیعرەدا وێنە تاکەکانمان بریتین لە (شەو، ڕۆژ، ژن) هەر هەموویان وێنەیەکی ئاسایی تاکن و دەتوانرێ سەربەخۆ و دوور لە یەکتر وێنەیان بکێشرێ، بەڵام لە مەبەستی شاعیردا ئەوانە پەیوەندییان پێکەوە هەیە و بە هەرهەموویان واتایەکی گشتی دەگەیەنن و یەکتر تەواو دەکەن و

بازنەیەکی داخراو لە پەیوەندی و هاوبەندی دروست دەکەن، چونکە دەڵێ (شەو مێردی خۆرە و خۆریش ژنی شەوە)، بەمەش بە هەردووکیان وێنە گشتییەکە تەواو دەکەن.

**-وێنەی لێکدراو:**

وەک لە وێنەی تاک گوتمان وێنە تاکەکان کۆمەڵە وێنەیەکی گەورەتر و فراوانتر پێکدێنن، کە پێشیدەگوترێ وێنەی (لێکدراو). کەواتە (هەموو وێنەیەکی لێکدراو لە چەند وێنەیەکی تاکی لەگەڵ یەکتر گونجاو پێکدێ) . بۆیە بۆ دروستکردنی وێنەی لێکدراو حەتمەن شاعیر پێویستی بە چەند وێنەیەکی تاکی هاوئاواز هەیە، تاوەکو ئەو بیرەی لە مێشکیدایە بە خوێنەری بگەیەنێ. بەشێوەیەکی گشتی (وێنەی لێکدراو لە ڕستەی لێکدراو و داڕێژراو بە گوێرەی هاوهارمۆنیەتی ڕستەسازیەکی فرەڕەهەندە پێکدێ)(گەرمیانی، 1997: 54) .

بۆ نمونە (قوبادی جەلی زادە) دەڵێ:

((لەگەڵ ئەو ئاگرە بێ کرم و

بێ مێش و

بێ خەڵوزەدا،

بە شەڕدێین و

چاک دەبینەوە و

ڕووت دەبینەوە و

زاوزێ دەکەین...)) .(جەلیزادە، 2001: 305).

وێنە تاکەکانی ئەم شیعرە بریتین لە (ئاگر، کرم، مێش، خەڵوز، شەڕ، ئاشتبوونەوە، ڕووتبونەوە، زاوزێکردن)، بەڵام کۆی هەموو ئەو وێنە تاکانە بریتین لە وێنەیەکی لێکدراوی هونەری بەرزی ئەدەبی بەسەریەکەوە. کە هەر یەکێک لە وێنەکان دەربهێنی، کۆی وێنەکە لەنگ دەبێ و مەبەستی شاعیر کرچ و کاڵ دەکا و وەکو خۆی پەیامەکە ناگا.

**8- ئەنجام :**

1_ قوبادی جەلیزادە بۆ بەرجەستەکردنی وێنەی شیعری  پەنای بۆ هەستەکان بردووە و سوودی لە هەر پێنج هەستەکە وەرگرتووە، بەڵام زۆر لە وێنە شیعرییەکانی دوو یان سێ هەست تێیدا بەشداری کردووە.

2_ لە شیعرەکانی شاعیردا  وێنە تاکەکان سەربەست نین و هەمیشە بە وێنەی گشتی بەستراونەتەوە. واتە کۆی گشتی وێنەکان زیاتر لە دەلالەتێک دەبەخشن، نەک تەنها خستنەڕوی وێنەیەکی فۆتۆگرافی .

3_.وێنەی شیعری ناڕوونبێژی، ئەگەرچی لە بونیادنانیدا ئەرکی شاعیر ئاسانتر دەکا، بەڵام هەمان چێژ و جوانکاری و سەرنجڕاکێشی وێنەی ڕوونبێژی هەیە.

4_ وێنەی ناڕوونبێژی و ڕوونبێژی زۆر تێکەڵن ، کەم وێنەی شیعریمان هەیە، تەنها وێنەیەکی شیعری ناڕوونبێژی بێ و پەیوەندی بە ڕوونبێژیەوە نەبێ.

5_ بەشی زۆری وێنە شیعریەکانی شاعیر وێنەی "جوڵاوی لێکدراون، دەکەونە بەرهەستی بینینەوە.

6-ئاست و پایەکانی وینەی شیعری بە هەموو چەشنەکانییەوە لە دەقە شیعرییەکانی جەلیزادەدا پلەیهکی بەرزی هەیە و پانتایەکی فراوانیشی داگیرکردوە ، ئەمەش بۆ ئەزموون و توانا و زوق و سەلیقەی شاعیر لەمبارەیەوە دەگەڕێتەوە.

**9-لیستی سەرچاوەکان:**

**پەڕتووک**

– ئەحمەد ، خورشید ڕەشید،(1989)، ڕێبازی ڕۆمانتیکی لە ئەدەبی کوردیدا، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکراوەی کوردی. بەغداد.

_ حەویزی، دەریا جەمال(2007)، وێنەی ڕوونبێژی لە کۆمەڵە شیعری (شەهید بە تەنیا پیاسە دەکات)ی قوبادی جەلیزادەدا، چاپخانەی کەمال. سلێمانی.

_فیستیڤاڵی مەحوی(٢٠٠١)، بەشێک لە بابەتەکانی فیستیڤاڵی مەحوی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر، _قوبادی جەلی زادە، هەمیشە ڕوو لە خودا هەمیشە مەست، چاپخانەی تیشک، سلێمانی.

_ جەلکی، مەسعوود یاسین،(2012) ، ڕۆڵێ هونەرێن ڕوونبێژییێ دچێکرنا وێنێ هۆزانێ کوردیدا. چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

_ عیسا، هاوژین سلێوە،(2009)، بنیاتی وێنەی هونەری، لە شیعری شێرکۆ بێکەسدا، سلێمانی.

**نامەی ئەکادیمی:**

**نامەی دکتۆرا:**

_ گەردی، سەردار ئەحمەد حەسەن(2003). بنیاتی هونەری لە شیعری کوردیدا١٩٧٠_-٢٠٠٢، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی.

_ گەرمیانی، عادل مەجید(2001). وێنەی بابەتی لە هۆنراوەی گۆران و سەیابدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی بەغدا.

**نامەی ماستەر:**

_ شێخبزێنی، سەعد فاروق یوسف(2011)، بنیاتی هونەری لە شیعرەکانی ئەحمەد موختار جافدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

_ مەحمود، فازڵ مەجید(1990) سروشت لە شیعری گۆراندا، نامەی ماستەر، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین.

_ حەمە، هیتلەر،ئەحمەد(2001) وێنەی شیعری لای نالی، نامەی ماستەر، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین.

**گۆڤار:**

_کاکەی فەلاح(١٩٨)، چەمکی وێنەی شیعری، گۆڤاری کاروان، ژمارە ٤٩.

_.ساسین عەساف و گەرمیانی، عادل(1999)وێنەی شعری لە ڕێبازی ڕۆمانتێکدا، گۆڤاری ڕامان، ژمارە ٣٧، ساڵی چوارەم.

_ محەمەد، محەمەد بەکر(1998)، پەخشانەشیعری کوردی، تەکنۆ-سیمانتیکی گوتاری شیعری، گۆڤاری ڕامان، ژمارە ٢٣.

ئینتەرنێت:

_سەنگەر قوباد، توخمی وێنەی شیعری لە کێڵگەی داهێناندا، ٢٠١٣/٥/١٠، فەیسبوکی سەنگەر قوباد. (https://www.facebook.com/senger.q.qadir?fref=ts).

_ شارەزا، کەریم(1997)وێنەی شیعری کوردی لە هەردوو باری چەسپاو و جوڵاویدا، گۆڤاری ڕامان، ژمارە ١٥، ساڵی دووەم.

_ شارەزا، کەریم(1997). وێنەی شیعری لە هۆنراوەی کوردی چۆن دروست دەبێ و بە چ هەستێک وەردەگیرێ، گۆڤاری ڕامان، ژمارە ٩، ساڵی یەکەم.

_ عەبدوڵڵا، عەبدولموتەڵیب( ٢٠١) وێنەی شیعری.

# واتای ڕەنگەکان

# لە شیعرەکانی( فازیل شەوڕۆ )دا

# واتای ڕەنگەکان لە شیعرەکانی( فازیل شەوڕۆ )دا

د. ڕزگار عومەر          م. فەرەیدون قادر

**پوختە ی توێژینەوە:-**

(واتای ڕەنگەکان لەشیعرەکانی فازیل شەوڕۆ) دا. توێژینەوەیەکی وەسفی شیکاری ڕەخنەییە لەبواری شیعریدا،بۆیە سنوری توێژینەوەکەمان جەخت لە سەر واتای ڕەنگەکان لەشیعرەکانی شاعیردا دەکاتەوە. وەک دەزانین واتای ڕەنگەکان تاڕادەیەکی زۆر پەیوەستە بەکەلتوری نەتەوەکانەوە و تێڕوانیان بۆ ئەم ڕەنگانە. لە هەمان کاتدا دەرفەتێکە بۆ ئەوەی بەپێی توانا لە ڕێگای ئەو ئاست و پایانەی واتای ڕەنگەکان هەیانە لەشیعرەکانی شاعیردا بەپلەی شیعرییەتی شاعیر بگەین و تواناو لێهاتوویی شاعیر لەلایەک و بەها و کاریگەریی واتای ڕەنگەکان و ڕەنگدانەوەی لە شیعری  شاعیراندا دیاری بکەین. جگە لەمەش هۆکارێکی سەرەکی یە بۆ ئەوەی جیهانبینی شاعیرو لایەنە ئیستاتیکییەکانی شیعری لای شاعیر بدۆزینەوەو هەر ئەمەش پاڵنەرێکی بەهێزی هێنانەکایەوەی ئەم توێژینەوەیە، وێڕای هەبوونی کۆمەڵێ گیروگرفت وەک کەمی سەرچاوەی پێویست لەم بارەیەوە.ئەم توێژینەوەیە لە دووبەشی سەرەکی پێکدێت و لە بەشی یەکەمدا هەوڵمانداوە پێناسەی چەمک و زاراوەی ڕەنگ بکەین ،کە لە ڕوانگەی زانستیەوە چۆن لێکدانەوە و شیکردنەوەی بۆ  کراوە بخەینەڕوو. کە لە چوارتەوەر پێکهاتووە:لەتەوەرەی یەکەمدا باسی چەمک و پێناسەی ڕەنگەکانمان کردووە .لەتەوەرەی دووەمدا لە گۆشە نیگای زانستیەوە ڕەنگەکان شی دەکەینەوە .لە تەوەرەی سێیەمدا جەخت لەسەر واتای ڕەنگەکان لە فۆلکلۆری کوردیدا دەکەینەوە ، چونکە کوردیش وەکو هەموو گەلانی دیکە خاوەنی کەلەپوور و فۆلکلۆری خۆیەتی و ڕەنگدانەوەی فراوانی هەیە.تەوەرەی چوارەم تیشک دەخاتە سەرپەیوەندیی ڕەنگەکان بەڕەوانبێژیەوە و ڕەنگدانەوەی لەشبعردا. بەڵام بەشی دووەم تایبەتە  بەواتای ڕەنگەکان و پێگەو کاریگەری  چۆنییەتی بەکارهینانیان وخشتە و ئاماری ڕەنگەکان لە دەقە شیعریەکانی شاعیردا. .کە لە چوار تەوەر پێکهاتووەو تەوەرەی یەکەم دەربارەی واتای رەنگەکانەلەدەقە شیعرییەکانی شاعیردا.تەوەرەی دووەم باسی ڕەنگەکان وەک ڕەمز لە دەقە شیعرەکاندا دەکات . تەوەری سێیەم پێگەی  جۆری ڕەنگەکان لە شیعرەکانی شاعیر دەخاتەڕوو. هەرچی تەوەرەی چوارەمیشە بۆڕەهەندو کاریگەری ڕەنگەکان لەشیعرەکانی شاعیر تەرخان کراوە. لە کۆتایدا ئەنجامی توێژینەوەکە و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکەمان بەهەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خستۆتەڕوو.

**کلیلە وشەکان :** واتای ڕەنگەکان .شیعری  نوێ ، رەوانبێژی ،واتای رەمز ، ڕەهەندی ڕەنگەکان

**پێشەکی:** ڕەنگ لە شیعرەکانی (فازیل شەوڕۆ)دا دەروازەیەکە بۆ تیشک خستنەسەر کاریگەری و پێگەی ڕەنگ لە شیعرەکانی شاعیردا بۆ پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییەی لەم بوارەدا بەدی دەکرێ. سیحری ڕەنگ لەوەدایە، لە دەنگ پتر و قوڵتر دەڕژێتە ڕۆحەوە، ئەگەر بەوردییەوە سەیر بکەین ئەو پەلکەزێرینە حەوت ڕەنگەی کە تەمەنی هەر دووسێ خوولەکە، تا مودەتێکی زۆر ڕەنگی لەسەر پەڕەی مێشکی مرۆڤ کاڵنابێتەوە، هەر ئەو سیحرەشە وای کردووە شاعیران و نوسەران و هونەرمەندان، نەمریی لە ڕەنگەکاندا بدۆزنەوەو بە ڕەنگەکان ئارایشتیان بکەن و لەسەر باڵی ڕەنگاڵەی وشەو تابلۆدا بۆمانی بکەنە دیاری. بێگومان ڕەنگ ئایەتە، ڕەنگ چاوە، ڕەنگ هزرە، بۆیە کەس بەقەد ڕەنگناسان گیانی ئاسوودە نییە و کەسیش بەقەد ڕەنگکوژان زەبوون وزەلیل نییە.

**ناونیشانی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە کە بە ناونیشانی( واتای ڕەنگەکان لە شیعرەکانی فازیل شەوڕۆ) یە . هەوڵێکە بۆ خوێندنەوەیەکی ئەدەبیانەو لێکدانەوەو شیکردنەوەی واتای ڕەنگەکان لە شیعرەکانی فازیل شەوڕۆدا . بۆ ئەوەی واتای ڕەنگەکان و هۆکاری بە کارهێنانی ڕەنگەکان لە لای شاعیردا بزانین وهە ر لەم گۆشە نیگایەشەوە تێڕوانین و بیرو خەیاڵ و ئەندێشەی شاعیر پێشان بدەین .کە ئەمەش تاڕادەیەکی زۆر دەتوانێت هاوکارمان بێت لە گەیشتن بە تێگەیشتنیکی واقعیانە بۆ واتای ڕەنگەکان لە شیعرەکانی ئەم شاعیرە هەست ناسکەدا .

هۆکارو گرینگی هەڵبژاردنی بابەتەکە : وەک دەزانین هەر توێژینەوەیەکی زانستی نرخ و بەهای تایبەتی خۆی هەیە بۆیە ئیمەش گرینگی و بایەخی ئەم بابەتە لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەبینینەوە کە ئەمانەن:-

1_کاریگەریی ڕەنگ و بەکارهێنانی لەبواری ئەدەبی و هونەری بەگشتی و لە شیعردا بەتایبەتی پێگەیەکی بەرزو بەهێزو فراوانی هەیەو شاعیران لە داڕشتنی بەهەمەکانیاندایەنای بۆدەبەن و بایەخی پێدەدەن .

2_ واتای ڕەنگەکان لە ناو دەقی شیعری و ئەدەبیدا ڕەنگدانەوەیەکی بەهێزی لەسەر زیندوویەتی و نەمری دەقی شیعری و لایەنی ئیستاتیکییەتی شیعری هەیە .ئەمەش هۆکارێکە بۆکردنەوەی ئاسۆیەکی نوێ لە بە ردەم واتای دەق و داهێنان و جوانکاری دەق .

3_ هەربەهۆی  واتای ڕەنگەکانەوە دەتوانین ئاستی داهێنان و گۆڕانکاری و بنەمای هزری شاعیرو سەردەمەکەی دیاری بکەین.

**سنورو چوارچێوەی تویژینەوەکە:**- توێژینەوەکە لە چوارچێوەی شیعرەکانی فازیل شەوڕۆدا دەخولێتەوە و هەموو نموونە کانیش لە نێو دەقەشیعرەکانی شاعیردا خراونەتە ڕوو.بەمەبەستی دەرخستنی  واتای ڕەنگەکان و کاریگەریان لە سەر دەروونی شاعیردا.

گیروگرفتی توێژینەوەکە:ئەو توێژینەوەیە هۆکارێکە بۆ خستنەڕووی ئەو گیرو گرفتانەی لەچوارچیوەی واتایی ڕەنگەکاندا لە شیعرەکانی شاعیردا بەدی دەکرێت ، کەدەبێتە هۆی دیاری کردنی ئاستی ئیستاتیکیەت و پلەی شیعریە تی شاعیر .

**ڕێبازی توێژینەوەکە:** لە نوسینی ئەم تویژینەوەیەدا بە پێ ی  پێویستی  لایەنە زانستی و هونەریەکانی ئەم تویژینەوەیە ریبازی شیکاری وەسفیمان  پەیرەوکردوە. ئەم لێکۆڵینەوەیە بە میتۆدێکی وەسفی شیکاری ئەنجامدراوە. لە ڕەوتی لێکۆڵینەوەکەدا کە لە دوو بەشدا ڕێکخراوە، سەرەتا وەک پێشەکییەکی تیۆری باس لە چییەتی ڕەنگ کراوە و لە ڕووی تیۆرییەوە هەوڵدراوە چەمکەکەی و مێژووەکەی و تایبەتمەندییەکانی ڕوون بکرێنەوە. بۆ ئەم مەبەستەش زۆرتر ڕوانگەکانی زانایان و نوسەرانمان وەکو بنەمای سەرەکی وەرگرتوون، ئەگەرچی لە دەرخستنی ڕەهەندە مێژووییەکەی سەرنجمان خستووەتە سەر بیرمەندگەلێکیتریش کە بەم بابەتە کاریگەر بوون..دواتریش لە بەشی دووەمدا، هەوڵدراوە ئەو بنەما و تێگەیشتنەی کە لە مێتۆدی  واتای ڕەتگەکان  هەیە، بەکار بهێنرێ و شیعرەکانی فازیل شەوڕۆیی  پێ بخوێندرێتەوە. لەم ڕوانگەوە ئەوەندەی کرابێ هەموو ئەو ئاماژانە بەرچاو گیراون، کە لە ڕێگەیانەوە دەتوانین وەک بەشێک لە کاریگەرییەکانی ڕەنگ بیانبینین.لە کۆتاییدا، هیوادارم توانیبێتم خزمەتێکی بچووک  بەشاعیر و شیعرو ئەدەبیاتی کوردی بکەم،

## 1. چەمک و پێناسەی ڕەنگ:

**1.1 زاراوە و چەمک  و پێناسەی ڕەنگ:** لەفەرهەنگی هەمبانە بۆرینەدا وا پێناسەی ڕەنگ کراوە:" ڕەنگ چۆنیەتی دیمەنێکە کە دێتە بەرچاو، وەک سپیەتی، سوری، زەردی...تاد" و ئەو مانایانەشێ لەبەر دەگرێتەوە:" واشی، بار، جۆر، تەرز / چونیەتی بیجم و شکڵ"، ئەوجا نزیکەی (٣٥) وشەیەکی پەیوەست بە ڕەنگ بەدوای خۆیدا دێنی. هەر لە هەمان فەرهەنگدا، وشەی (ڕهنگ، بە واتەی ڕۆشنایی و ڕۆناکی) دێ و وشەی "ڕەهن /  ڕەهنگ، مانای بیلەی چاو" دەدەن ( هەژار،

٢٠١٤: ٣٩٢ – ٣٩٤). هەرچی فەرهەنگی ئۆکسفوردی ئینگلیزییە بەم شێوەیە ڕەنگ پێناسەدەکا: "خەسڵەتێکە لە شتێکدا دەبینرێ، یان هەستێکە دەکەوێتە بەر دیدی چاو، لە ئاکامی بەرکەوتنی ڕۆناکی بەو شتە"..................... (https://en.oxforddictionaries.com/definition/colour).

لەو دوو پێناسە سادەیەی ئەو دوو فەرهەنگە دوو شت دەخوێنینەوە، یەکیان ئەوەیە کە ڕەنگ بە چاو دەبینرێ، دووەمیشیان بەبێ بوونی ڕۆناکی، ڕەنگەکان خۆیان نانوێنن. ئەوەی جێگەی سەرەنجە، وشەی (ڕەنگ و ڕەنگ و ڕەهنگ)ی کوردی، زۆر لێک نزیکن لە دەنگ و واتادا، ئەو (٣) وشەیە کردەی چاوو بینین و شکانەوەی ڕۆناکییەکە بە ئاشکرا بەیەکەوە ئاوێتە دەکەن. کە زانستی ڕەنگی پێیدەگوترێت .

**2.1 : ڕەنگ لەڕوانگەی زانستییەوە:** هەر چەندە ڕەنگ شتێکی بەرجەستە نییە، بەڵام ئەوە ناگەیە نێ کە لەڕووی زانستییەوە نەگەڕێتەوە بۆ دۆزینەوەی زانستییانەی ڕەنگ، هەندێ پێیان وابوو کە تەنها ڕەنگی سپی هەیە، بەڵام دواتر دەرکەوت کە ڕەنگی "سوور، شین، زەرد" ڕەنگی بنەڕە تین بۆ دروست بوونی ڕەنگەکانی تر. (شێخانی، 2013: 4)زانای گەورەی فیزیایک (ئیسحاق نیوتن)یش، لەڕێگای شیکارە زانستییەکانیەوە، توانی جۆرەکانی ڕەنگ زانستییانە شیبکاتەوە و ئە و بۆچونەی کە پێشتر باوەڕیان پێ هەبوو، سەرلەبەری لەبەریەک هەڵتەکێنی، کەئەویش ئەوەیە کە ڕەنگی سپی دایکی ڕەنگەکانە. بەپێی لێکدانەوەی (نیوتن)، ە کە بەم شێوەیە تاقیکردنەوەکەی ئەنجامدا "کاتێک ڕووناکی خستە سەر پارچە جامێکی نووسراو یاخود داتاشراو دوای لێکۆڵینە وەی لەسەر پێکهاتەکانی سەرەکی، کەدواتر بەوە ناسرا پێی دەڵێن پەلکە زێڕینەکان، ئەم ڕووناکییە دەکەوێتە سەر هەر شتێک، جۆرە ڕووناکییەک دروست دەکات، بەپێی سرووشتی ئەم شتەییە و بەپێی ئەم پێوەرەی کە ڕووناکییەک دەیداتەوە. ئەگەر بینیمان کاتێ ڕووناکی لەهەر شتێکی داو تیشکی نەدا ئەوا ئەو ڕەنگە ڕەشە، بەڵام ئەگەر ئەم لاشەیە ڕووناکی دایەوە ئەوا ڕەنگی ئەم پارچە لاشەیە سپییەو هەندێک جار شتەکە ، هەندێک لە پێکهاتەی ڕووناکی دەداتەوە". (شێخانی، 2013: 5) بۆ یەکەم جار لەمێژووی زانستی ڕەنگدا، (ئیسحاق نیوتن) چەند تاقیکردنە

وەیەکی کرد و لەئەنجامەکانیدا زانستییانە، دروستبوونی ڕەنگەکانی یەکلاکردەوە ئەمەش بە ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکانی لەسەر بابەتی شیکردنەوەو شیتەلکاریی تیشکی خۆر و ڕەنگەکانی شەبە نگەخۆری "پەلکەزێڕینەی دەستکەوت" کەئەویش بریتییە لە حەوت ڕەنگە سەرەکییەکە: "سوور، پرتەقاڵی، زەرد، سەوز، شین، نیللی، بنەوشەیی". (شێخانی، 2013: 4) بەم شێوەیە بە بە کارهێنانی ئەو ئاوێزە شووشەییەوە، (نیوتن) تیۆری (ڕەنگی سپی) پووچەڵ کردە، کاتێک (ڕەنگە سپییەکەی خۆر چووەناو ئاوێزەوەکە، گۆڕانی بەسەردا هاتووە تەنها بە ڕەنگە سپییەکەوە نەماوە بەڵکو شییکردۆتەوە، ئەوەی نواند کە تەنها کاری ئاوێزەکە شیکردنەوەو جیاکردنەوەی بووەنەک گۆڕینی). (سالار، 2009: 65) کەواتە لەڕووی زانستییانە دەڵێین، (نیوتن)سەلماندی کە کۆمەڵێک ڕەنگ هەیە لە سرووشت دا و تیشکی خۆریش هۆکاری سەرەکی دەرکەوتنی ڕەنگەکانە، چونکە ڕەنگ و تاریکایی دەرکەوتنی کەمترە جگە لە (فسفۆر) کە دەکرێ هەر هۆکارێکی ڕووناکی دەرکە وێ.زانای ئەڵمانی (د. ئۆسواڵد Dr. Oswald) لەساڵی ،1917 لە باسێکیدا هەوڵی داوە ژمارەی ڕەنگەکان دیاری بکات، چ ئەوەی لە سرووشت دایەو چ ئەوەی لەشەبەنگی خۆردایە ، جگە لەمانە ش دروست بوونی ڕەنگی نوێ، هەندێک بیر و بۆچوون هەیە کە لەو دیوی دونیای ماددیەتەوە، بەواتایەکی تر بڵێین کە لە بەهەشت هەزاران ڕەنگی نەبینراو هەیە کە ئێمە عەقڵیشمان پەی پێنابات، هەرچەندە لەڕووی زانستییەوە، سەلماندنی ئەوە کارێکی نەکردەیە، بەڵام بووەتە بە شێک لە زانیاریی گشتی، لەلای خەڵکانی خاوەن عەقیدە، زانای ئە ڵمانی، (د. ئۆسواڵد Dr. Oswald) پێی وایە "پتر لە 900 ڕەنگ هەیە". (سالار، 2009: 66) "تا ئێستا ژمارەی رەنگەکانی کە چاوی مرۆڤ توانیویەتی لێکیان جیابکاتەوە گەیشتۆتە نزیکەی (١٠) ملیۆن ڕەنگ... بەڵام زاناکان ژمارەکە بە زۆرتر دەزانن و ئومێدەوارن لە ئایندە زۆر رەنگی دیکەش بدۆزنەوە کە تاکو ئێستا ئێمە پێیان ئاشنا نەبووین".

( http://www.rit-mcsl.org/fairchild/WhyIsColor/files/ExamplePage.pdf) دەکرێ ڕەنگەکان، زانستییانە بەرسەر ئەم دوو کۆمەڵەدا دابەش بکەین؛ یەکەم: ڕەنگە کرۆماتیکییەکان

(Chromatic Colors): بریتییە لەچوار ڕەنگە سەرەکییەکەی شەبەنگەڕۆژ: زەرد، سوور، شین، سەوز. دووەم: ڕەنگە ئەکرۆماتیکییەکان (Achromatic Colors):کە هەردوو ڕەنگی: ڕە ش و سپی دەگرێتەوە. (سالار، 2009: 66)چونکە ڕەنگ ئەمرۆ هەم زانستە و هەم ئامرازێکی پەیداکردنی کرپارە بۆ بەرهەمەکانی دەستی مرۆڤ کە دەستکەوتی ماددی باشی بەدواوەیە، زۆر لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە، لە جلوبەرگ و هەموو جۆرە دیزاین و نەخشەو نیگارێک، کار گەیشتۆتە ئەوەی هەم بۆ ئەشکنجەو ئازادران، رەنگ بەکار دێ و هەم بۆ ئەڤێنداری و خۆشەویستی و سەغلەمی و تەندروست باشیدا. بۆ ئەشکەنجەدان لە زیندانەکاندا بە ڕەنگکردنی دەروبەری بەندکراو بە ڕەنگی ئازار بەخشی وەک سووربۆ شوێنی خۆشگوزەرانی و هێمنیش ڕەنگی سەوزو پەمەیی... تەنانەت لە وەرزش و گەمەکانیشدا لە کۆنەوە ڕەنگ ڕۆڵی هەبووە گەمەی گاو دەسماڵی سووری ئیسپانییەکان بەبێ تاراو دەسماڵی سوور ناکرێ، چونکە چاوی گا هەر ڕەنگی سوور دەبینێ، ئەوەیش ئەگەر بجوڵێتەوە و لە حەڕەکەدابی. ئێمرۆ کە دیزاینی باڵەخانەیەک، یان قوتابخانەوە نەخۆشخانەوە شێتخانەوە سینەمایەک، بۆ نموونە دەکرێ، وەک چۆن ئەندازیاری خانووبەرە هەیە، ئەندازیاری ڕەنگیش کاری خۆی تێدا دەکا. هەموو ئامێرەکانی تەکنەلۆژیایی سەردەمیش، زۆر پەیوەستن بە زەوق و دیدی کرپارەکانیان لە بارەی ڕەنگ و جۆرەکانییەوە، ئەمە گەیشتۆتە جیهانی بۆن و دەنگیش چونکە دەوترێ ئەوانیش رەنگی خۆیان هەیە .

**3.1: ڕەنگ لە دەقی فۆلکلۆری کوردیدا:** کوردیش وەک هەموو گەلانی دیکە، لەهەموو بوارێکی ژیان و ژینگەدا، خاوەن کەلەپور و فۆلکلۆری تایبەت بەخۆیەتی. بێگومان ئامرازی سەرەکی دارشتن و گواستنەوەی ئەو فۆلکلۆرەش زمانە، کە بۆتە پارێزەری نەتەوەو مانەوەو بەردەوام بوونی سەرەرای هەموو کارەسات و نەگبەتی و نەهامەتییەکانی.دەبینین ، نەتەوەی کورد بە هۆی بوونی کلتورو فۆلکلۆرێکی ڕەسەن و زۆروزەبەندەوە ماوەو بەردەروامە لە هەنگاونان. بێگومان

ڕەوشی ژیانی ڕاووڕاوچیەتی و کۆچەری و ئاژەڵداری و کشتوکاڵ، هەموو جێ پەنجەی خۆیان لەو میراتە پڕگەنجینەیە بەجێهێشتووە.

نابێ ئەوەش فەرامۆشبکەین کە ڕەنگەکانی سرووشتی کوردستان لە دیمەنی شاخ و داخ و دەشت و دەرو روبارو کانی و کوێستان و بەفرو... هەمووی ڕەنگیداوەتەوە، ئەو هەموو ناوە جوانانە لە ڕەنگ خواستراوەنەتەوە: سەوزەڵی و بەفرین و هەورین و ڕەشێ و کەسکە و ئەسمەر و نەخشین و ڕەنگین و ڕەنگاڵ و ڕەنگاڵە. تەنانەت ئەمە لە ڕەنگی پۆشاکی ژن و پیاو و منداڵەکانی کورددا دەبینیرێ، خۆ بەهاران، لە سەیرانان گوڵ و چیمەن و گوڵاڵەو ڕەنگی کراس و کەواو سوخمەی کچ و ژناکانیان لێک چودا ناکەیەوە، ئەگەر لە شوێنی خۆیان نەجووڵێنەوە، هەروا دەزانی سرووشتە جوانەکەی بەهارە دانیشتوەو ڕاکشاوە.

جگە لەمانەش کوردەکان سەرنجیان بۆ گۆڕانی ڕەنگی دارودرەخت و دارستان و شاخ و کێو و گیانەوەرەکانی دەروبەریشیان دەکرد. دەیابینی شەگردو بۆق و مارو مامرمیلۆک چۆن ڕەنگی خۆیان بەپێ ڕەنگی خاک و خۆڵی دەوروبەریان دەگۆڕن.

یەک پەشمە یان بەڕە یان مافوری کوردی هەمان وێنەو ڕەنگی سرووشتی ناوچەکەیان وە رگرتووە، ڕەشماڵ و دەسماڵ و کورەبار و کڵاش و هەوری و کراسی بەباخەڵ و سوخمەو ڕە نگی ئاڵو واڵای جلی ژنانەو هەروەها کەرەستە فۆلکلۆریەکانی تێکەڵەیەکن لە ڕەنگەکانی سرووشتی کوردستان. بۆیە دەتوانین بڵێین ڕەنگی فۆلکلۆری "بریتییە لەو ڕەنگانەی کە لە زۆر کۆنەوە بۆ کورد ماوەتەوە خاوەنێکی دیاریکراوی نییە". (شێخانی، 2013: 67). "ڕەنگی کەلەپوور کەرەستەی فۆلکلۆری کوردی جیایە لە ڕەنگ و فۆلکلۆری کەرەسەی گەلانی تر کەئەمەش بە هۆی ئەو ماددە خاوانەیە کە لێیان دروست کراوەکەڕەنگی سرووشت و گیانەوەرانی ناوچەکەی وەرگرتووە بۆ نموونە گوریس". (شێخانی، 2013: 67) وەک لەپێشووتریش ئاماژەمان پێکرد ڕە نگی سرووشتی کاریگەری هەیە لە سەر ڕەنگی بوونەوەرەکان (مرۆڤ، گیانەوەر، زیندەوەر) ئە وەتا بەپێی لێکۆڵینەوەیەکی ئافرەتێکی ئەمریکی (بسی.م. هنغت) کە کتێبێکی بەناوی (هەموو شتێ

دەربارەی مار) نووسیووە "ڕەنگی پێستی مار، بەپێی ژینگەو دەورووبەری ئەو شوێنەی کە تیا دە ژی، دەگۆڕێ. لە زەویە کشتوکاڵییەکاندا ڕەنگی سەوزە، لەخۆڵ و لمدا ڕەنگی زەرد یان سوور و زەردە. جوانترین مار ماری (بوا)یە کەسکی وەکو ڕەنگی سافی ئاسمان شینەو پشتی وەکو گیای دارستان سەوزەو لەسەر درەخت دەژی، کە باڵندە لە سەرەوەدەیبینێ وا هەست دەکات بەشێکە لەڕەنگی دارستان و کە لە خوارەوەش دەیبینێت وا دەزانێت ڕەنگی ئاسمانە. لەبەر ئەمەبەئاسانی نێچیری خۆی دەگرێ". (ڕەسول، 2005: 128) سروشت کاریگەری هەیە لەسەر دەرکەوتنی ڕە نگ و هەروەها لەسەر پەند و ئیدۆم و توانج کە بەشێکن لە فۆلکلۆر وەک دەبینین زۆرجار لەناو فۆلکلۆری کوردی هەندێ پەند و توانج هەیە مرۆڤە کەدەشوبهێنێت بەڕەنگی گیانەوەرەکە یان باڵدارەکە وەک دەڵێ (دەڵێی قەلەڕەشە دەقیڕێنێ)، ئەم توانجە خاوەنی یەکەمی دیار نییە بەڵکو دە ماودەم وتراوەو بووەتە بەشێک لەفۆلکلۆری کوردی، هەروەها لەپەندی کوردیش زۆرمان هەیە لەمجۆرە بۆ نموونە: "چاوی سوور بووە". (خاڵ، 2007: 154) هەروەها لە چیرۆکی کوردی ڕەنگ زۆر بەکارهاتووە لە هەر شوێنە و بۆ مانا و مەبەستێک،" لەچیرۆکی (گایە زۆران بازەکە)، بۆ لێک جیاکردنە وەی گایەکان ڕەنگ بەکارهاتووە وەک: گاڕەش، گابۆر، کەواتە لێرەش دا سرووشتی ڕەنگی گیانەوەرەکان یان ئاژەڵەکان ڕەنگدانەوەی هەیە لەناو فۆلکلۆری کوردیدا". (میسرى، 2015: 41)، بۆیە تەنیا ڕەنگی سپی مەڕ و بزن، بۆتە دەست نیشانکردنی پتر لە سەد جۆریان بەگوێرەی ئەو پەڵە رەش و سپییەی کە لەسە خورییەکەیاندا هەیە، تەنانەت ئاژەڵدارەکان بە مەرو بزن دەڵێن، لە سپیان و لە ڕەشان. ڕەنگی درەخت و دار و دەوەن و کێو و گرد و دە شت و دۆڵەکان ...تاد.، بەشێکیان بەهۆی ڕەنگەکانیانەوە ناولێنراون بۆ نموونە: چیای (کێوەڕەش) ،بەهۆی ڕەشیی ڕەنگ کێوەکە، یان دەڵێن (ڕیحانەڕەشە) ،ئەو ڕیحانەیە کەڕەنگی پەلکەکانی ڕەشە . ئەوجا دەیان ناوی دیکەی وەک (گۆمەشین و چیازەردەو و گردە سپییان، گردەسۆر ...تا.) .ڕەشەو سوورە و زەردە و شینە و گورگە و بۆرە و بەڵەک، لە کەم شارو دێیان هەیە، پیاویان بەوە ناوانەوە نەبێ و شانازیشی پێوەنەکەن. نابێ ئەوەش فەرامۆش بکەین کە هەریەک لەو ڕەنگانە هێز و وزەوو و جۆرە ڕاکێشانێکی خۆیان هەیە، بۆ نموونە ڕەنگی ڕەش، ( باوترین ڕە

نگی پۆشاکی هەردوو ڕەگەزەکەیە کە لە هەموو سات و وەرزەکاندا دەپۆشرێت، ڕەنگی ڕەشی ماکی هێز و وزەو کارامەیی و جوانپۆش و سەربەخۆیی تێدایە، زۆرجار ڕێخۆشکەری سازدانی پێوەندییە، (ریتاتانیوس) لەکتێبی (ئەمەیە ڕەنگ)دا دەنووسێت: ڕەنگی ڕەش پەیوەست بووە بە زە وییەوە و سیمبولی پیت و بەرەکەت بووە. "ڕەش لای هیبیەکان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی یاسا و ڕێسا باوەکان بەکارهاتووە، لەلای میوزیک ژەنە کان تایبەتمەندیە بۆ ڕەنگەکەو خێرایی گۆڕانکاری لەچرینی ریتمەکان، زەردەشتیەکان بەڕووخساری سیاوە وێنەیان لەسەر دیوارەکان کێشراوە، شیعەکان لەمەڕاسیمی عاشورادا ڕەش دەپۆشن، هەر چەندەلەجل و بەرگدا ڕەنگی ڕە ش سیمبولی تازیەباری و خەمە بەڵام لەمۆدەو پۆشاکی ژناندا لایەنی شەهوەتبازی و وروژانی سێکسی تێدایە،بۆیە پڕفرۆشترین کوتاڵ لەدونیادا ڕەنگی ڕەشە".(شەورۆ، 2017: 29). کەواتە سەلمێندراوە کە فۆلکلۆری کوردی دەوڵەمەندە لەڕەنگ، بەهۆی ڕەنگی سرووشت و گیانەوەرە کانی دەروبەری و وەرزەکانی ساڵە. دیارە دەزانین کە فۆلکلۆری کوردی، تا بڵێی دەوڵەمەندە بە شیعر و بەندو بەندۆکەو لایلایەو سەردولکە و بالۆرە ...تاد. کە پشتاوپشت و دەما و دەم لەسەر زاری هونەرمەندانی میللی کورد و جوتیار و دایک و لاوک بێژان و حەیرانبێژ وبەیتبێژان بۆمان ماتەوە. (شایی و هەڵپەڕکی و ئاهەنگ و داوەتەکان) لە کوردەواریدا ، یان درویێنەکردن و ساوەرکووتانەوە و مەڕدۆشین و بێریکردن.. هەمووی بەرهەمە فۆلکلۆریی ڕەسەنی کوردین. جا هەریەک لەو ڕستانە چەندان لق و پۆیان لێبۆتەوە، وەکو جۆرەکانی لاوک و حەیران و مەقام و سیاچەمانەوە هۆڕە ...تاد. بێگومان ئەو بەرهەمانە هیچیان خاڵی نین لە ڕەنگەکان جا ڕاستەوخۆ باسکرابن یان ناڕاستەوخۆ. هەر بۆ نموونە. ڕەنگ تەنانەت لە ناو فۆلکلوریشدا وەک ڕەمز بەکار هاتووە:

ڕەنگ **زەرد** و لێو بەبارم

عاشـقی بە چـاوی یـارم

ئەگــەر ئەزانی بەحـــاڵی دەردم

گریانت مەیە و، پەی ڕەنگی **زەردم** (کاکەیی، 2005: 59)

لەم دوو دقە فۆلکلۆرییەدا، ڕەنگی زەرد هەرجارەی دەرهاوێستە هۆکارێکە، یەکەمیان نەخۆش و دەردەداری عێشقە، دووەمیان لە تاو غەریب و دووری یارە. بۆیە ئەگەر وردتر لە ڕەنگی زەرد بڕوانین لەناو ئەدەبی فۆلکلۆریدا، دەبینین، ئەوا پاییز سەردەستەی ڕەنگەکانە و هەرچی ڕەنگ زەردی هەیە لە گەڵا زێڕینەکانی ئەودا کۆکراوەتەوە، بە دەیان دەقە شیعرمان لەبەر دەستە:

ڕەنگ زەردی خەزان، خەتای پاییزن..........

ڕەنگ زەردیەکەی من، دووری ئازیزن (کاکەیی، 2005: 59)

بڕوانن، چۆن ڕەنگی کراسی یار بۆتە ڕەنگدانی خۆشەویستیی نە بۆ زێدو ماڵ و نیشتیمان:

تۆ لە سلێمانی بە کراسی حەوت ڕەنگ

منیش لە تــاران غــــــەریب و دڵتەنگ (ڕەسول، 1970: 70)

دەبینین، ڕەنگی ئەو جیایە لە گەڵ ڕەنگی تارانییەکان، بۆیە هەست بە غەریبی دەکا بەڵام یارەکەی چونکە لەناو کەس و کار و شارەکەی سلێمانی خۆیەتی، حەوت ڕەنگە و ئاماژەیە بۆ خۆشی ی ناو خزم دۆستان، ڕەنگی غەریبی بۆ نموونە:ڕەنگی وڵات لەم هاوکێشەیە جوانتر دەردەکەوێت:

*ژیان لە دوورە وڵات = بە ڕەنگی غەریبی*

*ژیان لەباوەشی وڵات = بە کراسی ڕەنگا و ڕەنگی*

کەواتە بایەخی شیعری فۆلکلۆری کوردیدا دەمێکە بەرز نرخێندراوە، ئەوەتا (نیک تین)دەربارەی ئەدەبی کوردی دەڵێت: "هەر لێکۆڵینەوەیەک لە ئەدەبیاتی کوردی، دەبێت لە پێش هەموو شتێکدا لەسەر فۆلکلۆری ئەو نەتەوە بکرێت (غەفووری، 2018: 29)

ڕەنگ و ڕەنگڕێژکردن  مەرج نییە لە ئەدەبدا تەنها یەک مانایان هەبێ، لەم دێڕە شیعرە فۆلکلۆرییانە ڕەنگی سوور بۆ مەبەستێکی تر بەکاردێت کە نیشان و ئاماژەیە بۆ ساتی دڵخۆشی و ڕەنگدانەوەی لەسەر ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤدا، وەک  (کوڵمی یار)وەک لەم چەند نموونەی خوارەوە دەردەکەوێت:

خۆزگەم بەو خوشکەی برای دێ لە دوور

دەسکاتە ملی ڕەنــگی ئەبێ **ســـــوور**   (کاکەیی، 2005: 67)

لەم دەقە فۆلکلۆریانەدا، ڕەنگی سوور هێمایە بۆ مووژدەی هاتنی خۆشی و شادی.  لە دێڕی یەکەم ڕەنگی سووری یارەکەی لەو کاتە دەردەکەوێ کە براکەی لە دوورەوە دێتەوە بە دەم و چاویەوە دیارە، یان کاتێک کچ بە یارەکەی دەڵێ دەستە سرِی سوور با لە گیرفانت بێ بۆ ئەوەی لە دیوەخان ئارەقی پێ بسرِێ ئەمە بەو مانایەی کە ڕەنگی سوور هەرچەند تایبەتە بە کچان، لێ پیاوانیش دەکرێ بەکاری بهێنن.ئەو هەویرە ئاو زۆر دەکێشی، بۆیە بە کورتی دەڵێین: ڕەنگیش وەکو زۆر پێکهاتەی دیکەی ژیان و ژینگەی کوردەرواری، زۆر              بە جوانی لە هەموو شتەکانیاندا، بە کەلەپورو فۆلکلۆریشەوە ڕەنگی داوەتەوە.

### 1.4.1- پەیوەندی ڕەنگ بە ڕەوانبێژییەوە:

ڕەوانبێژی کە ئامرازی گەشکردنەوەی مانا و دەلالەتەکانی وشە و گوزارشتە، چەندان پێناسەی بۆ کراوە، هەر یەکەی لە گۆشە نیگایەکەوە، تێڕاماوە، وەک دەگوترێ؛ ڕەوانبێژی زمانێکی تری گفتوگۆیە، جۆرێکی تر لەدەربرِین کە دانانی وشەکان لە چوارچێوەی ڕستە یان دەقە شیعر کە مانایەک بەرجەستە بکات کاریگەری  لەسەر پەیامگر ( خوێنەرو بیسەر و بینەر) هەبێ و واتایەک بێنێتە ئاراوە تەواو جیاواز بێ لەوەی کە دێتە گۆ. بەو واتاییەی کە هێز دەداتە ئەو وشەو دەقە شیعرەکە، لە پێشتر بوونیان نەبووە. ئەمەش بە جوانی لە زۆر قسەی نەستەقی کوردی و پەند و

ئیدۆم  بەدی دەکرێ. دەتوانین ڕەوانبێژی بگەڕێنینەوە بۆ ئەو وێنەو هێما و جوڵەی لە نێو وشەکاندا شاردراونەتەوەو، ئامرازی ڕەوانبێژی تیشکیان دەخاتە سەر، تا جوانترو و قولتر و کاریگەرتر دەرکەون.ڕەوانبێژی و ڕەنگ زۆر بەیەک ئاشنان لە هەموو زمانەکاندا، تەنانەت ڕەوانبێژی هاوبەشیش هەیە:  کۆتری سپی هێمایە بۆ ئاشتی  لە هەموو جیهان،  قەلەڕەش هێمایە بۆ پرسەو دڵتەنگی و خۆویستی.  ئەگەر سەیری ڕەنگ بکە ین لە ڕەوانبێژی ئایین و ئایینزایی و سیاسی و حزبی و ڕێکخراوەیی.بۆ منداڵانی کورد  ڕەوانبێژی شاراوەی نێو  ڕەنگی ئاڵایەکەی تەواو کاریگەرە ،وەک لەم شیعرەدا دەردەکەوێ (ئاڵامان)

ئاڵامـان شـەکـــــــاوەیە          قەشەنـــــگ و ڕازاوەیە

چوار ڕەنگی جوان و گەشە          هی خـاکێکی چـوار بەشە

**سپی** و **زەردو**،**سەوزو** **سوور**          هــیوای نــزیک و دوورە

**زەرد** ڕۆژی ڕوونـــــاکیە          **سپی** ئـــــاشتیە و پاکە

**ســـەوز** هێمای ژیــــانە          **ســـوور** خوێنی شەهیدانە          (زەینەدین،2003: 44)

لە شیعری کوردی و بێگانەدا وە لە پەند و ئیدۆم و فۆلکلۆری کوردی دا هەروەها لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا وشەی ڕەنگ بۆ ماناو دەلالەتی جیا جیا بەکاردەهێندرێت، هەوڵ دەدەین  چەند دەقە شیعرێک بکەینە نموونە؛

بە تەمەن پیرە  بــــە دیمـــەن لاوە.............

ڕیــشی **سپی** سەری **ڕەشی** بێ کڵاوە     (عەونی،2014: 179)

هەروەها (محمد تۆفیق وردی) وەک شیوەنێک بۆ وەفاتی مەلای گەورە دەڵێ:

هەزار داخ و هەزار مـەینەت لەبەر زانا و ژیانـــــی کورد

هەمووکەس پەست و **ڕەش** پۆشن ئەرستۆ قارەمانی کورد      (علاءالدين، ٢٠١٤: ٣٩)

هەروەها نالی شاعیر لە بەیتێکیدا دەڵێ:

پەچەیی پەرچەمی و پەرچەمی **سیا**

هەر دەڵێی مـــانگە شەوە کوڵمی تیا                    (میران، شارەزا، 2707: ١٢٤)

ئەگەر لەم سێ دەقە شیعرە وردببینەوە، دەبینین هەریەکە لەمانە، ڕەنگی ڕەش بۆ مانایەک (تەوزیف) کراوە: لەدێڕی یەکەم ڕەنگی ڕەش هێمایە بۆ لاوێک کە مانای ئەوە دەدات مرۆڤەکە هەرچەندە کە ڕیشی سپی یە بەڵام بە ڕەنگی پرچی وادیارە کە تەمەنی لاوە، لە دێڕە شیعری دووەمدا ڕەنگی ڕەش هێمایە بۆ پرسە و ماتەمینی و ناخۆشی و بەڵام لە دێڕە شیعری سێیەم ڕەنگی (سیا) واتا ڕەش، هێمایە بۆ زولف و پرچی ڕەش. دەبینین ڕەنگ لە سیاقی شیعر و ڕستەدا مانای جیاجیا دەدات بە دەستەوە، واتا هیچ ڕەنگێک تەنها یەک واتا و مەبەست نادات بەدەستەوە وەک ڕەنگی سوور دەکرێ بە نیشانەی خوێن ڕشتن و لەهەمان کاتدا بۆ وەسفی کوڵمی یاریش بەکاربێت، ڕەنگی سپی هێمایە بۆ ئاشتی و لەهەمان کاتیشدا دەکرێ هێما بێ بۆ (ترس) کە دەڵێیت؛ لەترسان ڕەنگی سپی هەڵگەڕاوە. کەواتە ڕەنگ لەلای هەر شاعیرێک فەرهەنگێکی خۆی هەیە وە دەکرێ لەهەر شیعرێکدا مانای جیاوازی هەبێت.

### 2.4.1- ڕەنگدانەوەی ڕەنگ لە شیعردا :

زمان ئامرازە نەک ئامانج، جا یەکێک لە پایە هەرە بەهێزەکانی شیعر زمانە، کە شاعیر دەکاتە ئامرازی خۆی بۆ گوزارشتکردن لەو ئیلهامەی لە ناخیدا پەنگدەخواتەوە. بێگومان ڕەنگ، لە هەموو زمانەکاندا پانتاییەکی فراوانی داگیرکردەوە، لێرەدا شاعیرەکانیش بە ئاگاو بێ ئاگا زۆر جار دەست بۆ فەرهەنگی ڕەنگەکان دەبەن و دەیانکەنە دەستکەلای مرازییان. تەنانەت شێرکۆ بێکەس شاکارێکی جوانی بەناوی (ڕەنگدان) بۆ تۆمارکردووین کە سەروبەری ڕەنگە بۆ دەربڕینی مەبەست و مەرامە شیعرییەکانی خۆی. پێش ئەوەی بچینە نیودەقە شیعرییەکانی فازیڵ شەوڕۆ بەباشی دەزانین ئاوڕێک لە چەند دەقە شیعرێکی شاعیرانی دیکە، پەیوەست بە ڕەنگ، بدەینەوە: لەمبارەیەوە گۆران دەڵێت:

ئەی قژ **<u>زەرد</u>**، ئەی بەژن و باڵای کەڵەگەت،

بۆ کز ڕاوەستاوی بەرامبەری من؟ (عەلی، 2009: 207)

فازیڵ شەوڕۆش دەڵێت:-

ئەی قژ **<u>زەردی</u>**

پەنجە گڵۆکەی بەدەم،

دەتییچاوێ

بدە ئەو تابلۆ جوانانە. (شەوڕۆ، 2011: 322)

هەردوو شاعیر ڕەنگی زەردیان کردۆتە ئامرازی دەربرینی وێنەیەک. هەردووکیان باسی بێ دەنگی کچێک دەکەن، گۆران پێی دەڵێ بۆ کز ڕاوەستاوی بەرامبەری من؟ کە ئەمەش واتای بێ دەنگی بەرامبەرە. فازیڵ شەوڕۆ قژی زەردی تێکەڵ بە جۆرە تێڕامانیک کردووە، لە بەرامبەر داواکاری شاعیردا کە داوای لێدەکات کە سەیری ئەو تابلۆیە جوانانە بکات، بەڵام هەر یەکە و لە

زەمەن و بابەتێکی جیادا . کۆلکەی هاوبەشی نێوانیان (قژی زەرد)ە .هەمان بابەتەکانی قژی زەردیان بەکارهێناوە بۆ مەبەست و ئامانجی جیا ڕەنگە گۆرانیش کاریگەری شاعیرانی بەرلەخۆی لەسەربێ لە چەندین بواردا گەر زنجیرەیەک بێ ئەوا بەردەوامی هەیە .هەروەها هیمنی شاعیر لەم بارەیەوە دەڵێت:

نایەڵێ دوژمن بەڕەنگە **<u>زەرد</u>ە**کـــەی من پێکەنێ

تادەمی مردن ئەمن مەمنوونی فرمێسکی گـەشم (دەشتی، حەبیب، 2003: 267)

شێرکۆ بێکەسیش دەڵێت:

لە ڕێی ڕەنگێکی **<u>زەرد</u>ە**ڵەی باریکەوە

من گەیشتمە ناو ئەشکەنجەی

گیانی ژنی ئەم وڵاتە.... (ڕەئوف، 2017: 479)

بەڵام شەوڕۆ دەڵێ:

زارۆکی بێ بەرگی ڕەنگ <u>زەرد</u>ی

جەزیرە و شەڕناخ و ئامەدم،

لە دووررا دیارم (شەوڕۆ، 2014: 152).

هەر سێ شاعیر ڕەنگی زەردیان بۆ ڕووخساری مرۆڤ بەکارهێناوە، لەکاتی بێ هیوایی و نوشستی و زوڵم لێکردندا، هێمن ڕەنگی زەرد بەکاردەهێنێت کە ئاماژەیە بۆ پەرێشانی ، لە هەمان کاتیش ئەو زەردەی سەر لێو نەفی کردنی پێکەنینە چونکە ئەو دەڵێ زەردە لەسەر لێوی کەسێ لەم شارەدا نابینم، بەڵام شەوڕۆ تەوزیفی ڕەنگی زەردی بۆ ناسینەوە بەکارهێناوە کە بووە هۆی زوڵم و ستەم و نادات پەروەری دەوڵەتی تورکیا لە بەرامبەر کوردەکانی ماردین دا کە ڕەنگی

داوەتەوە لەسەر منداڵانی ئەم ناوچەیە و بە ڕەنگیان دیارە کە لە برسان وایان بەسەر هاتووە لە دوورەوە دەناسرێنەوە . هەروەها ڕەنگی خۆڵەمێشیش شەوڕۆ وەک خۆی بەکاری هێناوە کە زیاتر لە پاشماوەی ئاگردا دەچێت یان سوتان ئەوەتا لە شیعرێکدا جوان ئەم ڕەنگەی شوێن کردۆتەوە کە دەڵێ:

ئیمڕۆ لە پێش کازیوەدا....،

پەڕەسێلکەیەکی تیژرەو هاتە لام و

خەمی ئەو سێ کۆستە گەورەی

کردە سەرباری خەمانم.

دەیگوت: بۆ خۆم گوێم لێبوو کە

**خۆڵەمێشی** خەرمانەکە، (شەوڕۆ، 2011: 27)

شاعیر لە زمانی پەڕەسێلکەیەکەوە بۆمان دەگێڕێتەوە کە وتویەتی خۆم گێم لێبوو واتا کاتێک خۆڵەمێشەکە گفتوگۆی لەگەڵ قاوخ یان بڵێین قەپێلکە شقارتە کردووە وتویەتی بۆ من دەسوتێنی کە پێشتر خەرمانێک بووە بەڵام بەهۆی سووتانەوە تەنها خۆڵەمێشی لێ بەجێ ماوە. هەروەها نالی شاعیرلەم بارەیەوە دەڵێ:

**حەنایی** کـــردووە پەنجەی بـە خوێناوی دڵی زارم،

ئەمە ڕەنگە شەهادەت بێ کە کوشتەی دەستی دڵدارم (مودەڕیس،1283: 124).

لێرەشدا شاعیر ڕەنگی حەنایی یان بڵێین خەنەیی بەکارهێناوە کە دڵدارەکەی پەنجەی پێ خەنە کردووە. یان وەفایی دەڵێت:

دڵ پڕ ئێشی من بۆیە وەهـــا **خوونابی** گریانە

هەموو سینەم وەکو نیشانە جێگانێشی موژگانە (قەرەداغی، 1387: 47)

هەموو سینەم وەک نیشانە جێگای نێژی موژگانە وەفاییش بەهەمان شێوە بە ڕەنگ ئاماژەی بە سینە و دڵی خۆی کردووە کە لە عەشقی چاوەکانی دەرکەوتووە ڕەنگی خوێنییان گرتووە. شێخ ڕەزا دەڵێ؛

هەروەکو ئەشکم بە ڕەنگی سووری خۆی خوێنینە کوز

داستانـــــی شـــاهنامەی خەســـرەو و شیرینە کـــــوز (ئاشنا، خاڵ، 2003: 65)

کە لێرەدا تەشبیهی سووری ئەندامی مێیینەی بە ڕەنگی خوێنی خۆی شوبهاندووە بە ئەشکی خوێنینی چاوەکانی شاعیر، ئێمە نامانەوێت زیاتر بچینە ناو ئەم شیعرەوە تەنها کاریگەری ڕەنگمان لەسەر ئەو شیعرە لا مەبەستە. ئەوەی گرنگە... مەرج نییە رەنگێک لەلای شاعیر هەمان وێنەو شەوق و پرشەنگی هەبێ کە لە چاوی ئێمەدا دەبینرێ.... ئەوان شتەکان تێکەڵ بە زۆر کەرستەی دیکەی شیعری دەکەن لە وشەو داڕشتن و ئاواز و رتم و خەیاڵ و مانای مەجازی.....تاد.

## 2. ڕەنگ لە شیعری فازیل شەوڕۆدا:

### 1.2 واتای ڕەنگ لە دەقە شیعرەکانی شاعیردا:

ڕەنگ ئەو دیارییە مەزنە یەزدانیەیە کە بەهۆیەوە بوون و گەردوون و بەردەوام بوونی ژیان هاتۆتە ئاراوە...هەر کاتێ ڕەنگەکان لە بوونی گەردووندا سڕانەوە ئەوا نە بوون و نەژیان دەمێنێ... ئێمە بەبێ رەنگ هیچ نابینین و هیچ دەرک بە جیهانی دەروپشتمان ناکەین. ئەوە ڕەنگە خۆشەویستی و ڕق و جوانی و ناشیرینمان نیشاندەداو پێدەبەخشێ . دیارە هەر ڕەنگەی هەڵگری ڕەمزی تایبەت بەخۆیەتی و کتێبیان لەسەر نووسراوە. ئێستا زانستی لە هەوڵی ئەوەدایە بیسەلمێنێ کە هەر ڕەنگێک دەنگێکی تایبەت بەخۆی هەیەوە.هەر دەنگێکیش هەڵگری ڕەنگێکی تایبەتییە. بۆ خوێندنەوە و شیتەڵکاری ڕەنگ لە دەقێکی شیعریدا دەبێ وێنە هونەری و خەیاڵ و ناوەڕۆکی دەقەکە تێبگەین و بتوانین بە ناخی ڕازاوە و نهێنییەکانیدا شۆڕبینەوە.... زۆرجاریش پێویستە وابەستەی ژیانی شاعیر بین.. تا چێژ لە تامی ڕەنگەکان وەرگرین.شەوڕۆ ، ئەزموونێکی زۆر قوڵ وباشی لە هۆنینیەوەی شیعرو لە نووسیندا هەیە. بۆیە ئاساییە کە ئەو جۆرە شاعیرە تاڕادەیەکی باش بەئاگابن لە دونیاو جیهانی ڕەنگ. وەک لە بابەتەکانی پێشووتریش ئاماژەمان پێدا کە ئەدەب و شیعر بە تایبەتی وەک تابلۆیەکی بێ دەنگە کەواتە ڕەنگ چۆن سرووشتی ڕازاندووەتەوە بە سەوزە گیاو ڕەنگی گوڵ و ڕەنگی مەل و ڕەنگی ئاو و ڕەنگی شاخ ، ئیتر بە هەمان شێوە ڕەنگ شیعری شاعیرانیشی ڕازاندۆتەوە، وەک وتمان دەگەڕێتەوە سەر توانای شاعیر لە بەکارهێنانی ڕەنگدا تاچەند ئەو ڕەنگە شیعرەکەی بەپێزترو بەهێزتری کردووە لە ڕووی کۆد و ماناوە. کەواتە لێرەشدا ڕەنگ مۆتیڤێکی کاریگەرە لەناو شیعرەکانی شاعیرداو ڕەنگ ڕێشتری کردووە، وەک لەلای شەوڕۆ ڕەنگی داوەتەوە کە دەڵێت:

چڵی **سەوزی** دار گوێزێ

بۆ بەردە کێلی لای سەری

(شەهریار)دا نووشتایەوە (شەوڕۆ، 2011: 207)

شاعیر ڕەنگی سەوزی بۆ مەبەستێکی تر بەکارهێناوە، هەموومان دەزانین سەوزی هەڕەتی گەشەی دارە نەک شۆڕبوونەوە یان نوشتانەوە بەڵام شاعیر زۆر بەجوانی تەوزیفی کردووە و مانایەکی تری پێداوە کە ئەویش چڵی سەوزی دار گوێزە لە هەڕەتی گەشەی دا دەنوشتێتەوە بۆ ئەو بەردەکێلەی لای سەری شەهریار، کەواتە گەیشتینە ئەو دەرئەنجامەی کە ڕەنگ کاریگەری ڕەنگدانەوەی هەیە لە بواری شیعردا لای شاعیران بە گشتی لای فازیڵ شەوڕۆ بەتایبەتی ڕەنگ

لە هەر شیعرێک دا بۆ خۆی دالێکەو مەدلولەکەی واتاکەمان پێ دەدات هەوڵ دەدەین لە جۆرێک لە ڕەنگەکان (سەوز و سوور و زەرد و ڕەش) بە نموونەی شیعری ئامانجەکەمان بپێکین. شاعیر چەندین ڕەنگی لە شیعرەکانی بەکارهێناوە کە هەر ڕەنگە و بۆ ماناو مەبەستێکە، ڕەشە ڕەیحانە جۆرە گیایەکی بۆندارە، لە ڕابردووی کوردەواری کە بە تەڕی گەنجان لەبەر پشدێنیان دەنا هەروەها بە وشککراوەیی دەخسترایە ناو (سەرین) بۆ ئەوەی لە کاتی سەرپێکردنی بۆنی خۆش بێت، شاعیر بۆچی مەبەستێک بەکاریهێناوە:

یاڕەبی خودایە

ئەجری ئەو ماچانەی

لە زەمزەمی دڵدا هەڵدەکوڵن

لێویان پەلکی ڕەیحانە **ڕەشە** و

تامیان داری زەعفەرانی وەفا و

مرچەیان چریکەی بولبولی ئەڤینە

بۆ هەر یەک حەوت حەجان بنووسی (شەوڕۆ، 2014: 119)

هەر چەندە شاعیر ڕەیحانە ڕەشەی بە لێو شوبهاندووە، ڕەنگە لێوی ڕەش لە کوردستان زۆر ویستراو نەبێت بەڵام بەپێی ئەوەی شاعیر لە دەوڵەتان ژیاوە بۆ نموونە: لیبیا کە بەشێکە لە ئەفریقیا وە ڕەنگی پێستیان ئەسمەرە، دەکرێت بەکارهێنانی و هۆکارەکەی بگەڕێتەوە بۆ ئەو دیمەنانەی کە لەو وڵاتە یان لە وڵاتانی دەرەوە بینیویەتی و یەکێک لەو لێوانە سەرنجی ڕاکێشابێت و لە شیعرەکانی ڕەنگی دابێتەوە، بەڵام هەڵبژاردنی ڕەیحانی ڕەش ڕەنگە بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لە دەرەوەی کوردستان وشەکە نووسرابێت وەک جۆرێک لە یادەوەری و دووبارە بۆ یادی نیشتیمانەکەی خۆی بەکاری هێنابێت، لە هەمان کاتدا وەک گوتمان ڕەیحانە ڕەشە بۆنی خۆشە، تەوزیف کردنی بۆ لێو مانای ئەوەیە لێوەکانیش بۆنیان خۆشە، وەک لە شیعرەکەدا دەڵێ لە زەمزەمی دڵدا هەڵدەکوڵن واتا بۆنی ئەو ماچانە بۆنێکی جیایە بە تایبەتی لەو کاتەدا بە جوان بە دەردەکەوێ کە دەڵێ مرچە یان چریکەی بولبولی ئەڤینە کە تامەزرۆیەکی زۆری پێوە دیارە چونکە وەفای تێدایە بۆیە ئەویش نزا دەکا لەلای خودا کە بۆیان بە حەوت حەج بنووسرێ جگە لە مانای ڕەیحانە ڕەشە لەم شیعرەدا وەفا و ئەڤینێکی ڕاستەقینە بە دەردەکەوێت دەتوانم بڵێم گەر ئەو هۆکارەی زۆرتر باسمان کرد کە وتمان لە ئەفریقیا ژیاوە دەکرێ ئەوەی بۆ زیاد بکەین

كه لێو ڕەش بێت یان سوور یان سپی گرینگی نی یە گرنگ خۆشەویستی ڕاستەقینەیە كە لە مرچەی ماچەكان بە دەردەكەوێ. هەروەها لە دەقەشیعرێكی دیكەدا شاعیر دەڵێت:

ژووانە، نامەوێ

لەم بەندەی دڵ

كەزی سپیم بۆ بهۆنینەوە! (شەوڕۆ، 2014: 45)

كەزی سپی ئاماژەیە بۆ بەسەرچوونی تەمەن كە شاعیر لەم شیعرەدا بەكاریهێناوە. یان لەوانەیە (ژووانە) هێما بێ بۆ ناوی كچێك كە شاعیر خۆش دەوێ، خۆ ئەگەر (ژووان)یش جێژوان بێ ئەوا دووبارە مەبەستی شیعری ئەوەیە كە عەشقەكەی دەشارێتەوە ئەو ویستیەتی یان حەزەكەی ئەوا دەلێ ناكرێ كەزی سپی بهۆنێتەوە دەبێت دەری ببڕێ، هەروەها شاعیر شیعرەكانی ڕازاندووەتەوە بە ڕەنگ وەک لە دەقەوشیعرێكی تردا دەڵێت:

دەریاش هێندە

شەیدای چاوی ئەستێرەیە

تەمەنا دەكا هەتاو بێ و

بۆ تۆقەڵی ئاسمانی **<u>شین</u>** پەلی بگرێ (شەوڕۆ، 2014: 130)

هەروەها لە دەقەوشیعرێكی تردا دەڵێت:

بەرەو لوتكە

بە تووڵەڕێی هەورازێكدا

هەڵدەگەڕام

ماندوو، تینوو،هەناسە سوار،

ئارەقەی **<u>شین</u>** لە دامەنما .... دەهاتە خوار (شەوڕۆ، 2011: 132)

لێرەدا ڕەنگی شین بۆ مەبەستێكی تر بەكارهاتووە كە ئاماژەیە بۆ شەكەتی دەركردنی ئارەقەیەكی زۆر لە جەستە كە لە ئیدۆمی كوردی وەریگرتووە كە كەسێک زۆر ماندوو دەبێ لە

کارێک (ئارەقەی  ڕەش وشینم کرد) کە ئاماژەیە بۆ ماندوبوونێکی زۆر. شاعیر بەردەوامە لە بەکارهێنانی ڕەنگ وەک لەم شیعرەدا دەڵێ:

تازە زەردی خۆری ماندوو

لوتکەی شاخی جێهێشتبوو

لەسەر گۆپکە مەمکی هەورە بەرزەکانا

تەنکە ئاوریشمێکی زەرد زەرد

به نەرمی دەبریسکایەوە (شەوڕۆ، 2011: 388)

هەر چەندە ڕەنگی زەرد زۆر مانا هەڵدەگرێ دەتوانین بڵێین بۆ چەندین مەبەست بەکاردێت وەک ڕەنگی زێڕ هەروەها تەختی شاهانە کە بە زێڕ و زیو ڕازاواتەوە هەروەها ڕەنگی زەرد ئاماژەیە بۆ خۆر کە پرشنگ دەداو ژیان دروست دەکات، جگە لەمانەش وەرزی پایز بە ڕەنگی زەرد هێما دەکرێ دەبینین شاعیریش بەدەرنییە لە شاعیرانی بەرلەخۆی لە بەکارهێنانی ڕەنگی زەرد بۆ ئەو مەبەستانە ئەوەتا لە شیعرەکەدا دەڵێ تازە زەردەی خۆری ماندوو، هەم ڕەنگی زەرد لێرەدا ئاماژەیە بۆ ماندووبوونی خۆر کە لە بەیانییەوە تیشک دەپرژێنێ لەهەمان کاتیش ڕەنگی زەرد ئاماژەیە بۆ ئاوابوونی خۆر هەروەها خۆر بەر لە ئاوابوونی لەسەر هەورەکانیش ئەو ڕەنگەی خۆی جێهێشتووە یان بڵێین نیشانداوە کە بڵێن لەسەر تەنکە ئاگرێکی زەرد زەرد بەدەردەکەوێ کەواتە ڕەنگی زەرد لێرەدا مانای قوماشی ئاوریشم دەگەیەنێ.  جگە لەمەش شاعیر لە شیعرێکی تردا ڕەنگی سەوزمان بۆ دوو مەبەست پێ دەناسێنێ وەک لە قەسیدە درێژەکەی (هەیبەسوڵتان)دا دەڵێ:

بڵێسەی نەورۆزێ هەڵبکەم

تریسکەی بگاتە

ئاسمانی (شنروێ)

لە داری سەوزی سەر گڵکۆی

هەر شەهیدێ

چڵێکم بۆ بێنێ (شەوڕۆ، 2011: 309)

لەم شیعرەدا ڕەنگی سەوزی بەکارهێناوە ڕەنگی سەوز کۆمەڵێک مانا لەخۆ دەگرێت بەلام باوترینیان ڕەنگی بەهار و گژوگیا و دار و درەختە، بەلام شاعیر لەم شیعرەدا بە مەبەست ڕەنگی سەوزی بەکارهێناوە بۆ مەبەستێکی دیاریکراو چونکە دەڵێ لە داری سەوزی سەر گڵکۆی هەر شەهیدێ چڵێکم بۆ بێنێ کە مەبەستەکەی شاعیر ئەوەیە کە شەهیدان لە پێناو باوەڕێک شەهید بوونە کە دونیایەکی جوانتر بۆ مرۆڤایەتی بەرهەم دەهێنێ بە تایبەت لەم شیعرەش دا باسی ئاسمانی شنروێ دەکات هەم کە لوتکەیەکی بەرزەو لەهەمان کاتیش کۆمەڵێک پێشکەوتووخواز کە بەدەستی شەمشەمەکوێرەکانی تاریکی سەر بڕدران، هێنانی هەر چڵێک لە درەختی سەر سنگی هەر شەهیدێک لەگەڵ ئەو باوەڕەی کە لە پێناوی شەهیدبوون بوونەتە بەشێک لە پشکۆی ئاگری نەورۆز کە هێمایە بۆ مانەوەی کورد.

ڕەنگی سوور کە بۆ زۆر مانا بەکاردێت وەک گوڵی سوور کە هێمایە بۆ خۆشەویستی، وە شەوی سوور ئاماژەیە بۆ یەکەم شەوی  بووک و زاوایی هەروەها ڕەنگی سوور هێمایە بۆ خوێن و کوشتن هەروەها بڕیارە قورسەکان بە ڕەنگی سوور واژوو دەکرێن وەک لە سێدارەدان ، بابزانین شاعیر بە چ مەبەستێک لەم کۆپلە شیعرەدا بەکاریهێناوە کە دەڵێ:

ئەم ماچەی ببێتە ژەهری مار

سبەی شەو پرسەم بێ و

دوو سبەش ،دەسماڵێ سووری ئەو

بگێڕێ سەر چۆپی  لە بۆ یار!            (شەوڕۆ، 2014: 113)

لەم دەقە شیعرییە شاعیر خیانەتی دوو هاوژین نیشان دەدا کەپلانی تێدایە بۆ کوشتن و خۆ دەرباز کردن و شووکردنەوە یان ژن هێنانەوە، کە دەڵێ سبەی شەو پرسەم بێ ئاماژەیە بۆ کوشتن یان مردن، شەو کە هێمای تاریکییە و مەرگیش لە تاریکی جێگای پرسیار و گومانە بەهەمان شێوە دەسماڵی سوور کە شاعیر بەکاریهێناوە مەبەستی ڕۆژی ڕووناکە بەو دەسماڵە سوورە سەر چۆپی بگێرێ بۆ زەماوەندی شووکردن یان مێرد کردنەوەی ئەوی تر. شاعیر لە زۆر شوێن دا وشەی ڕەنگا و ڕەنگی بەکارهێناوە وەک (ڕەنگدانەوە، ڕەنگاوڕەنگ، ڕەنگاڵە، .....)، ڕەنگاوڕەنگ ئاماژەیە بۆ کۆمەڵێک ڕەنگ یان چەند ڕەنگێکی جیاواز یان بە واتای بەهار دێت یان بە واتای باخێکی پڕ گوڵ و گوڵزاری هەمەڕەنگ دێت ئەوەتا شاعیر لە شیعرەکانی دا جوان بەکاریهێناون وەک لەم کۆپلە شیعرەدا:

کاتێ ڕووەو نهۆمی دوو

کار مامزی (سلایگۆیی)

بە پەیژەی پاسەکەدا چووە سەرێ

دەها پەپولەی ڕەنگا و ڕەنگ

لەسەر دەرپێی پەپولاوی

هەڵفڕین و هاتنە خوارێ

پاس بوو بە باغی پەپوولە (شەوڕۆ، 2014: 128)

سەرەنجی شاعیر لەم کۆپلەدا بۆ ئەو دیمەنەیە کچێک لە شێوەی کارمامز بەسەر پەیژەی پاسێکی دوو نهۆمی بەسەر دەکەوێت و لەسەر جلە پەپولەکانییەوە پەپولە دەبەرێ، کەواتە تەوزیف کردنی وشەی ڕەنگا و ڕەنگ وێنەیەکی حەز و جوان و ناسک و هەست بزوێنمان پێ دەبەخشێ، ئەوەی شاعیر لە خەڵکانی تر جیا دەکاتەوە بوێریەکەیەتی لە دەربڕین، ئازایەتییەکەی لە وتنی حەزەکانی یان بڵێین سەرەنجی شاعیر جیایە لە خەڵکی ئاسایی وردتر شتەکان دەبینێ،

## 2.2: ڕەنگ وەک ئامرازی ڕەمز لە دەقە شیعرەکانیدا:

ڕەمز لە شیعردا دیاردەیەکی تازە نییە بەڵکو لە کۆنیشدا بەکارهاتووە چ لە ئەدەبی فۆلکلۆر و چ لە ئەدەبی کلاسیک و لە ئەدەبی نوێش بەردەوامی هەیە .ڕەمز ((بریتییە لە بەکارهێنانی وشە یان چەند وشە و دەستەواژەیەک کە بەسەر یەکەوە زیاتر لە واتایەک ببەخشن).چەندین پێناسە بۆ چەمکی ڕەمز هەیە لە ئەدەبدا بریتییە لە (ئاماژەکردن لە وشەیەک کە واتای شتێکی هەستی یان ژیری دەگەیەنێت بۆ مانایەکی نادیار و جیاواز)). (عەلی، 2009: 215 )لە ئەدەبی نوێ دا چەندین ڕەمزمان هەیە کە ڕەنگە لای شاعیران بەهەمان مانا دووبارە ببێتەوە وەک (چیا بۆ هەڵۆ، ڕووبار و چەم بۆ نەوەستان، خۆر بۆ ئاسۆ، ئاتەشگا بۆ ئاگرپەرست). (عەبدوڵلا، 2012: 146) ئەوەی بە پێویستی بزانین لەم توێژینەوەیە دۆزینەوەی ئەو ڕەمزانەیە کە شاعیر بەکاری هێناوە کە مانای شیعرەکەی لە پشتی خۆی حەشارداوە.شاعیر ڕەنگی ڕەشی زۆر بەکارهێناوە کە دەکرێت وەک ڕەمزێک هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکەین و مانا جیا جیاکانی بخەینەڕوو.

کە ڕۆیشتن

باڵای دارەکانم ڕەش ڕەش،

گوڵی یاڵەکانم ڕەش ڕەش،

چاوی ئاوو

چاوی ماسی خەونەکانم ڕەشتر لە ڕەش! (شەوڕۆ، 2014: 44)

هەروەها شاعیر لەم شیعرەدا (6)جار وشەی (ڕەش)ی دووبارە کردووەتەوە:یەکەم: دووبارەکردنەوەی وشە لە شیعردا هونەرێکی سەربەخۆیە و چەند جۆری هەیە و بۆ مەبەستی جیاجیا شاعیر هانا بۆ ئەو هونەرە دەبات.دووەم: ئەم دووبارەبوونەوە وا دەکات ڕەشی ڕەنگەکە جار لەدوای جار تۆختربێ وەک ئەوەی کەوچک لەدوای کەوچک ژەهر بکەیتە پەرداخە ئاوێک.. کە جار لەدوای جار تاڵتر دەبێت.سێ یەم: لێرەدا (ڕەش) ئاوازێکی خۆشی بە دەقەکە داوە.چوارەم: ڕەش لێرە ڕەمزە بۆ هەموو ئەو مانایانەی کە ڕەنگی ڕەش لە فەرهەنگی خۆیدا هەڵگرتووە. هەروەها لە کۆپلە شیعرێکی تردا شاعیر دەڵێت:-

دەخوایە گیان تۆ پێمبڵێ:

ڕەنگی ئەنفال

لە تێکەڵەی چ ڕەنگێکی یەزدانیدا

خەلق دەبێ؟ (شەوڕۆ، 2014: 42)

ڕەنگی ئەنفال هەرچەندە وشەی ئەنفال لە ئایەتێکی پیرۆزی قورئان وەرگیراوە بەڵام بەکارهێنانی ئەو چەمکە لەلای حکومەتی بەعس لە دژی کورد بۆ مەبەستێکی تر بووە کە لە ئەنجامەکەی جینۆساید و قڕکردنی کورد بووە بۆیە شاعیر وەک ڕەمز وەریگرتووە کە هەمان مانای جینۆساید دەدات لە ڕووی پڕاکتیکەوە دژ بە گەلی کورد بۆیە شاعیر ڕووی دەمی دەکاتە خودا پرسیار دەکات ڕەنگی ئەنفالت لە ئاوێتەبوون و تێکەڵ بوونی کام ڕەنگی خۆت دروست کردووە، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت ئایەتی ئەنفال لە زەمەن و کاتێکدا هاتووە بۆ پرسێکی تر نەک بۆ گەلی کوردی موسڵمان و چەوساوە و دەشزانی کە خودا ڕەنگەکانی هەموو جوانن بۆیە پرسیارەکەی ئاڕاستە کردووە.

هەروەها شاعیر لە بەکارهێنانی ڕەمز بەردەوامە وەک لەم شیعرەدا دەڵێت:-

ئاخر نابینان نازانن

لە زەردی وان زۆر زەردترە گـوڵەکانیان

لــە سۆری وان زۆر سۆرترە زامەکانیان

لـــە ڕەشی وان زۆر ڕەشترە چـاوەکانیان

لە ســــەوزی وان ســەوزترە خەونەکانیان

لە مـــۆری وان زۆر مـۆرترە ئاڵاکـانیان

لـــە سپی وان زۆر سپیترە دەســـتەکـانیان

ئاخر نابینان نازانن... کەڕوولاڵ و بەنجکراون. (شەوڕۆ، 2014: 123)

لەم شیعرەدا ڕەنگ وەک ڕەمز بەکارهاتووە کە هەر ڕەنگە و ڕەمزێکە بۆ حزبێک لە کوردستان بەڵام شاعیر لەم دەقەیەدا هەر ڕەنگێکی دووجار بەکارهێناوە کە دەتوانین بڵێین وەک دوو ڕەمزی جیا بەکاری هێناوە بەشێوەیەکی تەنز ئامێز.بۆیە دەبینین بۆ ڕەنگی هەر حزبێک لە کوردستان خەون و خولیا و بڕواو ئاوات و ویستی ئەندامەکانی وەرگرتووە کە زۆر لە سەرکردە و ئاڵاکانیان پاکترن و ڕاستگۆترن.

## 2. 3 جۆری ڕەنگەکان لە شیعرییەتی شاعیردا:

شێوازی شاعیر لە بەکارهێنانی ڕەنگەکان لە شیعرەکانی دا توانا و زەوق و سەلیقە و جوانناسی و وردبینی شاعیرمان بۆ دەردەخات، دەبێت ئەوە بڵێین هەر ڕەنگە و وێنەیەکی جوان یان بڵێین وێنەیەک لە مانای شیعرەکە لە زەینمان بەرجەستە دەکات، کەواتە کاریگەری ڕەنگ لە شیعرەکاندا نابێت بەهەند وەرنەگرین و لە ماناو ئاماژەکان ووردنەبینەوە چونکە زۆرجار لە دەقی ئەدەبی کۆد و ئاماژە زۆرە ڕەنگە تێگەیشتن هێندە ئاسان نەبێت بەڵام کە ڕەنگێکمان لە دەقەکە بەرچاو دەکەوێت ئەوا باشتر خوێندنەوە بۆ دەقەکە دەکرێت و زۆر جار شاعیر لە دەقەکانی لە هەردوو دیوان ڕەنگی وەک ڕەمز بەکارهێناوە ئەمەش مانایەکی تری بەخشیوە بە شیعرەکە و پێگەیەکی تری پێداوە .بۆیە باس کردنی ڕەنگەکانی خوێندنەوەیەکی ترمان لەسەر کۆی شیعرەکانی شاعیر و خودی شاعیر بۆ بەرجەستە دەکات، مەرج نییە زۆر بەکارهێنانی ڕەنگێکی دیاریکراو مانای ئەوە بدات کە شاعیر ئەو ڕەنگەی لەلای خۆشەویست و پیرۆزە یان بە

پێچەوانەوە، بەڵکو ژینگە و دونیابینی شاعیر هەردووکیان کاریگەری هەیە لەسەر بەکارهێنانی ڕەنگ، ئەگەر ڕەنگ لە شیعرەکانی شاعیر وەربگرین لە ڕووی بەکارهێنان و پێگەوە ئەوا خشتەیەکی بەم شێوەیەمان دەست دەکەوێت:

ڕەنگی ڕەش، ڕەنگی سوور، ڕەنگی وەنەوشە، ڕەنگی زەرد، ڕەنگی سپی، ڕەنگی سەوز، ڕەنگی شین، ڕەنگەکانی دیکە:

| ڕەنگی ڕەش | ڕەنگی سوور | ڕەنگی وەنەوشە | ڕەنگی زەرد | ڕەنگی سپی | ڕەنگی سەوز | ڕەنگی شین | ڕەنگەکانی دیکە: ئەرخەوانی وەنەوشە، زیوی، خۆڵەمێشی، مۆر، ژەنگاوی، ڕەنگی ئەنفال |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٧٧ | ٤٧ | ٤٣ | ٣٦ | ٢٨ | ١٤ | ٥ | ٢١ |

(خشتەی ژمارەی ڕەنگەکان لە دەقە شیعریەکاندا)

ڕەنگ وەک ڕەگەزێکی دیاری ئەو سرووشتە کاردانەوەی لەسەر هەموو لایەنەکانی ژیاندا هەبووە هەروەها کاریگەری لەسەر فەلسەفە و دەروونناسی و هونەری و ئەدەب ...تاد. هەیە، وەک دەبینین ڕەنگ لە شیعری نوێ دا دەبێتە کۆد بۆ مەدلولێکی تر، هەروەها زۆرجار دەروونناسەکان لە ڕێگەی ڕەنگەوە کەسی بەرامبەر دەخوێننەوە کە چ جۆرە جل و بەرگێک دەپۆشێت یان شێوەکار زۆرتر چ ڕەنگێک بەکاردەهێنێت ئەمەش لەسەر ئەدەبیش جێبەجێ دەبێت، ئەوەی ئێمە مەبەستمانە پێگەی ڕەنگە لەلای شەوڕۆ کە(٢٧١) جار ناویان هاتووە لە دەقەشیعرەکانیدا. لەم خشتەی سەرەوەدا بەدیارمان خستووە، زۆرترین جار ڕەنگی ڕەشی بەکارهێناوە کە (77) حەفتاو حەوت جار ئەوەندە جارە دەبینین کێرڤی ڕەش لە شیعرەکانی دا لە کێرڤی ڕەنگەکانی تر بەرزترە، ڕەنگە بەکارهێنانی ئەم ڕەنگە ڕەشە کە زۆرترین جار بەکارهاتووە بگەڕێتەوە بۆ ژیانی خودی شاعیر، کە بەشتێکی ژیانی منداڵی و گەنجێتی لە کوردستان بەسەر بردووە پڕ بووە لە شەڕ و ناخۆشی و نەهامەتی و نەبوونی ئازادی نەتەوەیی

و ئازادی تاک هەروەها بەشەکەی تری ژیانی بە ئاوارەیی پەناهەندەیی لە دەرەوەی نیشتیمان لە (غوربەت)دا بەسەر بردووە، کە ئەمەش هۆکارێکە بۆ ئەوەی زۆرجار بەهۆی نەبوونی ئازادیەوە ئەو ڕەمزانەی بەکارهێناوە، جگە لەمانەش ڕەنگی ڕەش دەتوانین بڵێین لە پۆشاک و کەل و پەل و شتی دیکە جوانییەکی تری هەیە ئەمەش یەکێک لە هۆکارەکانی بێت، ئەگەر چاوێک بە دیوانەکانی دابخشێنین لەم کۆپلانەی خوارەوە ڕەنگی ڕەش شیعرەکەی پڕ ماناتر کردووە:

کاکە لە جەوری چڕنووکی

کڵاو ڕەش و کڵاو سووردا

ئەمن پەناهـــــــەندەم لێرە، (شەوڕۆ، 2011: 226).

کە لەم شیعرەدا کڵاو ڕەش ئاماژەیە بۆ سەفەوییەکان و، کڵاو سوور بۆ عوسمانییەکان یان زۆرجار وەک دژیەک بەکاریهێناوە ، شەوڕۆ لە کۆپلەیەکی تریشدا دەڵێ:

بەڵکو خوا،

بیگۆڕێ هاوکێشەی کۆدەکان:

بەرگی **ڕەش** بە **سپی** (شەوڕۆ، 2014: 115).

هەروەها لە کۆپلەیەکی تریشدا دەڵێ:

زەلفێک کولیچەی تفت و تاڵ

دەفتەرێکی ڕۆژانی ڕەش (شەوڕۆ، 2014: 63)

لە ڕابردوو کاریگەری هەبووە لەسەر بەکارهێنانی ڕەنگی ڕەش کە دەڵێت (دەفتەرێکی ڕۆژانی ڕەش) یان ڕەنگی ڕەش بۆ مەبەستێکی تر بەکاردەهێنێت جۆرێکە لە ترێ هەروەها شەویش هێمایە بۆ ڕەش، کە لێرەدا لە شەوێ دا ماچێکی ڕەشمیری کردووە کە تامی میوەی بەهەشتی داوە

وەک میوەی

تامخۆشی بەهەشتن،

ماچەکەی دوێنێ شەو

ترێی **ڕەشمیری** بوو (شەوڕۆ، 2014: 102)

هەروەها ژیانی لادێ پیشەیان کاریگەری هەبووە لە شیعرەکانی دا ڕەنگی داوەتەوە کە ئەویش قۆریەی ڕەشی شوان و گاوانانە وەک دەڵێ:

بەهەرزاڵە و ئاگردان و

قۆرییە ڕەشەی،

گاوانەوە.... (شەوڕۆ، 2011: 276)

یان لە شوێنێکی تر باسی بەخت دەکا کە لەناو زۆرینەی گەلان بە ڕەش و سپی دەبینرێ بەخت ڕەشە یان سپیە شاعیریش بەکاریهێناوە بە زمانی زنجیری بۆرەتانک دەری دەبڕێ و دەڵێ:

گەر بەخت ڕەش نەبوومایە،

شۆڤلێکی سەر بەخێر،

بە قسمەت و نسیب دەبوو، (شەوڕۆ، 2011، 280)

هۆکاری ئەوەی کە تەنها ڕەنگی ڕەشمان لە شیعرەکانی زیاتر وەرگرت ئەوەیە کە ئەم ڕەنگە زۆرترین جار بەکارهاتووە بە جۆرێک کاری کردووەتە سەر شاعیر و کاریگەریەکەشی لە شیعرەکانی دا ڕەنگی داوەتەوە بەهەمان شێوە ڕەنگەکانی تریش جگە لەوەی ڕەنگی سرووشتین هۆکارێکیان لە پشتە بۆ بەکارهێنانیان یان جوانکارییە یان پێویستە یان ناچارییە. ئەوەتا هەر لە ناونیشانەکەیەوە ڕەنگ دەڕژێ لە هەریەک لە کۆمەڵە شیعری کۆترێک لە ئاگرو، ماچەکانی ئێوارەی کازیوە، وشەگەلی وەک (ئاگر، ئێوارە، کازیوە) ڕەنگ ڕێژکراون بە کۆمەڵێک ڕەنگ، گەر ئاگر وەربگرین بە لایەنی کەم ڕەنگی سوور و شین و مەیلە و زەردی هەیە هەروەها گەر ئێوارە وەربگرین ئەوا دەکرێ ئێوارەیەکی نارنجی بێت یان ڕەش بێت، هەر چەندە کازیوە زیاتر لە بەیانیان دا بەکاردێت کە زیاتر ڕەنگی پڕشنگی خۆرە بەڵام شاعیر بە ڕەنگی پڕشنگی ئێوارە دەری بڕیووە، زۆر جاریش شاعیر لە پاڵ ئەمانەشدا ڕەنگی وەنەوشەیی بەکارهێناوە ،کەواتە دەتوانین بڵێین شاعیر هەر لە ناونیشانی دوو بەرهەمە شیعریەکەی و هەروەها لەناو شیعرەکانیدا بە چڕی ڕەنگی بەکارهێناوە وەک لە خشتەی ژمارەی ڕەنگەکان ڕوونتر دەردەکەوێ کە چەندجار ڕەنگی بەکارهێناوە. ئەمەش نموونەیەکە لە ڕەنگدانەوەیی ڕەنگی

وەنەوشەیی                                    کە                                    دەڵێ:

وەنەوشەیی دەم چۆم

ئەو ڕۆژە کەژی مژۆلی چاوتم

کردە (سرات المستقیم)ی خۆم      (شەوڕۆ، 2014: 47)

## 4.2 ڕەهەندەکانی ڕەنگ و کاریگەریان لە دەقە شیعرەکانی شاعیردا:

بەکارهێنانی ڕەنگەکان لە شیعرەکانی شاعیردا ،وەک لە بەشی پێشووتر ئاماژەمان پێکرد. چەند ڕەهەند و مەبەستێکیان لە پشتی ڕەنگەکان حەشارداوە. ئەگەر چەمکی ڕەهەند وەربگرین ئەوا دەتوانین بڵێین ئایدۆلۆژیای شاعیر یان باوەڕی شاعیر کاریگەری هەیە لەسەر بەکارهێنانی ڕەنگ لە شیعرەکانی .هەروەها ڕابردووی شاعیر ڕەهەندێکی ترە بۆ چەمکی ڕەنگ ،بە مانایەکی تر بڵێین ژیانی تایبەتی خۆی یان نیشتیمانەکەی ڕەهەندێکی تری ڕەنگە وەک لە تەوەرەی فۆلکلۆری کوردی باسمان لێوە کرد.کە کاریگەری دەبێ لەسەر شاعیر . بە تایبەتی ئەدەبی فۆلکلۆر کە لە منداڵیەوە هەموو تاکێکی کورد لە ڕێگەی گۆرانی و هەڵپەڕکێ و ئیش و کارەوە بەر گوێیان دەکەوێ دواتر لە قۆناغێکی تر ڕەنگ دەداتەوە. ڕەهەندێکی تری ڕەنگ خودی شاعیر خۆیەتی کە ژیان و دونیا بە چ ڕەنگێک دەبینێت، یان بەواتایەکی تر چۆن دیاری دەکات و ڕووداو و کەرەستە و مرۆڤەکان چ ڕەنگێک بە ئەو دەبەخشن، کەواتە ڕەنگ لای هەر تاکێک فرە ڕەهەندە گەر شاعیر و خەڵکانی جیاواز وەربگرین ئەوا زیاتر وفرە ترە، دەزانین هەر ڕەنگێک لە هەست و زەینی شاعیریش دا ڕەهەندێکی هەیە و وێنایەکی لای دروست بووە، بۆیە لە کاتی نووسینی هەر دەقێک دا خۆنەویست دەچێتە ناو دەقەکە و کاریگەری خۆی جێدێڵێت و مەبەستێک لە شیعرەکەدا بەدەستەوە دەدات بە پێی ئەم ڕوونکردنەوەیە بێت ئەوا فازیڵ شەوڕۆ بەر لەوەی شاعیر بێ تاکێکە هەموو ئەو هۆکارانەی کە باسمان لێوەکرد بەسەر ئەویش دا جێبەجێ دەبێت، دەتوانین بڵێین لای ئەو جیاوازتر دەردەکەوێ ڕەنگدانەوەی ڕەنگ زیاتر دەبێ لەسەری لە تاکێکی ئاسایی. چونکە ئەو هەستیارە هەموو فکر و خەیاڵ و هەست و دونیابینی و جوانناسی و لە ڕێگای نوکی خامەکەی دەگەیەنێت وە ئەویش خامەکەی دەبێتە هۆکاری ئەو

گەیاندنە و لاپەڕەی دیوانەکانی پێ گوڵڕێژ دەکات .بۆیە دەبینین لە شیعرێکدا ڕەنگی ڕەش بۆ مەبەستی (رژێمی عەفلەقی)ی نەگریس، بەکاری دەهێنێت چونکە مێژوویەکی ڕەش بووە لە زاکیرەیدا کاریگەریی بەسەردا جێهێشتووە. یان لە هەمان شیعردا ڕەنگی سوور کە بە سوورتر ناو دەبات دەلالەتە بۆ ئەو مێژووە خوێناویەی کە هەزاران خەڵک لە پێناو ئالآی سووری مارکسیەت قوربانی داوە، کەواتە دەتوانین بڵێین بۆ بەکارهێنانی هەر ڕەنگێک ڕەهەندێک هەیە .لە هەمان کاتیش مەبەستێک بە شیعر دەدات.

**ئەنجام :**

1_ڕەنگ لە شیعرەکانی شاعیردا ڕەنگدانەوەی بەرز و بەهێز و کاریگەری هەیە و بۆتە سەرچاوەیەکی بەهێزی داهێنان و تازەگەری.

3_ڕەنگ وەکو ڕەمز بە شێوەیەکی جیاواز لە شیعرەکانی شاعیردا بەکارهاتووە.

4_ڕەنگی شین لە شیعرەکانی شاعیردا لە نزمترین ئاستدایە ،ئەمەش پەیوەندی بە ژیان و ژینگە و بیرکردنەوە و تێڕوانینی تایبەت و باری دەروونی شاعیرەوە هەیە.

5_ زاڵ بوونی ڕەنگی ڕەش بەسەر ڕەنگەکانی دیکە لە شیعرەکانی شاعیردا ،بۆ ئەو بارودۆخە سەختەی ژیانی شاعیر دەگەڕێتەوە ،کە پێیدا ڕۆیشتووە.

6_شاعیر توانیویەتی بەهۆی ڕەنگەکانەوە سیمایەکی تازە و زیندوویەتی بە شیعرەکانی ببەخشێت و پلەی شیعری و ئیستاتیکیەتی شیعرەکانی بەرزو بەهێزبکات.

**لیستی سەرچاوەکان:**

**یەکەم: پەرتووک**

_ئاشنا، سەردار حەمید و شارەزا، کەریم مستەفا: (2707)، دیوانی حاجی قادری کۆیی، سنە.

_-بێکەس، شێرکۆ: (2001)، ڕەنگدان، چاپخانەی خاک، سلێمانی.

_جەلیزادە، قوباد: (2012)، دیوانی شیعر (باخچەکانی مەلەک تاوس)، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی.

_-خاڵ، شێخ محەمەد: (2007)، پەندی پێشینان، چاپی سێیەم، دەزگای سەردەم، سلێمانی.

_دەشتی، عوسمان و حبیب، بەدران ئەحمەد: (2003)، دیوانی هێمن، دەزگای ئاراس.

_رەسول، عیزەدین مستەفا: (1970)، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی لێکۆڵینەوە، چاپخانەی (دار الجاحظ) لە چاپ دراوە، بەغداد.

_ڕەسول، پ. شوکریە: (2005)، حیکایەتی گیانداران، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

_زەینەب، موحسین حەمەد ئەمین: (2018)، کوردی پۆلی دووەمی بنەڕەتی، هەولێر.

_-سالار، ئەحمەد: (2009)، ڕەنگ لە (ڕەنگدان) دا، لێکۆڵینەوەی جامە شیعری (ڕەنگدان)ی شاعیری گەل (شێرکۆ بێکەس)ە، چاپخانەی کەمال، سلێمانی.

_شرف کەندی، عبدالرحمان: (2014)، فەرهەنگی کوردی و فارشی هەژار، چاپی شەشەم، تهران.

_-شێخانی، عبدالوهاب: (2013)، فەرهەنگی ڕەنگ، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریان، هەولێر.

_-شەوڕۆ، فازیل: (2011)، کۆترێک لە ئاگر، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.

_-شەوڕۆ، فازیل: (2016)، پۆشاکی کۆییان، چ1، ب، کتێبخانە گشتیەکان، هەولێر.

_شەوڕۆ، فازیل: (2014)، ماچەکانی کازیوەی ئێوارە، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.

_عەلی، پەخشان: (2009)، شێوازی شیعری گۆران، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.

_عەبدوڵلا، ئیدریس: (2012)، جوانکاری شیعری کلاسیکی کوردی، چ1، چاپخانەی هێڤی،هەولێر.

_علاء الدین، عبدالخالق: (2014)، کۆیە و ناودارانی، چاپی یەکەم، هەولێر.

_–قەرەداغی، موحەمەد عەلی: (1387 یەکەمی ئانا)، دیوانی وەفایی، چاپی دووەم، سنە.

_–کاکەیی، هەردەوێڵ: (2005)، ڕەنگ لە فۆلکلۆری کوردیدا، چاپی یەکەم. سلێمانی.

_–گەردی، عەزیز: (1972)، ڕەوانبێژی، بەرگی یەکەم، بەغداد.

_مەحمود، فازیل مەجید: (2007)، سروشت لە شیعری گۆران دا، چاپی یەکەم، دەزگا و چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

_میسری، شێخ محمود: (2015)، چیرۆکی پەروەردەیی بۆ منداڵان، چ1، ب. کتێبخانە گشتیەکان، هەولێر.

_مدرس، مەلا عبدالکریمی: (1383)، دیوانی مەولەوی، کتێبخانە جلی، ایران.

_–مدرس، مەلا عبدالکریمی: (1383 هەتاوی)، دیوانی نالی، چاپی دووەم، سەردەشت.

_–میران، سەردار حەمید و شارەزا، کەریم مستەفا: (2707)، دیوانی حاجی قادری کۆیی، سنە.

_–مستەفا، ئومێد عەزیز: (2014)، ژیان و بەرهەمی عەونی، چ1، ب.کتێبخانە گشتیەکان.

_هەردی، ئەحمەد: (2009)، عەرووز لە شیعری کوردیدا، چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

دووەم : گۆڤار

_ڕەئوف، لوقمان: (2017)، سیمۆلۆژیای ڕەنگ لە شیعری شێرکۆ بێکەسدا، ژمارە (3)، گۆڤاری زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی.

_– غفوری، سابات حمید مجید: (2018)، پێناسە و چەمکی بەیت، ژمارە (4)، گۆڤاری کەلتوری ڕۆشنبیری گشتی، کۆیە.

سیَ یەم : سەرچاوەی ئەنتەرنێت

_https://en.oxforddictionaries.com/definition/colour –

_ http://www.rit-mcsl.org/fairchild/WhyIsColor/files/ExamplePage.pdf

**ملخص البحث :-**

تأريخ الأدبي عن تأريخ وجهات النظر والاراء التي تعمل علي كشف القدرات المخفية للنص مما سهل طرق الكشف عن ذلك العالم الملىء بدلالة مختلفة والوان المتنوعة . وهو ايضا يعد اداة مناسبة لاستمرارية انتاج المعاني ،والتغيرات والحداثة والابداع.

لاشک ان دلالة الوان احدى تلك المناهج الفلسفية والادبية التي مع ظهورها استطاعت ان تؤثر على شتى ميادين الحياة . هذا البحث الذي يحمل عنوان (دلالة الالوان فى اشعار فاضل شة ورو )محاولة لتسليط الضوء على موضوع مهم ومؤثر جدا هو تعريف ومفهوم المصطلح دلالة الوان وعرض قيمتة واهميتة دورة فى الشعر.هذا الموضوع لم يكتب عنة الكثير الى وقتنا الحاضر، هذا من جانب ، واظهار الجوانب المخفية لدلالة الالوان عند هذا الشاعر الكبير من جانب اخر اديا الى اختيار هذا الموضوع ، لذالک يركز هذا البحث على نقطتين هما اهمية دلالة الالوان وتاثيرها فى مجال الشعر ، مقدرة وكفاءة وخبرة وسليقة الشاعر في هذا الجانب

فضلا عن مقدمة البحث يحتضن مبحثين : المبحث الاول يحتوى على اربعة محاور: المحور الاول : تعريف ومفهوم دلالة الوان ، اما المحور الثانى : فقد خصص لتحليل الوان فى منظور العلمى ، امـــا الثالث يتناول عن معانى الوان فى فولكلور الكوردي والمحور الرابع يتحدث عن علاقة دلالة الالوان بالبلاغة: المبحث الثانى : يحتضن اربعة المحاور ايضا، الاول يتحدث عن دلالة الالوان فى شعر الشاعر. وفى المحور الثانى ، عرضنا اهميه وتاثير الالوان كالرمز فى النص الشعرى اما فى المحور الثالث ، فقد تناولنا أهمية وابعاد وتاثيرات الالوان فى اشعار الشاعر . وفى الختام تم عرض أهم النتائج وقائمة المصادر والمراجع .وملخصين باللغتين العربية والانجليزية.

الكلمات الرئيسة: دلالة الالوان ، الشعرالحديث ،البلاغة ، معانى الرمز ، ابعاد مفهوم الالوان

**Abstrac:t**

This study is titled 'The meaning of colors in the poems by Fazil Shawro'. It is an analytical descriptive study which considers the use of colors and their meaning in different contexts by the poet. It is evident that, the cultural diversity and nations' perspective have impact on the meaning that is given to each color. This study mainly aims at examining the meaning of colors that are used by the poet on the one hand, and also it will be a chance to get a deeper insight into the capability and the competence of the poet in the way that he has dealt with the colors. Moreover, this study also elaborates on the universal perspectives of Shawro towards colors used as the essential elements of ecstatic and .beauty in literary texts, namely poems

This study consists of two chapters. Chapter one which is an introductory part the concept of color and how scientifically examined consists of four sections. The first section is devoted to the definition and the concept of color, the second section identifies color from a scientific perspective, the third question presents the meaning of colors in the Kurdish folklore, and .the fourth section illustrates the relationship between color and rhetoric

Chapter two is devoted to the meaning, status, use and the influence of colors in the poet's poems. This chapter also consists of four sections. The first section examines the meaning of color, the second one shows the use of colors as symbolic units, the third one determines the status and the importance of colors, and the last one is concerned with the dimensions and the influences of colors in Fazil Shawro's poems. Finally, this study ends with the most important concluding points and the list of .used references

# پێگەی منداڵان

# لە شیعرەکانی محەمەد داریاسدا

# پێگەی منداڵان لە شیعرەکانی محەمەد دارياسدا


**پوختەی توێژینەوە:**

(پێگە ی منداڵان لە شیعرەکانی محەمەد دارياس ) دا .دەروازەیەکە بۆ دەرخستنی بابەتێکی زۆر هە ستیاروکاریگەرو پێشاندانی نرخ و بایەخ و پێگەی منداڵان لەشیعرو ئەدەبیاتی کوردیدا بە گشتی و لە شیعرەکانی شاعیردا بە تایبەتی. کەتائێستا بە پێ ی پێویست لای لێ نەکراوەتەوە ، ئەمە لە لایەک و نیشاندانی ڕۆڵی ئە م شاعیرە بەرزە لەلایە کی دیکەوە. ئە م توێژینەوەیە هەنگاوێکی گرینگە بۆ ئەوەی بە پێی پێویست یان بە شێوەیەکی ئەکادیمی بایە خ و پێگەی مندالان لە ئەدەب دا بەگشتی و لە شیعرە کانی ئە م شاعیرە بەرزو هەست ناسکەدا بەتایبەتی بخە ینە ڕوو . سنوری توێژینەوەکە لە چوارچێوەی پێگە ی مندالان لەشیعرەکانی محەمەد دارياسدا دە خولێتەوە . ئامانجی توێژینەوە کەمان دەرخستنی ڕۆڵ و گرینگی و کاریگەری بابەتی مندالانە لە شیعردا بەگشتی و بەتایبەتیش لەشیعرەکانی شاعیردا.ئە م

توێژینەوەیە لە پێشەکی و دوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە .بەشی یەکەم بەشێوەیەکی گشتی تیۆرییەو لە دوو تەوەرە پێکهاتووە .تەوەرەی یەکەم ،بریتیە لە چەمک وپێناسەی شیعری منداڵان.لێرەدا هەوڵمانداوە بەشێوازێکی و زانستی وئەکادیمی تیشک بخەینەسەر ئەوبابەتەو ڕوونی بکەینەوە.تەوەرەی دووەم بۆ مێژوو و هۆکارو مەبەستە کانی شیعری مندالان تەرخانکراوە.

بەڵام بەشی دووەم : تایبەتە بە بایە خ و پێگەی منداڵان و بوارەکانی شیعری منداڵان گرینگی و ڕەنگدانەوەی لە شیعرەکانی محەمەد دارياس دا ، کەپێکهاتووە لە سێ تەوەرە . لە تەوەرەی یەکەمدا بوارەکانی (پەروەردەو فێرکردن و زانستی)مان لە شیعرەکانی محەمەد دارياس دا خستۆتە ڕوو .لەتەوەرەی دووەم دا ،بایەخ و کاریگەری بوارەکانی(دەروونی و تە ندوورستی )مان لەلای ئەم شاعیرە بەرزە پێشان داوە. لەتەوەرەی سێیەمیشدا و ئاستی قووڵی و کاریگەری و بەرزی بوارەکانی ( نەتەوەیی و نیشتمانی و ئاینی و کۆمە لایەتی) مان دەرخستووە.لەکۆتایدا ئەنجامی توێژینەوەکەو لیستی سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکەمان بەهەردووزمانی عەرەبی و ئینگلیزی خستۆتە ڕوو.

**پێشەکی:**

بابەتی مندالان یەکێکە لە سەرچاوە گرینگەکانی دارشتنی شیعری و پێگەو کاریگەریەکی زۆر بە هێزو گەورەشیی لە سەردەروونی منداڵاندا هەیە، بێگومان توێژینەوەکەمان بەناونیشانی(پێگەی منداڵان لە شیعرەکانی محەمەد دارياس) دا هەنگاویکە بۆ دەرخستنی بابەتێکی زۆر هەستیاروکاریگەرو پێشاندانی ڕۆڵ بەهای منداڵان لەشیعرو ئەدەبیاتی کوردیدا بە گشتی و لە شیعرەکانی شاعیردا بە تایبەتی، کەتائێستا بە پێ ی پێویست لای لێ نەکراوەتەوە، ئەمە لە لایەک و نیشاندانی ڕۆڵی ئە م شاعیرە بەرزە لەلایە کی دیکەوە.هۆکارە لاوەکییەکانی هەڵبژاردنی ئەو بابەتە زۆرن ، بەڵام بە شێوەیەکی سەرەکی بۆخۆشەویستی و گرینگی منداڵ و پایە و ئاسۆکانی لە بنیاتی کۆمەڵگە دا ، لە ئێستاو ئایندەدا لایەک و توانا و لێهاتوویی و ئەزموون و سەلیقەی شاعیر لە شیعری مندالاندا لە لایەکی دیکەوە دەگەڕێتەوە.

لێرەدا بە پێی پێویستی کاری توێژینەوەکە، ڕێبازەکانی (وەسفی و شیکاری ) مان بەکارهێناوە. بە مەبەستی بەرجەستە کردنی ئەو ئامانجە ئەدەبیانەی کەدەبێتە هۆکاری سەرەکی بۆگەشە کردن وسەرکەوتنی ئەو بابەتە. لە هەمان کاتدا ئە م توێژینەوەیە هەنگاوێکی باش و پڕ بایەخە بۆ ئەوەی بە پێی پێویست یان بە شێوەیەکی ئەکادیمی بایە خ و پێگەی مندالان لە ئەدەب دا بەگشتی و لە شیعرە کانی ئە م شاعیرە بەرزو هەست ناسکەدا بەتایبەتی بخە ینە ڕوو.بۆیە سنوری توێژینەوەکەمان لە م بابەتەدا چڕ دەبێتەوە.

شیعری منداڵان پانتایەکی گەورەو فراوانی لە دەقی ئەدەبی منداڵاندا داگیر کردوە وکاریگەرییە کی گەورە و بەهێزیشی لەسەر مندالان دا هەیە. بۆیە لێرەدا تیشک دەخەینە سەر ڕەنگدانەوەی ئەم بابەتە لە شیعرەکانی محەمەد دارياس دا. ئامانجی توێژینەوە کەشمان دەرخستنی ڕۆڵ و گرینگی و کاریگەری بابەتی مندالانە لەشیعرەکانی شاعیردا.

•محەمەد دارياس: ناوی تەواوی محەمەد فە تحولا سە عیدە ،لە ساڵی 1952 لە شاری کۆیەی ئەدەب و هونە رو کوردایە تی لە دایک بووە ، لە ساڵی 1974 پە یمانگای مامۆستایانی هە ولێری تە واو کردووە . ئەندامی یە کێتی ئە دە ب و نوسە رانی کوردو بنکە ی ئە دە بی و روناکبیری گە لاوێژە. ئێستا مامۆستایە لە قوتابخانە ی میدیایی سە رە تایی لە کۆیە .

## 1. چەمک و پێناسە و  مێژوو و هۆکارو مە بە ستە کانی شیعری منداڵان

### 1.1 چەمک وپێناسەی  شیعری منداڵان:-

لە راستی دا  هەر لە کۆنەوە  منداڵ و  شیعری منداڵان پایە و پێگە یە کی گە ورەو فراوانی  لە بواری ئەدە بیدا هە بووە. بۆیە دەبینین کە م تا زۆر شاعیران و نوسە ران و ڕوناکبیرانی کوردیش هە ستیان بە گرینگی و بەهای منداڵان کردووە و پێیان وابووە کە پێویستە منداڵانی کوردیش وەک منداڵانی وڵاتە پێشکەوتووەکان بایە خیان پێبدرێت و بە رەو ئایندەیە کی گە ش و پرشنگدار ئاراستە بکرین .چونکە مندالان بنیاتی هە موو کۆمەڵگاو نەتەوەیە کن . دیارە باشترین ریگاش بۆ ئە و مەبەستە ئە دە ب و شیعری منداڵانە. چونکە شیعر بە هە ست و سۆزی ناسک وکێش و سە روا و ئاوازی بە جۆش و خەیاڵی جوان ڕازاوەتەوە و منداڵ دە توانێ بە ئاسانی تێی بگات و لە بە ری بکات و چێژو خۆشی پێ ببەخشێت و سودی پێ بگە یەنێت. ئە مە ش هۆکاریکە بۆئەوەی پێگە و کاریگە ری مندالان لە بواری ئە دەب  و شیعردا  بە رزو بە هیزو کاریگە رو فراوان بێت . دیارە سە بارە ت بە شیعرو ئە دە بی منداڵان گە لێک تێروانین و بیرو بۆچوونی جیاواز هە یە . (میر سادقی)  بە م شێوەیە پێناسەی شیعری منداڵان دەکات و دەڵێ"شیعری منداڵان بە شێکە لە ئەدەبیاتی منداڵان و مێرد منداڵان لەپێناو سەرقالکردن و فیرکردنی ئەواندا دەهێنریتە ئاراوە،بەشی زۆری شیعری منداڵان لە شیعری میللی و کورت و ئە فسانەو حیکایەتە شیعرییەکان ،ئاوازی یارییە کان ،مەتەڵەکان ، لای لایەو شتی تری وەک ئە وانە پێکدێن .  کە زۆربەی ئەمانە بەبەشێک  لە ئە دەبیاتی خە لکی  دادەنرێن" (فازیل مەجید،2004: 45)  هە روەها  د.محمد محمود رە زوان دەڵێت "برتییە لەو کۆمەڵە وتە و واتایانەی کە چێژ بەدەروونی منداڵان دەبەخشێت ئینجا بەشێوەی پەخشان یان شیعربێت یان بەرهەمی نوسراو یان سەرزارەکی بێت" (محمد محمود رەزوان،1989: 8) بە ڵام  د.هادی نعمان  هیتی دەڵێت "هەموو ئەو بەرهەمانە دەگرێتەوە کە بۆ منداڵان دەنووسرێت و تێدا ڕەچاوەی تایبەتمەندی و ڕادەی گەشەکردنی منداڵان دەکرێت" (د.هادی نعمان هیتی،1978: 156). حە مە کەریم هە ورامی پێی وایە ئەدەبی منداڵان هەموو ئەو بەرهەمانە دەگرێتەوە کە بتوانێت چێژوخۆشی بەمنداڵان ببەخشێت و سەرنجیان ڕابکێشێت و ئینجا ئەو بەرهەمە بەشێوەی پەخشان بێت یان شیعربێت یان بەرهەمی نوسراو یان نەنوسراوبێت،سرود یان گۆرانی وتاربێت (حەمەکەریم هەورامی،2..5: 14). هەر لە م بارەیەوە حەمە فەریق حەسەن بە وردی دەڕوانێتە جیهانی منداڵان  و دەڵێیت "هیچ ژانرێکی ئەدەبی، بە دەقی شانۆیی و ڕۆمانیشەوە، هێندەی نوسین بۆ منداڵان سەخت نیە،

هیچ دەقێکیش ئەوەندەی دەقی بۆ منداڵان نوسراو، ناکەوێتە بەر پرسیارێتی پەروەردەیی و ئەخلاقیەوە هەتا بۆ قۆناغی بچوکتر بنوسیت کارەکەت سەختترە، دەبێت ئەو دەقە پێشانی چەندین شارەزای بواری زمان و سایکۆلۆژیای پەروەردەیی بدەیت، ئەوجا بیخەیتە بەر دەستی منداڵ. تۆ بەو ئەدەبەی وا بۆ منداڵی دەنوسیت کەسیەتیان بنیات دەنێیت و دەیانکەیتە خاوەنی ویژدانی پاک و جلەوی داهاتوو یان دەدەیتە دەست" (حەمەفەریق حەسەن، 2001: 16). فەرەیدون علی ئەمین یش لە بارەی ئەدەبی منداڵانەوە دەڵێت "هەر بەر هەمێکی منداڵ ئەگەر بکرێ، پێویستە وێنەی ڕەنگاو ڕەنگیشی تێدابێت، چونکە لێکۆڵینەوە زانستیەکان ساغیان کردۆتەوە کە ڕەنگاو ڕەنگ چێژێکی تایبەتی لای منداڵ هەیە بۆ زوو تێگەیشتن و فێربوون" ( فەریدون عەلی ئە مین، 1985: 5). بێگومان "پەیامی هەرە گەورەی ئەدەبی منداڵان، ئەوەیە کە یارمەتی منداڵان بدات جیهان بناسن و بیدۆزنەوە و بیگۆڕن" (4)(د.کەمال میراودەلی، 1981: 23)دیارە وەک دەزانین "جیهانی منداڵان جیهانێکی پڕە لە وێنەی جوان و ڕەنگاو ڕەنگ داهێنان و خەیاڵێکی بێ سنور"(ڕۆستەم باجەلان، 1999 : 32).

لە پاڵ ئە مانە شدا "ئەدەبی منداڵانیش هەردوو لایەنە گرنگەکەی خۆی ڕەچاو دەکات یەکێکیان ئەدەبەو نرخی جوان پەرستی و هەست و سۆز بزوێنی و دونیای ڕەنگاوڕەنگی ئەندێشەو تامی خۆی هەیەو دەبێ پڕ بەدڵی خوێندەواران بێت، دووەمیش لایەنە پەروەردەییەکە بەدیبهێنی کەبریتی دەبێت لەکەرەستەیەک لەکەرەستەکانی بە خێوکردنی هەست وبیرو پێگەیاندنی منداڵەکەو ئاڕاستەکردنی بە پێی ڕێبازی مرۆڤایەتی خەبات لە پێناوی مافی مرۆڤان و سەربەستیان و مافی پێکەوەنانی ژیانی نوێدا"(عەبدولرەزاق بیمار، .198: 27) کەواتە "ئە دەبی مندالان ئە و ووتە جوان و ئاوازدارو پەخشاندارە یە کە ڕێک و ڕە وان بێت و بتوانێت کاربکاتە سە رهە ست و سۆزی ئە وانە ی کە گوێیان لێ دە بیت" (عبدالرؤف ابوسعد، 1994: 27).

هە رچۆنێک بێت دە توانین بڵێین ئە دە بی منداڵان هەموو ئەو بەرهەمانە دەگرێتەوە کە بەشێوەیەکی تایبەتی و ڕاستەوخۆ لە چوارچێوەیەکی هونەری و ئەدەبی بە زمانێکی سادە و ساکارو ناسک و بە ئاوازیکی پر جۆش و خرۆش بۆ منداڵان نووسرابێت و لە ژیان و ژینگە و جیهانی مندالانەوە هە ڵقوڵابیت و سودو چێژ یان پێ بگەیەنێت.

## 2.1 مێژوو و هۆکار و مەبەستە کانی شیعری منداڵان:-

**1_-مێژووی شیعری منداڵان :-**بە شێکی زۆر لە نوسە ران و رە خنە گرانی ئە وروپی مێژووی ئە دەبی مندالان دەگەڕێنەوە بۆ سەدەی شانزە، وەک سەرەتایەکی پرۆگرامی زانستی، بەڵام بایەخی تەواو بە منداڵ و دیراسەکردنی و گەشەی ئەدەبی منداڵان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵەکانی (1960) بە دواوە "بە شێوەیەکی گشتی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەو سەرەتاکانی سەدەی بیست کە لە نێوان ساڵانی (9880 – 1920)ە بەسەردەمی ئاڵتونی ئەدەبی منداڵ لە ئەوروپا دادەنریت" (فازیل مەجید مەحمود ،2000: 43). لێرەوە دەتوانین سەرەتای سەرهەڵدانی ئەدەبی منداڵان دابەش بکەین بەسەر چەند وڵاتێکدا:-

أ_ فەرەنسا:- سە رتای سە رهە ڵدانی ئە دە بی منداڵان بۆ فە رنسا دە گە رێتە وە، ئەمەش بە بڵاوبوونەوەی حیکایەتەکانی (لاڤۆنتین) لە لایەن (جان دی لاڤۆنتین 1623 – 1695) دا کە بە رابەری ئەدەبی منداڵانی فەرەنسا ناسراوە و ئەم حیکایەتانەی بە شێوەی هەڵبەست داناوە و بە دیاری پێشکەشی لویسی چواردەهەمی کردووە، دوای لاڤۆنتین وەک بایەخدان بە نوسین بۆ منداڵان چیرۆکەکانی – تشار لزبیرۆ – بوو، کە وا کۆمەڵە چیرۆکێکی بە ناوی (دایکە قازەکەم)بڵاو کردۆتەوە،یەکێک لەو کۆمەڵە چیرۆکانە چیرۆکی (سندرێلا و جوانی خەواڵو) بوو کە لە ساڵی 1697 ز بڵاوی کردەوە، هەروەها لە ساڵی (1704 – 1717) دا چیرۆکی (هەزارو یەک شەوەی وەرگێڕایە سەر زمانی فەڕەنسی) (خالیدەقادر فەرەج، 1999: 8). لە ناوەراستی سەدەی هەژدەدا فەیلەسوفی فەرەنسی جان جاک ڕۆسۆ(1712 – 1778)، شۆڕشێکی گەورەی بەرپاکرد، لە کتێبی (ئیمیل) دا گرنگیدا بە لێکۆڵینەوەی منداڵ وەک کەسایەتیەکی سەربەخۆ. (ڕۆسۆ) بانگەشەی ئەوەی کرد، کەوا ئامانجی پەروەردە بریتیە لەوەی، مرۆڤ فێربێت چۆن بژیت .هەروەها دەرفەت بە منداڵیش بدرێت بەهرە سروشتیەکانی خۆی گەشەپێ بدات و تەنها ئەو زانیاریانەشی پێشکەش بکرێت، کە پێویستی پێیەتی(رازاوەرەشید سەبری، 2007: 11).

ب_ ئینگلتەرا:-ئە دەبی مندالان لە ئینگلتەرا لە ژێر کاریگەری ئەدەبی فە رنسی گە شە کردن و پێشکەوتنی بەخۆوە دیت ، ئەمەش  دوای بڵاوکردنەوەی چیرۆکی (ڕۆبنسن کرۆسۆ) لەلایەن (دانیال دیڤۆ) لە ساڵی (1719) دا ئەم چیرۆکەش بەسەرەتای دەستپێکردنی چیرۆکی هونەری دادەنرێت لە ئینگلتەرا، هەروەها لە ساڵ (1744) دا (جۆن نیوبری)  بە رهە می (گەشتەکانی جلیڤر) ی گۆڕیە سەر زمانی ئینگلیزی کە لە لایەن (جۆناشان سویفت) نوسرابوو، بۆیە (نیوبری) بەیەکەم نوسەری منداڵانی ئینگلتەرا لەقەڵەم دەدرێت (خالیدە قادرفەرەج، 1999: 9). یەکێک لەو وڵاتانەی لە دوای فەرەنسا ناوبانگیان دەرکرد لە بواری ئەدەبی منداڵاندا ئینگلتەرابوو، بەڵام

لەسەرەتادا لە ماوەی سەدەی (17) و (18) دا ناوەرۆکی نوسینەکان ئامانجی ئامۆژگاری و(ڕێنمای کردن بوو، بەبێ ئەوەی بایەخ بە ئەقڵیەت و لایەنی دەرونی منداڵان بدرێت، وەک پەرتوکی (وەسیەت بۆ کورێک) کە لایان (فرەنسیس ئۆزبۆرن) بڵاوکرایەوە. نوسینەکان بەم شێوەیە مانەوە تاکو پرۆسەی وەرگێران هاتە کایەوە ژمارەیەکی زۆر چیرۆک و بەرهەمی فەرەنسی وەرگێڕدرانە سەر زمانی ئینگلیزی (رازاوە رەشید سە بری، 2007: 13).

ج_ ئەڵمانیا:- ئه ده بی منداڵان له ئه ڵمانیا ده گه ڕێته‌وه بۆسالًی 1812 لەسە ر دە ستی چەند نوسه ریکی به ناو بانگی وەک ( هانز کریستۆن و ئەندرسۆن ) سه ری هه ڵداو گه شه ی کرد ..شێرزاد نانەکەلی باس لە چۆنیەتی بایەخدانی ئەدەبی منداڵان لە لایەن ولاته پێشکەوتوەکان دا دەکات و ئەڵمانیا بە نمونە دەهێنێتەوە و دەڵێت "هەمیشە مامۆستاکانیان زیاتر لە هەموو شتێک دوا ڕۆژی منداڵەکانیان لەبەر چاوەو بایەخی پێ دەدەن، لە هەموو شارو لادێکان دا، کتێبخانەی گشتی و تایبەتی بۆ منداڵان هەیە، کتێب بە هەرزانترین نرخ دەست دەکەوێت، لە کتێبخانەکاندا بەلایەنی کەمەوە (21000) کتێب تەرخانکراوە بۆ خوێندنەوەی منداڵ" (رازاوە رەشید سەبری، 2007: 14)

2_سەرهەڵدانی ئەدەبی مندلان لە ولاتانی عەرەبیدا :-

چوو" (عبدالفتاح ئه ده بی منداڵان له ولاتانی رۆژهه لاتی وئیسلامی و عه ربیدا تاڕاده یه ک درەنگ سه ری هه ڵداو گه شه ی کرد ، دیارترین ئه و ولاتانه ش که ئه ده بی منداڵانی به خۆوه بینی به تایبەتی له ولاتانی عه ربیدا میسرو عیراق بوون .

1_ میسر:- ئەدەبی منداڵان لە م ولاتە دا لەسەردەمی (محمد علی)دەستی پێکرد، ئەمەش لە ڕێگای وەرگێڕانەوە، لە ئەنجامی تێکەڵاو بونیان بە ڕۆژئاوا، یەکەم کەس کە پەرتوکی وەرگێڕدراوی پێشکەش کرد لە زمانی ئینگلیزیەوە بۆ زمانی عەرەبی لە میسر (رفاعه رافع التهتاوی)بوو، کە بەر پرسی خوێندن بوو ژمارەیەکی لە چیرۆک و حیکایەتی بیانی و ڕۆژئاوای وەرگێڕاوە بۆ سەر زمانی عەرەبی (عبد الفتاح ابو المعال، 1988: 31 )."ئەحمەد شەوقی، کاتێک لە فەرەنسابوو ئەدەبی منداڵانی ناسی (ئەحمەد شەوقی) یەکەم کتێبی دەربارەی ئەدەبی منداڵان دانا و چیرۆکێکی لەسەر زاری ئاژەڵ و باڵندەنوسی، لەوانە( چۆلەکە، بولبول، ڕێوی و کەڵەشێر...هتد)"(رازاوە رشید سەبری ، 2007: 19).

2_ عێراق:- ئه ده بی مندالان له عیراقیش دا تا ڕاده یه کی زۆر جیگای بایه خی شاعیران و نو سه ران بووه ، دکتۆر هادی ئەلهیتی، دەربارەی ئەدەبی منداڵانی عێراق دەڵێت(گرنگی زۆر بە

ڕۆشنبیری و ئەدەبی منداڵان دراوە لە ناو ئەو کەسانەی کە گرینگیان بە چیرۆکی منداڵان داوە (روفائیل بوترس و، شێخ حەمە ڕەزا، د.محمد مەهدی ئەلبەسیر) کۆمەڵێکی تریش کە هەوڵیان داوە لەم بوارەدا گرینگی بە چیرۆکی منداڵان بدەن هەروەک شاعیری بەناوبانگی عێراقی"(معروف الرسافی) کە کۆمەڵێک پارچە شیعری منداڵانی داناوە کە کاریگەری زۆری هەیە لەسەر بیرکردنەوە و تێڕامان و خەیاڵی منداڵان"(د.هادی نعمان الهیتی، 1989: 12). لەعێراقدا لە ساڵانی سییەکانی ئەم سەدەیە بە تایبەتی ساڵی (1922) یەکەم گۆڤاری منداڵان دەرچوو بەناوی (التلمیذات العراقی) دەتوانین بەسەرەتای دەستپێکردنی چیرۆکی منداڵانی دابنێین .

"زۆربەی نوسەران هۆشیارانە دەستیان پێکردەوە و لە بەرهەمەکانی (ئەحمەد شەوقی) سودێکی باشیان وەرگرتووە و لاسایان کردۆتەوە"(خالیدە قادر فەرەج ،1999: 13). هەروەها"پرۆگرامی ڕاگەیاندن و تەلەفزیۆن و ڕۆڵی تایبەتی هەبوو لەبەرەو پێش چوونی ئەم ئەدەبەدا وێڕای ئەوەی کە کۆمەڵێ شانۆ دامەزراوە، وە لەوکاتەدا ئەو گۆڤارو ڕۆژنامانەی خزمەتی ئەدەب و چیرۆکی منداڵانی کردبوو کە بەشێوەی زانستیانە بووبێت وەکو گۆڤارەکانی مەجەلەتی(مزمارە) بوو بەم هۆیانەوە جیهانی منداڵان پەرەی سەندو بەرەو پێش رۆیشت( ابو معال،1988: 32).

### 3_ مێژووی سەرهەڵدانی ئەدەبی منداڵانی کوردی:-

ئە دە بی مندالانی کوردی وەک ئە دە بی مندالانی جیهان تاراده یە کی باش جێگای بایە خی شاعیران و نوسە ران و هونەرمەندان بووە ، "سەرەتا لە فۆلکلۆرەوە دەستی پێکردو وەکو گەنجینەیەکی دەوڵەمەندی پێشینانەو لە شێوەی چیرۆک و حیکایەت و گاڵتەو گەپ و پەند دانراوە، دەتوانین بڵێین پشتاو پشتی لە دڵ و دەرونی پیرەکاندا ماوەتەوە، جا لێرەدا دەتوانین لە ئەدەبی فۆلکلۆری منداڵان بدوێن، مەبەست لە فۆلکلۆری منداڵانی کورد ئەم بەرهەم و داهێنراوانەی کە گەورە ساڵان بۆ منداڵانی داناوە" ( ڕێواس ئەحمەد، 2005: 22). لێکۆڵەرانی ئەدەبی کوردی پێیان وایە کە ئەدەبی منداڵان و سەرەتای پەیدابوونی، لە ئەدەبی نوسراوەوە دەست پێدەکات و هەروەکو دەڵێت "ئەدەبی نوسراویش سەرەتا بە شیعر دەست پێدەکات و دەگەڕێتەوە بۆ هەزارەی یەکەمی زایین و بابا تاهیری هەمەدانی (935 –1010) وەک بەرهەمێکی باوەڕپێکراو دەست پێدەکات لەو سەرەتایەوە هەتا سەدەی حەڤدەی زایین هیچ بەرهەمێکی ئەدەبی نوسراو نابینین کە پەیوەندی بە منداڵەوە هەبێت"( خالیدە قادر فرج، 2004: 37). هەندێ لە لێکۆڵەران پێیان وایە سەرەتای پەیدابوونی ئەدەبی منداڵان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەردەمە کۆنەی ژیانی ئادەمیزاد کە لەوپەڕی سادەیدا بووە، لەو کاتەدا لە ئەشکەوتدا ژیاوە و

پاشەکەوتی خۆراکی زانیوە، بۆ پەیداکردنی خۆراک باوکی منداڵ بەیانیانی هەموو ڕۆژێک دەردەچوو بەناو دارستان و کەناری دەریاو پێدەشت و شاخەکاندا بە شوێن شکارو خۆراکدا گەڕاوە، دایکیش بۆ ئارام گرتن و دامرکانەوەی گریانی منداڵەکەی بە شێوەیەکی خۆڕسکی (عەفەوی) جۆرە دەنگێکی ئاوازداری پڕ بە سۆزی بۆ دەربریوە، بەو ئاوازە گەمەی بە منداڵەکەی کردووە خافڵاندویەتی ، ئەدەبی منداڵان لە وێوە سەری هەڵداوە (حەمەکەریم هەورامی، 2005: 43). بە ڵام دە توانین بلێین ئە دە بی منداڵانی کورد زیاتر لە لایە ن شاعیرانە وە سە رچاوەی گرتووە شیعری ((نەوبەهار)) ی ((ئەحمەدی خانی))بە نموونە یە کی بە رزی سە رە تای شیعری منداڵانی کورد دادە نرێت ، "دوایی لە لایەن کۆمە لیک شاعیری تری وەک زێوەر ، پیرە مێرد ، گۆران ، بێکەس زیاتر گرنگی بەو بەرهەمانە دراون" (نەوزاد عە لی ئەحمەد، 2006: 30) چونکەدوایی شیعری فۆلکلۆری هەرلە ساڵانی زووەوە شیعری فێرکاری،مێژوویەکی دیاری هەیەوەکو (نەوبەهاری بچوکەکان) ی (ئەحمەدی خانی) لە ساڵانی(1650-17.6ز) وە(ئەحمەدی) (شێخ مارفی نۆدێی) لە ساڵانی(1752-1781ز) وە (عەقیدەی کوردی)(شێخ سەمیح) لە (بیروباوەڕی خواپەرستی)،گۆڤاری گەلاوێژ (1939-1949ز)دوای ئەویش گۆڤارو ڕۆژنامە کوردیەکانی دیکە سەرچاوەی کۆکردنەوەی شیعرن بە شیعری منداڵانیشەوە،وە نیوەی دووەمی لەسەدەی ڕابردوو تەکانێکی دیکەی بە شیعرو چیرۆکی کوردی داو شیعری منداڵانیش گەشەی باشی بەخۆیەوە بینی و لە ڕووی هونەری و ناوەڕۆک و زمانیشەوە زیاتر بەرەو پێشەوە چوو ( ئەحمەد ساڵح فەرهادی،2.13: 9).

_ هۆکارەکانی سەرهەڵدانی شیعری منداڵان لای شاعیر :-

1_خۆشەویستیی منداڵ.

2_هەست کردن بە بوونی بۆشاییەکی گەورە لەم بوارەدا.

3_ خۆشەویستیی منداڵ لای دایک و باوکان، کە هەمیشە چاوەڕێی دوا ڕۆژی ڕوونی ئەوانن.

4_منداڵ بەبەردی بناغەی کۆمەڵگا دادەنرێت، ئایندە ی هە موو گە ل و نە تە وەیە کیش لە دە ستی ئە وان دایە .

5_ کەمیی ئەو کەسانەی کە شیعر بۆ منداڵان دەنووسن و خزمەتی بواری منداڵان دەکەن.

6_هەستکردنی تەواو بە بەرپرسیارەتی لە ئاست داهاتووی منداڵان، چونکە ئەگەر ئێمە لە پەروەردەکردنی منداڵەکانمان دەست پێنەکەین بۆ بەرهەم هێنانی نەوەیەکی ڕۆشنبیر و زانا و لێهاتوو، ئەوا ناتوانین بە هیچ جۆرێک بگەینە ئاستی وڵاتانی پێشکەوتوو ، چونکە هەر لەکۆنەوە تا ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێت، کورد هەر لە ژێر چەپۆکی چەوسانەوەو زوڵم لێکردن دابووە و ویستوویانە بیرو بۆچوونەکانی خۆیان بەسەر منداڵانی کورد دا، بچەسپێنن بەو جۆرەی کە خۆیان ویستوویانە.

7_ بە بۆچوونی ئێمە هۆکارێکی تریش بۆ شیعری منداڵان ڕەنگە ئەوە بێت، کە شاعیر لە لایە ک وەک باوک لە ژیانی خێزانی خۆیدا و لە لایە کی دیکە شە وە وەک مامۆستایە ک لە قوتابخانە دا بۆ ما وە یە کی زۆر و بە ردە وام لە گە ل مندالان و لە ژیان و ژینگە ی مندالان نزیک بووە . ئەمەش وایکردووە، کە شەیدای منداڵ بێت و لە جیهانی مندالان دا بژی و لە غە م و خە یاڵ و خولیای منداڵان دابیت .

4_ ئامانجەکانی شیعری منداڵان لای شاعیر:-

مە بە ستی سە رە کی ئەدەبیی منداڵان لە لای شاعیر پەرەپێدانی توانا شاراوەکانی منداڵانە و گەشەدانە بە لایەنە جیاوازەکانی گەشەی منداڵ بەشێوەیەکی دروست، هەوڵدان بۆ هۆشیارکردنەوەی منداڵان بە تایبەتی و کۆمەڵگاو ژینگەی چواردەوریان بەگشتی بەمەبەستی پێگەیاندنی نەوەیەکی تەندروست و چالاک لە ژیاندا. بە بۆچوونی هۆراس شیعر سێ مەبەستی هەیە:-((سوود بەخشین)) یاخود ((لەزەت پێگەیاندن)) یاخود هەردووکیان پێکەوە واتە ((ئارەزوو بزواندن و لێکدانەوەی پەندەکانی ژیان))....... ئەم تێکستە بەم قسەیەی لە بواری ئێستاتیک دا نیشانی دا، کە نیشانی شکاندوەو پوختەیەک و کاکڵەیەکی دەربارەی زانستێکە داوەتە دەست کە ئەمڕۆ جوانناسی واتە فەلسەفەی ئەدەب و هونەری پێ ئەوترێ.... لەیەک دابڕینی ئەم دوو لایەنەی مەبەستی شیعر مەسەلەکە لاسەنگ دەکات و لە گۆشەیەکەوە لە بایەخی بەرهەمە ئەدەبیەکە یاخود هونەریەکە کەم ئەکاتەوە...

ئەگەر ئێستاتیک پەیوەندییەکی دیالێکتانە نەبێ لە نێوان سوود بەخشین و چەشنە "لەزەت لێ وەرگرتن) دا کە لە قۆناغێکی باڵاتر دا هەردووکیان لە کۆیەکی یەک پارچەدا کۆ ئەکاتەوە.... ئەبێ چی بێ؟ هەر بەم پێودانگەش.... (ئەو کەسەی بۆ کەیف هێنان و سوود بەخشین بە خوێنەر شتی

سوود بەخش و بەتام پێکەوە تێکەڵ دەکات...... ئائەمە ئەو کتێبەیەکە ..... لە دەریاکان ئەپەڕێتەوە و ناو بانگی درێژ خایەن بۆ خاوەنەکەی وەدەست دێنێ"(هۆراس:و.حەمید عەزیز، 2005: 9).

## 2. پێگە وبوارەکانی شیعری منداڵان و ڕەنگدانەوەی لە شیعرەکانی محەمەد دارياس دا

### 2. 1 ڕەنگدانەوەی بوارەکانی (پەروەردەو فێرکردن و زانستی) لە شیعرەکانی  شاعیردا

1_ ڕەنگدانەوەی بواری پە روەردە و فیرکردن.

گومانی تێدا نییە کە ڕۆڵی دایک و باوک بە پلە ی یە کە م دیت  لە پە روەردە کردنی منداڵان دا ، چونکە منداڵ لە باوەشی دایکیدا چاو و گوێی دەکرێتەوە و فێری گڕوگاڵ دەبێت، هەوڵ دەدات لاسایی دایکی بکاتەوە و زۆربەی خو و ڕەوشتی لێوە هەڵدە گرێ واتا "خێزان بە تایبەتی دایک فەرهەنگی منداڵە،یاپڕە لە شت وشەی جوان و ناسک یان پڕە لە وشەی پیس و ناشیرن،هەرمنداڵێک لە ئاسۆی بۆچوونی خێزانەکەیەوە بۆژیان دەڕوانێتە دەوروبەر،ئەنجامیش هەر ئەوئاسۆیەیەپاشە ڕۆژی تێدادەبینێت"(عبدولعەزیزعومەر، 2005: 38). منداڵ لەهەموو کۆمەڵگایەکدابڕبڕەی پشت و پاشەڕۆژیەتی،بۆیە بەبیرکردنەوە لەپێگەیاندن وپەروەردەکرنی خولیای کارمەندان وپسپۆڕان و شارەزایانە،ئەونەمامەی ئەمڕۆدەبێتەدرەختێکی بەهێزوئەستور و ڕەگ داکوتاووپتەوی سبەینێ. "ئەوگرنگیەی کە خێزان بە منداڵی دەدات چاکترین پاڵپشتە بۆ منداڵان بۆگەشەکردن و پەرەپێدان وتەواوکردنی هەموو وەزیفە دەروونی و جەستەییەکان ئەم وەزیفانەش یارمەتی دەدات بۆ ئەوەی کەسایەتیەکی بەهێز بۆخۆی پەیدابکات (شێخ محەمەدی خاڵ، 1984: 89) پێویستە لەسەردایک تامنداڵەکەی پێدەگات سۆزوخۆشەویستی پێ ببەخشێت و فێری ڕەفتاری باشی بکات سەرپەرشتی خوێندن و ئارەزووی خوێندنەوەی لا جێ بەجێ بکات جگە لە ڕۆڵی دەزگاکۆمەڵایەتی یەکان وهۆیەکانی ڕاگەیاندن لەپێگەیاندن و پەروەردەکردنی وفێرکردنی منداڵاندا..

هەرلەکۆنەوە زۆرێک لە شاعیران شیعری پەروەردەییان بۆمنداڵان نوسیوەو توانیویانە سودو چێژ بەمنداڵان بگەیەنن .چونکە  زانیویانە هەرگیز شیعرو منداڵ لەیەکتری جیانابنەوە .هەروەک چۆن منداڵ کە دروست دەبێ ژان و ژیانی هەیەو گەورەدەبێت وجێگای شیاوی خۆی لەمەیدانی ئەم ژیانە فراوانە دەکاتەوە ،شیعریش بەو پلە و قۆناغەدا دەڕوات و دەژی و هەناسەدەدات وکاردەکات.مامۆستا محەمەد دارياس یەکێکە لەوشاعیرانەی کە لەو بوارەدا بە و پە ڕی هە ستکردن بە بە ر پرسیارییەتیە وە  شیعری  بە مە بە ستی  پە روەردە کردنی منداڵان نوسیوە .

شاعیر پەروەردەو پێگەیاندن و بایەخدان  بە بابە ت و ژیانی منداڵا ن بە ئە رکی سە رە کی سە ر شانی خۆی زانیوە  دڵسۆزانە ئاوڕی لەم لایەنە گرنگە داوەتەوە .چونکە منداڵ بووە بە چاوگە ی ژیان و بە شیکی فراوانی لە دڵی داگرتووە. ئەمەش لەم پارچە شیعرەی( دروشمی ژیان ) دا بەتەواوی خۆی دەنوێنێ کە دەڵێ:

| | |
|---|---|
| درۆنـاکەم   درۆناکــــــە م | هەرگیز خۆم  ڕنجــە رۆناکەم |
| درۆنـاکەم   هەتا مـــــاوم | ڕاستی  دە خە مە سە رچاوم |
| بە فڕوفێڵ   یـــــا بە درۆ | هیچ کەسێ  مە کە دە ستخە ڕۆ |
| ئاشتیم دە وێ هاوار دە کە م | دژی شە ڕم   هە تا کو  هەم |

( محەمەد دارياس، 2003: 35)

 لیرەدا شاعیر وە ک بانگخوازیکی مرۆڤایە تی و  وەک باوکێکی دلسۆزو مامۆستایە کی پەروەردەیی بەزمانیکی شیرین و بە وینە و ئاوازیکی جوان و ڕەنگاڵە یی منداڵانە ، هانی منداڵان دەدات  ڕاستگۆو  بە ئە مە ک و ئاشتی خواز بن .

 هەروەها لە بواری فیرکردنیشدا شاعیر زۆر باڵا دە ست و  بە سە لیقە و خاوەن ئە زموونە .بۆیە شیعر لای ئەو هاندە رو پاڵنە ریکی بە رزو بە هێزو کاریگە رە  بۆ گە شە کردن و پێشخستنی  ئاستی هۆشیاری و وفێرکردنی منداڵان  تاکو  بتوانێت بەزمانێکی راست ورەوان فێری قسەکردن وئاخاوتن ببێت . جگە لە مانە  شاعیر بە شێوازیکی شیعری سادەو ساکار لەبارەی منداڵانەوە دەدوێت. چونکە  شاعیر دلنیا یە لە وەی گەشەی زمانی منداڵان بەشێکی گرنگە لەگەشەی ئەقڵی و یارمەتی منداڵ دەدات بۆئەوەی زیاتر بەرەو پێشەوە بڕوات ،لە هە مان کاتدا  زمان هۆیەکە بۆتێگەیشتن و پەیوەندی کردنی منداڵ لە قۆناغی ڕەمزو هێماوە بەرەو گوزارشت کردنی ئەوشتەی کە  دە یە وێت دەری ببڕێت، دیارە  بیرکردنەوە خالێکی بنە ڕە تییە بۆڕێکخستنی زمانی منداڵ بەبەردەوامی و  پەیوەندی  کردنی بە کەسانی دەوروپشتی. زانا زمانەوانی یەکان بایەخیان بەم دیاردە داوە لای منداڵاندا،چونکەلەچەند لایەنێکەوە کاری کردۆتە سەربەرەو پێش بردنی سایکۆلۆجیەتی منداڵ.

"هەروەهامێشکی منداڵ بەئالەتێکی پرۆگرام کراو دادەنرێت،کەجۆرە زانیاریەکی دیاری کراوی تێدایە و کارەکە دەبات بەرە و جێبەجێ کردنی پرۆسەی فێربونی زمان" (جورج کلاس، 1984 :12). واتا منداڵ  کاتیک کە گوێ بیستی   شیعر  دەبێت ڕەنگدانەوە لە سە ر مێشک دل و

دەروونی دروست دەبیت و دواتر دە گۆریت و شێوازێکی پەروەردەیی و ڕوشتێکی زمانەوانی جیاوازی لادروست دەبێت. بێکومان لایە نی فێرکردن پانتایە کی گەورە و فراوانی لە شیعرە کانی محە مە د داریاسدا هە یە  ئە مەش نموونەیە کی بە هیزی شیعری فێرکرد نە  کە لە م پارچە شیعرە ی شاعیردا بە ناو نیشانی(ناسینی ژینگە) دا دەڵێ:-

باپیت بڵێم بە ئـــــــاسانی

ژینگە چییە بـــــــا بیزانی

ژینگـــە سروشتە ، دەورو بەرە

ئاوە، خـــــاکە یا بە شە رە

جا رووبارو کــــانی و چۆمە

دەریایە ، زەلـــکاوە ، گۆمە

روەک ئـــــــاژەڵ و باڵندە

دەیـــــان هە زار جۆر فڕندە

شاخ و رێـــــگاو گردو دۆڵە

بەردە، دارە ،خــــاک و خۆڵە        (محە مە داریاس، 2004 :13)

لیرەدا شاعیر هەست و نە ستی خۆی بەشێوازیکی سادە  ساکارو  پڕ ئیستاتیکیە ت و هارمۆنی و  لە چوارچیوەی  شیعریکی فێرکاری بە سود و چیژداردا نیشان دە دا و  هە و ڵدە دات مندالان فیری ژینگە پاریزیو  سروست دۆستی بکات و رەگە زە جوانە کانی سروشتیان  پێ بناسێنێ و بە هاو گرینگی ژینگە یان بۆ بخاتە ڕوو .

2_ڕەنگدانەوەی بواری زانستی لە شیعرە کانی شاعیردا :-

وەک ئاشکرایە تێروانینی شاعیر بۆمندالان فرە لایە ن و فرە ڕەنگە، بواری زانستیش یە کیکە لە و بوارانە ی  کە جێگای بایە خی شاعیربووە، چونکە زۆر بە باشی  لە کاریگە ری زانست و زانیاری لە سەر  پێشکەوتن و سە رکەوتنی  کۆمە لگا تێگە یشتووە لە هە مان کاتدا کە گۆڕانێک چ لەژینگەی دەرەوە یان ناوەوەمان روودەدات،ئەوا هەستی پێدەکەین.بەڵام ئەو هەست کردنە خۆی لە خۆیدا هیچ سوودێکی نی یە ئەگەر توانای ئەوەمان نەبێت کە لێکیبدەینەوە. لێکدانەوەی هەستەکان بریتی یە لە زانین کەبەشێوەیەکی گشتی  لەدوای هەست کردن دێت.هەرچەندە جۆرە زانینێک هەیە کە روودەدات بیَ ئەوەی بە هەستداتێپەڕێت کەپێی دەگوترێت (زانینی سەرەوەی هەست)، هەربۆیە لە زۆربەی بابەت و دەقە شیعریە زانستی یەکان دا ئاماژە بەو لایەنە گرنگەی زانست دراوە لیندا دافیدۆف زانین بەو شێوەیە پێناسە دەکات  کە بریتی یە لە تەفسیرکردنی ئەو زانیاریانەی لە ڕێگای ئەندامەکانی هەستەوە دەگەنە مێشک ، یان بریتیە لە پرۆسەی ڕێکخستن و تەفسیر کردنی دراوە هەستی یەکان (لیندا ل.دفیدوف، 1983: 246).

هە چۆنیک بێت بیری زانست و زانیاری لە شیعرە کانی شاعیردا  قوڵایە کی زۆری هە یە و کاریگە ریە کی بەرز و بە هێزی هە یە ، ئە مە ش زۆر بە روونی لە و شیعرە یدا بە ناو نیشانی (زانست )دا خۆی دە نوینیَ کە دە لَیَ:-

هــــە ر  زانستە  ئیمرۆکە ، لە دنــیادا دەڕوانیَ

چە ندین جۆری داهێنان ، بۆمان   دێنتە مــەیدانیَ

ئیوە وەرن سە یرکە ن ، سە رنج بدە ن لە و عیلمە

چۆن ئە و ئاسنە دە فریَ بەرەو تاقی ئـــاسمانیَ (محە مە د دارياس، 2006: 50)

لیرەدا شاعیر زۆر بە رونی ئاشکرایی ئاماژە بە رۆڵی زانست و زانیاری دە دات لە پێشخستنی ژیاندا لە بوارە جۆراو جۆرە کاندا ، لە هە مان کاتدا مندلانی کورد هۆشیاردە کاتەوە لە بە هاو گرنگی زانست و زانیاری و ڕێنمایان دە کات بۆ ئە وەی  لا لە م بوارە گرینگە بدەنەوەو  بایە خی پیَ بدە ن بە تایبە تی لەرۆژگاری ئە مرۆدا کە زانست و زانیاری باڵی بە سە ر جیهاندا کێشاوە. بە م شێوەیە  دە بینین شاعیر قوتابخانە بە لانە ی زانستی وزانیاری دەزانێت . بۆیە تاڕداە یەکی زۆر لە شیعرە کانی دا رەنگیداوەتەوە . چونکە شاعیر دەزانیَ زانست چرای ژیانە و

روناکەرەوەی ریگای   سەرکەوتن و پیشکەوتن و  کۆمەلگای مرۆڤایە تییە. ئە مە ش  لە م کۆپلە شیعرە دا بە ناو نیشانی  (گرینگی زانین )بە تە واوی خۆی دە نوێنێ کە دە لێ :

ئە ی هە ڤـــــالانی لە قوتابـــــخانە

لە بیری مـــە کە ن ئە و چرا خــــانە

چونـــــکە زانینە رێگای دەربـــــــازی

دەبێ بە خویندن بـکە ی شانـــــازی        (محەمەد داریاس، 2004 : 44)

لیرە دا شاعیر زۆر بە روون و  ئاشکرا  و بە زمانیکی سادە و سکارو ناسک  و  بە هە ست و سۆزێکی راستە قینەو لە چوارچێوەی وینە یە کی سە رنج راکیشداو  بە هۆی ئە ندیشە یە کی فراوان  دەربارەی زانست  و بە های قوتابخانەو خویندن دە دوێ و  وا لە منداڵان دە کات قوتابخانە ی خۆش بوێت و هانیان دە دات بۆ خویندن و  فیربوونی زانست و زانیاری .

## 2.2 ڕەنگدانەوەی بواری دەروونی و تە ندە روستی لە شیعرە کانی شاعیردا:-

### 1ــ رەنگدانەوەی بواری دەروونی:

 منداڵانی کورد وەکوهەموو منداڵانێکی دیکەی جیهان  پێداویستی دەروونی هەیە و دەبێت تێربکرێت،هەربۆیەشاعیرانیش یەکێک لەوبوارانەی کەگرنگیان پێداوە لەشیعرەکانیانداوبەرچاو دەکەوێ‌بواری دەروونی یە بۆمنداڵان،بەڵام بەداخەوە لەژینگەی سیاسی کۆمەڵایەتی و ئابوری دەروونی منداڵانی کورددداتاڕادەیەکی زۆر بەربەست ورێگری هەبووە لەبەردەم تێرکردنی ئەوپێداویستیانە لەلایەنی دەروونی یەوە. بەردەوام کۆسپ وتەگەرەیان لەبەردەم تێرکردنی حەز وئارەزوو وپێداویستی یەسەرەکی یەکانی منداڵانی کورددا داناوە..ئەمەش یەکێکە لەنمونەی شیعری شاعیر محمد بەرزی کەبۆمنداڵان نوسیویەتی لەبواری دەروونیدا دەڵێ:

منداڵی کوردستانین          روت و برسی و بێ نانین

لە چاو منداڵی دونیا         دڵ بە  خە م و بە ژانین

هەناسە ساردین ئێمە         تێدەگە ین و دە زانیـن   (محەمەد داریاس، 2006: 30 )

له م شیعره دا شاعیر باری دەروونی منداڵانی رووت و برسی و بێ نازی  هه ژارانی کوردستان  به شێوەیه کی رەشبینی خستۆته  روو . شاعیر که ده بینیت   منداڵانی   ولاته که ی   له چاو منداڵانی  دنیا  چه ند دل پڕ غه م و  پڕ ژا نن  به ده روونێکی ناسۆرەوه لەگه ڵ ئیش و ئازارو غه مه کانیان دەژی و  هاناسه ساردیان بۆ هه لده کێشێ.

## 2_ رەنگدانەوەی بواری ته ندورستی  له شیعره کانی شاعیردا:-

لایه نی ته ندورستی  پانتایه کی گه وره و فراوانی له شیعری شاعیران دا به گشتی و  له شیعره کانی شاعیر دا    به تایبه تی داگیر کردووه . شاعیران و نوسه ران  زۆر شیعری جوان و ناسکیان ده رباره ی  گرینگی  ته ندورستی   ئاراسته ی  منداڵان کردووه ، به مه به ستی خۆپاراستن له نه خۆشیه کان . محه مه د داریاس  یه کێکه له و شاعیرانه ی   له ڕێگای شیعره کانیەوه  خزمه تێکی زۆری به لایه نی ته ندورستی منداڵانی کوردستان کردووه . بۆنموونه لەشیعری ( وەرزش) دا دەلێ:-

وەرزش بۆ له ش چه ند چـــــتاکه

له م شوێنه ی هه وای  پـــــــاکه

دانیشن ، هه ستن ، راکـــــــــــه ن

ته ندورستیتان چـــــــــــــــاکه ن

وەرزشه هۆی به هێـــــــــــــزی

له سستی دەتپارێـــــــــــــــزی       (محەمەد کۆیی، 2000 : 9)

لێره دا  شاعیر  به زمانیکی شیرین و  به ئاوازیکی جوان و ڕازاوه  ئامۆژگاری منداڵان ده کات که بایه خ به وەرزش بدەن و  هه میشه وەرزش بکه ن .  تا له نه خۆشیو سستی به دوور بن و ببنه خاوەنی   ته ندروسیه کی باش و جه سته یه کی چالاک و بەهیز.

## 3.2 ڕەنگدانەوەی بوارەکانی( نەتەوەیی و نیشتمانی و ئاینی و کۆمە لایەتی) لە شیعرەکانی شاعیردا:

### 1_ ڕەنگدانەوەی بواری نەتەویی و نیشتمانی:

خۆشە ویستی نەتەوەو نیشتمان لە لای شاعیرانی کورد بە گشتی و لە لای محە مە د داریاس د ا بە تایبە تی کاریگە ریە کی بەرز و بە هێزو فراوانی هە یە ئە مە ش بە تە واوەتی لە شیعرە کانیدا رەنگی داوەتەوە بە تایبە تی ئە و شیعرانە ی بۆمندالانی نوسیون .بێگومان پێشکوتنی هە موو نیشتمان و نە تە وە یە ک پە یوەندیە کی بە هێزی بە پیشکەوتنی مندالانەوە هەیە . چونکە ئایندە ی هە موو کۆمە ڵگایە ک لە سەر مندا لان بنیات دە نری ،بۆیە پیشکە وتنی مندالان بە بێ پیشکە وتنی مندالان کارێکی ئە ستە م و دژوارە . هە ربۆیە لە م ڕوانگەوە شاعیر لە ریگای شیعرە کانییە وە هە ولی ئەوەی داوە خۆشە ویستی نیشتمان و نە تە وەکە ی لە دل ً و دەروونی منداڵانی وڵاتە کە ی بچە سپینێ و بە هیز بکات بە شیوەیە ک هانی مندالان کوردستان دە دات گیان و سە رو ماڵی خۆیان بکە نە قوربانی دایکی دووەم کە نیشتمان و نە تەوەکە یانە . بۆیە دە بینین شاعیر چە ندین شیعری جوانو بە سودو پڕ چێژی نیشمانی و نە تە وەیی ریکخستووە ئاراستە ی منداڵە چاو گە شە کانی گە لە کە ی کردووە تا بتوانیت لە م رێگایەوە خزمە ت بە منداڵان گە ل و خاک و نیشتمان و نە تە وە کە ی بکات ئە مە ش لە شیعری (نیشتمان) دا بە تە واوی خۆی دە نوێنێ کە دە ڵی ً :-

| | |
|---|---|
| هە ر بژی نیشتمانـــــــــــم | جێی بـــــــاب و بـــــاپیرانم |
| خاک بە پیت و ئـــــــتاوی زۆر | بـــــاخی میـــوە ی جـۆراوجۆر |
| پڕهاوینە هــــــــــــــە وارە | هە مـــــــووی باخچە و گوڵزارە |

(محەمەد داریاس ، 2003: 39)

لێرە دا شاعیر ستایشی نیشتمان و نە تەوەکە ی دە کات و هە وڵ دە دات تۆوی خۆشە ویستی نیشمان و نە تەوەکە ی لە ناخی منداڵاندا بچێنی تا لە دوارۆژدا بتوانن خزمە ت بەگە ل و وڵاتە کە یان بکە ن .

## 2-_ ڕەنگدانەوەی  بواری ئاینی:-

ئاین یە کیکە لە و بنە ما سە رکی و  گرینگانەی  کە کاریگەریە کی زۆر بە هێز و بە رزو فراوانی لە سە ر شاعیرانی کوردا  بە گشتی هە بوو ە  . تا رادە یە کی زۆریش کاریگە ری لە سە ر  محەمەد داریاس دروست کردوە   . چونکە کۆمە لگای کوردی   پە یوە ندیە کی بە هیزی بە ئاینەوە هە بووە  و لە ژێر سێبە ری ئایندا گە شە ی کردووە . هە ر ئە مە ش هۆکاریکی مەزن بووە بۆ ئەوەی  ڕەنگدانەوەی ئاینی  لە شیعرە کانیدا بێتە  کایەوە . هە روەک لەم کۆپلە شیعرە ی شاعیردا بە ناونیشانی  (خودا ) دەردەکە وێت کە دە لێ :-

خـــــودا تـــــاک و تە نیایە          لە گشت کـــــــارێ توانایە

خـــــــاوەن ڕۆژی دواییـــــە          هـــە رچی فەرمــووی ڕەوایە

نە بووە و نەکەس لێ ی دە بـــێ          لە چاو مـــــــرۆڤ جوداییە

دەسە ڵات دارە و بە هێـــــــز          هە ر خـــۆی گەورەو زاناییە

کێ  لە فەرمانـــــــــی دەرچێ          بە زەیـــــــی  پێدانایـــــە

هەرهەیـــــــــــە و هەر دەمێنێ          بـــێ شوێن و بـــێ جێگاییە

پشت و پە نامـــــا ن ئـــە تۆی          بمان بە خشی  خودایـــــــە

( فە تحوڵا کۆیی، 2000: 5)

لێرەدا شاعیر وەک کە سێکی شارە زاو خاوە ن ئە زموون و بە توانا لە بواری ئاینی و خواپەرستیدا و  بە زمانیکی سادەو ساکارو جوان و رەوان و بە ئاوازیکی مۆسیقی خۆش و سە رنج راکیش    ستایشێکی زۆر جوان و راست و دروستی خوای پەروەردگاری کردوە . بە شێوەیەک وەک ئەوەی لە کتێبە ئاسمانیە کاندا هاتووە .لە هە مان کاتدا بە شیوازیکی زۆر وەستایانە و هونەریانە گەورەیی و پیرۆزی  خوای بۆمنداڵان دەرخستووە  ،  تا بتوانن زۆر بە ئاسانی لە بە ری بکە ن و سود و چیّژی لێ وەر بگرن و فێرە خواپە رستی ببن .

## 3_ ڕەنگدانەوەی بواری کۆمە لایە تی .

منداڵ سە رتا کاتیک لە دایک دە بێت هیچ شتێک دەربارەی ئاین و نەریتە کۆمەلایەتییەکان نازانێت بەلام پاش ماوەیەک ووردە ووردەو ڕۆژلەدوای ڕۆژ لە ئەنجامی ڕاهێنان و فێرکردنی کۆمەلایەتی یەوەجیاوازی زۆر لە لایەنە کۆمەلایەتی یەکان(ئاین و داب ونەریت و....هتد)فێردەبێت و لەنێوان ئەومندالانەی هەمووجیهان دروست دەبێتبە پرۆسەی ڕاهێنان وپێگەیاندنی کۆمەلایەتی لە ڕێگەی خێزان و دام ودەزگا کۆمەلایەتی یەکان فێری داب و نەریت و بەهاو یاساو ڕەوشتە کۆمەلایەتی یەکان دەکرێت تا لە بونەوەرێکی بایۆلۆژیەوە دەگۆڕدرێت بۆ بونەوەرێکی کۆمەلایەتی."منداڵ لەوڕۆژەوەی کە لەدایک دەبێ دەبێتە ئەندامێکی نوێی ئەو کۆمەڵەی کە تیایدا دەژی شیعری مندالانیش هەوڵدەدات ئەو منداڵە لەگەڵ کۆمەڵەیەکدا بگونجێنێ و بەکەلتورو نەریت و نهێنی وپایەو سایەکانی شارەزای بکات.هەروەها بەسیستەم و ئاوات و ئامانجەکانی ئەو کۆمەڵە ئاشنای دەکات وە ئەمە دەبێتە ڕێ ئاسانکاریەک کە ئەومندالانە بتوانن لە ناو کۆمەڵگەدا جێ ی خۆیان بکەنەوەو نەبنە ئەندامێکی بێ کەڵکو بارقورسی لەسەری..." (د.عبدالرۆ ف ابو سعد، 1994 :51)

هەروەها شیعریش ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە لەم ڕووەوە تا وابکات کە منداڵ لە سەرجەم بوارە کۆمەلایەتیەکاندا ببێت بە کەسایەتیەکی تەواو کۆمەلایەتی،یەکەم کەسی گرنگ لە ژیانی منداڵدا دایکە هەرلەبەر ئەوەشە کە یەکەم پەیوەنی کۆمەلایەتی منداڵ لە گەڵ دایکیەتی.هە روە کو شاعیر لە شیعری(نەریتی خیزان ) ئاماژە ی پێکردوو و دە ڵێ :-

| | |
|---|---|
| لەناوخێزان هەمووکـــــــــات | بەبێ بەزم و کـارەســات |
| دێم و دەچم بەبێ دەنـــــگ | وریاو چـاپوک و چەڵەنگ |
| خۆم وون ناکەم کاتـــی جەم | نانم دەخۆم بەبێ خـــــەم |
| بەیانی جـــل دەگــــــۆرم | راسـت و چـەپم دەنۆ ڕم |
| گـــەر ناردمیان بۆکـــــاری | بەسەر چاوم گشت جـاری |
| بـــانگم بکەن بۆگـــەرمـــاو | خێرا دەڵێم بەسەر چـــــاو |
| یـــان بمبەن بۆلای سەرتاش | کردەوەیەکی جوان و بـاش |

بۆگشــت کارێ ئـــــامادەم       لەدابـــــی خۆم لا نـــادەم

(محەمەد دارياس،2006 : 36)

ليره دا بۆمان دەر دەكه وێ  شاعير  له بواری كۆمه ڵايه تيشدا  خاوەن ئه زموونێكی فراوان بووه و شاره زايه كی زۆر باشی له خوو نه ريته كۆمه ڵايه تيه كاندا هه بوو ه . له هه مان كاتدا زۆر باش زانيويه تی  كاريگه ری كۆمه ڵگا  چه نده و چۆنه به سه ر منداڵان  يان  تاكه كانی ناو كۆمه ڵگا ، وه به پێچه وانه شه وه ، بۆيه ده بينين  شاعير هه وليداوه  منداڵان فێری ئه و خوو نه ريته حوان باش و به رزانه بكات كه كاريگەری باش و ئه رێنييان له سەر كۆمه ڵگادا هه يه  وه به بێچەوانەشەوه .

**ئه نجام:**

1_-شیعری منداڵان پانتایەکی گەورەو فراوانی لە دەقی ئەدەبی منداڵاندا داگیر کردوە وکاریگەرییە کی بە رزوبەهێزیشی لەسەر منداڵان دا هەیە .بەتایبەتی لەشیعرەکانی محەمەد داریاس دا.

2-_-مە بە ستی سە رە کی ئەدەبیی منداڵان لە لای شاعیر پەرەپێدانی توانا شاراوەکانی منداڵانە و گەشەدانە بە لایەنە جیاوازەکانی گەشەی منداڵ بەشێوەیەکی دروست.

3_--شاعیر بە شێوازیکی تایبە تی و بە زمانێکی سادە و ساکارو ناسکی منداڵانەو لە چوارچێوەی وێنەیە کی سیحراوی و سە رنج ڕاکیش و لە سنوری ئە ندێشە یە کی فراواندا شیعری بۆمنداڵان نووسیووە و ، لە م بوارە شدا زۆر باڵا دە ست و بە سە لیقە و خاوەن ئە زموون دەرکە وتووە.

4_-تێروانینی شاعیر بۆمندالان فرە لایە ن و فرە ڕەنگ و فرە بابە تە.

5_هە رچە ندە هە ردوو لایە نی رەشبینی و گە شبینی لە شیعرە کانی شاعیر بە دی دە کرێت بە ڵام لایە نی گە شبینی زاڵ ترە.

6_-رەنگدانەوەی بوارەکانی نیشتمانی و نەتەوەیی و تە ندورستی و دەروونی ئاینی و کۆمەڵایە تی، لە پال بوارە کانی پەروردە و فیرکردن و زانست دا لە شیعرە کانی شاعیر دا بە ڕادە یە کی زۆر بە دی دە کرێت و پێگە یە کی گرینگ و گە ورە و کاریگەری هەیە.

**لیستی سەرچاوەکان**


بە زمانی کوردی:

_- فەرهادی ، ئەحمەد سالّح (2.13) مندالّ و ئەدەبی مندالّ، چاپی یەکەم، هەولێر.

_هە ورامی، -حە مە کە ریم (2005)  ئە دە بی مندالانی کورد ،بەرگی یە کە م ، هە ولیر.

_حە سە ن، حەمە فە ریق (2010) مندال و ئە دە بی مندالان ،رۆژنامە ی فەرهە نگ ، ژ 916، هەولێر.

_ فەرەج ، خالیدە قادر (1999) چیرۆکی مندالان لە ئە دە بی کوردی دا ،نامە ی ماستەر ،کۆلیژی پەروەردەی ئیبن روشد زانکۆی بەغدا

_-خالیدە قادر فرج(2004) شیعر لە ئە دە بی مندالاندا ،گۆڤاری گە رمیان ،ژمارە10 ، لا 37

_- باجە لان، رۆستەم (1990) لە بارە ی ئە دە بی مندالانەوە، گۆڤاری کاروان ، ژمارە 88، هەولیر.

-_ سە بری ، رازاوە رەشید (2007) چیرۆکی مندالان لە ئە دە بی کوردیدا ،نامە ی ماستەر ،کۆلیژی زانستە مرۆڤایە تیە کان ،زانکۆی سە لاحە ددین.

-_ ئەحمە د، رێواس (2005)  سە رە تایە ک دە ربارە ی ئە دە بی مندالانی کورد ، چابخانە ی وەزارە تی پەروەردە، هەولێر.

_ خالّ، شێخ محەمەدی (1984) نالّەی دەروون، چاپخانەی ئیرشاد، بەغداد.

_ مەحمود، فازیل مە جید (2004) شیعری مندالان لە ئە دە بی کوردیدا ،دەزگای چاپ و بە خشی سە ردە م ،چ1.

_ محمود، فازیل مە جید (2000) شیعری مندالان لە ئە دە بی کوردی دا،نامە ی دکتۆرا ، زاانکۆی سلیمانی ،کۆلیژی زمان.

_ بیمار، عەبدولڕەزاق (1980)  سەرەتایە کی ئەدەبی مندالان ،گۆڤاری نوسەری کورد، ژ 3 . چابخانە ی الحوادپ ،بغداد.

_ عەبدولقادر ، عەبدولعەزیز عومەر (2005) بە ئاشتی کردنی پەروەردە و فێرکردن، چاپخانەیوەزارەتی رۆشنبیری، هە ولیر.

_ ئەمین، فە ریدون علی (1985) جیهانی مندالان ، پیرێکی ریش درێژ هە بوو ، چابخانە ی دار افاق العربیە، بە غدا.

_ میراودەلی، کەمال (1981) چە ند وتارێک دەربارەی ئەدەب و رە خنە ی کوردی ، چابخانە ی الحوادث ،بغداد.

_ دارياس، محەمەد (2003) جريوەی چۆلەکە ، چاپخانەی شڤان ، سلێمانی.

_-دارياس، محەمە (2004) منداڵ و ژینگە ، لە بڵاو کراوەکانی دە ستە ی پارستن و چاکردنی ژینگە ، هەولێر.

_-دارياس محەمەد (2006) خونچە ی بە هار ، چ 1، چاپخانەی وەزارەتی کشتوکاڵ، هەولیر.

_ دارياس محەمەد (2004) پاخچە ی پە پولان ، چاپخانەی رێکخراوی کوردستان.

_- کۆیی،محە مەد (محەمەد دارياس) (2000) گولزاری جگە ر گۆشە کان، چابخانە ی وەزارەتی رۆشنبیری، هە ولێر.

_- ئەحمەد، نەوزاد علی (2006) منداڵ و ئە دەب ، چاپی یەکەم، هەولێر.

_-هۆراس ، هونەری شیعر ،و: حەمید عەزیز (2005) چاپی دووەم، چاپخانەی چوار چرا ، سلێمانی.

**لیستی سە رچاوەکان بە زمانی عە رە بی :-**

23_- جورج كلاس (1840) الالسنيه واللغه الطفل، منشورات جامعيه ، بيروت

24_- عبدالفتاح ابو معال (1988) ادب الاطفال، بيروت.

-25_ عبد الروف ابو سعد (1994) الطفل عالمه الادبى، دار المعارف ، بغداد.

26_ ليندا ل.دفيدوف (1983) مدخل علم النفس، ترجمه:د. سيد الطواب، د. محمود عمر ، د. نجيب خزام(نيويورك: دار ماكجر وهيجل للنشر،

27_ – محمد محمود رەزوان واحمد نجيب (1989) ادب الاطفال ، مبادئه، مقاوماته الاساسيه.

28_- هادى نعمان الهيتى (1978) ادب الاطفال ، فلسفته ، فنونه ، وسائطة ، دارالحريه ، بغداد ،

29_ هادى نعمان الهيتى واصدقائة ( 1989 ) ادب الاطفال، بغداد .

**ملخص البحث :**

(مكانة الاطفال في شعر محمد دارياس) خطوة لبيان موضوع مهم ومؤثر لمعرفة مفهوم وتعريف مكانة الاطفال . و يتم خلال هذه الدراسة عرض قيمة واهمية ودور الطفل في الاشعار الشاعر. وغرض اختيار هذا الموضوع يرجع الئ الفراغ الموجود في هذة المجال، هذا من جانب ، واظهار الجوانب المخفية واهمية مكانة الاطفال عند هذا الشاعر الكبير من جانب اخر ، لذلك يركز هذا البحث على نقطتين، وهما:

أ – اهمية وحيوية مواضيع الاطفال فى مجال الشعر .ب–مقدرة وكفاءة وخبرة وسليقة الشاعر فى هذا الجانب .لانجاز هذا البحث اعتمدنا على المذاهب النقدية والوصفية والتحليلية لغرض تجسيد الاهداف الادبية التى تكون اسبا بأ رئيسية لخدمة الموضوع . اهمية الموضوع هي انة يتناول قضية حساسة وذات شان والتى لم يكتب عنها بالشكل المطلوب والاكاديمى في شعر الشاعر. لذالك هدفنا في البحث هو اظهار دور واهمية وتاثير الاطفال في الشعر عامة وفى شعر محمد دارياس خاصة . والبحث متكون من فصلين ومقدمة . الفصل الاول نظرى ومتكون من محورين: الاول عن تعريف مفهوم الشعر الاطفال المحور الثانى خصص لتاريخ و اسباب واغراض الشعر والادب الاطفال . وفى سبيل اثبات ذالك استندنا على أراء بعض الاعلام من الكتاب والنقاد . لكن الفصل الثاني متكون من ثلاثة محاور . في الاول تحدثنا عن قيمة وتاثير مجالات العلم و التربية والتعليم في شعر الشاعر . وفي المحور الثاني اظهرنا قيمة واهمية النفسية والصحية عندالشاعر. اما في المحور الثالث تناولنا الجوانب الامنية و الوطنية و الدينية و الاجتماعية ، للنص الشعري ومستوى عمقها وتاثيرها في استاتيكية ولذة اسلوب الشاعر باسلوب تحليلى ووصفى . وفي النهاية عرضنا نتائج البحث وقائمة المصادر وخلاصة البحث باللغتين العربية والانجليزية .

## Abstract

This study is titled the position of Child in the Muhammad Daryas' poems. The purpose behind considering this topic is to illustrate the significance, the effectiveness, and the value of Child's position in the Kurdish literature in general, and in the Daryas' poems in specific as well as considering the role of the Daryas' role in this field. In addition to what have been mentioned above, the significant of child as the raw element of constructing society in the current time or in in the future is another encouraging point of examining this point. This study adopts both descriptive and analytical approach to examine, describe and analyze the .poems that have been composed particularly by Daryas for Children

Concerning the scope, the study embraces the position of child in Daryas' poems. This study consists of introduction and two main chapters. Chapter one is devoted to the theoretical part which consists of two main sections. The first section introduces the concept and the definitions of child's poems. The second section is devoted to the significance and the status of child in Daryas' poetry which embraces three sections. The first section is concerned with the teaching and educational issues. The second section deals with the Daryas' care to the child's health (Physical and psychological). The third section is restricted to elaborate on the national, patriotic, religious, and social issues that are observed in the .Daryas' child poems

This study ends with the most significant concluding points that have .been derived throughout this study, and with list of the used refrences

# ڕۆڵی ئارام ساڵح
# لە بواری گەشەپێدانی ئەدەبی و
# ڕۆشنبیری لە کۆیە دوای ڕاپەڕین

**ڕۆڵی ئارام ساڵح لە بواری گەشەپێدانی ئەدەبی و ڕۆشنبیری لە کۆیە دوای ڕاپەڕین**


پوختەی توێژینەوە:

توێژینەوەکەمان بە ناونیشانی ( ڕۆڵی ئارام ساڵح لە بواری گەشەپێدانی ئەدەب و ڕۆشنبیری لەکۆیە دوای ڕاپەڕین) ئامانج و دەرفەتیکی گرینگە بۆ پێشاندانی ڕۆڵی شاعیران و نوسە ران و ڕوناکبیران لە بوژانەوەی ئە دەب و رۆشنبیری لە کۆیە بەگشتی و لە لای ئارام ساڵح دا بەتایبە تی . کە تا ئیستا بەپێی پێویست لەم بارەیەوە لای لێ نەکراوەتەوە. هەر ئەمەش هۆکارو هاندەرو پاڵنەرێکی بە هێز بوو بۆ ئەوەی هە وڵ و توانای خۆم لەم گۆشە نیگایەوە بخەمەگڕ،وێڕای هەبوونی هەندێ گرفتی لاوەکی.

توێژینەوەکە بە شێوەیەکی گشتی لە پێشەکی و دوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە: بەشی یەکەم تیشکی خستۆتە سەرژیان و بەرهەمە شیعریەکانی ئارام ساڵح و لەسێ تەوەرە پێکهاتووە: تەوەرەی یەکەم، بریتییە لە ژیان و ژینگەی ئەدەبی و ڕۆشنبیری شاعیرو ڕۆژنامەنووس ئارام ساڵح،لێرەدا هەوڵمانداوە بە شێوەیەکی واقعیانە و ئەکادیمیانە مێژووی ژیان و ڕەوتی ئەدەبی و رۆشنبیری شاعیر بخەینەڕوو، تەوەرەی دووەم بۆ خەونە ڕەنگاڵەیەکانی ئارام ساڵح و جیهانی شیعر تەرخانکراوە، لە تەوەرەی سێیەمیشدا بەهرە و زەوق و سە لیقە و توانا شاراوەکانی( ئارام ساڵح )مان لە بوارەکانی ئەدەب و ڕاگەیاندن و بەرنامەو دیداری تەلەفزیۆنی پێشانداوە . بەڵام بەشی دووەم، تایبەتە بەڕۆڵ و کاریگەری ئارام ساڵح لەکۆڕوکۆبوونەوە و سیمینارو بواری رۆژنامەگەری دا. کە لە سێ تەوەر پێکهاتووە . لە تەوەرەی یەکەم دا پێگەی شاعیرمان لە کۆڕو کۆبوونەوەو سیمینارەکاندا خستۆتە ڕوو. لەتەوەرەی دووەم دا ،ڕۆڵ و کاریگەری شاعیرمان لە بوارەکانی پەروەردە و فێرکردن و چالاکییە مەدەنی و ڕۆشنبیرییەکان ڕونکردۆتەوە. لەتەوەرەی سێیەمیشدا ئەزموون و تواناو لیهاتوویی شاعیرمان لە بواری رۆژنامەگەریدا باس و شرۆڤەکردووە . لەکۆتایدا دەرئەنجام ولیستی ژێدەرەکان و پوختەی توێژینەوەکەمان بەهەردوو زمانی عەربی وئینگلیزی خستۆتە ڕوو.

پێشەکی:

لەمێژوودا زۆرن ئەوانەی مۆم ئاسا لە پێناوی ڕۆشنکردنەوەی ژیان و بەها مرۆڤایەتییەکاندا دەسوتێن و دەتوێنەوە. یان هەروەکو سەربازیکی وون تەمەن و ژیانی خۆیان دەکەنە قوربانی ئامانجە بەرزو پیرۆزەکانی گەل و نەتەوەکەیان . شاعیرو رۆژنامەنووس ئارام سالّح یەکێکە لەو قەڵەمە تیژو ماندوو نەناس و دیارو خۆنەویستانەی کە لە گەلێک لایەن و بواری جۆراوجۆرەو لەسنوری کاری ئەدبی و رۆژنەمەوانی و ڕاگەیاندنی بینراودا خزمەتێکی گەورەو فراوانی بەئەدەب و رۆشنبیری کوردی بەگشتی ڕەوتی شیعری و ڕوناکبیری و شارستانی لە شاری کۆیەدا بە تایبەتی کردووە،

**سنوری توێژنەوەکە:-**

بێگومان سنوری توێژینەوەکەمان لە بازنەی ڕۆڵ وکارو چالاکییەکانی شاعیرو ڕۆژنامەنوس ئارام سالّح لەبوارە جیاوازەکانی شیعری و ئەدەبی هونەری و رۆشنبیری و فیکری و رۆژنامەوانی دەخولیتەوە. دەتوانین بڵێین شاعیر لەم ڕووەوە خزمەتیکی فرە لایەن و فرەبابەتی بە شاری کۆیەو گەل و نیشتمان و نەتەوەکەی خۆی گەیاندووە ،بەشیوەیەک توانیویەتی جێ پەنجەی خۆی لە بزوتنەوەی ئەدبی لە کۆیەدا دەربخات و گۆرانکاریەکی داهێنەرانەش لەم بوارەدا بکات. تەنانەت لە هەندێ مەیداندا وەک کاری ڕاگەیاندن و میدیاو بەرنامەی تەلەفزیۆنیدا وەک سەرقافڵەو ڕێچکەشکێنێک دەردەکەوێ. هەرئەمەش هۆکاری سەرەکی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بووە.

**ئامانجی توێژینەوەکە:-** .

دیارە وێڕای هەبوونی هە ندێ گیروگرفت، گرینگی و بەهای ئامانجی توێژینەوەکە لەوەدایە ، هەوێنی شاکارێکی بەرزو گەورەیە بۆ ئەوەی ڕۆڵ و لایەنە شاراوەکانی کارو چالاکییەکانی ئە م شاعیرو رۆژنامە نوسە بخەینەڕوو . لەهەمان کاتدا نەخشە ڕێگایەکی زۆرباشیشە لەدارِشتن و پەرەسەندنی ڕەوتی ئەدەبی و هۆشیاری لە کۆیە لە ئیستاو لە ئایندەشدا.

**میتۆدی توێژینەوەکە:-**

بۆ ئەوەی ڕۆڵـــی ئە م شاعیرو رۆژنامە نوسە بە زەوق و سەلیقەو خاوەن ئەزموونە بەشێوازێکی جوان و گونجاو بخەینەڕوو، پەنامان بردۆتە بەر میتۆدی وەسفی و شیکاری ،تا بەم هۆیەوە ڕونتر و باشتر ئاستی تازەگەری و داهێنان لەلای ئەم شاعیرە لێهاتووە نیشان بدەم و بەرز بنرخێنم.

**ستراچەری توێژینەوەکە:-**

بەشێوەیەکی گشتی توێژینەوەکە لەپێشەکی دووبەشی سەرەکی پێکهاتووە ، وێڕای لیستی سەرچاوەکان و پوختەو ئەنجامی توێژینەوەکە.

## 1. ژیان و بەرهەمە شیعری و ئە دەبیەکانی ئارام ساڵح:

### 1.1 ژیان و ژینگەی ئە دبی و ڕۆشنبیری ئارام ساڵح:

ئە گەر هەڵویستەیە ک بکەین و بەویژدانەوە چاوێک بەمێژووی پڕ شانازی و سەروەری شاری کۆیە بخشێنین، دەبینین ئەم شارە لە بوارەکانی ئەدەبی و هونەری و سیاسی و ڕۆشنبیری وتەنانەت کۆمەڵایەتی و ئاینیشدا پێشەنگ و سە رقافڵە بووەودەیان و سەدان شاعیرو نووسەر و هونەرمەندو سیاسەت مەدارو زاناو ڕوناکبیری گەورەو بەناوبانگی تێدا هەڵکەوتووە. شاعیرو رۆژنامە نووسی هاوچەرخ ئارام ساڵح یەکێکە لەو دەنگ و ڕەنگە بەرزو زوڵاڵ وجوان و ڕازاوانەی لە ژێر کاریگەری و ڕەنگدانەوەی ئەو ژینگە و بارودۆخە شیعری و ئەدبییە جوان و مەزنەدا بە بەردەوامی و بێ پسانەوە ، بە بیری وردو ئەندیشەی فراوانەوە، بە هێمنی داهێنانی گەورە و گۆرانگاری فراوان و جوداکاری زەقی لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا کردووە . " ژینگەی سەرەتای تەمەنی شاعیر ،هاندەرو ڕیخۆشکەر ودەستگرو چاوکەرەوەی ئە وبووە . هەمیشە قەڵەم بەدەست و ڕۆشنبیرانی شاری کۆیە. هەستیان بەئارامییەکی ڕۆحی ودڵنەواییەکی دەروونی کردووە، ئەمیش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە.کە مێژووی دەوڵەمەندی ئەدەبی ئەوشارە پانتایی بزوتنەوەی سیاسی و جموجۆلی نە پساوەی ڕوناکبیرانی، هەمیشە وەک چراوگیک ڕێگای ئەدەب و خەباتی بۆ روناک کردنەوە. لەڕاستیدا شاعیرو ئەدیبان خۆیان بەمیراتگرو وارسی حاجی قادری کۆیی و مەلای گەورەو ئەختەرو خاڵە سێوە و تایەر تۆفیق داناوە" (فازیل شەورۆ ،2013 : 124 ) شاعیرو ڕۆژنامەنوس ئارام ساڵح لە ساڵی 1961 لەگەڕەکی قەڵاتی شاری کۆیە شار ی ئەدەب و هونە رو مە ڵبەندی کوردایەتی لەدایک بووە. لە منداڵیەوە چاوی بەگوڵ و گوڵزارو ڕەزو باغی خۆیان لە (سەر تەمتەمان ورەزی پلوسک و گردی شێخ مستەفا) هەڵهێناوە. هەستی بە ئاوازی کەناچەو بنزگ زەرد و بووکە سۆرکەو بولبولی خۆشخوانی نیو باغ گۆش بووە و لە نێوجوانییە سیحراویەکانی سروشت ژیانی گوزاراندووە. لەساڵی1967 لە لایەن خانەوادەکەیەوە خراوەتە بەر خوێندن لە هەردوو قوتابخانەی زانست و هیوا خوێندنی سەرەتایی تەواو کردووە، هەرگیز ڕۆڵی مامۆستایەکانی لەبیر نەکردووە کەبەردەوام بەهەستی نەتەوایەتی و بیری کوردایەتی ئاڕاستەیان کردووە. هەمو وبەیانییەک لە کاتی ڕیزبوونیاندا لە گۆڕەپانی قوتابخانە بە سرودەکانی ئە ی ڕەقیب و ئە ی کوردینە و برا گەل بخوێنن و چەندین سروودی

دیکە ) لەپاڵ پرۆسەی خوێندندا بیریان زاخاو دەکردن و بەشێوازێکی شارستانیانەو سەردەمیانە پەروەردەیان دەکردن و هە ستی نەتەوایەتی و کوردایەتیان دەخستە بیرو هزریانەوە. فێری زانست پەروەری و ڕاستگۆیی و ڕەوشت بەرزی و ئاکارو کردەوەی باشیان دەکردن و بە بەردەوامی بۆخوێندنەوەی کتیب و گۆڤارو ڕۆژنامە هانیان دەدان. لە م ڕووەوە مامۆستایانی وەک عەلی حەوێزو عەبدولڕەزاق قادرو وەهاب حەکیم نموونەی مامۆستای دڵسۆزو پێشەنگ بوون و لە پەروەردەکردنیاندا جێ دەستیان دیاربوو .

شاعیر هەر لە تەمەنی منداڵیەوە چانسێکی گەورەی یاوەر بوو، بەوەی(شەفیق بەیاد )ی مامی کە ڕوناکبیرو شاعیرێکی ناسراوی شاری کۆیە بوو، لە هەمان کاتدا مام غەفوری مامیشی دەستی شیعرو نوسینی هەبوو، نازناوی شیعری( خۆرسک) بوو. زۆربەی هەرە زۆری شەوان لە ماڵی ئارامی شاعیردا کۆدەبوونەوە،کۆڕو مەجلیسی شیعریان گەرم دەکرد. زۆرجاریش شاعیرو روناکبیری ناسراو مامۆستا (عوسمان خۆشناو) کە دۆستێکی زۆر ئازیزو خۆشەویستی بنەماڵەکەیان بوو ، دەچووە مێوانداریان و حزووری ئە و زاتە هێندەی دیکە کۆڕو دانیشتنەکانی شەوانی بە جۆش و خرۆشتر دەکرد، تا درەنگانی شەو لە کەشێکی پڕاوپڕ لە جوانی و ناسکی شیعراوی دا بە سەردەبرد. ئەم کەشە سیحر ئامێزە وردە وردە هەست و هۆشی ئارامی بەرەو دیمەنی ڕەنگاڵەیی شیعر کەمەندکێش کردووە و پەیتا پەیتا زیاتر رۆحی ئاشناو هەڵوەدای دونیای وشەو ناسکی و جوانی شیعر کردووە. لە دەرەوەی ماڵیش وێڕای هاندانی مامۆستایانی لەخوێندنگا، هاتووچۆکردنی بۆ دوکانە بچووکەکەی (سامی عەوداڵ)ی شاعیر کاریگەری زۆری کردۆتە سەر گەشانەوەی بەهرەی شاعیرو زیاتر متووی شیعریان کردووە . هەر لە وێ لە گەڵ ژمارەیە ک ڕوناکبیرو شاعیر بۆتە هاوڕێ. لە وانە قوباد بەهرەوەرو مودریک ژاڵی و جواد حەمەد بەگ و چەندانی دیکە. لە پاڵ نەهامەتی و بارودۆخی ناهەمواری ئەو سەردەمەدا ، لەقۆناغەکانی ناوەندی و ئامادەیشدا هاوشانی خوێندن خەریکی خوێندنەوەو خۆ ڕۆشنبیری کردن بووە . بەردەوام بەدوای کتێب و سەرچاوەی رۆشنبیری جۆراو جۆر گەڕاوە. بەشیکی زۆری ئەو پارەیەی لە گیرفانیدابووە ،بۆکڕینی کتێب و گۆڤارو ڕۆژنامە تەرخان کردووە. زۆریش خولیایی زمان و ئەدەبی کوردی بووە ،لە م بارەیەوە لە گەڵ هاو پۆل و مامۆستاکانی لەقوتابخانەدا یادەوەری زۆر جوانی هەیە. بەم شێوەیە ئارام ساڵح هەر لە قۆناغی ناوەندییەوە بە ڵکو زووتریش حەزو ئارەزووی شیعر نوسینی هەبووە. زۆرجار هەستەکانی خۆی بەچە ند کۆپلە شیعرێکی سادە دەربڕیوە، لە قۆناغی ئامادەیش زیاتر خەریکی خوێندنەوەی ڕۆمان و دیوانی شاعیرانی کلاسیکی بووە. لە پاڵ ئەمانەشدا زۆر بایەخی بە خوێندنەوەی شیعری نوێ و بابەتی جۆراوجۆرداوە. ئامادەی زۆربەی زۆری کۆڕە ئەدبی فکرییەکان بووە. چەوسانەوەی

گەلەکەی لە لایەن داگیرکەرانەوە ، هەستی نیشتمانی و کوردایە تیان بە هێزتر کردووە، تا ئەو ڕادەیەی خستۆتیانە سەرشارێگەی خە باتی نهێنی، ئەوەبوو لە بە هاری ساڵی 1977 پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە
،

دوای ئەوەی ساڵی1980 چەند هاوڕێیەکی ڕێکخستنی ناوشار لە هە ولێر دەستگیر دەکرین، یەکی لە دەستگیرکراوەکان لە گەڵ ئەوەی هونەرمەندیش بوو ئیعتراف لە سەر ئارام ساڵح دەکات، بەڵام شاعیر خۆی بەدەستەوە نادات و خۆی لەدەستی دەزگا ئەمنیەکان ڕزگار دەکات و ڕوودەکاتە شاخ ودەبێتە پیشمەرگە، لەسە ر پێشنیاری نووسەرو ئەدیبی ناسراو(حاجی مەمۆ ) کە کادیرێکی پێشکەوتووی کۆمەڵە بوو دەچێتە بارەگای کۆمیتەی سەرکردایە تی هەولێر لە گوندی (وەرتێ)و لەوە ێ لەبەشی ڕاگەیاندن دەست بەکار دەبێت و بەدیداری فەرید ئەسەسەرد و ئازاد جوندیانی و فەرید زامدار و کاکە عەبەی هونەرمەند و شە هید حەسەن کوێستانی و جوهەر کرمانج و نزار خەیلانی شاد دەبێت. دواتر محەمەد موکریش بە خۆیی و ڕۆمانی سەگوەڕەکەیەوە دەچێتە لایان ، بەڵام موکری زۆر نامێنێتەوەو دەچێتە بارەگای سەرکردایەتی،کۆبوونەوەی ئە و ژمارە زۆرەی ئەدیب و هونەرمەندان لەوێ ،جگە لەوەی بۆ شاعیر جێگەی دڵخۆشی بوو. زەمینەکی لەباریشی ڕەخساندبوو تا هەموویان بەیەکەوە ڕۆڵی خۆیان بگێرن لە خزمەت کردن و پێشخستنی ئەدەب و هونەری کوردی . بێگومان وێڕای ئەنجامدانی کارو چالاکی جۆراوجۆری ڕاگەیاندن و چاپکردنی کتێب و بڵاوکراوەو سازکردنی کۆڕ، لەساڵی 1982 بە پشتگیری خوالێ خۆشبوو دکتۆر کەمال خۆشناو بیرۆکەی دەرکردنی گۆڤارێکی گشتییان گەڵاڵە کردووە.کە دواتر بیرۆکەکە بووە ڕاستی و بەرجەستەکرا و گۆڤارەکە ناونرا ڕاپەڕین. کە دەستەی نوسەران بر یتی بوون لە (ئازاد جوندیانی و یوسف شەریف و فەرید زامدارو کاکە عەبەی هونەرمەند و ئارام ساڵح )کە یە کەمین ژمارەی گۆڤارەکە لە تەمووزی ساڵی 1982لە چاپخانەی شەهید جەعفەر چاپکراوە. کەبابەتی جۆراوجۆری سیاسی و ئەدەبی لە خۆگرتبوو. لە یەکەمین ژمارەی ئەم گۆڤارەدا سێ پارچە شیعری ئارام ساڵح بڵاو کرابۆوە. کە شیعری شۆڕشگێری وحەماسی بوون . کەلە قۆناغی ئە وسادا کاریگەری زۆریان لەسەر دڵ ودەروون و بیرو باوەڕی جەماوەر هەبوو .

بەکورتی ڕۆژگاری شاخ و پێشمەرگایەتی وێڕای ئاستەنگ و ناخۆشیەکانی زەمەنێکی زۆر جوان و پڕداهینان بوو. لە هەمان کاتدا هەوێن و هێزو وزەیەکی زۆر پتەوو کاریگەر بوو بۆ خەباتی شارو گەشە کردنی ڕەوتی شارستانیەتی لە کوردستاندا. دکتۆر کەمال غەمبار سەبارەت بە ژیان و ژینگەی شاعیر دەڵێ: " ئارام ساڵح لە ژینگەیەکی کشتوکاڵی لە باوەشی باغ

و بێستاندا چاوی کردۆتەوە ،سەرەتا بوونەوەرەکانی سروشت چاوو دەروونی شاعیریان پڕکردووە لە جوانی سروشت و ئاویتە بوون لەگەل خۆشەویستی ژیاندا، کە گەیشتۆتە تەمەنی هەڕەتی لاوی . جوانی ئافرەت و قەشەنگی سروشت تێکەڵی یەکتر بوون. ئەم تێکەڵ بوونە شاعیریان گیرۆدەی ئەوین کردووە، کە بە هەستێکی ناسک و بە هرەیەکی بەرزوخەیاڵێکی ڕۆمانسی و بیرێکی تێژو قوڵ و زمانێکی پاراوو سفت وسۆل پێی ناوەتە جیهانی شیع، هەرچەندە کەدایک یەکەم مامۆستای زمانەوانی ڕۆڵەکەیە تی، بە لاّم شاعیر لە سروشتیش زۆر شت فێر بووە ، ئەم بارەش بە زەقی لە ناو شیعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە " . ( د. کە مال غەمبار ، 2016 : 166 ) وەک لەم کۆپلە شیعرەدا بە ناونیشانی (ئاسمانی شین ) خۆی دەنوێنێ کە دەڵێ:

کاتێ سەیری ئاسمانم کرد،
ڕەنگی شینی پێ نەماوە ،
سەرم سورما گوتم ئاخۆ چی ڕوویداوە؟!
خۆ کەهاتی و ڕووت پێیشاندام،
نێرگزە گیان ..
ئەوسا زانیم،
ئاسمان بۆچی ڕووی شێواوە !
ئەوسا زانیم،
کەتۆشینی ئەو ئاسمانەت،
لە چاوانتا حەشارداوە! ( ئارام سالّح ،1991 :6)

" شاعیر بە حوکمی ئە و ژیانە پڕ مەینەت و ئێش و ئازارەی تێیدا ژیاوە جۆرە تەمێکی ڕەشبینی بە سەر شیعرەکانییەوە بە دی دەکرێ ،شاعیریش خۆی ڕەنگدانەوەی واقعی ژیانە "( د.کەمال غەمبار، 2008 : 210) ئەمەش نموونەیەکی شیعری شاعیرە لە م بارەیەوە ،کەدەڵێ:

باخی ناخم
ڕەنگی خەزانی گرتووە ،
پایز لە چاوانما دەڕژێ،
چیبکەم لە دەست،
زێڵوی وەسوەسە ی هیجرانت،
کە چۆتە نێو گەرووی بوونم و

بێسرەوتن

خوێنم دەمژێ!                (ئارام ساڵح ،2013 :11)

## 2. خەونە ڕەنگاڵە یەکانی ئارام ساڵح و جیهانی شیعر:

### 1_جیهانبینی خەونە ڕەنگاڵەیەکانی شاعیر:

جیهانبینی خەونە ڕەنگاڵەیەکانی ئارام ساڵح لەفەزای شیعریدا،لە بەها ئەخلاقی و ئینسانییەکانەوە سەرچاوەی گرتووە ولە بارو دۆخ و ژینگەیەکی ڕەنگاو ڕەنگ جیاوازو پڕاو پڕ لە ڕووداوگۆرانکاری وادا هاتۆتە ئاراوە،پەلکە زێڕینەیەکی شیعری ناوازەی دروستکردووە. کە زۆرجار لە ژێر سێبەری هەوری ڕەشدا وون دەبێت و دەردەکەوێتەوە. چونکە شاعیر زیاتر لەوەی کەدەبینرێت و زۆرتر لەوەی کە تێبینی دەکرێت ، لە م پێناوەدا ئازاری زۆری چەشتووە و قوربانی گەورەی داوە، ئەمە وێڕای ئەوەی هەمیشە لە بیرو خەیاڵی گەل و نیشتمان و نەتەوەکەی خۆیدابووە. بۆیە شاعیر تا ئاستێکی زۆر بەرز کەوتۆتە ژێر کاریگەری ئەم ڕۆژگارە سەختەو لە ڕێگای شیعرەکانییەوە بەرنگاری هەموو ئەو تە نگ چەڵەمەو ئەستەم و ناخۆشیانە بۆتەوە ، کە بەری خۆری عەشق و ئازادی و بەختەوەری لێ گرتوون. هەر بە پێی پێویستی ئەمانەش ناوەرۆک و مەبەست و فۆرم و شێوازی شیعرەکانی لە دایک بووە. چونکە وەک دەزانین " کاری ئەدەبی دەربڕینی جیهان بینییە، هەروەها ئەو ڕێگایەیە کە بەهۆیەوە مرۆڤ تێڕوانینی خۆی دەخاتە ڕوو، تەعبیر لە هەستکردنی خۆی بە گەردوون و سەرجەم بوونەوەرو شتەکان دەکات، نوسەر شێوازێکی نوێ دەدۆزێتەوە ،بۆئەوەی تەعبیر لەم گەردوونە بکات و جیهانی خۆی دروست بکات " (عوسمان یاسین ،1993،12) بۆیە دەبینین شیعر و شیعریەت لەلای ئارام ساڵح دا هۆکارە لە پاڵ ئامانجدا ئەمەش وایکردووە بابەت و فۆرمی شیعرکانی لە چوارچێوەی ئیستاتیکیدا هاوتەریب بن .

لە پشت ئەو فەلسەفە بەرزو پیرۆزەوە لەشیعرەکانیدا وەک ئەستێرە دەدرەوشێنەوە "سۆناتەکانی ئارام ساڵح کە بەدەیان ڕادان و لادان بە مرۆڤ کردنی بێ گیان و بەگیان ،بەڵگەی زەق و بەرچاون لە خوێندنەوەو قوڵبوونەوە و تێگەیشتن و تە ئویل کردن و لێکدانەوەی شیعرەکانی ،بۆمان دەردەکەوێ کە خودی ئارام چ گۆڕانکاریەکی لە شیعردا کردووە، کەدەتوانم بڵێم لە زۆر شاعیری تێپەڕاندووە ، کە ناوبانگیان لە و زیاترە " (د. کەمال غەمبار ، 2017 : 50) ،هەروەها " یە کێک لەتایبەتمەندییەکانی شیعری ئارام ساڵح ڕەسەنایەتیەکی شیعرییەکە ئەو بەئاستی شاعیرێکی خاوەن سەلیقەیەکی داستانی نزیک دەکاتەوە. شیکار کردنی چرکە ساتەکان لە چەشنی ڕاوکەرێکی زیرەک، دەست بەجێ توشی کۆمەڵێک شتمان دەکاتەوە وەکو: عاتیفە ،

ئەندێشە ،ئەزموون ،خوتەو بۆڵەی دەروونی، ڕووداوە هەستیارەکان و زۆر شتی تر کە هەر یەکێکیان بە نۆرەی خۆیان دەتوانن تەرحێکی زۆر پتەو بن بۆ داڕژاندنی چیرۆکێکی زۆر سەرنجڕاکێش و جوان " (زینەب یوسفی ،2014 : 9) بەم شێوەیە " لە ساڵی 1982 ، شاعیری ئەم لێکۆڵینەوەمان یەکەم شیعری خۆی بلاوکردەوەو خۆی هەڵدایە سەرپشتی ئەسپەشێی شیعری نوێی کوردی ویەکەم کۆشیعری بەناوی (موژدەی مەرگی گەڕەلاوژە ) لە ساڵی 1991 چاپ و بڵاوکردەوە . دەمەوێ بڵێم ، ئەوسەردەمەی ئەوشیعری تێدا کردە ئامرازی دەربڕینی بیرو هەست و هۆشی خۆی ،زمانی کوردی کەوتبووە سەر ڕێچکەیەکی تاڕادەیەک، تۆکمە و بە تواناو پێگەیشتوو و هەڵشێلدراو لەگەڵ زاراوە و فەرهەنگە نوێیەکانی سەردەم. ئەو هەر زوو دەرک بە بایەخی بێ سنوری زمان دەکات، بۆیە هەوڵی خۆ پڕ چەک کردن و تەیارکردنی خۆی دەداو دەکەوێتە خۆ دەوڵەمەندکردن لە مەعریفە جیاجیاکانی زمان و ئەدەب " (فازیل شەوڕۆ ، 2013: 124 )ئەمەش بە تەواوی لە م کۆپلە شیعرەدا دەردەکەوێت کەدەڵێ:

کە زەوی گەرمەتای دێتێ،

هەور زوو دەستی بـــارانی،

دەخاتە سەر نێوچەوانی ! (ئارام ساڵح ،2013 : 51)

هەست ناسکە،

هەور کەدڵی توند دەبێت،

هۆن هۆن باران ،

بەچاوانیا دێتە خوارێ!! (ئارام ساڵح ، 2013 ، 52)

–دووە م بەرهەمی شیعری شاعیر کە بە ناونیشانی (نهێنیەکانی ژێر لێوی حەقیقەت )ەلە ساڵی 2005 چاپکراوە " کە لە 38 کورتیلە شیعر پێکهاتووە ، دوای ئەوە لە ناوبڕێکی تر لە لاپەڕە (48 ) ەوە دەست پێدەکات لە ژێر ناونیشانی(چەند وێنەیەکی ونبووی نێو ئەلبوومی پایز) ئە میش (15)کورتیلە شیعرەو (5) شیعری کورت و لەوانە درێژتری تێکەوتووە ،شاعیر جوانکارییەکی زۆری نواندووە هەست و سۆزی لە شێوەی هەناسەیەک ،بروسکەیەک ،خورپەیەک دەربڕیووە، بیروخەیاڵی لە گەڵ هەست و نەست و سۆزدا هەڵشێلاوە"( د. هاوژین سلێوە ، 2013 : 129 )،فەریدوون پێنجوێنی دەڵێ: " بە بۆنەی خوێندنەوەی کتێبی (نهێنییەکانی ژێر لێوی حەقیقەت )ی ئارام ساڵح ، دەبیت ئەوە بڵێم کە ڕوانین لە شیعردا، ئەو تە ماشاکردن و دنیا بینییەیە کە هونەر دەکاتە ڕوانگە و سۆنگە نەک مەنتق و زانست و ئە وشتانە. ڕوانینی هونەری بەومانایە هاوسێیەتییەکی باشی هەیە لە گەڵ ئەو ڕوانینە ئەفسانییە و میللیەدا

کەسەردەمانی زوو مەنتیقی بیرکردنەوەو لێکدانەوەی مرۆڤی بەرایی بووە، پاشماوەی ئەوڕوانیینە ئەفسانەیی و میللییە لەو بەرهەمەی ئارام ساڵح دا لەزۆرجێدا بەدی دەکرێ،بێگومان ئارام نەهاتووە هەر یە کسەر ئەم ڕوانینە ئەفسانییە و میللییە بکاتە ڕوانگەی خۆی و ڕێ بە خۆی نادات واوەتر چاو هەڵخا "(فەریدوون پێنجوینی ،2007 : 7 )هەر چۆنێک بێت سەرئەنجام شاعیر بە هۆی ئەو بارودۆخە ناهەمووارەی تێیدا ژیاوە لە لایەک و خەمی گەورەی لە دەستدانی ئازێزترین کەسی لە لایەکی دیکەوە،تەمی نامرادی و هەوری ڕەشبینی و رۆمانسیەت باڵی بەسەر شیعرەکانیدا گرتووە. ئەمەش یەکێکە لەو نموونە شیعریانەی کە دەڵێ:

لە نێوانی ،

مێرگی نەوس و

گورگی ترسا ...

ئەوبەرخۆڵانەی ئارەزووم

چەند گوناهن !! (ئارام سالح ، 2005 : 10 )

سێیەم بەرهەمی شیعری ئارام ساڵح کە بەناوی (ئەوین ژەن )ە نزیکە لە شێوازی شیعری هایکۆوە، لە(28 ) شیعر پێکهاتووە لە دووتویی 106 لاپەڕەداو ، لە ساڵی 2013 چاپ و بڵاوکراوەتەوە. جێی ئاماژە پێکردنە شاعیر لەم بەرهەمە شیعری یە دا شیعرەکانی بەهۆی زمانێکی سادەو ڕەسەن و کاریگەرو لە سنوری ئەندێشەیەکی قوڵ و فراوان و بێ بندا و لەچوارچێوەی وێنەیەکی پرئیستاتیکیەت وجوان و ڕازاوەو رۆمانسیدا دەربڕیوە، کە هەر هەمووی لە چواردەورە ی ئیشق و ئەوین و خۆشەویستی خەماویدا دەخولێتەوە،کە تاڕادەیەکی زۆر توانیویەتی لە پاڵ ڕەگەزەکانی سروشتدا بەشێوەیەکی هونەریانە داهێنان و تازەگەری لە شیعرەکانی بکات و بەمەش تا ئاستێکی زۆر بە رز بە بەردەوامی و زیندوویەتی و نەمری بە شیعرەکانی ببەخشێت ." بۆ باسکردن لە دەفتەرە شیعری (ئەوین ژەن )پێشتر پێویست بەوەدەکات، باس لە دوو ڕێبازی شیعری بکرێت : بزوتنەوەی شیعری ئیماژیزم و شیعری هایکۆیی . خوێندنەوەی ئەوین ژەن لە پەیوەندی نێوان ئەم دوو شێوازە شیعرییە پتر لە جیهانی شیعری( ئارام ساڵح ) مان نزیک دەکاتەوە، چونکە فۆرم وپێکهاتەی شیعری ئەم دەفتەرە شیعرە هە لگری کۆمەڵێک خەسڵەتی هاوبەشە لە گەل شیعری ئیماژیستی و هایکوییە. شیعرەکانی شاعیر شیعرێکی نیگران و خەمبارە بەڵام ڕەشبین و خەمۆک نییە ،جیهان پڕلە مەترسی دەبینێ، بەڵام هیوا بڕاو نییە ، نەدۆڕاوە ،بە ڵام گەمەچییەکی باشی ژیانیش نییە" (عەبدولخالق یەعقوبی ، 2016 : 55 ،56) ،ئەمش یەکێکە لە نموونە شیعرەکانی کە دەڵێ:

( فریاد ڕەس)

لەم بەستەڵەکی ژینەدا،

کوا فریاد ڕەس ؟

مەگەر لێوە لەرزەی ڕۆحمان،

بدەینە بەر هە تـــاوی  ماچ !                (ئارام سالّح ،2013 :  14)

ئەوین ژە ن

بە هەتاوی نیگەرانی،

پسۆک بووە ژێ ی عاتیفەم ،

ئەی ئەوین ژە ن ،

من ئەزانم ،

ئا          .

تک          ،

لەسەرەخۆ پەنجەت ببزێوە .                (ئارام سالح ،2013 : 16 )

2_شێوازی شیعرەکانی شاعیر:

أ – ڕەسەنایەتی وشەو زمانی شیعری شاعیر:

زمان گرینگترین هۆکاری لێک تێگەیشتن و پێشکەوتنی مرۆڤاییەتییە. لە بواری ئەدەبی و شیعریشدا ڕۆڵی سەرکی و بەرچاوی هەیە ." پۆل ڤالیری دەلێت شیعر زمانە و شاعیر لە ڕێگای زمانەوە بنیاتی شیعری دادەمەزرێنێت " (جەبار ئەحمەد ، 2008 : 55)  هەروەها دکتۆر کەمال غەمبار دەڵێ: " زمانی شاعیر  بە دروستکردنی بوونە نوێیەکە ڕۆڵی بەرچاو و هەستپیکراوی هەیە زمانێکی بە جولەی نوێیەو، داینەمۆی گۆڕانکاری و بەرەو پێشچوونەو ، ئەو زمانەی شاعیر زمانێکی کراوەی عەقڵانییە ، زمانی مەیوی داخراو نییە، بۆیە سیمای داهێنانی تێدایە (د.کەمال غەمبار ،2016 :196) لە هەمان کاتدا دکتۆر عەلی تاهیر بەرزنجی سەبارەت بە زمانی شیعری شاعیر دەڵێ:  " لە  نامیلکە شیعری نهێنیەکانی ژێر لێوی حەقیقەت دا ئارام سالّح  بە زمانی شیعر دیالۆگ لە گەڵ خۆی و شتە کپکراوەکان دەکات. لە هەمان کاتیشدا هەر خۆی پێمان دەڵێ نەپێکەنینم ونەگریانم بەڵکو لە خەڵوەتی نێوجەنگەڵی وشەدا غەیب دەبم ، لە لۆجیکی شیعریشدا وشە ناسنامەیە و شیعریش بە پێی لۆجیک کارناکات " (د. عەلی تاهیر بەرزنجی ، 2006 ، 3).هەروەها ڕەخنەکاری ئەکادیمی دکتۆر ئازاد ئەحمەد  بەم شێوەیە شیکاری دەقە شیعرییەکانی

شاعیردەکات و دەڵی:" ئارام کەم بەڵام جوان دەنوسێ،وشە گەلی ڕەسەنایییەتی بە هێڵەگی زمان و لێکسیک دەنوسێ،ئارام دەنوسێ نانوسێتەوە.هەروەها دەڵی : زمانی شیعری لای ئارام ساڵح لە لوتکەی هەندێ پەندی تایبەتی ڕیکخستن و داناندا ،سەرتاپای بونیاتی زمانی داگیر دەکا ، لاسەنگی لە نێوان ماک و بنەما ، زمانیی وێنەیی ڕیتم و ئاوازەکاندا شیعرایەتی کزدەکا، شیعریەت لە ناخی بونیاتێکی پوختەو قوڵ و پر لە چە قی پێکهاتن دروست دەبێت شاعیر هەوڵ دەدا لە پرۆسەی بونیاتی دەقدا ، بەداهێنان بابەتێک بهێنێتە ئاراوە ، بە تەواوی لە دەفێکی ترو بابەتێکی دیکە دا جیاوازبێت (د. ئازاد ئەحمەد ،چاوپێکەوتن9،11 ، 2018 ) ئەوەی لێرەدا جێی ئاماژەکردنە ئەوەیە کە ئارام ساڵح خاوەنی فەرهەنگ و زمانی تایبەت بەخۆیەتی و ڕەسەنایەتی ووشە و زمان بوونەتە ناسنامەی شاعیرو پێی دەناسرێتەوە . بەتایبەتی شێوەزاری کۆیە تاڕادەیەکی زۆر لە شیعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە. وەک لەم کۆپلە شیعردا زۆر بە زەقی دەردەکەوێ کە دەڵێ:

بەڕووت و قوتـــــی خەوتووە ،
لە سەر تەژگە سەرمای زستان ،
تومـــــەز زۆر کفتە دارستان ! (ئارام ساڵح ،2013: 44)

یان دەڵێ :

سوڕ دەزانم ،
لە پڕ رۆژێ
چاوی دلم وشک دەکاو،
شەنگەبی ڕۆحم دەوریێ.
باخی ناخم ،
ڕەنگی خەزانی گرتووە ،
پایز لە چاومانا دەڕژی ،
چیبکەم لە دەست ،
زێلوی وەسوەسەی هیجرانت ،
کە چۆتە نێو گەرووی بوونم و ،
بێسرەوتن ،
خوێنم دەمژێ. (ئارام ساڵح ، 2013 :11)

لێرەدا شاعیر بەهۆی فەرهەنگ و زمانە ڕەسەن و تایبەتییەکەی خۆیەوەو لە جیهانی بێسنوری ئەندێشە تیژو فراوانەکانیەوەو لە چوارچێوەی وێنەیەکی شیعری پڕ جوانی و ئیستاتیکیەوە توانیویەتی تاڕادەیەکی زۆر سیمای داهینان و تازەگەری لە شیعرەکانیدا بێنێتەکایەوە.

ب_ ئاوازو ڕیتمی شیعری:

ڕیتم و مۆسیقا بەیەکێ لەڕەگەزە سەرەکییەکانی شیعر دادەنرێت سیمایەکی جوان و پڕجۆش و خرۆش بە شیعر دەبەخشێت، بۆیە " بە قەد ئەوەی کە شاعیر تەرازووبەندی لە نێوان فۆرم ناوەرۆکدا سازکردوە، کێش و ریتم و ترپەی مۆسیقای ناوەوەو دەرەوی شیعرەکانی پاراستووە، بەپێچەوانەوە زۆربەی زۆری شاعیرانی سەردەم لایەک لە کێش و سە روا ناکەنەوە، ئەوە لەکاتیکدا بوونی کێش و سەروا جۆرە مۆسیقایەک دروست دەکەن کە زمانی شیعرەکە بەرجەستە دەکات " (د. کەمال غەمبار ،2016: 187)

ئارام سالح یەکێکە لەو شاعیرانە ی لە داڕشتنی بنیاتی مۆسیقای شیعریدا دەستێکی زۆرر باڵای هەبووە ،خاوەنی گوێیەکی مۆسیقی بەرزو هارمۆنیەکی جوانی شیعری بووە. هەر ئەمەش وای کردووە مۆسیقای شیعری لە شیعرەکانی شاعیردا پێگەیەکی کاریگەرو سەرنج ڕاکیشی هەبێت .

وەک لەم کۆپلە شیعرەدا خۆی دەنوێنێ کەدەڵێ

گەر هەور کۆنە شێت نییە ،

بۆ هەموو دەمەو بەهارێ ،

تەرزەو باران تێکەڵ دەکا،

بروسکەی لە چاوان دەبارێ (ئارام سالح ،2013: 52)

لێرەدا شاعیر بەپێ ی پێویستی بابەت و فۆرمی شیعرەکە کێشی هەشت بڕگەیی خۆماڵی بەکارهێناوە، لە پاڵ سەروایی (ڕێ)دا کە لە چوارچێوەی هارمۆنیەکی زۆرر جوان و چێژداردا دایڕشتووە. بەمەش توانیویەتی لەڕیگای مۆسیقای شیعرییەوە، نەمری و زیندوویەتی بەشیعرەکانی ببخشێت.

ج_ وێنەی هونەری:

وێنەی هونەری شیعری پانتایەکی گەورەو فراوان و بەهێزی لەشیعری شاعیران دا هەیەوچێژوخۆشی وئیستاتیکیەتی پێدەبەخشێت . لە هەمان کاتدا " وێنەی شیعری یارمەتی خوێنەری هۆنراوە دەدات بۆچێژو تام وەرگرتن لە هونەری دروست بوونی وێنەی جوان خۆبەخش " (کەریم شارەزا ،1997 : 6 ) هە ر سەبارەت بەمە نوسەرو ڕەخنەگر" سیدی لویس دەڵێ : وێنەی شیعری لەسادەترین واتایدا وێنەیە بە وشە " (هیتللەر ئەحمەد حەمەد ،2001 : 5

) .هەروەها " وێنەی شعری هۆکاریکە  کە  لەم ڕێگایەوە شاعیر دەتوانێت پەیوەندی نێوان بیرو هەست و سۆز یاخود ئەو پەیوەندییە ی لە نێوان مادەو خەیاڵدا هەن چەسپاوو جیگیریان بکات " (د.محمد غنیمی هیلال،1997: ص424)  هەر لەم ڕووەوە دکتۆر ئەکرەم خامۆش سەبارەت بە وینە شیعرییەکانی ئارام ساڵح و ئەو دەقە شیعریانەی باسی پایز دەکات دەڵێ: " شاعیر مەدلولاتی تازەی بە سیمای پایز بەخشیوە، کە شاعیرانی پێش ئارام ئەو تەجاوزەیان نەکردووە ،واتە شاعیرانی پێش ئەو گوزارشتی سیمای پایزیان لە دەقە کانیاندا تەنها تابلۆی غەمگینی و لایەنی ڕەشبینی و ماتەمی تێدا ڕەنگی داوەتەوە، بەپێچەوانەوە لەتابلۆی پایزی ئارام سالح دا گەشبینی و جریوەی ئەستێرەی پایەی شیعری ئاورینگی دەدرەوشێتەوە"(د.ئەکرەم خامۆش،2006 :3)  ئەمەش نمونەیەکی شیعرییە لەو بارەیەوە کە دەڵێ:

تەنها پایز،

سیحری جوانی ،

لەش و لاری درەخت دەزانێ.

هێواش هێواش ....ڕووتی دەکاتەوەو دەیشوا

بەدەستی نەرمی بارانی                        (ئارام ساڵح ،2013 : 13)

د_ئەندێشەی شیعری:

ئەندیشە ڕووبەرێکی بێسنوری لە هەموو بە رهەمیکی شیعری و ئەدەبی و هونەریدا هەیە، بەتایبەتی لە دەقی شیعریدا زۆر جار دەگاتە  لوتکە. هە ر ئەمەش وای کردوو جێگای بایەخی شاعیران بێت بەگشی و لای شاعیریش بە تایبەتی. چونکە " خەیاڵ ڕەگەزێکی سەرەکی شیعرە، یەکێک لە نهێنیە کانی شیعریش وێنەی شیعرییە کە لە سەر بنچینەی خەیاڵ و ئەندێشە  بنیات دەنرێت " (سە عد فاروق شێخبزێنی،2011: 96) جگە لەمەش دەتوانین بڵێین " ئەندێشە ئەوهێزە داهێنەرەیە کەدەتوانێ بچێتە قوڵایی ڕاستیەکانەوە و سروشت بەم شێوەیە بخوێنێتەوە کە هێمایە بۆجیهانێکی قوڵ وبەربڵاو. " (د. محمود الربیعی ،1975: 92) ، هەروەها" ئەندێشە ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێت لە بەرجەستەکردنی شیعردا. لەبەر ئەوە  ئەندێشە بۆخۆی دەبێتە سەرچاوەی داهێنان لای ڕۆمانتیکیەکان" (د. عبداللة عساف ، 1996 : 72) لە هەمان کاتدا " بەلای ڕۆمانسیەکان ئەندێشە تاکە هێزە کەشاعیر دروستی دەکات  لەبەرئەوەی ئەندێشە شتێکی پیرۆزە " (سیرمۆریس بورا ،1976 : 6) لە شیعرەکانی ئارام ساڵحیشدا ئەندیشەیەکی قوڵ و فراوان و بێسنور بەدی دەکرێت. کە لە گەلێک سەرچاوەی ڕەنگاو ڕەنگ و جۆراو جۆرەوە هەڵقوڵاوە و

بووه  به ژیدەری تازەگەری و داهێنان. هه روەک لەم کۆپلە شیعرەدا بەزەقی خۆی  دەنوێنێ کەدەڵێ:

ئاو ،

به تریفه  خۆی  دەشوا ،

ئەو شەوانەی ،

تاڤگه  مانگی  لێ میوانه!!!

(ئارام ساڵح ،2013: 81)

**3.1  به هره و زەوق و سه لیقه و توانا شاراوەکانی( ئارام ساڵح ) له بوارەکانی ئەدەب و ڕاگەیاندن و بەرنامەو دیداری میدیای بینراودا :**

ئەدەب و ڕاگەیاندن  به هەمووجۆرەکانیەوه بینراو و  بیستراو و  نوسراو ، وابەستەن بەیەکترەوه و تا  ڕاددەیەکی زۆر کاریگەریان له سەر یەکتردا هەیه. ئەمەش  وای کردووه بەرهەم و دەرئەنجامی  جۆراو جۆر له م  بوارانەدا بێتەکایەوه. " ئەوەی شیاوی ئاماژەپێکردنه ،ئەوەیه که هەرچەنده ئارام ساڵحی شاعیر له بەر ڕەوشی نالەباری سیاسی لەپێش ڕاپەڕین نەیتوانیوه  وەکو پێویست شیعرەکانی بڵاو بکاتەوەو به قه د قەبارەی خۆی بناسرێ، بەڵام دوایی ڕاپەڕین دەرفەتێکی باشی بۆ لواوه که چ لەڕیگەی ڕۆژنامەگەری و چ لەودەرفەتەی بۆی ڕەخسابوو، له ڕێگەی تەلەفزیۆن و پێشکەشکردنی دەیان ئەلقه له بەرنامەی ئەدەبی و ئه نجامدانی دیدار لەگەڵ کەسانی ناودارو شاعیر و ڕۆشنبیر ، زیاتر بناسرێ و دوای چاپکردنی کۆمەڵه شیعری (موژدەی مەرگی گەڕەڵاوژه ) له ساڵی 1991 ، له کۆمەڵه شیعری دووەمیدا (نهێنییەکانی ژیرلێوی حه قیقەت )وەک شاعیرێکی ڕەسەن دەرکەوت و توانیویەتی له م بوارەدا شوێنی شیاوی خۆی بکاتەوەو سەرنجی نووسەرو ڕەخنەگران ڕاکێشێ " ( د.کەمال غەمبار ، 2016 : 22) ئەوەی لێرەدا به پێویستی دەزانم که جەختی له سەر بکەمەوه ئەوەیه که ئارام ساڵح نه ک تەنها له بواری شیعردا ، به ڵکو له بواری ڕاگەیاندن و بەرنامەو دیدارو کاری میدیایی بینراویشدا زۆر بەتوانا لیهاتوو و لێزان و باڵادەسته . که " له ڕاستیدا  سازکردنی (100) دیدار له تەلەفزیۆنی گەلی کوردستاندا ،لەماوەی (10) ساڵی ڕەبەق بێ پچڕان و دابڕان

وەک بەرنامەیەکی هەفتانەی دارێژراو، کەبابەتی هونەری و ئەدەبی کۆمەلایەتی بەخۆ دەگرێت،کارێکی بەهادارەو مایەی دەست خۆشییە ،بەتایبەتی لە گەڵ ژمارەیەک نووسەرو هونەرمەند ،کە(15) کەس لەوانە ئێستا لە ژیاندا نەماون کە بەچاوی خۆیان جارێکی تر ئەودیدارانە بخوێنەوە تابزانن چییان گوتووە،بەرنامەی (گوڵزاری ئەدەب و هونەر ) بەپشووەکی درێژو هەناسەیەکی گەرم گوڕ لەتەلەفزیۆندا پێشکەشکراوە، کەسێکی ڕۆشنبیرو نووسەرو شاعیرو ڕۆژنامەوان کە (ئارام سالّح )ە شانی داوەتەبەر، لەخۆیی ڕادیتووە کەدەتوانێ ، ئەگەر گرفتی نەیەتە ڕێگا بە چاکی بەردەوام بێ ،لەهەمان کاتدا پێشکەشکردنی (100) ئەڵقە لە ڕۆژگارێکی وەک ئەو دە سالانی ڕابردوودا کە بێ گرفت و کێشە نەبوون و،لەکاتی وەلام دانەوەدا ڕەنگە پەیوەندی بەکەسانی ترەوە هەبێ و ببێتە مایەی سەر ئێشە لە بۆی، بەلام ئەو لەسەر ڕەوتەکە بەردەوام بووە و کارەکەی خۆی ڕاپەڕاندووەو، هەستی کردووە . کە ئەم دیدارو چاو پێکەوتنانە ، هەرچەندە دەچنەخانەی ئەرشیف و دەپارێزرێن، بەلام ئەوکارێکی باشی کردووە، کە سیدییەکانی لای خۆی هەڵگرتووە ، ئیستا دوای بە تالّکردنیان و نووسینەوەیان و چاپکردنیان بە سی بەش ، دەبنە سەرچاوەیەکی باش و کەلێنیک لە کتێبخانەی کوردیدا پڕدەکەنەوە، هەڵبەت سودێکی باشیشی بۆ ئەو کەسانە دەبێت کەبەدوایی زانیاری پێویست دەگەڕێن بەتایبەت لە بارەی ئە وکەسانەی کەلە ژیان و بەرهەم و هەڵس و کەوت و کەسایەتیان دەکۆڵنەوە"( ئارام سالّح، 2012 : 4 ) .ئەوانەش نموونەیەکی دیاری ئەو شاعیرو نوسەرو ئەدیبە بەرزو ناودارانەن  کە ئارام سالّح لە زنجیرە بەرنامەکانی (گوڵزاری ئەدەب و هونەر)ی تە لە فزێۆنی کەناڵی کۆیە دیدارو چاوپێکەوتنی لەگەڵدا سازداون وەک( شێرکۆ بێکەس، لەتیف هەڵمەت ،فەرهاد پیربالّ،ڤینۆس فایەق، شێرزاد حەسەن، خالید دلێر ،دڵسۆز حەمە، خالید جوتیار،دلاوەر قەرەداغی، کەژال ئیبراهیم خدر ،عەبدولمەجید جەلی زادە، جواد حەمەد بەگ و زۆری دیکە،

**2. ڕۆڵ و کاریگەری ئارام ساڵح لەکۆڕو کۆبوونەوە و سیمینارو بواری ڕۆژنامەگەریدا:**

**2. 1 پێگەی شاعیر لە کۆڕوکۆبوونەوەو سیمینارەکاندا:**

ڕۆڵ و پێگەی شاعیر لە فراوانکردنی کتێبخانەی گشتی کۆیە، بە هەردوو شێوەی ئاسۆیی و ستونی و سازکردنی کۆڕو کۆبونەوەو سیمیناری ئەدەبی و هونەری و فیکر ی ، لە ئاستێکی زۆر بەرزو فراواندایە، بەتایبەتی دوای وەرگرتنی پۆستی بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی کتێبخانە گشتییەکانی کۆیە ، ئە م دیاردەیە وەک ڕاستیەکی هاشا هەڵنەگر خۆی دەنوێنێ. هەرچەندە سەرەتای دروست بوونی کتێبخانەی گشتی کۆیە بۆ بەرواری (1-12-1957) دەگەرێتەوە،کە شوێنی دروست بوونی کەوتبووە شوێنی ئێستای پارکی شەهیدانی قورەبەرازەو ،ژمارەی کتێبەکانی لەوسادا (10607) کتێبی جۆراوجۆری بەزمانەکانی کوردی و عربی و فارسی و تورکی و ئینگلیزی لە خۆگرتبوو . دواتر لە بەرواری 25-4-2006 تەلاری نوێی ئەم کتێبخانەیە دامەزراوە. کە 12 هۆڵ پێکهاتووە. لە ئێستادا کۆی گشتی ژمارەی کتێبەکانی کتێبخانە گشتییەکانی کۆیە بریتییە لە (44153)کتێبی جۆراوجۆرو بە زمانی جیاواز. کە بەشیک لەڕێژەی ئەم کتێب و ڕۆژنامانە بە هەوڵ و کۆششی تاکە کەسی و لەسەردەستی خودی شاعیر و ڕۆژنامەنوس ئارام ساڵح لەرۆژی دەست بەکاربوونی وەک بەڕێوەبەری ئەم کتێبخانەیە لەبەرواری 25-4-2014 تائیستا کۆکراوەتەوە، کە ژمارەیان (8386) کتێب و رۆژنامەی جۆراوجۆرە. ئەمەش رۆڵ و پێگەی بەرزی شاعیر لەم بوارەدا دەسەلمینێ.(چاوپیکەوتن 17-9-2018) دکتۆر کەمال غەمبار دەڵێ: " ڕاستە کتێبخانە شوێنی کۆکردنەوەی کتێب و خوێندنەوەی سەرچاوەی زانست و زانیاری و خواستنەوەی کتێبە ،بەڵام کتێبخانەی گشتی حاجی قادری کۆیی ئەمرۆ لە سایەی بەڕێوەبەری نوێی کتێبخانە گشتییەکانی کۆیە شاعیرو مافپەروەر ئارام ساڵح ،وەچەرخانێکی گەورە ی ڕۆشنبیری بە خۆوەدەگرێ و ،دەکرێ بڵێم دیاردەیەکی بەرچاوە کەمرۆڤی شیاو بۆ شوێنی شیاوە، کە لە م ماوە کورتەدا ڕووی گەشی ڕابردوو و ئێستای ڕۆشنبیری کۆیە دەردەخات کە کتێبخانەکە چەندین کۆڕی هەمە چەشنی ڕۆشنبیری و ڕێوڕەسمی ڕیزلێنانی کەسانی دیاری گرتۆتە باوەش و گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە. کە هۆڵی تایبەت بە ژمارەیەکی زۆر کۆمپیوتەر تەرخانکراوە و جگە لە ڕێکخستنی هۆڵی خوێندنەوە ،هەڵبەت ڕاپەڕاندنی ئەم ئەرکانە بەو ڕێکوپێکییە تەقەلایەکی زۆریان گەرەکە، ئەگەر خودی بەڕێوەبەر پەیوەندیەکی زۆری بەم خەڵکەوە نەبیت و نەکات ،کە لە کۆڕەکاندا ژمارەیەکی زۆری لە سنووربەدەر ئامادە دەبن "( د.کەمال غەمبار ،2015 :4) جێی ئاماژە پێکردنە کتێبخانەی گشتی کۆیە لە ساڵی پەنجاکانەوە تا ساڵی 2014 و ساتی دەست بەکاربوونی ئارام ساڵح ،

وێڕای ئەو خزمەتە زۆرەی کردوویەتی ، بە ڵام لەو ماوە دوورو درێژەدا نەیتوانیووە ئەوەبکات کە ئارام ساڵح کردوویەتی .چونکە ئارامی شاعیر لە ماوەیەکی زۆر کورت و کەمتر لەپێنج ساڵ توانیویەتی گەورەترین و زۆرترین خزمەت بە بوارە جۆراوجۆرەکانی شیعری و ئەدەبی و هونەری و فکری و رۆشنبیری گشتی لە شاری کۆیە و کوردستان پێشکەش بکات و کتیبخانەی گشتی کۆیە بکاتە مەڵبەندیکی ڕۆشنبیری بەناوبانگ و چالاکی شاری کۆیە و ناوچەکانی دیکە . باشترین بەڵگەش بۆ ڕۆڵ و توانا و لێهاتویی و زەوق و سەلیقە ی لەڕادەبەدەری ئارام ساڵح لە م بارەیەوە ، سازدان و ئامادەکردنی ئە هەمووە کۆڕو کۆبوونەو سیمنارە ئەدەبی و هونەری و فکریانەیە کە لەو ماوە زۆر کورتە دا لە کتێبخانەی گشتی کۆیە ئەنجامی داون کە دیارترینیان ئەمانە ی خوارەون:

1_ئیوارە کۆڕیک بە ناوی (ئەزموونم لە بواری شیعردا ) بۆ (ڕەهبەری سەید برایم )لە بەرواری 2014-6-8

2_( لەگەڵ شیعرو ئاوازو گۆرانی )بۆ ( د.ئەکرەم خامۆش )لە بەرواری 25-11-2014

3_(جارانی کۆیە و ئێستا لە ڕوانگەی پێشکەوتن و شارستانییەوە )بۆ (د.عەتیە حەمەسە عید ) 2014-12-2

4_( بەسەرکردنەوەو ڕیزلێنانی دلزاری شاعیر ) 8-1-2015

5_ (یادکردنەوەی شاعیرو فۆلکلۆر پەروەر خالید جوتیار )27-1-2015

6_( بەسەرکردنەوەو ڕێزلێنانی جەلال جوباری شاعیر ) 10-2-2015

7_ (یادکردنەوەو ڕێز لێنانی دڵداری شاعیر ) 20-2-2015

8-_ (یادکردنەوەی سێوەی هونەر مەند ) 17-3- 2015

9-_ (مێژوو و فەلسەفەی زەردەشت)بۆ ڕیکخراوی زەند 22-4-2015

10-_ (پێشەنگای فۆتۆگرافی بۆ فۆتۆگرافەر محەمەد مەهدی ) 27-4-2015

11_( بەسەرکردنەوەو ڕێزلینان بۆ سیاسەتمەدار کەریم ئەحمە د و دڵزاری شاعیر )1_-5-2015

-12_ (بەسەرکردنەوەو ڕیزلێنان بۆ ئەدیبو شاعیر و تێکۆشەر عوسمان مستەفا خۆشناو )9-2015_-6

13-_(یادکردنەوەی سەید برایمی شاعیر ) 3-8-2015

14-_ (زنجیرە ۆرکشۆپەکانی تۆڕی چەتر سەبارەت بە کێشەی لاوان و بێکاری و کۆچی لاوان) لە بەرواری 13- 8- 2015 تا بەرواری 19-8-2015

15_-( پرسی کۆنفرانسی ڕاگەیاندنی پڕۆژەی گرفتی ئێستاو چارەیەک بۆ ئایندە بۆ تۆڕی چەتر)
2015-9-17
16 – (کردنەوەی بیست و سێیەمین پێشانگای هونەرمەندی گەورە هونەر عەبدوڵا)2-9-
2015ا
17_-(ئێوارە کۆڕێک بۆ ئەدیب و نوسەرو ڕۆژنامە نوس فەرهاد عەونی ) 15-12-2015
18-_(ئێوارە کۆڕێک بۆ سیاسەتمەدارو ئەدیب و نوسەرو وەرگێری کورد عەبدوڵای حەسەن زادە)
2016-4-1
19_(بەرزڕاگرتنی ڕۆژی جیهانی کتێب و خەڵاتی ڕێزلێنان بە بیست ئەدیب و نوسەر )
27 _-4_-2016
20-_ (کۆڕێکی شیعری بۆهەردوو شاعیرانی هەڵبجە ماردین ئەبو بکرو ساکار ئەنوەر)15-8-
2016
21_-(کۆڕێکی فکری دەربارەی چۆنیەتی مامەڵەکردنی دایک وباوک لەگەڵ تەکنەلۆژیای سەردەم) بۆتوێژەر چنور هادی 4_-10 _-2016
22( مەڕاسیمی ڕێزلێنانی خەڵاتی زێرینی ئاڵای کوردستان بۆڕەخنەگری هاوچەرخ و بەتوانا دکتۆر کەمال غەمبار)18- 10 -2016
23-_ (کۆڕێکی یادکردنەوە بۆ نووسەرو ڕوناکبیر مامۆستا جواد حەمەد بەگ ) 27-12-2016
24-_ (کردنەوەی پێشانگای کتێب بۆکتێبخانەی هەورامان) 23-2-2017
25-_ (پێداچوونەوەیەک بە هونەری نووسین و خوێندنەوە بۆ نووسەرو ڕوناکبیر مامۆستا عەبدولڕەحمان سدیق ) 24-4- 2017
26- _(کاریگەری هۆشیاری تاک لەسەر تەندروستی کۆمەڵگا بۆ دکتۆر دەوەن جەمال ) 9-5-
2017
27_( مەڕاسیمی کردنەوەی کتێبخانەی گشتی سەید ئیبرام ) 3-8-2017
28- (ناساندن و کردنە دیاری کتێبی حاجی قادری کۆیی و بلاڤان )بۆنوسەرو ڕۆژنامە نووس پێشڕەوسەید برایم)7-11- 2017
29-_( کردنەوەی پێشانگای شێوەکاری بۆ هونەرمەند کەمال ئیسماعیل ) 27-11-2017
30-_(کردنەوەی پێشانگای کتێب بۆکتێبخانەی هەورامان )1-7- 2018
31-_ (ناساندن و کردنە دیاری کتێبی ئارامترین پەناگای ڕۆح بۆدکتۆر عبولواحیدئیدریس)
12_-9- _ 2018 " (چاوپێکەوتن ،ئارام ساڵح :26-9-2018 )

## 2.2 ڕۆڵ و کاریگەری شاعیر لە بوارەکانی  پەروەردە و فێرکردن و چلاکی یە  ژیارییە کاندا:

پەروەردەو فێرکردن بزوێنەرێکی سەرەکی  بنیاتنانی کۆمەڵگاو پیشکەوتنی شارستانیە.لەهەمان کاتدا پرۆسەیەکی رێکخراوو بەرنامە بۆ دارێژراوە، کە لە لایەنی پەیوندیدارەوە ئارستەکراوە بەمەبەستی گەیاندنی زانست و زانیاری بە تاکەکانی کۆمەڵگاو نەهێشتنی نەخوێندەواری و گەشەکردنی ئاراستەکانی تاکەکەس، بێگومان پەروەردە بریتییە لە فێربوون و بەدەستهێنانی توانا دیاریکراوەکانی تاکەکەس لە بوارە جۆراو جۆرەکاندا. لە پاڵ گواستنەوەی رۆشنبیری لە نەوەیەکەوە بۆنەوەیەکی دیکە. ئەمەش هۆکارێکە بۆ پەرەسەندنی سۆزو بەزەیی مرۆڤ و بووژانەوەی هەستەکانی و چاکردنی کردارو ڕەوشتەکانی. دیارە پەیوەندی نێوان پەروەردەو فێرکردن،پەیوەندیەکی تەواوی ئامانج و مەبەستەکانە، کە لەسەردەستی مرۆڤەکان دێتە کایەوە. کاریگەریەکی گەورەو بەهێزیشی لەسەر کۆمەڵگاو نەتەوەو مرۆڤایەتیدا هەیە،بۆیە فەرامۆشکردنی پەروەردەوفیرکرن لەکۆتایدا دەبێتە هۆی تێکدان و خراپ بوونی تەواوی کۆمەڵگا،چونکە ئەم بابەتە یەکێکە لە ئامرازە گرینگ و سەرەکییەکانی گۆرانکاری، وێڕای ئەمانەش سەرچاوەیەکیشە بۆ بەدەستهێنانی زانیاری و ژیانێکی جوانترو باشتر. شاری کۆیە  لەو شارانەیە کە هەر لە کۆنەوە لانکەی زانست وزانیاری و  روناکبیری و ئەدەب و هونەرو ئاوازو گۆرانی ڕەسەنی کوردی بووە. بەدەیان زاناو مامۆستای گەورەو  شاعیرو نوسەرو هونەرمەندی بەتوانای  تێدا هەڵکەوتووە  ناوبانگیان بە هەموو لایەک بڵاو بۆتەوە، لە سەدەی نۆزدەوە  بزوتنەوەی ئەدەبی فیکری وشۆڕشی  هۆشیاری خوێندەواری  لەم شارەدا بەڕادەیەکی زۆر بەرز  پەرەی سەندووە. بە  تایبەتی  لە سەر دەستی شاعیران و نووسەران و ڕوناکبیرانی  گەورەی وەک حاجی قادری کۆیی و شێخ ڕەزا و مەلای گەورە و دڵدارو سافی و عەونی و دلزارو خالید دلێرو زۆری دیکەش، هەر یەکە لەم شاعیرو نوسەروڕوناکبیرانە لە سەردەمی خۆیاندا وەک ئەستێرە  لە ئاسمانی کوردستاندا درەوشاونەتەوە.  لە سەردەمی ئێستاو لە قۆناغی هاوچەرخیشدا  ئارام سالح  یەکێکە لەو شاعیرو ڕۆژنامەنوسە ماندوونەناسانەی کە ڕۆڵی بەرچاو و کاریگەری لەبواری پەروەردەوفێرکرن و چالاکیە شارستانییەکانیشدا هەبووە، هەر بۆیە لەسەرتای دامەزراندنیەوە لەساڵی 1993 وەک  مامۆستای پیشەیی لەدواناوەندی مهابادی کچان دەست بەکاربووە. کەبەشی پیشەیی ئەو خوێندنگایە لە بەشەکانی(گوڵ و سیرامیک و وێنەی ئەندازەیی و کارەبا)پێکهاتبوو،دواتر لە بەرواری14-5-1997 بۆتە یاریدەدەری بەڕێوەبەر بۆکاری هونەری،  بە هاوکاری هاوپیشەو مامۆستا بەهرەدارو دەست ڕەنگینەکانی ئەوکاتە  دڵسۆزانە خوێندکارانیان  لەسەر پەروەردەکانی پیشەیی ڕادەهێنا، لە پاڵ خوێندنی وانە زانستی و

وێژەییەکاندا،جگە لەمە  مامۆستا ئارام و هاوپیشەکانی لەم بوارەشدا وەک سەربازیکی نەناسراو خزمەتی گەورەی  کارە هونەری و پیشەییەکانیان کردووە. رۆڵی کارایان لە کردنەوەی پێشانگای ساڵانەی خویندگاکان هەبووە. زۆر جاریش لە سەر ئاستی کۆیە و  هەموو شارەکانی کوردستان بەکارە هونەری و پیشەییەکانیان بەشداری چالاکییەکانیان کردووەو توانیویانە پلەی یەکەم بەدەست بهێنن .

تەوەرەی سێیەم : ئەزموون و تواناو لێهاتوویی شاعیر لە بواری رۆژنامەگەری نوسراودا :
رۆژنامەگەری   یە کێکە لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی بواری ڕاگەیاندن و ئەرکی بڵاوکردنەوەو پەخشکردنی زانیاری هەمەچەشن  بە رووداو وبابەتی جۆراوجۆر لە خۆدەگرێت . " ڕۆژنامەوانی نوسراو بۆسەردەمی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی دەگەڕێتەوە، ئەو کاتە  رۆمانییەکان رۆژنامە ی نوسراویان  دەردەکردو لە وجێگایانەدا هەڵیان دەواسی  کە هەڵبژێردراوبوون  بۆ ئەوەی ئەو پەیامەی کە لە ڕۆژنامەکەدا هە بوو بگاتە خەڵک  "( د. سعد محمد ،2009 : 119)بێگومان هونەری چاپ و ڕۆژنامەوانی لە ئە وروپاوە  گەیشتە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست . یەکەمین ڕۆژنامەش لە ڕۆژهەڵاتدا لە وڵاتی میسر لە شاری قاهیرە بڵاوبۆتەوە ،ئەویش ڕۆژنامەی (التنبیة) بووە ،کە بەزمانی عەربی لە لایەن فەرەنسیەکانەوە لەساڵی 1798بڵاوکراوەتەوە" (وریا جاف ،2007 : 4) هە روەها یەکەمین ڕۆژنامەش لە عێراق ڕۆژنامەی (الزوراء) بوو، لە 15-6-1869 لەسەردەمی مەدحەت پاشا بڵاوبۆتەوە ، کە چاپخانەیەکی لە پاریسەوە بۆهێنابوو، کەبەناوی ویلایەتەوە ناونرا،رۆژنامەی زەورا بە شێوەیەکی ڕێک و پێک بۆماوەی 49 ساڵ بڵاوبۆوە" (نەوشێروان مستەفا ،2012: 349) بە لام کاروانی ڕۆژنامەگەری کوردی لە ڕۆژنامەی کوردستانەوە دەست پێدەکات کە بۆ یەکەمجار لە قاهیرە  لە لایەن مقداد مەدحەت بەدرخان بڵاوکراوەتەوە، لە ڕیکەوتی 22نیسانی 1898 رۆژنامەی کوردستان 31 ژمارەی لێ بڵاو دەبێتەوە، بە زمانی کوردی و تورکی نوسراوەو رۆژنامەکە هەر دوو هەفتە جارێک بڵاوبۆتەوە"( د. ئیدریس عەبدوڵا ،2008 : 3) شایانی باسە سەرهەڵدانی ڕۆژنامەگەری کوردی لە  باشوری کوردستان بۆ ئینگلیزەکان دەگەڕێتەوە، کاتێک توانیان " دەزگایەکی چاپەمەنی و ڕاگەیاندن و پڕوپاگەندەی تایبەت بەزمانی کوردی دامەزرێنن. وابوو ئەمەیان بە ئەنجام گەیاندو ڕۆژنامەیەکی کوردی هەفتانەیان بەناوی( تێگەیشتنی ڕاستی) بڵاوکردەوە " (جەمال خەزنەدار،2016 :223) دیارە وەک دەزانین کاری ڕۆژنامەنووسی پەیوەندیەکی توندو تۆڵی بەبواری ئەدەبیەوە هەیەو" ڕۆژنامەنوسی لەدایک بووی ئەودنیا ئەدەبییە فراوانەیەو لە سەرەتاکانی مێژووی خۆیدا بەردەوام ئەدیبەکان بوونەتە دەستپێکی کاروانەکەی. جنجاڵی ژیان

زۆری دانیشتوان و هاتنەکایەوەی تەکنیک لە ئاستێکی باڵاداو هەوڵدان بۆ بەخێرایی گەیاندنی پەیامەکان ،لەدوورترین شوێنەوە بەخێراترین شێوەو بەکەمترین تێچوون و بۆزۆرترین خەڵک و ڕووبەریی جوگرافی، وایان کردووە کە ئیدی تەنها زمانی ئەدەب و ژانەرەکانی ئەدەب ئەتوانن لەو بوارەدا کاربکەن، هەر لێرەوە تەرزێکی نوێی نووسین کەنوسینی ڕۆژنامە نووسیە هاتۆتەکایەوەو ڕۆژنامەکان لە دایک بوون و خزمەتێکی گەورەیان بەبوارە جیاجیاکانی ئەدەب و بڵاوکردنەوەی دەقە ئەدەبییەکان کردووە .(هەڤاڵ ئەبوبەکر،2007 :190)ئەزموون و تواناو لێهاتوویی ئارام ساڵح لەبواری ڕۆژنامەوانیشدا، لە ئاست و پلەیەکی بەرزدایە. هەر لەو کاتەوەی کە پێشمەرگەو ئەندامی دەستەی نوسەرانی شاخ بووە، لە دوای ڕاپەڕینیش ،" وەک ڕۆژنامەنووسێکی چالاک و ماندوونەناس لە ساڵی( 1992) ەوە لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ و ئاڵای ئازادی و هەرێم و هاموون و گۆڤاری هاوچەرخ جێ پەنجەی دیارەو لە ڕۆژنامەی (هاموون) جێگری سەرنووسەر بووە،لە هەمان کاتدا هەر لەم گۆڤارەدا دووگۆشەی تایبەتی بەناوەکانی ( بێ تورەبوون و ڕاست و ڕەوان)هەبووە و لە میانیدا دیدو بۆچوونە ئەدەبیەکانی بڵاوکردۆتەوە"وێڕای ئەمانەش لە مانگی گولانی 2010 لەگەڵ رۆژنامەنووس کەریم مەلا گۆڤاری هاوچەرخیان دەرکردووە،کەگۆڤارێکی ئەدەبی و ڕۆشنبیری مانگانە بووە،لەساڵی 1993 تاساڵی 2010 پەیامنێری کوردستانی نوێ بووە،دواتر لە ساڵی (2010)ەوە وەک بەرپرسی نوسینگەی کۆیەی کوردستانی نوێ کاری کردووە" (ئارام ساڵح:2012 :5 ) بەم شاکارە ئەدەبی و رۆژنامەنوسیانەش توانیویەتی خزمەتێکی گەورە بەڕەوتی ئەدەبی و ڕۆشنبیری شاری کۆیەو گەل و نیشتمان و نەتەوەکەی خۆی بکات.

ئەنجام :

1- شاعیرو رۆژنامە نووسی هاوچەرخ  ئارام ساڵح  یەکێکە لەو دەنگ و ڕەنگە جوان وڕازاوانەی لە ژێر کاریگەری و ڕەنگدانەوەی ئەو ژینگە و  بارودۆخە شیعری و ئەدبییە بەرز و مەزنە ی شاری کۆیەدا ، بە هێمنی داهێنانی گەورە و گۆڕانگاری فراوان  و جوداکاری زەقی لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا کردووە.

2 جیهانبینی شاعیر ، لەفەزای شیعریدا،لە بەها ئەخلاقی و ئینسانییەکانەوە سەرچاوەی گرتووە ولە بارو دۆخ و ژینگەیەکی ڕەنگاو ڕەنگ جیاوازو پڕاو پڕ لە ڕووداوگۆڕانکاری وادا هاتۆتە ئاراوە،پەلکە زێڕینەیەکی شیعری ناوازەی  دروستکردووە.  هەر بە پێی پێویستی ئەمانەش ناوەرۆک و مەبەست  وفۆرم و شێوازی شیعرەکانی لە دایک بووە .

3-" زمانی شاعیر زمانێکی سادەو ساکارە، بەڵام  زیندوو  ڕەسەن و پڕ جوڵەیەو چاوگەی داهێنان تازەگەرییە، لە هەمان کاتدا شاعیر خاوەنی فەرهەنگ و زمانی تایبەت بەخۆیەتی و ڕەسەنایەتی ووشە و زمان بوونەتە ناسنامەی شاعیرو پێی دەناسرێتەوە. بە تایبە تی شێوەزاری کۆیە تاڕادەیەکی زۆر لە شیعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە.

4-_ لە شیعرەکانی شاعیردا فەنتازیا و ئەندیشەیەکی قوڵ و فراوان بەدی دەکرێت. کە لە گەڵێک سەرچاوەی ڕەنگاو ڕەنگ و جۆراو جۆرەوە هەڵقوڵاوە و بووە  بەژێدەری جوانکاری و نوێبوونەوە.

5 شاعیر نەک تەنها لە بواری شیعردا ، بە ڵکو لە بواری ڕاگەیاندن ورۆژنامەگەری نوسراو و بینراویش دا، زۆر بەتوانا لیهاتوو و لێزان و باڵادەست بووە . کە " لە ڕاستیدا  سازکردنی (100) دیداری تەلەفزیۆنی لە گەڵ دەیان نووسەرو هونەرمەندو ئامادەکردن و پێشکەشکردنی ،بەرنامەی (گوڵزاری ئەدەب و هونەر ) بە پشووەکی درێژو هەناسەیەکی گەرم گوڕ و ڕۆڵ و چلاکیەکانی لەڕۆژنامە و گۆڤارەکانی و کوردستانی نوێ و و ئاڵای ئازادی و هەرێم و هاموون و هاوچەرخ  ئەو ڕاستیە دەسەلمێنێت.

6_ ڕۆڵی ئارام ساڵح لە پەرەسەندنی کتێبخانەی گشتی کۆیە،  بە هەردوو شێوەی ئاسۆیی و ستونی و  سازکردنی کۆڕو کۆبونەوەو سیمیناری ئەدەبی و هونەری و فیکر ی ،  لە ئاستێکی زۆر  بەرزو فراواندابووە، بەتایبەتی دوای وەرگرتنی پۆستی بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی کتێبخانە گشتییەکانی  کۆیە ، ئە م دیاردەیە وەک ڕاستیەکی هاشا هەڵنەگر خۆی دەنوێنێ.

**لیستی سه رچاوەکان :**

**لیستی سەرچاوەکان بە زمانی کوردی:**

_-ئارام سالح ،2005 ،نهێنییەکانی ژێر لێوی حەقیقەت ، چ1 ،چاپخانەی سیما ،سلێمانی .

_- ئارام سالَح ، 2013 ، ئەوین ژەن ، چ 1 ، چاپخانەی زانا ، سلێمانی.

_ -ئارام سالَح ئحمەد ،1991 ، مژدەی مەرگی گەڕەلاوژە ، چاپخانەی ئەسعەد ، بەغداد .

_-ئارام سالح ،2012 ، پڕۆژەی 100 دیداری بڵاو نەکراوە، بە شی یە کەم ،دەزگای چاپ و پە خشی حەمدی ،سلیمانی .

_د.ئەکرەم خامۆش ، 2006 ، درکاندنی چەند نهێنییەک لە نهێنییەکانی ژێر لێوی حەقیقەتی ئارام سالح دا ، رۆژنامەی کوردستانی نوێ ، ژ452 ، سلیمانی.

_ د. ئیدریس عەبدوڵا ،2008 ، لە بارەی ڕۆژنامەگەری کوردیی ، چ1 ،چابخانەی خانی ، دهۆک

_جەمال خەزنەدار ،2016 ، لە بابەت مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردییەوە ،چ 1 ، چاپخانەی ڕۆژهەڵات ، هەولێر .

_زینەب یوسفی ، دۆزینەوەی دەقی چیرۆک لە شیعرەکانی ئارام سالَح دا ، رۆژنامەی هەولێر ، ژ 672 ، 2014 ، هەولێر.

_سەعد محەمد خەتیب ،2009 ، ئاستەنگەکانی بەردەم ئازادی رۆژنامەنوسی لە جیهانی عەرەبیدا ، و : مەم بورهان قانع ،چاپخانەی چاودێر ، سلێمانی .

_عەلی تاهیر بەرزنجی، 2006 ، خویندنەوەیەک بۆنهێنیەکانی ژێر لێوی حەقیقەت ،ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ،ژ 4079 ، سلیمانی .

_عەبدولخالق یەعقوبی ، 2016 ، وێنەی جوانی لە ئاوێنەی تەڵخی بووندا ،گۆڤاری باران ، ژ2 ساڵی یەکەم ، سلێمانی .

_عوسمان یاسین ، 1999 ،بونیادگەری پێکهاتوویی میتودی لوسیان کولدمان ،چ1 ، هەولێر.

_فازیل شەوڕۆ ، 2013 ، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی ، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر .

_فەریدوون پێنجوێنی، 2007،گوزەرێکی خیرا بەنێو دیوانیکی ئارام سالَح دا ،رۆژنامەی کوردستانی نوێ ، ژ 527 ، سلێمانی.

_کەمال غە مبار ،2017 ، گەشتێک بە قەسیدە بەهارییەکەی حاجی قادری کۆیی دا ،چاپخانەی زانکۆی سە لاحەدین، هەولێر.

_کەمال غە مبار ، 2016 ، بەرەو جیهانی شیعری چە ند شاعیرێک ، بەرگی دووەم ،چاپخانەی ڕۆشنبیری ، هەولێر.
_کەمال غەمبار ،2008 ،بەرەوجیهانی شیعری چە ند شاعیرێک ،چ 1،دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس ، هە ولێر.
_کەمال غەمبار ،2015 ،ئەو کتێبخانەگشتییەی بووە بە مەڵبەندێکی ڕۆشنبیری ،ڕۆژنامەی هەولێر،ژ 127 ، 2015 ،هەولێر .
_کەریم شارەزا ،1997 ، وێنەیشیعری لە هۆنراوەی کوردی چۆن دروست دەبێت و بە چ هەستێک وەردەگیرێ، گۆڤاری ڕامان ژ 9 سالی یەکەم .
_نەوشیروان مستەفا ئە مین ، 2012 ، بەدەم ڕێگاوەگوڵ چنین ، بەرگی دووەم ، کۆمپانیای ووشە ،سلیمانی .
_وریا جاف ،2008 ، کاروانی ڕۆژنامەگەری کوردی ، چ1 ، سلیمانی .
_هاوژین سڵیوە ، 2013 ،خۆری دەق و ئاوێزەی ڕەخنە ،لە بلاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی ،هەولیر .
23 - هەڤال ئەبوبەکر حسێن، 2007 ،چەشنە ئەدبی و ڕۆژنامەنوسییەکان، چاپخانەی شڤان ، سلیمانی .

**نامەی ئەکادیمی :**

_جەبار ئەحمەد حوسین ،2008، ئیستاتیکای شیعری کوردی ، نامەی ماستەر،زانکۆی سەلاحەدین، کۆلیژی ئاداب ،هەولێر .
_ سەعد فاروق شێخبزێنی، 2011، بنیاتی هونەری لە شیعرەکانی ئەحمەد موختار جاف دا ،نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین ،کۆلیژی ئاداب، هەولێر .

**لیستی سەرچاوەکان بە زمانی عەربی :**

.

_سیرموریس بورا ، 1976 ، ت : جابر احمد عصفور ، مجلة الاقلام ، ع 11 ، دار الشؤن الثقافية العامة ، بغداد
_عبداللة عساف ،1996، الصورة الفنية في قصيدة الرؤيا ، ط1 ، دار دجلة ،قامشلي ، سورية
_محمد غنيمى هيلال ، 1997 ، النقد الادبي الحديث، مطبعة دار العودة ، بيروت

_محمود الربيعى، 1975 ، في نقد الشعر ،ط3 ، دارالمعارف ، مصر.

چاوپیکەوتن :

_چاویکەوتن لە گەل شاعیر و رۆژنامەنوس ئارام سالّح لە بەریۆەبەرایەتی کتێبخانە گشتییەکانی کۆیە لە بەرواری 17 -9- 2018

_چاویکەوتن لە گەل شاعیر و رۆژنامەنوس ئارام سالّح لە بەریۆەبەرایەتی کتێبخانە گشتییەکانی کۆیە لە بەرواری 26 -9- 2018

_چاویکەوتن لە گەل شاعیر و رۆژنامەنوس ئارام سالّح لە بەریۆەبەرایەتی کتێبخانە گشتییەکانی کۆیە لە بەرواری 3 -10- 2018

_ئەکاونتی شاعیرو رۆژنامە نوس ئارا م سالح ، خویندنەوەیەکی شیکاری رەخنەیی بۆ شیعرەکانی شاعیرلە لایەن دکتۆر ئازاد ، 11-9-2018

**ملخص البحث :**

يتناول البحث (دور أرام صالح في ازدهار الادب و الثقافة في مدينة كويسنجق بعد الانتفاضة) يهدف البحث لابراز دورالشعراء والكتاب والمفكرين في تطور الحركة الادبية والثقافية لمدينة كويسنجق بشكل عام ، وعندالشاعر والصحفي أرام صالح بشكل خاص. والموضوع هذا لم يتطرق اليه الباحثون الا نادرا كما اعلم في وقتنا الحاضر، مما أدى بي الي اختيار هذا الموضوع، رغم وجود بعض المشاكل اعترضت كتابة البحث. ولانجازه اعتمدنا على المذاهب النقدية والوصفية والتحليلية.

يقوم هيكل البحث على مقدمة و فصلين وخاتمة. الفصل الاول نظري ومتكون من ثلاثة مباحث: الاول يتناول السيرة الادبية والثقافية للشاعر بشكل واقعيى وأكاديمي . المبحث الثاني خصصناه للعالم الشعري لدى الشاعر . وفي المبحث الثالث تناولنا الهام و ذوق وجوانب مخفية عند هذا الشاعر ، فى مجال الاعلام وبرامجه الادبيه والفنية والمقابلات التلفزيونية. اما الفصل الثاني يتحدث عن دور وتاثير الشاعر في المجالس والسيمينارات والاجتماعات والمؤتمرات الادبية والصحفية . ويتكون من ثلاثة مباحث : في المبحث الاول اظهرنا اهمية دور الشاعر في اعداد المجالس والمؤتمرات الادبية والشعرية والفكرية.

وفي المبحث الثانى وضحنا دور تاثير ارام صالح في شتى الميادين التربوية والتعليمية و ونشاطات المجتمع المدني . وفي المبحث الاخير، تناولنا تجارب وقابيلية ارام صالح في مجال الصحافة والاعلام. وأخيرا عرضنا نتائج البحث وقائمة بالمصادر والمراجع وخلاصة البحث باللغتين العربية والانجليزية. .

Abstract

This study is titled "The role of Aram Salih in promoting literature and education in Koya, after Uprising". This study aims at illustrating the role of poets and authors in flourishing the tendency of literature and education in general, and the role of Aram Salih in particular. The reason behind selecting this topic is that the role and the works of Aram Salih has not been academically examined yet although he has been playing a great role in the abovementioned fields since the Kurdish Uprising.

This study consists of an introduction and two chapters. The first chapter is devoted to the Aram Salih's biography and his poetic works through three sections. The first section covers the biography of the poet and the journalist "Aram Salih", and his literary and the educational environment. The second section comprehensively considers Aram Salih's sensitive and alluring dreams in his poems. Section three presents the skills, the senses, the ability, and the tact of him as a poet, a journalist, and a broadcaster.

Chapter two is dedicated to the role of Aram Salih in academic gatherings, seminars, and journalism field, and these are considered in three sections. The first section is assigned to the role of him in seminars and academic gatherings. The second section is allocated to his role in the fields of education, enlightenment and civil activities. The third section is allocated to his ability and skills in the journalism field. Finally, this study ends with the concluding points, the list of used references, and the abstracts in Arabic and English version.

# وێنەی شیعری

# لە شیعرەکانی ئارامساڵحدا

## وێنەی شیعری لە شیعرەکانی ئارام ساڵحدا

### 1-پێشەکی :

توێژینەوەکەمان کە لەژێر ناونیشانی (وێنەی شیعری لە شیعرەکانی ئارام صالح) ( ) دا یە هەوڵێکە بۆ تیشک خستنە سەر هەندێ لایەنی گرنگ و زیندوو دەربارەی وێنەی شیعری و لە هەمان کاتدا پەردە لادانە لەسە رچەند ڕوویەکی شاراوەی وێنەی شیعری لای ئەم شاعیرە کە تا ئێستا قسەی لەسەر نەکراوە.

**هۆی هەڵبژاردنی بابەتی توێژینەوەکە:** ب هۆکارەکانی هەڵبژاردنی بابەتی توێژینەوەکە زۆرن، بەڵام زیاتر بۆ زیندویەتی بەهاو پێگە و کاریگەری ئەم بابەتە لە بواری ئەدەبیدا بە شێوەیەکی گشتی و لە شیعری ئەم شاعیرەدا بە شێوەیەکی تایبەتی دەگەڕێتەوە ، جگە لە هەبوونی بۆشاییەک لەم بارەیەوە.

**میتۆدی توێژینەوەکە:** لە نووسینی توێژینەوەکەماندا بەپێی پێویستی کارەکە ڤنامان بردۆتە بەر میتۆدەکانی ڕەخنەیی وەسفی شیکاری بەمەبەستی بەرجەستە کردن و دەرخستنی ئامانجەکانمان لەم بوارەدا.

**گیروگرفتی توێژینەوەکە:** لە نووسینی ئەم توێژینەوەیەدا گرفتی سەرەکیمان کەمی کات و نەبوونی سەرچاوەی پێویست بووە ، بەڵام بەهۆی هەوڵ و ماندوو بوونی زۆرەوە توانیمان بەسەریاندا زاڵ بین.

**پێکهاتەی توێژینەوەکە:** توێژینەوەکە بە شیوەیەکی گشتی، لە پێشەکی و دوو بەش و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان پێک هاتووە. بەشی یەکەم لە سێ تەوەرە پێک هاتووە ، کە تەوەرەی یەکەم تیشک دەخاتە سەر چەمک و پێناسەی وێنەی شیعری ، تەوەرەی دووەم دەربارەی ئەرک و ڕەگەزەکانی وێنەی شیعریە 0 بەڵام بەشی دووەم لە سێ تەوەرە پێک هاتووە کە تەوەرەی یەکەم باس لە بنیاتی وێنەی شیعری دەکات و لە تەوەرەی دووەمیش دا ئاماژەمان بە وێنەی هەستی کردووە ولە تەوەرەی سێ یەم دا وێنەی چەسپاو و جوڵاومان خستۆتە ڕوو.

بێگومان هیچ کارێک بێ کەم و کورتی نیە هەر چۆنێک بێت ئومێدەوارین توانیبێتمان لە ڕێگای ئەم توێژینەوەیە خزمەتێکی بچووک بەم شاعیرە هەست ناسکە و بواری ئەدەبیاتی کوردی بکەین.

**1_چەمک و پێناسەی وێنەی شیعری:**

وێنەی شیعری پێگەیەکی گەورەو فراوانی لە بواری شیعریدا هەیە، هەرچەندە کە باسی وێنە دەکەین یەکسەر وێنە کێشانمان دێتە بەرچاو، هونەرمەند کە وێنەی دەکێشێت و گیانی هونەری و بەهرەی خۆی بەبەردا دەکا و سەردەمێکی دوور و درێژی تێدا بەرجەستە دەکات. پێشکەشی خوێنەرانی دەکات ، بێگومان وێنە لە شیعر و ئەدەبیاتیش دا ڕۆڵێکی کاریگەر و پانتایەکی گەوروە و فراوانی هەیە.

هەر لە کۆنەوە وێنەی شیعری جێگای بایەخی شاعیران و نوسەران و ڕەخنە گران بووە، چونکە وێنەی شیعری بەگیان و بەجەستەی شیعر دادەنرێت ، شیعر بەبێ وێنە وەک جەستەیەکی بێ گیان وایە ، چونکە (وێنە دەرهاویشتەی ناخی دەروونی شاعیرە کاتێ وەسفی بینراوەکان دەکات کە خوێنەر شیعرەکە دەخوێنێتەوە نازانێ شیعرێکی نوسراو دەخوێنێتەوە یاخود دیمەنێک لە دیمەنەکانی بوون دەبینێت) (گەردی،2004: 31 ).

بۆیە وێنەی شیعری هۆکارێکی گرنگە بۆ گەیاندنی پەیامی شاعیر بەخوێنەر لە هەمان کاتدا (وێنەی شیعری ڕێگایەکی جەوهەریە بە گواستنەوە ی ئەزموونەکانی هونەری لە ژیانی شاعیردا) ( عیسا، 2009: 23). چونکە شاعیر ڕێگەیەکی تری نییە بۆ ئەوەی ئەو کەف و کوڵە دەرونیەی کەلەناخیدایە بیگەیەنێ بە خوێنەر تەنها لە ڕێگەی بەرهەمە شیعریەکانیەوە نەبێت.

(ئەبێ ئەوەش بزانین ، کە وێنەی شیعری وەک ئامرازێکی ڕەخنە وەک پێوەرێکی گرنگ بەکاردێت، کە ڕێگا بە ڕەخنەگر ئەدات کە بە ناخی دەقدا تێپەڕ بێت و نهێنیەکانی جیهانی دەق ئاشکرا بکات) (محەمەدئەمین، 2002: 11 ).

لە ڕاستیدا هەموو ئەدەبیاتی جیهانی هاوبەشن لە پێشخستنی وێنەی شیعری بەو جۆرەی کە گەیشتۆتە ئەمڕۆ، (کاریگەری جیهانی لە مێژووی ئەدەب و هونەردا وەکو کاریگەری جیهانییە لە مێژووی زانستدا کە هەردوو کیان ڕێگان بۆ هێنانەوەی کەلتوری نەتەوایەتی و بوژاندنەوە بۆ کاروانی پێشکەوتن لە جیهاندا) ( عیزەدین، 2009: 24).

نووسەری بەناوبانگن (تەهانوی) لای وایە کە وێنەی دوو لایەنی هەیە (دەرەکی) و (زەینی) ، دەڵی : (وێنە شتێکی ڕەهای پێ جیادەکرێتەوە، جا ئەو شتە لەدەرەوەبێ و ناو بنرێ بە وێنەیەکی دەرەکی یاخود لە زەین دا بێت و ناو بنرێ وێنەیەکی زەینی، وێنە ئەوەیە شتێک لە زەین جیادەکاتەوە، شتەکان لە دەرەوەدا ئاشکران و لە زەینیشدا وێنەن) (حەمە، 2001: 5 ).

وێنە هونەری وەکو لایەن (سی دی لویس) وە نیشاندراوە و دەڵێ: (وێنەیەکە بە وشە، لە ڕێگەی وەسف و خوازە و لێکچوونەوە پێک دەهێندرێت بە ڕێ ی تەعبیرێک یاڕستەیەکی ئارایشت کراوە وە ئاڕاستە دەکرێت) (دەشتی، 2007: 121 ).

بەم پێیە دەربڕین و وێنە یاخود شێواز و وێنە وەکو دوو ڕەگەزی ڕووخسار لەگەڵ ناوەڕۆک یەک دەگرنەوە و تێکەڵا و دەبن و یەکێتی ئۆرگانێکی بەرهەمی شیعری پێکدەهێنن.

بێگومان شاعیر بۆ نەخشاندنی وێنەی بە پێز و ناسک و بەرز (پێویستی بەبەهرەی ڕۆشنبیری و تاقی کردنەوە و کارکردن و چێژی پەروەردە کراوی تایبەتی و شارەزای و قاڵبون هەیە) ( مەحموود، 2014: 214).

لە راستیدا شاعیر بۆ نەخشاندنی وێنەیەکی جوان و ناسک و سەرنج ڕاکێش پێویستی بەبەهرەیە جا ئەم بەهرەیە دەبێ لە ناخی شاعیر دا هەبێت بۆ ئەوەی بتوانێ وێنەیەک دروست بکات و چێژ بە خوێنەر بگەیەنێت، یان هەوڵ بدات گرنگی بەو بەهرەیە بدات و سەرکەوت و بێت، پێویستە ئەو ڕاستیەش بزانین کە شاعیر (لە وێنەی شیعری دا شتێکی نامۆ وەرناگرێت بۆ چەند وشە و دەربڕینێک بەڵکو بە پێچەوانەوە هەندێ شتی ئامادە کراو دەگۆڕێت بۆ شێوەیەکی غەریب و لەژێر ڕۆشنایی و تێڕوانینێکی نوێ و بە شێوازێکی چاوەڕوان نەکراو پێشکەشی دەکات) ( ئەحمەد، 2014: 2014).

بێگومان شێوازی جیاواز لەگەڵ دەربڕنی ئاسایی و هەندێ دەربڕینی شیعری تر، لە وێنەی شیعری دا شتەکان وەک خۆی وەردەگیرێت، کە شاعیر لە خەون دا یان لە خەیاڵ کردندا شتەکان دێنێتە بەرچاوی خۆی و دیمەنێک دروست دەکات.

وێنە لە ڕۆمانتیکیەکدا بێ گیان زیندوو دەکاتەوە و یەکسانیەک لە نێوان مرۆڤ و سەرجەم دیاردەکانی هەبوون دروست دەکات، چونکە ڕۆمانتیکیەکان باوەڕیان بە یەکێتی بوون هەبوون، لە باوەڕەدا بووە هەبوون خودێکی گشتی هەیە ، خودی مرۆڤ تەنیا بەشێکە لە گشتەدا.

(خودی شاعیر ئاوێتەی سروشت دەبێ بە شێوەیەک وەک خەونەکان لە باوەڕی شاعیر بە یەکێتی بوون...) (عەساف، 1999: 174).تا بەهۆی خەون و خەیاڵ و ئەندێشە کانیەوە وێنەیەکی شیعری پڕ داهێنان دروست بکات چونکە (ئەندێشە ئەو توانایەیە کە وێنەی شیعری دەخولقێنێ و بڵاوی دەکاتەوە ) (عەلی، 2009: 226).

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە ئەندێشە سەرچاوەیەکی گرنگ و سەرەکی وێنەی شیعریە جا ئەم وێنەیە دروست بێ یان نادروست ڕۆلێکی گرنگی هەیە لە ئێستاتیکیەتی شیعری دا، هەروەها وێنەی شیعری هۆکارێکی هونەری گرنگە بۆ گواستنەوەی ئەزموونی شیعر، بۆیە (محەمەد غنێمی هیلال) دڵنیایە لەوەی کە (وێنە خۆی بەشێکە لە ئەزموون و پێویستە هاوکات بێ لەگەڵ بەشەکانی تری وێنەدا، تا ئەزموونەکە بە شێوەیەکی هونەری ڕاستەقینە بگوازرێتەوە) (محەمەد ئەمین، 2002: 17).

واتە کاتێک شاعیر بیر لە کارێک دەکاتەوە، لە قوڵایی دەروونیەوە بەسۆز و هەستەوە بیر دەکاتەوە ، تاکو وێنەکان لەگەڵ یەکتری بگونجێن ، وێنەی شیعری لە سادەترین پێناسەدا بریتی یە، لە (وێنەیەکی هونەری بە وشە کێشراو) (شارەزا، 1997: 11).

بەڵام ئەوەندەش بەس نیە بۆپێناسە کردنی تەواوی ئەو هونەرە ناسکە بەڵکو دەبێ لەهەمان کاتدا شاعیر لە ڕێگەی هەست و سۆزی ناسکی و ئەندێشەی قوڵ و بەبەکار هێنانی لێکچواندن وێنەی شییعری بخولقێنێ.

دیارە شیعر(لە خەیاڵکردنی شاعیران وێنە کێشانە بە وشەو بێژە و زاراوەکانی زمان) (دەشتی،2012: 22 ) .

شاعیران بەهۆی هەست و سۆزەوە لە قوڵایی دەرونیان بیر لە وێنەیەکی شیعری دەکەنەوە دیمەنێکی جوان دەخەنە ڕوو بەهۆی باس و وەسف کردنەوە تەعبیری دەکەن.

(ئیبن سینا) دەڵێت: (شاعیر وێنەی شتە مادییەکان ناگرێت بەڵکو وێنەی شتە واتا تایبەتیەکانیش دەگرێت) (ڕەئووف،2005: 70 ).

وێنەی شیعری چ ماددی بێت یان مەعنەوی ئەوا دەخرێتە ڕوو لەلایەن شاعیرەوە کە پەیوەستە بە توانای شاعیرەکە و سەرکەوتویی.

وێنەی شیعری  لەسەدەی بیستەم دا، پاش سەرکەوتنی هۆنراوەی نوێ و شێوازە تازەکەی و چەمکەکەی بەسەر هۆنراوەی کۆنی کلاسیکی و شێواز و چەمکەکەی، بە یەک جۆر لای ڕەخنەگران و هۆشیارانی ئەم سەدەیە پێناسە نەکراوە، هەر یەکێکیان لە بۆچوونێکەوە دەڕوانێتە چەمکی زاراوەی وێنە بەگشتی و چەمکی وێنەی شیعری بەتایبەتی ، تەنانەت خودی زاراوەی وێنە لای هەندێکیان بۆ زاراوەیەکی تر گۆڕاوە بۆ نموونە (س-کۆمبس) زاراوەی بڕی هۆنراوەی لەبری زاراوەی وێنەی هۆنراوەی بەکاردەهێنێ و ، ئەم بڕی هۆنراوەی (الفكره الشعريه) بەلایەوە دەردەکەوێ لە (ئاوێتەبوونی هەڵچوونەکانمان لەگەڵ بۆ چوونە هەستیەکانمان) ( گەرمیانی، 2000: 42).

له چەمکی زاراوەی وێنە لەسەدەی بیستەمدا و پاش سەرکەوتنی هۆنراوەی نوێ و شێوازە تازەکەی و بەسەر هۆنراوەی کلاسیکی و شێواز و چەمکەکەی بەیەک جۆر لای رەخنە گران و شاعیرانی ئەم سەدەیە پێناسە نەکراوە و هەر یەکێکیان لەبۆ چونێکەوە دەڕوانیتە چەمکی زاراوەی وێنە بەگشتی چەمکی وێنەی هۆنراوەیی بەتایبەتی(عیزەدین، 2005: 244 ).

نوسەران له چەمکی وێنەی شیعری ئاماژە بۆ (Image) ی ئینگلیزی دەکەن، کە هاوبەشە لەگەڵ رەگی ئەندێشەدا و پەیوەندیەکی بەتین هەیە لە نێوانیاندا 0چونکە ئەندێشە وێنە لە شیعردا بەرجەستە دەکات و لەمەودای مەعریفیدا هاوبەشن(محەمەد ئەمین،2002: 12 ).
وینەی شیعری کۆمەڵە هەستێکی پەنگ خواردەی ناخی شاعیرەکە ئەو بەهرە و سەلیقەی شاعیر هەیەتی کەرەستەکانی رێک دەخات و وێنەیەکی خەیاڵی کە سێبەری کەرەستەکانە دروست دەکات.
پێناسەیەکی تر وێنەی شیعری (دەربڕینە نەک ڕازاندنەوە، پشت بە وێک چواندن و خوازە دەبەستێ وەک هۆیەک بۆ ئەوەی جیهانی ناوەوەی شیعر بدۆزێتەوە) ( مەعروف، 2007: 137)، وێنەی شیعری ڕاستەوخۆ وەرنەگیراوە بەڵکو هونەرێکی جوانکارییە، بەخوازە و ڕەمز ئاوێتەیەکە بۆ جوان کردن نەک بۆ هەڵگێڕانەوەی ڕاستیەکان.
پێناسەیەکی کۆنی ڕەخنەگرانی عەرەب بۆ شیعر ئەوەیە کە (شیعر قسەیەکی کێشەدار و سەرواداره، کە واتایەک دەگەنێت) ( حسێن، 2007، 71).
وێنەی شیعری جیهانێکی خەیاڵیە ، کە هیچ سنوور و چوار چێوەیەکی یاسایی نییە و عەقڵ بەڕێوەی نابات بۆیە لەو جوانیەی کە لە ڕوخسار و ناوەڕۆکی وێنەی شیعری دا هەیە و هەست بە ئارامی دەکەین.

(سیمۆنیدز) پەیوەندی نێوان شیعر و وێنە (رسم) بەم شێوەیە ڕوون دەکاتەوە: (وێنە شیعرێکی بێ دەنگە و شیعریش وێنەیەکی دەنگدارە) (حەمە، 2001: 6 ).
بۆیە شاعیر لە جیاتی ئەوەی وەک هونەرمەند بەهۆی فلْچە و ڕەنگەکانەوە وێنە بکێشێت ڕوو دەکاتە وشەی جوان و سەرنج ڕاکێش و ئەندێشەی قوڵ و فراوان بۆ کێشانی وێنەی شیعری.
ڕەنگبێ (وێنەی شیعری سەرتاپای پرۆژەی شیعری بگرێتەوە هەروەها جۆرە چارەسەرێکیش بێت بۆ دۆزینەوەی ڕەچەیەک کە بمانگەیەنێتە نێو کردەی شیعر نووسینەوە ، واتە ئافراندن) (ئەحمەد مەلا، 2002: 15 ).

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێ کە وێنەی شیعری بەسەر شیعرەکەدا زاڵ دەبێت و شتێکمان پێ دەڵێن تاکو مێشکمان فراوان بکات و بمانگەیەنێتە ئەو فکرەی کە دەمانەوێت.

## 2- ئەرک و ڕەگەزەکانی وێنەی شیعری

**-ئەرکی وێنەی شیعری:**

ئەرکی سەرەکی وێنەی شیعری بریتی یە لە ڕوونکردنەوەی دیاردەکان و بابەتە جیاوازەکانی جوانی سروشت و ژیان، ئەمەش زیندووی وێنەکان دەردەخات ، کە ئەمەش گرنگن بۆ مرۆڤ ، هەر شیعرە هەڵگری پەیامێکە ، کە خۆی لە نێو وێنەی هونەریەکەدا گرێ داوە، کە دەکرێ ئەو پەیامە شایستە بێ یان ئەرکێکی گشتی لە ئەستۆدا بێ ، چونکە شاعیر هەمیشە دەیەوێ پەیوەندیەکی ڕوونی لەگەڵ دەوروبەر هەبێت، تا پەیامێک ساز بکات کە پێشتر بەخەیاڵدا نەهاتبێت ڕەگەزی سەرەکی شیعر وێنەیە (وێنەی شیعری لە سادەترین مانایدا وێنە کێشانە بە وشە) ( عیسا، 2009: 21).

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێ کە ئەرکی وێنەی شیعری بریتی یە لە کێشانی وشەکان وەکو خۆی ئەرکی تری وێنەی شیعری گەڕانە بە دوای ڕاستی و جوانکردنی ژیان و چۆنیەتی پێداچوونەوەی و دروست کردنەوەی سەر لەنوێ ی ژیانە، دەبێتە ئەزموونێک بۆ شاعیر بەهۆی دەرخستنی ئەو توانایەی کە هەیەتی و توانای وێنەی شیعری ، خەسڵەتی سەرەکی شاعیر داهێنانە و گەیشتنە بەکەناری ئارامی وشە داهێنان، لەبەر ئەوەی شیعر سنووری نییە و هەمیشە بەردەوامە و کاتی دیاری کراوی نیە.

وێنەی هونەری هەردەم ڕۆڵی جوانکاری و ڕوون کردنەوەی ، لە بنیاتی شیعردا دەگێڕێ، چونکە وێنەی چالاک و کاریگەر، کە خەیاڵی داهێنەرانەی شاعیر دەیانکێشێ وەک (زنجیرە ئاوێتەیەکی یەک لە دوای یەکن کە لە گۆشە جیاجیاکانی هۆنراوەکە دانراون و بابەتەکە دەنوێنن، لەگەڵ ڕووە گەشە دەکات، ئەو وێنە سیحراویانەش تەنیا بابەتی شیعرەکە دەرنابڕێ بەڵکو گیان و شێوەشی پێدەخشن و لە توانایاندایە ئەو گیانە بەرجەستە بکەن و هەستی پێ بکرێت)(گەردی، 2004: 97). دیارە سەرەڕای دەرخستنی بابەتە شیعرەکە وێنەکەش گەشە دەکات و تەنیا بابەت شیعریەکە دەرنابڕن، بەڵکو شێوازێکی تر و گیانێکی تری پێ دەبەخشێت و هەستی پێ دەکرێت ، شاعیر دەبێت جیهانێک بۆ خۆی دروست بکان کە پڕبێت لە وشە و زمان و وێنەی جوان و بەهەست و سۆزەوە هۆنراوەکە دابڕێژێ، بۆ ئەوەی ئەو جوانی و ئەرکەی کە هۆنراوەکە هەڵی گرتووە، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بیگەیەنێت.

**-ڕەگەزەکانی وێنەی شیعری:**
وێنەی شیعری لە کۆمەڵە ڕەگەزێکی سەرەکی پێک دێت، کە هەریەکێک لەو ڕەگەزانە بەهاو گرنگی تایبەتی خۆی هەیە لەناو دەقی شیعری دا هەموویان تەواو کەری یەکترین، لە یەکدی جیانابنەوە، نەبوونی یەکێک لەم ڕەگەزانە دەبێتە هۆی لاوازی دەقەکە.
بۆ ئەوەی وێنەکە بەرە و لاوازی و کاڵی نەڕوات ، ئەم ڕەگەزانە دەبنە بابەتی سەرەکی شێوازی شیعری و وێَنەکە بەرە و لوتکە دەبەن کۆمەڵێک ڕەگەزی جیاواز ڕۆڵیان هەیە لە دروست بوونی وێنەی شیعری کە هەست و بیر و ئەزموونی قوڵی شاعیر یەکیان دەخات بۆ ئەوەی لە کۆتایدا توانایەکی گوزارشتیان لێ دەربچێت.
شاعیر کاتێک وێنەیەک بونیات دەنێت دەبێت ئەو کارەساتانە فەرامۆش نەکات و هەموویان تێدا بێت، چونکە یەکبێ ئەوی تر و وێنەکە بەرە و لاوازی لە دایک دەبێت زمانی شاعیر جیاواز نیە لە زمانی خەڵک بەڵکو ئەوەی جیای دەکاتەوە بەکارهێنانی پێکهاتەکانی وێنەی هونەر یان لەگەڵ جۆرێک لە جۆرەکانی خوازە، کە سیفەت و سیما بە مرۆڤ و سروشت و خۆشەویستی دەبەستێ.
(ڕەگەزەکانی هەریەک ڕۆڵ و گرنگی خۆی هەیە لە پێکهاتەکانی وێنەی هونەری دا ، دەبێ بە یەک چاو سەیری ڕەگەزەکان بکەین و هیچیان لەوەی تریان بەگرنگتر نەزانین. سەردار گەردی لە نامەی دکتۆراکەی باسی ڕەگەزەکانی وێنەی هونەری دیاری کردووە کە بە لایانەوە ئەمانەی خوارەوەن) ( عیزەدین، 2009: 252).

(1- زمان ، 2- ئەندێشە ، 3- واقیع،4- بیر، 5- سۆز، 6- نەست)

ئەمانە هەموو کۆمەڵە ڕەگەزێکن و وێنەیەکی ئاڵۆز دروست دەکەن و لە کۆتای دا وێنەی شیعری بەهۆی ئەم پێکهاتانەوە دێتە ئاراوە ئەم کۆمەڵە ڕەگەزانە ئەبێ هەموویان لەگەڵ یەکتری بێت بۆ ئەوەی وێنەیەکی شیعری جوان و سەرنج ڕاکێش دروست بکەن.
(شاعیری زیرەک و وردبین ئەوەیە بەیەک ئاست بایەخ بەهەموو ڕەگەزەکانی وێنە بدات بۆ ئەوەی وێنەیەکی تەواوی سەرنج ڕاکێش بخوڵقێنێ) (گەردی، 2004: 61 ).
واتا شاعیر دەبێت شارەزای لە هەموو ڕەگەزەکانی دا هەبێ ، بە شێوەیەکی هونەریانە مامەڵە لەگەڵ هەریەک لەم ڕەگەزانەدا بکات.
(هەموو هۆنراوەیەکی باش و سەرکەوتوو پێویستە ، خاوەن بیرێکی بەرز و قوڵ، شێوەیەکی جوان و ڕازاوە، ئەندێشەیەکی بە پیت و داهێنەرانە هەستێکی ناسک و سۆزێکی گەرم و گوڕ،

شێوازێکی بەهێز، زمانێکی ڕەوان، موزیکێکی بەسۆز، وێنەی هونەری جوان و هەمەڕەنگ بێت)( عیسا، 2009: 28).

بۆیە شاعیر پێویستە زیرەکانە بەرهەمە شیعریەکەی خۆی بە وشەی جوان و زمانێکی پاراو بیرێکی ڕەها لەلای خوێنەر دروست بکات کە خوێنەر بۆ لای خۆی ڕاکێش بکات و هەست و سۆزی خوێنەر بوروژێنێت.

(وێنەیەکی ئاوێنەی ئاڵۆزە کە چەندەها ڕەگەز لە پێکهاتەیدا بەشدارە وەکو: (زمان، واقیع ، بیر، سۆز، ئەندێشە ، هەست، ڕیتمی ناوە و دەرەوە.....هتد) هەموو ئەمانە ئاوێنەی یەکتری دەبن) بۆ ئەوەی وێنەیەکی جوان و سەرنج ڕاکێش دروست بکات( عیزەدین، 2009: 252).

**-ڕەگەزەکانی وێنەی شیعری ئەمانەن:**

**أ_ زمان:Language**

زمان یەکێکە لە ڕەگەزەکانی وێنەی شیعری و ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێ لە بنیاتی وێنەی شیعریدا. .کەواتە دەتوانین بڵێین کە (پەیوەندی نێوان وێنەی شیعری و زمان لەسەر ئەو بنچینەیە بنیات نراوە کە وێنە دەتوانێ پەیوەندی نوێ بۆ وشەکان بخوڵقێنێ بەمە بەکارهێنانی زمان دەوڵەمەند دەکات، زمان بەو توانا دەربڕینە دیاری کراوەی لەوانەیە دەست بەسەر وێنەی هونەری دا بگرێت ، بەڵام داهێنانی شیعری لەگەڕان بەدوای وێنەی نوێ هەوڵ دەدات ئەو زاڵبوونە کەم بکاتەوە) ( گەردی، 2004: 65).. ئێمە بەهۆی وێنەکانەوە دەتوانین زمان دەوڵەمەند بکەین بەهۆی بینینی دیمەنی جوان و وشەی زۆر دەتوانین زمانێکی پاراو بەرهەم بهێنین.

هەروەها (شاعیر پاش دروست کردنی وێنەی شیعری پشت دەبەستێت بەبەکارهێنانی وزەکانی زمان بەشێوەیەکی باش، لە دروست کردنی وێنەی شیعری و پەیوەندی نوێ دەدۆزێتەوە لە نێوان وشە و ڕستەکان وزەی هونەری خۆی بەکاردەهێنێت ، بنەمای پێکهێنانی لەسەر ئەو پەیوەندیانە دەبێت) ( عیسا، 2009: 44).

ب_ بیر: Idea

سەرەتای دەست پێکردن و خاڵی یەکەمە بۆ هەر کارێکی هونەری ، واتا بیر و سەرەتا لە دەرەوەی کاری هونەرییە، ئەمەش ئەو بیرۆکەیە کە شاعیر لای دروست دەبێ دەیەوێ لە ڕێ ی چەند وشەیەکەوە بیگەیەنێتە خوێنەر ئەم بیرۆکەیەش یا ئەوەتا هەر لە مناڵیەوە لە بن هۆشی دا

ماوەتەوە و ئێستا دەیخاتە چوار چێوەی شیعرەکەیەوە، یا ئەوەتا بیرۆکەیەکی نوێ یە و پەیوەندی بەفەلسەفە و دیاردەیەکی واقیعەوە هەیە و سەرنجی شاعیر ڕادەکێشێ و بیرۆکەیەکی لێ وەردەگرێ و دەیکاتە بنەمای دروست کردنی وێنە شیعریەکەی.
بوونی بیرۆکە لەناو وێنەی شیعری دا ئەوەندە پێویستە کە خوێنەر بزانێ شاعیرەکە بنەمای دروست کردنی وێنەکەی لە کوێوە هێناوە هەروەک (مارسیۆ ئارنۆڵد) دەڵێ:
(لە شیعردا بیر هەموو شتێکە ، ئەوانەی تر هەمووی وەهمە) (حەمە، 2001: 7 )

ئەم پێناسەیە تا ڕادەیەک ڕاست نیە، چونکە شاعیر بیرۆکە لە واقیعدا وەردەگرێ گەلاڵەی دەکات و دواتر دەینوسێت و پێشکەشی خوێنەری دەکات بەم شێوەیە ئەوەی لە مێشکی دایە دەری دەخات.
بۆ دەربڕینی بیر و ڕازاندنەوەی وێنە لە شیعرەکانی دا کە ئەمەش پێویستی بە کەرەستەکانی ڕەوان بێژیە.

(أحمد الشايب) دەڵێ:
پێوەری وێنەی ئەدەبی توانایەتی لەسەر گواستنەوەی بیر و سۆزییە ئەمانەتی و وردی تا ئەمەش پێوەری ڕەسەنیەتی، کەواتە بیر یەکێکە لە ڕەگەزەکانی وێنەی شیعری و دەبێت هەموو ڕەگەزەکان هاوسەنگ بن و بیرەکەش یەکێکە لە جۆرەکانی ئەم ڕەگەزە و لەگەڵ ئەوانەی تر هیچ کەم و کورتیەکی نیە.

### ج_ ئەندێشە:Imagination

بنەمایەکی گرنگە لە بنەما هونەریەکانی شیعر ئەندێشە ئەو لێکۆڵینەوە ورد و دیمەنە هونەریانە بەیەکەوە دەبەستێ و دەبێتە هێزی ئەندێشە، کەدەست بەسەر بەئاگادار بوون دا دەگرێ و دەیخاتە دنیای هەستی ئەو کات خەیاڵ لێکدانەوە بۆ هەموو ئەو لێکۆڵینەوە و داهێنانەی لە لایەنەکانی ژیان کراوە جوان و دڵگیریان دەکات.
ژیان لە دنیای خەیاڵدا جیهانێکی تایبەت و سنوری نیە، هەتا وشە دزێو ناشیرینەکانیش بە شێوازێکی تایبەتی و جوان ڕیز دەکرێن لە جیهانی خەیاڵ و هەڵچوون دا شتەکان و وشەکان واقیعی نین وەک ئەوەی جوان هەردەبێ جوان بێ بە پێچەوانەوە بەڵکو ئەو هێزێکی ئێستاتیکاییە، پاڵپشت بەهەڵچوونی دەروونی هونەرمەند دیارە.

(ئەندێشە هێزێکە لە هێزەکانی دەروونی ئادەمیزاد ، وێژەر بەهۆیەوە دەتوانێ بە وشە و ڕستە و وێنەی هونەری شێوازی ڕەوانبێژی ساز بکات و سۆزی هەڵچوونی لە بابەتێکدا بگەیەنێتە گوێگر و خوێنەر) ( گەردی، 2004: 68).

زمانی شیعر زمانێکی تایبەتە ، تایبەتیشە بەبێ ئاگای و روحی شاعیر، هەتا ئەو شتانەی وەسفیان دەکات لە سروشت و ئادەمیزاد و مەی و پیاڵە وجەستەی ئافرەت، ئاستێکی بەرزی روحی پێدەدات.

ئەندێشە ئەو هێزەیە لە دەروونی ئادەمیزاد دروست دەبێ و بەهۆی هونەرەکانی ڕەوانبێژی و شێوازی ڕستەی جوان و ناسک بگەیەنێتە خوێنەر.

کۆلردج (Coloridge) زۆر گرنگی بەخەیاڵ دەدات و ئەندێشە دابەش دەکات بۆ دوو بەش:

**_ ئەندێشەی سەرەکی:Sancy:**

ئەو ئەندێشەیەیە کە (لەو ڕێگەیەوە نوسەر یان شاعیر دەتوانێ هەموو پارچەکانی وێنە شیعریەکە و ڕوون کردنەوەی وردەکانی لە ئامێز بگرێ) ( حەمە، 2001: 8)

ئەمەش وەک ئەوە وایە کە شاعیر و وێنەی کچێکی جوان دەکێشێ ، هەموو بەشەکانی لە دەم و چاو باڵا و دەست و لاق و هەموو ئەندامەکانی لەش کۆ دەکاتەوە و وێنە شیعریەکەی لێ دروست دەکات.

بێگومان ئەندیشەی سەرەکی ئەوەیە کە هەموو مرۆڤێک هەیەتی و دوورە لە داهێنان.

(هەموو خەڵک تیایا هاوبەشن . ئەو توانایەیە کە تەنیا شیعری شاعیرە بەهرەدارەکان دەخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی، چونکە جۆرێکە لە بیری ئازاد بوون لە کۆی کات و شوێن و پشت بە دەستووری تەداعی دەبەستێ) ( گەردی، 2004: 71).

**_ ئەندێشەی لاوەکی: Secondary Imagination**

(تایبەتە بە شاعیرە هەڵکەوتووەکان ، لەبەر ئەوەی هێزی دروست کردنی شیعری تێدا بەدیار دەکەوێت) ( عیسا، 2009: 59). ئەم ئەندێشەیە بە خولقێنەر ناودەبرێ بەمەش دوور دەکەوێتەوە لە زمانی عەقڵ، خەیاڵ ڕەگەزێکی سەرەکیە لە کۆکردنەوەی پێکهاتەکان و هەستە جیاوازەکان بۆ دروست کردنی وێنەی هونەری. (ئەم جۆرە لەلای (کانت) بە خەیاڵی ئیستاتیکی ناودەبرێ ، ئەندامەکانی هەستی مرۆڤ ڕۆڵی ڕاستەوخۆی تیا نابینین لە کاتی خەو بینین لە دایک دەبن ئەم جۆرە بەرهەمانە کە ئەم خەیاڵە دەگرێتە خۆ لێهاتووی و داهێنەری شاعیرەکە دەخاتە ڕوو ، ئەم

جۆرە ئەندێشەیەش بە ئەندێشەی داهێنەر ناودەبرێت.لەلای (کۆلردج) (شیعر بەرهەمی ئەندێشەی نا سەرەکیە هەر ئەویشە دەبێتە مایەی داهێنان لە شیعردا) ( گەردی، 2004: 72)

ئەم جۆرە دەشێ بە خەیاڵێکی داهێنەرانە ناوی بنێن ، چونکە شاعیر دوور لەلاسای کردنەوە و وێنەیەکی نوێمان پێشکەش دەکات.

شاعیر لێرەدا لە جیاتی ئەوەی شتێک بەشتێکی تر بەراورد بکات.(پەنا بۆ ئەو جوزئیاتانە دەبات کە خۆی مەبەستیەتی ... دواتر ئەم جوزئیاتانە شی دەکاتەوە و یەکیان دەخات و شتی نوێ ی لێ دروست دەکات) (حەمە، 2001: 8 ).

**د_ واقیع: Real**

هەموو ئەو شتانەی کە ڕۆژانە دەیان بینین لە سروشت و گیانلەبەر و ئەو شتانەی کە بونێکی تایبەتیان هەیە، کە مرۆڤ دەتوانێ هەڵس و کەوتیان لەگەڵ بکات و بە جۆرێک لە جۆرەکانی ، دەبنە واقیع و کەرەستەی بابەتی هونەری، ئەوە مرۆڤ بڕیار دەدات کە کام کەرەستە بەکەڵک و باشە بەجوانی نیشانی دەدات وە هەندێ کەرەستەکان بەبێ کەڵک و ناشیرین دەناسێنن ئەمە لە ڕووی ژیانی ڕۆژانە ، واقیع لە بابەتی هونەری دا تێکەڵی پێکهاتەکانی شیعر دەبێت بەمەش ڕوخسار و فۆ ِرمێکی تر وەردەگرێ.

(ستانلی هایمن دەڵێ: (ئینکاری کردنی پەیوەندی واقیع و خەیاڵ زۆر گرانە ، چونکە واقیع وەکو دەفرێک وایە شاعیر ئەو بەهاو ڕەوشتانەی لێ وەردەگرێ کە سەدا و ئەفسوونی خەیاڵی بەهۆیەوە پێشکەش دەکرێت) (گەردی، 2004: 79 ).

کەواتە واقیع لە هەموو کاتێکدا لە ناو وێنەی هونەری دا بوونی هەیە و دەشبێتە یەکێ لە ڕەگەزە سەرەکیەککانی وێنەی هونەری.

(پەیوەندی لە نێوان واقیع و وێنەدا پەیوەندیەکی جمکانەیە، چونکە ئەگەر واقیع نەبێ وێنەش نابێ بۆیە ڕای واش هەیە دەڵێ: وێنەی هونەری شێوەیەکی تایبەتی ڕەنگدانەوەی گشتی جیهانە) (حەمە، 2001: 6 ).

و_نەست (لا شحرور):

هەموو ئەو ساتە کەم و بێ ئاگایانە دەگرێتەوە، کە لەدەرەوەی عەقڵ و هۆش ، بێ ئەوەی هونەرمەند ئەوساتانە نیازی ئەو جوڵە و کردارەی هەبوبێت، کە بە بیر و خەیاڵی دا دێت، نەست پەیوەندی بە دەروونی مرۆڤەوە هەیە، شاعیر زیاتر سوود لە نەست وەردەگرێ ، چونکە هەموو ئەو ئارەزوانە دەگرێتەوە کە لە دڵی دا پەنگی خواردووە، دەتوانێ لە ڕێگەی وێنەی دەروونیەوە دەریان ببڕێ.

وێنەی دەروونی بەو (وێنە دەگوترێ کە گوزارشت لە حەزوو ئارەزووە قەدەغە کراوەکان دەکەن کە لە لاشعورەوە هەڵگیراون) (ئیسماعیل، 2003: 177 ).

بەلای یۆنگ (لاشعور) ئەو برە ڕۆشنبیری و دەرونیەی تاک و کۆمەڵەکە لە ناخی هونەرمەن دا کەڵەکە بووە) (گەردی، 2004: 89).

بێگومان لە ژیانی مرۆڤدا بە هەزارەها وێنە لەبێ ئاگاییەوە هەڵگیراون و شاعیر خۆشی نازانێت و لەوانەیە زۆربەیان لە یاد بکرێن و هەندێکیشیان لەکاتی هەڵچوون و شڵەژاندا سەرهەڵدەنەوە و دێنەوە یادی شاعیر و لەناو دەقی شیعرییەوە دەیان نوسێت و سودیان لێ وەردەگرێ ڕەنگە هەندێ جار ئەم لەیاد کردنە سوودی هەبێ بۆ هەندێ خەڵک و بە پێچەوانەوە تاکو تووشی ڕووداوێک نەبن و هەندێ جاریش بۆ شاعیر دەبێت لە کاتی نوسینی شیعردا هەندێ وشە و دەستەواژەی جوانی دێنێتەوە یاد.

### م_ سۆز (Emodion):

سۆز پەیوەندی بەهەموو ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی بنیاتی وێنەی هونەریەوە هەیە، ڕێژەی بەکارهێنانی سۆز لە ڕووی چەندایەتی و بەهێزییەوە کاریگەری لەسەر وێنەی ڕونتری لێوە هەڵدەقوڵێت.

(وێنەی هونەری پەیوەندیەکی پتەوی بەسۆزەوە هەیە و ڕەگەزێکی سەرەکیە بۆ دەربڕینی خاسیەتەکانی وێنەیەکی هونەری جوانی و سەرکەوتوو) (فازل، 2007: 160 ).

دیارە سۆز بارێکی دەروونیە و لایەنێکی ژیانی مرۆڤە و بریتی یە لە کۆمەڵێک هەڵچوونی کە لە هەردوو دیوی دەرەوە و ناوەوەی مرۆڤدا هەستی پێ دەکرێت.

(وێنەی گوزارشت کردنە لە سۆز و هەڵچوون بەیەکەوە ، سۆز بەوە ناسراوە کە جێگرە و دەمێنێتەوە ، کەچی هەڵچوون کاتیە و لەناو دەچێ ).

(ئەگەر گوڵ بەبێ ئاو توانی گەشاوە و جوان بێت ئەو کاتیش وێنەی شیعری دەکرێ پشت لە سۆز بکات و فەرامۆشی بکات ، چونکە بوونی سۆز بۆ وێنەکە دەبێتە سەرچاوەی ژیانی و بەبێ بوونی وێنەکە وشک و بێ گیان دەردەچێ) (گەردی، 2004: 86 ).

کەواتە ئەوەی دەمێنێتەوە سۆزە و ڕەگەزی سەرەکی بەردەوام ئەو هەڵچونەی لای شاعیر ڕوو دەدات کاتیە و لە ناو دەچێ .

مەرجیش نیە هەموو وێنەیەک سۆزی هەبێت ڕەنگە هەندێ شاعیر لەکاتی نوسین دا سۆزی بەهێز بەکاربێنێت و کاریگەری زۆر لە خوێنەر بکات، بتوانێت دەروونی خوێنەر بوروژێنێت بە پێچەوانەشەوە.

**3-جۆرەکانی وێنەی شیعری لە شیعرەکانی ئارام صالح دا**

**- بنیاتی وێنەی شیعری لە شیعرەکانی شاعیردا**

أ_ وێنەی تاک:

وێنەی تاک بریتی یە لە تاکە وێنەیەکی سەربەخۆ کە شاعیر زۆر جار لە تاکە دێڕێکدا یان کۆپلە شیعرێکدا دەیکێشێ0 کە مانایەکی سەربەخۆی دیاری کراوی بەخۆ وەرگرتووە، هەموو وێنەکان ئەرک و کاریگەری خۆیان هەیە لەناو شیعرەکەدا شاعیر بەشێوەیەکی زۆر جوان وێنەمان بۆ دەکێشێ بۆ ئەوەی سوود و چێژ لای خوێنەر دروست بکات (وێنەی تاک بچوکترین وێنەیە کە خۆی لەتاکە وێنەیەکدا دەبینێتەوە کە بە شێوازێک لە شێوازەکان یەکە یەکەی گەورەتر دروست دەبێت و گرێدان پێکەوە بەستنی وێنە تاکەکانیش واتە هەریەکە لە وێنەی لێکدراو وێنە گشتیەکان لە چەند وێنەیەکی تاکی پێک هاتوون بەڵام ڕووخسار و ڕووی خۆیان بە شێوازێکی تر دەگۆڕن و تایبەتمەندی خۆیان دەبێت) ( عیسا،2009: 80).

لەم پێناسەیەدا بۆمان دەردەکەوێ کە وێنەی تاک ڕۆڵێکی دیاری کراوی هەیە لە ناو شیعردا و هەموو وێنەکان ئەرکی خۆیان هەیە و وێنەی گەورەتر دروست دەکەن دەبێت وێنەکان لەگەڵ بیر و هەستی گشتی وێنەکانی تر یەکبگرن و لە ئاکامدا وێنەیەکی گشتی پێک دێنن.

لە ڕەوانبێژی دا ئەوەی لەسەرچاوە کۆنەکانیش زیاتر باسی کراوە هەردوو وێنەی (لێکچوون و خواستن) بووە ، کە ئەمانە هەردووکیان ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینن لە دروست کردنی وێنەی تاک و لێکدراودا یەکێکی وەکو (دالاس) دەڵێ: (خۆشەویستی بەرە و لێکچواندن پاڵمان پێوە دەنێ ، لێکچواندن و خواستن لە نیشانەکانی هەست و خۆشەویستین) (حەمە، 2001: 17).

ئەم پێناسەیە ڕاستە چونکە شاعیر کە باسی شتێک دەکات بەهۆی خۆشەویستی دوو بابەت یان دوو شت لێکچواندنیان بۆ دەکات.

لێرەدا بە جیا لە هەردوو وێنەکە (لێکچواندن و خواستن) دەدوێن و نموونەی شیعری بۆ هەریەکەیان دەهێنینەوە:

_ لێچوو (لێکچواندن):

مەبەست لە لێکچواندن ئەوەیە کە شاعیر ئەو شتانەی لە پرۆسەی لێکچواندن دا بەکاریان دەهێنێت تەنها لە یەک ڕووەوە یان زیاتر لەیەک دەچن و ڕووی لێکچواندن لە نێوانیاندا هەیە.

(لێرەدا لە جیاتی ئەوەی شتێک بە شتێکی تر بچوێنرێ ، وێنەیەک بە وێنەیەکی تر ئەچوێنرێ، مەبەست لە وێنە ئەوەیە لە چەند پارچەیەکی زۆر پێک هاتبێ و ئەو پارچانە ڕەنگێکی واتێک هەڵکشابن کە بووبن بە یەک شت و وێنەیەکیان دروست کردبێت) (گەردی، 1974: 55 ).

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێ کە دەبێ تەنها وێنە بە وێنە بچوێنرێ یەک شتێک شتێ:ی تر بچوێنرێ دەبێ هەردووکیان وێنە دروست بکەن و لە یەک ڕوو لە یەک بچن.

(زۆر لە شاعیران لە ڕێگەی وەسفی ڕاستەوخۆ و لێکچوان بەهەموو جۆرەکانیەوە زۆرترین وێنەی تاک ئەرەخسێنن بە تایبەتی لە لایەن ئەو شاعیرانەی کە زیاتر وشەی زمانە ئاساییەکەیان کردووەتە بناغەی زمانی شیعری بۆیە (ستیفن مالارمە) باوەڕی وایە کە شیعر لە وشەکان پێک دێت نەک لەبیر و بۆ چوون) ( محەمەد ئەمین،2002 : 75).

شاعیران زۆر جار بۆ جوانکردنی وێنەکانیان هونەرەکانی رەوانبێژی بەکاردێنن بەزۆری لێکچوون، کە وێنەیەک بە وێنەیەکی تر دەچوێنن کە دوو شت بەیەکتری ئەچوێنن ئەبێ یەکیان سیفەتەکەی پەسنترین لەوەی تر واتە لەوچوو پەسندترە لە لێ چوو.

شاعیر لەم هۆنراوەیەدا بەناوی (سەفەر) وێنەیەکی لێکچوونی تاک دەکێشێ و دەڵێ:

سەفەر
هەردوکمان بەیەکەوە بووین
لەسەفەری جوانە مەرگی
ئەو لە دەریای ئاگر خنکا
من لە دۆزەخی فرمێسکا(ساڵح، 2013: 95).

لێرەدا شاعیر لێکچواندنی کردووە لەنێوان (لەدەریای ئاگر خنکا) لەگەڵ ( من لەدۆزەخی فرمێسکا )لەم هۆنراوەیەدا شاعیر باسی خۆشەویستەکەی دەکات کاتێک بەڕووداوی دڵ تەزێن کۆچی دوایی دەکات بۆیە دە ڵێن ئەو لە دەریای ئاگر خنکا واتا ئەو مردوو ڕۆیی منیش لێرە تەنیا فرمێسکە کانم بۆمانەوە واتا دوای مردنی فرمێسکە کانی وەکو دۆزەخ بووە بۆی .

_ خواستن: خواستنیش بەشداریەکی کارای لە بونیاتنانی وێنەی شیعری تاکدا هەیە، خواستن بۆ ناو لێنانی شتێک بەکاردێت لە جیاتی شتێکی تر بەمەرجێک بتوانن جێگای بگرێتەوە وەیان لەو بچێت ئەمەشیان لە لێکچواندنی نزیکە بەڵام بەشێک نیە لە لێکچواندنی لێرەدا لە خواستن دا دەبێت یەک بنەما هەبێ ًت یان لێچوو یان لەوچوو بەڵام لە لێکچواندنی دا هەردووکیان هەن و

بەڕوونی دیارن لێچوو لەوچوو خواست تۆزێک نادیارە و پێویستی بە لێکدانەوە هەیە بۆ ئەوەی بەباشی لێ ی تێبگەین.

(ڕیچاردز) بەم شێوەیە پێناسەی خواستن دەکات دەڵێ :

(خواستن ئامرازێکە بەهۆیەوە شتە جیاواز و ناپەیوەستەکان ، پەیوەندی بەیەکترەوە دەکەن)(حسێن، 2008: 25).

کاتێک کە خواستن یان لێکچواندن لەشیعرەکاندا بەکاردەهێنێت شاعیر کە بیرە شیعرەکە لەگەڵ وێنەکە بەیەکەوە بگونجێنێت یان دەبێت لەیەکەوە نزیک بێت ئەو کاتە خوێنەریش بەئاسانی تێدەگات و سوودی لێ دەبینێت (جاحڤ) دەڵێ : (خواستن ناونانی شتێکە بە شتێکی تر ئەگەر شوێنی گرتەوە) (حەمە، 2001: 17).

مەبەستی شاعیر ئەوەیە کە ئەو ناوەی بەکاری دەهێنێ مەبەستی ناوێکی ترە نەک ناوەکەی خۆی.

شاعیر لەم هۆنراوەیەدا وێنەیەکی تاکمان بۆ دەکێشێت و دەڵێ:

تەنها پایز
سیحری جوانی
لەش و لاری درەخت دەزانێ
هێواش هێواش
ڕووتی دەکاتەوە و
دەیشوا بەدەستی نەرمی بارانی(سالح، 2013: 25 )

لێرەدا شاعیربە هۆی خواستنەوە وێنەیەکی جوانی بۆ کێشاوین و بە شێوەیەکی هونەریانە وێنەکەمان بۆ دەخاتە ڕوو 0درەخت (گیان) ی لەبەر نییە کە چی بە کەسی کردووە، واتە (لاشەی) لە مرۆڤ وەرگرتووە و خواستویەتی بۆ درەخت بەکاری هێناوە 0وە باران دەستی نیە ئەوەش لەمرۆڤ وەرگیراوە بۆ (باران) ، لە جیاتی بڵێن ، لەش و لاری مرۆڤ یان بە دەستی نەرمی مرۆڤ ئەوا ، لە جیاتی مرۆڤەکە ناوێکی تری هەڵبژاردووە و کە جێگای گرتۆتەوە و ، بەمە وێنەیەکی تاکی دروست کردووە شاعیر بەمەش وێنەیەکی جوانی کێشاوە بە تێکەڵکردنی وەرزی پایز لەگەڵ بەشێک لە ناوەکانی مرۆڤ بۆ ئەوەی وێنەیەکی شیعری بەرز و جوان دروست بێت.

ـ وێنەی لێکدراو:

وێنەی لێکدراو بریتی یە لە دوو وێنە یان زیاتر کە هەموویان بەسەر یەکەوە تێکەڵ دەبن و وێنەیەکی لێکدراو دروست دەکەن 0 زۆربەی شاعیران کاتێک پەنا بۆ وێنەی لێکدراو دەبەن ئەگەر نەتوانن بە وێنەی سادە بیرۆکەکەیان دەربڕن یان هەندێ جار بۆ جوان کردنی شیعرەکەیان کۆمەڵێک وێنەی جۆراو جۆر بەکار دێنن (وێنەی لێکدراو کۆمەڵە وێنەیەکی سادەیە کە یەکیان گرتووە ، بۆ پێشکەش کردنی سۆزێک یان بیرۆکەیەک یان هەڵوێستێک کە ئاڵۆزترە لەوەی کە وێنەیەکی سادە بیانگرێتە خۆ ، ئنجا شاعیر پەنا بۆ ئەم جۆرە دەبات بۆ گوزارشت کردن لەو بیرۆکەیان یان ئەو سۆزە یان ئەو هەڵوێستە) (عیسا، 2009: 99 ).

کەواتە وێنەی لێکدراو بەهۆی کۆمەڵە وێنەیەکەوە دروست دەبن ئەگەر دوو وێنە یەکبگرن ئەوا وێنەیەکی تازە دروست دەکەن یان کە وێنەکان زیاتر بن شتێکی تازە دروست بێ شاعیر لەکاتی دروست کردنی ئەم کۆمەڵە وێنەیە مەبەستێکی هەیە یان بۆ جوان کردنی شیعرەکەیە یان بۆ ئەوەی خوێنەر چێژی لێ وەربگرێ.

(لەم جۆرە وێنەیدا چەندین وەسف بۆ یەک وەسفکراو بەکاردێن، واتایەک (لێچوو) هەیە ، بەڵام چەندین (لەوچوو) هەن ، بەڵام هەریەکەیان وێنەیەکی سەربەخۆن و شاعیر لێکیان دەدات) (ئەحمەد، 2014: 217 ).

کەواتە شاعیر بۆ ئەوەی وێنەیەکی لێکدراو و جوان دروست بکات چەندین وێنە لەناو شیعرەکانی دا دێنێتەوە و کە هەر یەکە یان وەسفی یەک وێنە بکەن.

ئارام ساڵح لەم هۆنراوەیەدا بەناوی (خەفتیان) وێنەی لێکچوونی لێکدراومان بۆ دەکێشێ و دەڵێ:

خەفتیان
چیبکەم لە دەست
ئەو دڵەی خۆم
گەرم گەرم
هەمیشە وەک
دەمی بورکان
چیبکەم لە دەست
ئەو دڵەی تۆ
سارد وەک سەهۆڵ

چووەتە شێو

سورِی خەفتیان( ساڵح، 2013: 8)

لەم هۆنراوەیەدا شاعیر لێکچواندنی کردووە لە نێوان (گەرم گەرم وەک دەمی بورِکان، سارد وەک سەهۆڵ) لێکچواندنی کردووە لە نێوان دڵی خۆی کە گەرم بووە لە (بورِکانی) چاندوە بەگەرمی هەناسەکانی خۆی کە قوڵ قوڵ هەناسە دەدات وە دڵی کەسی بەرامبەریشی بە (سەهۆڵ) چاندووە لە ساردی دا.

## 4-وێنەی هەستی لە شیعرەکانی شاعیردا

سەرەتا ئەگەر پێناسەیەکی کورتی هەست بکەین ئەوا (هەست کردن یان هۆشە بە بارودۆخێکی ناوەکی ، یان دەرەکی لەسش کە رِێی سیستەمێکی وەرگری هەستەوە وەردەگیرێ ئەمەش واتا هەشتکردنی مرۆڤە بەو شتانەی کە لە چوار دەوریدا و لە ناخیدا هەن) ( حەمە، 2001: 125).

پێدەچێ وێنەی هەستی لەهەر هەستپێکردنێکی مرۆڤەوە بێنێتە بوون، جا ئەو هەستانە خۆش بن ، یان ناخۆش ، هەست کردن بێت بە ئازایەتی، یان ترس ، یان.... هتد. شاعیریش لە قالبی هۆنراوەدا وێنەیان بکێشێ وێنەی شیعری پێ دەوڵەمەند بکات.

(وێنەی شیعری هەموو ئەو وێنانە دەگرێتەوە کە بەهۆی یەک لە پێنج هەستەکان دەرکی پێ دەکرێت، لە شیعری هەموو شاعیرەکان باڵا دەستە) ( عیسا، 2009: 181).

دیارە مرۆڤ بەهۆی هەستەکانی یەوە درک بە شتەکانی دەروبەری خۆی دەکات و خوێنەر وێنەکە لە یەکێک لەم هەستانەوە وەردەگرێت و تێ دەگا. بۆیە شاعیرانیش زۆر گرنگی بەم پێنج هەستەدەدەن.(وێنە لە شیعردا لە ئەنجامی هاریکاری گشت هەستەکان و گشت تواناکانەوە هەیە) (گەردی، 2004: 203 ).هەموو هەستەوەرەکان کاریگەریان بەسەر یەکترەوە هەیە و بەهەموو تواناکانیانەوە وێنە شیعریەکە دەوروژێنن تاکو خوێنەر سوودی لێ ببینن.

لە ئەنجامی خوێندنەوەیەکی ورد و هونەریانە بۆ شیعرەکانی ئارام ساڵح دەتوانین ئاستی لێهاتوویی و ئەزموونی شیعری و هەست ناسکی و توانای شاعیر لەبەکارهێنانی هەستەکان بە شێوەیەکی هونەری و پرِ ئیستاتیکیەی بەرز بنرخێنین 0جێ ی ئاماژە پێکردنە شاعیر تا رِادەیەکی زۆر سەرکەوتوو بووە لەبەکارهێنانی و سوود وەرگرتنی هەستەکان بەشێوەیەک

داهێنان و تازەگەری یەکی مەزن لەم بارەیەوە بەدی دەکەین بۆ هەر یەکێک لەم هەستانە پانتایەکی گەورە و فراوانی لە شیعرەکانی شاعیر داگیر کردووە.
دیارە وێنەی شیعری بە پێ ی هەستەکانی مرۆڤ دەکرێت بە دوو بەشەوە:

_ هەستە دیارەکان.
_ هەستە نادیارەکان.

لێرەدا ئێمە هەوڵ دەدەین بە شێوەیەکی گشتی باس لە هەستە دیارەکان بکەین و بە شێوەیەکی زانستی لەسەر بەشەکانی بدوێین و بۆ هەر بەشە و نموونەیەک بهێنینەوە لە هۆنراوەکانی ئارام ساڵح دا.

هەستە دیارەکانیش بریتین لە:
_ هەستی بینین:
بینین لەسەرووی هەموو هەستەکانەوە دێت ، ئەو وێنانە دەگرێتەوە کە بەر هەستی بینین دەکەون.
ئەم هەستە یەکێکە لەو هەستە سەرەکی و کاریگەری و بەهێزانەی کە ڕۆڵی گرنگ دەبینێت لە وەرگرتن و سوود و چێژ لەلای مرۆڤ و بەڕادەیەکی زۆر پشتی پێ دەبەسترێت و بەسەرچاوەیەکی گرنگ و بەهێز دادەنرێت لە داڕشتنی بەرهەمی ئەدەبی دا، بەتایبەتی بەرهەمی شیعری 0بۆیە ئەم هەستە کاریگەری یەکی زۆر قوڵ و ڕەنگدانەوەیەکی بێ پایانی لە شیعرەکانی شاعیردا هەیە، بە شێوەیەک توانیویەتی جۆرێک لە تازەگەری لەم بارەوە بێنێە کایەوە هەستی بینین(ئەم هەستە بە دایکی هەستەکان دادەنرێ و ڕەنگ و هێڵ و بینراوەکان دەگرێتەوە) (حەمە، 2001: 126 ).
هەروەها ئەو جۆرە وێنانە دەگرێتەوە کە بەرهەستی بینین دەکەون ، ئەمەش لە ڕێگای وێنەکێشانەوە بە زمانی شیعر وێنەکان دەخرێنە بەردەم خوێنەر (شاعیران بۆ ئەفراندنی وێنەکان کەڵک لە ئەزموونی گەلی عەقلی و هەستی بینینی ژیانی حۆیان وەردەگرن) (عیسا، 2009: 181 ).
ئەم هەستە بۆیە گرنگە و کاریگەری هەیە بۆ سەر دەروون و ناخی شاعیر چونکە ئەوەی لە ژیانی دا هەستی پێدەکات دەیبینێت بۆی ئەبێتە زانیاری.

ئەم جۆرە هەستەش تاڕادەیەک زۆر لە شیعرەکانی شاعیردا خۆی دەنوێنێ هەروەک لەم کۆپلە شیعرەدا دەڵێ:
هەست ناسکە
هەور کە دڵی توند دەبێ
هۆن هۆن باران
بە چاوانیا دێتە خوارێ!! (ساڵح، 2013: 52 )

لێرەدا شاعیر بە زمانێکی سادە و لە سنووری ئەندێشەیەکی قوڵ و فراوان و لە چوار چێوەیەکی هونەری بەرزدا وێنەیەکی جوان و پڕ هونەری شیعریمان بۆ دەکێشێ و زۆر لێهاتوانە بە شێوەی لێکچواندن وێنەکان دەخاتە ڕوو بەم شێوەیە شاعیر هەوری بەکەس کردووە چواندویەتی بە مرۆڤ بارانیش (فرمێسک) کە بەچاو دەبینرێت بەمەش وێنەیەکی شیعری بەرزی هێناوەتە کایەوە کە دەچێتە چوار چێوەی هەست بینینەوە.

- هەستی بیستن:
ئەو وێنانە دەگرێتەوە کەبەر هەستی بیستن دەکەون و لە ڕێگەی گوێوە هەستیان پێدەکەین و لەسەر بنەمای هەستی بیستن بنیات دەنرێت 0ئەم هەستە پەیوەندی بە دەنگەوە هەیە 0چونکە ئێمە لە ڕێگەی دەنگەوە  دەتوانین هەست بەبیستنی شتەکان بکەین 0بۆیە ئەم جۆرەیان کلریگەریەکی زۆر گرنگی لەلای خوێنەرهەیە.
سەردار ئەحمەد حەسەن دەڵێ:
(ئەو وێنانە دەگرێتەوە کە بەهۆی گوێوە وەردەگیرێت) (گەردی، 2004: 204)

ئەمە پێناسەیەکی زۆر ڕاستە چونکە زۆر بە پوختی پێناسەی کردووە کە هەستی بیستن تەنها لە گوێوە دەتوانین هەست بەشتەکان بکەین.

(ئەو وێنە شیعریە کەبەر هەستی بیستن دەکەوێ و گوێگر بە بیستن وەریدەگرێت) ( ئەحمەد، 2014: 220).

ئەمەش پێناسەیەکی ڕاستە شاعیر دەبێت شیعرێکی وامان بۆ بنوسێت هەر کاتێک خوێنەر ئەو شیعرەی بیست تێ بگات کە مانای چیە.(ئەو وێنانە دەگرێتەوە کەبەر هەستی گوێچکە دەکەون) (

مەعروف، 2007: 144).واتا ئەو وێنانە دەگرێتەوە کەلەسەر بنەمای دەنگ بەر هەستی بیستن دەکەون.زۆرێک لە شاعیرانی کورد لە ڕێگەی شیعرەوە هەستی بیستنیان کێشاوە و ئارام سالحیش بە هەمان شێوە لەم هۆنراوەیەدا ئەم وێنەیەمان بۆ دەکێشێ و دەڵێ:

لە بیلبیلەی بیرەوەریم
جاروبارێ
کە تارمای گڕوگاڵی بەدی دەکەم
وا هەست دەکەم منالێمە(ساڵح، 2013: 22 ).

لەم کۆپلە شیعرەدا شاعیر بەشێوەیەکی زۆر هونەریانە گوزارشتی لە ئێش و ئازارەکانی خۆی کردووە و بەهۆی ئەندێشەی قوڵ و فراوانەکانیشیەوە گەڕاوەتەوە بۆ ڕابردوو و منداڵی و بە شێوەیەک هەست گۆڕکێ ی سەرنج ڕاکێش هەستی بیستن لە چوارچێوەی وێنەیەکی شیعری جوان و بەرزدا بەکارهێناوە.

_ هەستی بۆنکردن:
ئەو وێنانە دەگرێتەوە کە بەر هەستی بۆنکردن دەکەون ، ئەم هەستەش وەک هەستەکانی تر کاریگەری و ڕۆڵی گرنگی هەیە لای خوێنەر بۆیە شاعیر لە کاتی دروست کردنی وێنەی شیعریی دا شیعری وامان بۆ دەکێشێ کە بەرهەستی بۆنکردن بکەوێ و کاتێک کە خوێنەر خوێندیەوە سوود و چێژی پێ ببەخشێت بۆیە شاعیر لایەنی گرنگی خوێنەری لەبەرچاو گرتووە .دکتۆر کەمال مەعروف پێشیوایە کە هەستی بۆنکردن (ئەو وێنانە دەگرێتەوە کە لە ڕێگای هەستی بۆنکردنەوە وەردەگیرێت) (مەعروف، 2007: 145 ).
شاعیر لە ڕێگەی ئەم هەستەوە دەچێتە ناو خەیاڵ و کاریگەری لەسەر وشە و ڕستە شیعریەکانی دەبێت زۆرێک لە شاعیرانی کورد لەم جۆرە شیعریانە یان هەیە و ئارام ساڵحیش بێ بەش نیە لەم جۆرە شیعرە.
(ئەو وێنانە دەگرێتەوە کەبەر هەستی بۆنکردن دەکەون، لە وەسف و لێکچواندنەکاندا بەردەکەون) ( عیسا، 2009: 188).
شاعیری گەورە ئارام ساڵح لەم هۆنراوەی (مەرگ) ئەم وێنەمان بۆ دەکێشێت و دەڵێت:

لە پاش مەرگت

ڕەنگی سروشت زەرد هەڵگەڕا
بۆنی جوانیەکان هەڵوەری
شەوقی گوڵان هەڵبزرکا( ساڵح، 2013: 88)

شاعیر دوای ئەوەی عاشق دەبێ و خۆشەویستەکەی لێ ی جیادەبێتەوە ئەم هۆنراوەیە دەنوسێت وەک نیشاندانی وەفایەک بەرامبەر مردنی خۆشەویستەکەی ، ئارام دەڵێ: لە پاش مەرگی دەزگیرانەکەم ڕەنگ و ڕووم زەرد هەڵگەراو جوانی ڕوخسارم پوکایە و ئارامیم لێ هەڵگیرا.

_ هەستی چەشتن:
ئەمەشیان یەکێکە لە پێنج هەستەکانی مرۆڤ کە زیاتر پەیوەندی بە چەشتنەوە هەیە لە ڕێگەی تامکردنەوە، ئەم هەستەش بە شێوەیەکی سەرەکی ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لای خوێنەر دەتوانین بڵێین هەستی چەشتن لەسەر بنەمای تامکردن بە خۆشی و ناخۆشیەکانی ژیان دێت ، شاعیرانی کورد ئەم هەستەیان لەسەر شیعرەکانیاندا بەکارهێناوە ، هەروەها ئارام سالحیش لەهەندێ هۆنراوەکانیدا هەستی چەشتنی بەکارهێناوە بەشێوەیەکی زۆر جوان بۆ ئەوەی کاریگەری لای خوێنەر هەبێت و تێبگات هۆنراوەکەی بە سادەیی داڕشتووە .
(هەستی چەشتن ئەو هەستەیە کە شیرینی و تاڵی و سوێری و ترشی و تامە جۆراو جۆرەکانی میوە و خواردنی پێدەکرێت) ( عیسا، 2009: 187).
ئەمە پێناسەیەکی ڕاستە چونکە هەموو جۆرە تامەکان لە ڕێگەی هەستی چەشتنەوە بەکاردێت.
(هەستی چەشتن پەیوەندی بەخواردن و خواردنەوە هەیە) ( حەمە، 2001: 127).
(ئەو هەستەیە کە وێنەی تاڵ و سوێری و شیرینی دیاریدەکانی ژیانی پێدەکێشری) (گەردی، 2001: 206 ).

شاعیرانی کورد ئەم هەستەیان لەسەر شیعرەکانیان دا بەکارهێناوە، هەروەها ئارام صاڵحیش لەم هۆنراوەیەدا بە شێوەیەکی زۆر جوان ئەم وێنەیەمان بۆ دەکێشی و دەڵێ:

شەریعەتی باخ ڕێیداوە
بەبەرچاوی بەهارەوە
پەپولە لێوی گوڵ بمژێ(ساڵح، 2013: 66 )

لێرەدا شاعیر ئەوەمان پێ دەڵێ کە قانونیباخ وایە کە لە بەهاران دا دەشت و دەر سەوز دەبێت و گوڵە باخەکان گوڵی ڕەنگا و ڕەنگ دەردەکەن و لەکاتی پشکوتنی گوڵەکاندا بە ئاشکرای پەپولەکان هەڵاڵەی گوڵەکان دەمژن.

_ هەستی بەرکەوتن(دەست لێدان):
ئەم هەستەش یەکێکە لە هەستەگرنگەکان ، کە کاریگەری و ڕۆڵی گرنگی هەیە لای شاعیر و بەهۆی ئەم هەستەوە خوێنەر دەتوانێت شیعرەکە بیناسێت و بزانێت کە شاعیر مەبەستی چیە و چی بەکارهێناوە شاعیر بەهۆی لێکچواندوە دەتوانێت شیعرەکەی بەهێز بکات و دەست لێدان بێت لە کاتی نوسینی شیعرەکەیدا بە واتایەک دەست لێدان بێت بۆ ئەوەی خوێنەر تێ بگات جا دەست لێدانەکە نەرم بێت یان ڕەق ، ساف،.....هتد.
هەستی بەرکەوتن (ئەم جۆرە لە ڕێگەی دەست لێدانەوە هەست بەگەرمی و ساردی ، نەرمی ، ڕەقی و لووسی دەکەین) (مەعروف، 2007: 145 ).
بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین هەر شتێک لە ڕێگەی دەستەوە هەستی پێبکرێت دەچێتە خانەی هەستی دەست لێدانەوە.ئارام صاڵحیش لەم هۆنراوەیەی خوارەوە وێنەیەکمان بۆ دەکێشێ و دەڵێ:

بەهار دەستی
بەرینەی کەوت
باخ لە شەرمان
گوڵاڵەی ڕووی سورهەڵگەڕا(ساڵح، 2013: 27 )

لێرەدا شاعیر پێدەچێت مەبەستی لەم هۆنراوەیە ئەوە بێ کاتێک ئارام لەگەڵ خۆشەویستەکەی ژوان دەبەستێ خۆشەویستی لە دڵی دا زیاتر دەبێت بەرامبەر بەو کەسەی کە خۆشی دەوێ ، بۆیە ئارەزووی نزیک بوونەوەی زیاتر دەبێت و تامەزرۆی چەشتنی ماچ و دەست لێدان دەبێت و لەو کاتەشدا خۆشەویستەکەی شەرم دای دەگرێ و ڕووە جوانەکەی سوور دەبێتەوە.

شاعیر لە کۆپلەیەکی دیکەدا و لە چوار چێوەی وێنەیەکی هونەری بەرزدا هەستی بەرکەوتن بەکاردەهێنێت و دەڵێ:

لێوت بخە

سەر لێومەوە

با تەوقەی ڕۆح

لەگەڵ یەکتردا بکەین(ساڵح، 2013: 29 )

لێرەدا شاعیر لە (لێو مژین) ی دڵدار و دولبەر ، دوو خۆشەویستەوە هەنگاو بەرە و تەوقە کردنی دوو ڕوح و گوشینی دووگیان لە بارودۆخێکی تایبەت دا دەنێ ) و بەهۆی هەستی بەرکەوتنەوە وێنەیەکی پڕ لە ئێستاتیکیەت و جوانی دەکێشێ.

## 5- وێنەی چەسپاو جولاّ و لە شیعرەکانی شاعیر دا

_ وێنەی چەسپاو:

ئەو وێنەیە کە لەبارێکی چەسپاودایەو جوڵە و گۆڕانی تێدا نیە 0 لە تابلۆی هونەرمەندێک یان وێنەیەکی فۆتۆگرافی نزیک دەبێتەوە 0چونکە گۆڕانی بەسەردا نایەت و لەیەک شوێن و لە یەک باردایە و جوڵەیان تێدا نیە ، شاعیر لە کاتی بەکارهێنانی وێنەی چەسپاو لە شیعرەکانیدا لێکچواندنێک بەکار دێنێت 0کە ئەو شتە چەسپاو لە جێگای خۆیدا جێگیرە جا وەسفی ئافرەت بێت یان سروشت.... هتد. بۆیە ئارام صاڵحیش هەروەکو شاعیرەکانی تر وێنەی چەسپاو لە شیعرەکانی بەدی دەکرێت بەهۆی لێهاتووی و ئەزموونی شیعری و تواناکانی تا ڕادەیەک سەرکەوتوو بووە لەبەکارهێنانی جۆرەکانی وێنەی شیعری0 زیاتر کە باسی خۆشەویستی دەکات هەر بۆیە چەندین وێنەی جیاوازمان بۆ دەکێشێت.

(ئەو وێنە یەکسەرەیە کە ئاسۆیەکی دیاری بەخۆوە گرتووە هیچ نرخێکی شروشدار و ناوەکی هەڵنەگرتووە و هێڵەکانی جێگیرن و گەشە کردنی چەسپاوە) (مەعروف،2007: 140).

لێرەدا مەبەستی وێنەی چەسپاو ئەوەیە کە جووڵە و گۆڕانی تێدا نیە بە تەنیا لایەنێک دەردەبڕێ.

(وێنەی چەسپاو تەنیا لە ئاستێکدا وەستاوە لەسەر ئاستی شیعرەکەدا وەستاو نیە ، چونکە هاوبەشە لە بنیاتی شیعرەکەدا) ( عیسا،2009: 177).

واتە وێنەی وەستاو ئەو وێنەیە کە گەشە کردنی تیادا نیە و وەستاوە واتە سنووری بۆ دانراوە کە لەو سنورەدا وەستاو بێت.

وێنەی شیعری لە باری چەسپاودا (ئەم جۆرە وێنەیە لەیەک تابلۆدا دەکێشرێ و دەشتوانین بە کامێرای ئاسایی بیگرین و ببێتە یەک وێنەی فۆتۆگرافی ، چونکە لەیەک شوێن و لەیەک باردایە و جوڵە و گۆڕانی دیمەنی تێدا نیە) (شارەزا،1997: 11 ).

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێ کە وێنەی چەسپاو ئەو جۆرە وێنەیە کە بێ جوڵەن، هونەرمەند لەیەک تابلۆدا دەیکاتە وێنەی چەسپاو کە جێگرەو نەگۆڕە هەر بۆیەش پێ ی دەوترێ وێنەی چەسپاو.

وێنەی وەستاو بریتی یە (لە وەسفکردنی شتێک لە چرکەیەکی دیاری کراودا گرنگی بە خاسیەتە هەستیەکانی دەدات ، بەبێ ئەوەی گۆڕان و پێشکەوتنی ئەو شتە پیشان بدات لە ماوەیەکی درێژ خایەندا، لەبەرئەوەی دەتوانین وێنەی وەستاو بە تابلۆ بچوێنین، کە دۆخێکی وەستاوی هەیە و تەنیا یەک لایەن دەخاتە ڕوو) ( ئەحمەد، 2014: 224).

لێرەدا مەبەستی شاعیر ئەوەیە کە زیاتر پشت بەوەسف کردن دەبەستێت و شیعرەکە وەستاو بن نەجوڵێ ئەو جۆرە وەسفەی کە بەکاردێ بۆیە وێنەیەکی چەسپاومان بۆ دروست دەبێ.

وێنەی وەستاو (ئەو وێنەیە ڕاستەوخۆیەیە کە مەودایەکی دیاری کراوی هەیە کە هیچ بەهایەکی سروشداری یان ناوەکی هەڵ نەگرتووە و هێڵەکانی جێگیر بوون و گەشە کردنەکەی وەستاوە) (گەردی، 2004: 61 ).

وێنەی وەستاو ئەو وێنەیە کە لە دۆخێکی جێگر و وەستاودایە و وەسفی شتێکی دیاری کراوەکان گرنگی بەگەشەکردنەکەی دەدات . شاعیر لەکاتی بەکارهێنانی ئەم جۆرە دەربڕینە زیاتر وەک ڕاپۆرتێک بەکاری دەهێنێت چونکە جێگر و وەستاوە.

ئەم جۆرە وێەنەیەش لە شیعرەکانی شاعیردا پێگەیەکی گەورە و فراوانی هەیە، وەک لەم کۆپلە شیعرەدا خۆی دەنوێنێ و دەڵێ:-

چ خاڵێکی

ناشیرینم

بەسەر کوڵمەی

هەڵقرچاوی ئەم ژیانە( غەمبار، 2005: 207)

لێرەدا شاعیر خۆی بەخاڵێکی ناشیرینی سەرڕووی ئەم ژیانە دەچوێنێ و تاڕادەیەکی زۆرلەنائومێدی و ڕەشبینی و بێ هیوای بەرامبەر ژیان نزیک دەبێتەوە و لە شێوەی وێنەیەکی هونەری چەسپاودا دەیخاتەڕوو.

**ـــ وێنەی جوڵاو:**

ئەو جۆرە وێنەیە کە جوڵە و گۆڕانی تێدایەو پێچەوانەی وێنەی وەستاوە و شاعیر زیاتر هەست و سۆزی تێدا بەکاردێنێت.

لە چەند بارو شوێن و دیمەنێک دادەکێشرێ و بەردەوام لە گۆڕان و فراوان دایە و تیشکەکانی بەردەوام دەبن و سنورەکان دەبەزێنن 0شاعیرانیش لە زۆربەی شیعرەکانیدا وێنەی جوڵاوی بەکارهێناوە بۆ زیاتر گەشە کردن و فراوان کردنی شیعرەکانی0 بۆیە زیاتر وێنەی جۆراو جۆر و جوڵاوی بەکارهێناوە ، کەبەردەوام لەگەشە کردن دایە و نەوەستاوە لەهەموو شوێنێک و بارێکدا وێنەی جوڵاوی بەکارهێناوە و بەردەوام بووە .

وێنەی جوڵاو (ئەو وێنەیە کە بوونی کاری زۆر لەناو وێنەی شیعریدا ، چالاکی دەبەخشێتە دەقە شیعریەکە) ( ئەحمەد، 2014: 225).

واتا وێنەی جوڵاو ئەو وێنەیە کە بەردەوام لە گۆڕاندایە و گەشەکردندایە و وێنەی جوڵاو (ئاسۆیەکی فراوانتری هەیە و چەند دیمەنێک دەردەبڕێت و هەست بەجۆرە گۆڕان و گەشەکردنێک دەکرێت) ( عیسا، 2009: 179).

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێ کە وێنەی جوڵاو بەردەوام لە گەشەسەندندایە و فراوانە و جێگیر نیە و هەندێ جار وەستانی تێدا دەبێت بەڵام وەستانەکە بەردەوام نابێت و بەپێ ی جۆری شیعرەکان شاعیر جۆری جوڵانەکان بەکار دێنێت.

وێنەی جوڵاو (ئەو وێنەیە کە ئاسۆیەکی فراوانی هەیە و دیمەنی لە بارێکەوە بۆبارێکی تر لە گۆڕان و گەشەکردن دایە و فرمانی ڕستەکەشی بەزۆری ڕانەبردوون و داخوازین) ( مەعروف، 2007: 2007).

لەم پێناسەیەدا بۆت دەردەکەوێت کە وێنەی جوڵاو پتر لە بارێک دا خۆیان دەنوێنن و جوڵەیان تێدا دەبێ و دیمەن و باگراوندیان دەگۆڕێ سنووری دیاری کراویان نیە.

(وێنەی جوڵاو ئەم جۆرە وێنەیە مەودای کێشانی فراوانترە و جوڵانەوە و دیمەن، گۆڕان و گواستنەوە لە بارێک بۆ بارێکی دیکەی تێدایە و گەر هونەرمەندی وریا بیەوێ لەهەموو بارێکی دا وێنە بگرێ ئەوا دەبێ کامێرای تەلەفزیۆنی یا سینەمایی بۆ بەکاربێنێ و زنجیرە وێنەیەک بگرێ) (شارەزا، 1997: 13 ).

شاعیر لەم هۆنراوەیەدا بەناوی (سەبووری) وێنەیەکی جوڵاومان بۆ دەکێشێ و دەڵێ:

شەیتانی وەسوەسەم لەسەر دەردەچێت و
دڵم ئارام دەبێتەوە

که له کتێبی پیرۆزی سێوەکانتا
فەرموودەی ماچ دەخوێنمەوە(شارەزا، 1997: 13)

وێنەیەکی جوڵاوە و بەردەوامی هەی و لەپەرەسەندن دایە لە گوتەی (دەردەچێت، دەبێتەوە، دەخوێنمەوە) دا دەردەکەوێت.
شاعیر ئەم وێنەیە جوڵاوەی بۆ کێشاوین و کە باسی دەکات کاتێک وەسوەسەی لەسەردەردەچێت و واتا ئەوەی لە دڵی دایە دەچێتە دەرەوە و دڵی ئارام دەبێتەوە.

**6-ئەنجام:**

_لایەنی دەروونی و خود لە شیعرەکانی شاعیردا ڕەنگدانەوەیەکی بە هێز و پێگەیەکی فراوانی هەیە .بە شێوەیک زۆرجار وێنە ژیانی ڕاستەقینەی شاعیرمان دێنێتە بەرچاو.

_ وێنەی شیعری هۆکارێکە بۆ گواستنەوەی ئەزموون و بەشێکی چالاکە لە بنیاتی شیعردا ، لە شیعری نوێدا، نەبوونی وێنە دەبێتە مایەی لە دەستدانی ڕەسەنایەتی و جوانی شیعرەکە، لەبەر ئەوە بە هیچ جۆرێک ناتوانرێ دەست بەرداری ببین هەر وێنەشە کە شیعر بەزیندوویی دەهێلێتەوە.

_ ئەرکی سەرەکی وێنەی شیعری ڕوونکردنەوەی دردەکان بوو جا دیاردەی سروشتی بێت یان ژیان بێگومان شاعیریش بۆ جوانکردنی شیعرەکانی شروشتی جوانی بەکارهێناوە و زیاتر باسی وەرزەکانی کردووە وەک وەرزی پایز چونکە هەردەم ڕۆڵی جوانکاری لە بنیاتنانی شیعرەکە دەگێرێ.

_ وێنەی شیعری لە کۆمەڵە ڕەگەزێکی جیاواز دروست دەبێت لە (زمان، واقیع، ئەندێشە ،بیر ، سۆز، نەست) هەریەکە لەم ڕەگەزانە گرنگی خۆی هەیە و نەبوونی یەکێکیان لە وێنەدا دەبێتە مایەی لاوازی وێنەکە ، چونکە هەریەکەیان ڕۆڵی تایبەتی خۆی لە بنیاتی وێنەدا دەگێرێ ، شاعیریش دەبێ بەیەک چاو سەیری ڕەگەزەکان بکات تاکو بەبێ کەم و کوڕی وێنەیەکی جوان و سەرنج ڕاکێش بێت لای خوێنەر.

_ وێنەی شیعری لە ڕووی بناتنانەوە چەند جۆرێک هەیە وێنەی تاک و لێکدراو کە وێنەی تاک ساکارترین وێنەی هونەریە هاوبەشی دەکات لە وێنەی لێکدراودا، وێنەی لێکدراویش بەهۆی کۆمەڵە وێنەیەکەوە دروست دەبێ.

_ ئەو وێنانەی کەبەرهەستەکان دەکەون ڕۆڵی گرنگیان هەیە بۆ نموونە هەستی بینین بەهێزتر لە هەستەکانی ترو ، لە هەمان کاتیشدا شوێن گۆڕکێ بەهەستەکان دەکاو ئەوی تایبەت بەهەستی بۆن کردنە وای لێ دەکات ببینرێ ئەمەش لە تەنها وێنەیەکی شیعریدا بەرچاو دەکەوێ.

_ وێنەی شیعری لە ڕووی گەشەسەندنەوە دابەش دەبێت بۆ دوو بەش وێنەی وەستاو و وێنەی جوڵاو ، وێنەی وەستاو ئەو وێنەیەیە کە خولگەی مەوداکەی دیاری کراوەو لە گەشە سەندن وەستاوە، بەڵام وەستانەکەی تەنها لە ئاستی خۆی دایە و لە ئاستی شیعرەکەدا لە جوڵەدایە و پرشنگی خۆی لە دەست نادات و هەردەم لە گەشە کردن دان و مەودای دیاری کراوی نیە.

**7- لیستی سەرچاوەکان:**

**یەکەم : کتێبەکان**

_ عیزەدین، سامان (2009)، بنیاتی هونەری لە شیعری لەتیف هەڵمەتدا ، چاپخانەی کەمال، سلێمانی.
_ ئەحمەد،صافیە محەمەد(2014) شێوازی شیعریە کوردیەکانی پیربال مەحمود، چاپخانەی ڕۆژهەڵات ، هەولێر.
_علی، پەخشان،(2009)، شێوازی شیعری گۆران، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی،.
_دەشتی، عوسمان (2009)شیعری ناوچەی موکریان شێوەی یەکەمی سەدەی بیستەم ، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی،
_ ڕەئوف، لوقمان(2009) بنەماکانی مۆدێرنە لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس دا چاپخانەی پەخشی سەردەم ، سلێمانی ،
_عیسا،هاوژین سلێوە(2009 ) بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری شێرکۆ بێکەس ، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی .
_ فەتاح،ڕزگار عومەر (2013)، ڕۆمانیزم لە شیعری هێمن و محەمەد نووری دا،چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریان، هەولێر.
_ محەمەد ئەمین ،عبدالقادر (2002.) وێنەی شیعری لە ڕێبازی ڕۆمانسی کوردی دا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی،
_مەعروف، کەمال ، (2007)ڕەخنەی نوێ ی کوردی، چاپخانەی ڕۆشنبیری کورد، سلێمانی.
_ حسێن،جەبار ئەحمەد(2008) ئێستانیگای دەقی شیعری کوردی و کوردستانی عیراق، 1950-1970، چاپخانەی ڕۆژهەڵات ، هەولێر
_مستەفا،محەمەد فازڵ(2001) دەنگی پیرەمێرد لە بزوتنەوەی شیعری نوێ ی کوردی دا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
_مەحموود،-فازڵ مەجید(2007) سروشت لە شیعری گۆراندا، چاپی یەکەم،چاپخانەی سەردەم، سلێمانی
دەشتی،عوسمان(2012) لە بارەی بنیاتی زمان و شێوازی شیعری ، چاپخانەی حاجی هاشم،هەولێر

_ اسماعیل، ئەرسەلان بایز(2003) سیمای شیعری کوردی دوای ڕاپەڕین، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم،سلێمانی.
_ سالّح، ئارام(2013)ئەوین ژەن، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانا، سلێمانی
_ گەردی، عەزیز ، رەوانبێژی لە ئەدەبی کوردی دا(ڕوونبێژی) ،بەرگی یەکەم.

دووەم: نامەی ئەکادیمی:

_گەردی، سەردار ئەحمەد حەسەن (2014) بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردی دا،(1970-1991) ، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.
_ حەمە، هیتلەر ئەحمەد(2001)وێنەی شیعری لای نالی، نامەی ماجیستێر، زانکۆی سەلاحەدین ، کۆلێژی ئاداب، بەشی کوردی.
_گەرمیانی ،عادل مەجید محەمەد (2000 )وێنەی بابەتی لە هۆنراوەکانی گۆران و سەیابدا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی بەغدا، کۆلێژی پەروەردەی ابن رشید،
_ سالح، ڕێزان(2007) ئەندیشەی شیعری لە نێوان ڕێبازی کلاسیک و ڕۆمانتیکی کوردی لە کرمانجی خواروودا، کۆلێژی زمان و زانکۆی کۆیە، نامەی ماجیستێر.

سێ یەم: گۆڤارەکان

_شارەزا کەریم(1997) وێنەیەکی شیعری لەهەردوو باری چەسپاو جوڵاودا، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (15) ، (5) ی ئەیلول.
_ئەحمەدی مەلا(2002) خەیاڵکردن و وێنەی شیعری و گرفتەکانی جیهانبینینی گۆڤاری زمان ، ژمارە 67، ی تەمووزی دووەم.
_عەساف، ساسین(1999). وێنەی شیعری لە ڕێبازی ڕۆمانتیکیەکدا، گۆڤاری رامان ،ژمارە(37) (5) ی تەمووز
_ غەمبار،کەمال(2005) نهێنیەکانی ژێر لێوی حەقیقەتی ئارام صالّح، گۆڤاری کاروان ژمارە (11) ،

# ئیستاتیکا

# لە شیعرەکانی کەمال کەریم دا

# ئیستاتیکا له شیعرەکانی ( کەمال کەریم )دا

1-پێشەکی:

ئەم لێکۆڵینەوەیە بە ناونیشانی ( ئیستاتیکا لە شیعرەکانی کەمال کەریم )دایە، هەوڵێکە بۆ دەست نیشانکردنی لایەنی ئیستاتیکا لە شیعرەکانی کەمال کریمدا.هەوڵدەدەین لەو جوانکاریانە بکۆڵینەوە، کە شاعیر لە شیعرەکانیدا بەکاری هێناوە، بێگومان جوانکاری و دەست ڕەنگینی لە شیعردا پێوەرە بۆ جیابوونەوەی هونەری شیعر لە هونەرەکانی تر، وەک چیرۆک پەخشان.

هۆی هەڵبژاردنی توێژینەوەکە: هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە دەگەرێتەوە بۆ گرینگی و زیندووی خودی بابەتەکە، چونکە بەها جوانکاریەکان پیوەری سەرەکین بۆ دەست ڕەنگینی شاعیر لە بەرهەمەمەکەیدا هەروەها هەڵبژاردنی کمال کریمیش، وەک نموونە دەگەرێتەوە بۆ کەمی توێژینەوە لەسەر بەرهەمەکانی ئەم شاعیرە.

گیروگرفتیتوێژینەوەکە: گیروگرفتی توێژینەوەکەمان، کەمی ئەو کاتە بوو، کە بۆ توێژینەوەکە دانرابوو، هەروەها سەرچاوەی زانستی و ئەکادیمی لەسەر شیعرەکانی شاعیروەک پێویست لەبەردەستدا نەبوو.

ئامانجیتوێژینەوەکە: ئامانجی توێژینەوەکە دەرخستنی جوانکاریە لەشیعرەکانی (کەمال کەریم )دا، بێگومان هیچ کارێکیش بێکەم وکورتی نابێت .

پێکهاتەی توێژینەوەکە: ئەم توێژینەوەیە لە سێ بەش پێکهاتووە بەشی یەکەم بەسێ تەوەرە باس لە چەمک وزاراوەی ئیستاتیکیا و مێژووی سەرهەڵدانی ئیستاتیکیا پەیوەندی ئیستاتیکیا بەرێبازە ئەدەبیەکانەوە هەروەها بەشی دووەمیش بەسەر سێ تەوەرەدا دابەش بووە و باس لەکاریگەری ئیستاتیکا لە شیعرەکانی کمال کریم لەرووی زمانی شیعری و موسیقای شیعری و وێنەی شیعری، بەشی سێیەمیش بەسەر دوو تەوەردا دابەش بووە، کە باس لە چەمک و پێناسەی ڕەمز و ڕەنگدانەوەی جۆرەکانی ڕەمز لەشیعرەکانیدا دەکەین. لەکۆتایشدا ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان خراوەتە ڕوو بە ئومێدی ئەوەین سەرکەوت وبین لە خزمەت کردنی.

بە

## 2- چەمک و زاراوەی ئیستاتیکا:

وشەی ئیستاتیکا (Aesthetic ) لە بنەرەتدا لە وشەی (Aistheticos) گریکی یەوە هاتووە، واتە زانین بەهۆی (هەستەوە) یان (ناسینی هەست پێکراو)، پاشان تایبەت بوو بە زانستی (ادراک) بە (هەستی جوانی)، دوترا لەسروشتوو نمونەی هونەریدا دەیبینین. زۆربەی سەرچاوەکان لەسەر ئەوە کۆکن، کە زاراوەی ئیستاتیکا بۆیەکەم جار لە نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەهەمدا لەلایەن (ئەلکساندەر بۆم گاتن فەیلەسوفی ئەڵمانی ( ١٧١٤- ١٧٦٢) لەکتێبی (Aesthetic ) وشەی ئیستاتیکای بەرامبەر بە زانسی (هەستی)، یان ( هەستناسی ) بەکارهێناوە، کە کتێبەکەی بریتی بوو لە باسێک لەبارەی ( ڕەخنەی وشەوە ) . ئیستاتیکا (Aesthetic) لقێکە لەلقەکانی فەلسەفە و لە جوانی هونەر دەکۆڵێتەوە، ئیستاتیکا بریتییە لە مێژووی فەلسەفەی هونەر و دانانی پێودانگێک بۆ جیاکردنەوەی جوانی لە ناشیرینی و بایەخ پێدان و هەڵسەنگاندنی بابەتەکانی ( پەیکەر، وێنە، هۆنراوە و مۆسیقا... ) .

جوانی لە فەلسەفەی نوێدا بەتایبەتی دوای ڕێنیسانس ئەو هونەرانەی کە جوانییان تیا بەدی دەکرێت، دەکرێن بە سێ بەشەوە: .

١- هۆنراوە نووسین، جوانیەکانیان بە وشە دەردەبڕدرێن و لە وشەدا دەر ئەکەون.

٢- پەیکەر، نیگار، تابلۆ.. جوانییەکانیان لە وێنە و ڕوخسار دا دەر ئەکەون.

٣- مۆسیقا، جوانییەکەی لە ئاواز و دەنگەکەیدا هەستی پێدەکرێ .

بە درێژایی ئەم مێژووە، جگە لە زاراوەی ئیستاتیکا چەندین زاراوەی تر بەکارهاتووە، وەک ( تیۆری هونەرەکان، تیۆری زانستە جوانەکان، تیۆری ئەدەبەجوانەکان، هونەرە جوانەکان، زانستی جوانناسی..) .

ئیستاتیکا مێژوێکی کۆنی هەیە دەگەرێتەوە بۆ زیاتر لە (٥) سەدە بەر لە زایین کە  بۆ یەکەم جار لای یۆنانیەکان سەری هەڵداوە بە کۆنترین زانست دادەنرێت کە فەیلەسوفەکان وتاربێژەکانی کاروباری فکریوو هونەریو فەلسەفی بیرو رایی جیاوازیان بەپێی قۆناخەکانی پێشکەوتنی شارستانیەت بیرو رای خۆیات دەربارەی ئیستاتیکا خستۆتە روو.

لای گریکیەکان جوانی گرینگی و بەهای خۆی هەبوو، سۆقرات و ئەفلاتوون و ئەرستۆ لە بۆچوونە تیورییەکانی خۆیاندا بەگرینگیەوە لە ئیستاتیکایان ڕوانیوە.

سۆقرات پێیوایە جوانیی نمونەی باڵایە، ناشێ هیچ شتێکی تر لەنرخ و بەهادا بگاتە پلە و پایەی جوانی، هەروەها جەخت لەوە دەکاتەوە کە جوانی لەشتەکاندا بەستراوەتەوە بە لایەنی سوود و مەبەست لەخستنەرووی شتەکە، واتە هەرشتێک بەسوود بێت و مەبەستی باش بەدی

بێنێ ئەو شتەجوانە. ئەفلاتون جوانی بەستایەوە بە بەها ڕەوشتیەکان و پێیوابوو، دەبێ چاکە و جوانی پێکەوە ببەسترێنەوە، هەروەها پێیوابوو، دەربرین بەوە جوان دەبێت کەراست گۆیانە گوزارشت بکات و لەمەعریفەوە سەرچاوەی گرتبێت بۆ ئەوەی حەقی شتەکان بدات و راست گۆبێت لە گواستنەوەی ڕاستیەکان . واتە جوانی لە ڕاستگۆیدا دەبینێتەوە.

ئەرستۆ لایەنی جوانی لە تراجیدیادا دەبینێتەوە، پێیوایە ( ڕووداوەکانی تراجیدیا هەستی بەزەیی و ترس لە دەروونی بینەردا دەوروژێنن ) واتە دەروونی بینەر پاکی دەکاتەوە و هاوسەنگی دەکات. هۆراس شاعیری ڕۆمانی مەبەست و ئامانجی جوانی ئەدەب بە گشتی و شیعر بە تایبەتی دەستنیشان دەکات و لەم بارەوە دەڵێت: ( مەبەستی شاعیر سوود بەخشینە یان خێژ پێگەیاندنە، یان لە یەک کاتدا ئارەزوو بزواندن و پەندەکانی ژیانە ) . واتە هەردوو لایەنی سوود و چێژ بەیەکەوە کۆدەکاتەوە

(ڤلیپ سدنی ) لەسەردەمی ڕێنیسانس لە کتێبی (لە پێناو بەرگریکردن ولێبوردن لە شیعر )دا، دەڵێت: مفهومی شیعر لەوە بەولاوە لاسایی کردنەوەیەکی بەکەڵکە، مەبەستی پێشکەشکردنی وێنەیەکی قسەکەرە بۆ چێژوەرگرتن و چێژوەرگرتنیشە لەجوانی شتێکی تر نییە. (ئەلکساندەر بۆم گاتن) فەیلەسوفی ئەڵمانی ( ١٧١٤- ١٧٦٢) یەکەم کەس بوو، کە وشەی ( ئیستاتیکا)ی بەکارهێنا و دەلالەت دەکاتە سەر زانستی جوانناسی و کتێبێکی بەناوی (ئیستاتیکا)وە دەرکرد، بۆم گاتن، پێی وایە:(( بابەتی مەعریفەی لۆژیکی حەقیقەتە حەقیقەتی کامڵ، یان ڕەها ئەوەیە، کە بەعەقڵ دەناسرێتەوە )) .

فەیلەسوفی ئەلمانی ئیما نوێڵ کانت( ١٧٢٤- ١٨٤٠) لەکتێبی (ڕەخنە لە عەقڵی بێ خەوش)، چێژی جوانی بەستەوە بەسەرنجدەرەوە، نەک بەبابەتەکەوە، بە بۆچوونی کانت، ئامانجی جوانی و هەستی خۆشییەکەشی هەر لە خودی سەرنج دەرەوە پەیدا دەبێ، نەک بابەتەکە) . ئەمەش سیفەتێکی ڕێژەییانەی بەخشییە جوانی، واتە سەرنجدان لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە سەبارەت بە جوانی جیاوازە.

( تۆما ئەکوینی)، دەڵێت: جوانی ئەوشتەیە، کە بەیەکەم بینین ئاسوودەیی دەبەخشێت، ئەوەش هەر لەبەر ئەوەی شتێکە شایەنی لێوردبوونەوەیە. جوانی شتێکی ڕێژەییە، لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە چەندییەتی شتە جوانەکان کەم و زیاد دەکەن، دیسان جوانی شتێکەی هەر بە چاو نابینرێت و هەر پەیوەندی بە وێنەی بینراو و ڕواڵەن و هەستی بینینەوە نییە، بەڵکو زۆرجاری دیکە پەیوەندی بە ڕەوشت و بەرجەستە بوونی بەهای ژیاری و ڕەوشتەکانەوە هەیە و بە چاوی عەقڵ دەبینرێت. ئیدی هەیە لایەنی ڕواڵەتی جوانی بەلاوە گرنگترە و هەشە هەموو جوانی بە

لایەنی ڕوح و ناوەوەی مرۆڤەکان دەبەستێتەوە و لە وێوە بڕیار دەدات، کامە جوانترە و کامە جوان نییە .

بەلای (هیگڵ)ەوە، بابەتی ئیستاتیکا: جوانی سروشتی نییە، بەڵکو جوانی هونەرییە. بە بۆچونی ئەو کار داهێنانێکی خۆیی ئادەمیزادە و جوانی تەنیا لەو شتانەدا هەیە، کە ئادەمیزاد دروستیان دەکات، واتە جوانی بە تەواوەتی دەبەستێتەوە بە چالاکی کۆمەڵایەتی مرۆڤەوە، جوانی لە هونەردا داهێنانێکی ڕۆحە، ئافراندنی هۆشیارییە و بەرهەمی ئازادییە .

ئاسۆ عمر فەتاح دەربارەی جوانی، دەڵێت: (زاراوەیەکی فەلسەفییە بۆ زانستێک بەکاردهێنرێت، کە لە مەرجەکانی جوانی، پێوانەکانی، تیۆرەکانی، لە چێژی هونەریدا... هەروەها لە بەرزترین ئاستەکانی پەیوەندییە جوانییەکانی مرۆڤ بە واقیعەوە دەکۆڵێتەوە . پێی وایە جوانی دەبێت گوزارشتێکی ڕاستگۆیانە و ڕاستەقینە لە واقیعی مرۆڤ بکات.

عەلاالدین، دەڵێت: ( جوانکاری ئەوەیە کە بە هۆی جوانی و ڕێک و پێکی قسە دەردەکەوێت، دیارە ئەم دەرکەوتنەش وەختێک دەبێت، کە ئەو قسەیە لەگەڵ چۆنییەتی کاتەکە بەرانبەری دەکات) . دەربڕینی جوان دەبەستێتەوە بە واتاوە، واتە ئەگەر واتاکان جوان بوون ئەوا گوتنەکە جوانە، لە هەمان کاتدا ئەو گوتنەش پەیوەست دەکات بە کاتی دەربڕینەکەوە.

عەزیز گەردی، دەڵێت: ( جوانکاری یەکێکە لە سێ بەشەکەی زانستی ڕەوانبێژی، وەک لە زاراوەکەیدا دەردەکەوێت ئەرکی ئەم بەشە بایەخدانە بەلایەنی جوانی دەربڕینی ئەدەبی، بە هەردوو بەشەکەیەوە( وشەیی و واتایی ) . جوانی دەربڕینی دەقی ئەدەبی دەبەستێتەوە بە جوانی وشە و جوانی واتاوە.

ئیدریس عەبدوڵلا، دەڵێت: (جوانکاری یەکێکە لە سێ بەشەکەی زانستی ڕەوانبێژی، لە عەرەبیدا ( بدیع)ی پێدەوترێ، کە وشەیەکە لە ڕووی زمانەوانییەوە بریتیە لە داهێنانی شتێ، یان بە واتایەکی تر ( البدیع) بەو وشەیە دەوترێ، کە بۆ یەکەم جار داهێنرابێت) . جوانی داهێنانی نوێ وشەی تێدا دەبینێتەوە.

### 3- ئیستاتیکا و ڕێبازە ئەدەبییەکان:

ئەندێشە ڕەگەزی سەرەکییە لە دەقی ئەدەبیدا، ئەگەر ئەندێشە لە دەقی ئەدەبیدا نەبێت، یاخود لاواز بێت، ئەوا ئەو دەقە ئەدەبییە ناسنامەی خۆی لە دەست دەدا. بەهەما شێوەش ئیستاتیکا دەوری سەرەکی دەبینێت لە دەقی ئەدەبیدا، نەبووبی دەبێتە هۆی ناکاملّی دەقە و چێژ و جوانی و سەرنجڕاکێشانی خۆی لە دەست دەدا. ئەدەب وەکو بەشێکی هونەر، هەر لە کۆنەوە گرنگی بەجوانی داوە و بە فەلسەفە و ڕێبازی جۆراو جۆر ویستوویەتی لە دەقەکانیدا جوانی بەرهەمبێنێ.

ئەگەر سەرنج بدەینە هەر ڕێبازێکی ئەدەبی، ( ئیستاتیکا ) خۆی لەلایەنێک، یان لە ڕوویەکی دەقی ئەدەبیدا دەبینێتەوە. ڕێبازی کلاسیکی یەکەمین ڕێبازی ئەدەبی ئەوروپییە، لەڕووی مێژووییەوە کە سەری هەڵدابێت، ئەم ڕێبازەی ( ئیستاتیکا )ی دەقی ئەدەبی بە بەها ڕەوشتییەکان بەستەوە، ئەو ئیستاتیکایەی لەلاسایی کردنەوەدا دەبینێتەوە، بەتایبەتیش لە هونەری ( تراجیدیا ) کە لە خزمەت و پیاهەڵدانی چینی باڵا و ئەرستۆقراتی بوو.

ڕێبازی ڕۆمانسیزم لە دوای کلاسیزمەوە هات، دژ بە هەموو بنەما و دەستوورەکانی کلاسیزم وەستایەوە. ڕێبازی ڕۆمانسیزم ئیستاتیکا دەقی ئەدەبی بە هەست و سۆزی تاکەکەسەوە بەستەوە. ئەو ئیستاتیکایەی ڕۆمانسیزم باسی لێوەدەکات لە تەنیایی و خەڵوەت و غەم و پەژارە و نائومێدی و دابڕان لە خۆشەویستان و تلانەوە بەدەست زەمەن و ئەندێشەی تاکەکەسدا دەبینێتەوە. لە پاش ڕۆمانسیزم ڕێبازی پەرناسیزم لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەمدا لە فەڕەنسا سەری هەڵدا و وەک ڕێبازێکی ئیستاتیکی بناغەیەکی پتەوی بۆ ئیستاتیکای هونەر و ئەدەب دانا.

ئەدەبیاتی کلاسیزمی عەرەبی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی جاهیلی، مەبەست لەو ئەدەبیاتە کە ( ١٥٠ ) بەر لە هاتنی ئاینی ئیسلام لە نیمچە دوورگەی عەرەبی سەری هەڵداوە، پاشان لەلایەن میللەتانی مسولمانی ناعەرەبەوە بەرەو پێشبراوە و گەشەی کردووە، ئەم ئەدەبیاتەی عەرەبی ئیستاتیکای دەقی ئەدەبی لە ڕەوانبێژیدا دەبینێتەوە، کە ( خەلیلی ئەحەمەدی کوڕی فەراهیدی ) دایمەزراندووە. گەلی کوردیش بەحوکمی باوەڕبوون بە ئاینی ئیسلام هۆگری بۆ ئەو دینە و لەلایەکی تریش خوێندەوارانی کورد تاکو سەرەتای سەدەی بیستەم حوجرە و مزگەوت بوون و خۆشەویستیان بۆ ئاینی ئیسلام، بۆیە خوێندەوارانمان پەیڕەوی ئەم ئەدەبیاتەیان کردووە، کە بە ( عەروزی عەرەبی ) ناسراوە و بە کلاسیزم ناوی دەرکردووە. بۆیە دەبینین ئەو کێشانە و ئەو

هونەرە ڕەوانبێژیانەی کە لە ئەدەبیاتی عەرەبیدا هەبوون، بەهەمان شێوەش لە ئەدەبیاتی کوردیدا ڕەنگیان داوەتەوە و شاعیرانی کورد لە هۆنراوەکانیاندا بەرجەستەیان کردوون.

هونەرکانی زانستی ڕەوانبێژی عەرەبی خۆی لەسێ بواری سەرەکیدا دەبینێتەوە:

١- ڕوونبێژی

٢- جوانکاری

٣- واتاناسی .

ئەدەبی کلاسیکی کوردی مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی دەیەمی زایینی و لە ( بابە تاهیری هەمەدانی ٩٣٧- ١٠١٠ ز )یەوە دەست پێدەکات و تاکو کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم بەردەوام بوو. لە ئەدەبیاتی کوردیدا بەهەمان شێوەی ئەدەبیاتی عەرەبی ئیستاتیکای دەقی ئەدەبی لە ڕەوانبێژیدا دەبینێتەوە.

( سالم) لەو شاعیرانی سەردەمی بابان لەهۆنراوەیەکیدا، شانازی بە هۆنراوەی خۆی و هاوەڵانی دەکات، کە چۆن توانیویانە ڕەوانبێژی عەرەبی بخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە و لەم مەیدانەدا، دەڵێت:

لە ڕۆژی ئمتیحانا دیم بەرابەر تالیب و مەعشوق
کەمەر بەستەی هونەر هاتن لە تیپی عەشقبازان
لەیەک لا نالی و مەشوی لەلا سالم و کوردی
لە هەنگامەی هونەر گەرمی تکا جوو بوون لە مەولانا .

لەشیعری نوێی کوردیدا ( ڕۆمانسیزم ) جوانی لە دوورکەوتنەوە لە ئاڵۆزی ناوشار و هەموو ئەو ساختەکاریانە کرد، کە ژیانی شاریان ناخۆشکردووە و شیعریان بۆ گەڕانەوە بۆ باوەشی سروشت بە جوانی بینی، هەوڵدان بۆ گەڕانەوە بۆ زمانی کوردی پەتی و بەکار هێنانی کێشی بڕگە، هەروەکو بەختیار زێوەر، دەڵێت:

هۆکاکی شوان گوێم لێیە لەو بن دارە
هەرچی ئەیڵێی نایڵێیەوە دووبارە
خۆزگەم بەخۆت کە لە شارستانی دووری
سەربەست و شاد و ئاسوودە و مەسروری .

لێرەدا شاعیر جوانی ئیستاتیکا لە هەڵبژاردنی وشەی پەتی و سادە و ڕەوان و بەکارهێنانی کێشی بڕگەدا دەبینێتەوە

## 4-پەرناسییزم Le Parnassisme:

پەرناسیزم وەکو ڕێبازێکی ئەدەبی و هونەری و ئیستاتیکی لەدوای ڕێبازی ڕۆمانسیزم سەری هەڵدا، پاش ئەوەی ڕۆمانسیزم ڕووی لەخەیاڵی فراوان و فرمێسک ڕشتن بۆ ڕابردوو و تلانەوە بەدەست زەمەنەوە..

کۆمەڵێ شاعیری نوێخواز لە فەڕەنسا لەساڵی 1866 کۆمەڵە شیعرێکی هاوبەشیان لەشێوەی کتێب دا و بە سێ زنجیرە و یەک لە دوای یەکتر، بەناونیشانی ( پەرناسی هاوچەرخ) بڵاوکرانەوە، کە مانیفێست وڕوونکاری لەگەڵ بوو، قوتابخانەی پەرناسییان ڕاگەیاند . ئەو شاعیرانەی بەشداریان لە دامەزراندنی ئەم ڕێبازە دا کردووە ((لوکونت دونیل، ستێڤان مالارمێ، ئارتۆر رامبۆ ..)بوون، "لۆکونت دونیل " بەیەکەم نوێنەری ئەم ڕێبازە ئەدەبییە دەژمێردرێ) .

("پەرناس" ناوی کێوێکە بەپێی ئەفسانەکانی یۆنانی کۆن، خواوەندی شیعر(میوز) "ئەپۆلۆن" لەگەڵ نۆ خوشکەکەی کە فریشتەی پاسەوانی هونەرە جوانەکان بوون لەوێ دەژیان) .

ڕەگ و ریشەی "پەرناسیزم " دەگەڕێتەوە بۆ بۆچوونەکانی "ڤیکتۆر هوگۆ " لەساڵی 1829 کتێبی "رۆژهەڵاتییەکان "ی بڵاو کردەوە، کە بوو بە دامەزرێنەری " قوتابخانەی هونەر بۆ هونەر " پاشان دروشمی "هونەر لەپێناوی هونەر " یان " ئەدەب لەپێناوی ئەدەب " کەوتە سەرزاری نوسەرانی پەرناسی و بوو بەیەکێک لە درووشمەکانیان . بەباوەڕی پەرناسیزمەکان، شیعر نیشانەی ڕووحی کەسێکە کە هەستەکانی خۆی کوژاندووەتەوە، شیعری پەرناسیزم دژی ڕۆمانسیزم هەستاو دژی هەر جۆرە دەربڕینێکی خودی دەکرد، وە شاعیری پەرناسیزم بە هیچ شێوەیەک نایەوێت خۆی بە نێوەرۆکێکی گەشبینانە و ئاوات و ئارەزووانەوە مژەل بکاتتەنیا هونەری پەتی بەلاوە پەسندە و تەنیا بایەخ بە جوانی فۆرم و تەرز و چۆنیەتی دەربڕین دەدات . دژی ناوەرۆکی سادە و بێ بایەخە. پێیان وایە (شیعر سنعەتێکە دەتوانێت ئیلهام کۆنترۆڵ بکات و لە قاڵبێکی سنعەتکارانەی هونەری دایبڕێژێت ) . بەم کردەوەیەش خۆیان لە بۆچوونی کلاسیکییەکان نزیک دەکردەوە ، دژی رۆمانسیزم و هەر جۆرە شیعرێکی خودی دەوەستانەوە ،تەنانەت هەندێ لەرەخنەگران بە "کلاسیزمی مۆدێرن" ناویان دەبەن .

بنەماکانی ئەم ریبازە بەشێوەیەکی روون و ئاشکرا لەسەر بنەمای فەلسەفەی میتافیزیکی ئیستاتیکی دامەزراوە ...فۆرم(روخسار)یان بەمەبەستی سەرەکی هونەر دەزانی بۆیە زۆرجار دەستەواژەی هەوادار ولایەنگرانی"هونەر بۆ هونەر"یان بۆ بەکاردەهێنان . ئەم بنەمایە دەبێتە هۆی پشگوێخستنی هەست و سۆزی شاعیران، تەنیا گرنگی دانە بە جوانی و روخساری شیعر و کەوتنە دژایەتی کردنی مەسیحییەت و بیروباوەڕی ئایینی،و دەربڕینی ترس و بێ ئومێدی لەهێندێک لە هۆنراوەکانیاندا . پەرناسیزم ڕێبازێکی یەکگرتوو نییە، لە کۆڕە فراوانییەکەیدا چەند

ڕووگەیەکی هونەری چیاوازی گرتە خۆی، دروشمی کۆکەرەوەی ئەم ڕووگانە، دەربڕینی ( هونەر بۆ هونەر) بوو .

ڕێباری پەرناسیزم وەک کاردانەوەیەک هاتە کایەوە لەسەرگۆرانی هونەر، کە بووبوە کالایەک لە جیهانی سەرمایەداریدا. لە بنچینەیدا بزوتنەوەیەکی نارەزایی و ڕەخنە ئامێزی توندە لەسەر بارودۆخی هونەر و ئەدەب، بۆیە بانگێشەی بۆ هونەرێکی پاک یا هونەرێکی ڕاستەقینەکرد، کە داماڵراوبێت لە هەموو بەهایەکی (ڕەوشت ، زانست ، کۆمەڵ..هتد) بۆیە ئەوەی ڕەتکردەوە کە ئەدەب و هونەر لە خزمەتی ئامانجە سود دارەکان تەوزیف بکرێت. پەرناسیزمەکان لە بۆچوونەکانیاندا چەند داواکارییەکیان هەبوو:

١- ڕاکردن لە سودمەندیەتی و پەیوەست نەبوونی ئەدەب بە هیچ شتێکی دەرەکی وەک (ئاین ، زانست ، کۆمەڵ ) گەڕانەوەی هونەر بۆ بورجە عاجییەکەی کەوای لێ دەکات ئێستاتیکایەکی ڕووت بگرێتە خۆی بەمەش هونەر سەرفراز دەبێت.

٢- بنچینەی ڕێبازەکە گێڕانەوەی هونەر و ئەدەبە بۆ شوێنە بالاکەی خۆی و دورخستنەوەی لە بازاری بازرگانی سەرمایەداری) .

ڕێبازی پەرناسیزم دەرهاویشتەی چێژی ئەدەبی و بەهرەو تواتای چینێکی دەستە بژێری کۆمەڵە. ئەو دەقە ئەدەبییەی دەنووسرێت لە ڕوانگەی جوانناسی گشتیدا نییە. واتا بۆ ئاستی تێگەیشتنی خوێنەری ئاسایی نییە. بەڵکو پێویستی بە خوێنەری زیرەک هەیە، کە ئاستی شارەزایی و ئاشنایەتی لەگەڵ فەلسەفەی میتافیزیکی ئیستاتیکی هەبێت. هەروەها بانگەشەیان بۆ کۆمەڵێ دروشم دەکرد:

١- بەشێوەیەک کە سەیری ئەدەب دەکرێت وەک رابواردنێک ( کات بەسەر بردن) ئەم جۆرە ئەدەبەش سەربەخۆیە و بەرپرسیارە لە خودی خۆی.

٢- وای دەبینن ئەدەب تەکنیکە، نووسەریش چێژ لە تەکنیک وەردەگرێت، بەلام تەکنیک ئامانج دەگرێتە خۆ تەکنیک وەسیلەیەکە بۆ خەلق کردنی شتێک ئەم شتەش دەبێ لە هۆکارەکە؛ بەگرینگتر دابنرێت.

٣- هونەر بۆ هونەرە و شیعر بۆ شیعرە؛ ئەم هەڵوێستانەشیان هەڵوێستێکی ئیستاتیکی ڕوونە ، وای دادەنێن کە بە های ئەدەب لەوەدایە، کە هونەرە ، هەرشتێکی سودمەندی نابێ بخرێتە ناو چوار چێوەی ئەدەب و هونەر.

٤- واتە ئەوەیە سەیری کاری ئەدەبی دەکرێت کە بونەوەرێکە نووسەر لە خودی خۆیدا خەلقی کردووە، وەسیلکەش لەم خەلقکردنەدا زمانە، کرداری داهێنانی ئەدەبی کردارێکی خەلقکردنی سەربەستە. جەوهەری ئەدەبیش داڕشتن و پێکهاتنە) .

_بنەما فیکری و فەلسەفییەکانی ڕێبازی پەرناسیزم

فەلسەفەکەی "کانت 1724 - 1804" کە بەنوخبەی وەرگێڕانێکی گرنگ دەژمێردرێت، لەپێشکەوتنی بیری نوێخوازی وجوانناسیدا ، کانت دژی ژێردەستەکردنی هونەر بۆ قازانجی سیاسەت و ڕەوشتی بورژوازی وەستا. کتێبەکەی خۆی "ڕەخنەگرتن لە بەهرەی دادوەریکردن" تەرخانکردووە تەنیا بۆ ئەوەی نیشانی بدات و بیسەلمێنێت کە هونەر و جوانی هیچ کەڵک و سودێکیان نییە و نابێ هەشیانبێ. بەڕای ئەو جوانی پێویستە ئازادە و سەربەخۆ بێت. لەم بارەیەوە دەڵێ:" کاتێ قسە لەسەر ئەوە دەکرێ کەفلان شت جوانە، کەس باسی ئەوە ناکات، ئایا ناوەڕۆکی ئەو شتە هیچ سودێکی بۆ ئێمە هەیە یان نا؛

(کانت) وادەبینێت کە حوکمی ڕەخنەی ئیستاتیکی لە چێژی مرۆڤەوە هەڵدەقوڵێ بۆیە پێوستە یەکەم جار خودی بێت. ئەمەش فەرمانێکە (حوکمێکە)مل کەچ ناکات بۆ عەقل و مەنتق و پرسیار لە مەبەست ناکات.

بەڵام(هیگل)وا دەبینێ کە ناوەڕۆکی هونەر بیرۆکەی جوانییە (بەسەر بەستی) روخساری کۆمەڵایەتی یاخود کرداری هەرچیەک بێت.

(تیوفل گۆتیە) بڕیار دەدات هونەر وەسیلە نیە بەڵکو لە خودی خۆیدا مەبەستە، بۆیە بە تەواوی سەربەستە. لەمەش زیاتر تێدە پەڕێ کاتێ کە دەڵێ: لە ڕاستیدا هیچ شتێکی جوان بوونی نییە تەنیا ئەگەر بێ سود بوو هەرچی سودمەندە ناشیرینە.

دیارە نووسەری فەڕەنسی ( بۆدلێر – ١٨٦٧ - ١٨٢١ ) یەکەم کەسە کە بیرۆکەی هونەر بۆ هونەری خستە ڕوو ناونیشانێکی واتاداری بۆ دیوانەکەی خۆی دانا ( گوڵەکانی شەڕ ) ( بۆدلێر ) وای دەبینێ کە بابەتی شیعرەی خودی شیعر خۆیەتی. ئەو شیعرە مەزنەی کەشایەنی ناوی شیعرە ئەوەیە کە لە نووسینی دا بەتەنیا بۆ چێژ وەرگرتن دەنووسرێت) .

("بۆدلێر " پێی وایە " جوانییەکی ڕەهاو گشتی یان هەمیشەیی هەیە، کە هەموو کەس دەبێ قبووڵی، جوانیش پێویستە هەمیشەسەیرو سەمەرە و نامۆ و سەرسوورهێنەر بێت) .

_خاسییەتەکانی پەرناسیزم

1- پەرناسیزمەکان باوەڕیان وابوو، کە هونەر و ئەدەبیات پێویستە سەرچاوەکانی خۆی لە فەلسەفەی ئیستاتیکای گریکەکانەوە هەڵبێنجێنێ . چونکەپێیان وابوو، کەشێوازی نموونەیی، جوانی ، ڕەسەنایەتی ... تەنیا لای یۆنانییەکان هەیە. هەر ئەم سەرسامییەشیان بۆ یۆنانییەکان وای لێ کردن کە بەرهەمەکانی یۆنانییەکان وەربگێڕنە سەر زمانی فەرەنسی.

٢- هونەر پێویستە بەتەواوەتی سەربەخۆبێت ، نابێ بکەوێتە ژێر فەرمایشتی ئەخلاق و زانست وسیاسەت و ئایین و نەریتەکانی کۆمەڵەوە .

٣- بایەخێکی زۆریان بە رازانەوەی روخسار دەدا و ناوەرۆکیان فەرامۆشکردبوو، شیعر لەجوانی دا دەگەیشتە لوتکە، لە هەمانکاتدا ناوەرۆک بایەخێکی ئەوتۆی نەبوو ، چونکە پەرناسییەکان دژی هونەری سودبینین بوون ، کە سانت سیمۆن دایهێنا بوو .

٤- گرنگی دان بەرازاندنەوەی شیعر چ لەڕووی دەربڕینەوە یاخود لەڕووی هەڵبژاردنی وشەوە بێت .

5- شاعیری پەرناسی لەزەین هەڵدێ و جوانی بەدەر لەهەر هەستێک بە نەوزاری شادمانی دەزانێ. هەر وەکو خۆیان دەیان وت پێویستە جوانی بەبێ دەست تێوەردانی هەستی شاعیر دروست بکرێت .

6- شیعر دەنگی راستەقینەی سەردەم نەبوو، لە هەمانکاتدا گوزارشتی لەموعانات و هەڵچوونەکانی شاعیر نەدەکرد، چونکە شیعر بەلای پەرناسییزمەکانەوە ئیلهام نەبوو، بەڵکو سنعەتکاری و داهێنان بوو.

7- جەماوەری پەرناسیزمیکان، وەکو خۆیان دەڵێن ، شیعر بۆ کۆمەڵەکەسانێکی کەمی بەزەوقی بەرزی کۆمەڵ بوو، بۆیە شیعر بەلای ئەوانەوە بۆ گشت کۆمەڵ یان رەش و رووتی کۆمەڵ نەبوو .

٨- شیعر بەلای پەرناسییزمەکانەوە ئیلهام نەبوو ، بەڵکو سنعەتکاری و داهێنان بوو .

٩- گرنگی دان بەرازاندنەوەی شیعر چ لەڕووی دەربڕینەوە یاخود لەڕووی هەڵبژاردنی وشەوە بێت .

## 4-پەرناسیزم و ئەدەبی کوردی:

پەرناسیزم لە ئەدەبی کوردیدا نموونەی زۆر جوانی لە هۆنراوەکانی (عەبدوڵلا گۆران ١٩٠٤ – ١٩٦٢ )دا هەیە، یەکەمین شاعیری کورد بوو، کە بە رێبازی پەرناسیزمی شیعری کوردیدا داهێناوە. ئەم کاریگەر بوونەش لە ساڵی ١٩٣٠ دوای دەرچوونی لە ژێر کاریگەری کلاسیزمدا دەردەکەوێت. ڕوانینی پەرناسیزمیانەی گۆران لە هەڵبژاردنی ناونیشانی هۆنراوەکانیدا دەردەکەوێت، وەک: ( ئافرەت و جوانی، بۆ جوانی سەرە ڕێ، ڕەوتێکی جوانی، جوانی لە لادێ، خۆشی لە پێشەکی دیوانەکەیدا لە ساڵی ١٩٥٠دا ئاماژەی پێکردووە، دەڵێ: ( دیوانەکەم سەرانسەر لەگەڵ بابەتەکانی جوانی و دڵداری خەریکە...) شیعرەکانی لێوان لێون لە دەر بڕینی

جوانی و ناوەرۆکی پەرناسیانە بۆ جوانی، گۆران لە شیعرێکیدا خۆی ناوی لە خۆی ناوە ( شێتی شیعر، شێتی جوانی) .

گۆرانی شاعیر لە ئەدەبی کوردیدا لەلایەکەوە درێژە پێدەری پێوەری ئەو جوانناسییە، کە لە غەزەلی شیعری کلاسییکیدا هاتووە، کە زادەی ئەندێشە و ئەفسوونێکی داهێنەرانەیە، لەلایەکی تریشەوە، بە سوود وەرگرتن لە ڕۆمانسیەتی ڕۆژئاوایی بە تایبەتی لە شیعرەکانی(ۆردز ۆرس، شیللی، بایرۆنی، لامارتین..). مامەڵەی لەگەڵ نوێگەری وشەدا کردووە، ئەم جوانناسییە لە چەند ڕوویەکەوە دەخەینە ڕوو:

١- جوانناسی لە ڕوانگەی ژنەوە: گۆران ، وەک جوانناسێک جوانی سروشت و دەوروبەر لە جوانی ئافرەتدا دەبینێتەوە. گۆران ئیلهامی شیعری لە جوانی وەرگرتووە، لە هەموو شتێک جوانی وەرگرتووە، ویستوویەتی لە هەمووشێ زیاتر جوانی ئافرەت بەهرەی شیعری رووژاندووە، هەروەکو لە هۆنراوەی ( ئافرەت و جوانی )، دەڵێت:

بەڵام تەبیعەت هەرگیزا و هەرگیز بێ ڕووناکییە بێ بزەی ئازیز .

گۆران وەک شاعیرێکی داهێنەر ، لەسەر بنچینەی فەلسەفەی میتافیزیکی ئیستاتیکی مامەڵەی کردووە و دووشت بە تەواوکەری یەکتر دادەنێت. ژن کە دروستکراوی خالقە و تەواوکەری کەلێنەکانی سروشتە، دیاردەیەکی شاراوە لەنێوان ژن و سروشتدا دروست دەکات. هەروەکو لە هۆنراوەی (ئافرەت و جوانی)، دەڵێت:

سڵ مەکە لە مەیلی بەگەرمی ڕوانینم ، پیـــاوێکم جوانییە قیــــبلەگاهی ئــــــاینم

سەرنجێک من ئەیدەم لەو بەژن و باڵایە لە سیـــنەی پاکەوە بۆ جــوانی تەنیایــــە .

لە دوو توێی ئەم هۆنراوەیەدا هەست بەوە دەکەین، کە گۆران وەکو کەسێکی ڕۆژهەڵاتی بێ بەش لە حەزو ئارەزووی خەفەکراوی غەریزە، بیر ناکاتەوە، بەڵکو بە هەستێکی هومانیزمی ( مرۆڤ دۆستی) بیر دەکاتەوە. تەنیا حەزو پەرۆشی جوانییە. وەکو شاعیرێکی جوانی ویست بیر لەوە دەکاتەوە، کە چۆن جوانی ببێتە هەوێنی لەدایک بوونی شیعرێکی داهێنەرانە.

٢- لەشیعرێکی تری دا، گۆران سەرسامە بە جوانی سروشت. ئەمە لەلایەکەوە وەکو شاعیرێکی ڕۆمانسی، سروشت بەسەرچاوەی داهێنان دادەنێت و لەلایەکی تریشەوە یەکێک لە بنەماکانی بیری پەرناسیزمی جێ بەجێ دەکات. بەوەی سروشت بە سەرچاوەی جوانی دادەنێت. وەکو مەڵبەندێکی بیرکردنەوە بۆ کۆکردنەوەی دژەکان. بۆیە سروشت بۆتە هەوێنی لەدایک بوونی شیعری، هەروەکو لە هۆنراوەی ( گەشت لە هەورامان)، دەڵێت:

کۆمەڵە شاخێکی سەخت و گەردن کەش

ئاسمانی شینی گرتووەتە باوەش؛
سەرپۆشی لووتکەی بەفری زۆر سپی
بەدارستان ڕەش ناودۆڵی کپی

٣- لایەنێکی تری جوانی تایبەتە بەسروشت، وەکو شاعیرێکی واقیعی هەردوو لایەنی ڕووخسار و ناوەرۆک بە شێوەیەکی هاوسەنگ لە یەک ئاستدا دەبنە بنەمای داهێنان. هەروەکو لە هۆنراوەی (جوانی بێ ناو )دا ، دەڵێت:

کانیەکی ڕوونی بەر تریفەی مانگە شەو
لەبنیا بلەرزێ مرواری زیخ و چەو،
جوانترە لە لای من لە دەریای بێسنوور
شەپۆلی باتە بەر تیژکی ڕۆژ شڵپ و هوورِ!

**5- ئیستاتیکا لە شیعرەکانی کەمال کەریم:**

**- ئیستاتیکای زمانی شیعری.**

زمان لە شیعردا گرنگی زۆری پێدەدرێت، چونکە ئەدەب بەهۆی زمانەوە بونیاد دەنرێت و داهێنانی تێدا دەکرێت، واتە زمان کەرەستەی سەرەکی پێکهاتنی شیعرە، بۆیە گشت وێنە و جوانیەکان پێکهاتەی زمانن، ( زمانی شیعریی لە ڕووی دارشتنەوە جیاوازە لە زمانی قسەکردنی ئاسایی، ئەم جیاوازییەش لەڕووی کەرەستە پێکهێنەرەکانی زمانەکەوە نییە، بەڵکو لەڕووی چۆنیەتی ڕیزبوون و جووڵەی پێکهێنەرەکانی زمانەوەیە. هەر لەبەر ئەمەشە چۆنیەتی دارشتن لە شیعردا مەبەستێکی گرنگە، چونکە ئیحای تایبەتی دەداتە خوێنەر، بێگومان بایەخدان بەسیستەمی زمانەوانی بەشێکە لە هەوڵ و کۆششی ئەدەبی تازەگەری، زمان کۆمەڵە نیشانەیەکە، یان سیستەمێکە لە دروشمەکان و گوزارشت لە هزر دەکات. پێویستە دەقی تازە بنیادێکی تازە بخولقێنێ و دالەکان لە نێو جەرگەی دەقێکی کراوەدا سەمابکەن ) . زمان هەر لەکۆنەوە جێگای بایەخ پێدانی زمانەوانان و فەیلەسووفان بووە، هەروەکو (ئەفلاتوون جۆرەتایبەتمەندییەکی داوتە شیعر و هەر زوو هەستی بەو جیاوازیە کردووە کە شیعر بەهۆی قاڵبە هونەریەکەیەوە پەیدای کردووە و گەیشتۆتە ئەو ڕایەی کە بە نەمانی ئەو قاڵبە هونەریە لە پەخشانێکی ڕووت بەولاوە شتێکی تری لێ دەرناچێ) . ئەمەش ئەوەدەگەییەنێ، کە هەست و سۆز و ئاوازی تێدایە. پەیوەندییەکانی دنیایی دەرەوە و ناوەوەی شیعر بە ڕێوەدەبات، هەر ئەمەش وای کردووە، کە زمانی شیعر گوزارشتکەر بێت، هەر بۆیە ئەو وشانەی شاعیر دەریان دەبڕێت، هێماو نیشانە دەنوێنن، وپێویستیان بە ڕاڤە و گونجاندن هەیە، هەر ئەم زمانەش وادەکات، کە لەدوای لەدایکبوونی شیعر زمانی ڕەخنەش سەرهەڵبدات.

زمانی شیعر لای زۆربەی شاعیرانی کلاسیک و نوێی کوردی‌دا گرینگی زۆری پێدراوە بۆنمونە (حاجی قادری کۆیی ) لە شێعرە غەزەلیەکانیدا، پێیوایە: زمان وەک ئاوێک وایە لە کاسەی شیعردایە، کە بە ئارەزووی خۆی جارێک لێڵی دەکات و جارێکیش ڕوون ، ئەمەش توانا و فکری زۆری پێویستە، وەک لەم دێرە هۆنراوەیەدا حاجی قادر دەڵێت :

ئافتابی حوسنی تۆ ڕۆژە کە دێ و ئاوا دەبێ

قـــامەتیش وەک هیلالی یەک شەوە ئاوا دەبێ.

لەم دێڕەدا بە هۆی هێنانەوەی ( ڕۆژ ، شەو ) لوغزێکی هونەری پێکهێناوە وەک بەراوردێک لە نێوان، گەنجییەتی و پیریدا، یاخود لە نێوان ژیان و مردندا، لەهەمانکاتدا کۆکردنەوەی دژەکانە، هونەری ڕەگەز دۆزی تەواویش لەنێوان ( ئەوادەبێ ، ئاوا دەبێ )، و ڕیتمێکی جوانیشی بە هۆنراوەکە بەخشیوە.

زمان هۆکارێکی سەرەکییە بۆ گەیاندن کە بەم هۆیەوە شاعیر یان نوسەر دەتوانێت پەیامەکەی بە خوێنەری دەقەکە بگەیێنێ. شێوازی زمان و ئاستی خێرایی و بەهێزیی و کاریگەری هونەرەکانی زمانی دەقەکە دەبێتە پێوەری هەڵسەنگاندنی دەقەکە، واتە ئایا شاعیر تاچەند توانیویەتی لەڕێگەی زمانەوە پەیامەکەی بگەیێنێت بە خوێنەر . کەواتە کاتێک شاعیر زمان بەکاردەهێنێ، لەڕێگای دەنگ و ڕیتم و ئاوازەوە بۆ دنیایەکی هەستی و گوزارشت لەو شتانە دەکات، کە لە ناخیدا پەنگی خواردووەتەوە. ئەم کردارەش لە چوارچێوەی هونەردا جێ بەجێ دەبێت، ئەو بونیادە لە هەموو سەردەمێکدا لەناو قوڵای کەلتوری و هونەر و فیکر و داهێناندا ڕەگ دادەکوتێ، ( گوزارشت دوو سەرەیە، گوزارشتی سوود بەخشین، کاتیە و بە تێپەڕبوونی کات دەتوێتەوە، بەڵام گوزارشتی هونەری بەدرێژایی زەمەن بە نەمری دەمێنێتەوە، ئەو کاتانەش، کە شاعیر و هونەرمەند شەپۆلی هاندانی داهێنانیان کپ دەبێتەوە، بەرهەمە هونەریەکانیان بە نەمری دەمێنێتەوە) ، واتە زمان بە یەکێک لە کۆڵگە هەرە گرینگەکانی بونیادی هەردەقێکی ئەدەبی دادەنرێت و ڕۆڵی لە بەرەو پێش بردنی ڕەوتی دەربڕین و قوڵبوونەوەی واتا و مەبەست هەیە، ئەگەر هەریەک لە ئیستاتیکا و ڕەوانبێژیی و شیعریەت پەیوەندیان بە بونیادی زمانەوە هەبێت، ئەوا چۆنیەتی گوتن دەمانباتەوە نێو چوارچێوەی شێواز و بەو هۆیەوە شێوازی تایبەتی دەق و هونەر دەردەکەوێت. شێعریەتی زمانی هەردەقێکی ئەدەبی بە شێعرو پەخشانەوە پەیوەستە ، بەبۆچونی بونیادنانی زمانێکی تایبەت و نائاسایی و دوور لە زمانی ڕۆژانە .

زمان بەلای کەمال کەریمەوە بایەخ و تایبەتمەندی خۆی هەیە، هەوڵیداوە لەهۆنراوەکانیدا زمانێکی سادەو بێ گرێ بەکار بهێنێ، ئەمەش لەبەر دووهۆکار بووە، لەلایەک بۆ ئەوە بووە، کە هەموو کەس لەهۆنراوەکانی بگەن و لەلایەکی ترەوە، بۆ ئەوە بووە، کە بە زمانێکی سادە و ڕەوان گوزارشت، لە خەم و مەینەتی و ئازارەکانی خۆی بکات، هەروەکو: لەم هۆنراوەدا شاعیری زمانێکی سادەو بێ گرێی و قاڵی شیعری ئازادی بەکارهێناوە، کەخوێنەر بەئاسانی لێی تێدەگات.

(خەیاڵی درۆزن )

هەندێ جار

خەیاڵێکی هەقیقەتی

پڕلە نامۆ بەرەو لوتکەی

جیهانێکی وەفاداری

لەم تەمو مژەم دەسێنێتەوە

بەڵام چی بکەم

خەیاڵە جنۆکە درۆزنەکان

زوو وەهۆش خۆم

دەهێننەوە .

شاعیر باس لەوکاتانە دەکات، کە مرۆڤ دەخاتە خەیاڵەوە هەموو ئەوشتانەی کەبدەستهێنان و پێگەیشتنیان ئەستەمە بە خیاڵ بەچەند خولەکێک هەموو ئەو شتانە بەدەست دەهێنێت، ئەمە یەکێکە لە خاسییەتەکانی ڕۆمانسییەکان، کە شاعیر لەکاتی بێ ئومێدیدا پەنای بۆ دەبات، ئەویش ئەوەیە، کە بەخەیاڵ جیهانێکی خۆشی وکامەرانی بۆ خۆی دروست دەکات، بەڵام لەگەڵ بەهۆش خۆهاتنەوە و پچرانی خیاڵدا دەکەوێتەوە ناو ژیانە زەحمەت و ناخۆشیکەی پێشووی، هەر بۆیەشە خیاڵ بەدرۆزن ناودەبات، چونکە هیچ لە ناخۆشیکانی کەم ناکاتەوە.

**-ئیستاتیکای مۆسیقایی شیعری:**

مۆسیقا بەیەکێک لە ڕەگەزە گرینگەکانی دەقی ئەدەبی دادەنرێت، بەتایبەتی لە دەقی شیعریدا، پانتاییەکی فراوانی داگیرکردووە لە ڕووی ڕازاندنەوەی ڕوخسار و ئیستاتیکاوە، کاریگەریەکی بەهێزی هەیە لەسەر دەقەکە، بۆیە بە گیانی شیعر دادەنرێت، چونکە مۆسیقا ئاواز و ڕیتمێکی خۆش بە شیعرەکە دەبەخشێت و کاریگەری لەسەر بیرو دڵ و دەرونی خوێنەر دروست دەکات و چێژو خۆشی پێ دەبەخشێت و هەست و سۆزی دەجوڵێنێت، دەیخاتە جۆش و خرۆشەوە، بۆیە دەتوانین بڵێین بەشێکی سەرەکی کاریگەری دەقی شیعری بەسەر خوێنەرەوە بە لایەنی مۆسیقای دەرەوە و ناوەوەی دەقی شیعرەکەوە بەندە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، تا شاعیر بەتواناتر بێت لە داڕشتنی مۆسیقای شیعریدا ئەوا زیاتر سەرکەوتووتر دەبێت لە گەیاندنی پەیامەکەیدا.

موسیقا وشیعر پەیوەدییەکی دێرینیان بەیەکەوە هەیە، هەرچەندە هەریەکەیان تایبەتمەندی خۆی هەیە، بەڵام شیعر هەرگیز بەبێ مۆسیقا نابیت پیوەندبونی ئەو دوو هونەرە بەیەکەوە وای کردووە ئەوەندە بچنە ناخی یەکەوە و تێکبئاڵێن دوای جیابوونەوەشیان نەتوانن دەسبەرداری یەکترىن، جونکە پیوەندی تایبەتی و نزیکی لەنێوان شیعر و موسیقادا هەیە، ڕەنگە ئەوپیوەندییە لەگەڵ هەر پەیوەندییەکی تردا جیا بێت، کە موسیقا لەگەڵ هونەرەکانی تردا هەیەتی. هەرچەندە شعر هونەرێکی زمانییە، بەڵام موسیقا ڕەگەزێکی سەرەکیە لە شیعردا. پەیوەندی نیوان شیعر و مۆسیقا پەیوەندیەکی مێژووییە و پێویستییە، بۆیە دەتوانین، بڵێین: بەیەکەوە دەستیان پێکردووە و بەیەکەوە هاتوون. مۆسیقا هەر لەکۆنەوە لەگەڵ شیعردا هاوراز بووە و تەواوکەر بووە، جونکە نەبونی موسیقا و ئاواز دەبێتە هوی لاوازبونی دەقە شیعرییەکە.

موسیقای له شیعردا، دەبێت تایبەتمەندی دەنگی هەبێت، لەهەمان کات یشدا خاوەن کاریگەرییەکی جوانکاری و گوزارشتکردنە، ئەو مۆسیقایەی کە پیوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵ شیعریدا هەیە و لەناو پیتەکاندا تواوەتەوە خۆی لە دوو جۆردا دەبینێتەوە ئەوانیش :

١- موسیقای دەرەوە ٢- موسیقای ناوەوە

هەر یەکە لەمانە تایبەتمەندی خویان هەیە و بەیەکەوە موسیقیای شیعری دێنە ئاراوە.

١- موسیقای دەرەوە : دوو ڕەگەزی سەرەکی هەیە لە موسیقای دەرەوەدا، کە ئەو ئاوازە دێنە ئاراوە ئەوانیش: کێش و سەروان، کە هەر یەکەیان ڕۆڵی دیار و بەرچاویان هەیە لەبنیادی ئاوازی دەرەوە شیعریدا.

أ- کێش: ئەو چوارچێوە توند و تۆلەیە کە دەوری شیعری دەدات و لە پچڕان دەیپارێزێت. زۆر لە ڕەخنەگران بەڕەگەزێکی سەرەکی شیعری دادەنێن و بەلایانەوە شیعر بەبێ کێش نایەتە ئاراوە، هەر ئەمەش وای کردووە، کە کێش ئەرکی پیکهینانی موسیقای ناوەوەی شیعر لەئەستۆ بگرێت و ببێتە چوارچیوەیەکی بەتین و پتە بۆی، کە لە پەرشوبڵاوی دەیباریزێت، بۆیە لە شیعری هەموو نەتەوەکاندا بەدی دەکرێت، چونکە کێش بە تەنیا، وەک مەرجێکی سەرەکی قاڵبی شیعری هەموو نەتەوەکانە، بەڵام هەر یەکە بەپێی تایبەتمەندێتی خۆی و بەگوێرەی سەردەمەکەی خۆی. کێش ئاوازێکە، پەیوەستە بەساتەوەختێکی دیاریکراوەوە، کەواتە کێش ڕەگەزێکی بنجی و نەپچڕاوە. شیعری کلاسیکی کوردی بەبێ کیش و ڕیتم نەبووە، چونکە هەرهیچ نەبێت شیعر لەدەنگ دروست دەبێت دەنگیش ئاواز و ڕیتمە. شاعیرانی کلاسیکی کوردیش لەو مەرجەی شیعریە لایان نەداوە شیعرەکانیان لەسەر بنەمای ئاوازیکی ڕێکوپێک دارشتووە، کەخۆی لەکیشدا دەبینێتەوە . بەڵام لە شیعری نوێدا گۆڕانی بەسەرداهاتووە، لە شیعری هاوچەرخ و نوێخوازیدا شیعر بەرەو قاڵبێکی ئازاد ڕۆیشتووە، کێشی شیعر بەرەو کاڵبوونەوە، ڕۆیشتووە( کەمال کەریم )یش یەکێکە لەو شاعیرانەی هەوڵیداوە بنیاتی شیعرەکانی بەرەو قاڵبێکی ئازاد بەرێ، ئەم شێوازە لەسەرجەم هۆنراوەکانیدا بەرجەستە بووە.

ب- سەروا: سیستەمێکی مۆسیقییە لەسەر دووبارە بوونەوەی دروست دەبیت و بەشێکە لە مۆسیقای دەرەوە. لەشیعری کۆنی کوردیدا سەروا زۆر گرینگی پیدراوە زۆر جار بەڕەگەزێکی بنجی شیعر دانراوە. سەروا لایەنێکی ئیستاتیکی و جوان و مۆسیقایەکی ڕەوان بەدێرە شیعرەکان دەبەخشێ و ( بریتیە لە دەنگێک یان کۆمەڵە دەنگێک کە لە کۆتایی هەموو دێرەکان، یان دوو نیوە دێر، یاخود لەکۆپلەیەکدا دووبارە دەبێتەوە و ئاواز و مۆسیقایەکی جوان دەبەخشێتە سەرجەم شیعرەکە. عەلادین سەجادی، دەڵێت: سەروا: بریتییە لەو پیتانەی- بەدەنگ یان بێدەنگ، کە ئاوازەکانیان، وەکو یەکە و کەوتونەتە دوای هەردوو نیوە دێڕی هۆنراوەکەوە. ئەمە لە کاتێکا

وایە، کە لە سەرتاپای دەستە هۆندراوەکە دووتاکی بێت ) . بەڵام لەشیعری هاوچەرخ و خوێخوازیدا، سەروای شیعری پاشەکشەی کردووە و بەهەما شێوەی کێش شاعیران نەسەروایەکی یەکگرتووە نەسەروای مەسنەویان بەکار نەهێناوە، بەڵکو پەیڕەوی سەروای ئازادیان

کردووە، ( کەمال کەریم )یش یەکێکە لە شاعیرانەی کە لە سەرجەم هۆنراوەکانیدا پەیڕەوی سەروای ئازادی کردووە

٣- تۆبۆگرافیایی شیعر: لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، دێڕە شیعر، بریتی بوو، لە دوو نیوە دێڕ، کە بەرامبەر بە یەکتری دەوەستان، بە درێژە کێشانی عەزەل یان قەسیدە ئەم بەرامبەرییە، بەشێوەیەکی هاوسەنک بەسەر پانتایی پەڕەی کاغەزدا دابەش دەبوو، ئەمەش دابەشبوونی ڕەشایی وشە دەگرێتەوە بەسەر ڕوو پەڕی کاغەزدا، بەڵام لە شیعری هاوچەرخدا ئەم تۆبۆگرافیایی دابەشبوونی وشە گۆڕانی بەسەردا هات و نیوە دێڕ هاوسەنگی خۆی لەدەستدا، دابەشبوونی ڕەشایی وشە لەسەر ڕووپەڕی کاغەز بەرەو کاڵبوونەوە ڕۆیشتووە و شاعیر ئازادە لە بواری هاوئاستی و هاوتەریبی نیوە دێڕەکان، ئەم دیار دەیە لەسەرجەم شیعرەکانی( کەمال کەریم ) بەرجەستە بووە، هەروەکو لەم هۆنراوەیەی شاعیرادا دیارە، کە لە ڕووی کێش و سەروا و تۆبۆگرافییەوە بەرەوە قاڵبێکی ئازاد ڕۆیشتووە:

شاعیر لەشیعری (هەربۆخۆت )دا، دەڵێت:

حەزئەکەم
لەچاوتا لەگیانتا
بزربم
وەک ئێستایی ونبوم
هەر نەبێ لەوێدا
خەیاڵێک...هەناسەیەک
دەبێتە بەرکۆڵیم
بەرکۆڵیم ..لەخواردن
لەبروسکەی نیگاتا
لەئەشقی شەرمن و
لەترسی ترسانتا
لەباسی شاراوەی دەروونتا
مەسڵەمێ .

شاعیر لەم  شیعرەدا بەخۆشەویستەکەیدا هەڵدەڵێت و داوا لەخۆشەویستەکەی دەکات، کە بێ سڵەمینەوە خۆشەویستییە شاراوەکەی ناودڵی، کە کپ کردووە یان بەد گومانە لێی، داوای لێدەکات، ئامێزی پێدابکات و لەهیچ مەترسەیەک سڵ نەکاتەوە، چونکە دڵی خۆی بۆکردووەتە هەوارگە وماڵی خۆشەویستەکەی. مەبەستی ئەوەیە، کە یارەکەی زۆر خۆش دەوێت، جێگەی تایبەتی بۆ دادەنێ ئەویش دڵیەتی، بۆیە پێی دەڵێت دڵی من داخراوە و تۆبیکەرەوە وهەر تۆ دەتوانی ببی بەخاوەنی.

هەروەها لە شیعری (تورەیش خۆشەویستییە) زمانێکی سادەو ساکاری بەکارهێناوە، لەڕووی کێش وسەرواو تۆبۆگرافیاشەوە قاڵبی ئازادی بەکارهێناوە.

حەزملێیە

هەموورۆژێ بەچەندان جار

تورەت  کەم و

لەبچوکترین ئەلفو بێی وشەکانتا

ڕۆمانێک گلەیی و نارەزایت بۆ دروستکەم

حەزم لێیە

تۆش هەڵچیت و بەباوەشێ قسەی زل و

ڕێژنە بارانی چاوتەوە

هێرشێکی وام بۆ بکەی

تا دوا وشە و بڕیاردانی نێو هەناوت

وەک پارسەنگی

هەمووشتێک بخوێنمەوە

نرخی ئەم ئەشقە پیرۆزەی

چەشنی پەنگر

لەنێو کوانووی دەرونمدا

یا گڕسوتانی زیاد کا

یان جامێ ئاو

هەمووشتێ سەرەو خوار کا .

شاعیر بە خۆشەویستەکەی دەڵێ: ئارەزوو دەکەم بەچەندان جار تورەت کەم، بۆئەوەی لەبە رامبەر ئەم هەڵوێستەی منیش تۆش وشەیەک دەربڕی قسەیەک لەبەرامبەرم  بکەی، منیش لەبچوکترین وشەی تۆ لەئەلف و بێیەکەوە چیرۆکێک لەگلەی وگازندە و سکاڵا بۆ تۆ دروست

دەکەم، ئارەزوو دەکەم بەم وشانەی من تۆش هاوسەنگی خۆت لە دەست بدەیت و هەڵبچیت و بکەویتە قسەی زل و بەچاوێکی پڕ فرمێسکەوە هێرش بکەیتە سەرم هەرچی قسەی ناخی دڵت هەیە هەڵیبرێژیت، بەرامبەرم بۆ ئەوەی هیچ شتێکی شاراوەی ناو ناخی تۆ نەهێڵم و هەمووی ئاشکرا و ڕونبێت لەلام بۆ ئەوەی  ئەو ئەشقە پاک و پیرۆزەی تۆ، کە لەناو دڵتدا شاردۆتەوە بزانم.

٢- مۆسیقای ناوەوە: ڕیتمە، ڕیتم ( الایقاع- ترپە ): بەدوایەکداهاتنێکی ڕێک و گونجاوە لەسەر یەک هێڵ کەوا سیستەم و گۆڕان و هاوتایی و هاوسەنگی و وێکڕایی و پاتەبوونەوەیە. ( ڕیتم زیاتر لەسەر سیستەمی ڕێکخستنی داهاتووە....جۆری دەنگەکان، بزۆێن و نەبزوێن وجۆرەکانیان لە ڕووی کورت و درێژیانن سیستەمی دابەشبوونی بزووینەکان دووبارەبونەوەی بزوینێک، یان چەند بزوێنێک لەمەودایەکی زەمەنی دیاریکراودا.

ڕێکخستنی دەنگەکان لەگەل یەک بەگوێرەی سرووشتی زمانەکە برگەی کورت و درێژ، یان بەهێزی وبێ هیزی دیتە ئاراوە، بویە ئەگەر شاعیر خاوەن دەرونێکی جیگیر و ئاسودە بوو، ئەوا ڕیتمی شیعرەکەی بەهیز و جێگیر  دەبێت، بەلام ئەگەر دەروونی شلەزاو بێت ئەوا ڕیتمێکی پچرپچر، یان هەر نەبێت ڕیتمێکی پڕ لەخەموناسۆری دێتە ئاراوە، هەرچۆنێک بێت شیعر لە دەنگ دروست دەبێت و دەنگیش ئاواز و ڕیتمە) . دەتوانین بڵێین ڕیتم گونجاندنێکی جووڵەی واتاکان لە خۆ دەگرێ، بۆ نموونە لە هۆنراوەی ( چەند فرمێسکێکی  پەمەیی )دا، گونجاندنێکی جووڵەیی وشەیی و واتایی بەرچاو دەکەوێت، هەروەکو، دەڵێت:

ئەم یۆتۆپیای مەرگە  چیە ؟
ئەم مەملەکەتی گریانە بۆ
فرمێسکی سەفەرو
فرمێسکی غوربەت و
بەیەکگەیشتنەوە و
دابڕانە  ...چیم بۆ دەکا؟

لێرەدا ( فرمێسکی سەفەر، فرمێسکی غوربەت ) بەدوا یەکداهاتنێکی ڕێک و گونجاو هاتووە، کە ڕیتمێکی جوانی بۆ شیعرەکی ڕەخساندووە.

**- ئێستاتیکای وێنەی شیعری:**

وێنە لە زۆر بواری ژیاندا گرینگە بەتایبەتی شاعیران و نوسەران، وێنە دەکەن بە هەوێنی نوسین و شیعرەکانیان، گرینگی وێنە لەوە دایە کە دەتوانێ شاعیری پێ بناسیتەوە، ( وێنەی شیعری وەک وێنەکێشانی تابلۆیەکی شێوەکار نییە، لە هەموو جۆرەکەرەستەیەک و لە هەموو بوارێکدا بخولقێ، بەڵکو وێنەیەکی ڕەوانبێژییە و هەندێ جاریش لە ئەفسانە و ڕەمزەکان دروست دەبێ و لەلایەن ڕەخنەگرانی ئەدەبی هاوچەرخەوە دەبێتە بنچینەیەک بۆ ڕەخنەی شیعر و لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەی وێنە هەمەجۆرەکانی هۆنراوەی شاعیردا دەتوانن بگەنە دەسەڵاتی خودی شاعیرەکە لە خولقاندنی هۆنراوەی سەرکەوتوودا، جگە لەمە لەتوانای وێنەی شیعریدایە کە دوولایەن بخاتە ڕوو، لایەنی دەروونی شاعیر و لایەنی واتایی. چونکە وێنە ڕەنگدانەوەی هەڵچوونەکانی شاعیرە، کە هەست و یادەوەرییەکانی لە دووتوێیدا دەخاتە ڕوو، واتە وێنە نەک تەنیا ناوەرۆکی شیعرە، بەڵکو شیعر خۆیەتی) . پەیوەندیەکی بەتین لە نێوان خەیاڵ و وێنەدا هەیە، بەو پێیەی وێنە گرینگترین بەرجەستەکانی خەیاڵە لە شیعردا.

کۆڵریچ، دەربارەی وێنە، دەڵێت: ( ڕاست نیە کە وێنە کۆڵەکەیەکی شیعرە، بەڵکو کرۆک و گیان و جەستەی شیعرە ) . کۆڵریچ، تێڕوانینێکی فراوانی بە وێنە بەخشیووە، وێنە بەجەمسەری و بنچینەی شیعر دەزانێ، پێیوایە شیعر بەبێ وێنە هیچ مانایەکی نییە.

لە ڕوانگەی ئەم پێناسانەی سەرەوە دەردەکەوێت، کە وێنەی شیعری یەکێکە لە ڕەگەزە هەرە گرینگەکان بۆ دروست کردنی زمانی شیعری بۆ ئەوەی لە زمانی ئاسایی جودای بکاتەوە، تاوەکو وێنەی شیعری لە قاڵبی خۆی بەرتەنگ دەرکەوێت زۆر جار ڕێبازە ئەدەبیەکان بە جیاوازی وێنە شیعریەکان، پێوان و ناسین بەکاردەهێنن. بۆ نمونە ( وێنەی شیعری لە پەرناسیزمدا یان سمبولیزمدا یان ڕۆمانسیزمدا یان کلاسیزمدا جیاوازی زۆریان پێوە دیارە، زۆر جار وێنەی شیعری سیمای قوتابخانەیەکی ئەدەبی دەستنیشان دەکات، لەوکاتەدا وێنەی هونەری ئەرکی زۆر و جیاجیای هەیە، وەک:

1- ئەرکی جوانکاری (ئیستاتیکا)ی هەیە.

2- ئەرکی پێکەوە بەستنی شیعری

3- ڕیتمی هۆشەکی (زهنی) دروست دەکات.

وێنەی شیعر لە هەندێک ڕەگەز پێکدێت وەک

1- زمان، 2- خەیاڵ ( ئەندێشە )، 3- سۆز، 4- بیر، 5- نەست ) .

له بارەی گرنگی وێنەی شعری ((عزرا باوند)، دەڵێت: ( وێنە تێکەڵ بوونی عەقڵ و سۆزە له چرکەیەک له چرکەکانی ژیاندا ) واته وێنه لەکاتی تێکەڵ بوونی عەقڵ و سۆز و خەیاڵدا دروست دەبێت، ئەمەش دەبێتە ( داهێنانێکی تەواوی بیر ). (نازک الملائکه)، دەڵێت: ( نەبوونی وێنه لەناو شیعردا زۆر له جوانی و ڕەسەنایەتی لەدەست دەدات )) .

وێنەی شیعری ڕەگەزێکی سەرەکی دەقی شیعریه و یەکێکه له پێکهاتەکانی چێژی دەق که ڕۆڵ و کاریگەری خۆی هەیه له بونیاتنانی ئێستاتیکای دەقی شیعریدا، بۆیه هەندێک له شاعیران و نوسەران زۆر گرینگی پێدەدەن بۆ جوانکردن و ڕازاندنەوەی دەقه شیعریەکانیان، هەروەها هەندێک له نوسەران پێیان وایه که شاعیر تەنیا وێنەی شته بەرجەسته کراوەکان ناگرێت، بەڵکو وێنەی شته واتاییەکانیش بەرجەسته دەکات، وەک (خەم، عەشق، خۆشی، ناخۆشی، غەریبی ...هتر)، بۆیه خوێنەر له ڕێگەی سەرنجدان و چەند جار خوێندنەوەوه دەتوانێت وێنه هونەریەکه دەستنیشان بکات، که ( سۆزی شاعیری تێدا دەتوێتەوەو بەرجەستەی بیروڕاکانی دەکات و بەشداری سۆزی چێژوەرگری شیعری دەکات و دەستنیشانی ئەو شتەش دەکات که دەیەوێ بیگەیەنێ، وێنه ئەو دەربڕینەیه، که هەست و بیری شاعیر دەگوازێتەوەو پشت به بەرجەسته کردن دەبەستێت نەک به لێدوان ) . بۆ نمونه وێنەی شیعر له یەکێک له شیعرەکانی، فەرەیدون عبدول بەرزنجی، دەڵێت:

گیانه با هەتا دەتوانم
بۆ ناو دوورگەی
چاوەکانی تۆ بڕوانم
سەرسام مەبه
هەتا ئێستاش
خۆم به ڕێبوارێکی وێڵی
دوورگەی چاوی تۆ ئەزانم

لێرەدا شاعیر داوا له خۆشەویستەکەی دەکات، که ڕوخسەتی بدات، هەتا دەتوانێت، له چاوەکانی بڕوانێ، چاوەکانی یارەکەی دەچوێنێ به دوورگه، که مەبەستی شاعیر ئەوەیه، که بەیار بلێ ئاسۆیەکی ڕوون و فراوان له چاوەکانتدا بەدی دەکەم، نەک هەر ئەوەندەش، بەڵکو ڕێبوارێکی وێله و تامەزرۆی بینینی چاوەکانی یاره. شاعیر وێنەیەکی له نێوان چاوەکانی خۆشەویستەکەی و دوورگه کردووه، دوورگه شوێنێکه، که هەموو لایەکی به ئاو دەورەدراوه،

مرۆڤ هەر وا بەئاسانی پێی ناگات، واتە شاعیر خۆی دەکاتە ڕێبوار، بۆ ئەوەی بە هەر شێوەیەک بێت، بەدوورگەی چاوەکانی خوشەویستەکەی بگات.

وێنەی شیعریش لەلای ( کەمال کەریم ) زۆر بەفراوانی بەکارهاتووە، هەروەها شاعیر لە(سوتانێکی لەسەرخۆ)دا، دەڵێت :

ماڵک هەیە
پڕیەتی لە دڵ
دڵێک پڕیەتی لەئاگر
لەئەشق ...لەمردن
ئەو هەر لە لەرزو و تا ئەچێ
حەزکا لەئارەقەی گەرما
سەهۆڵبەندانم پێ دەبەخشێ و
لەبەفرانباری زستان
تژیم دەکاتەوە لە گەرما
لێوان لێوم دەکا
لە نور لەبخور
ئەودڵە خۆی هەروابووە
ئەفیونێکە بەسەیرکردنێ
مەستت دەکا .

ئەگەر سەیرێکی شعرەکە بکەین دەبینین لە دابەش بوونی ووشەکان بەسەر کاغەزدا وێنەی دروست کردووە، واتە (تۆبۆ گرافیا )ی شعرەکە خۆی وێنەیەکی سەرنجڕاکێشە، لێرەدا دەکرێت شاعیر ماڵی بۆ شارێک یان بۆ واتاکەی خۆی، خێزان بەکار هێنابێ، هەروەها دەکرێت وەک ڕەمزێک بۆ خۆشەویستەکەی بەکارهێنابێت پێی وایە لە شارێکدا کە پڕیەتی لە ئافرەت و کە هاوشێوەی خۆشەویستەکەیەتی، بەڵام شاعیر بەیەکێک لە دڵەکان کەخۆشەویستەکەیەتی زۆر کاریگەر دەبێت هەروەها دەبێت ئەوەشمان لەبیر بێت، کە ئاگری وەک ڕمزێک بەکارهێناوە بۆ کاریگەر بوونی هێزی خۆشەویستەکەی لەسەر کەسایەتی هەروەها هێزوو کاریگەری خۆشەویستەکەی چواندووە بەلەرزو تا هەروەک چۆن کەسی نەخۆش لەبەفرو باراندا دەکەوێتە ئارەق کردن لە کاتی نەخۆشیدا، یان لەکاتی گەرمای زۆر بەتیندا نەخۆشی وایلێ دەکات شاعیر

بروای وایە کە  خۆشەویستەکەی هەمان ئازارو ناخۆشی بۆدروست کردووە. هەروەها پێی وایە جوانی خۆشەویستەکەی هەر لەمنداڵییەوە کاریگەری لەسەر دروست کردوە، بەڵام خۆی زۆر نائومێد بووە لەگەیشتن  پێی، بەڵام ئەوەش هەر خەون و خەیاڵە و  هیچیتری بۆ نامێنێتەوە لەکۆتایدا پێی وایە ئەوان، وەک دوو ئاشق لەبەیەکگەیشتنی یەکتر درێغیان نەکردووە، بەڵام جگە لە ئازار و ماندووبوون شتێکی تریان بۆنەماوەتەوە، وێنەی شیعری لەم شعرەدا دڵێتی کەوەک ماڵێک وایە لەسوتان و ناخۆشی وئازارکێشان.

## 6-ئیستاتیکای ڕەمز ( هێما )

ڕەمز بەهایەکی ئیستاتیکی تری شیعرە و ڕۆڵی گرینگی لە بنیادی شیعردا هەیە. زاراوەی ڕەمز (Symbol) لە بنەرەتدا لەوشەی (SYmballein) گریکییەوە وەرگیراوە، کە بەمانای  هاویشتنی بەیەکەوە دەگەیەنێ و ناوەکەی (symbolin) واتە نیشانە، دروشم، ڕەمز، ئاماژە ) . ڕەمز بەشێوەیەکی گشتی دوو چەمکی هەیە: 1- هێنانەوەی شتێک لە جیاتی شتێکی تر، یان گوزاشت و ئاماژە بۆ شتێکی تر دەکات. 2- ڕەمز کارلێکردنی نێوان دوو شتە یەکێکیان ئاشکرا و ئەوی تریان نهێنی. بەکارهێنانی ڕەمز مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە، دەگەرێتەوە بۆ سەدە کۆنەکان و هەر لەسەرەتای شارستانیەتی مرۆڤەوە، وەک شێوازێکی دەربڕین بەکارهاتووە، سەرتا وێنەکان ڕەمزی شتەکان بوون، پاشان وشەکان جێگەی وێنەکانیان گرتەوە. ئەم چەمکە  لە ئەدەب و هونەریشدا جێگەی خۆی گرتۆتەوە، وەک بەهایەکی ئیستاتیکی، یان لەبەر هۆکاری سیاسی و کۆمەلایەتی بەکارهێنراوە .

لە زۆربەی کاتەکاندا هێما وەک ئاماژە، یان کردار، یان هەر چالاکییەکی تری مرۆڤی دەردەکەوێت، کە توانای درکپێکردن و تێگە یشتن و لێکدانەوەی لەلایەن مرۆڤەوە هەیە، ئەمەش بەندە بەجیاوازی ئاستی ڕۆشنبیری و زیرەکی و توانای لێکدانەوەی، هەر ئەمەش وای کرد، کە ( زۆرێک لەشاعیر و نوسەران لە بەرهەمە هونەرییەکانییاندا، جۆرێک لە هێما بەکار بهێنن، واتە تەم و مژاوی و ناروونییان خستە بەرهەمەکانیانەوە، کە لێکدانەوە و ڕاڤەکردنیان ئاسان نەبوو) . واتە بەشداری پێکردنی خوێنەرە، لە پرۆسەی داهێنانەکەیدا، بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ

هەندێک پێناسە دەربارەی ڕەمز:

هێما هونەرێکی نوێیە و لە ئەدەبی کوردیدا، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئەدەبی هاوچەرخ، لە شیعری ڕوانگەییەکاندا بەشێوەیەکی فراوان و بەتایبەتی لای (شێرکۆ بێکەس ) زیاتر بەکارهاتووە،

بۆدلێر بڕوای وایە (دنیا شیعر لێوان لێوی لە هێما و ئاماژانە، حەقیقەت لە خەڵکی ئاسایی پەنهانە، تەنیا شاعیر بە زەبری ئەو ئیدراکەی هەیەتی، لە ڕێگەی تەفسیر و ڕاڤەی و شرۆڤە و ئەو هێما و ئاماژانەوە هەستی پێدە کات) ئەرسن کاسیرەر: دەڵێت ( ڕەمز بەرهەمێکی ڕۆشنبیرییە، دەچێتە ناو چوارچێوەی سیستەمی دەربڕین و لێکدانەوەی تایبەت بەمرۆڤەوە ) .

د. احسان عباس دەڵێ : ( ڕەمز واتایەکە لە پشت مانای ئاشکرایە لەگەڵ دانانی مانای ئاشکراش بە مەبەست) . لێرەدا وادەردەکەوێت کە مانای ئاشکراش دادەنێت بۆ شاردنەوەی ئەو مانایەی دەیەوێت بەبێ هۆنیە، بەڵکو لەمانا دیارەکەی دا مەبەستی خۆی هەیە.

فەرهاد پیر باڵ، دەڵێت: (ڕەمز لە دینایەکی شاراوە، یان بیرۆکەیەک کە هونەرمەند بۆ قوڵترکردنەوە و جوانتر کردنی بەرهەمێکی شاردویەتیەوە، کلیلی کردنەوەشی تەنها لای خوێنەرە)) ، هەروەها جبور عبدالنور لە بارەی ڕەمزەوە، دەڵێت: ( ڕەمز هەموو هێمایەک، یان نیشانەیەکی هەست پێکراو، کە شتێکی لەبەر چاو نەبوو، بخاتە دیار ).

ڕەمز و خوازە:

ڕەمز لە ئەدەبدا لەگەڵ خوازە و خواستن و لێکچواندن لە دایک دەبێ، واتە زۆر لێکنزیکن، بۆیە (ماریوپرانس)، دەڵێ: (ڕەمز و خوازە بەری دارێکن) واتە لە نێوان ڕەمز و خوازە پەیوەندییەکی بەتین و بەهێز هەیە، قوڵ چوونە خوارەوە بەدەلالەتی خوازەیی، ئەو کات خوازە دەبێتە ڕەمز، لەبەر ئەوە ڕەمز لوتکەیە، کە خوازە تیایدا کۆتایی دێت. تاقیکردنەوەی ڕەمز تاقیکردنەوەیەکی خوازەییە، کە هەوێنی ئالۆزییە، لە دەرکەوتندا لەلایەک پشت بە زەین ڕوونی و لەلایەکی تر بە کەواندن دەبەستێ، بەهۆی کەواندنیش دیمەنەکە دیاردەکات، لە خودی خۆی دێتە دەرەوە، دەیخاتە شتێکی دەرەکییەوە، ئەویش، کە ڕەمزە. ( ئامانجی فەلسەفەی جوانی، یان زانستی جوانی گەیشتنە بەکەماڵی تەواوی لە ڕێگای زانستە هەستییەکانەوە) . کەمال کەریم لە زۆربەی هۆنراوەکانیدا، زمانی لە شێوەی زەمزی خوازەییدا بەکار هێناوە، هەوەکو لەم هۆنراوەدا، دەڵێت:

وڵاتی ئەختە بووت

بابردەڵەی لێی پەشیمان

یا ئەشقی بەجێماوی

لە مەولەقی ئەو کچۆڵەی

هەتا توانیم ...خۆشم ویست و

درۆم پێ دا

شاعیر لێرەدا ناونیشانی هۆنراوەکە تەبا و گونجاوە لەگەڵ ناوەرۆکی هۆنراوەکە، ( وڵاتی ئەختە بووت ) وەک خوازە بەکارهاتووە، کە بەمانای وڵاتی جاڵجاڵۆکەیێت، کە هێمایە بۆ لەناوچون و

ڕەنج بەفیرۆچوون. نەک تەنها خۆی بەڵکو دەورو بەرەکەشی دەخاتە ژێر پرسیارێکی ئاڵۆزەوە، کە هەم هاوڕێکانی و هەم خۆشەویستەکەشی توشی هەمان پەتای بیرکردنەوەی نەرێنی و سەرلێشێواوی دەکاتەوە بەڕادەیەک هاوڕێکانی لەناو بواری خەیاڵەکاندا نقوم دەبن، پاشا پەنا بۆکردەوەی خۆسڕینەوە و لەناوبردن دەبەن، لەهەمان بواردا خۆشەویستەکەی نائومێد دەکات و ئەو بەڵێنانەی کە بە خۆشەویستەکەی داوە هەموویان بە درۆ ناو دەبات و پەشیمان دەبێتەوە، واتە خۆشەویستیەکەی شاعیر تەنیا بۆ کات بەسەربردن بووە.

### 2.3جۆەکانی ڕەمز لە شیعری شاعیردا:

ڕەمز ئاماژەیە بۆ شتێک لە ڕێگەی بوونی پەیوەندی لە نێوانیاندا، هەروەها پەیوەندی لە نێوان ڕەمز و هونەرەکانی ڕەوانبێژی، وەک ( لێکچواندن، خواستن و خوازە ). ڕەمز چەند جۆرێکی هەیە، لێرەدا هەندێ لەو ڕەمزانە دیاری دەکەین کە ( کەمال کەریم ) لە شیعرەکانیدا بەکاری هێناون:

یەکەم: ڕەمزی کەسی:

ئەم جۆر وێنەیە بەرهەمی خودی شاعیرە، بینینی کەسێتی ئەوە بۆ واقیع، شاعیر بە پێی خەیاڵ تێڕوانینی خۆی کۆمەڵێک ڕەمز دروست دەکات، بۆ نموون کەمال کەریم (مارمێبکە ) وەک ڕەمز بۆ بێ ئۆقرەیی و تەنیایی خۆی بەکارهێناوە، کە تایبەتە بەخۆی، هەروەک شاعیر لەشیعری (مارمێبکە )دا دەڵێت:

دەبێ چی بێ...؟
ئیمشەو
لەنێو جەنگەڵستانی ناوەوەم
شتێک بەرەو سەر
هەڵدەکشێ
وەک مار مێلکە
پەنجەی گۆشتن
بەدیواری پەردەی مێشکم
دەباتە خوار
من تەنیامەو
شەویش زۆری بەبەر ماوە

گەربۆم بکرێ

ئەم تەمەئەستورەی گەرووم

لەپەرداخی پێکی شەوم

دەتوێنمەوە

شیعرێکی کورت

لەسەر ئاواز و پێی

ئەم مارمیلکە دەهۆنمەوە

بۆتەنیایم دادەنیشم

تابەیانی دەیخوێنمەوە .

لەم هۆنراوەدا شاعیر هەست و دڵ و دەروون و ناخی پڕ تەنیایی دەردەبڕێت لەشەودا، کە دڵ و دەرون و ناخی بەجەنگە ڵستانێک دەچوێنێ، کەتێیدا چەندان جانەوەر هات و چۆی تێدا دەکەن وئۆقرە و ژیانیان لێ بڕیوە. مەبەستی شاعیر ئازار و خەم ودەرد و مەینەتییە، کە بەرۆکی گرتووە و لەشەوێکی ئاوادا بووە بەبار و لەکۆڵی نابێتەوە. شاعیر بۆ ڕزگاربوون لەو حاڵ و بارو دۆخەی تێیکەوتووە دەیەوێت بەپەرداخێک ئارەق خۆی ڕزگار بکات، ئەم گرفتە دەرونییە نەهێڵێت، یان بۆ تەنیایی خۆی هۆندراوەیەک دەنوسێت، دووبەدوو بەیەکەوە، تاوەکو بەرەبەیان بەیەکەوە دەیخوێنینەوە، لێرەدا شاعیر مارمێلکەی وەک ڕەمزێک بەکارهێنابێت، کەئەویش دەکرێت دڵی خۆشەویستەکەی بێت، یان بۆمەبەستێکی تربێت، کە لەوانیە، هەرخۆی بزانێت، شاعیر لەگەڵ دەروونی خۆی دەدوێت و ئەو ڕەمزانەی بەکاریشی هێناون بۆ دڵنەوایی خودی خۆیەتی.

دووەم: ڕەمزی گشتی:

ئەو ڕەمزانە دەگرێتەوە، کە لەناو زۆربەی میللەتان بۆ هەمان واتا و مەبەست و پیرۆزی بەکار دەهێنرێن، ڕەمزی گشتی دەکرێت بە چەند جۆرێکەوە، کە ئەمانە دەگرێتەوە:

أ- ڕەمزی ئاینی:

ئەو ڕەمزە پیرۆزیانە دەگرێتەوە، کە لە بنەما ئایینییەکانەوە وەرگیراون، چونکە ئایین دەروازەیەکی سەرەکییە، بۆ سەرنجڕاکێشانی میللە، بۆیە شاعیران هەوڵدەدەن لە ڕێگەی بەکارهێنانی هێما ئایینییەکانەوە متمانەی کۆمەڵ بەدەست بێنن، چونکە ئایین گوزارشتە لە بیروباوەڕی میللەت، بۆ نموونە، شەهید نیشانەی پلە بەرزی و پیرۆزی و گەیشتنە بە پلەی

بەرزی پاک بوونەوە و نەمری، نیشانەی ئازایەتی و قارەمانییەتی، هەروەکو ( کەمال کەریم لە شعری ( شعرو شەهید )دا، دەڵێت:

نیوە شەوەێ
تاریک و نووتەک
شعرێک بڵێسەی
لێ هەڵسا
بەرز هەڵچوو
بەرەو  ئاسمان
باڵی لێک دا
لە بنارێک گڵکۆی شەهیدێک
ئاوێزانی بۆ کردەوە
بۆیە
ئەگەر لەپشت کێلی
هەر قەبرێکە
ئاگارتان دیت
سوور بزانن
ئەمە گۆڕی
شەهیدێکەو
لەم شەوەدا
هەتوانی  شعرێکی  ناسک
زامەکانی  بۆ ماچ ئەکا

لیرەدا  شاعیر  باس  لە گەورەییی شەهید دەکات لێکچواندتی بەکارهێناوە لە نێوان شیعر و شەهیدا پێی وایە، کە پلەی شەهیدان زۆر بەرزە، بۆیە لە نیوە شەودا دەکرێت لەبەر پاکی و گەورەی نوور و ڕووناکی لە تاریکی شەودا لە گڵکۆی شەهید بەرز بێتەوە، هەروەها پێشی وایە ئەگەر لە گۆڕەستانێکدا لە تاریکە شەودا ڕووناکیەیەک یان ئاگرێک داگیرسا و ببیندرێت ئەوا هێمایە بۆ بونی شەهید لە گۆڕەستانەدا. شاعیر وێنەیەکی هونەری جوانی بەکارهێناوە، کە شعرەکانی چواندووە بە شەهید لە بەرزی پیرۆزی و مانەوەیاندا.

ب- ڕەمزی سروشتی:

سروشت ئەو پانتاییە فراوانەیە، کە مرۆڤ لەسەری دەژی و مرۆڤ بە بێ سروشت بوونی نییە، چونکە مرۆڤ تەواوکەری کەلێنەکانی سروشتە. ئەم ئاوێتەبوونەش وایکردووە، کە ڕەنگدانەوەی لەسەری هەبێت، شاعیران، لەهەموو کەس زیاتر جوانییەکانیان بەرجەستەکردووە و هەوڵی لێکچواندنیان داوە لەگەڵ ویستی دڵی خۆیان، دیاردە سروشتییەکانیان، وەک هێماو نیشانە بەکار هێناوە. (( لێکدانەوەی هێمای سروشتی بەندەبە زانیاریمان لە بارەی دونیای دەروە، واتە پێویستی بە زانیاری سروشتییە بۆ لێکدانەوەی ئێمە، ( دوکەڵ هێمایە بۆ ئاگر ) کە پەیوەندییەکی هۆیی لە نێوانیاندا هەیە)) ، هەروەک، کەمال کەریم لەشیعری (ژیان )دا، ڕەمزی سروشتی بۆ تەمەن بەکار هێناوە و دەڵێت :

ڕەنگە

لەدوای دە ساڵی تر

جارێتر منداڵ ببمەوە

کەچی ناتوانم

یاری هەلووکانێ بکەم

ئێمە گۆمێکی وەستاوین

ووشک دەبین و

لیخن دەبین بەبارانێ

ژیانم =بەتەنیای

گەڕانەوە وئاوابونە

ناوم هەر(کەماڵە ) وبڕایەوە

شکڵم ئەسمەرێکی گەنم ڕەنگە

تەمەنیشم کەس نایزانێ

پیاوەتیم ون بووە

ئەمەپێی دەڵێن ژیان

بونم کەی وچۆنە

لای من زیاتر لە دەنگێ

بەباڵەبانێک دەچێ

کەلەڕەزم و جوڵەی ئاوازەکانی

تێناگەم
بەڵام بۆشایی هەڵدەپەرم .

لەشیعری ژیاندا مەبەستی شاعیر ئەوەیە دەیەوێت بگەڕێتەوە بۆ ژیانی منداڵی ئەوساتەی لەتەک منداڵان یاری کردووە، بەڵام بەهۆی تەنگ و چەڵەمەی ڕۆژگارەوە غەرقی دەردو ومەینەتی و ئازار بووەتەوە، شاعیر توشی حاڵەتێکی دەروونی توند بووەتەوە، دەیەوێ بگەڕێتەوە بۆ ئەوشتە لە دەستچووانەی سەردەمی منداڵی، کە لێی بێبەشبووە، ئەویش یاریکردنی گەڵ منداڵانی هاوڕێی، کە ئەمە شتێکی مەحاڵە، تەنیا دەیەوێ بەخۆزگەیەکیش بێت، دڵنەوایی خۆی بکات. هەروەها بەردەوام دەبێت و دەڵێت: ئێستا هەموومان وەک گۆمێکی وەستاوین، کە بەباران دەژییەتەوە، گۆم خاسییەتی وایە، کە ئاوی تێنەچێت، لەگەڵ پەیدابوونی وەرزی گەرما ئەویش وشک دەبێت، لێرەدا گۆم هێمایە بۆ تەمەنی مرۆڤ، ئەمەش گوزارشتە لە هێمایەکی سروشتی، تەمەنی مرۆڤ دەچوێنێ بە گۆمێکی وەستاو لەوەرزی گەرمادا، واتە مرۆڤ هەر لە لەدایکبوونەوە بەردەوام تەمەنی بەرەو کەمبوونەوە و پیری و مردن دەڕوات، شاعیر پێیوایە ژیان بۆ ئەو هیچ مانایەکی نییە، چونکە جگە لە ئازار و مەینەتی هیچی تری پێنە بەخشیوە بەڵگەش بۆ ئەوە، کە ژیانی گۆڕانکاری تێدا نەکراوە، ئەوەتا وەکو جاران ناوی (کەماڵە)و بەس ڕوخساری ڕەنگی گەنمی گرتووە، واتا پیر بووە و تەمەنیشمی بەهۆی گرانی سەختی ژیانەوە کەس سەری لێ دەرناکات. هەروەها ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە ئێستاش ژیان لای ئەو لە باڵەبانێک دەچێت، کە لە ئاواز و بەرز و نزییەکانی تێناگەم، بەڵام بە ناچاری دوای ژیان کەوتووە و بە ئاواز و بەرزونزمییەکانی کەیف و شادی دەکات و هەڵدەپەڕێ. شاعیر لێرەدا وێنەیەکی جوانی بەکار هێناوە کەژیانی بەباڵەبان چواندووە، کەکۆمەڵێک ئاواز و ڕیتمی تێدایە، هەروەها ژیانیش کۆمەڵێک خۆشی و ناخۆشی تێدای کەدەبێت پێی ڕازیبین .
هەروەها لەشیعرێکی تردا باسی مرۆڤە خراپەکان دەکات لەشعری (مرۆڤ و جانەوەردا )، دەڵێت:
مارە زەتگوڵ
دارەکان
لەهەوەس بازی و
مرۆڤ
خیانەت
مێروو
لەماچی سەرە ڕێ و

مرۆ ڕێ بایی
هەنگ
گوڵمژین و
مرۆڤ
جودایی .

لێرەدا شاعیر لێکچوواندنی بەکارهێناوە لەنێوان مرۆڤ و چەند گیانلەبەرێکدا، وەبڕوای وایە ئەو مرۆڤانەی کەزیان بەخشن هیچ سیمایەکی مرۆڤ بوونیا تێدانییە، بەڵکو زیاتر لەئاژەڵە زیانبە خشەکانی، وەک مارە زەنگوڵ دار و مێرووە زیانبەخشەکان دەچن.

شاعیر مرۆڤە خراپەکانی چواندووە بە مارە زەنگوڵدارەکان، کە گیانلەبرێکی زۆر زیانبەخشن، یان بەمێروە زیان بەخشەکان، کە ئەوانیش هیچیان لە مارەکان کەمتر نیە لێرەدا شاعیر دوو وێنەی جوانی دروست کردوو، مرۆڤە باشەکانی بەهەنگ چواندووە، کە پێی وایە مرۆڤی باش، وەک هەنگ سود بەخشە، هەروەک چۆن هەنگ کاتێک کە گوڵ دەمژێت سودی پێدەگەیەنێت واتە هەنگ ڕەمزە بۆ بەرهەمهێنانی چاکە و مرۆڤە خراپەکانیش بە مارو مێرووە زیانبەخشەکان چواندووە، کە ئەم مار و مێرووانە ڕەمزن بۆ خراپە.

ج- ڕەمزی مێژووی:

گوزارشت لەو ڕوودا و کارەساتە مێژوویانە دەکات، کە لە ڕابردوودا ڕوویانداوە، پەیوەندی و هاوشێوەیەتی لەگەڵ ڕوودا و کارەساتی ئێستادا هەیە، گادامێر، خاوەنی چەمکی ئاسۆیی مێژووییە، چەمکی ئاسۆی مێژوویی بۆ شیکردنەوەی مێژووبەکارهێنا، کاتێک پێی وابوو لە دەرەوەی زەمەنی بوونەوەردا هیچ بە دیهاتێک نییە و ئەم زەمەنە بوار دەدات، ئاسۆی ئێستا تێکەڵ بە ئاسۆی ڕابردوو بکرێت، بەمەش ڕەهەندێک دەدات بە ئێستا، کە هەنووکە تێدەپەڕێنێت و دەیبەستێتەوە بە ڕابردووەوە، بەهای ئامادەییەکی هەنووکەییش دەدات بە ڕابردوو و وای لێدەکات شیاوی تێگەیشتن بێت . واتە گادامێر پێوایە مێژوو بەڵگە نامەیەکە ئەو ئەزموونانەی لەخۆ گرتووە، کە ناکرێ لەکاتی بەدەستهێنانی تێگەیشتنی ڕاستەقینەی سەراپاگیردا پشتگوێ بخرێن، کەمال کەریم لە هۆنراوەی ( هێرۆشیما )، هەوڵدەدات ئەم پەیوەندییە مێژووییە، ببەستێتەوە، بەکارەساتێکی هاوشێوەی هێرۆشیما، کە ئەویش کیمیا بارانی هەڵەبجەیە، هەروەک، دەڵێت: :

هەڵەبجە
لە یابانی هەندەرانیش گەورەتر بووی

دەنا هەرگیز ...کراسە ئاگرینەکەی  هێرۆ شیما
بەبەری تۆدا  نەدەکرا
نەورۆزەکەی
هەزار ساڵە برینداری و
زمانی کەوتن نازانی
چیتر مەگری
جارێکی تر نەهەڵەبجە
کەژاوەی سپی مردنی
پێدا دەدرێ
نەدار بەڕووش
لەبەر پشتێندی
شکێرێک هەڵدەتەندرێ

لەم شعرەدا شاعیر باس لە کارەساتی هەڵەبجە دەکات و بەراوردی دەکات بە شاری هێرۆشیمای یابانی، پێی وایە هەمان کارەساتی جەرگبڕی ئەو شارەیان بەسەر هەڵەبجەدا هێناوە، پێشی وایە، هەڵەبجە وەک نەورۆز خۆ ڕاگرە، کە ناوبانگی خۆڕاگریەکەی بزر ناکات، هەروەک چۆن نەورۆز هەزاران ساڵە خۆڕگری تێدا بەدی دەکرێت، ناو و یادی بە زیندووی ماوەتەوە و بووەتە جەژنێکی نەتەوەیی،  کارەساتی هەڵەبجەش بەهەمان شێوە یاد و زیندووی بەبەرزی دەمێنێتەوە. جارێکی تر ڕوو دەکاتەوە  هەڵەبجە و پێی دەڵێت: جارێکی تر کەس ناتوانێ شەهیدت بکاتەوە، چونکە تۆ وەکو داربەڕوو خۆڕاگریت.

د- ڕەمزی (هێما )ئەفسانەیی:

ڕەمزی ئەفسانەیی لە زاراوە و چەمکی ئەفسانە (Myth) یۆنانییەوە هاتووە، کە چیرۆکێکە راستی تێدانییە، زۆر ئەفسانە لێکدانەوەی سەرەتایین بۆ سیستەمی سروشت و هێزەکانی گەردوون . کە کۆمەڵێ وێنەی خەیاڵی خێر و شەڕ و ژیان تێیاندا بەر جەستەکراوە. شاعیرانی کورد بۆ چەند مەبەستێک هێمای ئەفسانەیان بەکارهێناوە، یان بۆ مەبەستی ڕازانەوەی شیعری، یان بۆ شاردنەوەی ئەسڵی مەبەستەکە لە بارودۆخی سیاسی ناجێگیردا، یاخود بەمەبەستی لێکنزیکی لەگەڵ ڕووداوێکی سەردەمی.

ڕەمزی ئەفسانەیی لایەنێکی گرینگ بووە لەشیعرەکانی ڕوانگەییەکان و زیاتر ئاوریان لەم مەسەلەیەداوەتەوە، وەک لەشاعیرانی پێش خۆیان. پێیان وابووە، کە ( هێما لەشیعری نوێدا

ڕۆڵێکی گرنگی لەبنیاتی شیعردا هەیە، بەشێوەیەکی چڕو پڕ و قووڵ مامەڵەی لەگەڵدا کراوە و پشتیان بە ئەفسانەی میللی و جیهانی دەبەستێ ، تاسیمای نوێ و ڕەنگین بە شیعرەکە ببەخشێ . ( کەمال کەریم)یش بەهەمان شێوەی ڕوانگەییەکان ئەفسانەی جیهانی بەکار هێناوە، هەروەکو لە هۆنراوەی ( دایکم سیزیف و باوکم بەرد )دا، دەڵێت:

دایکم سیزیف وباوکم بەرد
باوکم بەردێکی گەورە و
دایکم کۆڵێکی ناسک و سۆزدارە
بێ هودەیە بەرامبەر بەژیانم
ماندوبوون نازانێ میوانی چ وەختێکە
ئەوهەردەم چاوێکی خەم دەهۆنێتەوە
چاوێکی خەو دەبینێ

لەم شیعرەدا ئەفسانەی سیزیف دەبێتە بەشێک لەبیرکردنەوەکانی شاعیر و بۆبیرکردنەوە سلبییەکانی بەکاری دێنێت ("سیزیف" ئەفسانەیەکی گریکییە بە ناوی (تاشە بەردی سیزیف) بەکاردێت، کە چۆن ئەو کەسە ئەفسانەییە خواوەند لەسەری فەرز کردبوو، تاشەبەردێکی گەورە بەبێ نووستن و حەسانەوە بەسەر کێوێکی زۆر بەرز سەربخات، هەرجارێکی بحەسێتەوە یان بنوێ ئەو تاشەبەردەکە دێتەوە بنی کێوەکە و "سیزیف"یش هەرچەند دەکات بۆی سەرناخرێتەوە و لەکارەکەی سەرناکەوێت، شاعیر ئەو (سیزیف)ە بۆ مەبەستی خۆی بەکاردەهێنێت) و لەهەمان کاتدا خەم و چەوسانەوەکانی ژنی لەوێنەی دایکیدا دەخاتە ژێر تێڕوانینەکانی خۆیەوە، پێی وایە ژن لەو کۆمەڵگایەی شاعیری تێدایە هەمان سیزیفە کە پیاوی لەشێوەی بەردێکی ناقۆڵای گران و قورسدا خستۆتە سەرشانی و بە درێژایی ژیانی لەژێردا نرکە و ناڵەی نائومێدی دێت، لەگەڵ ئەو هەموو چەوسانەوەی ژندا، بەڵام تروسکەیەک ئومێدی هێشتۆتەوە بۆ ئەوەی خەو بەئازادییەوە ببینێت.

پاشکۆ

کورتەیەک لە ژیانی کەمال کەریم عبدالله لە ١٩٦١/١١/٢٥ لە شاری کۆیە لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی ناوەندی لە شاری کۆیە و لە ساڵی1982 ئامادەیی پیشەسازی لە شاری هەولێر تەواو دەکات 21/ 12/ 1982 لە شاری بەغداد لە بەرێوەبەرایەتی چاودێری کۆمەڵایەتی دادەمەزرێت، ساڵی 1992دەگەرێتەوە بۆ کۆیە لە10/ 17/ 1995 لە هەولێر لە بەڕێوەبەرایەتی کۆمەڵایەتی دادەمەزرێت، لە ساڵی 1996 لە وەزارەتی تەندروستی دەگوازرێتەوە بۆ وەزارەتی

پەروەردە و وەک یاریدەدەری تەکنیکی لە ناوەندی ئەردەڵان لە کۆیە دادەمەزرێت، لە 2004/12/23 جیهان جێدێڵت لە شاری کۆیە بەخاک دەسپێردرێ .

**7-ئەنجام:**

١- ئیستاتیکا وەک چەمک و زاراوە، هونەری ڕازاندنەوەی دەقی ئەدەبی و هونەرە جوانەکانی ترە. زۆربەی سەرچاوەکان لەسەر ئەوە کۆکن کە زاراوەی ستاتیکا بۆ یەکەم جار لە نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەهەمدا بەکار هاتووە.

٢- ئیستاتیکای دەق بەپێی قۆناغ و سەرهەڵدانی ڕێبازە ئەدەبییەکان دەگۆڕێت، هەر ڕێبازە و بەپێی تایبەتمەندی و قۆناغەکەی خۆی، ئیستاتیکا لە ڕوویەکی دەقدا دەبینێتەوە، ئەگەر تەماشای شیعری کلاسیکی کوردی بکەین، ئیستاتیکا لە کێش و سەروادا دەبینێتەوە و ڕۆمانتک لە گەڕانەوە بۆ زمانی سادەی خەڵک و سروشت و تەنیایی و خەڵوەتدا دەبینێتەوە، شیعری هاوچەرخیش ئیستاتیکا لە هونەری زمانی شیعریدا دەبینێتەوە.

٣- دیارترین ڕێبازی ئەدەبی لە کۆندا، کە کۆک و تەبا بێت و گرنگی بەم هونەرە دابێت ڕێبازی پەرناسیزمە، لە ئەدەبی کوردیشدا بەتایبەتی لە شیعری گۆراندا ئیستاتیکایەکی زۆر جوان و واقیعیانە بەدی دەکرێت.

٤- لە قۆناغی هاوچەرخ و نوێخوازیدای شیعری کوردیدا، ئیستاتیکای دەق خۆی لە هونەری چۆنیەتی بەکارهێنانی زمان و وێنەی هونەری و مۆسیقا و بەکارهێنانی هێمادا دەبینێتەوە، وەک: هێمای ( سروشتی، مێژوویی، ئاینی و ئەفسانەیی ). ئەم هونەرانەش لە شیعرەکانی (کەمال کەریم)دا بەکار هاتوون و ئێمەش بەشێوەیەکی پراکتیکی باسمان لەو شیعرانە کردووە، کە ئەم هونەرانەیان تیا بەرجەستە بووە.

٥--زمان لای (کەمال کەریم) بایەخ تایبەتمەندی خۆی هەیە. هەوڵی داوە لە هۆنراوەکانیدا زمانێکی سادە و ساکار بەکار بهێنێت و پەیڕەوی کێش و سەروای ئازادی کردووە.

**8-ليستی سەرچاوەكان :**

**یەكەم: كتێب:**


١ – أحمد، ئاری صبحی(2009) غزەل و قصیدەكانی ( حاجی قادری كۆیی ) لە ژێر تیشكی لێكۆڵینەوەدا، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

٢ – محمود، ئازاد(2005) بونیادی زمان لە شیعری هاو چەرخی كوردی دا لێكۆڵینەوەیەكی تیۆری پراكتیكی شێواز گەرییە، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

-٣ زیاب،ئەبوعوبەیدە عەبدوڵلا (2005)هۆزانا نویخازی ل دەڤەرا بادینان، ژ دەستپێكێ هەتا سالاێ2000، چاپی، و، پەروەردە، هەولێر.

-٤ عەبدوڵلا ،ئیدریس(2003)، جوانكاری لە ئەدەبی كوردیدا، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.

-٥ قەتوس، موحمەد ، بەسام تاتانی(2011)،دەروازەیەك بۆ میتۆدەكانی ڕەخنەی هاوچەرخ، چاپانەی شڤان، چ١، سلێمانی.

-٦ سابیر، پەرێز(2006) ڕەخنەگری ئەدەبی كوردی و مەسەلەكانی نوێ كردنەوەی شیعر، چ١، دەزگای ئاراس، هەولێر.

-٧ ئەحمەد، جەبار (2008). ئیستاتیكای دەقی شیعری كوردی، چ١، چاپ وپەخشی سەردەم، سلێمانی،

-٨ سەید حسینی، ڕەزا، و: عارف، حەمە كەریم (2006)، قوتابخانە ئەدەبییەكان، چ١، چاپخانەی موكریان، هەولێر.

-٩ ژان بودریار، تونی پیكنی، و: ئیسماعیل زادە،ئیسماعیل(2009). پرسەكانی مۆدێرنیزم.. ، چ١، چاپخانەی هاوسەر، هەولێر.

-١٠ گەردی، سەردار ئەحمەد حسن(2004) ، بنیادی وێنەی هونەری لەشعری كوردیدا (1970 – 1991) چاپ وپەخشی سەردەم، سلێمانی.

-١١ میران ، سەردار حە مەد و شارەزا، كەریم مستەفا(1390ه) ، دیوانی حاجی قادری كۆیی، انتیشارات، كردستان، سنندج.

-١٢ المازی ، شكری عزیز ، و: گەردی، سەردار ئەحمەد(2010) ،تیۆری ئەدەبی، چاپ، ماردین، هەولێر.

-١٣ گەرد، عەزیز (1972)، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی كوردیدا، بەرگی یەكەم، چاپخانەی شارەوانی، هەولێر١٩٧٢.

١٤- گەردی، عەزیز (1975)ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا، بەرگ2، چاپخانەی شارەوانی هەولێر.

١٥- سوجادی، عەلائەدین (1978).خۆشخوانی، چاپی مەعاریف، بەغدا.
١٦- پیربال، فەرهاد(2004) ڕێبازە ئەدەبییەکان، چاپ، ئاراس، هەولێر.
١٧- بەرزنجی، فەرەیدون عبدول(2004) دیوانی شیعری چ١، چاپخانەی تیشک، سلێمانی.
١٨- بەسیر، کامل حەسەن(2015) مێژووی ڕەخنە سازی، چاپ، غەزەلنووس، هەولێر.
١٩- کەریم، کەمال(2006) دابڕانی گوڵا یاسمینە کانی ڕوح، چ١، چاپەمەنی ئەزمەڕ، سلێمانی، 2006.
٢٠- میراودەلی، کەمال مامەند، فەلسەفەی جوانی و هونەر (ئیستاتیکا )، زانکۆی سلێمانی،

٢١- شارەزا، کەریم (2005)ئەفسانە لەشیعری هاوچەرخی کوردیدا، چ١، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.
٢٢- زێوەر ،(2008)محمود ، دیوانی بەختیار زێوەر، چ٣، دەزگای ئاراس، هەولێر.
٢٣- مەلا کەریم، محەمەدی(1972) دیوانی سالم، چ٢، چاپخانەی کوردستان، هەولێر.
٢٤- مەلاکریم، محەدی (1390)دیوانی گۆران، نشر، تهران آنا.
٢٥- حەمە ساڵح، مقداد (2013).سەرنجێک لەسەر ئیستاتیکا، چ١، چاپەمەنی گەنج ، سلێمانی.
٢٦- موحسین ئاوارە،( 2006).لەژێرساباتی شیعردا، لێ توێژینەوە و بۆچوون و رای هەمەجۆر، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر،
٢٧- نهێلی، نعمت الله حامد(2010). دەراڤەک ژ ڕەخنێ (ڕەخنەو ڤەکۆڵین)، چ١، چاپخانەی هاوار، دهۆک.
٢٨- حسین، هیمداد(2007). ڕێبازە ئەدەبییەکان، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
29- خۆشناو، هێمن عومەر(2009). شیعریەتی دەقی چیرۆکی کوردی، لێکۆڵینەوەی شێوازگەری پراکتیکییە، چاپخانەی ڕۆشنبیری .
30- عبدالله، ئیدیس (2003).جوانکاری لە ئەدەبی کوردیدا، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی .

**دووەم: نامەی ماستەر:**

٣١- مستەفا، ئاسۆ عمر(2003) بەها ئستاتیکیەکانی شیعری لای پیرەمێرد، شێخ نوری شێخ سالح،
گۆران، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، 2003.

٣٢- زاهیر ئیسماعیل سەعید، ڕۆڵی گروپی نوێخوازی وێران لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی کۆیە، ٢٠١٤.

سێیەم: گۆڤار: أ- کوردی:

٣٣- قەرەداغی، ئەکرەم (2007) سینبولیزم لە ئەدەب و هونەردا، گ (ئاینده)، ژ(70)، کانونی دووەمی،

٣٤- عەبدولا،ئیدریس(2011) فەلسەفەی جوانی لە ئەدەبی مۆدێرنی کوردی،گ(23)، ژ(3)

٣٥- فرهادی، ساجیده عبدالله (2014) واتای وشه لە نێوان دیدی فردیناند و سۆسێر و هالیدای، مجله الاستاز، الحدد( ٢١١)، بغداد، ص ٤٧٧.

٣٦- گەردی، سەردار ئەحمەد(2013) کاریگەری مۆسیقای غەزەلێکی جزیری لەسەر قەسیدەیەکی وەفایی، گۆڤاری ئەکادیمای کوردی، ژ(24)، هەولێر، 2013.

٣٧- د. عەبدوڵڵا خدر مەولود، نالی و فەلسەفەی جوانی ( ئێستێتیکا )، گ(ڕامان)، ژ(٩٠)، هەولێر،

٣٨- کانت،(1995) عەمانوێڵ ، گۆڤاری (وێران)، ژ(2)، 1995.

٣٩- پیربال، فەرهاد، ڕیالیزم، گ(ڕامان)،ژ(83)، هەولێر .

٤٠- مستەفا، کانیاو عوسمان و د. نەوزاد وەقاس(2012) وێنەی شیعری لە شیعرەکانی ( ڕاجی )دا،گ(ئەکادیمیای کوردی)، ژ(٢٢)، هەولێر،٢٠١٢، ل ٧٠.

٤١- د. کمال معروف،٢٠٠٥. ڕەمز لە شیعرەکانی ( شێرکۆ بێکەس)دا، گ(ڕامان)، ژ(١٠١)، هەولێر،

چوارەم: مەڵپەری ئەلکترۆنی:

٤٢- نەریمان عبدالله خۆشناو، ڕەمز ومەغزا لە چیرۆکەکانی فەرهاد پیربال، چ١، چاپخانەی ؟ ، ؟.

# ئەندێشە

# لە شیعرەکانی مدرک ژاڵیدا

# ئەندێشە لە شیعرەکانی مدرک ژاڵیدا

د. ڕزگار عومەر فەتاح     م.پەیام جەبار سوارە

## 1_پێشەکی:

ئەندێشە یەکێکە لە بنەما سەرەکی و پڕ بەهاکانی شعر بە گشتی .شیعری ڕۆمانسیزمی بەتیابەتی و پێگەیەکە بەرزو بەهێزو کاریگەری لەم بوارەدا هەیە. جگە لەمەش ئەندێشە پێکهاتەیەکی سەرەکی وێنەی شیعریە و ڕۆڵێکی سەرەکی لەم ڕوەوە دەبینێت . ئەندێشە و خەیاڵ سەرچاوەیەکی لەبن نەهاتوی هەموو بەرهەمێکی شیعری و هونەریە و کەم تا زۆر کاریگەری لەسەریان هەیە چونکە هەموو بیرەکان لە ڕێی ئەندێشەوە بە جوانی نیشان دەدرێت. ئەندێشە لە ژانەرەکانی ئەدەب بە گشتی لە شیعریش بە تایبەتی دەتوانرێت گەشە بکات. هەڵبەتە ئەندێشە ژانەرەکانی ئەدەب و زانست و بوارەکانی تری نوسین ناتوانێت بە ئارەزوی خۆی تەخشان و پەخشان بکات سنوری زۆر بەرتەسکە تەنها لە بواری ئەدەبیات و شیعردا توانای سەرکێشی هەیە و دەتوانێت بگاتە ترۆپکی ئەفراندن. ئەو ڕەگەزە زیندوەیە کە گەشەکردنی بەدرەوام بە شیعر دەبەخشێت. تیشکەکانی سنور دەبەزێنێت لەگەڵ ڕۆح ئاوێتەی یەکتر دەبن لە هەموو کات و ساتێکدا هەر چالاکە و کاریگەری خۆی هەیە.

ئەگەر ئەمە چەمک و ئەرکی ئەندێشە بێت دەبێت ئەم ڕەگەزە هونەریە چۆن لە ناخی مودرک ژاڵیدا هەڵبقوڵێت، ئەندێشەی شیعری بەکارهێناوە بۆ سارێژی خەمەکان و هەتوانی برین هەڵبژاردنی ئەم بابەتە دەگەڕێتەوە بۆ گرینگی بابەتەکە خۆی بە هۆی ئەوەی هیچ کاتێک هەوڵێکی وانەدراوە بۆ باسکردنی تێرامانە شیعریەکانی مودریک ژاڵی.

**سنوری توێژینەوەکە :** سنوری توێژینەوەکە لە چوارچێوەی ئەندێشەی شیعری لە شعرەکانی مودڕیک ژاڵیدا چڕدەبێتەوە بریتیە لە نیشاندانی ڕەنگدانەوە و کاریگەری ئەندێشە لە شیعرەکانی شاعیردا.

**ئامانجی توێژینەوەکە :** ئامانجی ئەم توێژینەوەیە سەرەتا خستنەڕوی چەمک و زاراوەی ئەندێشەی شیعریە ، دواتر ڕونکردنەوەی ئەندێشەو کاریگەری لە شیعرەکانی مودیک ژاڵید ، جۆرەکان و چۆنیتی دارشتنی لە لایەن شاعیرەوە لەگەڵ خستنەڕوی لایەنە شاراوەکانی ئەندێشەی شیعری لە شیعرەکانی شاعیردا .

**گیروگرفتی توێژینەوەکە :**

دیارە هیچ توێژینەوەیەک بێ گیرو گرفت نیە ، گرفتی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە ،نەبوونی بەرهەمی چاپکراوەی شاعیرە ، بۆ ئەوەی بە بەباشترین شێوە سوودیە لێ وەربگیرێ.

**میتۆدی توێژینەوەکە :** لە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیەدا پشتمان بە ڕێبازی وەسفی شیکار بەستوە و هەوڵمانداوە لەم ڕێگەیەوە دەقە شیعریەکان شیبکەینەوە .

**ناوەرۆکی توێژینەوەکە :** ئەم توێژینەوەیە بەشێوەی گشتی لە پێشەکی و دوو بەش و ئەنجام و سەرچاوەکان پێکهاتوە  بەشی یەکەم :بریتیە لە دەروازەیەکی تیۆری دەربارەی ئەندێشەی شیعری ، کە لە سێ تەوەرە پێکاتوە ، تەوەری یەکەم دەربارەی چەمک و پێناسەی ئەندێشەی شیعریە ، تەوەری دووەم باس لە ئەندێشە لە شیعری کوردیدا کراوە ، تەوەری سێیەم جۆرەکانی ئەندێشەی شیعریمان خستۆتە ڕوو .
بەشی دووەم : باس لە کاریگەری ئەندێشەی شیعری لە شیعرەکانی مودریک ژاڵیدا دەکات و لە سێ تەوەر پێک هاتوە :تەوەری یەکەم تیشک دەخاتە سەر ئەندێشەی سەرەکی و لاوەکی لە شیعرەکانی شاعیردا ، لە تەوەری دووەمدا ئەندێشەی داهێنەرەماندا لە شیعرەکانی شاعیردا خستۆتە ڕوو ، بەڵام لە تەوەرەی سێ یەمدا جەختمان لەسەر ئەندێشەی ئیستاتیکی لە شیعرەکانی شاعیردا کردۆتەوە لە کۆتای توێژینەوەکەماندا بە چەند خاڵێک پیشاندراوە لە گەڵ خستنەڕوی لیستی سەرچاوەکان.

**١-١ چەمک و پێناسەی ئەندێشەی شیعری:**

ئەندێشەی شیعری پرسێکی گرنگ و پڕبایەخە و جێگەی تێڕامانە لە لێکۆڵینەوە ڕەخنەی و ئەدەبیەکاندا پێگەیەکی بەرز و بەهێزو فراوانی هەیە .

ئەندێشە یەکێکە لە ڕەگەزە گرنگ و پڕبایەخەکانی ئەدەب کە دەتوانێت زمانی شیعری لە زمانی ڕۆژانەی خەڵک جیابکاتەوە ، چونکە ئەندێشە شتێک نیە بەرجەستە بێت بەڵک و کەرەستەیەکە کە کات و ساتی نییە و هەرکاتێک کە بەمێشکی شاعیردا هات ئەوا شاعیر بە شێوەی وێنەی شیعری دەری دەبڕێت .

ئەندێشە لە کەلە پوری ئەدەبی وڵاتاندا کۆمەڵێک چەمک و زاراوەی بۆ دانراوە:"لە ئەدەبی "لە ئەدەبی ئەوروپیدا لە بەرانبەر وشەی ئەندێشە چەند چەمکێک دانراون وەک – Fantasia) (Fancy – Image لە ئەدەبی ڕۆژهەڵاتدا ( خیال – تخیل – محاكاة) داندراوە " (مولود، ٢٠٢١: ١٩).هەروەها ( Image) وشەیەکی لاتینیە بە واتای وێنە دێت ، ئەو وێنەیە کە شاعیر لە هزرو بیردا دایدەڕێژێت.

Fancy- Fantasia: دوو وشەی یۆنانین کە لە ئەدەبی یۆنانی بەرانبەر وشەی ئەندێشەی کوردی بەکاردەهێنرێت. "ئەندێشە بەرانبەر بە چەمکی (خیال)ی عەرەبي و (Imagination)ی ئینگلیزی چەسپاوە لێرەشدا ئەندێشە بە مانای بیرکردنەوە و ڕامان دێت، (Imaginary) واتە خاڵ بەندی، نەخشی زەینی دێت" ( محمد ، ٢٠١٤ : ٤٠ ) .

سەبارەت بە پێناسەی ئەندێشە لە شعردا چەندین پێناسە و ڕاوبۆچونی جیاوازدا هەیە لەم بارەیەوەدا فەیلەسوف و زاناکانی دەروونناسی و تەنانەت شاعیرەکانیش یەکانگیرنین سەبارەت بە پێناسەی ئەندێشە ئیبن عەرەبی دەڵێت "( خەیاڵ هێزێکە لە هێزەکانی دەرون ، وەک و تواناي ڕەوانکردن و یادکردنەوە و عەقڵ و هۆشمەندی کە پەیوەندی بە تەنی ئادەمیزادەوە هەیە بە هۆی نەشونمایەوە دەخەملێ و پەرەدەسێنێ و بەهۆی کارلێکردنەوە کارلێئەکرێت "( حبيب الله ، ٢٠١٣ : ٣٢).ئیبن عەرەبی و لەم پێناسەی سەرەوەدا هێزی خەیاڵی بە هێزی دەرونی بەستۆتەوە ، خەیاڵی بەبنەمایي هەموی هێزەکان داناوە، بە ئادەمیزادی بەستۆتەوە ، تاکەڕێگای پەیوەندی نێوان مرۆڤ و دەرون خەیاڵە. وردز ورز دەڵێت " ئەندێشە عەدەسەیەکی ئاڵتونیە شاعیر بابەتەکانی لەناودا ئەبێنێ و لە شێوە و ڕەنگدا سەرنجیان لێ ئەدات "( ئەمین ، ٢٠٠٢ : ٦٣ ) وردز ورز ئەندێشەی بەو ڕەنگانەی کە لەپەلکە زێڕینەدا هەیە کە لە ڕێگای عەدەسەوە دەتوانین ببیینین چواندوە کە خەیاڵێکی شاعیرانەی زۆر بەرز بە نوسەر دەبەخشێت لە کاتی بینیندا . کۆلریدج دەڵێت"بە خەیاڵ بابەتێکی تێرو تەسەل و کامل و ئاڵۆز دەنوسرێت"( عیسی، ٢٠٠٩ : ٥٢ ).

کۆڵریدج ئەندێشەی وەک بابەتێکی بێ کەم و کوڕی و ئاڵۆز ناوبردوە . "ئیبن سینا یەکەم کەس بوە لە فەیلەوسوفە موسڵمانەکان شیعری بە وتنێکی ئەندێشەی داناوە لەم بارەیەوە دەڵێت :- شیعر وتنێکی ئەندێشەییە و لە دەربڕینی هاوکێش دروست دەبێت و لای عەرەب قافیە دارە )" ( مولود ،٢٠٢١ : ٣٣).

خەیاڵ مرۆڤ بەرەو جیهان و دونیایەکی تر دەبات کە تیایدا مەبەست و ئارەزوو حەزەکانی لە جیهانی واقیع ناتوانێ پێیبگات تیایدا بنیات دەنێت . کاتێک مرۆڤ دەکاوێتە خەیاڵ کردنەوە لەم دونیایە بەتواوای دادەبڕێت بەرەو دونیای خەیاڵ وەڕێ دەکەوێت ، لەم دونیایەش بە ئارەزوو خواستەکانی دەگات و نەخشە بۆ ژیان دەکێشێت ، ئەو شتانەی لە واقیعدا نەکرێت و بونیشی نەبێت مرۆڤ بە خەیاڵ دەتوانێت پێبگات ئەگەر بۆ چەند خولەکێکش بێت .

"لە کاری هۆنراوەدا ، ئەندێشە ڕۆڵێکی گەلێک گرنگ دەبینءت ، هەر بە هۆی ئەندێشەوە ، گەلێک بەرهەمی ناسک و نایاب ، لەهۆنران لە دایک دەبێت " (عیسی ، ٢٠٠٩:٥٤).

"ئەندێشە وەک ڕوناکی و هەواو ئاوو ئاسمان بۆ ڕۆح و دەرون و هەستی مرۆڤ پێویستە ،خەیاڵ لە ڕۆحی مرۆڤەوە سەچاوەی گرتووە بە هۆی ئەم جیهانە کە مرۆڤ تیایدا ژیاوە و لە دەرەوەی سروشت و غەریزەی مرۆڤ لە پشتیەوەیە مەیل و ئارەزوو و هەرچی لە غەریزە سەرچاوەی گرتبێت و لە سروشتەوە سەرچاوەی گرتبێت ، بۆ هەمیشە زیندوە " (الشابی،بەبی ساڵ:١١) واتا ئەندێشە بۆ ڕۆح و دەرون و هەستی مرۆڤ زۆر پێویستە وەک ئاو و هەوا وایە بۆ مرۆڤەکان ، کە لەڕۆحی مرۆڤەوە خەیاڵ سەرچاوە دەگرێت ، ئەو خەیاڵەی کەلەدەرەوەی سروشت و غەریزەی مرۆڤەوە سەر هەڵدەدات و بۆ هەمیشە زیندوە ..

"خەیاڵ :- ڕونکردنەوەی واقیع و پەنابردنە بەر خەیاڵ : لە خەیاڵدا چەندین جیهانی جوان و هێمن دەکێشێت ، کە هاوکاری و برایەت و داد و یەکسانی تیایدا بەر قەرارە و لێبوردن هەیە و ، ئەم بە هایانە لە جیهانی ڕاستەقینە یان واقیعدا بەدی ناکرێت، بۆیە بە ناچاریەوە پەناوەبەر خەیاڵ دەبەن ، کە ئەلتەر ناتیڤی واقیعە "( حسێن ، ٢٠٠٧ : ٩١ )

خەیاڵ ئەو جیهانە  یاخود دونیا هێمن و ئارام و جوانەیە کە مرۆڤ تیایدا پەنا دەباتە بەر خەیاڵ و ئەو ڕاستیە ی کە لە ژیاندا هەیە ڕەتی دەکاتەوە ، کە تیایدا یەکسانی و دادپەروەری ...هتدکە کە لە دونیای ڕاستیدا زۆر بونی هەیە ، بەڵام لە جیهانی ئەندێشەدا هەموو ئەمانە بەر جەستە دەبن ، بۆیە پەنا دەبرێتە بەر خەیاڵ . "ئەندێشە: ئەویش خەیاڵێکە تیژ تێپەڕی پەنها نییە لە دڵدا ، ئەندێشە نەبێت ئیشی هونەرە ئاشکراییەکانی ئەدەب دەوەستێ.

**١-٢ ئەندێشە لە شیعری کوردیدا :**

ئەندێشە یەکێکە لە ڕەگەز و بنەما و خاسیەتە گرنگەکانی شیعری کوردی ڕێبازی ڕۆمانسیزم و کلاسیزم تاڕادەیەک ئەندێشە ئەو هێزە سیحریە یە ، یاخود ئەو گەنجینە وشە بەنرخەیە کە شاعیران لە ڕێگایەوە دەتوانن ئەو هەست و نەست و داهێنانە شیعریانەی شاعیر دەرببڕێت .

عەزیز گەردی دەڵێ "هەر ئەندێشە پەیکەری شتە مادیەکان ئەهێڵێتەوە بێگومان ئەگەر ئەندێشە نەبێت ، بەیان و ئەدەب ئەوەستێت ، ئەو پەیکەرەی ئەدەب هەیەتی نامێنێ ، چونکە ئەگەر ئەندێشە نەچێ پەیکەرەکەی بۆ دروست بکات ، پاشان وشەکان دەربڕن وشە ناتوانێ بچێ ئەو گوزەرانە ببینێت بە شێوەیەکی کاریگەر بیانخاتەڕوو" ( فەتاح ، ٢٠٠٨ : ١٤٠ )

واتە ئەندێشە بۆ شیعر یاخود ئەدەب وەک قەڵایەک یاخود پەیکەرێکە کە وای لێدەکات بە بەهێزی بمێنێتەوە ، تاوەک و ئەندێشەش نەچێ ئەو پەیکەرە یاخود قەڵایە دروست بکات ، ئاوا ئەو پەیکەرە هیچ بونێکی نیە و نامێنێ وە ئەگەر ئەندێشە نەبێ وشەکان ناتوانن بە شێوەیەکی قوڵ و جوان دەربڕدرێت شاعیرانی ڕێبازی ڕۆمانتیک ئەندێشەیان بە یەکێک لە ڕەگەز و خاسیەتە هەرە گرنگەکانی ئەم ڕێبازە دادەنرێت کە پشتیان پێدەبەست بە نەبونی ئەندێشە لە نێو شیعردا چێژێکی ئەوتۆی نامێنێ و هیچ واتایەکی چێژ بەخش نابەخشێت "کاتێک شاعیر دەست دەکات بە شیعر نوسین لەم جیهانە بەرز دەبێتەوە بەرە و جیهانی خەیاڵات دەفڕێت وە لەوێوە وێنەکان وە دەست دێنیت ، چونکە ئەو بیرەی کە بۆ شاعیر هاتووە ، لەگەڵ خەیاڵدا جوان نەشیلدرێت و ئاوێتەی یەکتر نەبن وەک ماری عاشق و ماعشوق ئاوێزانی یەکتر نەبن ئاوا بیرەکەی بە کاڵی و سادەیی دەمێنێتەوە و لە پەل پۆ دەکەوێت "( عیسی ، ٢٠٠٩ : ٥٢ ) .

ئەندێشە ئەو داهێنانەی شاعیرە کە بەشێوەی خەیاڵکردن دەتوانن پێیبگات ، کە لە واقیعدا لە وانەیە زۆر ئەستەم بێت ، یاخودئەو جوڵە ئەقڵیەیە کە شاعیر لە ڕێگەیەوە دەتوانێ هەموو ئەو هاوکێشە ئەستەمانەی کەلە مێشکی شاعیردایە شیبکاتەوە .

"ئەندێشە هەموو ئەو دیاردە هەست پێکراو و هەستە دەرونی و بۆچونە ئەندێشەیە بەرجەستە کراوانە دەگرێیتەوە کە بە هۆی زمانەوە بۆ خوێنەر و گوێگر ئەنجام دەدرێت )ئەم ڕۆڵە گرنگەی ئەندێشەش لە پێکهێنانی وێنەی شیحکریدا سەرنجی شاعیرێکی وەک ( گۆران ) ی ڕاکێشاوە بۆیە زیرەکانە ( نیگارخانەی خەیاڵ ) ی بۆ بەکاردەهێنێت ) ( محمد ، ٢٠٠٧ : ١٦٩ )

ئەندێشە هەستە دەرونی و هەڵچون و بۆ چونە ئەندێشەکان و دیاردە هەستپێکراوەکان بەرجەستە دەکات کە بە هۆی زارەکی بێت یاخود نوسین بۆ خوێنەرو گوێگر دەگوازێتەوە ، ئەندێشەش ڕۆڵێکی بەرچاو و گرنگی هەیە لە پێک هێنانی وێنەی شیعری .

"عەزیز گەردی لە پەڕاوی ( ئەدەب و ڕەخنە دا دەڵێت (( بێگومان سۆز و بیر پێکەوە بە تەنها ناتوانن دەقێکی ئەدەبی دروست بکەن بەڵک و لە گەڵ ئەمانەشدا ئەبێ خاوەنەکەی خەیاڵێکی فراوانی هەبێ و بە و خەیاڵە بچێت وێنەی جوان بدۆزێتەوە ، پەیکەرێک بۆ سۆز و بیرەکەت دا بتاشێ و دابڕێژێ و ئەو پەیکەرە بکات بە نمونەیەکی نمونەی و پیشانی خوێنەر یان گوێگری بدات ئەوەی ئەو پەیکەرە دروست ئەکات پێی دەوترێت خەیاڵ "(حەبیب الله ، ٢٠١٣ : ٣٣ ).
"(ڕشید نەجیب ) یش کاتێ ڕوو لە چەمکی شیعر دەکات و شیعر صنایعی نفیسە دادەنێ و ئەندێشە بە ڕەگەزێکی سەرەکی هونەری شیعریدا دادەنێو دەڵێ" صنایعی نفیسەیە ، وەیا جوانکاری بە یەک کەلیمە قابیلی تەعریفە ، شتی جوان ، مادی و مەعنەوی ، هەموو شتی جوان بێت ، داخڵی ئەم زەدەیە (صنایعی نفیسە ) ڕۆڵەیەک باوکی خەیاڵ و حسی بەشەرە ، دایکی تەبیعەت و لەم نوقتەیەوە لە زانست جیائەبێتەوە ، مەشەئی ئەوایان حس و خەیاڵە مەزدەری ئەویان هۆش و بیرە ، فیکر و شعورو نیشانگەی ئەوەیان دڵ و ئامانجی ئەمایان مێشک و مەعریفەتە " ( مولود ، ٢٠٢١ : ٤٨ ) .
ئەم تێڕوانینەی ڕەشید نەجیم بۆ ئەندێشە و ڕۆڵی لە دەقی شیعریدا تێڕوانینێکە کە ئەندێشەی بە ڕۆڵەی دەقی شیعریدا چواندوە بە چەشنێک ئاوێتەیانی کردوە لەگەڵ زانست . دەتوانین بڵێین کە سەرچاوەی ئەندێشە هەست و سۆز و خەیاڵە ، بەڵام زانست هۆش و بیرە ، یاخود هەموو ڕاستیەک زادەی خەیاڵە و جوانکاری دایکی زانستە " ئەندێشە ڕەگەزی گرنگ و فراوانکەری شێوازی ئەدەبیە ، بەری سۆز و هەڵچونە کەسیە تایبەتیەکانە "(عبدالله ، ٢٠١٢: ٣٢) . سۆز و بیر دوو بنەمای دیکەی ڕێبازی ڕۆمانتیکن کە شاعیر پشتی پێدەبەستێت ، بەڵام ئەگەر ئەندێشە ( خەیاڵ ) یکی تێرو تەسەل یاخود فراوان نەبێت نەتوانرێت دەقێکی ئەدەبی پێ دروست بکەین و وێنەیەکی جوانی پێ بدین ، بە هۆی ئەندێشەوە دەتوانین پەیکەرێکی نمونەی بۆ دەقەکە بتاشێت و نیشانی خوێنەرو گوێگری بدین "هیچ شاعیرێک نیە بتوانێت دەست بەرداری ئەندێشە بێت ، چونکە دەبێت ڕەگەز و پێکهاتەیەکی هەمیشە پێویست و گرنگی شیعر بە گشتی و وێنە بە تایبەتی ئەندێشە هاندەرێکە لە تەقینەوەی هەستەکان و خۆڕاگری شاعیر و ڕەشەبای سۆزەکان "(محەمەد ، ٢٠١٤ : ٤١ )
ئەندێشە ئەو هاندەرە بە هێزەیە کە کاریگەری هەیە لە تەقینەوەی هەستی شاعیر و خۆڕاگری، وەک ڕەشەبا و زریانێکە بۆ دروست کردنی سۆزی شاعیر لە شیعری شاعیرانی کوردی بە گشتی و لە لای مودرک ژاڵی شاعیردا بە تایبەتی.
ئەندێشە بۆ خۆی یەکێکە لە ڕەگەز و بنەما سەرەکیەکان لە جیهانی شیعری شاعیرانی کوردی بە گشتی و لەلای ژاڵی شاعیر بە تایبەتی و بێ ئەو بنەمایە ئەم جیهانە بنیات نانرێت . ژاڵی شاعیر

له تێڕەمانە شیعریەکانیدا هێندە شارەزایانە ئەندێشەی لە دەقە شیعریەکانیدا بە کارهێناوە ، کە خوێنەری ئاسای هێندێک کات ناتوانێت تێبگات پێویستی بە وردبینیەکی زۆر قوڵ هەیە . شاعیر بە شێوەیەکی شارەزایانە توانویەتی وێنەی واقیعی کۆمەڵگای کوردی لە ڕووی بابەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و دواکەوتوی....... هتد تەنانەت لە ڕووی دڵداری و ئەڤینەوە تێکەڵ بە ئەندێشە بکات و بە شێوەیەکی جوان دای بڕێژێت ئەندێشە ئەو کەرەستە کاریگەرییە کە شاعیر بە کاری دەهێنێت بۆ ڕازاندبەوەی دەقە شیعریەکانی. ئەو گەنجینە وشەیە لە مێشکی شاعیردا کاریگەری خۆی هەیە لە هە ڵبژاردنی وشە و دەستەواژە جوان و پڕ بەهاکان .

**١-٣ جۆرەکانی ئەندێشەی شیعری:**

ئەندێشە یەکێکە لە بنەما گرینگ و بەها دارەکانی شیعر بە سەرچاوەیەکی سەرەکی هێنانە کایەوەی دەقی شیعری دادەنرێت و ڕوبەرێکی فروانی داگیر کردووە بۆیە دیاریکردنی جۆرەکانی ئەندێشە کارێکی ئاسان نیە هەر لەبەر ئەمەشە شاعیران و نوسەران و هونەرمەندان بە بایەخەوە لە کاریگەری و پێگەی ئەندێشەی شیعریان ڕوانیوە. دیارە "جۆرەکانی ئەندێشە لە شیعری کلاسیکی کوردیدا هەشت جۆر دياري کراوە ئەوانیش بریتین لە":

١-ئەندێشەی ئیستاتیکی .

٢- ئەندێشەی داهێنەرانە .

٣- ئەندێشەی ڕاڤەکاریی .

٤- ئەندێشەی میللیی .

٥- ئەندێشەی گاڵتە جاریی .

٦- ئەندێشەی پێکهێنەرانە.

٧- ئەندێشەی سیاسیی .

٨- ئەندێشەی سۆفیگەری .

( مەولود ، ٢٠٢١ : ٩٥ تا ١٣٦ ) .

بە هەمان شێوە جۆرەکانی ئەندێشیەی شیعری لە شیعری ڕۆمانتیکی کوردیدا هەشت جۆر دیاری کراوە بریتین لە :-

١-ئەندێشەی ئیستاتیکی .

٢- ئەندێشەی داهێنەرانە .

٣- ئەندێشەی ڕاڤەکاریی .

٤- ئەندێشەی میللیی .

٥- ئەندێشەی گاڵتەجاریی .

٦- ئەندێشەی پێکهێنەرانە.

٧- ئەندێشەی سیاسیی .

٨- ئەندێشەی ئامادەکاریی .( هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ٢٠٢١ : ٢٦٦ تا ١٩٩).

له چەندین سەرچاوەی تر باس لە زۆر جۆری تر کراوە و دابەشکاری بۆ کراوە وەک: ( ئەندێشەی بەندکراو –ڕەها - هەستیی – شیکاریی – زمانیی - .... هتد ).

لە چەند سەرچاوەی تر ئاماژە بە نۆزدە جۆری جیاوازتر کراوە کە پێناسە و چەمکی تایبەتیان هەیە شتێکی ئاشکرایە کە ئەندێشە زۆر جۆری هەیە ، بەڵام توێژینەوەکە وای دەبینێت لێرەدا باس لە چوار جۆری ئەندێشە بکەین ئاوانش بریتین لە: ئەندێشەی ( سەرەکی – لاوەکی – داهێنەرانە – ئیستاتیکی ) .

## 2_کاریگەری ئەندێشە لە شیعرەکانی مدرک ژاڵی دا

کاریگەری ئەندێشەی شیعری لە شیعرەکانی شاعیردا پێگەیەکی بەرزو بەهێزو فراوانی هەیە و شاعیر تاڕادەیەکی زۆر توانیویەتی سوود لە ئەندێشەی شیعری وەربگرێت بۆ داڕشتن و هێنانەکایەوەی وێنەی شیعری لە بەرهەمەکانیدا ، بەشێوەیەک شاعیر توانیویەتی توانا و لێهاتویی و ئەزمونی شیعری خۆی لەم بارەیەوە پێشان بدات و زیندویەتی و بەردەوامی بە شیعرەکانی ببەخشێت . بێگومان ئەندێشە بۆ چەند جۆرێک دابەش دەبێت کە لە خوارەوە ئاماژەمان پێکردوە:-

**٢-١ ئەندێشەی سەرەکی و لاوەکی لە شیعرەکانی شاعیردا**

یەکێک لە کێشە هەرە دیارەکانب بەردەم لێکۆلینەوە لە ئەندێشە ، کێشەب دیاری کردنی جۆر و چەشنەکانیەتی ، چونکە تا ئێستا لێکۆڵەرەوان لەسەر دیاری کردنی جۆرەکانی ئەندێشە کۆک نین و تێڕوانینی جیاوازیان هەیە . بەڵآم لێرەدا توێژینەوەکە وا دەخوازێت باس لە چەند جۆرێک ئەندێشەی شیعری بکەین لە شیعرەکانی شاعیردا ، کە لە تەوەرەکانی داهاتوو دەخرێنە ڕوو بە نمونەی شیعریەوە .

یەکێک لە جۆرەکانی ئەندێشەی شیعری ئەندێشەی سەرەکی و لاوەکیە لە زمانی عەرەبیدا پێیدەڵێن ( الخيال الاولي و الخيال الثانوي ) لە زمانی ئینگلیزیدا بە ئەندێشەی سەرەکی دەڵێن (Imagination) بە ئەندێشەی لاوەکی (Fancy).

کۆلریج سەبارەت بە ئەندێشەی سەرەکی و لاوەکی دەڵێت :

"ئەندێشەی سەرەکب ئەم ئەندێشەیە هەموو مرۆڤێک تێیدا هاوبەشە ئەم ئەندێشەیە زۆر باڵا دەستە لە سەر شیعری هەموو شاعیرە داهێنەرەکانی لەبەری ئەوەی بیرکردنەوەیەکی ئازادانەیە دوور لە کات و شوێن ، پشت بەست بە دەستوری ( تەداعي ) .

ئەندێشەی لاوەکی: ئەم جۆرە لە لای کانت بە خەیاڵی ئیستاتیکی ناودەبێرێت ئەندامەکانی هەستی مرۆڤ ڕۆڵی ڕاستەوخۆ نابینن … لە کاتی خەوبینین لە دیک دەبن … لێهاتویی و داهێنەری شاعیرەکە دەخاتەڕوو"( عیسی ، ٢٠٠٩ : ٥٩-٥٨ ).

"( د. علي البطل ) :- ئەندێشەی سەرەکی هەموو خەڵک تێیدا بەشدارن و دەسەڵاتی بەسەر شاعیرە بلیمەتەکاندا کێشاوە ، چونکە جۆرێکە لە هزری ئازاد لە کۆت و پەیوەندی شوێن و کات و ، هەروەها پشت بە یاسایی ( التداعي ) دەبەستێ ، بەڵام ئەندێشەی لاوەکی تایبەتە بە شاعیرە بلیمەتەکان . بە مەوە شیعرە بەرزەکان لێک جیادەکاتەوە ، چونکە ئەو هێزە چالاکەیە لە دروست کردنی شیعردا " ( مەولود ، ٢٠٢١ : ٦٣ ) .

وەک لێرەدا دەردەکەوێت ( د. علي البطل ) : ئەندێشەی سەرەکی تایبەتکردووە بە شاعیرە بەهرەدارەکان تا یبەتکردووە بە شاعیرە بلیمەتەکان .

"کۆلریدج بە هەمان شێوە ئەندێشەی سەرەکی بەوە جیادەکاتەوە کە هەموو مرۆڤێک هەیەتی ، بەڵام ئەندێشەی لاوەکیئەندێشەی هونەریە کە بەتواناکانی مرۆڤ ناودەبرێت ، تەنها بەهرەدارەکان خاوەنی ئەم جۆرەن کە پێشبینی و ئەفراندنی داهێنەرانەن ، کەرەستەی هونەرمەند و شاعیرە گەرەکانە" ( فەتاح ، ٢٠١٣ : ١٥٨ ) .

مودریک ژاڵی توانیویەتی بە شێوەیەکی زۆر جوان ئەندێشەی سەرەکی بەکاربهێنێت لە شیعرەکانیدا ، کە پێگەیەکی بەرزوو بەهێزو کاریگەری هەیە لە دێڕە هۆنراواکانیدا هەروک لە

شیعری (قەیران) دا  لە ڕێگای ئەندێشەی سەرەکیەوە توانیویەتی لە قاڵبێکی هونەری بەرزدا هەستی خۆی دەردەبڕێت و دەڵێت :-

قەیران

کە سواڵکەرێک ئەبینم :

هێندە تەریق و سەرمەزار ئەبم

هەرچی زەڕەی ئابڕوی مرۆڤایەتی هەیە

بۆم هەڵناگیرێتەوە                    ( دەست نوسی شاعیر : ٢٠١٧ )

لێرەدا شاعیر باس قەیرانمانەدەکات کە ڕوبەڕوی میلەتەکەی بۆوەتەوە بینینی سواڵکەرێک هێندە شەرمەزار و تەریق دەبتەوە زەڕەیەک مرۆڤایەتی بۆ هەڵناگیرێت ، بەڵام  دەسەڵاتداران هەرچەندە ئەم دیمەنانە دەبینن بەڵام شەرمەزاري و تەریق بونەوە نایانگرێتە و هەستی مرۆڤایەتیان لەدەست داوە ، ئەمەش لای شاعیر جێگای داخە بۆیە هاتوە زۆر شارەزایانە لە ڕێگای ئەندێشەی سەرەکیە وە باس لەم قەیرانانە کردوە کر چ کاریگەریەکی لەسەر هەژار و نەدارەکانی کۆمەڵگە دروست کردو کە هەموو خەڵک دەتوانن هەست بەم دیاردەیەیی ۆمەڵگە بکەن ، شاعیرلە یەکێک لە شاعیرەکانیدا باس لە کۆچی دوای دایکی دەکات کە چ کۆسپێکە لە ژیانیدا تا ڕادەی مردنی بردوە هێندە کاریگەربوە لەسەری بۆیە ئەم هەستەی بە شاعیر دەربڕیوە و دەڵێت :

ئەی داییە گیان

لە گیانە لای مەرگی خۆتدا

ماچت کردم ، مەجت دامێ

لە سوێ و گڕی ئەو ماچەدا

پەیمانم دا :

هەتاوەک و تۆ نادۆزمەوە

ڕۆحمان یەکدی نەگرێتەوە

ئەتۆ و ، ماچی ئەشقی پیرۆز

لە گیانمدا نەسڕێتەوە            ( دەست نوسی شاعیر :  ١٩٨٧ )

ئەم شیعرە شاعیر پێشکەشی مەرگب دایکی کردوە و لە سەر کێڵی گۆڕەکەی نەخشاندویەتی شاعیردەڵێت مردنی دایکم هێندە کاریگەر بووە  کە ئاشنای مردنب کردوە و مردن بە بی دایک مردن نەە بەڵک و ژیانیش بێدایک هەر ژیان نیە و مردنە .

تێڕوانینە شیعریەکانی ئوم شاعیرەش هێندە قوڵ و تەم و مژ لە ڕێگەی ئەندێشەی لاوەکیوە دایەنی ڕێشتوە کەم کەس توانیویەتی لێی تێبگات تەنها بەهرە دار و شاعیرە گەورەکان تێگەیشتون و شیکردنەوەیان بۆی کردوە لە شیعری ( ئێوارانی بیرەوەری لە عەشقێکی موستەحیل ) بەدیار دەکەوێت :

دورین لەیەک .

ئرشزانم ناگەین بەهیچ :

بەڵام

دەکرێت ، بەرچنە هێشوی خەمەکانت بنێری

تامنش لە گۆزەی ناخمدا

شەڕابێکی خەست و خۆڵی لێبگرمەوە .

دەکرێت

دڵۆپی فرمێسکەکانت

بە ئێواران هەورێکی تەڕ تەڕدا بنێریت

تا پەڕی سیغاری

بخوری عەبیری

هەناسەکانی تۆی

بەتلیاکی عەشقێکی موستەحیلا (سلێوە ، ٢٠٢٠ : ١٠١ –١١٠ )

بپێچمەوە

ئەگەر شیکردنەوە بۆ ئەم شیعرە بکەین دەبینین هەر لە ناونیشانی شیعرەکەوە ئەندێشەو زمانێکی قوڵی بەکار هێناوە کە باس لە بە بیهاتنەوەی شتە بەسەر چوەکان ئەو شتەش عەشقێکی موستەحیلە ، بارێکی دەرونی کە ئێوارە ئاوابون و لێک دابڕان و هاتنی تاریکی هیتر . لەم بیرەوەریەشدا بە بیرهاتنەوەی عەشقێکی ناکام و موستەحیلە .لە کۆپلەی یەکەم داوا لە یارەکی دەکات بەچنە هێشوی خەمەکانی بنێرێت لێرەدا شێوازی بە تەنکردنە خەم بەچاو نابینرێت بەڵام ئەو وای نیشان دەدات کە دەبینرێ و لە شێوەی بەرچنە هێشو دایە .

شاعیرئەو بەرچنە هێشوی خەمانەت بۆم بنێرە تاوەک و بیکەمە شەڕاب و لە گۆزەی ناخی خۆیی دەگرێتەوە لە دێڕی دوەمدا ( دەکرێ دڵۆپی فرمێسکەکانت ...)خۆشەویستەکەی لێی دورە ، داوا لە خۆشەویستەکەی دەکات ئەو دڵۆپە فرمێسکانەی بە ئێوارە هەورێکی تەڕ تەڕدا بنێرێت کەواتە عەشقێکی تاک لایەنە نیە ، ( بە هەورێکی تەڕ تەڕدا ) واتا زۆری ئەو دڵۆپە فرمێسکانەن کەوەک باران دایڕشتوە ئەو فرمێسکانەش لە ئەنامی هەنسک و ناڵەوە ڕژاون لەو فرمێسکانەوە

تەنها بۆنی هەناسەی یارەکی پێدەگات ( تا پەڕی سیغاری ، بخوری ، عەبیری... ) وێنەیەکی سوریا لیزمیه سیغار لێرەدا شاعیر فرمێسکەکانی بەو بارانە چواندوە کە لە پایزدا دەبارێ و بۆنێکی خۆشی هەیە کەوەک بخور بۆن خۆشە دواتر بە تلیاک ئەم پەڕە سیگارە بپێچێتەوە بۆ ئەوەی بە تەواوی مەست بێ و لەم واقیعە دوربکەوێتەوە . لەم شیعرەدا بەدەردەکەوێت شاعیرهێندە شارەزایانە ئەندێشەی لاوەکی بە کار هێناوە کەکەم کەس توانای شیکردنەوەی دێڕە شیعریەکانی هەیە تەنها شاعیر و خوێنەرە بەرزەکان توانای شیکردنەوەی هەیە لەم جەندین پەیام و مەبەست لە پشت شیعرەکەیەوە هەیە ، شاعیر ئابوری بەوشەکان کردوە لێکدانەوە شیعرەکە هێندێکی لە ناخی دەقەکە دەهێلێتەوە تەنها خوێنەری زیرەک پەی بەوشەکان دەبات و شیکردنەوەیان بۆ دەکات .

هەڵبەتە شاعیر لە شیحرەکانیدا بەشێوەیەکی لێهاتویانە توانویەتی تابلۆیەکی خەیاڵاوی دروست بکات بۆ شیعرەکانی و زۆربەی کات باش توانیویەتی ئەندێشەی لاوەکی بەکاربهێنێت بۆ تێڕوانینە شیعریەکانی وەک لەم شیعرەب شاعیر بە ناوی ( هەرماس ) دا دەڵێ :

خودایە

بەگەورەی خۆت ، لێم مەگرە ،

گەر بڵێم

شەیتان دەیزانی

کە خەلیفەی بەغدادی

لە ناژادی ئادەمەوە دەر دەچێ !

ئەگیا هەرگیز

سەری خۆی لە سەجدەی حەزرەتی ئەدەم

لەنە ئەدا !! (دەست نوسی شاعیر : ٢٠١٤ )

لەم شیعرەدا دەبینین لە ناونیشانی شیعرەکدا دەردەکەوێت کە ئەندێشەی قوڵی بە کار هێناوە ، شاعیرباس لە خەلیفەیی بەغدادی دەکات کە کەسێکی شەڕانگێزوو ئێجگار نامرۆڤانە بوو کە بوە هۆکاری کوشتنی سەدان کەس و زیندە بەچاڵکردنیان و ئاوارە کردنی هەزار کەس لێرەدا شاعیر دەڵێ ئەگەر شەیتان بیزانیبا کەسێکی واهەیە سوجدەی بۆ ئەدام ئەبردوو لە فرمانی خودا لای نەدەدا ، داوای لێخۆشبونی لە خوای گەورە دەکات و دەڵێ خوایە لێم مەگرە لەوتنی ئەوەی کە شەیتان ئاگەداربوایە کە کەسێکی ئاوا لە دایک دەبێت سوجدەی بۆ خودا دەبردوو گومڕا نەدوبوو لو خودا ، خەلیفەی پێ لە شەیتان خراپترە . وەک دەبینین کە بەشێوەیەکی بەڵاو کاریگەری

شیعرەکەی بەکارهێناوە ئەندێشەیکی بەرزوو کاریگەری بەکار هێناوە وێنەیەکی شیعری جوانی پێ دروست کردوە ئەمەش بۆ شارەزای و لێهاتوی ئاستی بەرزی شاعیر دەگەڕێتەوە .

**٢-٢ ئەندێشەی داهێنەرانە لە شیعرەکانی شاعیر**

یەکێکی ترە لە جۆرەکانی ئەندێشە ، کە شاعیران زۆە لێهاتویانە توانیویانە لە شیعرەکانیاندا بە کاری بهێنن . زاراوەی داهێنەر ( خولَقێنەر ) پێشی دەوترێت لە زمانی عەرەبیدا پێی دەوترێت ( الخيال الابداعي ).

"ئەم جۆرە ئەندێشەیە هێزێکی قولَ و تەم و مژە لە نەستەوە سەرچاوە دەگرێت وێنەی هونەری واساز دەکات کە وەک خۆی بەرچاوی خوێنەران نەکەوتبێت و لە هەمان کاتیش ، لە گەڵ ڕاستیەکانی ژیان نەگونجابن " ( عیسی ، ٢٠٠٩ : ٥٨ )

ئەم جۆرە ئەندێشەیە بە ڕوکەشانە وێنەی هەست پێکراوەکانی ڕۆژانە دوبارە دەکاتەوە ، هێزێکی قولَی لە نەست وێنەیەکی ئێجگار جوان دەخاتە پێش چاوی خوێنەران کە پێشر بە بەرچاویان نەکەوتبێت ، یاخود دەتوانین بلَێین ئەندێشەی داهێنراو ئەو وێنانە بنیات دەنرێت کە لە واقیعدا بونیان نیە .

"( د. كامل بصير ) دەربارەی ئەندێشەی داهێنەر یاخود ( داهێنراو ) دەلَێت : هێزێکی قولَ و بە تەوژمە ، وێژەر بە هۆی ئەوەوە ڕەوانکردنەگەکەی و تۆمارگای یادگارە تایبەتەکانیەوە وێنەی هونەری تازەی واها سازدەکات کە وێنەی خۆیان قەد بەر چاوی خوێنەران نەکەوتبێ و لە هەمان کاتدا لە گەڵ ڕاستیەکانی ژیاندا نەگونجابن و بە پێچەوانەی شوێنەوارە هەست پێکراوەکانی ئەم جیهانەمان دەبات" ( حبيب الله ، ٢٠١٣ : ٣٣ )

شاعیر بە ئەندێشەی داهێنەرانەی خۆیەوە بەرەو جیهانێکی دیکە دەڕوات و لە وێوە وێنەیەکی ترمان بۆ دروست دەکات .

"بەلای هەندێک لێکۆلَەورەوە ئەم جۆرەی ئەندێشە توخمی وێنەکانی لە تاقیکردنەوەکانی ژیانەوە بەدەست دێنێت ، هەندێکی تر پێیان وایە کە ئەندێشەی داهێنەرانە جیهانێکی هاوتەریبی جیهانی واقیع بنیات دەنێ و بە وشەو وێنەی ئاو تۆ بنیات دەنێ کە جوانیەکانیان هاوتەریبی وێنەی هەستپێکراوەکانی واقیعن " ( مەولود ، ٢٠٢١ : ٦٤ ) .

" کەواتە ئەندێشەی داهێنەرانە ئاوەیە کە هێزێکی پڕ لە جموجۆڵ و چالاکە و وەرەی مرۆڤ بەرز دەکاتەوە بەو واتایەیی ئەندێشەی داهێنەرانە وادەکات کە دور لە واقیعی باو وێبەیەکی نوێمان لە چەند وشەیەکدا پێشکەش بکات زیاتر شاعیر بایەخ بە هونەرەکانی ڕەوانبێژی دەدات "( محمد ، ٢٠١٤ ؛ ٤٢ )

ئاو هێزە پڕ چالاکیەیە کە دور لە ڕاستی وێنەیەکی نویَ نیشانی خوێنەر دەدات شاعیر زیاتر بایەخ بە هونەرەکانی لێکچواندن . خواستن خوازە بۆ دەربڕینی ئەو ئەندێشەی کە لە هەست و نەست و دەرونی هەیە . "گۆران دەڵێت : (( هەڵبەستی تازە بایەخ دەدات بە ئەندێشەی داهێنەرانە کە ئەم جۆرە ئەندێشەیە بەرهەمی سەرنجدانی بوێژە لە دنیایی ( جوانی ) یە درێژایی تەمەنی … )" ( عەزیز ، ٢٠٠٦ : ١٥٧ ) .

( مودریل ژاڵی ) شاعیر لە تێڕەمانی شیعری ( بیَ تۆ ) دا زۆر بە جوانی ئەندێشەی داهێنەرانەی بەکارهێناوە لە وەسفی دوری و نەبونی یارەکەیدا ، کە پلە و پایە و بە هایەکی بەرزوو قوڵی ئەندێشەی بەکار هێناوە ئەمەش بۆ باڵادەستی و فراوانی ئەزمونی شاعیر دەگەڕێتەوە لەم بوارەیدا دەڵیَ :-

بیَ تۆ !

تەمێک لە دیدەما

وەک تەمتمانیی چیا

پڕ پڕ لە بەڕائەتی غوربەتی

ڕەنگێک لە گۆناما

وەک خۆڵەمێشی ئاگردانە بیَ نازەکەی نەنکم :

ئاوازێک لە ڕۆحمدا

چ ئاوازێک

گۆڕستان ، کەمانچە ژنیەتیی ( دەست نوسی ژاعیر : ٢٠٢٢ )

لێرەدا شاعیر باسی دەرونی خۆیی و ئازارەکانی لە دوریی و بیَ یارەکەی دەکات ، شاعیر دیدەی بە تەمی چیا چواندوە لە دوری یارەکەی کە لێک بووە بە هۆی زۆری گریانەوە ، لێرەدا ( تەمیی دیدە ) لێچوە ، ( تەمتەمانی چیا ) لەو چوە وەک ئامرازە .

لە دێڕی دواتر ( ڕەنگێک لە گۆناما ) لێچوە ، وەک ئامرازە ، ( خۆڵەمێشی ئاگردان ) لەو چوە ڕەنگی گحنایی بەو ئاگردانە بیَ نازە چواندوە کە بوە بە خۆڵە مێش لە دێڕیی کۆتادا شاعیر ناخی خۆیی بە گۆڕستان چواندووە لە بیَ دەنگیدا ئەم وێنە شیعریە بە کەسکردنە شاعیر هاتووە تایبەتمەندی و خاسیەتێکی مرۆڤی داوەتە پاڵ شتێکی بیَ گیان کە کەمانچە ژەنینە ئەندێشەی داهێنەری شاعیر لەوادایە کە بەدەستی دوری یارەکی دەناڵێنیَ و بۆیە ئەم جۆرە ئازار و یەشکەنجەیە وای لە شاعیر کردوە کە بە شێوەیەکی زۆر جوان و بە ئەندێشەیەکی داهێنەرانە و باڵا باسی لێوە بکات ئەگەر بێت و سەرنج لە تێڕەمانە شیعریەکەی تری شاعیر بدەین ڕوبەڕوی

گەلێ وێنەی داهێنەرانە دەبینەوە ، کە ئەندێشەی شاعیر لە ژینگەیەکەوە کە لەواقئعی کحمەلایەتی دەوروبەریەوە هێناویەتی لەم چەند دێرە دەڵێ :-

لە چاوە کریستاڵیە کانی گورکدا

خۆشەویستی دەبینم !

بەڵام لە جاوی ڕۆژ هەلاتیەک :

تیرۆر و دەمارگیری :

سەدان ساڵە :

ژیانی سەگمە ساری

لە گەڵ سوگان ئەژین

ئاخە بۆچی ؟

شتێک لە سەگەوە فێر نەبوین

تەنیا وەوڕین نەبێت !؟

گەرمترین ژینگە :

ئا ئەم ئاگردانە ڕۆژهەلاتیە

گەروانیە

ئەی ئەم هەموو خۆڵە مێش و

ئاین و ، ئاسەواری

عەقڵ و لۆژیکە ، چیە لێرە ؟! ( دەست نوسی شاعیر : ٢٠٢٢ )

شاعیر لەم دەقەدا توانیویەتی وێنەی واقیعی ژینگەی کۆمەلایەتی دەورو بەرمان بۆ بچنێ ، بە هۆی ئەندێشەی داهێنەرانەی خۆیەوە ئەم وێنەیەمان بۆ دەخاتە بەرچاو ، کە لێرەدا باس لە دۆخی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست دەکات کە چاوەکانیان تەنیا تورەیی و دەمارگیری و تیرۆر و کوشتن و شەڕ ... بینیوە شاعیر لێرەدا گورگی لە ڕۆژهەلاتیەکان پێ باشترە لە دێڕی یەکەمدا بەڵام لە دێڕی دوەمدا سیاسیەکەنی بە سەگ چواندوە کە تەنیا وەڕین دەزانن کە مەبەستی قسەی باق و بریقە ، کە چی سەگی پێ باشترە لێیان کە خۆی لە خۆیدا سەگ ڕەمزی وەفایە لە دێڕی سێ یەمدا زۆری ئاین و ئاسەواری عەقڵ و لۆژیک ... کە چی شەڕ بەردەوامە تیایدا هەر بۆیە بە گەرمترین ژینگەی جواندوە .

## ٢-٣ ئەندێشەی ئیستاتیکی لە شیعرەکانی شاعیردا

جوانکاری بنەمایەکی سەرەکی بنیاتی هونەری دەقی شیعریە، کە دەتوانێت تام و چێژی هونەری شیعری زیاتر بکات لە ڕێگەی ئیستاتیکاوە بۆیە ئەندێشەی ئیستاتیکی بەهای تایبەتی هەیە ڕۆڵی هەیە لە ڕازاندنەوە و جوانکاری دەقی شیعری، کە دەتوانێت سەرنجی خوێنەر بۆ دەقەکە ڕابکێشێت.

" ئەندێشەی ئیستاتیکی ئەو ئەندێشەیەیە کە شاعیران تا ڕادەیەکی زۆر بۆ جوانکردنی بنیاتی شیعری پەنای بۆ دەبەن، بۆ دۆزینەوە و خستنەڕووی ئەو جوانیە شاراوانەی تەم و مژ داپۆشین و کەسانی ئاسایی بە ئاسانی هەستی پێناکەن و نایبینن یان ((وێنەی شتە بچوک و فەرامۆشکراوەکان دەکێشێ و لە ئاستی خۆی بەرزیان دەکاتەوە، وا لە خوێنەر دەکات بە چاوێکی تر بۆیان بڕوانێ)) " (فەتاح، ٢٠٠٨:١٤٢).

ئەندێشەی ئیستاتیکی ئەم جۆرە ئەندێشەیەیە کە بە دوای جوانیەکاندا دەگەڕێت بەرزکردنەوەی وشە فەرامۆشکراوەکان لە ئاستی خۆی بۆ جوانتر نیشاندانی وشەکان بۆ سەرنج ڕاکێشانی خوێنەر.

" ئەو جۆرە ئەندێشەیەیە، کە بە دوای جوانییەکاندا دەگەڕێت، کە جوانی سروشت و ئافرەت دەگرێتەوە" (مەولود، ٢٠٢١:٧٤).

واتە ئەندێشە بە دوای جوانی سروشت و ئافرەت و جوانییە شاراوەکان لە وێنەی شیعریدا بەرجەستەیان دەکات.

" ئەندێشەی ئیستاتیکی ئەمەش بەرهەمهێنە، کە بە جیهانی ئەزمونی هەستیەوە نەبەستراوەتەوە" (محەمەد، ٢٠١٤:٤١).

نمونەیەک لە دەقە شیعریەکانی شاعیر بۆ ئەندێشەی ئیستاتیکی کە دەڵێت:

کە شەو ڕادەکشێ

دەنگی گریانی شەو و پێکەنینی گۆڕستان

لێناگەڕێن ئەم شیعرانە تەواو بکەم (عیسی-عبدالله، ٢٠٢١:١٢).

لە کورتە شیعرییەدا شاعیر بە شێوەیەکی لێزانانە توانیویەتی ئەندێشەی ئیستاتیکی بەکاربهێنێت لە هەردوو گوتەی (گریانی شەو) (پێکەنینی گۆڕستان) ئاوەژووکردنەوەی لۆژیکی دروستکردوە لەوەدا کە لە سروشتدا شەو و ئەستێرە حاڵەتی پێکەنین و گۆڕستانیش حاڵەتی گریان و ناخۆشی بەڵام شاعیر پێچەوانەی کردۆتەوە ، ئەمەش گوزارشتە لە دونیا بینینی شاعیر و حاڵەتی جەنجاڵی ژیان و تێگەیشتن و بیرکردنەوەی دەگەڕێتەوە، (گریانی شەو) (پێکەنینی گۆڕستان) لە ڕێگای بەکارهێنانیانەوە ئیستاتیکای بەبەر باڵای شیعرەکەدا کردوە و پێی ڕازاندۆتەوە، هەروەها

وێنەی شیعری شێوازی بەکەسکردنی دروستکردوە، چونکە پێکەنین و گریان تایبەتن بە مرۆڤ بەڵام ئەو بە شەو و گۆڕستانی بەخشیوە کەواتە ئەندێشەی ئیستاتیکی جوانکارییە لە بنیاتی وێنەی ڕەوانبێژیدا بەرجەستە دەبێت، زۆربەی کات لێکچواندن بەکاردەهێنێت بۆ گەیاندنی پەیام و مەبەستە شاراوەکەی وەک لەم تێرامانە شیعرەیدا دەردەکەویت کە دەڵێت:

کیسەڵ!

وڵاتی خۆی لەکۆڵناوە

پێویستی بە هەنگاوی خێرا نییە

کیسەڵ!

نەرمی دڵی لە ئێمە دەچێت

دڵی ئێمەش، لە پشتی ئەو (عیسی-عبدالله، ٢٠٢١:١٤).

وا دیارە شاعیر لەم دێڕە هۆنراوەیدا لە بارودۆخێکی نەخوازراودا نوسیویەتی وەک باری سیاسی و کۆمەڵایەتی، شاعیر بە بەکارهێنانی کیسەڵ کۆمەڵێ دەلالەتی واتایی دەربڕیوە کە لە ڕێگای خوازە و خواستنەوە بەهایەکی ئیستاتیکی دەبەخشێت، کیسەڵ واتای میهرەبانی و نەرمونیانی دەگەیێنێت.

کیسەل وڵاتی خۆی لە کۆڵناوە ئەگەرچی هەنگاوەکانی هێواشیشە، بەڵام بەرەوپێشچوە نەرمی دڵی بە ئێمەی مرۆڤ چواندوە، هەروەها دڵی ئێمەش بە پشتی کیسەڵ لە ڕەقیدا.

## 3_ ئەنجام :

١-ئەندێشە ڕەگەزێکی گرنگ و کاریگەری ئەدەبیە . کە شاعیران پەنای بۆ دەبەن بۆ ئەوەی زیندویەتیی و بەردەوامی ئیستاتیکیەت بە شیعرەکانیان ببەخشن .

٢- ئەندێشە لە شیعرەکانی ئەم شاعیرە تابلێی قوڵ و فراوان و بە هێز و کارگەرن کە ئەمەش بۆ هەست ناسکی و بێ سنوری و ئەندێشەو توانا و لێهاتویی و ئەزمونی شیعری ئەم شاعیرە دەگەڕێتەوە .

٣- لە شیعری کوردیدا بە گشتی و لە شیعرەکانی شاعیردا بە تایبەتی دەتوانین ئەم جۆرانەی ئەندێشە کە لەخوارەوە ئاماژەمان پێکردوە بە ڕادەیەکی زۆر و فراوان بەی دەکرێت و وەک ( ئەندێشەی ئیستاتیکی – داهێنەرانە – ڕاڤەکاری – میللی – گاڵتەجاری – پێک هێنارانە – سیاسی – ڕەها – هەستی – بەندکراو )

٤- ئەندێشەی لاوەکی بە شیعرەکانی شاعیردا لە ئاستێکی بەرزدایە پێگەیەکی بەرز و بە هێزی هەیە .

٥- ئەندێشەی داهێنەرانە بە شیعرەکانی شاعیردا تاڕادەیەکی زۆر بەدی  دەکرێت بە تایبەتی لە قۆناغەکانی تەمەنی دوایی شاعیر.

٦- ئەندێشەی ئیستاتیکی  بەم جۆرە ئەندێشەیە کە شاعیر بە مەبەستی لایەنی ئیستاتیکی شیعر و چێژ و خۆشیێ بەخشین بە دەقە شیعریەکانی پەنایی بۆ بردووە بە کاری هێناوە

## 4_ لیستی سەرچاوەکان:

أ_سەرچاوە کوردییەکان:-

_ئەمین، عەبدولقادر محەمەد، ٢٠٠٢، وێنەی شیعری لە ڕێبازی ڕۆمانسیی کوردیدا، دەزگای چاپ و پەخشی سەدەم.

_بێدار، جەمال حبیب الله، ٢٠١٣، دەروازەی شیعرناسین، چاپی یەکەم، بازاڕی زانست بۆ کتێب و چاپەمەنی، هەولێر.

_حوسێن، هیمداد، ٢٠٠٧، ڕێبازە ئەدەبییەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر.

_عەزیز، شەرمین ئیبراهیم، ٢٠٠٦، پەشێو و تازەکردنەوە لە شیعری کوردیدا، چاپی یەکەم، بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.

_عەبدوڵا، د. ئیدریس، ٢٠١٢، شێواز، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر.

_عیسی، هاوژین سڵێوە، ٢٠٠٩، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری شێرکۆ بێکەسدا، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەدەم، سلێمانی.

_سڵێوە، پ.ی.د. هاوژین، ٢٠٢٠، ڕەخنەی پراکتیکی، چاپی سێیەم، چاپخانەی سایە، سلێمانی.

_فەتاح، ڕزگار عومەر، ٢٠١٣، ڕۆمانسیزم لە شیعری هێمن و محەمەد نوریدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریانی، هەولێر.

_لیژنەی وەزارەتی پەروەردە، زمان و ئەدەبی کوردی بۆ پۆلی نۆیەم، ٢٠٠٩، هەولێر.

_مەولود، پ.ی.د. ڕێزان سالح، ٢٠٢١، ئەندێشە لە ئەدەبدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاوێر، هەولێر.

_محەمەد، دڵشاد عەلی، ٢٠٠٧، دیلان و تاقیکردنەوەی شیعری، چاپی یەکەم، چاپخانەی پەخسی سەردەم، سلێمانی.

دووەم:- گۆڤارەکان

- عەبدوڵا، ئەحمەد مەحمود – سڵێوە، هاوژین ، بنەمای هونەری لە کورتە شیعرەکانی (مودریک ژاڵی)دا، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ژمارە ٨، ٢٠٢١.
-

سێیەم:- نامەی ئەکادیمی

- فەتاح، ڕزگار عومەر ، ڕۆمانسیزم لە شیعری هێمن و محەمەد نوریدا، نامەی ماستەر، زانکۆی کۆیە، کۆلێژی زمان، ٢٠٠٨.
- محەمەد، یوسف عەلی د، بنیاتی وێنە لە شیعرەکانی (میهری)دا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی پەروەردە، ٢٠١٤.

ب. سەرچاوە عەرەبییەکان

١. کتێبەکان:-

الشابي، أبو القاسم ، الخيال الشعري عند العرب ، ٢٠١٣.

# نوسەر لە چەند دێڕێکدا
# د.ڕزگار عومەر فەتاح قادر شێخانی
# "نووسەر، لێکۆلەر، شاعیر"




ڕزگار عومەر فەتاح قادر شێخانی لە ساڵی 1972 لە گوندی ئیلنجاغی گەورە لە دایک بووە. قۆناغی سەرەتایی لە شارۆچکەی تەق تەق تەواو کردوە و لە ساڵی 1989 خوێندنی ئامادەیی لە شاری کۆیە تەواو دەکات و پاشان لە ساڵی 1993 بڕوانامەی بەکەلۆریۆس لە بەشی کوردی، کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەددین بەدەست دێنی.

لە ساڵی 1993 تا ساڵی 2008 لە بواری پەروەردە وەک مامۆستا و بەڕێوەبەر کاری کردوە، بۆ ماوەی 10 ساڵ بەڕیوەبەری ناوەندی ئەردەلان بووە لە شاری کۆیە. لە ساڵی 2008 بڕوانامەی ماستەری لە بەشی کوردی، کۆلیژی زمان، لە زانکۆی کۆیە بەدەست دەهێنێ و لە ساڵی 2022 ش بڕوانامەی دکتۆرا لە فەلسەفەی ئەدەب لە بەشی کوردی ، فاکەڵتی ئادابی زانکۆی سۆران وەردەگرێت.

ئەو خێزاندارە و لەساڵی 1994 لەگەڵ خاتوو(ڕۆژگار ئیبراهیم حاجی) ژیانی هاوژینی پێکهێناوە و چوار منداڵەیان هەیە : ڕۆسۆ، ڕاڤین، ڕاسان، ڕۆزا.

ئێستا، 2024، مامۆستای پڕۆفیسۆری یاریدەدەرە لەبەشی کوردی،لە فاکەڵتی پەروەردە لە زانکۆی کۆیە.

**بەرهەمی چاپکراوە:**

- "بەراوردی نێوان کۆمەڵێک چیرۆک و ئەفسانە"، چاپخانەی ئەحمەد ، کۆیە، 2006.
- "ڕۆمانسیزم لە شیعرەکانی هێمن و محەممەد نوری"، . دەزگای موکریانی،هەولێر، 2012.

پتر لە 20 توێژینە و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی لە گۆڤار و ڕۆژنامەکان بڵاو کردووەتەوە و لە کۆڕ و سیمینار و کۆنفرانسە ئەدەبییەکاندا حزووری گەرمی هەیە..

**دەستنووس و کتێبی ئامادە بۆ چاپ:**

- "جوانیناسیی ئافرەت لە شیعرەکانی قوبادی جەلیزادەدا"، نامەی دکتۆرا.
- " ئەزموونی شاعیران لە ژێر تیشکی لێکۆلێنەوەی ئەدەبیدا"، لێکۆڵینەوە.
- "لە کوێوە بۆ کوێ، ڕۆمان.
- "ئاسۆ و ئەوین"، شیعر.
- "نەفرەت لە بەهەشتیش دەکەم ئەگەر بۆن و سەدای تۆی بێ وەفای لێ بێت"، شیعر.
- "هەستێکی شکاو"، شیعر.
- "ئیستاتیکا لە شیعرەکانی کەمال کەریمدا"، لێکۆڵینەوە
- "بایەخی ئەدەبی منداڵان"، لێکۆڵینەوە.
- "پەخشانی ئەدەبی"، لێکۆڵینەوە
- "تێکستی ئەدەبی ڕەگەز و مەبەستەکانی"، لێکۆڵینەوە.
- "ڕێبازە ئەدەبییەکان لە کلاسیزمەوە بۆ پووچگەرایی"، لێکۆڵینەوە.
- "قۆناغەکانی ئەدەبیی نوێ و هاوچەرخی کوردی"، لێکۆڵینەوە.

**خەڵات و ڕیزلێنان:**

- خەڵاتی ڕیزلێنان، کۆڕی شیعری شاعیرانی نوێخواز، هۆڵی نەقابەی کرێکاران لە هەولێر، 1990.
- خەڵاتی ڕێزلێنان، کۆنفرانسی نێودەوڵەتیی حاجی قادری کۆیی، زانکۆی کۆیە، 2016.
- خەڵاتی ڕێزلینان، کۆنفرانسی نێودەوڵەتیی عەزیز گەردی، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، 2024.